# هەزار پیشە

## چەند پەیڤێکە دەربارەی

(ڕۆمان، چیرۆک، پاچڤە، زمان و ڕۆشنبیریی گشتی)

حەمە کەریم عارف

پێڕست

* - سەرنجێک

پاژی یەکەم:

١ – ڕۆمان لە نێوان وتن ونیشانداندا

٢ – ڕۆمان دەکاتە ئەوپەڕی ئازادی خەیاڵ

٣ – ڕەگی ڕۆمان لە درۆدایە

٤ – ڕۆمان سەندوقی نهێنیانە

٥ – هونەرییەتی ڕۆمان

٦ – سێکوچکەی ڕۆمان و نهێنگەکانی کاری چیرۆکڤانی

٧ –ڕۆمان پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی کەشفکاریە

٨ – چیرۆک وخوێنەری دەقکوژ

٩ – لە پەراوێزی گفتوگۆیەکی ڕۆمانەوانیدا

١٠ – عەشقی هاجەرەم خوێندەوە

١١–سیحری دەقی ئەدەبی لە تەکنیکدایە !

١٢ - لەچیرۆکداالیجەی هونەریی شەرتە

١٣–بایەخی کاراکتەر لە کاری ڕۆمانەوانیدا

پاژی دووەم:

١ –پاچڤەو ڕینیسانس

٢ – پاچڤەو چەند وەڵامێکی بێ پرسیار

٣ – چەند سەرنجێکی پاچڤەلۆجی

٤ – پاچڤە پردی نێوان کەلتوورانە

٥ – حەمە کەریم عارف و گوتو بێژێکی پاچڤەوانی

پاژی سێیەم:

١ – مەرگی زمان=مەرگی نەتەوە

٢ – ناسنامەی نەتەوەیی

٣ – ناسنامەی نەتەوەیی وناسنامەی کەلتووری

٤– دەربارەی نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری

٥ – لە پەراوێزی دیموکراسییەتدا

٦ – ئیفلاسی سیاسی و قاتی سیاسەتوان

٧ –کوردێنی و.. نەعلەتی حیزب

## سەرنجێک

ح.ع

هەزار پیشە، سەندوقۆکەیەکی دارینە، چاوە چاوە کراوە، تا زۆر شتی جۆراو جۆر بگرێت. جاران لە کوردەواریدا باوی بوو ولە ماڵاندا بە کار دەبرا.. جا بەندە بۆیە ئەم ناوەم لەم کتێبە نا، تا هەم وشەکە بە زندوویەتی لە یادگەی زمانی کوردیدا وەمێنێ و هەم لەگەڵ نێوەرۆکی کتێبەکەدا تێکبکاتەوە کە کۆمەڵێک بابەتی هەمە جۆرو جیاوازی دەربارەی چیرۆک، ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، پاچڤە و دنیای پاچڤەوانی و، ڕۆشنبیریی.. لە خۆگرتووە و پڕ بە پێستی ناوەکەیەتی.. هەڵبەتە هەمەجۆری ناواخنی کتێبەکە، هەمەجۆری خوێنەرانیشی لێدەکەوێتەوە، کە هیوادارم خوێنەرانی ئەو بوارانە گومگەشتەی خۆیان لەم هەزار پیشەیەدا بدۆزنەوە..

بە هەرحاڵ، ئەم نووسینانە بەشێکن لە چالاکی و ئەزموونی نووسینی بەندە، ڕاستگۆیانە گوزارشت لە بیرو بۆچوونی قۆناغێکی ئەزموونی دنیای نووسینی بەندە دەکەن، هەستم کرد ئەوە دێنن کە کۆیان بکەمەوەو لە پەراگەندەیی ڕزگاریان بکەم و لەم هەزار پیشەیەدا پێشکەش بە خوێنەران و کتێبخانەی کوردی بکەم.. هیڤیدارم خوێنەران بۆ چەند ساتێک لەم هەزار پیشەیەدا وچانێک بگرن وهەمان ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ڕەخنە ئامێزی خودی نووسینەکان بکەن بە محەکی ڕەفزو قبووڵ..

## پاژی یەکەم

## ڕۆمانلە نێوان وتن و نیشانداندا

((١))

زاراوەی رۆمان، لە بنەڕەتدا مانایەکی گشتیو مانایەکی تایبەتی هەیە، لە مانا گشتیەکەیدا بە هەر شێوە چیرۆکێکی پەخشانی، کە لەسەر بنەمای خەیاڵو ئەفسانە ڕۆنرابێ، دەگوترێت. رۆمان هەردوو مەبەستی لەزەتبەخشینو فێرکاری لەخۆ دەگرێتو سەرەتای پەیدا بوونو سەرهەڵدانی بۆ یەك دوو سەدەی پێش زاین دەگەڕێتەوە، دیارە بە درێژایی ئەم تەمەنە درێژەی، گۆڕانکاری یەجگار زۆری بەخۆوە دیتووەو تا رۆژگاری ئەمڕۆش لە خۆ تازەکردنەوەو قاڵبەگۆڕکێی بەردەوامدایەو بە رێژەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێ. لە مانا تایبەتیەکەشیدا، بەو شێوە چیرۆکڤانیە درێژە پەخشانیە، دەگوترێ کە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەما لە ئەوروپادا پەیدا بوو و سەری هەڵدا، هەرچەندە کاراکتەرو قارەمانو بویەرو رووداوەکانی زادەی خەیاڵن، بەڵام هێندە واقیعی دەنوێنن لە تۆ وایە لە ژیانی واقیعیو رۆژانەدا، سەروکارو ئاشنایەتیت دەگەڵیاندا هەیە.

هەڵبەتە ئەگەر لە فەرهەنگدا، بە تایبەتی فەرهەنگانی ئەنگلۆساکسۆنی بۆ ماناو پێناسەی تایبەتی رۆمان بگەڕێی، زیاتر نۆڤلی پێدەڵێن، بە ڕۆمانە خەیاڵیو ئەفسانەییە کۆنەکانیش دەڵێن رۆمانس.. هەڵبەتە، هەرچەندە

رۆمانو رۆمانس هەر یەکەیان بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی چیرۆکڤانی پەخشانی، بەڵام جیاوازی زۆریشیان هەیە. یانی هەریەکەیان شێوەیەکن لە شێوەکانی هونەری چیرۆك. لێرەدا مەبەست لە چیرۆك هەر بەرهەمێکی هونەری پەخشانیە کە زیاتر زادەی خەیاڵی هونەرمەندو داهێنەرە تا لە رووی مێژووییەوە زادەی حەقیقەت بێ. دیارە دووریش نییە چیرۆك لە واقیعو مێژووەوە هەڵێنجرێ یان لە خەیاڵی رووتەوە سەرچاوە بگرێت، یان تێکەڵەیەك بێ لە هەردووکیان، گرینگ ئەوەیە وەکو کارێکی هونەری قەناعەتبەخش بێت، لەزەتێکی ئەستاتیکی بە خوێنەر ببەخشێت و هەستەکانی دەمەزەرد بکاتەوەو ببی بە شەریکی ئەو هەستانەی کە لە سەرانسەری کارەکەدا هونەرێنراونو تانوپۆی چیرۆکەکەیان پێکهێناوە، خوێنەر بخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە بە خۆی رازو رەمزی بن دێڕی چیرۆکەکە کەشف بکات.

دیارە هیچ گومانێك لە هونەریەتی چیرۆکدا نییە،و هونەرێکە وەکو هەموو هونەرەکانی دیکە، بەڵام بە پەخشانە، بە زمانی پەخشانە، هەم لایەنی بەهرەو بەهرەمەندی تیایەو هەم لایەنی ئەزموونو فێربوون، یانی لە بنەڕەتدا تێکەڵەیەکە لە رەگەزی بەهرەی سروشتیو رەگەزی سنعەت کە دەکاتە فێر بوونو ئەزموون، یانی کاری چیرۆکنووسی کە بە پەخشانە لە بنەڕەتدا چالاکیەکی زمانەوانیەو زیاتر سەروکاری دەگەڵ تەبعو تەبیعەتو هەستو سۆزی مرۆڤدا هەیە،. بە هەرحاڵ زمانی چیرۆك، پەخشانە، چیرۆك هونەرێکی کۆنو بە تەمەنە، پتر لە دوو هەزار ساڵە، لە شێوەو قاڵبێن جیاوازدا بەردەوامەو لە سەردەمی تازەشدا پێگەیەکی هونەری زۆر گەورەی هەیەو ئەگەر گرنگترین هونەر نەبێت، ئەوا گومانی تیا نییە لە ریزی هونەرە هەرە گرینگەکانە. دیارە مەبەستی هونەر ئەوە نییە بێت حەقیقەتێك بەیان بکاتو خوێنەر واداربکات کە قەناعەتی پێبکەن، هونەر ئەگەر حەقیقەتێکیش بڵێت بۆ ئەوە نییە کە خوێنەر بێنێتە رەداو قەناعەت بەو حەقیقەتە بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بیکات بە شەریکی ئەزموونێکی ئیستاتیکی، ئەزموون بگۆڕێت بۆ هەستێکی هونەری. هەر چیرۆك یان شیعرێك ئەگەر مەبەستی سەرەکی ئەوە نەبێت کە وەرگرو خوێنەر بکات بەشەریکی ئەزموونێکی ئەستاتیکیو هەموو مەبەستەکانی تری نەخاتە

خزمەتی ئەم مەبەستە سەرەکیەوە، زەحمەتە بە بەرهەمی هونەری بژمێردرێتو شایستەی ناوی چیرۆك یان شیعر بێت، با پەیامێکی زندووشی لە خۆدا هەڵگرتبێ، کە هونەریەتی تەواوی پەیدا نەکردبێت، زەحمەتە لە خانەی هونەردا جێی بکرێتەوە! هونەر تەبعو تەبیعەتو هەستە جۆراو جۆرەکانی وەرگر دەدوێنێو سەروکاری دەگەڵ ئەو لایەنانەدا هەیەو ئەو لایەنانەش لایەنی سروشتیو زندوونو بۆ هەمیشە بەردەوامن.

بۆیە چیرۆك، ئەگەر بیەوێ پایەی بەرزی هونەر بەدەست بێنێ، دەبێ مامەڵە دەگەڵ تەبعو هەستێن بەشەردا بکات، یانی ئامانجی چیرۆکی هونەری کە لە رێگەی وشەوە خۆی دەنوێنێ ئەوەیە کە بە زەبری وشەو پەیڤی نووسراو زەمینە بۆ خوێنەر خۆشبکات کە بژنەوێ، کە ببینێ، کە بگرێت، کە بۆن بکات، کە تام بکات، بە هەموو هەستەکانیەوە، دەگەڵ رازو رەمزە دەروونیو بێرۆنیەکانی دەقەکەدا بژیو ئەوپەڕی لەزەتی ئیستاتیکی لە هونەریەتی دەقەکە وەربگرێت. وەکو باسمان کرد چیرۆك دەشێت بابەتی خۆی لە مێژوو و واقیعەوە هەڵێنجێو دەشێت زادەی خەیاڵی رووتی نووسەر بێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە چیرۆكو مێژوو بە درێژایی تەمەنی خۆیان هەمیشە سەروساختیان دەگەڵ یەکدا هەبووەو سوودیان لە یەکدی وەرگرتووەو کاریان لە یەکدی کردووەو لە کارلێکی بەردەوامدا بوون. خۆ ئەگەر زۆر دوور نەکەوینەوەو لە زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆدا بۆ ریشەی هەردوو وشەی چیرۆكو مێژوو بگەڕێین، دەبینین هەردوو وشەکە هاوڕیشەنو لە ڕووی مانای گشتیشەوە لێکدی نزیکن،و جۆرە هاومانابیەك لە نێوان هەردوو وشەی History و Storyدا هەیە، یەکێك لە ماناکانی History، چیرۆکە، هەروەها یەکێك لە ماناکانی Story گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی رووداوێك یان کۆمەڵە رووداوێکی واقیعییە ،کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەکاتە مێژوو. ئەگەر تەمەشایەکی کتێبە کۆنەکانی مێژوو بکەی، دەبینی مێژوو تا پێش ئەوەی ببێ بە زانستێکی تەواو عەیاری سەربەخۆ، کتێبانی مێژوو ئاوێتیەك بوون لە واقیع و مێژوو، چیرۆکە خەیاڵیەکان بە جۆرێ دەگێڕدرانەوە لە تۆ وایە حەقیقەتێکی دیکومینتاری راستەقینەنو حەقیقەتو واقیعی راستەقینەش بە زمانی چیرۆكو لە گۆشەنیگای گوتیاری هەمە شت زانەوە، دەگێڕدرانەوەو بەرجەستە دەکران. بۆ نموونە لە

کەلتووری ئێرانیدا مێژووی بەپیەقی هەیە کە لە رووی زانیاریو دروستی و وردی زانیاریەوە یەکێکە لە سەرچاوە هەرە باشەکانو وێڕای ئەوەش پڕە لە چیرۆکێن زۆر دڵگیرو جوان کە لە گۆشەنیگای گوتیاری هەمەشت زانەوە گێڕدراوەتەوە. هەروەها هونەری چیرۆکیش زۆری سوود لە مێژوو وەرگرتووە، تەنانەت هەندێ چیرۆك هەن کە ئاوێتەیەکە لە مێژوو و چیرۆك، ئەو ئاوێتەییە بە ڕادەیەکە کە هەندێ لە شارەزایان ئەو جۆرە چیرۆکانەیان بە مێژوو زانیوە، واتە دەکرێت، بگوترێ مێژوو چیرۆکێکی بێ رتووشی واقیعی دیکومینتاری بێرونیەو چیرۆك مێژوویيەکی هونەری فانتازی ئامێزی هەستو نەستی دەروونییە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو دووە بە یەك بزانرێن، چونکە وێڕای هەموو ئەمەش چیرۆك جیایەو مێژوو جیایە، چیرۆك چیرۆکە و مێژوو مێژووە. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەوەی بە مێژوو دەوترێ، بە چیرۆك ناوترێ، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیەو ئەرکی چیرۆك لە بنەڕتدا وتن نییە، بەڵکو نیشاندانە، نیشاندانە لە رێگەی هونەراندنی ئەو بابەتو تیمەیەوە کە مامەڵەی لە تەکدا دەکات. بە هەرحاڵ چیرۆك دەتوانێ هەندێ لە قارەمانو رووداوەکانی لە مێژووەوە وەرگرێتو زۆر کەسیش شتی وایان کردووە، بەڵام هەر شتێك لە مێژووەوە وەربگرێت لە خۆیدا هەرسی دەکاتو وەکو خۆیو بە هەمان ناسنامەو تایبەتمەندییەوە نامێنێتەوەو لە ناو چیرۆکەکەداو بەدەم پرۆسەی ئەفراندنی چیرۆکڤانیەوە قاڵ دەبێتەوە، بۆیە ئەو زانیاریانەی دەربارەی کاراکتەرانو رووداوێن مێژووی، لە چیرۆکدا هەن، ناکرێت بە زانیاری مێژوویی باوەڕ پێکراو و دیکومینتاری دابنرێتو ناتوانرێت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی پشتیان پێ ببەسترێت.

هەڵبەتە هەر چیرۆکێکی هونەری گەورە جۆرە لەزەتێکی ئستاتیکی بە خوێنەر دەبەخشێتو ئەم لەزەتە لە خودی کارە هونەریەکەدایەو لە سەرانسەریا پەڕاگەندەیەو جۆرە ئاسوودەییەکی روحیو دەروونی بە خوێنەر دەبەخشێت، کەواتە لەزەتبەخشی، لەزەتی ئەستاتیکی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەر ، کە چیرۆك لە جوملەی هونەرە گرینگەکانی سەردەمی تازەیە. دیارە لە رووی سوودمەندیشەوە مشتو مڕو گەنگەگەشەو بیروبۆچوونو تیۆری جیاواز هەبووەو هەیەو دیارترینیان، بە تایبەتی لە سەدە تازەکانەوە، لە دوو تیۆری باودا چڕکراونەتەوە، تیۆری "هونەر بۆ

جەماوەر" ئەم بۆچوونە بە بیانووی جەماوەرو خەمی جەماوەرەوە لە ڕاستیا داوا لە هونەرو هونەرمەند دەكات كە دەخزمەتی ئایدولۆجیایەكی تایبەتیدا بن یان لە خزمەتی دەوڵەتێكی ئایدولۆژیدا بن. كە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەوڵدانە بۆ پەڕو باڵكردنی هونەرو كوشتنی هونەرمەند. تێۆرییەكەی دی تێوری (هونەر بۆ هونەرە) كە پێی وایە هونەر جۆرە مەنەلۆگێكی دەروونیەو جگە لە خودی خۆی هیچ مەبەستو ئامانجێكی تری نییە.. بە هەر حاڵ راوبۆچوونی دیكەش لەو بارانەوە زۆرن، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی هونەر جۆرە لەزەتێكی ئستاتیكی بە خوێنەر یان وەرگر دەبەخشێتو، ئەمەش بۆ خۆی لە جۆرە سوودمەندیەكی مەعنەوی بەدەر نییە كە بریتیە لە ئاسوودەیی روحو دەروونو پالاوتن و پاكبوونەوەو دەمەزەرد بوونەوەی هەستەكان.. بەڵام لەزەتە ئستاتیكیەكە لە سەرانسەری كارە هونەریەكەدا، وەكو یەكەیەكی هونەری یەكپارچە، پەنهانە، لەوەوە هەڵدەقوڵێتو دەبێ لەودا بۆی بگەڕێی... هەڵبەتە هونەری چیرۆك ئەو توانایەی هەیە كە سوود لە هزرێن ئاینیو فەلسەفیو مێژوویيو كۆمەڵایەتی وەربگرێتو لە باری هونەرییەوە لە خۆیدا هەرسیان بكاتو هونەریانە بۆ خۆێنەری بگوازێتەوەو خوێنەر وا لێبكات كە بیر بكاتەوە، دیارە ئەم تەوزیفە فیكریانە نابێ زەقو راستەوخۆ بێت، بە تۆبزیو بە مەبەستێن نا هونەری، چ لە ناوەوەو چ لە دەرێی دەقەكەوە، لە دەقەكە بار بكرێت، بەڵكو دەبێ وەكو ئەو شەكرە بێ كە لە شەكراوێكدا دەتوێتەوەو دەبێ بە بەشێك لە شەكراوەكەو نایەتە دیتنو بەڵام وێڕای ئەمەش لە سەرانسەری شەكراوەكەدا حوزوری هەیەو لە خواردنەوەی شەكراوەكەدا تام دەدات. یانی لە كۆتاییدا پێكهاتەكە نە شەكرە بە تەنیاو نە ئاوە بە تەنیا، بەڵكو پێكهاتەیەكی تازەیەو ناوی شەكراوە. جا باشترین نموونە بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان فیكرو چیرۆك وەكو دەقێكی هونەری كە رۆمانیش شێوەیەكە لە شێوەكانی كارێن چیرۆكڤانی، هەمان پەیوەندیو نسبیەتی نێوان شەكرو شەكراوەكەیە..

هەڵبەتە لێرەدا، مەسەلەی ئایدولۆجیاو ئایدولۆجیابازیش دێتە ئاراوە، كە هونەری چیرۆك، كەمو زۆر سەرو ساختو سەروكاری دەگەڵدا هەبووەو هەیە. هەندێجار نووسەر بەخۆی دڵبەندو هەڵگری ئایدولوجیایەكی تایبەتیەو ئەو ئایدولوجیا تایبەتیە، حوزوری هەمیشەیی لە هزرو بیریا هەیەو لەو

روانگەیەوە دەڕۆنێتە دەوروبەرو لە کارە چیرۆکڤانیەکانیا رەنگدەداتەوە... تا نووسەر پتر پابەندی ئەو ئایدولۆجیایە بێت، ئەو بیرو ئامانجە ئایدولۆجیانەی لە چیرۆکەکەدا رەنگدەدەنەوە، هەمان حوکمی هزرو بیرو ئامانجێن ئاینیو فەلسەفیو ئاکاریو جڤاکیان دەبێتو کە چیرۆکەکە لە پایەی بەرزی هونەریەت دێننە خوارەوەو ئستاتیکای چیرۆکەکە لە هەر لەزەتێکی هونەری دەخەن، ئەگەر ئایدولوجیا هەمان دەوری شەکری ناو شەکراوەکە بدینێ، یانی لە خودی چیرۆکەکەدا بتوێتەوە، لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا هەبێتو نەبینرێت، ئەوا ئاسیۆیك بە بەها هونەریو ئستاتیکییەکانی چیرۆکەکە وەکو یەکەیەکی هونەری یەکپارچە ناگەیەنێ. بەڵام ئەگەر نووسەر، هزرو ئامانجە ئایدولۆجیەکانی خۆی لە چیرۆکەکەو لە بونیادی چیرۆکەکە باربکاتو بە تۆپزی کارە چیرۆکڤانیەکە لە قاڵبی ئایدولۆجیاکەی خۆی بدات، ئەوا پێ بزانێت یان نەزانێت، چیرۆکەکەی وەکو هونەر کردووە بە قوربانی ئایدولۆژیاکەی، بێئەوەی هیچ سوودێکی بە ئایدولوجیاکەی گەیاند بێت... دی، ئیچ. لورانس دەڵێت: "کاتێ رۆماننووس دەست لەسەر تای تەرازووی رۆمانەکەی دادەگرێت تا بە قازانجی ویستو ئامانجەکانی خۆی قورسی بکات، ئەم کارەی ئەو کارێکی ئەنتی ئەخلاقییە." هەڵبەتە ئەمە کارێکی ئەنتی هونەریشە چونکە بە زیانی بەها ئستاتیکیەکانی رۆمانەکە دەکەوێتەوە.

لێ کێشەی بنەڕەتیو ترسناك وهەستیاری هونەری چیرۆك دەگەڵ ئایدولۆجیادا کاتێ زەق دەبێتەوە کە دەوڵەتێکی ئایدولۆژیکی دیکتاتۆر لێدەبڕێت، چیرۆکنووسانو خێڵی هونەرمەندان بخاتە خزمەتی ئایدولۆجیای خۆیەوە. جا ئەم جۆرە رژێمە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجو مەرامی خۆی جۆرەها رێگە دەگرێتە بەر کە دیارترینیان دوو رێگەی تەواو پێچەوانەو هەڤدژی یەکترن. یەکەمیان ئەوەیە بێ هیچ شەرمو شوڕەییەك، بێ هیچ لە رووداماننێك، ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە بە خوایشتی خۆیان یان لە رووی ریاکاریەوە، خۆیانو هونەرەکەیان دەخەنە خزمەتی ئەوەوەو تەپڵو زوڕنا بۆ ئایدولۆجیاکەی ئەولێدەدەنو دەبن بە زوڕناژەنی ئەو، دەخاتە ریزی پێشەوەو لە ماڵی دنیاو پلەو پایەیان دەگرێتو دابەستە ئاسا بە خێویان دەکات، دووەمیان ئەوەیە، ئەو نووسەرو هونەرمەندە بە هەڵوێستو

سەرکێشانەی کە بە هیچ ترسو تەماحێك نایەنە رەداو مل نادەنە خەتی ئەو، سووكو ریسوا دەکات، بیانوویان پێدەگرێت، برسیان دەکات، دە زندانیان دەپەستێ، راوەدوویان دەنێ، رەهەنەی تاراوگەیان دەکاتو چاری نەمێنێ بە ئاشکراو بە نهێنی دەیانکوژێتو بە کوشتیان دەداتو ژیانیان لێدەکات بە دۆزەخ.

ئەو چیرۆکنووسانەی کە هونەرەکەیان هەڕاج دەکەنو دەیکەن بە ئەوزاری بانگەشە بۆ ئایدولۆژیای دەسەلاتی فەرمانڕەوا، ئەوا هونەرەکەیان لە باشترین حاڵەتدا دەبێ بە جۆرە پەیامێکی بانگەشەیی دوور لە گیانی هونەریەتو بە خۆیشی دەبێ بە زوڕناژەن.

میلان کوندیرا، لە کتێبی هونەری رۆماندا دەڵێت: "چما لە رووسیای کۆمۆنیستدا، سەدانو هەزاران رۆمان بە تیراژی فرەو زۆر سەرکەوتووانە بڵاونابێتەوە؟ با، بەڵام ئەم رۆمانانە درێژە بە فەتحی بوون نادەن، هیچ شتێکی تازە لە بووندا کەشف ناکەن، بەڵکو تەنیا ئەو شتە دووپات دەکەنەوە کە پێشتر گوتراوە... ئەم رۆمانانە، لەبەر ئەوەی ئیدی هیچ کەشفێك ناکەن، هیچ بەشداریەکیان لە (بەردەوامدنی کەشفکاریدا)، کە من ئەم پرۆسەی کەشفکاریە ناو دەنەم مێژووی رۆمان، نییە. ئەوانە لە دەرێی ئەم مێژووەدا جێدەگرن، یان باشتر وایە بڵێین: "رۆمانانی دەرێی مێژووی رۆمانن."

بێگومان دەوڵەتانی ئایدولۆژێکی دیکتاتۆر، وێڕای ئەوەی کە پارەو پولو توانایەکی فرە لە بەرهەمهێنانو چاپو بڵاوکردنەوەی سەدانو هەزاران رۆماندا بە تیراژی زۆر، بە فیڕۆ دەدەن، بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەرانی بە هەڵوێست و سەرکێش، سەرکوت دەکەن، کارە هونەرییەکانیان سانسۆرو قەدەغە دەکەن، رێگە لەو رۆمانانە دەگرن کە "شتێکی تازە لەم بوونو گەردوونە کەشف" دەکەن، گیانی رۆمان دەکوژن. بە خۆڕایی نییە کە میلان کوندێرا دەڵێت: "نزیکەی نیو سەدەیە کە مێژووی رۆمان لە ئیمپراتۆریەتی رووسیادا وەستاوە."

بە هەر حاڵ نەك هەر چیرۆكو رۆمان، نەك هەر شێوەکانی دیکەی چیرۆکڤانی، بەڵکو ئەدەبیات بە گشتی ژیانی مەعنەوی خەڵکی ئەو دەڤەرو

سەرزەمینانە دەنوێنێ کە ئەو ئەدەبیاتەیان بەرهەم هێناوە، بە جۆرێکی هونەری ئەوتۆ خوێنەر لە ژیانی فەرهەنگیو مەعنەوی ئەو خەڵكو میللەتە ئاگادار دەکات، کە نە زانستو نەفەلسەفەو نە هیچ کەناڵێکی هزری دیکە، ئەوەی پێ نەکرێت.

ئەدەبیات لە کانیاوی تەبعو هەستێن هونەرمەندەوە هەڵدەقوڵێتو دەڕژێتە دەریای تەبعو هەستێن خوێنەرانێکی بێ شوماری نەوە یەك لە دوای یەکەکانەوە..

((٢))

دیارە ڕۆمان وەکو شێوەیەکی چیرۆکڤانی لە بۆشاییەوە پەیدا نەبووە، زادەی رێکەوتی رووت نییەو ،کوتو پڕ لە دایك نەبووە، بەڵکو رەگی دەچێتەوە سەر هەندێ ژانری ئەدەبی چیرۆکڤانی دیکە، کە رۆمانس یەکێکە لەو ژانرە چیرۆکڤانیانە.

رۆمانس، حیکایەتێکی قارەمانیە باسی قارەمانانو رووداوێن ئەفسانەییو خەیاڵی دەکات... بە زمانێکی یەجگار فاخیرو رازاوە باسی شتانێك دەکات کە هەرگیز روویان نەداوەو نادەن.. یانی پڕە لە رووداوێن نا واقیعی و باوەڕ نەکردەنیو لە هەمان کاتدا خەیاڵئەنگێزو لەزەت بەخشو قارەمانیەتی سەیر. هەر هەموو ئەم تایبەتمەندیانە، لە زەتێکی تایبەتیان بەخوێنەری رۆمانس بەخشیوە کە بە زۆری خەڵکانی شارنشینی سەر بە چینە باڵاو ناوەندەکانی کۆمەڵگە بوونو مەحکووم بە ژیانی یەکهاویو رۆتینی شار بوون.. ئیدی لەزەتیان لە ژیانی قارەمانانەو ڕیسککاریانەی پڕ خەتەرو مەترسیو کولو کۆڤانو تێشکان، بەڵام ئاقیبەت ، خۆشی لە رۆمانس وەرگرتووە... ئیدی ئەم تایبەتمەندییە لەزەتبەخشانەی رۆمانس، لە رۆژگاری پەیدا بوون وسەرهەڵدانی ڕۆمانی مۆدێرندا تا رادەیەکی زۆر داویەتیە کزی. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینیو نۆڕینی زانستیانەی خەڵکی رۆژگارێن تازە، کە ئەو رووداوە خەیاڵیو قارەمانیە سەیرو باوەڕ نەکردەنیانەی پێ قەبووڵ ناکرێتو لەزەتیان لێنابینێ. ژانری چیرۆکڤانی دڵپەسندی خەڵکانی هاوچەرخ، رۆمانی تازەیە، کە رەگی لە واقیع دایە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە رۆمانی تازە دەستبەرداری رەگەزی ئیسارەو

وڕوژان بوو بێ، پڕ خوێنەرترین رۆمان، ئەوانەن لە سنووری ئەگەراندا، لە چوار چێوەی ئیحتیمالاندا، ئەو شتە سەیرانە دەوروژێنن کە لە ژیانی رۆژانەدا زۆرنو، چاوپێیان راهاتووەو وەکو پێویست نایان بینن،. بە هەرحاڵ هونەری چیرۆکڤانی بە هەموو شێوەکانی، چ لە قاڵبی شیعریداو چ لە قاڵبی پەخشانیدا تەمەنێکی زۆری هەیە، لە قاڵبە شیعریەکەیدا تەمەنی زۆر زیاترە وەك لە قاڵبە پەخشانیەکەیدا، بە تایبەتی لە شارستانیەتو کەلتووری دەوڵەمەندی یونانیدا، پتر لە دوو هەزار ساڵێك دەبێت، خۆ لە قاڵبە زارەکیەکەیدا هەر زۆر کۆنەو رەنگە هاوتەمەنی سەرهەڵدانی فەرهەنگو کەلتوورو شارستانیەتی هەر میللەتو کۆمەڵگایەکی جیهان بێت.. دەشێت بگوترێ مرۆڤ بوونەوەرێکی حیکایەت خوان بووەو دەگەڵ حیکایەتو چیرۆکاندا ژیاوەو بە چیرۆکو لەناو چیرۆکدا بە ئاواتو خۆزیاکانی گەییوە، لە ناو چیرۆکدا دینداری کردووە، کفری کردووە، بیری لە بوونو نەبوون کردووەتەوە، نەخۆشیە دەروونیەکانی دەرمان کردووە، دژواریەکانی ژیانی تەخت کردووە، یانی چیرۆك بەشێك بووە لە ژیانی مرۆڤو هەرواش دەمێنێتەوە. هەڵبەتە چیرۆكو شێوەی چیرۆك، بە گوێرەی قۆناغو سەردەمە مێژوویيو کۆمەڵایەتیەکان، گۆڕاوەو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەسەریا دێت. واتە شێوە چیرۆکڤانییەکان بە پێی رەوتی رۆژگار دەگۆڕێنو شێوەێن چیرۆکڤانی تازە وەردەگرنو تەنانەت هەندێك لە شارەزایانو پسپۆڕانی ئەو مەیدانە لەو باوەڕەدان هەر شێوە ئەدەبو هونەرێکی تازە، درێژەی شێوەیەك یان چەند شێوەیەکی پێش خۆیەتی لە قاڵبێکی تازەدا، بۆیە زۆر ئاساییە کە چیرۆكو رۆمان، شێوەو قاڵبی تازەو گۆڕاوی رۆمانسو داستان بن. بە هەرحاڵ هەر هونەرێك رەنگو بۆی سەردەمو رۆژگاری خۆی وەردەگرێتو رەوتو رێبازی گشتی شارستانیەتو کەلتووریو کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بە جۆرێك دەنوێنێ، کە هەڵبەتە واقیعو وەزعو حاڵێن کۆمەڵایەتیو شارستانیو ئابووری کۆمەڵگەو رۆژگار لە یەك پێستو دۆخدا نامێنێو لە کاریگەریی راستەوخۆو نا راستەوخۆی پرۆسەی گۆڕانکاری بە دەر نابێت. واتە ئەگەر واقیعێن کۆمەڵایەتیو شارستانیو کەلتووریو ئابووری گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هات، هەنگێ شێوە هونەرییەکان ناتوانن رەوتو رەوشە تازەکان بنوێنن، بۆیە هونەرمەند بۆ ئەوەی نوێنەری هونەریی راستەقینەو

راستگۆی سەردەمی خۆی بێت، چاری هەر ئەوەیە شێوەو قاڵبی هونەری تازە دابهێنێ.. بۆ نموونە کاتێ ئەوروپا پێی نایە سەردەمی تازەوە، گۆڕانکاریەکی زۆر مەزن لە ژیارو شارستانیەتی ئەوروپادا رووی دا. دیارە ئەم گۆڕانکارییە کوتو پڕو لە ناکاودا نەبوو، بەڵکو بەرە بەرەو هێدی هێدی بوو، لە هەموو ئەوروپاشدا بە هەمان تینو تاوو ریتمەوە نەبوو، ئەم قۆناغو سەردەمە تازەیە نێونرا قۆناغی رێنیسانس، واتە قۆناغی تازە بوونەوە، بوژانەوە. بە ڕاستی لەم قۆناغەدا شارستانیەتی ئەوروپایی بوژایەوەو تازەبووەوە، ژیانێکی نوێی ئەوتۆ هاتە ئاراوەو دەستی پێکرد کە پێویست بوو ناوێکی تایبەتی لێبنەن تا لە ژیانو قۆناغی کۆن جیای بکانەوە، ئەوە بوو ژیانی کۆن، ناوی سەدەکانی ناڤینی بە باڵادا بڕاو ژیانی تازە، ناوی سەردەمی نوێ یان مودێرنی وەرگرت.

جا ئەم گۆڕانکاریە، ئەدەبیاتو هونەریشی گرتەوە. ئەوە بوو شێوەی چیرۆکڤانی رۆمان، بە درێژایی سەدەی هەڤدەیەم بەرە بەرە شێوەو قاڵبی خۆی پەیدا کردو لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا ناسنامەی سەربەخۆی، خۆی دۆزییەوە.. دیارە گرنگترین گۆڕانکاری سەردەمی رێنیسانس، کە هەر هەموو کایە حەیاتیەکانی ئەوروپای گرتبووەوە، ئەو گۆڕانکاریە بوو کە لە جیهانبینی ئەوروپاییەکاندا رووی دا، لە رەوتو رێڕەوو رەوشی بیرو بیرکردنەوەیاندا، رووی دا، بە کورتی لە نۆڕینی زانستانەیاندا رووی دا..

خەڵکی سەردەمە کۆنەکان، بە ئەقڵیەتێکی غەیبیانیەوە دەیان روانیە دیاردەو رووداوە مادیو مەعنەوییەکانو بە هەمان ئەقڵیەت مامەڵەیان دەگەڵ هەموو کایەکانی ژیاندا دەکرد، واتە جیهانبینیەکی غەیبیانی بەسەر تێکڕای بیرکردنەوەیدا زاڵ بوو،.. بۆیە داستانو رۆمانسی کۆنو رۆمانسی سەدەکانی ناڤین، زادەو رەنگدانەوەی ئەم جیهانبینییە بوون، خواوەندانو هێزێن غەیبی دیکە رۆڵی سەرەکیان تیا دیتووە، پڕ بوون لە خێو و دێوو درنجی سەیرو سەمەرەو رووداوێن خەیاڵی چاوەڕوان نەکراو... بۆ نموونە سەیر دەکەی بەشەرێك لە ناکاوا دەبێت بە گوێدرێژ (رۆمانسی میتامورفوسی ئاپولیوس گەشترین نموونەیە). جا خاڵی گرینگ لەمەدایە کە بەشەری کۆن باوەڕی دەکرد کە لەگینە بەشەرێك بەڕاستی لە ناکاوا ببێت بە کەر. چونکە

ئەو جۆرە پێشهاتەو خێوو دێوانە، دەگەڵ ئەقڵیەتو جیهانبینی ئەودا تێکیان دەکردەوە.. بەڵام لە سەردەمی مودێرندا، دەشێت نووسەرێك چیرۆکێك بنووسێت کە لە چیرۆکەکەدا بەشەرێك لە ناکاوا ببێت بەکەر (بڕوانە چیرۆکی پینوکیوی کارلو کولودی) یان چیرۆکێك بنووسێت کە بەشەرێك، بەیانیەك لە خەوێکی ئاجرو باجڕ خەبەری بێتەوەو سەیر بکات بووە بە سیسرك (بڕوانە مەسخەکەی کافکا)، بەڵام خوێنەری سەردەمی نوێ ئەم پێشهاتەی لە واقیعدا قەبووڵ نییە، تەنیا لە چوار چێوەی مانا چیرۆکڤانیو مەجازیو رەمزیەکەیدا قەبووڵیەتیو خوێندنەوەو شرۆڤەی بۆ دەکات. دەنا بە کەر بوونی راستەقینە یان بە سیسرك بوونی راستەقینەی بەشەرێك، هەرگیز دەگەڵ ئەقڵیەتو هزرینو جیهانبینی ئینسانی سەردەمی نوێدا تێك ناکاتەوەو ناگونجێت. ئینسانی سەردەمی نوێ، چەندیش زۆر لە خۆی بکات ناتوانێ دنیا بەو ئاوایە بدینێو بفامێ کە ئینسانی کۆن دەی بینیو دەیفامی، بۆیە ئەقڵگەراییو جیهانبینی گومانامێز کە لە تایبەتمەندییەکانی ئینسانی سەردەمی نوێیە، هەڵبەتە گومانامێزی لە پێناوی گەییشتن بە حەقیقەتەدایە، نەك گومان لە پێناوی گوماندا.. لە سەرانسەری کایە مادیو مەعنەوییەکانی ژیاندا، لە تێکڕای چالاکیە مادیو مەعنەویە مرۆڤانیەکاندا رەنگ دەداتەوە، کە دنیای چیرۆكو هونەر یەکێکە لەو چالاکیە مرۆڤانیانە...و رۆمان لە بواری جیهان و شێوە جۆراو جۆرەکانی چیرۆکڤانیدا، نموونەیەکی زندووی ئەو گۆڕانکاریە ئەقڵیو هونەریانەیە کە دەرهاویشتەی سەردەمی مۆدێرنە...

هەڵبەتە لە سەردەمی مۆدێرندا، جگە لە گۆڕانکاریە فەلسەفیو زانستیەکان، زۆر گۆڕانکاری جڤاکیو ئابوری قووڵیش روویان داوە کە زەمینەی گونجاوو لە باری بۆ لە دایکبوونی رۆمان خۆش کردووە... جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو گوتەیەی هیگل بە نموونە بهێنرێتەوە کە دەڵێت رۆمان: "داستانی نوێی بۆرژوازیەتە." ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە رۆمان شێوە چیرۆکڤانیەکی تایبەتی سەرمایەداری پیشەسازی تازەیە. لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری زۆر سەرەکیو بنەڕەتی لە بونیادی کۆمەڵایەتیو لە سیسەتەمی سیاسیو ئابووری کۆنو پێشیندا رووی دا.. هەڵبەتە لێرەدا بەش بە حاڵی ئەم وتارە پێویستە ئەو بگوترێت کە یەکێك لە گرنگترین ئەو

گۆڕانکارییانە ئەمە بوو کە چینی بورژوا دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی وەرگرتو تاکگەرایی ڕەواجی پەیدا کردو رەوتی خۆی وەرگرتو بوو بە ئەمری واقیع.

دیارە رۆمان، زیاد لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی، سەروکاری دەگەڵ چینی بۆرژوادا هەیە. چونکە یەکەم، زۆربەی رۆماننووسەکان بە خۆیان سەر بە چینی بۆرژوانو لە وێوە سەریان هەڵداوە. دووەم، بابەتی زۆربەی رۆمانەکان دەربارەی ژیانی تاکێن چینی بۆرژوایەو سێیەم، خوێنەرانی رۆمان بە زۆری خەڵکانی سەر بە چینی بۆرژوان کە هەم خوێنەوارنو هەم لە رووی داراییەوە، وەزعیان باشەو دەتوانن بەشێك لە دەرامەتی خۆیان بۆ کڕینی کتێب تەرخان بکەنو هەندێ لە کاتی دەستبەتاڵی خۆیان بە خوێندنەوەی رۆمان بەسەر بەرنو لەوێندەرەوە هەم پێگەی چینایەتی خۆ دەرك دەکەنو هەم دەتوانن بە هوشیارییەوە رەخنە لە ژیانی خۆ بگرن، خوێندنەوەی رۆمان بۆ ئەوان بایەخێکی زیاتری هەیەو وەکو لە خەڵکانی سەر بە چینە کۆمەڵایەتیەکانی دی... چونکە زۆربەی ڕۆمانەکان باسی ترسو ئومێدی چینی بۆرژوا دەکەن، شێوەی ژیانو چۆنیەتی هزرو هزرینی تاکێن سەر بەو چینە وێنە دەگرن، پارێزەرانی هونەری رۆمانیش، بە پێچەوانەی پارێزەرانی پێشینی هونەر کە پاشایانو ئەهلی دەربارو نەجیمزادان بوون، یان بە پێچەوانەی پارێزەرانی ئێستای هەندێ لە هونەرەکان دەوڵەتانی دکتاتۆری یان دیموکراتین، خودی چینی بۆرژوایە کە لە دەورو رۆڵی وەشانکاردا رۆمانان چاپ و بڵاودەکەنەوە، لە رۆڵی خوێنەردا، دەیکڕن. دەسکەوتی دارایی رۆمانیش ئەوەندە هەیە کە رۆماننووسان، بە باشی پێی بژین و چاویان لە دەستی پاشایانو دەربارییان و نەجیمزادانی گوایە پشتو پەناو پارێزەری هونەرو هونەرمەندانن نەبێ، کە بە خێری خۆ سووکە خەڵاتێ، بەراتێکیان بدەنێ. بەمجۆرە دەبینین بوونی هونەری رۆمان، تا چ ئەندازەیەك بە بوونی چینی بۆرژواوە گرێی خواردووە.

سەبارەت، بە پەیوەندی ڕۆمان دەگەڵ رەواج ودەقگرتنی تاکگەراییدا، ئاشکرایە کە بابەتی رۆمان لە بنەڕەتدا، ژیانی تاکە لە نێو کۆمەڵگەدا، هەڵبەتە ئەو تاکە ئاساییەی کە لە نێو خەڵکی ئاساییدا دەژی، نەك تاکێکی

هەڵبژاردە لە خێڵی خواوەندانو پاڵەوانانی ئەفسانەیی یان پاشایانو قارەمانانی سەدەکانی ناڤین یان کاراکتەرانی دێو ئاسا، جا لەم رووەوە یەکێك لە مەرجەکانی پەیدا بوونو سەرهەڵدانی ڕۆمان، وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی هونەری چیرۆکڤانی ئەوە بوو کە تاکی ئاسایی لە کۆمەڵگەدا پێگەو بایەخێکی ئەوتۆ پەیدا بکات کە چیرۆکنووسان، ژیانی ئەو بە بابەتێکی شایستەی ئەدەبیاتی رۆشنبیران بزانن و خوێنەران چیرۆکی ژیانی ئەو بە شایستەی خوێندنەوەو تێفکرینو سەرچاوەی لەزەت بزانن. هەڵبەتە لە کۆمەڵگە کۆنەکاندا، تاکی ئاسایی ئەو جۆرە پێگەو بایەخو مافەی نەبووە. حیساب بۆ تاك نەکراوە، لە نێو بنەماڵەو خێڵو قەومو سەڵتەنەتدا تواوەتەوەو بۆی نەبووە لە ئاقاری دابو نەریت هێوەتر بڕوات، بۆی نەبووە کەمترین گومان لەو شتە بکات کە دابو نەریتو سونەت مۆری کردووە چ جای رەخنەگرتنو دەربڕینی ناڕەزایی. واتە لە کۆمەڵگەی کۆندا ئازادی تاك نەبووە..

بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدریندا، تاکی ئاسایی مافی هەیە، ئازادی خۆی هەیە، کۆمەڵگە رێگەی دەدات کە بەڕێی خۆیدا بڕوات، کارو پیشەو ئاینو تەنانەت نەژادو رەگەزی خۆیشی، ئەگەر بە دڵی نەبێت، بگۆڕێت.. لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، هەر تاکی داهێنەرو سەرکێشو ئەهلی ڕیسکە کە بەردەوام ئاقارێن بیرو هونەرو ئەدەبیاتو زانستو سنعەتو تەکنولۆژیاو کشتوکاڵ وبازرگانی دەبەزێننو هەوڵدەدەن خەونو خەیاڵو خولیاو کەڵکەڵە بەشەرییەکان، پاچڤەی واقیع بکەن، خۆ ئەگەر هەر کەسێکیان لەم رێگایەدا شکستی هێنا، تاکێن دی دێنە پێشەوەو نایەڵن رێگای دوورو درێژی پێشکەوتنو پێشڤەچوون بێ رێبوار بێت. جا ڕۆمانی گەورە، داستانی ئەو تاکە داهێنەرە ریسککارانە دەگێڕنەوە، بۆیە هیگڵ نە هەقی نەبووە کە گوتوویەتی ڕۆمان: "داستانی نوێی بۆرژوازیەتە."

هەڵبەتە نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە رۆمان لەلایەکەوە زادەی هەلومەرجی شارستانیەتو کەلتووریو کۆمەڵایەتیو ئابووری سەردەمی نوێیەو لەلایەکی دییەوە، پاشکۆی ئاساییو درێژەی کەلەپووری هونەری چیرۆکڤانیە، یانی رەگێکی دەچێتەوە سەر کەلەپووری هونەری چیرۆکڤانی.

یان ڕۆمان وەکو هەموو هونەرێك، لە هەمان کاتدا کە بەندە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئینسانەوە، ژیانی سەربەخۆی خۆیشی هەیە... ئەگەر لە جیهانی کۆندا، بە حوکمی جیهانبینی خەڵکی، قارەمانو کاراکتەران لە هونەرە چیرۆکڤانیە کۆنەکاندا یان رەمزی رەهای چاکەو بەهاێن ئایدیالی بووبن یان رەمزی رەهای خراپەو کارێن ئەهریمەنی بووبن، ئەوا لە جیهانبینی خەڵکی سەردەمی نوێدا هیچ کەسێكو کۆمەڵگەیەك نموونەو رەمزی رەهای خێرو هەق یان شەڕو نەهەق نییە، بەڵکو هەر تاكو کۆمەڵگەیەك کەمو زۆر رێژەیەك لە خێرو شەڕی تێدایە، واتە خێرو شەڕ چ لە تاكو چ لە کۆمەڵگەدا رێژەییە. جا ڕۆمانیش وەکو دیاردەیەکی چیرۆکڤانی سەردەمی نوێ، هەمان جیهانبینی سەردەمی نوێ دەنوێنێ.

بە هەر حاڵ، رۆمان تەنیا رواڵەت یان ناخی مرۆڤ نابینێ، بەڵکو هەردوو دیوی دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤ دەبینێو هونەریانە وێنەی دەگرێت. دیوی دەرەوەیان وەسف دەکاتو پاشان بەرە بەرە دزە دەکاتە ناو ناخیانەوە، بەناو دڵو دەروونیان دەکەوێ، خۆی دەگەیەنێتە سەرچاوە نهێنییەکانی کەڵکەڵەو خولیاکانیانو ئەوە نیشان دەدات کە هەر باوەڕێك گومانێك یان سووکە گومانێکی لەگەڵە، هەر ئازایەتیەك جۆرە ترسێکی لەگەڵە، هەر راستییەك جۆرە درۆیەك، هەر بەخشندەییەك سێبەری رژدییەکی لەگەڵە. هەر فیداکاریەك چەشنە خۆپەرستیەکی لەگەڵە... جا ئەم رێژەگەراییە یەکێك لەو تایبەتمەندییە رۆمانەوانیانەیە کە رۆمان لە شێوە چیرۆکڤانیەکانی کۆن جیا دەکاتەوە..

رۆمان، هونەرێکە پڕ بە پێستی سەردەمی نوێ، ئەو سەردەمەی کە شەیدای تازەگەراییەو بایەخێکی زۆر بە هەر نوێخوازیەك دەدات... جا رۆمانیش، بۆ ئەوەی تازەییو نوێباوی خۆی بنوێنێو بسەلمێنێ دەبێ پەنا وەبەر داهێنان ببات، بە پێچەوانەی شێوە چیرۆکڤانیەکانی پێشینەوە،کە زۆریان سوود لەپلوتێن سونەتیو باو وەردەگرتو لاسایی کردنەوەی بەرهەمی پێشینانیان نەك هەر بە کێماسیو عەیب نەدەزانی، بەڵکو بە باشیان دەزانی...

هەڵبەتە پەنا بردنە بەر داهێنان، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری رۆمان. داهێنان لە بواری هونەردا، هەمیشە هەر پەسند بووەو داهێنەریش

سەنگو ئیحتوباری خۆی هەبووە، بەڵام لە داهێنانیشدا، لە نوێخوازیو تازەگەراییشدا وەکو زۆر دیاردەی دیکەی ژیان، توندڕەوی هەیە، ئەم توندڕەوییە لای هەندێ لە هونەرمەندانو رەخنەگرانی سەردەمی نوێ گەییوەتە ئاستێك، کە دوور کەوتنەوە لە سونەتێن هونەریو داهێنانی قاڵبو شێوازێن سونەت شکێن، بە مەرجی نوێخوازیو نوێ بوون دەزانن. غافڵ لەوەی کە هیچ بەرهەمێکی هونەری لە بۆشاییدا سەر هەڵنادات، و هەر بەرهەمێکی هونەری رەگی لە سوننەت و کەلەپووردا نەبێو خۆراکی خۆی لە سونەتو کەلەپوورەوە وەرنەگرێت، وەکو درەختێکی بێ رەگو ریشە وایەو هیچ درەختێکی گەورەو جوانیش نییە کە بێ رەگ یان کەم رەگو ریشە بێت. یانی هەر بەرهەمێکی هونەری گەورەو رەسەن بە شێوەیەك لە شێوەکان رەگی لە سوننەتو کەلەپووردایەو لەوێوە خۆراکی خۆی وەردەگرێت.. تەنانەت بەرهەمە زۆر گەورەکانیش کە زادەو ئافەریدەی بلیمەتانی خۆڕسکنو بەڕادەیەك تازەو نۆباون کە ماکی هیچ نموونەیەکی کۆنو پێشینیان پێوە دیار نییە، رەگێکیان هەر دەچێتەوە سەر کەلەپوورو سوننەت، بۆ نموونە ئیلیادەو ئۆدیسە رەگیان دەچێتەوە سەر داستانی فۆلکلۆری و زارەکی داستانی یۆنانی، مەمو زینی ئەحمەدی خانی رەگی لە مەمی ئالانی فۆلکلۆری باوی کوردەواریدایە...

بە هەرحاڵ، ئەرکی ڕۆمان وەکو شێوەیەکی مۆدێرنی هونەری چیرۆکڤانی، لە بنەڕەتدا نواندنو پیشاندانی هونەریانەی ئەزموونانی مرۆڤی هاوچەرخە. بۆیە ئەگەر لە نواندنێکی هونەریانەی رۆماننووسێکدا خراپی ودزێوی بەسەر چاکیو جوانیدا زاڵ بێت، گوناحی ئەمە لە ئەستۆی رۆماننوسەکەدا نییە، بەڵکو لە ئەستۆی ئەو واقیعەدایە کە ئەو هونەریانە پیشانی دەدات. واتا ڕۆمان بە شێوازی تایبەتی خۆی واقیع دەهونەرێنێ و لە هەر شێوەیەکی دیکەی هونەری چیرۆکڤانی پتر هەوڵدەدات واقیع بە جۆرێ بهونەرێنێ کە لەلای خوێنەری هاوچەرخو مۆدێرن قەناعەتبەخش بێتو کەرەستەی پێویستی بخاتە بەردەست کە بۆ خۆی بە ناو بکەوێتو حەقیقەت کەشف بکاتو ئەگەر بگوترێ هیچ ژانرێکی دیکەی، هونەری چیرۆکڤانی، ئەم تایبەتمەندییەی رۆمانی نییە، رەنگە نەبێت بە زێدەڕۆیی.

بە هەرحاڵ رۆمان، نیشاندانە نەك گوتنو گەنگەشە، گوتنو گەنگەشە زیاتر ئەقڵی وەرگر دەدوێنێ کە ئەمە کاری فەلسەفەو زانستو مێژوو و باسو لێکۆڵینەوەو وتارە، بەڵام نیشاندانو نواندن، زیاتر هەستو سۆزی وەرگر دەدوێنێ کە ئەمە کاری هونەرە، رۆمانیش هونەرە....

((٣))

دیارە رۆمان، وەکو ژانرێکی چیرۆکڤانی رێژەگەرای مۆدێرێنی واقیعگەرا، وەکو هەر ژانراو شێوەیەکی دیکەی هونەری، لە پڕێکاو بە یەك کەڕەتو بە کامڵی پەیدا نەبووە، هەڵبەتە مەبەست لە کامڵی باڵاترین یان دوا شێوە نییە، چونکە، لە هیچ شێوەو ژانرێکی هونەریدا، مادامێکی لە زاوزێی بەردەوامدایە، لە کاریگەریی‌و باندۆری یاساو رێسای گۆڕانکاری بە دەر نییە، دیاریکردنی دوا شێوە یان باڵاترین شێوە، ناتوانرێ دیاری بکرێت، چونکە هونەر ئەوسەری نییە یان دیار نییە، مەبەست لە شێوەی کامڵ، ئەوەیە کە رۆمان، بوونی خۆی وەکو ژانرێکی چیرۆکڤانی تایبەتی‌و سەربەخۆ بسەلمێنێ‌و ناسنامەی هونەری سەربەخۆ پەیدا بکات... سەرەتا، لە ماوەی چەند دەیەیەکدا، لە شێوەی چیرۆکڤانی رۆمانسدا، هەندێ جیلوەی سەرەتایی رۆمان سەری هەڵداو پاشان چەند رۆمانێك، پڕ بە مانای رۆمانو لە قاڵبی رۆمانی تەواودا هاتوونەتە نووسین، لەوانە دۆنکیشۆتی سێرڤانتس کە لە ساڵی ١٥٩٧دا دەست بە نووسینی کراوەو لە سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەیەمدا بڵاو بووەتەوە.. هەڵبەتە مشتو مڕو گەنگەشەیەکی زۆر لەسەر ڕۆمان بوون یان رۆمانس بوونی دۆنکیشۆت هەبووەو راوبۆچوونی جیاواز لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام دۆنکیشۆت وەرچەرخان و دابڕانێکە لە نێوان رۆمانسو رۆماندا وەکو دوو ژانرو شێوەی هونەری چیرۆکڤانی، بۆیە ئەگەر بە بۆچوونی هەندێ لە شارەزایان نەتوانرێ دۆنکیشۆت بە رۆمانێکی عەیارە بیستو چوارو نموونەیەکی کامڵی ئەم ژانرە چیرۆکڤانیە بژمێردرێت، ئەوا هیچ گومانێك لە ڕۆمانیەتی رۆبینسون کروزو مول فلاندرزی دانیل دیڤوی نووسەری ئینلگیز نییەو بە دوو نموونەی تەواو عەیاری شێوەی چیرۆکڤانی ڕۆمان دادەنرێن. (رۆبینسون کروزۆ لە ساڵی ١٧١٩و مول فلاندرز، لە ساڵی ١٧٢٢دا، بڵاوبوونەتەوە). دوای ئەوە رۆمانی (پاملا)ی سامۆئیل ریچارد سۆن

دێت، پاملا یان پاداشتی داوێنپاکی، لەساڵی ١٧٤٠دا بڵاوبووەتەوە، پاشان رۆمانی کلاریسای هەمان نووسەر لە ساڵانی ١٧٤٧- ١٧٤٨دا بڵاو دەبێتەوە. دوای ریچارد سون، هنری فیلدینگ دێت کە ئەویش یەکێکە لە سەرامەدانی هونەری رۆمان، کاریگەریەکی زۆری بەسەر رۆماننووسانی پاش خۆیەوە هەبووەو لە ساڵی ١٧٤٢دا یەکەمین رۆمانی خۆی بە ناونیشانی (جوزیف ئاندروز) بڵاو کردووەتەوە کە بۆ خۆی لاسایی کردنەوەیەکی تەنزئامێزی (پاملا)کەی ریچارد سۆنە. پاشان شاکاری فیلدینگ بە ناونیشانی (تۆم جونز) دێت، کە پایەو بایەخێکی هونەری ئەوتۆی هەیە، ئەگەر بۆ نموونە خەڵکانێکی ئەهلی چیرۆکو رۆمان نێوی دە شاکاری بواری رۆمان بێنن، بێ چەندو چوون یەکێك لەو دە شاکارە، ئەم رۆمانە دەبێت کە یەکەمجار لە ساڵی ١٧٤٩دا بڵاوبووەتەوەو پاش تێپەڕبوونی پتر لە دوو سەدەو نیو هێشتا تەڕو تازەییو پاراوی وجوانی خۆی لە دەست نەداوە. بە هەر حاڵ ئەو نموونانەی سەرێ بەڵگەی ئەوەن کە کاروانی هونەری ڕۆمان، لە ئاخرو ئۆخری نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا گەییوەتە ئاستێکی هونەری ئەوتۆ، کە ببێ بە باوترین ژانرو شێوەی چیرۆکڤانیو هەندێجار بە سەدەی هەژدەیەم بگوترێ "سەردەمی ڕۆمان". بە هەر حاڵ، لە دنیای هونەریدا، جێی هەموو جۆرە هونەرێك دەبێتەوە، هەر هونەرێك تا ئەو ساتەی وزەی ژیانی تیا بێ، هەر دەژیو زاوزێ دەکات، هەر کاتێ نەیتوانی خۆی دەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەی خۆیدا تازە بکاتەوەو بگونجێنێ، هەنگینێ لە زاوزێ دەکەوێو وشك دەکاتو تەنیا لە تۆماری مێژووی هونەردا لەکاتی پێویستدا یاد دەکرێتەوە.

هەڵبەتە کە قسە دێتە سەر ڕۆمانو واقیع، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە گێڕانەوەی واقیع شتێکە و ئەفڕاندنی ڕۆمان شتێکی دیکەیە. گێڕانەوەی واقیع وەکو خۆی یان بە سووکە دەسکارییو رتووش کردنەوە کاری مێژوو و ژینامەو لێکۆڵینەوەو باسو وتارە، بەڵام رۆمان، واقیع لە بونیادێکی ئەستاتیکیدا، لە قاڵبێکی ئەستاتیکیدا دەهونەرێنێ، واتە کاری ڕۆمان، هونەراندنی واقیعە، نیشاندانێکی هونەریانەی واقیعە، نەك گێڕانەوەو کۆپی کردنی موو بە مووی واقیع، چونکە هونەر وەکو دەڵێن لە واقیع باڵاترە. یانی ڕۆمان کەرەستەکانی خۆی لە واقیعەوە وەردەگرێتو دنیایەکی هونەری

سەربەخۆی نۆباوی، نۆ مانای پێ دروست دەکات کە پێی دەگوترێت رۆمان. هەڵبەتە نوێیاتی رۆمان، نوێیاتی ئەم دنیا هونەرییە سەربەخۆیە، لە نویێ بوونی واقیعەوە نییە، زادەی نوێبوونی واقیع نییە، بەڵکو زادەی نوێیاتی تێگەیشتنی رۆماننووسە لەو واقیعەو، زادەی نوێیاتی ئەو جیهانبینییەیە کە رۆماننووس لە ئەفراندنی کارە هونەریەکەدا بەکاری دەبات، زادەی نوێیاتی چۆنیەتی دەربڕینی کارە هونەرییەکەیە. جا ئەم جیاوازییەی نێوان واقیعو رۆمان، لە ژیاننامەی شەخسیو ژیاننامەی چیرۆکڤانی هەمان کەسدا زۆر بە باشی دەبینرێ. لە ژیاننامەی شەخسیدا هەموو رووداوەکانی ژیانی ئەو کەسە راستەوخۆو وەکو خۆی دێتە گێڕانەوە تا هەموو حەقیقەتەکانی ژیانی ئاشکرا ببێتو تاقە رووداوێکی بە نادیاری نەمێنێتەوە، بەڵام لە ژینامەی چیرۆکڤانیدا، رووداوو دیاردەکانی ژیانی بە گوێرەی دڵی نووسەر، بە پێی نۆڕینی نووسەر، بە پێی خوێندنەوەی نووسەر بۆ ئەو دیاردەو رووداوانە دێتە داڕشتنەوەو هونەراندنو لە قاڵبێکی ئەستاتیکیدا پێشکەش بە خوێنەر دەکرێت.

بە هەرحاڵ، هونەر، هەرچەندە رەگی دەچێتەوە سەر واقیع، بەڵام کۆپییەکی موو بە مووی واقیع نییە. ئەدەبو هونەر لە واقیع باڵاترە، رۆمان وەکو ژانرێکی هونەریی باڵا، تەبیعەت و ژیانو واقیع لە خۆیدا هەرس دەکاتو دەیانگۆڕێت بۆ ئەو ژانرە باڵایەی کە پێی دەگوترێت هونەر. بەڵام نابێ ئەوە لە بیربکرێت، کە رۆمان هونەری سەردەمی مۆدێرنەو، ریالیزمو واقیعگەرایی یەکێکە لە تایبەتمەندیو دیاردەکانی سەردەمی مۆدێرن چ لە مەیدانی فکرداو چ لە قەڵەمڕەوی هونەردا، بۆیە مەترسی ئەوە هەیە کە هونەری رۆمان، بە دەم وێنەگرتنی وردو دروستو دڵگیری سروشتو ژیانو واقیعەوە، بکەوێتە مەترسی ئەوەوە کە بەناوی پابەندی واقیع گەراییەوە، ببێ بە کۆپیەکی دووەمی تەبیعەتو ژیانو واقیع، کە دیارە ئەم کارە چەندیش لێهاتووانە بێ، هونەر نییەو ناچێتە خانەی هونەرەوە. هونەرمەندێك، هونەرمەند بێت هەرگیز هەوڵی ئەوە نادات وێنەیەکی سواوو پواوی ژیان بنوێنێتەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات ئاسۆو چاوئەندازێکی ئەوتۆ پێشکەش بکات کە لە خودی واقیعی ژیانیش زندووترو رەنگینتر بێ، ئەو وێنە هونەریەی کە پێشکەشی دەکات، لە خوێنەر بکات بە وێنەیەکی واقیعی،

خوێنەر وا خەیاڵ بکات مامەڵە دەگەڵ وێنەیەکی واقیعیدا دەکات. ئەگەر نووسەرێك نەتوانێ قەناعەت بە خوێنەر بکات کە ئەو وێنەیەی ئەو لەمەڕ ژیان پێشکەشی کردووە، واقیعییە، ئەوا دەبێ گومان لە نووسەرایەتیو هونەرمەندایەتی بکرێت!. هونەریەتی رۆمان لەو شوێنەوە چێدەبێت کە رۆمانەکە، وەکو یەکەیەکی هونەری یەکپارچە، واقیعی بنوێنێ، بۆ خوێنەر قەناعەتبەخش بێت، هەر هیچ نەبێ لە چوار چێوەی واقیعیەتی خودی رۆمانەکەدا قەناعەتبەخش بێت، کە ئەمە پێی دەگوترێت تەوەهومی واقیعیەت، ئەم تەوەهومی واقیعیەتە، بەو مانایەیە کە خوێنەر بەلای کەمەوە، لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا، بە باڵی خەیاڵ بە دنیای رۆمانەکەدا، بەدنیای کارە چیرۆکڤانیەکەدا بفڕێتو بە جۆرێ ئاوێتەی بێتو دەگەڵیا بژی کە تێکڕای ژینگەو کاراکتەرو رووداوەکانو، کاتو شوێنەکان لە خەیاڵی ئەودا واقیعیەت پەیدا بکەنو بەلای کەمەوە لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا، ببێ بە یەکێك لە خەڵکانی ناو مەملەکەتی رۆمانەکەو ببێ بەشەریکی خۆشیو ناخۆشیەکانی ژیانی قارەمانەکان، یانی بەم پێودانگە دەکرێت، نووسەرانی واقیعگەرای راستەقینەو بەهرەمەند، نەك بە واقیعگەرا، بەڵکو بە خەیاڵ ئافەرین ناو ببرێن. نووسەری واقیعی گەورەو بەهرەمەند بەوە قابیل نابێ، واقیع وەکو چۆن هەیە، بەو ئاوایەو موو بە موو وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، چونکە ئەو جۆرە نووسەرە بەهرەمەندانە، دەزانن رۆمان، پرۆسەیەکی هونەریی کەشفکاری زۆر وردە، دەبێ راستەوخۆ دەسکاری واقیع بکاتو لەو رێگەیەوە توانای ئەوە پەیدا بکات، کە لە دووبارە کردنەوەی حەقیقەتە سەرڤە سەرڤەو سەتحییەکانی کۆمیدیاو تراجیدیا مرۆڤانیەکان هێوەتر بڕواتو ئەو ماناو چەمكو حەقیقەتە پەنهانو گەورانە کەشف بکاتو بخاتە بەرچاو کە لە قوڵایی ئەو واقیعیەتانەدا پەنهانن. واتە رۆماننووس لە واری کاری خۆیدا کە تاكو کۆمەڵگەیە، ئەو حەقیقەتانەی کە لە پشت پەردەی وەهمو درۆو بانگەشەو ئەفسانانی جڤاکیو لە ژێر واقیعیەتێن سەرڤە سەرڤەو باوەڕێن عەوامی خەڵکەوە، پەنهانن، بە شێوەیەکی هونەریانەی ئەوتۆ ئاشکرا دەکات، کە هەموو کەسێك ببیدینو هەستی پێبکەن،.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە رۆماننووس پەیڤداری هیچ کەسێك نییەو بگرە تەنانەت پەیڤداری هزرێن

تایبەتی خۆیشی نییە، دەبێ زیاتر گوێ لە بانگو گازی رۆمانەکە، وەکو یەکەیەکی پەکپارچەی هونەری بگرێت تا گوێ لە بانگو گازی باوەڕێن ئەخلاقی شەخسی خۆی. واتە رۆماننوس لەسەرێتی زیاتر گوێ لە ئیرادەی رۆمانەکە بگرێت تا لە ئیرادەی خۆی، چونکە رەوتی رۆمانەکە، لە ئیرادەی ئەو دەردەچێت. وەکو چۆن ژیان پڕە لە رەگەزو رووداوێن نهێنی ئامێزو چاوەڕوان نەکراو،و لە دەسەلاّت بەدەر، دنیای رۆمانیش پڕە لەو جۆرە رەگەزو رووداوانەی کە دەکەونە سەرووی دەسەلاّتو ئیرادەی رۆماننووسەوە. بۆیە ناکرێت داوا لە رۆماننووس بکرێت کە رۆمانەکەی بە جۆرێ بئافەرێنێ کە لە خزمەتی ئامانجێك یان کۆمەلّێك ئامانجێن ئەخلاقی تایبەتیدا بێت، چونکە خویاو ئاشکرایە کە لە هەلّبژاردنی پلۆتو نەخشەی رۆمانەکانیدا دەسەلاّتو ئازادی تەواوی نیەو قارەمانەکانی بە رێگایەکدا دەڕۆن کە خۆیان دەیانەوێ، کارێك دەکەن کە خۆیان گەرەکیانە، بەو رێگایەدا ناڕۆن کە رۆماننوس پێی پەسندە، ئەو کارە ناکەن کە نووسەر بە دلّیەتی. بۆیە رۆماننووس لەسەرێتی گوێی لە بانگو گازی رۆمانەکەی وەکو ژانرێکی چیرۆکڤانی هونەری، کە بانگو گازییەکی هونەر خولّقێنە بگرێت، ئەگەر گوێ لەم بانگە هونەرخولّقێنە نەگرێتو بیەوێ رۆمانەکەی بکات بە ئەوزارێك بۆ خزمەتی ئامانجێك یان کۆمەلّێك ئامانجێن ئەخلاقی تایبەتی یان کەنالّو ئەوزارێکی بانگەشەکاری، بۆ کۆمەلّێك ئامانجێن ئایدولۆژی تایبەتی، با ئەم کارەی لە رووی دلّسۆزیشەوە بێ، ئەوا ناچارە رێگە لە گەشەکردنو خەملّینو قالّبگیری ئاسایی پلۆتو قارەمانەکانی بگرێتو بە جۆرێك ئاراستەیان بکاتو لە قالّبیان بدات کە رەنگدانەوەو دەربڕی قسەو باوەڕەکانی خودی رۆماننوس بن. ئیدی ئەمە چەند خزمەتی ئامانجە ئەخلاقی یان ئایدولۆژیەکانی رۆماننووس دەکات، زۆر دیار نییە، بەلاّم گومان لەوەدا نییە کە زیان بە بونیادی ئاسایی رۆمانەکە دەگەیەنێتو تەواو دەیشێوێنێ، بە تایبەتی قارەمانو کاراکتەرەکان مەسخو نائاسایی دەکاتو شێوەو قالّبی کاریکاتۆریانە وەردەگرن، هەلّبەتە مەبەست ئەوە نییە کە چەمكو بەهاێن ئەخلاقی یان ئایدولۆژی لە ڕۆماندا جێگای نییە، بەلّکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو جۆرە چەمكو بەهایانە، دەبێ لە هەزار توێی بوونی کاراکتەرەکانی، لە هەزار لۆغانەی رووداوەکانی رۆمانەکەدا، تۆو

درابێتو لەوێدا بۆی بگەڕێیتو لەوێوە هەڵێنجرێن، کە ئەمەش لە دەرێی دەسەڵاتو حەزی رۆماننووسدایە... چونکە نووسەر، لە بەرهەمەکەیدا، بۆی نییە رۆڵی قازی یان پارێزەری داکۆکیکار یان دادسێن بگێڕێت. نە بەرهەمەکەی ئەو دادگایەو نە قارەمانو کاراکتەرەکانی داواکار یان داواکراون، بەڵکو بەرهەمەکەی دنیایەکە زندوو، پڕ چالاکی، ئاواو ئاوەدان، ئەرکی رۆماننووس تەنیا ئەمەیە کە وێنەیەکی وردو درشتو دڵگیرو خەیاڵئەنگێز، دەربارەی ئەو دنیایەو ژیانی دەروونیو بێرونی دانیشتوانی ئەو دنیایە لە قاڵبێکی هونەری باڵادا بە دەستەوە بدات، داوەری دەربارەی هەموو شتەکانی بە خوێنەران بسپێرێت.. گوستاف فلوبیر لە وەڵامی نامەیەکی جورج ساندا، کە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەم باسەوە هەیە دەڵێت: "... کە بیروباوەڕی خۆم دەربارەی ئەو قارەمانانەی کە دروستیان دەکەم ئاشکرا بکەم، نا، نا، هەزار جاری دی نا! من هیچ هەقێك بە خۆم نادەم کە ئەم کارە بکەم. ئەگەر خوێنەر بەخۆی نەتوانێ ئەنجامی ئەخلاقی پێویست لە کتێبێکەوە کە دەیخوێنێتەوە هەڵێنجێ، مانای وایە یان خوێنەرەکە کەسێکی گەوجە، یان کتێبەکە هەڵەو نا دروستو نەهەقە. چونکە هەر شتێك کە دروست بێ، خۆ بەخۆ باشیشە. تەنانەت کتێبانی ناشیرینو نەنگینیش تەنیا لەو رووەوە دژە ئەخلاقن کە لە دەربڕینی حەقیقەتدا، نارەوان و نوقستانن، کارەکان لە ژیانی واقیعیدا بەو جۆرە روو نادەن..." ( بڕوانە: رومان بەراویت رومانووسان.. ) تەنانەت خوێنەریش هەق نییە زۆر بە زەقیو راستەوخۆ بکەوێتە تاقیبی ئەنجامە ئەخلاقییە نادیارو پەنامەکیەکانی بندێڕی ئەو رۆمانەی دەیخوێنێتەوە، چونکە هەر رۆمانێکی سەرکەوتوو، ئەو شتانە لە ئەزموونی واقیعیەوە، دەگۆڕێت بۆ هەستو هونەریانە لە هەستی خوێنەردا بەرجەستەی دەکات.. دیارە خوێنەران هەم زۆرو هەم جۆراو جۆرن، چونکە لە زەمینەو ژینگەی شارستانی و سیستەمێن ئەخلاقی جیاواز پەروەردەبوونو جیهانبینی جیاوازیان هەیە، بۆیە لە گۆشەنیگای جۆراو جۆرو جیاوازەوە دەڕواننە هەر رۆمانێكو خوێندنەوەو شرۆڤەو راڤەی جۆراو جۆر وجیاوازی بۆ دەکەن. هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە بەرهەمێن ئەدەبیو هونەری نەمرو بە تەمەن کاتێ کە کۆمەڵگەو زەمان دەگۆڕێتو جیهانبینیو بەهاێن

دی سەر هەڵدەداتو زاڵ دەبێت، بە هەمان نەفەسو شێوە نایەنە تێگەیشتنو خوێندنەوەو شرۆڤە و راڤە، کە لە کۆمەڵگەو زەمانی خۆیاندا خوێندنەوەو شرۆڤە و راڤەیان بۆ کراوە، چونکە خوێنەرانی ئەو کۆمەڵگەو رۆژگارەی کە دەقەکانیان تیادا بەرهەم هاتووە، هەموویان مردوونو خوێنەرانێکی دی پێگەییشتوونو جێی ئەوانیان گرتووەتەوە کە جیهانبینیو راوبۆچوونێکی دیکەیان هەیەو لە گۆشەنیگای جیهانبینی تایبەتی خۆیانەوە خوێندنەوەو شەرحو شرۆڤەو راڤە بۆ ئەو بەرهەمانە دەکەن، یانی ئەو بەرهەمانە، لە گۆمەڵگەو رۆژگارو زەمانێکی دیدا لە زەینی خوێنەراندا، دەخوڵقێنرێنەوە، ئیدی لە رێگەی ئەو خوڵقاندنەوەو ژیانەوەوە، دەگەڵ هەستو ئەندێشەو خولیاکانی خەڵکانی کۆمەڵگەو رۆژگارانی دیدا تێك دەکەنەوە، ئەمە بۆ خۆی یەکێکە لە رازو نهێنییەکانی نەمریو تەمەن درێژی ئەو جۆرە بەرهەمانە، واتە دەگەڵ خوێنەرانی تازەدا، دەژێنەوەو تازە دەبنەوە..

هەڵبەتە خوێنەری رۆمان.. ئەگەر خۆی تەنیا بە خوێندنەوەی رۆمانانی یەك کەلتوورو کەلەپووری نەتەوەیی تایبەتییەوە نەبەستێتەوە، ئەگەر خۆی بە خوێندنەوەی رۆمانانی یەك قۆناغی مێژوویی تایبەتیەوە گرێ نەداتو خوێنەرێکی جدیو وردو تیژ سەرنج بێ، بۆی بە دیاردەکەوێ کە رۆمانانی جیاوازی سەر بە شارستانیەتو کەلتوورێن نەتەوەیی جیاواز، وێڕای بونیادی ئستاتێکی جیاوازیان، هەر هەموویان بابەتێکی هاوبەشیان هەیە،و بۆی دەردەکەوێت کە ئەندامانی نەژادانی جیاوازو نەوەو نەتیرەێن دوا بە دوای یەکی تیرەی بەشەر، وێڕای زمانو کەلتوورو کەلەپوورو دابو نەریتو بەرژەوەندی مادی جیاواز کە لێکتریان جیا دەکاتەوەو هەندێجار دەیانکات بە دژمنو بەگژ یەکیاندا دەکات، هەر هەموویان یەك دڵیان هەیە کە سەرچاوەی خەونو خەیاڵو ئارەزوو باوەڕو ئامانجو بەهاو ترسو دوو دڵیو نیگەرانیو دەردو ئازارە هاوبەشەکانیانە... بەم پێودانگە رۆمان وەکو ژانرێکی چیرۆکڤانی هەرە باڵا، بە زمانی هونەر سەر لەبەری تیرەی بەشەر، بە هەموو جیاوازییەکانیەوە، لە سەرانسەری دنیادا دەدوێنێ...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

•- میلان کوندرا / هنر رمان / ترجمه دکتر پرویز همایون پور / نشر گفتار/ تهران چاپ چهار/ ۱۳۷۷.

•- رمان بەروایت رمان نویسان / میریام الوت / ترجمه علی محمد حق شناس / نشر مرکز چاپ دوم / ۱۳۸۰.

•- هنر رمان / ناصر ایرانی / تهران، نشر ابانگا/ چاپ اول / ۱۳۸۰.

•- دەربارەی رۆمان وچیرۆك/ حەمەکەریم عارف/چ ۱/۲۰۰۸کەرکوك

رۆماندەکاتە ئەوپەڕی ئازادی خەیاڵ

ڕۆمان کە شێوەیەکی مۆدێرنی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی بۆیەرو دیاردەکانی ژیانە،زۆر ئەستەمە بتوانرێ بە وردی و دروستی سەرەتاو سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبییە بالآیە، دەست نیشان بکرێت.چونکە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆمان

دەچێتەوە سەر زۆر ژانری دیکەی وەك داستان، ئەفسانەو حیکایەت و نەقڵ و نەزیلە..بەڵام دەشێت لە نێو بەرهەمێن نووسەرانی سەرەتاکانی قۆناغ و دەورانی مۆدێرن ، دۆنکیشۆتی سێرڤانتس، کارەکانی دیڤۆ، فیلدینگ و ریچاردسون، نووسەرانی ئینگلیزی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم، بێ چەند و چوون و بێ هیچ دڵییەك بە ڕۆمان بژمێردرێن. هەڵبەتە لەوە پێشتر نووسەرانی وەك بۆکاچیۆ لە سەدەی چواردەیەم و ڕابلە لە سەدەی شازدەیەمدا، هەندێ بەرهەمیان نووسی بوو، دەشێت بە جۆرە هەوڵێکی ڕۆماننووسی یان بە ڕۆمانانی سەرەتایی لە قەڵەم بدرێن. لێ زۆربەی ئەم بەرهەمانە زیاتر شەقڵی حیکایەتەوانی و ئەفسانەییان هەبووە تا شەقڵ و مۆرکی چیرۆکڤانی. یانی بایەخ و گرینگییان زیاتر بە تەنز، جەفەنگ و شۆخی، تەوس و توانج و گەپجاڕی دەدا، تا بە گێڕانەوەی چیرۆکڤانیی بۆیەر و دیاردەو کاروباری ژیانی مرۆڤان. لە سەدەی هەژدەش بە دواوە، هونەری ڕۆماننووسی لەسەر دەستی نووسەرانی سەدەی نۆزدەی فەرەنسا، وەك ستاندال، بالزاك، فلۆبیر و زۆلا، فۆرم و قاڵبی مۆدێرنی ئاڵۆزو سەرنجڕاکێشی خۆی دۆزییەوە. ئەم بەرهەمانە لە چاو بەرهەمەکانی دیکەی پێش خۆیاندا، بونیادێکی کۆك و گونجاو، کاراکتەرێن دیارو زندوو، پلۆتی واقیعیانەیان هەبوو و، لەم ڕووەوە دەشێت تا ڕۆژگاری ئیستاش بە بەرهەمی زندوو و تازە بێنە ژماردن. هەڵبەتە گەلێك لە پسپۆڕان و شارەزایان وتیوریسێنانی ئەدەبی بناف و دەنگی سەدەی بیستەمی وەك ئورباخ، باتین،لۆکاچ و وات، بە نیازی دۆزینەوەی پێناسەیەکی پڕ بە پێستی ڕۆمان، هاتوون ڕۆمانیان دەگەڵ داستاندا بەراورد کردووەو جیاوازییەکانی ڕۆمان و داسانیان دیاری کردووەو گەییونەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە داستان فۆرم و شێوازێکی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی بویەرو رووداو ودیاردەو کاروبارەکانی ژیانی سەردەمانی کۆنی پێش مۆدێرنە، هەرچەندە بەشێوەیەکی زارەکی و لێڤکی دێتە گێڕانەوە.بەڵام زۆرجار لە لایەن شاعیرێکەوە یان چەند شاعیرێکەوە دێتە نووسینەوەو تۆمارکردن. نموونەی گەشی ئەم حاڵەتەش ئیلیادەو ئۆدیسە و شانامەی فیردەوسی و مەم و زینی ئەحمەدی خانییە. داستان پێشوەختە هەیە، داهێنانی کەسێکی تایبەتی و دیار نییە. ئیدی نەقڵبێژو حیکایەتخوان تەنیا ئەوەندەی لەسەرە وەکو خۆی

دەیگێڕێتەوە.شاعیر تەنیا ئەوەندەی لەسەرە، کە دەیهۆنێتەوەو لە قاڵبی هۆنراوەدا تۆماری دەکات.یانی نە نەقڵبێژ و نەشاعیر، دەستیان لە داهێنانی خودی داستانەکە وەکو جەوهەرو بونیاد نییە. ئەوان تەنیا گێڕانەوەیان لەسەرە. ئەوەی لە زاری خەڵکییەوە بیستوویانە یان لێرەو لەوێ خوێندوویانەتەوە، دەیڵێنەوە، ئەوپەڕەکەی سووکە دەسکارییەکی بونیادی داستانەکە دەکەن یان نا. بەڵام ڕۆمان بە پێچەوانەوە، چیرۆکێکە کە خاوەنی هەیە، کەسێکی تایبەتی بە شێوەیەکی خەیاڵی و فلیڤانی بەرهەمی دێنێت. بەڵام مەرج نییە ڕۆمان تەنیا خەیاڵی ڕووت بێت، لەوەیە لەسەر بنەماو بناخەی حیکایەت و ئەفسانانی فۆلکلۆری یان ڕووداوی واقیعی بێتە نووسین، بەڵام هەر گێڕانەوەیەکی چیرۆکڤانی خۆ بە خۆ نابێت بە ڕۆمان. وەختێ ناسنامەی ڕۆمان وەردەگرێت کە گێڕانەوەیەکی نوێ لەمەڕ ڕووداو و دیاردەو لایەنەکانی ژیان بە دەستەوە بدات. هەڵبەتە ڕۆمان و داستان ئەگەر هەندێ لێکچوونی ڕواڵەتیشیان هەبێت ئەوا لە جەوهەر و کرۆکدا، لە خودی ئەو چیرۆکەدا کە لە هەر یەکێکیاندا دێتە گێڕانەوە، جیاوازن. ڕۆمان بە پێچەوانەی داستانەوە کە دەکاتە گێڕانەوەی قارەمانییەتییەکانی کاراکتەرانی ئەفسانەیی و مێژوویی، سەروکاری دەگەڵ چارەنووسی ڕێکەوتەکی خەڵکانی بچووك و ئاسایی ناو ژیاندایە، سەروکاری دەگەڵ قارەمانانی ناوازەو گەورەو کۆڵنەدەرو نەبەزدا نییە. ئەمە جگە لەوەی کە شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمان جیاوازە لە هی داستان..ڕۆمان ڕەگی لە واقیعدایە و ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە. یانی ژیانی ڕۆژانە بە هەموو هەورازو نشێوییەکانییەوە، بە هەموو ڕوناکی و تاریکییەکانییەوە، لە ڕۆماندا ڕەنگدەداتەوە. یانی ڕۆمان لەو پەڕی ڕەمزییەت، خەیاڵییەت و تەجریدیەتی خۆیدا، هەر لە واقیعی ژیان بەدەرنییە و، هەندێ لایەن و شوێنەواری ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی تیا بەدی دەکرێت، کە ئاڕاستەیەکی ڕیالیستی پێببەخشێت..تەنانەت لەو ڕۆمانانەشدا کە بە شێوازی ڕیالیزمی جادوویی، لەلایەن نووسەرانی هاوچەرخی ئەمریکای لاتینیشەوە دێنە نووسین و ڕووداو و دیاردەکان نا ئاسایی و ناواقیعی دێنە بەرچاو، هەر لە واقیع بەدەرنین، ماکێکی واقیعییان هەر تێدایە..بۆ نموونە لە مەسخەکەی کافکادا، دەبینین گریگۆر سامسا، بەشێوەیەکی نائاسایی و چاوەڕوان نەکراو

و باوەڕنەکردەنی، دەگۆڕێت، دەبێت بە سیسرکەیەك، بەڵام نووسەر ژوورەکەی گریگۆر سامسا وەکو خۆی، وەکوچۆن هەیە، وەکو ژووری هەرکەسێکی زوگورتی و سەڵت وەسف دەکات.تەختەخەو و نوێن ویاتاغەکانی گریگۆر، هەر ئەوەیە کە هەر کەسێکی فەرمانبەری بچووکی ئاسایی واقیعی هەیەتی..دیارە لێرەدا مەبەست لە ڕیالیزم ئەوە نییە کە ئاوێنەی واقیع بێت، چونکە ڕۆمان چەندیش ڕیالیستی بێت، هەر ناکاتە کۆپییەکی موو بە مووی ژیان. بەڵکو ڕۆمان زیاتر زادەی خەیاڵ و توانای داهێنانە تا گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەرهات و ڕووداوانی ڕاستەقینەی ناو ژیان..بەڵام هەموو ڕۆمانێکیش کەم وزۆر ماك و هەوێنی ژیانی واقیعی بە هەموو هەوراز و نشێوییەکانییەوە، بە هەموو گەورەیی و بچووکییەکانییەوە، بە هەموو ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە تێدایە..بەڵام لە داستاندا ڕووداو وسەربهووردان بەشێوەی ڕیالیستی نایەنە گێڕانەوە.لە داستاندا ژیانی ڕۆژانە، وردە شتانی ژیان، نیازو ئارەزوویەن بچووك و کەمبایەخی ئاسایی، بوونیان نییە.قارەمانی داستان قارەمانانە ڕەفتار دەکات، باری گرانی چارەنووسیان بە کۆڵاداوە، بەکاروکردەوەی خۆ،ژیانی خەڵکی و ڕەوشی جیهان ئاراستە دەکەن..یانی قارەمان خۆی لە قەرەی کاری بچووك و لاوەکی نادات، مەحکوومە بە کاری شکۆداری قارەمانانە. چونکە قارەمانی داستان کەسێکی ئاسایی نییە.یان سەردارێکی جەنگییە یان شۆڕەسوارێکی بە توانایە، یان پاڵەوانێکی بە هێزی بێ وێنە و هاوتایە، یان پیرەمێرێکی بەردەبارو بەئاوەزە، یان خانم و خاتوونێکی یەجگار ڕند و جوان و دڵڕفێنە.یان شازادەو ئەشرافزادەیەکی ئەوتۆیە کە بێزی نایەت خۆی بە کاروباری ڕۆژانەی بچووکی وەکو پێویستی و مەیل و ئارەزووی شەخسییەوە مژوول بکات، یان تەماسی بەردەوامی لەگەڵ خەڵکیدا هەبێت. شوێنی ئەو کوچەو کۆڵان و گەڕەك و بان نییە، بەڵکو کۆشك و تەلارو مەیدانی جەنگ و مێژووە. هەمیشە لە فەزایەکی ئەفسانەییدا دەژی، چەند هێزو توانای ئەقڵ وجوانی ئەو ئەفسانەییە، ئەوەندەش ژیانی ئەفسانەییە. داستان ، سەروکاری دەگەڵ ئێستادا یان نییە یان زۆر کەمە، پتر سەرو سەختی دەگەڵ ڕابردوودی دوورا هەیە تا لەگەڵ ئێستادا. باسی پەیدابوونی جیهان و دەستپێکردنی ژیانی ئاسایی و سیاسی مرۆڤ و بەتایبەتی مێژووی نەتەوەیی

مرۆڤ، بە ئەرکی خۆی دەزانێت.زەمانی ئیستا لە ڕوانگەی داستانەوە، مەگەر تەنیا ئەوەندەی کە ڕابردوو لە خۆیدا بنوێنێتەوە، بایەخی هەبێت، دەنا لە نرخی نەبوودایە.ڕۆمان بەپێچەوانەوە، زیاتر بەرخورد دەگەڵ ئیستاو واقیعی زندوودا دەکات، هەوڵدەدات ژیان وەکو چۆن هەیە ، بهونەرێنێت وهێندەی دەتوانێت لە قاڵبێکی جوان و دڵڕاکێشەردا ، بە کاریگەرترین تەکنیك پێشکەش بکات، بۆیە وردەشتەکانی ناوژیان بۆ ڕۆمان لە بەرخوردی ڕۆمانەوانیدا، بە هەند وەردەگیرێن و حیسابی گەورەیان لەسەر دەکرێت...

ڕۆمان لەلایەکی ترەوە، شەقڵێکی بیۆگرافی هەیە، چونکە لە ڕۆماندا، چیرۆکی ژیانی خەڵکانێك دێتە گێڕانەوە.ڕاستە ڕەنگە سەراپای ژیانی ئەو خەڵکانە نەیەتە وێنە گرتن، بەڵام عادەتەن هەورازو نشێوەکانی ژیانی کەسێك یان چەند کەسێك لە ناو دەقی ڕۆمانەکە ڕەنگ دەداتەوە. بە هەرحاڵ کاراکتەرانی ڕۆمان یان ئەو کەسانەی لە ناو ڕۆمانەکەدا، ئاماژە بە ژیانیان دەکرێت، هەمیشە خەڵکانێکن بە ناسنامەی تایبەتی خۆیانەوەو بە ناوی شەخسی خۆیانەوە وەکو ( تۆم جۆنز، راسۆلینکۆف، ئیما بۆڤاری و جۆزیف. ك)ەوە دێنە ناساندن. ئەو ڕووداوانەش کە لە هەر ڕۆمانێکدا دەگێڕدرێنەوە، تایبەتین و ڕووداوی ژیانی خەڵکانێکی دیارە. هەر یەکێك لە کاراکتەرانی ڕۆمان، تایبەتمەندی و خەسڵەتێن تایبەتی خۆیان هەیە کە دەگەڵ خولیاو کەڵکەڵەو مەیل و ئارەزوو و واقیعی ژیانی خۆیدا دەگونجێت. بەم پێودانگە کاراکتەری بێناسنامە لە ڕۆماندا نییە.هەر کاراکتەرێك ناسنامەو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە کاراکتەرانی دیکەی جیادەکاتەوە. لە ڕۆماندا چارەنووسی هیچ کاراکتەرێك پێشوەختە دیاری نەکراوە.ئاسۆی ژیانی هەر کاراکتەرێك بەلای کەمەوە، لەپرۆسەی کرانەوەو کەشف بوونی چیرۆکەکەدا، کراوەیە.ئاسۆ وئاکامی ژیانی هەر کاراکتەرێك، بەندە بە بڕیارو کارەکانی خودی خۆیەوە، یانی جڵەوی چارەنووسی، لە دەستی خۆیدایە، هەروەها ڕەگەزێکی زندوو ودینامیکییە، دیارە دینامیکییەتی کاراکتەرەکان جۆرە زندوویەتی و دینامیکییەتێك بە جوڵەو پەرەسەندن و کرانەوەو کەشفبوونی چیرۆکەکە دەبەخشن. چونکە هەرکاتێ ئەو لە جوڵە و گۆڕان بوەستێت، چیرۆکەکەش لە جوڵەو پەرەسەندن دەکەوێ و کۆتایی

پێدێت..بەڵام لە داستاندا، قارەمانان و کاراکتەرانی تایبەتی نابینین، قارەمانان، تایبەتمەندی و خەسڵەتی شەخسی خۆیان نییە. چارەنووسی قارەمان، چارەنووسێکی شەخسی و خودی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی چارەنووسی جماعەت و قەومێکی دیاریکراوە.واتە قارەمان، نوێنەری خودی خۆی نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی جۆرە کەس و پاڵەوانێکی بە توانا، یان پیرێکی بە حیکمەت و ئاقڵ، یان خانمێکی جوانی بێ عەیب یان ژنێکی مەکربازی بەفێڵ و دەهۆیان دەکات، چ خراپی و چ چاکی، چ جوانی و چ کرێتی، چ ئاقڵی و چ گێلی هەر هەمووی خەسڵەتی نەوعی مرۆڤن..بۆ نموونە هەموو خەسڵەتەکانی ڕۆستەم، هەمان ئەو خەسڵەتانەن کە تواناو هێزی پاڵەوانیەتیان پێ بەخشیوە، یانی بەو خەسڵەتانەوە پاڵەوانە.پێکهاتەی بەدەنی، باری رۆحی، کەڵکەڵەو خەمەکانی، هەموو تەواو دەگەڵ بوون وپێگەی سروشتی و جڤاکی ئەودا تێکدەکەنەوە. جیاوازی وی دەگەڵ پاڵەوانانی دیکەدا لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەودا نییە، بەڵکو لە تواناو ئازایەتییەکەی ئەودایە. دیارە خاڵی یەکانگیری دەگەڵ مرۆڤانی ئاساییدا نییە تا بکرێت دەگەڵ ئەواندا بەراورد بکرێت.بەڵام ئازایەتی و عەگیدی وی نا ئاساییە و لە خەڵکی ئاساییدا نابینرێت..ڕاستە ئازایەتی و عەگیدی و لەخۆبردوویی ڕۆستەم لە پێناوی پاراستنی ئابڕووی خۆی و ئیحتوباری ئێراندا، خەسڵەت و تایبەتمەندی شەخسی خۆین. ئەوخەسڵەتانە لە قارەمانانی هاوعەسری ویدا بەدی ناکرێن، بەڵام ڕۆستەم وەك قارەمانێکی قەومی خودانی ئەو خەسڵەت وتایبەتمەندیانەیە. واتە بەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەوە نوێنەرێکی قەومییە.بۆ ئەوە لە دایك بووە تا پارێزەری ئیحتوبارو ئابڕووی داب و نەریتی پاڵەوانانەو شکۆی قەومی ئێرانییان بێت، بۆیە ئازاو لەخۆبردووە.یانی بەکورتی ئەم خەسڵەتانەی بەدەم پرۆسەی گەشەکردن و ئەزموونانی جۆراوجۆری ژیانەوە بە دەست ناهێنێت، بەڵکو بە خۆی و لە ئیجادەوە وایە. بوون و ژیانی ئەو لەو خەسڵەتانەدایە و، چارەنووس ئەو خەسڵەتانەی لەچارە نووسیوەو بەسەریا داوە.

قارەمانانی داستان، کاراکتەری ڕەهاو تەواون، تەواو دەگەڵ ڕۆڵی خۆیاندا، یان دەگەڵ ئەو کارەدا کە پێیان سپێردراوە گونجاون.هیچ جۆرە گومان و

دوودڵییەکیان لەلا نییە. کە ئازان،ئازایەتییەکەیان بە ڕادەیەکە کە کون لە جەرگیاندا نییە، کەم وزۆر ترس ناناسن، شان بدەنە بەر هەرکارێك یان هەر کارێکیان پێ بسپێردرێت، بەو پەڕی فیداکاری و لە خۆبردوویی ئەنجامی دەدەن. ئەگەر قەراربێت بە فێڵ و دەهۆیان کارێك ئەنجامبدەن، بە هیچ جۆرێ گوێ بە لایەنە ئەخلاقییەکانی ئەو کارە نادەن.. بە هەرحاڵ قارەمانانی داستان، کاراکتەرانی ئایدیالی و نموونەیین وزۆر زەحمەتە لە جیهانی واقیع و پڕناکۆکیدا نموونەیان هەبێت..یانی قارەمانی داستان وەکو تاك بوونی سەربەخۆو جیا لە کۆمەڵی نییە،تا بە هزرین و ئەقڵی خۆی ڕەفتاربکات و لە هەنبەر بویەرو دیاردەکاندا هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەبێت..یانی ئاسۆی ژیانی وی ئاسۆیەکی داخراوە، لە چوارچێوەی پێگەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا، وەزعیەتی خۆی ، بە وەزعیەتێکی نموونەیی و ئایدیالی دەزانێت و هیچ گلەییەکی نییەو مەیل و ئارەزووی ئەوەی نییە لە موقیعیەتی خۆی هێوەتر بڕوات. دنیای ئەو دنیایەکی جێگیرو نەگۆڕە.

**

بەڵام لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، ئەو ئاسوودەیی و دڵنیاییە نییە کە لە کۆمەڵگەی پێش مۆدرێندا هەیە.تاك سەربەخۆیی خۆی هەیە، نەك هەر لەگەڵ کۆمەڵگەو دەورو بەردا، بەڵکو دەگەڵ خودی خۆشیدا هەر نەبان و ناتەباو نەیارە، هەمیشە لە دوودڵی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێدایە.. جا لەم پێودانگەوە کاراکتەرانی ڕۆمان ، بەپێچەوانەی کاراکتەرانی داستانەوە، خەڵکانێکی بەکێشەو، کێشەدارو قەیراناوین. لە قوڵایی پرسێن وەك گومان، دوودڵی، نامرادی، بێ ئومێدی وعەزابی ویژداندا دەژین. ئاوات و ئامانجەکانیان، زۆر لە پێگەو پایەی جڤاکییان گەورەترە. بەو واقیعە ڕازی نین کە تیایدان، عەوداڵی گۆڕانن، ئەرخایەن و ئاسوودە نین. هەندێجار بەخۆیشیان نازانن چییان دەوێت. هەندێجار غەرقی نائومێدین، داخ بۆ دەرفەتی لەدەست چوو دەخۆن. خەڵکانێکن کە ئاسۆیەکی ڕوون و خۆیایان لە پێش نییە، دەگەڵ دەوروبەردا کۆك نین..دیارترین نموونەی ئەم جۆرە کاراکتەرە قەیراناویانە، لە بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکیدا بەدی

دەکرێت.برایانی کارامازۆفەکەی پڕە لە خەڵکی بەکێشەو قەیراناوی. دیمتری و ئیڤان کارامازۆف، هەدووکیان، خەڵکانی شپرزەو نائارام و بێ ئۆقرەن، هایم و حەیران، لە دووی یەقینێکی مەحاڵن، شێت ئاسا دەژین و، لە عەزابی ویژدان و، ئازارێکی دەروونی کوشندەدان. دۆستۆیفسکی تێکرای ڕۆمانەکەی بە جۆرێ دارشتووە کە تەنانەت لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا دیمتری وئیڤان هەر ئارام ناگرن. ڕۆمانەکە بە بێ ئەوەی ژیانی دیمتری و ئیڤان بگاتە ئەنجامێکی بنجبڕ، تەواو دەبێت. ڕەنگە کەسێك پەیدا ببێت و بڵێ دۆستۆیفسکی ریزپەڕەو بۆ ئەوە ناشێت بە نموونە بهێنرێتەوەو وا وێنا بکات کە نووسەرانی دی، نۆڕینی جیاوازیان بۆ مرۆڤ هەیە. گریمان ئەمە دروستە، خۆ لە یەکەمین ڕۆمانی مۆدرینیشدا، هەمان نۆڕین بۆ مرۆڤ، هەرچەندە بەشێوەیەکی سووکترە، دەبینرێت. دۆنکیشۆت مرۆڤێکی تەنیا، داماو، شێت و شوورو ئەبلەیە. عەوداڵی ئامانجێکە کە لە چاو ژیان و بارو دۆخی سەردەمی ئەودا، ئامانجێکی مەحاڵەو قابیلی هاتنە دی نییە. خۆ (ڕۆبینسۆن کرۆزۆ)کەی دیفۆش، وێڕای ئەوەی کەسێتییەکی بە توانایە، متمانەی تەواوی بە خۆی هەیە، بەڵام گیرۆدەو گرفتاری جۆرە عەزابێکی ویژدانەو هەمیشە خۆی بە گوناهبار دەزانێت..چونکە لە قۆناغی گەنجیدا گوێی بە خواستی بابی نەداوەو سەفەرو ڕیسك و ڕیسککاری وەکو ڕێگەی ژیان هەڵبژاردووە، هەست بە گوناح دەکات. خۆ وەزع و حاڵی (توم جۆنز)ەکەی فیلدینگ، لە ڕۆبینسۆن کرۆزۆیش قەیراناوی ترە. هەرچەندە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا جێگیر دەبێت و ئۆقرە و ئارام دەگرێت، بەڵام لە هەندێ قۆناغی چیرۆکەکەدا، تەواو لە هەڵدێران نزیك دەبێتەوەو دووچاری نائومێدی دەبێت.. ئەوەی ئەم تایبەتمەندییە بە کاراکتەرانی ڕۆمان دەبەخشێت ، هۆشنی کاراکتەرەکانە، ئەم هۆشنییە دەکاتە کارێك زەینییەت و ئەقڵییەتی دیکارتییان لەلا دروست دەبێت. یانی بە گومان و دوودڵی و ڕامان و تێفکرینەوە دەڕواننە ژیان و ژینگەو دەرو بەرو هەمووشتێك. بە دیدی ڕەخنەیی دەڕواننە هەر دیاردەو ڕووداوێك. خۆشی و ناخۆشیان، پێش ئەوەی بەدەنی و مادی بێت، زەینییە و ئەنجامی لێکدانەوەو وردکرنەوەو داوەری و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیانە.جا بەم پێیە ڕۆمان دەکاتە مەیدانی دەربڕین و نواندنی هەست، هزرو داوەری شەخسی کاراکتەرەکان.

ئەگەر لە داستاندا، مرۆ بریتی بێت لە کۆمەڵێك کاروکردارو بەرخورد، ئەوا لە ڕۆماندا، بەشێوەیەکی سەرەکی، بریتییە لە کۆمەڵێک هەست، هزرو، داوەری شەخسی تاك..هۆشنی و خودئاگایی کاراکتەرانی ڕۆمان، لە بەرهەمێن نووسەرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەدەی بیستەمدا دەگاتە لوتکە.لە بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی و هەندێ لەو ڕۆمانانەی بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش نووسراون، خەڵکانێك دەبینین کە ئاگایی تەواویان دەربارەی پێگەی خۆیان هەیە. خۆیان دەناسن. دۆستۆیفسکی قارەمانانی ڕۆمانەکانی خۆی نەك هەر لە دەرێڕاو بە دیدێکی بابەتی، بەڵکو لە ناوەوەڕاو بەو جۆرەی ئەوان( کاراکتەرەکان)، خودی خۆیان و دنیای دەورو بەری خۆیان دەبینن ، دەخاتە ڕووو.وەهم و خەیاڵ و دیالۆگە بە نێوبانگەکانی کاراکتەرەکانی وی، ریێگەن بۆ چوونە ناو زەینییەت و جیهانی دەروونی تاکەکان. کە دۆستۆیفسکی قارەمانانی چیرۆکەکانی دەخاتە مەوقیع و هەڵوێستێکی قەیراناوی و ئاستەنگەوە، بەوە ناچاریان دەکات کە خۆیان وەکو چۆن هەن، وەکو چۆن مەسەلەکان دەبینن، بەو ئاوایە بنوێنن. ئیدی کاراکتەرانی زندوو و تاقانەی وەکو راسکۆلینیکۆف، دیمتری و ئیڤان کارامازۆف چێدەبن، هەڵبەتە لە ڕۆمانانی شەپۆلی هۆشدا، کاراکتەر بەم ڕادەیە زندوو وتاقانە نین.هزرو بیرو خەیاڵاتی ئەم کاراکتەرانە بەوردی دێنە وەسف کردن، تایبەتمەندیەکانیان لەڕێگەی گوزارشتی مەسەلە زەینییەکانەوە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام ئەم کاراکتەرانە لە چاو کاراکتەرە قەیراناوییەکانی دۆستیفسکییەوە، خەڵکی ئاسایین.زۆربەی کات، لە جیاتی ئەوەی گوزارشتی بیرو خەیاڵاتەکانیان دەرگایەکمان بۆ ناسنامەی شەخسی ئەوان لێبکاتەوە، تەنیا بە فیکرو خەیاڵاتی وان ئاشنامان دەکات..وەکو پێویست بە کەسێتی و ناسنامەی قارەمانەکان ئاشنا نابین.

هەڵبەتە ڕەنگە لەم سەردەم و ڕۆژگارە گۆنگ و ئاڵۆزو تەکنۆلۆژیاوییەدا، مەیدانی ئازادی کاری مرۆڤان هەندێ تەنگ و سنووردار ببێت، بەڵام تەسەور ناکرێت، لەم بارودۆخ و ڕەوشەدا، تەکنۆلۆژیا و دەرهاویشتەکانی تەکنۆلۆژیا، بتوانێت ئازادی خەیاڵ سنووردار بکات، یان ئازادی خەیاڵی پێ پەڕو باڵ بکرێت کە خەسڵەتێکی مرۆڤانییە.جا ڕەنگە یەکێك لە نهێنییەکانی ڕەواجی ڕۆمان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، لەوەدابێتکە ڕەگی لەم

ئازادی خەیاڵەدایە.نووسینی ڕۆمان دەکاتە مومارەسەیەکی هەرە وردو شکۆداری ئەم ئازادی خەیاڵە..

**

بە هەرحاڵ کات و زەمەنیش کە یەکێکە لە توخمە گرینگەکانی ڕۆمان، موتڵەق و ڕەها نییە، یانی ڕۆمان، ڕووداووی ئەزەلییەت و ئەبەدییەتی ژیان ناگێڕێتەوە تا بێ گوێدان بە تایبەتمەندی زەمەنی ڕووداوەکان، بەناو بکەوێت. ڕۆمان شرۆڤەی ژیان و هەلومەرجی خەڵکانێکی دیاریکراوە لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی زەمەنی دیارو سنووردارردا.یانی ڕووداوی ڕۆمان لە هەموو زەمەنەکاندا دەسوڕێتەوە..بەڵام ڕووداوی داستان لە ڕابردوویەکی ڕەهای مێژووییدا دەسوڕێتەوەو ڕوودەدات. داستان دەشێت ئاوڕ لە کاتی ئیستا بداتەوە، ڕووداوەکانی کاتی ئیستا بەسەر بکاتەوە، بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ ناکات، بەڵکو لە قالْب و دەقی ڕووداوێن ڕابردوودا دەیگێڕێتەوە. یانی زەمەن لە داستاندا زەمەنێکی وەستاو وڕەهایە..یانی زەمەنێکە لە حاڵی گوزەرو تێپەڕبووندا نییەو بەسەر ڕابردوو، ئیستاو، ئایندەدا دابەش نەبووە..ئاکامی ڕووداوەکان پێشوەختە دیارە..بەڵام لە ڕۆماندا کات و زەمەن لە وەستان نایەت و لە حاڵی گۆڕاندایە..لە جیاتی قارەمان و کاراکتەر ئافەریدەی ڕابردووی خۆ بن، ڕابردوو ئافەریدەی ئەوانە..

**

جا با لێرەدا سووکە هەڵوەستەیەکیش لەسەر زمان بکەین. زمانی ڕۆمان، زمانێکی سخ و چڕ و پوختەو پاراوە. نە جێگەی درێژدادڕی تیا دەبێتەوەو نە ڕێگەی ئاخافتنبازی دەدات..یانی زمانی ڕۆمان ئەوزاری گوزارشتە، لە خودی خۆیدا و بە مجەڕەدی ناسنامەو ماهیەت و بونیادێکی سەربەخۆی نییە، بە گوێرەی ئەو بابەتەی باسی دەکات دەگۆڕێت. لە ڕۆماندا، بونیاد و پێکهاتەی پەیڤ و دەستەواژەو بونیادی ڕێزمانی ڕستە، بۆ خۆی و بەتەنیا، ئەو بایەخەی نییە کە نووسەر زۆر لە خەمی جوانی و ناسکییاندا بێت. بەڵکو گرینگ دەربڕینی ورد و بێخەوشی ئەو بابەت و شتەیە کە قەرارە بۆ خوێنەر بگێڕدرێتەوە. هەڵبەتە زمانی پوختەو ئاهەنگدار، جوانی بە ڕۆمان

دەبەخشێت، بەڵام ئەم جوانی و جوانکارییە بۆخۆی و لەخۆیدا دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پەیوەندی بە تێکڕای ڕۆمانەکەوە ، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەیە،بابەتی چیرۆکەکەو چۆنیەتی دەربڕینی بابەتەکان، تایبەتمەندی زمانەکە دیاری دەکات.

زمانی ڕۆمان، یەك زمان نییە. لە ڕۆماندا هەر کاراکتەرێك بە گوێرەی ناسنامەو پێگەی شەخسی و جڤاکی خۆی، بە زمانی تایبەتی خۆی دەدوێت. نووسەریش لە کاتی وەسفی دیمەن و مەسەلە ناشەخسییەکاندا، زمانی تایبەتی خۆی هەیە.زمانی کاراکتەرەکان دەشێت بە گوێرەی هەویەت و ناسنامەی خۆیان، بازاڕی یان ئەرستۆکراتی یان کتێبی و پەتی بێت. بەڵام زمانی نووسەر زمانی فەرمی و بابەتییە. ئەم زمانانە لە ناو دەقی ڕۆمانداو لە دیالۆگ و هەڤپەیڤینەکاندا تێکدەکەنەوەو بە هەڤبەندی و بە دەم کارلێکی هونەرییەوە مانا پەیدادەکەن. دیالۆگ و هەڤپەیڤینی قارەمانەکان، دەکاتە دیالۆگ و هەڤپەیڤینی زمانەکان. هەڵبەتە زمانی ڕۆمان بە زۆری لە زمانانی ترەوە وەرگیراوەو قەرزکراوە، ئیدی زمانی هەواڵ و ڕاپۆری ڕۆژنامەوانی، زمانی حیکایەتێن کۆن، زمانی دیالۆگ وگفتوگۆی چینێك یان توێژێکی دیاریکراوی چینی بۆرژواو کرێکارانەوە تا دەگاتە زمانی شارنشینان و گوندییان..بە هەرحاڵ فرەزمانی و جۆراوجۆری زمان یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی دنیای مۆدێرن. لەم دنیایەدا بە مەبەستی گەیاندنی مەبەست، سوود لە جۆرەها زمان وەردەگیرێت، لە زمانی زانستی و جۆرنالیستییەوە بیگرە تا دەگاتە زمانی گفتوگۆ وزمانی ئەدەبی. هەرکەسە بە پێی ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ بیگەیەنێت، زمانی دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەکاری دێنێت. بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت کە فرەزمانی و جۆراوجۆری زمان لە کۆمەڵگەدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا دیاردەیەکی تەواو مۆدێرنە. یانی فرە زمانی وجۆراوجۆری زمان تایبەتە بە سەردەمی مۆدێرن و ڕۆمانەوە..لە سەردەمانی پێش مۆدێرنیزمدا بە هۆی سنوورداری پەیوەندی نێوان گرووپ و تاقمە جیاوازەکانەوە، گفتوگۆ و دیالۆگێکی ئەوتۆیان لە نێواندا نەبوو.بەشێوەیەکی گشتی هەرگرووپێك لە ڕووی زمانەوە گرووپێکی داخراوبوو بەسەر خۆیدا.

بەڵام لە داستاندا، فرە زمانی نییە، یەك زمان بۆ شرۆڤەی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی دیالۆگی کاراکتەرەکان بەکار دەبرێت. لە داستاندا کاراکتەرەکان، هەموو، چ پاڵەوانان وسوارچاکان، چ گوندییان، بەیەك شێوە دەئاخفن. دیالۆگی کاراکتەرەکان، دیالۆگی زمانانی جیاوازو جۆراوجۆر نییە، دیالۆگی کەسانی جیاوازە.داستان عەوداڵی زمانێکی ڕەسەن و سەرمۆرە، زمانێك کە قەرزارباری هیچ زمانێکی دی نەبێت، هەڵبەتە ئەمە کارێکی نەکردەنییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە کە لە سنووری تواناد ا ڕووداوەکان بە زمانێکی ڕەسەن و سەرمۆرو شکۆدار بێنە گێڕانەوەو کار لە گوێگران بکات.بەشێوەیەکی گشتی هیچ نیشانەیەکی دیالۆگ لە نێوان داستان و وەرگری داستاندا بەدی ناکرێت و، داستان زیاتر جەخت لە سەر غەیرە تاریخی بوون و میتا زمانی خۆی دەکات..بەڵام لە ڕۆماندا بە پێچەوانەوە گرینگییەکی زۆر بە خوێنەر دەدرێت و ڕۆمان ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر دەنووسرێت. یانی نووسەر کاتێ دەست دەداتە نووسین، ڕۆشبینییەکی دیاریکراوی دەربارەی خوێنەری گریمانەیی خۆی هەیە، یانی خوێنەری خۆی لەبەرچاوە و گەرەکیەتی پەیامێکی تایبەتی پێ بگەیەنێت. نووسەر ڕەنگە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی تەماسگرتن دەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەست بداتە قەڵەم و قەڵەمڕانی بکات ، واتە نووسین لێرەدا هەر بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی نییە، بەڵکو ڕەنگە لە هەمان کاتدا بە مەبەستی دیالۆگ و گەنگەشەش بێت. جا لەم رووەوە دەشێت بەرهەمەکەی نووسینێکی پڕۆپاگەندەیی یان بەیاننامەیەکی سیاسی، هونەری، یان کۆمەڵایەتی بێت، کە لە قاڵب و فۆرمێکی چیرۆکڤانیدا پێشکەشی بکات. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە ، کە ئەم جۆرە نووسینە دەبێت بە زمان و شێوازو تەکنیکێکی ئەوتۆ بێتە نووسین کە ڕاستەوخۆ کار لە خوێنەر بکات..بەشێوەیەکی گشتی ڕۆمان دەبێ خوێنەرو ئەقڵییەت و زەینییەتی خوێنەری گریمانەیی خۆی لە بەرچاو بێت و هەست و سۆزو ئەقڵیەتی خوێنەری خۆی، ڕاستەوخۆ بدوێنێت.

ڕاستە ڕۆمان مایل نییە بەلای پەیڤبازی و درێژدادڕی بۆش و بەتاڵەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە شێوە گشتییەکەی خۆیدا جگە لە گەمەی زمان هیچی تر نییە. تاقە ئەوزاری گێڕانەوەو نووسینی ڕۆمان، پەیڤ، چەمك و زاراوانە. خوێنەر کە دێتە سەر خوێندنەوەی ڕۆمان، هیچ زانیارییەکی پێشوەختەی

لەمەڕ ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو خودی نووسینەکە دەستی دەگرێت و بە نێو ڕۆمانەکەدا، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری، دەیگێڕێت. لەم لایەنەوە دەستی نووسەر کراوەیە، ئازادە کە ڕووداو یان سکێچ و پلۆتی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت و بە گوێرەی ویستی خۆی لە قاڵبی گەمەیەکی زمانەوانی دڵخوازی خۆیدا بەرجەستەی بکات. بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێت کە ئەم گەمە زمانەوانییە هەموو ڕۆمان نییە، یانی ڕۆمان تەنیا گەمەی زمان نییە، بەڵکو تەنیا ئەوزارێکە کە خوێنەر بۆ دەرك و ڕاڤەو لێکدانەوەی ڕۆمانەکە بەکاری دەبات. یانی تێکڕای چیرۆکەکە، ئیدی ڕووداوەکانی هەرچییەك و هەرچۆنێك بن لە ڕێگەی زمانەوە دێتە دەرککردن و تێگەییشتن. لە داستاندا ڕووداوەکان پێشبینی کراون، فاکتەرێن رێکەوتەکی و بۆیەرێن چاوەڕوان نەکراو و رێکەوتەکی لە خانەی نەبوواندایە، شتەکانیش بە جۆرێ دێنە گێڕانەوەو باسکردن کە تێکڕای داستانەکە بە هەموو ورد ودرشتێکییەوە بۆ خوێنەر و وەرگر قابیلی دەرککردن و تێگەیشتن بێت، واتە داستان پرۆژەیەکی داخراوە. بەڵام ڕۆمان پرۆژەیەکی کراوەیە، دەستی نووسەر لە ئەفراندنیدا کراوەیە، ڕەوتی ڕووداوەکانی یان تایبەتمەندی پاژەکانی نایەتە پێشبینی کردن. هەموو کات و ساتێك ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ڕێکەوتێك یان بویەرێکی چاوەڕوان نەکراو، ڕەوتی گشتی چیرۆکەکە بگۆڕێت. جا لەم ڕووەوە، پەیڤ و چەمکەکان تاقە کلیلی دەستی خوێنەرە، بۆ کردنەوەی ڕازو ڕەمزەکانی چیرۆکی ڕۆمان، یانی دەقە نووسراوەکە ڕێنوێنی خوێنەر دەکات بۆ دەرککردنی ڕووداو یان سکێچی چیرۆکەکە. جا لەم ڕووەوە جۆراوجۆری زمانی ڕۆمان نەك هیچ کێشەیەك بۆ خوێنەر دروست ناکات، بەڵکو یارمەتیشی دەدات.. یانی فرە زمانی و جۆراوجۆری زمان یارمەتی خوێنەر دەدات لە تێگەییشتنی دەقی ڕۆمانەکە. بە کورتی جۆراوجۆری زمان و دیالۆگی زمانان لە ڕۆماندا هەم دەرفەتی تێگەییشتنی وردتر بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت وهەم لە مەیدانی گەمەی زمانەوانیدا ئازادی پتر بۆ نووسەری ڕۆمان فەراهەم و دابین دەکات .

جا لە بەر ڕۆشنایی ئەو دیدو بۆچوون و بەراوردکارییانەی سەرێ ڕا، دەگەینە ئەم ئەنجامگیرییەی کە داستان کۆنترین شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی دیاردەو ڕووداو و کاروبارەکانی ژیان بووەو تا سەرەتای دەوران و

سەردەمی مودێرنیش باوترین شێوەی گێڕانەوەی چیرۆك بووە...بەڵام داستان بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی هۆنراوەییەو بە شێواز و زمانێکی ناوازەو پڕشکۆ هاتوەتە داڕشتن و زیاتر بۆ جۆشدانی دەرونی، سیاسی و فەرهەنگی وەرگر بووە تا بۆ سەرگەرمکردنی..جا ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشا بکەین، دەبینین ئەفسانەو حیکایەت ، کە عادەتەن بە پەخشان دەگێڕدرێنەوەو شێوازێکی سادەو میللیان هەیە، لەم لایەنەوە لە داستان زیاتر دەشوبهێنە سەر ڕۆمان. ئەفسانەو حیکایەتیش ، وەکو داستان، لە شێوە هەرە کۆن و باوەکانی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی ڕووداو و دیاردەو کاروبارەکانی ژیانن، زۆر ڕووداو و کاراکتەرانی نموونەیی لە قاڵبی ئەفسانە و حیکایەتاندا هاتوونەتە وێنەگرتن و بەرجەستە کردن، زۆر ڕۆمانیش لە ئەفسانەو حیکایەتانەوە هەڵێنجراون یان لە شێوەی ئەواندا نووسراون. بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنرێ کە ئەفسانە بە پێچەوانەی ڕۆمان و تا ڕادەیەك بە پێچەوانەی داستانیشەوە،سەروکاری دەگەڵ شتانی ناواقیعیدایە و حیکایەتیش ئەو مەوداو لایەن و ئاڵۆزکاوییەی داستان و ڕۆمانی نییە..جا لێرەدا و هەر بە مەبەستی سووکە بەراورد و دۆزینەوەی هەندێ خاڵی هاوبەش و نیمچە هاوبەش لە نێوان ڕۆمان و ئەفسانەدا هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئەفسانە دەکەین وپاشان هەمان کارو مامەڵە لەتەك حیکایەتیشدا دەکەین...

دۆزی سەرەکی و تەوەرەیی ئەفسانە ژیان و چارەنووسی مرۆڤە. ئەفسانە ،بویەرو ڕووداوە دیارو گەورەو ترسناکەکانی ژیان،هەر لە ڤیان و ئاشقێنی و دۆستایەتی و دژمنایەتییەوە بیگرە تا دەگاتە سەفەر و سەرکێشی و ڕیسکان، هەر هەموو وێنە دەگرێت و، بەرجەستە دەکات.بەڵام بە شێوەیەکی ڕیالیستی و واقیعبینانە ناڕوانێتە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ. ڕاستە ئەفسانە هەندێ پاژو توخم و ڕەگەزی ژیان کەم تا زۆر واقیعبینانە وەسف دەکات، بەڵام زیاتر بەلای ئەو شتانەدا دایدەکێشێت کە نائاسایی و خەیاڵین. یانی سەروکاری پتر دەگەڵ بەسەرهات و بویەری سەیرو غەریب، چارەنووسی ریزپەڕو، شتی نائاساییدایە تا لەگەڵ پاژو وردەپاژە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بێت، بە زۆری تووشی خەڵکانێك دەبین کە بە ڕێکەوت چارەنووسێکی نائاسایی پەیدا دەکەن. هەڵبەتە کاراکتەرانی ئاسایی وەکو

بازرگان، جوتیار، شازادە، ژنان و پیاوان هەن، بەڵام بوونیان لە ناو دەقی ئەفسانانەدا، بوونێکی کزو پەراوێزییە..ئەفسانە بە مەبەستی سەرگەرمکردنی خوێنەر دێتە نووسین و ئەمە ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتییەتی. لە ئەفسانانەدا هیچ نیشانەیەکی فێرکردن و پەروەردەی ڕۆشنبیریی یان ئەخلاقی یان سیاسی بەدی ناکرێت.. بۆیە ڕاکێشان و سەگەرمکردنی خوێنەر پانتاییەکی گەورەی ئەفسانە دەگرێتەوەو جا لەبەر ئەمە وردەکاری و ڕایەڵی ئەفسانە بەجۆرێ دێتە چنین و داڕشتن کە هەستی کونجکاوی خوێنەر بهاڕوژێنێت، بۆیە سەربهووردو بویەرێن غەریب و عەجیب و نائاسایی پانتاییەکی گرینگ لە ئەفسانەدا دەگرێتەوە. بەڵام ئەمە تەنیا تەکنیکی ڕاکێشانی خوێنەر و هاڕووژانی هەستی کونجکاوی خوێنەر نییە لە ئەفسانەدا، بەڵکو هەوڵدەدرێ شەقڵ و مۆرکێکی شەهوەت بزوێن و کۆمیدیشی بدرێتێ تا باری جددیەتی چیرۆکەکە سووك بکرێت و خوێنەر لەزەتێکی زیاتری لێوەربگرێت. بویەرو ڕووداو ودیمەنەکان نەك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو شەفاف، بەڵکو بە شێوەیەکی هاڕووژێنەر دێتە وێنە گرتن. خوێنەر دەخاتە حاڵی چاوەڕوانییەکی ئەوتۆوە کە هەمیشە بەتەمای بویەرو ڕووداوی تازە بێت.

ڕۆمانیش، وەکو ئەفسانە بە مەبەستی سەرگەرمکردنی خوێنەر دەنووسرێت، بەڵام ئەمە لە ڕۆماندا، بە پێچەوانەی ئەفسانەوە، تاقە مەبەست و ئامانج نییە. چونکە ڕاکێشانی سەرنج و هاڕوژاندنی کونجکاوی خوێنەر بۆ خۆی و لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو وەسیلەیە بۆ گەییشتن بە ئامانجێك. ڕۆماننووس، ئایدۆلۆژیاو بۆچوونی خۆی لەمەڕ دیاردەو ڕووداوان، لەمەڕ جیهان، لە قاڵبی چیرۆکێکدا دەگێڕێتەوە.ئیدی وەکو کەسێکی خودان دید و نۆڕینی ڕامیاری، جڤاکی و کەلتووری تایبەتی خۆی، دەست دەداتە قەڵەم و دەکەوێتە نووسین.مەبەستی سەرەکی وی، گوێزانەوەی ئەو پەیام و گۆشەنیگایەیە کە لە زەینی خۆیدا هەڵیگرتووە. بە کورتییەکەی دەیەوێ خودی خۆی بە بێ منەتی بۆ خەڵکانی دی هەڵبخات، دەرگاکانی خودی خۆی بخاتە سەرگازی پشت. تێکڕای ئەو پەیڤ و چەمکانەی کە بەکاریان دەبات، بە بۆچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی بارگاوین و نۆڕینی ڕەخنەیی یان پشتیوانی ئامێزی ئەو، سەبارەت بە بویەرو دیاردەکانی ژیان و جیهان

دەگێڕنەوەو پیشان دەدەن. لەم ڕووەوە، ڕۆمان جۆرە تیواری و شەفافییەت و مەندییەکی تێدایە. کە لە ئەفسانەدا نییە. لە ڕۆماندا سەربهوود و پەیامەکان ڕاستەوخۆو تیوارن(شەفافن) و هاڕووژاندنی هەستی کونجکاوی خوێنەر لە ڕۆماندا، گرینگە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئامانج نییەو دەبێ دەگەڵ ڕەوتی گشتی دەقەکەدا بگونجێت، دەنا بەرهەمەکە ناسنامە و خۆیبوونی خۆی لە دەست دەدات. چونکە پەیام و گوتاری نووسەر لە ڕۆماندا، بۆ خۆی ڕەگەزێکی گرینگە و بمانەوێ ونەمانەوێ خوێنەر گیرۆدەی خۆی دەکات، ناچاری دەکات بیربکاتەوەو کاردانەوەو هەڵوێستی زەینی خۆی لە هەنبەر تێکڕای کارە هونەرییەکە هەبێت...

***

بە هەرحاڵ با بێینە سەر حیکایەت. حیکایەت چیرۆکێکی ئەخلاقی یان جڤاکی یان پراکتیکییە کە بە هۆنراوە یان پەخشان دێتە گێڕانەوە. هەڵبەتە سەربهوورد و زنجیرەی ڕووداوێن ئەم جۆرە چیرۆکە زۆر سادەو کورتە، ڕەگەزی عەجیب و غەریب و چاوەڕوان نەکراوی تیا نییە. تیمەو بابەتی حیکایەت هەر بابەتە واقیعییەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەیەو زۆر دوورە لە ئەفسانەبازی و خەیاڵپەروەری و، شتەکان وەکو چۆن لە ژیانی پراکتیکیدا هەن، بەو ئاوایە دەگێڕێتەوە. هەڵبەتە گێڕانەوەیەکی خێراو بروسکەیی. لە حیکایەتدا گرینگ ئەو پەیامەیە کە دەویسترێت بگەیەنرێت.چیرۆکی حیکایەت تەنیا پردێکە بۆ گەیاندنی پەیامەکە، یانی نابێت سەربهووردو ڕووداوەکان مەودایەکی سەرنجڕاکێش و ئالۆزی ئەوتۆ پەیدا بکەن کە خۆیبوونی تەواو بە چیرۆکی حیکایەتەکە ببەخشن.چیرۆکەکە دەبێت تەنیا ئەوەندە سەرنجڕاکێش بێت کە خوێنەر شیفتەو عەوداڵی تێگەییشتنی پەیامە پەنهانەکە بکات.

لە ڕۆمانیشدا، چیرۆك بە تەنیا هەمووو شتێك نییە، ڕۆمان نووسراوێکی ئایدۆلۆژییە، نووسەر پەیام و گوتارو قسەی خۆی لە میانەی پرۆسەی شرۆڤەی دیاردەو ڕووداوەکانەوە بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە. یانی چیرۆکەکە دەکات بە دەستاوێز بۆ نیشاندانی لایەنە سیاسی، جڤاکی یان فەلسەفییە دڵخوازەکانی خۆی. دیارە ئەمە لە چوارچێوەی تەکنیکێکی ناوازەو باڵادا

دەكرێت.. جا ئەگەر لە حیكایەتدا پەیامی ئەخلاقی ئامانجێك بێت و چیرۆكەكە بەو ئاڕاستەیەدا و بۆ نواندنی ئەو پەیامە بێتە نووسین و زۆر بە ئاسانی و سادەیی بێتە نووسین و تێگەییشتن، ئەوا لە ڕۆماندا پەیام و گوتاری ئەخلاقی یان سیاسی لایەنێكە لە لایەنەكانی چیرۆكەكەو ڕەنگە پەنهانترین لایەنی چیرۆكەكە بێت، بۆیە لەم ڕووەوە بەهەمان ئاسانی حیكایەت نایەتە تێگەییشتن...

بە كورتی و كرمانجی، ڕۆمان لە نێوان ئەفسانەو حیكایەتدایە، هەندێ لێكچوونی دەگەڵ هەردووكیاندا هەیە، بەڵام نایەتە خوارێ بۆ ئاستی هیچ یەكێكیان. نە وەكو ئەفسانە لە هەر ئایدۆلۆژیا یان پەیام و گوتارێك خاڵییەو نە وەكو حیكایەت بە ئاڕاستەی نیشاندانی یەك پەیام و گوتار دێتە نووسین. ڕۆمان گەمەیەكی زمانەوانییە، بۆ ڕاكێشان و سەرگەرمكردنی خوێنەر دێتە نووسین، بەڵام ئەمە هەموو مەبەست و ئامانجێكی نییە، یەكێك لە مەبەستەكانی دیكەشی ئەوەیە لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقیشەوە كار لە خوێنەر بكات. ڕۆماننووس وەكو تاكێكی دیار، بیرو بۆچوونەكانی خۆی دەكات بە تان و پۆی دەقەكەو، ئەم بیرو بۆچوونانە لە چیرۆكی دەقەكەدا، ئاوێتەی تێكڕای ڕەگەزەكانی دەقەكە دەبێت و ناڕاستەوخۆ وهونەریانە، بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- نامەهایی بە یك نویسندە جوان/ ماریو بارگاس یوسا/ ترجمە رامین مولاییی/ چاپ دوم/ ١٣٨٩/ نشر مروارید.

*- نظریـة رمان و ویژگیهای رومان فارسی/ محمد رفیع محمودیان/ چاپ دوم/ ١٣٨٧/ نشر پژوهش فرزان روز/ تهران

*- دەربارەی رۆمان و چیرۆك / حەمەكەریم عارف/ چ ١/ ٢٠٠٨/ كەركوك، چاپخانەی ئارابخا..

*- گیورگ لوکاچ / رمان تاریخی/ ترجمه امید مهرگان/ نشر پالپ/ چاپ اول/ ۱۳۸۸

*- واقیعیت نویسنده/ماریو بارگاس یوسا/ ترجمه مهدی غبرائی/ نشر مرکز چاپ اول: ۱۳۷۷

*- رهنمای داستان نویسی/ جمال میر صادقی/ تهران: ۱۳۸۷

*- متعه الروایه: الدکتور احمد زیاد محبك/ دارالمعرفه-بیروت: ۲۰۰۵

# ڕەگی ڕۆمان لە درۆدایە

هەر بەرهەمێکی چیرۆکڤانی کە پشت بکاتە ژیان یان نەتوانێت هونەریانە ژیان وێنە بگرێت و نیشانبدات، هەرگیز زندوویەتی و نەمری بە دەست نایەنێت.چونکە ئەرکی دەقی فلیڤانی (ابداعی) ئەوەیە ساتە زندووە ئینسانییەکان ڕاوبکات و بەجۆرێ لە بۆتەی هونەردا قاڵی بکاتەوە کە مێژوو و ئەدەبیات، ڕاستی و درۆ، واقیع و خەیاڵ بە جۆرێ ئاوێتە ببن و دەقایەتییەکی ئەوتۆ وەربگرن کە جیاکردنەوەو هەڵاوێرکردنیان نیمچە مەحاڵ یان مەحاڵ بێت.هەڵبەتە نووسینی فلیڤانی خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی کەشفکاری یەجگار هەستیارە و، سەراپای بوونی فلیڤان بە باوەڕییەوە، بە غەریزەکانییەوە، بە سەرۆ و سرووشییەوە، بە ئیلهامییەوە بەشداری تێدا دەکات و تەنانەت لایەنە تاریکەکانی نووسەریش ڕۆڵی یەجگار گرنگ لە پرۆسەی نووسیندا دەبینن. واتا بەم پێودانگە ئەزموونی شەخسی، لە نووسینی کاری فلیڤانیدا هەمیشە کەرەستەی خاوە بۆ نووسین و، کاری چیرۆکڤانی بە زۆری لە ئەزموونی شەخسییەوە دەستپێدەکات، هەڵبەتە ئەو ڕووداوەی بەسەر خۆت یان کەسی تردا دێت، ئەو کەس و شتانەی دەیانبینی، ئەو شتانەی دەیانخوێنیتەوە، هەر هەمووی دەچنە خانەی ئەزموونی شەخسییەوەو ئەو ئەزموونە دەوڵەمەند دەکەن..ئیدی ئەم ئەزموونە واقیعی و شەخسیانە، لە کاری ئەفراندن و داهێناندا، کە لێرەدا زیاتر کاری چیرۆکڤانیم مەبەستە، بە شێوەیەکی هونەریانەی قەناعەتبەخش دەگۆڕدرێن بۆ هەست.کەواتە چیرۆکنووس پێویستی بە ئەزموونی شەخسییە تا ئەفراندن بکات، خەیاڵی بخاتەکار، چیرۆك دابهێنێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەزموونی شەخسی وەکو خۆی موو بە موو کۆپی بکاتەوە، بەڵکو دەبێ مەسافەیەکی باش لێی دوور بکەوێتەوە تا هەست بە ئازادی بکات و دەسکاری تەواوی بکات و بیگۆڕێت بۆ چیرۆك..دیارە دەستپێك بۆ چیرۆك زۆر ئەستەمە، بۆیە دەبێ چیرۆکنووس

دژی هەموو هەستێکی دوودڵی بوەستێت،هەموو نیگەرانییەکی نڤیساری وەلاوە بنێت و بە شێوەیەکی خۆبە خۆیی دەست بداتە قەڵەم و رووداوەکان بە وشە بسپێرێت، بەو نەفەسە بنووسێت کە ئەمە کەرەستەی خاوەو ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی لە چیرۆکەکەیدا بەکاری بێنێت و کارێکی فلیڤانی لێ چێبکات .هەڵبەتە دەبێ بە دەم نووسینەوە، هێڵە گشتییەکانی پلۆت و نەخشەی کارە چیرۆکڤانیەکە لە بەرچاو بگرێت،بەلاّم نابێت ئەو پلۆت و نەخشەیە بە قاڵب و فۆرمێکی نەگۆڕ بزانێت و زۆر پابەندی بێت، بەڵکو دەبێت بە گوێرەی ڕەوتی گشتی چیرۆك یان ڕۆمانەکە، هەزارو یەك جۆرە دەسکاری بکات، گۆڕانگاری گەورەی تیابکات و بەهەمان ئەو لەزەت و خۆشیەوە کە منداڵێك لە گەمەکردنی دەبینێ، ئەو گەمەیە بکات.چونکە لەزەتی چیرۆك و ڕۆماننووسین لە کەشفکردنی ئیمکانات و ئەگەرە هەمەجۆرەکانی چیرۆکدایە.لەزەتی نووسین – مەبەست نووسینی چیرۆکڤانییە بە هەموو ژانرەکانییەوە- لەوەدایە کە نووسینەکە بە خۆی دەستت بگرێت و بەو رێیەتدا ببات کە بەتەمای نەبووبی، چاوەروانی نەبووبی..

***

هەڵبەتە گوتیار (ڕاوی) گرینگترین کاراکتەری ڕۆمانە، دیارە ئەگەر گوتیار قارەمان و کاراکتەری سەرەکی و راستەوخۆی ڕۆمانەکە بێت، ئەم گرینگی و بایەخە زۆر زەقتر دیار دەبێت. هەندێجار گوتیار، قارەمان و کاراکتەرێکی زەق و ڕاستەوخۆ نییە، تا ڕادەیەك پەنهان و نادیارە، بێگومان ئەفراندن و خوڵقاندنی ئەم جۆرە گوتیارە ( گوتیاری- قارەمان) لە ئەفراندنی هەر قارەمان و کاراکتەرێکی دیکەی ڕۆمان، قورستر و دژوارترە..دیارە ڕەفتار و گوتاری، گوتیار دەبێ لەگەڵ واقیعی ڕۆمانەکەدا بگونجێت و هاوئاهەنگی تەواوی دەگەڵ ڕەوتی رۆمانەکەدا هەبێت و قەناعەتبەخش بێت..چونکە ئەگەر ئەم گونجان و هاوئاهەنگییە نەبێت، توانای قەناعەتبەخشی ڕۆمانەکە دەپوکێتەوەو خوێنەر دەتۆرێ و باوەڕی پێناکات و هەستدەکات درۆی دەگەڵ کراوە..بۆیە گوتیار دەبێت پابەندی ئەو یاساو رێسایانە بێت

کە سیستەمی گێڕانەوەکاری لە هەر ڕۆمانێکدا بەرهەمی دێنێت و دەیخوازێت.

مەسەلەیەکی دیکەی زۆر گرینگ هەیە کە دەبێت ڕۆماننووس بە وردی رەچاوی بکات و لێی غافڵ نەبێت، ئەویش مەسەلەی کاتە. گوتیار (راوی) وکات ، خۆیبوون بە چیرۆك دەبەخشن، لە دنیای واقیعی (ریالیستی) جیادەکەنەوەو سەربەخۆیی پێدەبەخشن.دنیای ڕۆمان و کاری چیرۆکڤانی وەکو دنیای واقیعی نییە، کۆپی دنیای ریالیستی نییە، بەڵکو دنیایەکی سەربەخۆو جیاوازە لە واقیعیەتی واقیعی ناچێت.هەڵبەتە جیاوازی ئەو دوو دنیایە لە خودی ئەو گوتیارەدا دەردەکەوێ کە لە واقیعی ڕاستەقینەدا بوونی نییە، هەروەها لە پێکهاتەی ئەو کاتە چیرۆکڤانییەدا دەردەکەوێ کە هەرگیز لە کاتی ناو ژیانی واقیعی و راستەقینە ناچێت. کرۆنۆلۆجیای رۆژگار،و ڕەوتی کات لە چیرۆکدا، جیاوازە لە ژیانی واقیعی..

هەڵبەتە رۆماننووس بە دەم پرۆسەی رۆماننووسییەوە نەك هەر خودی خۆی دەگێڕێتەوە بەڵکو دنیای دەروونی خۆی بە رووت و قووتی و لە بەر رۆژی هونەردا و بە بەرچاوی جیهانەوە هەڵدەخات..ئیدی دەرگا لە خەمەکانی، لە گوناحەکانی، لە دەرد و ئازارە مرۆڤانییەکانی، لە خولیا و ئەڵهاو کەڵکەڵەو سۆز وگودازو ئاوات و ئامانجەکانی دەخاتە سەر گازی پشت و ئەنجام هەر هەمووی وەکو یەکەیەکی یەکپارچە لە ژێر خێوەتێکی ئەفسووناویدا یەکدەخات کە پێی دەگوترێت هونەری ڕۆمان..یانی ئەو ئەزموونە شەخسییەی کە لە سەرەتاوە ئەنگێزەو هاندەری نووسینی ڕۆمانە، بەدەم رەوتی ئەفراندنەوە، هێندە بە هێمنی و بێدنگی دەگۆڕێت، کاتێ کە رۆمانەکە تەواودەبێت، هیچ کەسێك تەنانەت رۆماننووسەکەش ناتوانێت بە ئاسانی گوێی لە دەنگی لێدانی دڵی ئەو ئۆتۆبیوگرافیە ببێت کە لە هەر چیرۆکێکدا هەیە...

هەڵبەتە پێویستە ئەوە بگوترێ کە حەقیقەتی واقیعی شتێکە و حەقیقەتی ئەدەبی یان هونەری شتێکی دییە و، مەحاڵە بشێت ئەم دووە بە باڵای یەکتر بگیرێت و، وەکو یەك دەربچن، ئەدەب لە واقیع باڵاترە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەدەبیات هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە، ئەو

حەقیقەتەی ئەدەبیات نیشانی دەدات و بەرجەستەی دەکات، هەمان حەقیقەتی ژیانی پراکتیکی نووسەر یان خوێنەر نییە. ئەدەبیات دەتوانێت زانیاری واقیعی  و گرینگ دەربارەی واقیع پێشکەش بکات، بەڵام لە ڕێگای درۆوە، لە ڕێگای دەسکاری کردنی واقیعەوە، و بە زەبری خەیاڵ و بە فەزڵی پەیڤ و زمان، ئەزموونی واقیعی دەگۆڕێت بۆ هەستێکی هونەری قەناعەتبەخشی ڕوحنەوازو دڵگیر.بۆیە هەر رۆمانێك ئەزموونی واقیع بە وردی و موو بە موو، وەکو خۆی کۆپی بکاتەوەو بگێڕێتەوە تەنیا ناکامی بۆ دەمێنێتەوە.زندوویەتی بە دەست نایەنێت، چونکە ڕۆمان بۆ ئەوە دانەهێنراوە کە واقیع کۆپی بکاتەوە. بەڵکو گەرەکیەتی واقیع بگۆرێت، واقیعی واقیعی بگۆڕێت بۆ واقیعێکی خەیاڵی، واقیعێکی جیاواز بەرهەم بێنێت و بخوڵقێنێت.سەرکەوتن و عیبرەت لەوەدایە کە رۆماننووس بتوانێت لە حەقیقەتی واقیعی، لە ئەزموونی واقیعییەوە شتێك بخوڵقێنێت و بیافەرێنێ کە پێش ئەو رۆمانە، پێش ئەو کارە هونەرییە ئاشکراو دیار نەبووە، واتە کەشفێکی هونەری ئەنجام دابێت. ڕۆمان حەقیقەتێکی سەربەخۆیە، واقیعیەتەکەی لە خودی خۆیدایە، لە خەیاڵ و پەیڤ پێکهاتووە، هەر ئەمەشە کە ئەدەبیات لە ژیان جیا دەکاتەوە، چونکە ژیان لە خەیاڵ و وشە دروست نەبووە. بۆیە ڕۆماننووس لە سەرێتی جڵەو بۆ خەیاڵ شل بکات و تا دەتوانێت دەسکاری واقیع و حەقیقەت بکات و سڵ لە درۆکرن نەکاتەوە. بەڵام درۆی بەجێ ،درۆی باوەڕکردەنی، درۆی هونەری تا خوێنەر درۆکەی وەکو حەقیقەت و ڕاستی قەبووڵ بکات و لەزەتی ئەستاتیکی لێ بێنێت..ئەگەر نووسەر ئەم فریوە، ئەم تاکتیکەی بۆ بچێتە سەر، هەنگێ حەقیقەتێك لەم درۆیانەوە چێدەبێت کە پێشتر دیار و ئاشکرا نەبووە..بەڵام دووبارەکردنەوەی واقیع وەکو خۆی، نیشانەی ناکامی نووسەرە. چونکە ئەدەبیات بۆ ئەوەی قەناعەت لای خوێنەر دروست بکات، دەبێ سەربەخۆیی خۆی هەبێت و لە ریالیزمی ریالیستی دابڕێت و خۆیبوونی خۆی رابگەیەنێت و ئەدەبییەت و سەرکەوتنی رۆمان لەوەدایە ئایا دەتوانێ لە واقیع جیا ببێتەوەو لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بەسەربەخۆیی و پشت بە هونەرییەتی خۆی ژیانی تایبەتی هەبێت. هەڵبەتە رۆماننووس بە زۆری  سوود لە ئەزموونی شەخسی خۆی دەبینێت،

بەڵام دەسکاری دەکات، بۆ شتێکی جیاوازی دەگۆڕێت، بۆ شتێك کە لای خوێنەرانی وڵاتانی جیاواز، لە رۆژگارو سەردەمێن جیاوازو لە زمانانی جۆراوجۆردا باوەڕکەردەنی و قەناعەتبەخش بێت. ئەم گۆڕانکاریە، ئەم دوورکەوتنەوەیە لە ئەزموونە واقیعییەکان و شەخسییەکان، سەربەخۆیی بە کارە هونەرییەکە دەبەخشێت کە ڕۆمان لەم پرۆسە ئاڵۆزو دژوارو هونەرییەوە چێدەبێت.

دیارە لە ڕۆماندا هەرگیز فۆرم و تەکنیك لە خودی قارەمانان و پرۆسە حیکایەتەوانیکە جیا نییەو جیا نابێتەوە. فۆرم کە لە ئەدەبیاتدا بە تایبەتی و لە هونەردا بە گشتی زەرووری و پێویستە، هەمیشە هەڤبەندە بە خودی پرۆسە چیرۆکڤانییەکەوەو جۆرە تەکنیك و داهێنانێکە بۆ ئەوەی کاریگەریی چیرۆکەکە زیاتر ببێ و پتر باوەڕکەردەنی و قەناعەتبەخش ببێت..

دەمەوێ جارێکی دی بگەرێمەوە سەر کات و بایەخ و جیاوازی کاتی چیرۆکڤانی دەگەڵ کاتی واقیعیدا.. کات یەکێکە لە مەرج و پێداویستییەکانی چیرۆك و ناسنامەیەکی سەربەخۆ و کەسایەتییەکی جیاواز لە واقیعی پێدەبەخشێت.بێگومان کات لە ڕۆماندا هەرگیز وەکو کاتی ژیانی واقیعی نییە. لە ڕۆماندا، کات هەمیشە سەرەتاو کۆتایی هەیە،بەو شێوەیە ناروات کە لە واقیعدا هەیە. لە رۆماندا بە حوکمی ئەوەی ناچاریت ئەوە نیشان بدەیت کە قارەمان و کاراکتەرە جیاوازو جۆراوجۆرەکان چ دەکەن و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و چۆن بیردەکەنەوە، هەموو ئەمەش لە ناو کاتدا نیشان دەدرێت نەك لە دەرێی کاتدا، بۆیە دەبێ دینامیکیەتی واقیعیانەی کات بشکێنی و پەنا بەریە بەر کاتی هونەری و دەستکرد..یانی کات لێرەدا شتێکە بوونی هەیە، سەرەتایەك و کۆتاییەکی هەیە، چلۆنایەتیەکی مادی هەیە، یانی بەم پێوانگە گوتیار دەتوانێ چیرۆکەکەی لە ناو کاتدا بجوڵێنێت، وەکو چۆن لە ناو شوێندا دەیجوڵێنێ.چیرۆك دەشێت زۆر ئازادانە لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە و لە ئایندەوە بۆ ڕابردوو بڕوات.. بەم پێیە دەتوانرێت زەمان و کات پارچە پارچە بکرێت و بونیادێکی ئەنتۆلۆجی زندووی پێبدرێت..کەچی لە ژیانی واقیعیدا لە زەماندا نقووم دەبین، کات

قوتمان دەدات ، رۆشنبینییەکی ئەوتۆمان ناداتێ کە بزانین ئەو کات و زەمانەی تیایدا نقووم بووین، چۆن دەرِوات، بە جۆرێ تیای نقووم بووین ناتوانین لە دوورەوە تەمەشای بکەین تا بزانین چ بویەرو واریقاتێك لە حاڵی رووداندایە، بۆیە پێویستمان بە سیستەمێکی دەسکرد و هونەرییە تا لە زەمان تێبگەین. جا یەکێك لە دەسکەوتە گرینگەکانی ئەدەبیات ئەوەیە کە سیستەمێکی دەسکرد و هونەری لە مەڕ جیهان، کات، شوێن و ئەزموونی زندوو داهێناوە..

***

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، ئەزموونی شەخسی یەکێکە لە سەرچاوەکانی رۆمان.بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوەمان لەبیربێت کە ئەزموونی شەخسی دەبێ تەنیا وەکو هەوێن بەکاربهێنرێت، وەکو چۆن هەوێن دەکرێتە شیرەوەو دەبێت بە ماست، هەموو کەس دەزانێ هەوێنی تیایە، بەڵام کەس نازانێت هەوێنەکە لە کوێی ماستەکەدایە، ئەزموونی شەخسیش دەبێ هەمان مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و نەزانرێ لە کوێی رۆمانەکەدایە. چونکە ڕۆمان بۆ ئەوە دانەهێنراوە، حەقیقەت وەکو خۆی بگوازێتەوەو واقیع لە چوارچێوەی وشەدا دووبارە بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە داهێنراوە کە لە میانەی پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی چڕە زماندا، درۆ بگۆرێت بۆ راستی، لە واقیعی واقیعییەوە، واقیعێکی خەیاڵی پڕ لەزەتی ئستاتیکی و باوەڕکەردەنی و قەناعەتبەخش دروست بکات.دیارە مەبەست لە ئەزموونی شەخسی، تەنیا ئەزموونی خودی نووسەر یان گوتیار نییە، بەڵکو ئەزموونی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەو ئەزموونە زەینییەکانیش دەگرێتەوە.. ئەزموونیش تەنیا لە بۆتەی خوێندنەوەی هونەریانە بۆ دیاردە و رووداوەکاندا قاڵدەبێتەوەو هونەرییەت وئەدەبییەت وەردەگرێت.. کەواتە وەختێ رۆماننووس، رۆمان دەنووسێت مەرج نییە ڕاستگۆبێت و بە ناچاری پابەندی ڕاستی بێت، گرینگ ئەوەیە نووسینەکەی، بەرهەمەکەی، باوەرکەردەنی و قەناعەتبەخش بێت، جا بۆ گەییشتن بەم ئامانجە ( قەناعەتبەخشی ) زۆربەی کات ناچارە لە واقیع لابدات، دەسکاری واقیع بکات و بە ئاراستەی رەوتی گەشەکردنی ئاسایی رۆمانەکەدا بیگۆڕێت، درۆبکات و، پەنا وەبەر خەیاڵ بەرێت، ئەمە تاقە رێگەیە کە

دەکاتە کارێك چیرۆکەکە باوەڕکەردەنی بێت، قەناعەتبەخش بێت. جا ژیان خۆی لە خۆیدا دنیایەکی چیرۆکڤانی سەیرو ئاڵۆزو پڕ ئەفسوونە، پڕە لە شەقڵی چیرۆکڤانی سیحراوی و، هەر بەشەرەش بۆ خۆی گرتەو دیمەنێکی چیرۆکڤانییە لە ناو ئەو دنیا ئەفسووناوییەدا. کەواتە بەم پێودانگە چیرۆك ( درۆ) بۆ بەشەر زەرووریەو رەنگە کەس نەبێت بە بێ چیرۆك هەڵبکات. واتە مرۆڤ بە گوێرەی مەیل و ئارەزووەکانی خۆی دەسکاری دیاردەو رووداوەکان دەکات و بە گوێرەی حەزی خۆی دەیانگێڕێتەوەو ئەمەش دەچێتە خانەی درۆوەو جۆرە ئاسانکارییەك بە ژیان دەبەخشێت..یانی درۆی هونەری بۆ چیرۆك نەك هەر شەرم نییە، بەڵکو زۆریش پێویستە، بەلاّم ئەمە بۆ توێژەرێك زۆر نابەجێیەو هەرگیز لێی قەبووڵ ناکرێت.بە هەرحاڵ خەیاڵ و خەیاڵپەروەری کە لە مەرجە سەرەکییەکانی کاری چیرۆکڤانییە، بە مانا چیرۆکڤانییەکەی، ڕەگی لە درۆدایە. بەلاّم لە رووی سایکۆلۆژییەوە جۆرە بەرخودانێکە، جۆرە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی مان..کەرەستەی سەرەکی چیرۆکنووس خودی خۆیەتی، ئەزموونەکانی خۆیەتی، کەشفکردنی خودی خۆیەتی، نەك کاوێژکردنەوەی خۆی، دیارە ئەزموونی هەر نووسەرێکیش جیاوازە لە هی نووسەرێکی دی، بۆیە نە خۆکاوێژکردنەوەو نە لاسایی کردنەوەی نووسەرانی دی ،دادی نووسەری ڕەسەن نادات و پێگەی ئەدەبی گەورە بە دەست نایەنێت و نابێت بە خودانی ناسنامەی خۆی....

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- واقیعیت نویسنده/ماریو بارگاس یوسا/ ترجمه مهدی غبرائی/ نشر مرکز- چاپ اول: ۱۳۷۷

*- رهنمای داستان نویسی/ جمال میرصادقی/ تهران: ۱۳۸۷

*- متعه الروایه: الدکتور احمد زیاد محبك/ دارالمعرفه-بیروت: ۲۰۰۵

ڕۆمان سەندوقی نهێنیانە

دیاره هەر ژانرێکی ئەدەبی بگریت و بە وردی پەیگیری ڕێڕەو وپەیدابوون و سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی بکەیت، ئەوەت بۆ ساغ دەبێتەوە کە زیاتر زادەو بەرەنجامی پێویستییە مەعنەوییەکانی تیرەی بەشەر بووەو، شێوەیەك بووە لە شێوەکانی دەربڕینی هەستی ئادەمیزاد لە وێنەیەکی قەشەنگ و دڵڕاکێشەردا. یانی بەم پێودانگە، هەر ژانرێکی هونەری و ئەدەبی، مۆرك و شەقڵ و تایبەتمەندی خۆی هەیەو بە پێی قۆناغ و لە ناو پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاری و بە دەم ململانێی ژانرە جۆراو جۆرەکانەوە گۆڕان و سووکە گۆڕانی بەسەردا دێت و لەوەشە ژانرێك لە باوبکەوێ و نەتوانێت پێداویستییە مەعنەوییەکانی تیرەی بەشەر دابینبکات و، ڕێ بۆ ژانرێکی دی چۆڵ بکات. بۆ نموونە کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی هونەری لە سەردەمێکی تایبەتیدا سەری هەڵداوە و پەیدا بووە، ڕەنگە جێگرەوەو هەڤرکی ژانرێك یان چەند ژانرێکی دیکەی هونەرێن دەربڕین بێت.بۆیە دەبینین ڕۆمان بە دەم پەرەسەندن و گەشەکردن و پوختە بوونی خۆیەوە بەرەبەرە دڕی بە هونەرێن شیعر، شانۆنامە ( تراژیدی)، ئەفسانەو تەنانەت نامەێن فەلسەفی و سیاسیش داوەو لە ڕووی ڕادەی کاریگەریی و باو وبرەوی شەعبییەوە، کەم و زۆر بەرەو کەناری بردن و بە ئەندازەیەك خۆی ڕەپێش خست کە وەکو باڵاترین و باوترین شێوەی دەربڕینی هونەریانەی پرس و دۆز و کێشە هاوچەرخەکان، بوو بە دیاردەی سەردەم و خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکرد، گەلێك لە ڕۆشنبیران و نووسەران، هزرو بیرو بۆچوونی خۆیان لە قاڵبی ڕۆماندا دەردەبڕن و خوێنەرانێکی فرەیش، لە ڕۆماندا بۆ خۆ دەگەرێن، چونکە ئەوەی لە ڕۆماندا دێتە دەربڕین و جەڕباندن، بە دەگمەن لە شوێنانی دیدا دەبینرێت، واتە ئەوەی بە ڕۆمان دەگوترێ و لە ڕۆماندا نیشان دەدرێت، بەو شێوەیە لە کایە ئەبستمۆلۆژییەکانی دیدا ناگوترێت و نیشان نادرێت. بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەوانەی ڕوو لە ڕۆمان و دنیای ڕۆمان دەکەن چ وەکو نووسەران و بەهرەداران و ناودارانی ئەو بوارەو چ وەکو خوێنەرانی جددی و پیشەیی ڕۆمان، ڕوو لە زیادییە. واتە نووسین و خوێندنەوەی ڕۆمان وەکو کارێکی جددی پەرەی سەندووەو بووەتە جێی بایەخی بنکەو دام و دەزگا کەلتووری و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و کۆمپانیا وەشانکارییەکانی جیهان و لە پرۆسەی ڕەخنەی سیستماتیکدا شوێنی

تایبەتی بۆ تەرخانکراوە. بۆیە دەبینی هەندێ ڕۆمان لە ماوەیەکی کورت و خێرادا دەنگدانەوەیەکی جیهانی پەیدا دەکەن و نووسەرەکانیان شۆرەتی نێونەتەوەیی پەیدا دەکەن. ئەمەش بۆ خۆی نیشانەیەکی نزیکبوونەوەی هەردوو کەلتووری لۆکاڵی و جیهانییە لێکدی و، بەمەش بەرەبەرە شێوەی ژیانی خەڵکی ڕووی زەوی دەشوبهێتە سەر یەك و لێکدی نزیك دەبێتەوەو ڕۆمان بە زەبری ئەدەبیەتی خۆی خوێنەرانی سەرانسەری دنیا دەدوێنێت، ئەمەش بە قازانجی ڕۆمان دەشکێتەوەو بایەخێکی میتا نەتەوەیی پەیدا دەکات. هەڵبەتە لە ڕۆژگارو سەردەمی تازەدا، بەرهەمێن چیرۆکڤانی هەمیشە دۆزو مەسەلە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی تاکیان کردووە بە خەمی خۆ. ئیدی لە دۆنکیشۆتی سێرڤانتسەوە بیگرە تا هێڵنجی سارتەر و سەد ساڵ تەنیایی مارکیز و ...هتد ڕۆمان مامەڵەی لە تەك تیمەو نێوەرۆك و مەسەلەێن وەکو تەنیایی، بێ ئۆقرەیی مرۆڤ، پووچی و بێ مانایی ژیان، تێك نەکردنەوەی خواست و ئارەزووە مرۆڤانییەکان دەگەڵ واقیعدا و ترسی مرۆڤ لە مەرگ یان بێناسنامەیی.. بەڵام زۆرجار قەپانی فەلسەفە و زانستە جڤاکییەکان، بە حوکمی ماهیەتی ئەکادیمیانەی خۆیان ئەو وردە شتانەی نەخوێندووەتەوەو نەیانتوانیوە وەکو پێویست خۆیان لە قەرەی ڕازە هەرە پەنهانەکانی ناخی مرۆڤ بدەن و کەشفی بکەن. بەڵام ڕۆمان بە پێچەوانەوە هەمیشە خۆی بۆ قوڵاییە بێ بن و نهێنگەکانی دەروونی مرۆڤ کوتاوەو لە هەوڵی کەشفکردنی هونەریانەی ڕازو ڕەمزە بەشەرییەکاندا بووە. یانی بەم پێیە ڕۆمانی جددی وەکو دەقی ئەدەبی، هیچی لە هیچ دەقێکی فەلسەفی و شیکاری دیکە کەمتر نییە و خوێنەری پیشەیی وەکو چۆن بەوپەڕی وردی و جددی دەقێکی فەلسەفی یان شیکاری دەخوێنێتەوە، بەو ئاوایە و زیاریش دەقی ڕۆمان- ڕۆمانی جددی- دەخوێنێتەوە.دەقی ڕۆمان پرۆسەیەکی یەجگار هەستیارە، و دەبێت زۆر بە وردی و وریایی مامەڵە دەگەڵ کەرەستەو پێکهاتە جیاوازەکانیا بکرێت، هەڵبەتە ئەم رەگەزو کەرەستانە، قاڵبی ئامادە نین ، نووسەر تەنیا ئەوەی لە سەربێت، بە شێوەیەکی میکانیکی بیانداتە دەم یەکەوەو سووك و ئاسان دەقیان لێدروست بکات، بەڵکو ئەو رەگەزو کەرەستانە، لە ناو خودی پرۆسە ئەفراندنەوانییەکەوە، چەکەرە و گەشە دەکەن و ڕەوتی خۆ وەردەگرن و زۆرجار لە کۆنترۆڵی خودی

نووسەریش دەردەچن و بە دەم کارلێکێکی هونەری یەجگار وردەوە، ئاوێتەی یەکتر دەبن و لە ئەنجامدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی فلیڤانی، دەقایەتی خۆ ڕادەگەیەنن، دیارە هەر دەقێکی زندوو و بەرجەستە بە دەیان چەمك و مانا ئاوسە، بۆیە ڕاڤەو شرۆڤەو خوێندنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێت و لێرەدا ئەرکی رەخنەگر (خوێنەری پیشەیی) بریتییە لە کەشفکردنی قووڵترین و نهێنیترین لایەنی بونیاد و مانای دەق. هەڵبەتە رەگەزو کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەق، لە ناو دەقدا ناسنامە و تایبەتمەندی و خۆیبوونی خۆ لە دەست دەدەن و بە هەڤڕا و بەدەم پرۆسەی بە دەقبوونەوە، ناسنامەی دەق هەڵدەگرن و لە دەقەکە نایەنە جیاکردنەوە – مەگەر بۆ هەندێ مەبەستی شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی ناچاری- و نە ئەوان لە دەرێی دەقدا دەژین و نە دەق بە بێ ئەوان دەقایەتی خۆی پێ دەپارێزرێت. دیاریشە کە دەقایەتی دەکاتە گیانی دەقەکە، کە لێرەدا مەبەستمان لە دەقی ڕۆمانە. ئاشکراشە هیچ گووراوێك بە بێ گیان زندوویەتی وەرناگرێت. جا لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ بە دیار دەکەوێت کە ڕۆمان ، سەرباری ئەوەی زیاتر سەروکاری دەگەڵ خەون و خەیاڵ و ئەفسانانداییە و خۆی لە هەر شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی دوور دەگرێت. کارێکی زۆر جددییە، بۆیە خوێنەری جددی دەخوازێت و بە زەبری هونەرییەت خۆی لە خوێنەری تەمەڵ و ناجددی دەپارێزێت و لەوە دەرچووە کە بۆ خۆشی و سەرگەرمی و کات بەسەربردن بنووسرێت. هیچ نابێت بە درۆ گەر بگوترێت ڕۆمانی جددی بە ڕادەیەك ڕەواجی پەیداکردوە کە جێی بە دەقە فەلسەفی و شیکارییەکانیش تەنگ کردووە، چونکە ڕۆمان خوێندنەوەیەکی شەخسی و هونەریانەی دیاردەو رووداوەکانی ژیانەو، ڕەنگدانەوەی دید و بۆچوون، هزرین، کەڵکەڵە و ئەڵها، شێوەی ژیان و ئامانجەکانی  سەردەم و بە دەق کردنیانە. کەواتە ڕۆمان لە رۆژگاری ئەمرۆدا گەییوەتە ئاستێك نە نووسەر و نە خوێنەری پیشەیی هیچیان کارەکەی خۆیان بە گەمەو سەرگەرمی و ئەوزاری کات بەسەربردن نازانن.ئەویان لە خەمی بە دەقکردنی وێناو هزرو خوێندنەوەکانی خویەتی و ئەمیان لە دووی ناسینی دنیایەکی جیاواز لە دنیای ئەزموونانی شەخسی و خودی خۆیەتی. بۆیە هەندێ لە هزرڤانان هیچ جیاوازییەك لە نێوان دەقی ڕۆمان و دەقی کارو بەرهەمێن فەلسەفی و

شیکاریدا نابینن و لە روانگەی ئەوانەوە دەقی ڕۆمانیش بە قەد دەقی بەرهەمی فەلسەفی و شیکاری، ئاڵۆزی، ناسکی و، فرە مانایی و فرە دەلالیەتی خۆی هەیە....

"٢"

جا لێرەدا نابێ ڕۆڵی خوێنەریش فەرامۆش بکرێت. خوێنەر وەکو نەوعییەت دەتوانێت ڕۆڵی یەجگار کاریگەر و کارا لە گەشەکردن و نەشونمای ئەدەبیاتدا ببینێت. دەتوانم بڵێم خوێنەری جددی چیوای لە رەخنەگر کەمتر نییە، چونکە خوێنەری چاك و جددی هەرگیز ئەوە لە نووسەر قەبووڵ ناکات بێت بەرهەمێکی بێ پێزی دوور لە دید و بۆچوونی مێژوویی نوێخواز، دوور لە جیهانبینییەکی هونەرییانەی قووڵ دەرهەق- بەلای کەمەوە- ئەو بابەتەی مامەڵە هونەرییەکەی دەگەڵدا دەکات، پێشکەش بکات و کاتی بە فیرۆ بدات.

خوێنەری وریا، بایەخی کاری ئەدەبی هەر لەوەدا نابینێت کە چەند زانیاری تازەی پێدەبەخشێت، چونکە ڕەنگە نووسینێك زانیاری یەجگار وردی دەربارەی ژیان تێدا بێت، وەکو ڕواڵەت وێنەیەکی دەقاو دەقی ژیان بێت و نووسەرەکەشی زۆری پێوە بنازێت.. بەڵام خوێنەری وریاو بە ئاگا، قەناعەت بەمە ناکات، چونکە ئەو هەستەی کاری هونەری و دەقی ئەدەبی نەقڵی دەکات و لای خوێنەر دەیهاڕوژێنێت، زۆر جیاوازە لەو هەستانەی کە ژیانی ئاسایی رۆژانە دەیوروژێنێت. ئەگەر هەستە ئەدەبی و هونەرییەکە گەلەك باڵاتر نەبێت، ئەوا لای خوێنەری وریا ناچێتە خانەی هونەرەوە، بەڵکو دەکاتە جووینەوەو کاوێژکردنەوەیەکی بێهودەی ژیان. خوێنەری بە ئاگا لای عەیانە کە داهێنەر تەنیا کەرەسە خاوەکان لە ژیانەوە وەردەگرێت، تاوتوێیەکی وردی دەکات، هەڵیدەسەنگێنێت و پاشان گووراوێکی تازەو ناسکی لێدروست دەکات و دەخوڵقێنێت، رەگەزەکانی کەرەستە خاوەکان بە جۆرێ لێکدی دەدات و مۆنتاژی دەکات و دەیکات بە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریی ئەوتۆ کە هەرگیز لە رەگەزەکانی جارانی ناچێت.. واتە خوێنەری بە ئاگا بە ئاسانی ڕادەستی دەق نابێت، بەڵکو بە کلیلی تێگەییشتن، قفڵەکانی دەق دەکاتەوە و موناقەشەی جددی دەقەکە دەکات، پاش گوێگرتن

و پرسیارکردن، پاش وەرگرتنی وەڵام ئەوجا هەڵوێستی رەفز یان قبووڵ هەڵدەبژێرێت..

بەڵام سەبارەت بە ئەدەبی کوردی، وێڕای ئەوەی کە خوێنەری جددی و بە ئاگامان کەمە، دەبێ ئەو حەقیقەتە تاڵەش لە بیر نەکەین کە دەقی کوردی لە قەیران و ئاستەنگێکی دژواردایە، هەندێجار وادێتە بەرچاو لە کوێرە کۆڵانێکدا گیرۆدە بووە. هەڵبەتە ئاستەنگەکەش پتر ئاستەنگ و قاتی هوشیاریی نووسەرانە، قاتی و ئاستەنگی جیهانبینی و زمانە لەلای زۆربەیان. دیارە غیابی مەعناو چەمکی قووڵ و خەیاڵی ناسکیش دەگرێتەوەو...ئاشکراشە هەر دەقێك لە خەون و خەیاڵی قووڵ و دەوڵەمەند دابڕا، مردار دەبێتەوە. بۆیە سەیر دەکەین زۆر دەقمان، تەمەنیان لەو چەند ساتانە تێناپەڕێت کە خوێنەرێکی تەمەڵ بۆ بێتاقەتی دەیخوێنێتەوە.

هەڵبەتە لە دنیادا، ژمارەی خوێنەرانی ڕۆمان، لە سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕۆماندا، کەم بووە، سنووورداری خوێنەواری، نەبوون یان کەمی وەخت و دەسکورتی، فاکتەر و هۆبوون بۆ ئەو دیاردەیە. زیاتر خەڵکی بۆرژوای شارنشینی ئەوروپا چ لە ڕووی خوێنەواری و چ لە ڕووی کات و چ لە ڕووی داراییەوە، توانایان بەسەر کاری خوێندنەوەدا شکاوەو هەڵبەتە بە شێکی بەرچاوی ژنانی خوێنەواری شاریش هەواداری خوێندنەوەی ڕۆمان بوون و لە ڕۆماندا بۆ خۆیان و نهێنییەکانی ژیانی خۆیان گەڕاون،جا نووسەرەکانیش بە حوکمی ئەوەی سەر بە هەمان چینی کۆمەڵایەتی خوێنەرەکانیان بوون و لەوانەوە نزیك بوون، هونەرمەندانە پەردەیان لەسەر جیهانی زەینییەتی ئەوان لادەداو هێندەی دی ڕمووودەی خوێندنەوەیان دەکردن. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی قارەمانان و کاراکتەرانی ڕۆمانانی وەکو رۆبینسۆن کرۆزۆ و تۆم جۆنز و بابا گۆریۆ..هتد بدەی دەبینی هەمان خەڵکانی سەر بە چینی بۆرژوان و بە سەرهات و خولیاو خەمەکانیان، کەم و زۆر هەمان بەسەرهات و خولیاو خەمن کە لەگینە لە ژیانی رۆژانەی خەڵکانی بۆرژوادا ڕوودەن و هەبن. تیمە و نێوەرۆکی وەکو ڤیان، ئاشقێنی، بشێوێنی و ناکۆکی خانەوادەیی، سەرکەوتن و دەسکەوتی کوت و پڕ و، سەفەر بۆ شوێنانی عەجیب و غەریب، هێندەی دی ڕۆمانەکانی

لە لای خێڵی خوێنەری ژن شیرین دەکرد. ڕۆمانەکانی دیفۆ، فیلدینگ، بالزاك و ستاندالّ بە زۆری بەم سیاقە هاتوونەتە نووسین. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە، گۆڕانێکی یەجگار گەورەی سیاسی و ئابوری ،پیشەسازی و کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی و ئەبستمۆلۆژی شارستانی و، ژیاریی لە ژیانی تیرەی بەشەردا ڕووی دا و ئەم گۆڕانە، جەماوەری خوێنەرانیشی لە هەردوو ئاستی چەندیەتی و چۆنیەتیدا گرتەوە. ئیدی خوێنەواری لە نێو زۆربەی توێژو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەوە، نووسین و خوێندنەوە لەوە دەرچوو هەر لە چوارچێوەی یەك چینی کۆمەڵایەتی بمێنێتەوەو قەتیس بمێنێت. ئاستی بژێوی و دارایی چینەکانی کۆمەڵگە باشتر بوو، و ئیدی خەڵکانێکی زۆر، بە تایبەتی جەماوەری شارنشین ئیمکان و دەرفەتی کتێب خوێندنەوەیان بۆ ڕەخساو خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردە خوێندنەوەی ڕۆمان. ئەمە جگە لەوەی ڕۆشنبیرانێکی زۆری سەر بە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەش ڕوویان کردە نووسینی ڕۆمان، شانبەشانی ڕۆشنبیرانی چینی بۆرژوا، ڕۆشنبیرانی سەر بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەو ئوروستۆکراتان و ڕادیکالانی شۆرشگێڕیش خوویان دایە ڕۆماننووسی و کردیان بە پیشەی خۆ ، ئەوە بوو زۆلا و دۆستۆیفسکی و تۆلستۆی و ..هتد هاتنە مەیدان و کەوتنە باس و هونەراندنی ژیانی کرێکاران، هەژاران، چەوساوان و جووتیاران و... ئەم نووسەرانە بە پێچەوانەی نووسەرانی سەردەمانی پێشوو، سەر بە چینی کۆمەڵایەتی جیاواز بوون..

لە سەدەی بیستەمدا لە سایەی بڵاو بوونەوەی خوێنەواری لە نێو هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی دارایی و بژێوی خەڵك و جێگیریی باری ئابووری و سەقامگیربوونی بەرە بەرەی سیستەمی خۆشگوزەرانی، بە تایبەتی لە رۆژاوادا، ئیدی رۆماننووسی و رۆمانخوێنی بوو بە دیاردەیەکی ئیقلیمگیر و ڕۆڵەی گشت توێژە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەت و توانای خوێندنەوەی کتێبانیان بۆ رەخساو خەڵکی بە لێشاو روویان کردە خوێندنەوەی ڕۆمان و ئیدی ئەدەبیات بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی لە زانستگەکاندا لە ئاستێن زمانی و هونەری و کۆمەڵایەتییەوە دەخوێنرا. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا ڕۆمان لە ڕێگەی دەسەڵاتی مۆدێرنیتەو کۆشش و چالاکی ڕۆشنبیرانی دەرچووی زانستگاکانی ڕۆژاواوە و لە ڕێگەی کەناڵە

ڕۆشنبیرییەکانی ئەوروپاوە، لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەوەو ڕەواجێکی پەیدا کرد، لە پێشدا لە نێو چینی مۆدرینی وردە بۆرژوای تازە پیاکەوتووی فەمانبەران و دەرچووانی زانکۆیی وەك پزیشکان و ئەندازیاراندا بڵاوبووەوەو پاشان زوو بە زوو لە نێو گەنجان، خوێندکاران و ژنانی خوێندەواردا بڵاوبووەوە. ئیدی بەرەبەرە نووسەرانی ڕۆمانیش پەیدا بوون.. بەڵام وێڕای ئەم هەموو گۆڕان و گۆڕانکارییانە هێشتا لە کوردەواری خۆماندا ڕۆماننووسی و ڕۆمانخوێنی لە سەرەتادایە ونەبووە بە ڕەسم و باوێکی گشتی و خەڵکانێکی زۆر لە خێڵی ژنان، دێهاتییان و، شارنشینانی کەم دەرامەت و نیمچە خوێنەوار و کەم سیوات، بە ڕۆمان و دنیای ڕۆمان بێگانەن و تەنانەت لە نێو توێژە خوێنەوارو دەوڵەمەندە شارنشینەکانیش ڕۆمانخوێنی وەکو پێویست نەبووە بە باو و زۆرجار لە تەمەنی گەنجیدا و هەر بۆ خۆنواندن چەند ڕۆمانێك دەخوێننەوەو ئیدی تەرکی دەکەن...

بە هەرحاڵ ڕۆمان وەکو دیاردەیەکی مۆدرێن و ئەوروپازادە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بوو بە جیهانگیرترین دیاردەو لە سەرانسەری دنیادا، کەم و زۆر رەواج و برەوی پەیداکرد و، لە لایەن خەڵکییەوە نەك هەر پێشوازی گەرمی لێکرا، بەڵکو بە چاولێکەری ڕۆژاواو بە نەفەسی خۆماڵی و لۆکاڵییەوە کەوتنە بەرهەمهێنانەوەی و لە زۆر وڵاتی دنیای نە ئەوروپاییدا بووە بە دیاردەیەکی خۆماڵی و لۆکاڵی و ڕۆماننووسان بە دوور لە لاسایی کردنەوەی نووسەرانی ڕۆژاوایی، قسەی دڵی خۆیان لە قاڵبی ڕۆمانانێکدا دەخەنە روو، کە تا ڕادەیەکی زۆر شەقڵ و مۆرکی خۆماڵییان وەرگرتووەو لە ڕووی ئیستاتیکییەوە لەوە دەرچوون کە لاسایی کردنەوەو کۆپی مووبە مووی ڕۆمانی ئەوروپایی بن..

یەکێك لەو هۆیانەی کە بووەتە مایەی ئەوەی لە هەموو دنیادا بە گەرمی پێشوازی لە ڕۆمان بکرێت و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە دیاردەیەکی جیهانی بێتە ژماردن، ئەوەیە کە لە سەرەتای بڵاو بوونیەوە، لە ناو هیچ کۆمەڵگەیەکدا دیاردەیەکی تەواو نامۆ و بیانی نەبووە. هەر کۆمەڵگەیەك بگریت دابی حیکایەت و نەقڵبێژی و ئەفسانەگۆیی خۆی ( چ لێڤکی و چ نڤیسکی) هەبووە. هەڵبەتە ئەم دابە لە ڕۆماننووسی جیایە، ڕۆمان بە

پێچەوانەی حیکایەت و نەقڵ و نەزیلەو ئەفسانەوە، قاڵب و کلێشەی ئامادەو پێشوەختەی نییە تا هەموو جارێك بە هەمان شێوەو فۆرمی پێشوو بگێڕدرێتەوە، بەڵکو چیرۆکێکە پێویستە لە هەر سەردەم و رۆژگارێکدا بە شێوەیەکی تازەو داهێنەرانە لە لایەن نووسەرێکەوە بئافەرێنرێت و جێ دەستی ئەو نووسەرەی پێوە دیاربێت. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ڕەگەزی حیکایەتەوانی یەکێکە لە کۆڵەگەکانی ڕۆمان. بۆیە زۆر ئاساییە لە نووسینی ڕۆماندا سوود لە فۆرم و بونیادی حیکایەت و ئەفسانان وەربگیرێت و چیرۆکێکی تازەو پڕداهێنانی لەسەر ڕۆبنرێت. بێگومان ڕۆمان وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن تەکنیکی مۆدێرن دەخوازێت و پێویستە تەکنیکی خۆی بەرهەم بهێنێت، چونکە لە دەرێی تەکنیکدا لە ڕۆمانییەت دەکەوێت...

هەڵبەتە لە سەردەمی تازەو هاوچەرخدا، بە تایبەتی لە سەدەی بیستەمدا کە سیستەمی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزم و گلۆبالیزە باڵ بەسەر هەموو دنیادا دەکێشێت و سیستەمی ژیان و کارو پەیوەندییە مادی و مەعنەوییەکان دەگۆڕێت و لە هیچ بوارێکی ژیانی وەکو کار، سەرگەرمی، ژیانی خانەوادەیی، ململانێی کۆمەڵایەتی، چالاکی سیاسی و کاری شارستانی و کەلتووریدا، ئەو یەکێتیی و تەباییەی جاران نامێنێت و جۆرە سستی و بۆشاییەك دەکەوێتە ژیانی بەشەرانەوەو پیاو ناتوانێت هەموو کایەکانی ژیانی جڤاکی و ڕەمز و ڕازەکانی ژیان و جیهان بجەڕبێنێت و تاقی بکاتەوە، ئیدی ڕۆمان ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوەو مرۆڤ بە دنیای جڤاکی دەورو بەری خۆی و ڕازو ڕەمزەکانی ئاشنا دەکات و ئەمە دەکاتە کارێك کە ڕۆمان پێگەیەکی گرینگ لە ژیانی مۆدێرندا بە دەست بێنێت و پەیدا بکات. بۆیە دەبینین ڕۆمان لە سەدەی بیستەمدا بووە بە دیاردەیەکی ئیقلیمگیر و جیهانی..

"٣"

تەنیایی و هەستی غوربەت و تەنیایی و سنووورداری پەیوەندییە مادی و مەعنەوییەکان، لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی سەردەمی تازەو مۆدێرنە. تاك بە ڕادەیەك لە بازنەی تەنگی ژیانی شەخسیدا قەتیس دەمێنێت کە تەواو لە ژیانی کۆمەڵایەتی دادەبڕێت و وەکو جۆرە بێگارێك مومارەسەی ژیان

دەکات. ئیدی کارو ژیانی لە لادەبێت بە خوو وبە عادەت. هەنگێ تاك ناچارە دەگەڵ بچووکی و بێ مانایی ژیانی خۆیدا بسازێت..یانی بە کورتی و بە کوردی گوشاری سیستەمی سەردەمی مۆدێرنیتە تاك دەخزێنێتە زندانی تەنیایی خۆیەوەو جگە لە چمکێکی بچووکی ژیان و پەیوەندییە جڤاکییەکانی خۆی هیچی دی نابینێت. دیارە تاك لەم حاڵەتەدا وەکو بوونەوەرێکی بە تەبیعەت کۆمەڵایەتی بۆ دەروویەك ، دەلاقەیەك، پەنجەرەیەك دەگەرێت کە جگە لە خۆی و ئەزموونی خودی خۆی، خەڵکی و ئەزموونی ژیانی خەڵکیش بدینێت. جا لەم حاڵەتەدا ڕۆمان دەوری ئەو دەلاقەیە دەبینێت و تاك لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی زهنی، خەیاڵی و ناڕاستەوخۆش بێت، دەتوانێت هەندێ شت بجەربێنێت کە لە ژیانی شەخسی خۆیدا کەمتر ڕوو دەدەن، واتە بە حوکمی ئەوەی ڕۆمان پاچڤەو تاقیگەی ژیانە، تاك دەرفەت و دەلیڤەی ئەوەی بۆ دەرەخسێت کە ببێت بە شەریکی ئەزموونی ژیانی خەڵکانی دیکەو سوود لە سەرمایەی ژیانی کۆمەڵگەو مێژوو وەربگرێت ، چونکە ڕۆمان وەکو هونەرەکانی دیکەو بگرە زیاتر و قووڵتریش رەنگدانەوەی هەڵوێستە مرۆڤانییەکانە، ڕۆمان ڕوبارێکە ژیانی بە هەموو مانای ژیان پێدا دەڕوات، واتە ڕۆمان قاڵبێکە ژیانی بە هەموو ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە لە خۆدا هەڵگرتووە، سەندووقی نهێنییانە، نهێنییەکانی ژیان، بۆیە خوێندنەوەی ڕۆمان بە جۆرە قەرەبوویەکی زهنی وخەیاڵی و ناراستەوخۆی تەنیایی و گۆشەگیری و سنوورداری پەیوەندییەکانی تاکی سەردەمی مۆدێرنیتە دەژمێردرێت.. یانی بە کورت و کرمانجی وەختێ تاك ڕوو دەکاتە ڕۆمان و خوێندەوەی ڕۆمان، بە شێوەیەکی زەینی، ئەو شتانە دەجەڕبێنێت کە لە مەیدانانی ژیانی کۆمەڵایەتی مۆدێرندا دەستی نایانگاتێ و لێی بێ بەشە. کەواتە ڕۆمان ڕۆڵی ڕیشازۆکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت. ڕۆمان یارمەتی خەڵکی دەدات کە خۆ دەگەڵ دنیای جەنجاڵ و فرە لایەن و هەزارتوێ و نەسرەوت و لە حاڵی هەمیشە گۆڕاندا بگونجێنن. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ڕۆمان تاقە بواری ئەفراندنی ئەدەبییە کە نە وەکو فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان لایەنی ئەقڵانییەتی تەواوی گرتبێت و ئەقڵاوی بووبێت و نە وەکو شیعر و ئەفسانان ژیانێکی سەربەخۆی

دوور لە ژیانی پراکتیکی و رۆژانەی ئینسانی هەبێت، بۆیە پڕ بە پێستی سیستەمی مۆدرێنی ژیانەو خەڵکانێکی یەجگار زۆر لە سەرانسەری دنیادا هۆگرو متووی بوون...بەڵام لەو وڵات و کۆمەڵگایانەدا کە هێشتا مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزم و گلۆبالیزە، بە تەواوەتی هەموو کون و کەلەبەرێکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەنیوە و شێوەی هزرین و بیرکردنەوەی خەڵکی کۆنترۆڵ نەکردووە، کە کوردەواری خۆمان یەکێکە لەو کۆمەڵگانە، ڕۆمان ، چ وەکو نووسین و چ وەکو خوێندنەوە، ڕەواج و بازارێکی بەرچاو وگەرمی نییە. ئەمە جگە لە فاکتەرێن دیکەی مینا نابەڵەدی و کەم شارەزایی ڕۆماننووسان لە هونەرو تەکنیکی ڕۆماننووسی و چیرۆکڤانی، نەخوێنەواری و کەم خوێنەواری خەڵکی، هەژاری و دەسکورتی و نۆڕینی تەقلیدی بۆ ژیان کردویانەتە کارێك کە خوێندنەوە بە گشتی و خوێندنەوەی ڕۆمان بە تایبەتی، لە ئاستێکی بەرین و جەماوەریدا، نەبێت بە باو..هەروەها ڕۆماننووسانیش زیاتر ئەو بۆرژواو وردە بۆژواو شارنشینانەن کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆدا تا ڕادەیەکی باش سەرو کاریان دەگەڵ هزرینی مۆدرێندا پەیدا کردووە..

بەهەرحاڵ ئەگەر بشێت لە خەومای جەمیل سائیب- هەڵبەتە سەبارەت بە باشوری کوردستان- بە یەکەمین هەوڵی رۆماننووسی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا دابنرێت ،ئەوا مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی هێشتا سەدەیەکی پڕ نەکردووەتەوە..هەرچەندە ڕۆمانی کوردی لە ماوەی ئەم سەدەیەدا یەك نەفەس و بێ پسانەوە بەردەوام نەبووە، بەڵام کەم و زۆر لێرەو لەوێ هەوڵی ڕۆماننووسی، ئەگەر بە پچڕ پچڕیش بووبێ هەر هەبووە، بەڵام ژمارەی ئەو ڕۆمانانەی کە سەنگی ڕۆمانەوانی تەواویان هەبووە و شۆرەت و نێوبانگی نەتەوەییان پەیداکردووە و بوونەتە مایەی بایەخی ڕەخنەگران و ،خوێنەری زۆریان لە خۆ خڕکردووەتەوە یەجگار کەمن.هەڵبەتە دەبێت لەمپەری زمانیش فەرامۆش نەکرێت، کورد زمانێکی ئەدەبی ستانداردی نییە، رێنووسێکی یەکگرتووی نییە، بە دەگمەن بەرهەمی نووسراوی ناوچەیەك لە ناوچەیەکی دی دەخوێنرێتەوە. تا چەند ساڵێك لەمەپێش سانسۆر و سنووری دەسکرد رێگەی هیچ تەماسێکی رۆشنبیریی لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا نەدەدا و پاش ئەوەی کۆمەڵێك

دەستکەوتی تەکنۆلۆژی وەکو سەتلایت و ئینتەرنێت و ..هتد هاتە ئاراوەو خۆ بە خۆ ئەفسانەو سیحری سنوورە دەسکردەکانی بە تاڵ کردەوە، دەبینین خۆمان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ڕۆشنبیریی نەتەوەییدا نین و نەمانتوانیوە وەکو پێویست، ئەو دەسکەوتە تەکنۆلۆژیانە بە قازانجی خۆمان بەکاربێنین.. ئەمە جگە لەوەی زمانی کوردی تا چەند ساڵێك لەمە پێش زیاتر خۆی لە شیعردا دەنواند و تا ئەمرۆش ژانری هەرە باوی ئەدەبیمان شیعرە..بەڵام حاڵی حازر ڕۆمان چ وەکو پاچڤە، چ وەکو نووسین و چ وەکو خوێندنەوە، لە کوردستاندا تا ڕادەیەك جوڵاوەو تا دەسەڵات و پەیوەندییێن مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزم زیاترو زاڵتر بێت، ئەنگێزەی ڕۆماننووسی و ڕۆمانخوێنی لەلای خەڵکی زیاتر و زاڵتر دەبێت. گوشاری سیستەمی مۆدێرنیتە تاك لە زندانی خودی خۆی و جیهانی تەنگی ژیانی تایبەتی خۆی دەپەستێت و تەنیا و گۆشەگیری دەکات و لەم هەل و مەرج وەزع و حاڵەدا ڕۆمان و خوێندنەوەی ڕۆمان دەرفەت و دەلیڤەی جەڕباندنی زهنی دیاردەو ڕووداوەکانی بۆ فەراهەم دەکات و دەڕەخسێنێت.بۆیە ڕۆمان لەم حاڵەدا سەنگ و ئیحتوبارێکی زیاتر پەیدا دەکات و جێگە بە شیعر وەکو ژانری سەرەکی دەربڕینی هەست و ئەزموونان، لێژ دەکات و پاشەکشەی پێدەکات..

بۆ زانیـــــــــــــاری زیاتـــــــــــر بڕوانە:


*- نامەهایی بە یك نویسندە جوان/ ماریو بارگاس یوسا/ ترجمە رامین مولایی/ چاپ دوم/ ١٣٨٩/ نشر مروارید.

*- نظریة رمان و ویژگیهای رومان فارسی/ محمد رفیع محمودیان/ چاپ دوم/ ١٣٨٧/ نشر پژوهش فرزان روز/ تهران

*- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك / حەمەکەریم عارف/ چ ١/ ٢٠٠٨/ کەرکوك، چاپخانەی ئارابخا..

*- گیورگ لوکاچ / رمان تاریخی/ ترجمە امید مهرگان/ نشر پالپ/ چاپ اول/ ١٣٨٨

## هونەرییەتی ڕۆمان

"١"

ڕۆمان دەقێکی یەکدەست نییە کە لە هەوەڵەوە تا کۆتایی لە یەك ڕەگەز پێکهاتبێت. بەڵکو لە جۆرەها ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە کە هەر یەکێك لەو ڕەگەزانە، تایبەتمەندی خۆی هەیە..دەکرێت زمان، تەرزی دەربرینی ڕووداوەکان، ڕووداو و شێوازی گێڕانەوەی بابەت و مەسەلەکان بە ڕەگەزی زۆر گرینگی ڕۆمان بێنە ژماردن.دیارە ئەم ڕەگەزانە خۆ بەخۆ و بە شێوەیەکی ئاسایی یەك ناگرنەوەو، دەگەڵ یەکدا ناگونجێن. هەر یەکەیان

ڕەگ و ریشەو بونیاد و دینامیکیەتی تایبەتی خۆی هەیە. زمان ڕەگەزێکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، ئاستێکی دینامیکی باڵای هەیە، دەشێت هەر خۆی، بە تەنیا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. شێواز، هەچەندە بە تەنیاو خۆ بەخۆیی ناکاتە ڕەگەزێکی سەربەخۆ و زندوو و بەدەم گێڕانەوەی ڕووداوەکەوە مەوزوعییەت پەیدا دەکات، بەڵام ئەوەندەی دینامیکیەت تیایە کە بتوانێت کار لە شێوەی گێڕانەوەی بەشەکانی ڕووداوەکە و لە ئەنجامدا کار لە بونیادی ڕووداوەکە بکات. ڕووداو سەرەکیترین ودینامیکیترین ڕەگەزی ڕۆمانە. نووسەر بە مەبەستی گێرانەوەی ڕووداو، ڕۆمانەکە دەنووسێت.زمان و شێواز،گیان و رۆح بە ڕووداو دەبەخشن. بەڵام ڕووداو دەبێت جۆرە گونجان و هاوئاهەنگیەکی سەرەتایی تێدا بێت، چونکە بەبێ ئەو گونجان و هاوئاهەنگییە ڕۆمان نایەتە ئەفراندن و هونەرییەت وەرناگرێت..یانی بەم پێودانگە رەگەزەکانی رۆمان بە ئاسانی دەسبەرداری خۆیبوونی خۆ نابن. نووسەر لە سەرێتی بێت ئەو ڕەگەزانە بە جۆرێ لێکدی بدات کە یەکدی تەواو بکەن و لە ئەنجامدا لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستەی بکات. دیارە ئەمەش تواناو بەهرەو وەستایەتی و دەسترەنگینییەکی زۆر گەورەی دەوێت، سەرکەوتنی نووسەریش لەم بوارەدا هەمیشە ڕێژەییە. چونکە گەمەی زمانەوانی ڕۆمان، ئەو ڕووداوەی لە مەتنی ڕۆماندا دێتە گێڕانەوەو، تەرزو تەکنیك و شێوازی گێڕانەوەی ڕووداو، هەر هەموویان ڕەگەزی سەربەخۆن و هیچیان نابن بەوی تر، بۆیە زاڵی هەر ڕەگەزێکیان، هاوسەنگی و گونجانی دەقی ڕۆمانەکە دەشێوێنێ و سەنگەلای دەکات..ڕۆمان بۆ خۆی دنیایەکی زۆر دەوڵەمەند و فرە ئامانج و مەبەستە لە لایەکەوە گێڕانەوەیەکی چیرۆکڤانییە، گێڕانەوەیەك کە ئافەریدەی زەین و قەڵەمی نووسەرێکی دیاریکراوە. نووسەر بە گوێرەی حەزی خۆی فۆرمالیتەی دەکات و شێوەو فۆرمی پێدەبەخشێت. لە مەسەلەی هەڵبژاردنی زمان، کاراکتەران، ڕووداو و، شێوازی گێڕانەوە، بابەت و مەسەلەکان، تا ڕادەیەکی زۆر ئازاد و دەستکراوەیە. بەڵام ڕۆمان، لەلایەکی ترەوە وێنەیەکی ڕیالیستی ڕووداو وبۆیەرەکان نیشان دەدات و بەرجەستە دەکات. رۆمان گێڕانەوەیەکی چیرۆکڤانی بابەت و ڕووداوەکانی ژیانی رۆژانەی واقیعی مرۆڤە. خەیاڵی رووت یان وێنەێن زەینی پەتی لە ڕۆماندا جێی نابێتەوە، جێگایەکی زۆر

پەراوێزیی دەبێت، ئەگەر زیان بە ڕەوتی دەقی ڕۆمانەکە نەگەیەنێت، قازانجیشی پێناگەیەنێت. بۆیە نووسەر ناتوانێت هەرچییەکی بە خەیاڵ هات، بینوسێت و ڕۆمانەکەی بکات بە قوتووی عەتار، دەبێ هەمیشە واقعیەتی ژیان ڕەچاو بکات. یانی بەم پێیە ئازادی وی لە هەڵبژاردنی زمان و شێوازی چیرۆکیشدا سنووردارە. هەڵبەتە زمان و شێواز بۆ خۆیان هەن. زۆر بە ئاسانیش خۆ بە دەستەوە نادەن، بۆیە نووسەر ئەگەر بشتوانێت سووکە گۆڕانێك لە زمان وشێوازی ئەدەبی باودا بکات، ناتوانێت زمان و شێوازێکی سەدی سەد تازەو مۆدێرن بخولقێنێت. چونکە گەمەی زمانیش سنوورداری مێژوویی خۆی هەیە و لە هەر ڕۆژگارو سەردەمێکدا شێوەیەکی تایبەتی زمان و شێواز دێتە جەڕباندن و تاقیکردنەوە. لە بواری پراکتیکیدا، مێژوو و سوننەت و کەلەپوری وەخت، سنوورو مەرزی هەڵبژاردنەکانی نووسەر دیاری دەکات. ڕۆمان بۆ نووسەر هەم گەمەیەکی زمانەوانی و جەڕباندنی شێوازێکی دیاریکراوە، هەم گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتێکە. دیارە هەر چیرۆك و بەسەرهاتێك، تا ڕادەیەك شێوازو زمانی تایبەتی خۆی دەوێت، بەڵام نووسەر ناچار نییە هەر دەبێ پەیرەوی ڕێساکانی گەمەی زمان بکات. دەتوانێت دەستبداتە نوێکاری و چیرۆك و سەربهووردەکە بە شێوازو زمانێك بگێڕێتەوە کە دەگەڵ بونیادی گشتی چیرۆکەکدا تێك نەکاتەوە. جا لەم حاڵەتەدا ڕەنگە خوێنەر ئەمە بخاتە خانەی هەندێ مەبەستی وەکو گەمەکردن بە ڕەگەزەکانی ڕۆمان، پاکانەی ئەوە بۆ نووسەر بکات کە گوایە ویستوویەتی گەمە بە ڕەگەزەکانی ڕۆمان بکات. بە هەرحاڵ ڕاستە نووسەر ئازادە کە بە کەیفی دڵی خۆی چیرۆکێك بگێڕێتەوە، بەڵام دەبێ ئاگای لە کاردانەوەی خوێنەریش هەبێت دەربارەی ئەو نووسین و گێڕانەوەیە.لە ڕۆماندا، ئازادی ئەفراندن و داهێنان، هەمیشە ڕوو بە ڕووی جۆرە سنووردارییەك دەبێتەوە. نووسەری ڕۆمان، وەختێ ڕۆمان دەنووسێت، بە گژ هەموو جۆرە سنووردارییەکاندا دەچێت. ئیدی سەرکەوتن و جوانی ڕۆمانەکە لەمەدایە کە ئەم بە گژاچوونە، ئەم خەباتە تا ڕادەیەك توندو هەمەلایەنەیە. کەواتە نووسەر لە نێوان دوو جەمسەری ئازادی و سنووورداریدا مامەڵە دەگەڵ کەرەستەو ڕەگەزە ڕۆمانەوانییەکاندا دەکات. لە سەرێتی جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا ڕابگرێت،

هەرکاتێ نووسەر لەسەر بنەمای یەکێك لەو دوو جەمسەرە چیرۆکێك بنووسێت ئیدی بەرهەمەکەی سەنگەلا دەبێت، لە ڕۆمانی دەکەوێت، دەبێ بە شتێکی دیکە. نووسینەکەی یان دەبێت بە بەرهەمێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی، یان بەرهەمێکی دیکۆمێنتاری و ناچیرۆکڤانی.بۆیە نووسەر لەسەریێتی بە دەم کارو پرۆسەی داهێنانەوە جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان هەردوو جەمسەری ناڤبریدا ڕابگرێت و بپارێزێت..

هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە رەگەزەکانی ڕۆمان، رەگەزی فرەلایەنن و لێکدی جیاوازن و هاوئاهەنگی و گونجانێکی خۆ بە خۆییان لە نێواندا نییە، کە ئەمە خۆ بەخۆ لە ڕۆمانیشدا رەنگ دەداتەوە، جۆرە پچڕ پچڕی و نەگونجانێکی پێدەبەخشێت. بۆ نموونە رەگەزی زمان، لە لایەکەوە رەگەزێکی مەوزوعییە و لە ڕوانگەی نووسەرەوە یان وتیارەوە (راوی) کە ڕاستەو خۆ لە نووسینەکەدا حوزوور و ئامادەگیان هەیە، ڕووداوێك یان سەربهووردێك دەگێڕێتەوە و لە لایەکی ترەوە زمانی کاراکتەرانی جیاوازە، کاراکتەرانێك کە هەر یەکەیان بە زمانی تایبەتی خۆیان قسان دەکەن. جا لێرەدا دەکرێت بوترێ رۆمان مەکۆی ئامادەبوون و دیالۆگی زمانانی جیاوازە...

"٢"

باسی گێڕانەوەی رووداومان کرد، دیارە رووداو لە ژیانی رۆژانەدا، بە یەك شێوەی چوونیەك روو نادەن.ئەوەی ئێمە بە یەك رووداوی دیاریکراوی دەزانین، لە بنەچەدا کۆمەڵێك وردە رووداوی لێکدابڕاون و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا نییە. ئێمە دێین لە زەینی خۆماندا ئەم وردە رووداوانە مۆنتاژ دەکەین و هەنگێ ناسنامەی یەك رووداوی دیاریکراوی دەدەینێ. بەم پێودانگە هیچ دوور نییە ئەو واقیعەی ڕۆمان بەرجەسەی دەکات بریتی بێت لە کۆمەڵێك کاراکتەر و رووداوێن جیاواز و ئاڵۆز و پچڕ پچڕ و دوور لە یەکتری..

یانی بەم پێیە مەرج نییە شێوازی نووسینی رۆمانیش یەك شێوازی یەکدەست بێت، وەکو چۆن رۆمان وەکو دەق لە چەند رەگەزێك پێکهاتووە، بەو ئاوایە وەکو ڕۆمانیش، وەکو گێڕانەوەش بریتییە لە چەند بەشێك. ئەم

بەشانە بریتین لە شرۆڤەی بابەتی ئەتمۆسفیری گشتی چیرۆکەکە کە دەکاتە شوێن و کاتی ڕووداوی ڕووداو و سەربووروەکە و گێڕانەوەی گفتوگۆی کاراکتەرەکان و دەربڕینی هەست هزرینی کاراکتەرەکان. دەکرێت هەر یەکێك لەم بەشانە بە شێوازێك بێنە گێڕانەوە. دەتوانرێت ڕووداوەکان بە شێوەیەکی بابەتی ریالیستی بگێڕدرێتەوە، گفتۆگۆکان بە شێوەی قسانی خەیاڵئامێز و پچڕپچڕ بێتە گێڕانەوەو، هەست و هزرینی قارەمان و کاراکتەرەکان بە شێوەیەکی سوریالیستی بەرجەستە بکرێت.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕۆمان هیچ چوارچێوەیەکی نییە و لە دەرێی هەر چوارچێوەیەکدایە. لە هەموو رۆمانێکدا جۆرە سنوور و کەوشەن و چوارچێوەیەك هەیە کە بەشەکانی بە جۆرێکی هونەریی ئەوتۆ پێکەوە گرێیدات کە قابیلی تێگەییشتن بێت و بشێت ناوی ڕۆمانی لێبنرێت. هەر نووسینێکی چیرۆکڤانی، کاتێ بە رۆمان دێتە ژماردن کە ڕووداو و چیرۆك و بەسەرهاتێکی دوور و درێژ و ئاڵۆزی یەکگرتوو بگێڕێتەوە. بۆیە کەمترین پچڕان و درزی زەق و ئاشکرا، هەر نووسینێکی چیرۆکڤانی لە ڕۆمانیەتی دەخات و دەیکات بە شتێکی دی، بە دیاردەیەکی دی، ڕەنگە بیکات بە کۆمەڵێك چیرۆکی کورت، بە چەند کۆپلەیەکی ئەدەبی سەر بەخۆ، یان چەند راپۆرێکی خەیاڵی. ئەمجۆرە پچڕان و درزە زەقە، دەق لە جوانی و هونەرییەت دوور دەخاتەوە. هەم خوێنەر و هەم نووسەر تووشی سەرەگێژکێ دەکات. لە لایەکەوە خوێنەر ناتوانێت دەقێکی شاش و پچڕ پچڕ و لێکدابڕاو وەکو گێڕانەوەیەکی چیرۆکڤانی زندوو و سەرنجڕاکێش و هونەری بە تاسەوە بخوێنێتەوە و لە لایەکی تریشەوە نووسەر ناتوانێت داهێنانەکەی خۆی بە بالاترین شێوە ، واتە لە ئاستی خولقاندنی ئەلتەرناتیفی ژیاندا، بەرجەستە بکات و لە میانەی ئەو کارەوە پەیام و گوتاری خۆی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە..

بۆیە نووسەر لە سەرێتی، کە جۆرە یەکێتیی وهاوئاهەنگییەك بە گێڕانەوەکەی خۆی ببخشێت. چونکە هەر پچڕان و درز و بۆشایی و شاشییەك لە دەقی گێڕنەوەکەدا هەبێت، خۆێنەر لە دەقەکە و لە ڕۆمانەکە تەوەلا دەکات و لە خوێندنەوەو بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی دەتۆرێنێت..جا بۆ ئەوەی خوێنەر هەر بەشێکی چیرۆکەکە بە ئارەزووی خۆی و لە دەرێی دەقەکەدا ڕاڤەو شرۆڤە نەکات، نووسەر لە سەرێتی هەر هەموو بەشەکانی

دەقەکە لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەکپارچەی یەکگرتوودا هونەریانە مۆنتاژ بکات و وەستایانە بیانداتە دەم یەکەوەو بە جۆرێ لە بۆتەی دەقەکەدا قاڵیان بکاتەوە کە هیچ بەشێکیان لەسەر حیسابی بەشێکی دی یان بەشەکانی دی زەق نەبێتەوەو خۆیبوونی خۆی وەرنەگرێت، واتە لەو مەرام و مەبەستە گشتییە دەرنەچێت کە نووسەر گەرەکیەتی هونەریانە بەرجەستەی بکات..یانی نووسەر هیچ چارێکی نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە هەر بەشێکی نووسین و دەقەکەی بداتە دەم بەشێکی ترەوەو هەر بەشێکی بە جۆرێ بەرجەستە بکات، تەنیا لە چوارچێوەی گشتی چیرۆکەکەدا و وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بێتە دەرککردن. یانی ناچارە رەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕۆمانەکە، لە یەکدا قاڵ بکات و هەقی هەر رەگەزێك بە تەواوەتی بدات تا نووسینەکەی لە چوارچێوە گشتییەکەی خۆیدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچە بێتە فامکردن و وەکو گەمەیەکی زمانەوانی، لە شێوەی هەواڵێکی واقیعبینانە دەربارەی رووداوێك یان ئەزموونێکی کاری نووسین، لە لای خوێنەر ماناو چەمك پەیدا بکات.هەر درێغییەکی نووسەر لەمبارەیەوە دەکاتە کارێك کە خوێنەر یەکێك لە رەگەزەکان بە خەسڵەتی سەرەکی و ناسنامەی دەقەکە بزانێت و رەگەزەکانی دیکەی دەقەکە لەبەر رۆشنایی ئەو رەگەزە زاڵ و زەقەدا ڕاڤە و شرۆڤە بکات. واتە زاڵبوونی هەررەگەزێك لە دەقدا، رەگەزەکانی دی دەخاتە بەر سێبەر و ئەمەش هەرگیز بە قازانجی دەق ناشکێتەوەو بەڵکو عەیبداری دەکات، بۆیە چار هەر ئەوەیە کە نووسەر رێگە نەدات هیچ رەگەزێك ژیان و دینامیکیەتی سەربەخۆی جیاوازو تایبەتی خۆی هەبێت، بە جۆرێ لە یەکدیدا قاڵیان بکاتەوە، کە سەیری هەر رەگەزێکت کرد، خۆ بە خۆ هەموو رەگەزەکانی دیکەو تێکڕای نووسین و دەقەکە بنوێنێت، واتە نابێت هیچ رەگەزێك لەسەر حیسابی هیچ رەگەزێکی دی زەق ببێتەوە، چونکە دەق بە یەکانگیری تێکڕای رەگەزە پێکهێنەرەکانیا، دەقایەتی خۆی وەردەگرێت و پەیدا دەکات..هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە کۆتایی چیرۆك فاکتەرێکی زۆر گرینگە و سازان و گونجان و هاوئاهەنگیەکی هونەری بە رۆمان دەبەخشێت. چونکە رۆمان، بۆ خۆی چیرۆك و سەربوور، یان رووداوێکی لە زەینا وێناکراو، وێنە دەگرێت و بەرجەستە دەکات.. ڕەنگە لە ژیانی

واقیعیدا، ئاكامی رووداو و سەربوورەكان پێشوەختە دیار نەبێت و خویا نەبێت چ ئاراستەیەك وەردەگرێت و بۆ كوێ دەڕوات، بەڵام ئەم حاڵەتە لە ڕۆماندا جیایە، نووسەر كەم دابێژێك لە هەوەڵی كارەكەیەوە دەزانێت چ ئەنجامێك چاوەروانی كاراكتەر و قارەمانەكانیەتی و رووداوەكان لە كۆتاییدا بە چ بارێكدا دەشكێنەوەو چۆن كۆتاییان دێت.. یانی لە هەوەڵەوە، كۆتایی چیرۆكەكە دەزانێت و رێرەوی گشی چیرۆكەكە بە سەمتی ئەو ئەنجامەدا ئاراستە دەكات كە خۆی  دەیەوێت. واتە پێشوەختە لە زەین و هزری خۆیدا نەخشەی گشتی چیرۆكەكەی كێشاوە و بیری لە وردەكارییەكانی و ئەنجامەكەشی كردووەتەوە، ئەوجا دەست بە نووسینی دەكات. یانی لەلای نووسەر هەر بەشێكی چیرۆكەكە، بە هەقبەندی دەگەڵ كۆتایی چیرۆكەكەدا مانا پەیدا دەكات، واتە هەر بەشێكی چیرۆكەكە لە دوا ئەنجاما لە كۆتایی چیرۆكەكەدا دەگەڵ تێكڕای بەشەكانی دیدا یەكدەگرنەوەو ئەنجامی كۆتایی رۆمانەكە بەرجەستە دەكەن.یانی نووسەر بیەوێ و نەیەوێ، بە جۆرێ دیمەن و بەشەكانی چیرۆكەكە دەنووسێت كە بەرەو كۆتایی و ئەنجامی چیرۆكەكە بڕۆن...

فاكتەرێكی دیكەی گونجان و یەكێتیی ڕۆمان، زهنیەتی نووسەرە. زهنییەت و بیركردنەوەی نووسەریش وەكو هزرین و بیركردنەوەی خەڵكانی دیكە هزرینێكی مێژووییەو تا رادەیەكی زۆر روحی رۆژگار و زەمانی خۆی دەنوێنێتەوە، هەڵبژاردنەكانی نووسەر شەقڵ و مۆرك و نیشانانی دید و بۆچوون، سەلیقەو رێچكە و ڕەوشی سەردەمی خۆی پێوە دیارە. هەڵبەتە دەتوانێت تا رادەیەك بە شێوەیەكی سەربەخۆ و وەكو كەسێكی شۆڕشگێڕی پێشەنگ و پێشڕەو كار بكات. لێ پێشەنگایەتی بەو مانایە نییە كە لە دیدو بۆچوون وسەلیقەی باوی سەردەم بە تەواوەتی و بە یەكجارەكی دادەبڕێت..چونكە هیچ بزوتنەوەیەكی نوێ و فلیڤانی، لە بۆشاییەوە سەر هەڵنادات، بەڵكو لە ناوجەرگەی دا ب و نەریتی باوی سەردەمی خۆیەوە حەرەكە دەكات و واقیعیەت پەیدا دەكات. یانی ئەو بزووتنەوەیە چەندیش یاخی بێت ناتوانێت بە شێوەیەكی ڕەها رابردوو و سوننەت رەفزبكات، ئەگەر لە هەندێ لایەنەوە لە سوننەت و كەلەپوور دابڕێت، لە هەندێ لای ترەوە جۆرە پەیوەندی و تەماسێكی هەر پێوە دەمێنێت.. بە هەرحاڵ با

لەوەی پتر لەسەری نەرۆین و بێینە سەر بابەتەکەی خۆمان کە رۆمان و رەگەزەکانی رۆمان بوو. بێگومان هیچ جۆرە گونجان و هاوئاهەنگییەکی خۆ بە خۆیی و میکانیکی لە نێو رەگەزەکانی ڕۆماندا نییە. ئەوەی جۆرە نەزم ونیزام و گونجانێکی پێدەبەخشێت نووسەرە. یانی هەموو بەش و رەگەزەکانی پەراگەندەو لێکدی دابڕاون و هەریەکەیان تایبەتمەندی و تەبیعەتی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەر هەر وا بەشێوەیەکی سادەو ساکاریش بدرێنە پاڵ یەك ولای یەکەوە دابنرێن، ڕۆمان یان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریی هاوئاهەنگ و گونجاو دروست ناکەن. ئەوەی ئەو یەکپارچە هونەرییە گونجاو وهاوئاهەنگە دروست دەکات و ئەو رەگەزە پەراگەندەو پچڕپچڕانە یەکدەخات و نەزم و نیزامیان پێدەبەخشێت زەینی داهێنەری نووسەرە..

هەڵبەتە نووسینی ڕۆمان، کار یان کردەوەیەکی سواوی پواوی رۆتینی ڕۆژانە نییە، کە رۆژانە وەکو عادەت و خۆ بە خۆ مومارەسە بکرێت. چونکە هیچ نووسەرێك چەندیش زەبەردەست و کارامە و لێهاتوو و قاڵبووی بۆتەی ئەزموونیش بێت ، ناتوانێت بەبێ پلان و نەخشەیەکی دیاریکراو دەست بە نووسینی بەرهەمەکەی بکات و بیگەیەنێتە کۆتایی..هەڵبەتە ئەم پلان و نەخشەیە بە دەگمەن لە کاری ڕۆژانەدا دەبینرێت و رەچاو دەکرێت. بەڵام نووسینی کارێکی چیرۆکڤانی حیکایەتەوانی، بەرنامەرێژی و وردیيەکی زۆر زۆری دەوێ. نووسەر نەك هەر پێویستە نەخشەو وپلۆتی چیرۆکێکی دیاریکراوی لە زەیندا بێت، بەڵکو پێویستە سەروسەختی تەواوی دەگەڵ گشت رەگەز و بەشەکانی چیرۆکەکەشدا هەبێت و لە کاری نووسیندا زۆر بە سەبرو حەوسەڵەو پشوو درێژ بێت. چونکە لەگینە هەرجۆرە ڕەخاوەت و دوودڵی و فەرامۆشکاری و بێ موبالاتی وخەمساردییەك، کارەکەی ڕابگرێت و ئەو کارە بە نیوەچڵی بمێنێتەوەو تەواو نەکرێت. مێژووی ئەدەبیاتی جیهان پڕە لەو کارە فیلیڤانیانەی (ابداعی) کە بە نیوە چڵی ماونەتەوەو تەواو نەکراون. نووسەر لە نیوەی رێگا ماندوو بووە، یان ساردبووەتەوە تووشی دوودڵی بووە، یان شەوق و زەوقی بەردەوامبوونی لە دەستداوەو...بۆیە نووسەر دەبێت دیدێکی دیاریکراوی دەربارەی ئەو شتە هەبێت کە گەرەکیەتی کاری لەسەر بکات. بە ئەشقەوە دەگەڵیا بژی.. بەڵام گومان

لەوەدا نییە، کە نابێت نووسەر بە ئەندازەیەك جڵەو بۆ بابەتەکەی شل بکات، کە لە کۆنترۆڵی وی دەرچێت و لە ڕێڕەوی مەبەستەکەی ئەو لابدات، چونکە هەر جوڵەو هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراو یان حیساب بۆ نەکراو، لەوەیە شیرازەی نووسینەکە بپچڕێت و لە گرێژەنەی ببات. واتە ستراتیژییەتی نووسەر ئەوەیە کە یەك چوارچێوەو قاڵبی هەبێت و تێکڕای رەگەزو بەشەکانی کارە چیرۆکڤانییەکە لە خۆ بگرێت و رەگەزە رۆمانەوانییەکانی وەکو گەمەی زمان و شێواز و رووداو...هتد هونەریانە مۆنتاژ بکات و بیانداتە دەم یەکەوەو لە بۆتەی کارلێکی هونەریدا قاڵبیان بکاتەوە.

"٣"

گەمەی زوبان و بەکاربردنی هونەریانەی زمان لە ڕۆماندا دەبێت بە شێوەیەك بێت کە ڕێنوێنی خوێنەر بکات بۆ تێگەییشتن لە لایەنە هەرە گرینگ و رازو رەمز ئامێزەکانی رووداوی ئەسڵی چیرۆکەکە، یانی پێویستە زمان ، نە ئەوەندە روون بێت کە هیچ شتێك بۆ خوێنەرو زیرەکی و هزرینی خوێنەر نەیەڵێتەوەو نە ئەوەندە ئاڵۆزبێ ، ببێت بە مەتەڵۆك و بە کەس هەڵنەیەت، واتە نابێت بە ڕادەیەك زاڵ بێت کە رەگەزەکانی دیکەی چیرۆك بکاتە ژێرەوەو لەسەر حیسابی رەگەزەکانی دیکە بە ئەندازەیەك زەق ببێتەوە کە خوێنەر وا هەست بکات بووە بە ئەوزارێکی بێهودەگۆیی و شاردنەوەی رووداوەکان، چونکە ئەگەر ئەو هەستە لای خۆێنەر دروست ببێت، هیچ دوور نییە لە خوێندنەوەی رۆمانەکە بتۆرێت و گویێ بە وردەکارییەکانی رۆمانەکە نەدات. کەواتە زمان دەگەڵ رەگەزەکانی دیکەداو بەدەم کارلێکی هونەرییەوە جوانی و جەمالیات پەیدا دەکات. هەڵبەتە زمان تا جوانتر بێت زیاتر یارمەتی خوێنەر دەدات کە لە گرێ و رووداوەکانی چیرۆك تێبگات. بە هەراڵ نابێت هیچ رەگەزێکی رۆمان، لەسەر حیسابی رەگەزێکی دیکە زەق بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت تێکڕای رەگەزەکان بە دەم کارلێکی هونەرییەوە و هاوئاهەنگ دەگەڵ یەکدیدا، لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییدا، کە رۆمانە، کارە چیرۆکڤانییەکە بەرجەستە بکەن..

جا لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بۆ گرێش بکرێت، گرێ کە بە شێوەیەکی گشتی دەکاتە کۆمەڵێك رووداو و تێکڕای رووداو و بەسەرهاتەکانی ناو چیرۆك پێکەوە گرێ دەدات، یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە یەکێتیی و گونجان بە شێوازی نووسین دەبەخشێت، جۆرە سفتییەك بە شێوازی نووسینی کاری چیرۆکڤانی دەبەخشێت.. هەڵبەتە ئەگەر ئەم فاکتەرە واتە فاکتەری پێکەوە گرێدانی رووداو وسەربوورەکان لاواز بێت، ئەمە کار لە شێوازی نووسینەکەش دەکات و لاوازی دەکات، کە ئەمە بە قازانجی رۆمان ناشکێتەوە، بە تایبەتی کە شێواز تێکڕای حاڵەتی گێڕانەوەی رووداوەکانی رۆمان دەگرێتەوە. بۆیە نووسینی چیرۆك بە شێوازی جیاواز، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە چیرۆکەکە بکا بە چەند بەشێکی جیاوازەوە، لەم حاڵەدا گرێ ناتونێت بە تەنیا وەکو پێویست یەکێتیی و گونجان بە چیرۆکەکە ببەخشێت. لەوەیە بەشەکانی چیرۆکەکە بە ڕادەیەك لە یەکدی دوور بکەونەوە کە نەشێت وەکو بەشی یەک یەکەی یەکپارچەی هونەر تەمەشا بکرێت..

بەلام ئەمە بەو مانایە نییە، کە تێکڕای رۆمانێك بە یەك شێواز بێتە نووسین، یان یەك جۆرە شێواز زاڵ بێت بەسەر تێکڕای رۆمانەکەدا. بەڵکو دەشێت پەنا وەبەر شێوازی جۆراوجۆر ببرێت، بە تایبەتی ئەگەر شێوازەکان لەو خاڵەدا تێکبکەنەوە کە بە ئاراستەی کاراکردنی رۆڵی یەکخەریی گرێ بڕۆن. ئیدی سوود وەرگرتن لە فرە شێوازی بۆ گێڕانەوەی رووداوەکانی چیرۆکەکە، هیچ مەترسییەکی نابێت. ئیدی دەشێت هەر بەشێکی چیرۆکەکە بە شێوازێك بگێڕرێتەوە. بۆ نموونە دایەلۆگ و گفتوگۆکان بە شێوازێك، وەسفی رووداوەکان بە شێوازێکی دی، بەرجەستە بکرێن. بەلام وێڕای ئەمەش دەبێ هەموو بەشە هاوشێوەکانی چیرۆکەکە بە یەك شێواز بێنە گێڕانەوەو هەموو شێوازەکان لە خزمەتی یەکێتیی و یەکخستنی چیرۆکەکەدا بن..هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێ کە رۆمان تا سفت و سخ بێت، تا رەگەزو بەشەکانی بتەوتر و یەکگرتووتر بێت لە واقیع دوورتر دەکەوێتەوە..چونکە یەکێك لە خەسڵەتە زەق و دیارەکانی ژیانی مۆدێرن چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چ لە رووی شەخسییەوە، دابڕان و لێکدی پچڕانە. بۆیە رۆمانێك، کە لەباری چیرۆکڤانییەوە کۆمەڵێك رووداو و بەسەرهات دەگێڕێتەوە کە لە

رووی عیللیەت و لۆژیکییەوە، پەیوەندی تەواویان بە یەکەوە هەیەو هەڤبەندی یەکترن. ئەو رۆمانە ناتوانێت ئەو واقیعە ئاڵۆزو بە رواڵەت لێکدابڕاو وپچڕپچڕە وەکو خۆی بنوێنێتەوە..چونکە یەکێك لە فاکتەرەکانی یەکێتیی رۆمان گرێیە، کە هیچ رۆمانێك ناتوانێت دەستبەرداری ئەم رەگەزە ببێت. رۆمانی بێگرێ، لە هونەرییەت دەکەوێ و زیاتر شەقڵی چیرۆکێکی ساردو سڕ و بێگیان و، ڕاپۆرێکی رۆژنامەوانی و، شەرح و شرۆڤەی کۆمەڵێك روودا و و بەسەرهات و پێشهاتی لێکدابڕاو وەردەگرێت و خوێنەر لە خوێندنەوە دەتۆرێت و کەڵکەڵەی زانین وکەشفکردنی هۆی رووداني بەسەرهات و واریقاتەکانی ناو رۆمانەکەی لە لا نامێنێت. هەڵبەتە مەرج نییە تەنیا یەك گرێ سەرانسەری چیرۆکەکە بگرێتەوە، دەشێت سوود لە وردە گرێیانیش وەربگیرێت، کە نموونەشی لە مێژووی ئەدەبیاتی دنیادا زۆرەو یەکێك لەوانە رۆمانی دۆنکیشۆتەکەی سیرڤانتسی ئەسپانیاییە کە پڕە لە وردە گرێیان. بەڵام ئەم وردە گرێیانەش، لە چوارچێوەی رۆمانەکەدا و لە گەرمەی کارلێکی تێکڕای رەگەزە چیرۆکڤانیەکانەوە، کەم و زۆر تێکدەکەنەوەو ئاسیوێکی زەق بە گرێی سەرەکی رۆمانەکە ناگەیەنن..وەکو چۆن بەکاربردنی گرێی جیاواز لە رۆماندا ڕەوایە بەو ئاوایەش بەکاربردنی شێوازو زمانی جیاواز نەك هەر ڕەوایە، بەڵکو بەکاربردنی فرەشێوازی و فرەزمانی لە تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی رۆمانن. دیارە ئەمە یاساو رێسایەکی تایبەتی نییە، رەنگە هەر نووسەرە، بە گوێرەی تواناو، بەهرەو، سەلیقەی خۆی، بەدەم کاری نووسینەوە یاساو ڕێسای خۆی بەرهەم بێنێت..هەڵبەتە بە هۆی زەرورەتی نواندنەوەی واقیعەوە، فرە شێوازی و فرەزمانی، لە ڕۆماندا بایەخ پەیدا دەکەن، دەنا ڕۆمان خۆ بە خۆ زەمینەو مەکۆ و قەڵەمڕەوی گەشەکردنی فرەشێوازی و فرە زمانی نییە. نواندنەوەی واقیعیەتی جیاواز، چەند لایەنە و، هەندێجار پڕ لە ناکۆکی و هەڤدژی ژیان ئەو جۆرە فرە(فرەشێوازی و گەمە زمانییە) دەخوازێت. ئەم فرەییە چ وەکو گرێ، چ وەکو شێوازو گەمەی زمان لە بەرهەمەکانی کافکادا زۆر بە رووني دیارە..

بە هەرحاڵ هەر گێڕانەوەیەك، رووداو و بەسەرهات یان کۆمەڵێك روودا و وبەسەرهاتی تەوەرەیی و هەستیارو سەرنج وڕوژێنی تیا نەبێت، ناچێتە

خانەی گێڕانەوەی چیرۆکڤانی و رۆمانی هونەرییەوە، چەند خاتری بگریت دەتوانیت بڵێی کۆمەڵە حیکایەتێکی ناچیرۆکڤانییە. بە کورتی و کرمانجی، جوانی و زندوویەتی، سفتی وسخی هەر رۆمانێك لە لایەکەوە بەندە بەوەوە کە پاژ و رەگەزەکانی چیرۆکی رۆمانەکە هەم خۆ بە خۆ وبە شێوەیەکی سەربەخۆ و هەم هاوپەیوەند دەگەڵ گرێی چیرۆکەکەدا پڕ مانان و لە لایەکی ترەوە تا چ رادەیەك رەگەزە جۆراوجۆرەکانی رۆمانەکە وەکو: چیرۆك و سەربوور، شێواز،گەمەی زمان چ بە تەنیاو چ هاوپەیوەند دەگەڵ یەکدا هونەرییەتیان بە رۆمانەکە بەخشیوە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- هنر رمان/ناصر ایرانی/نشر ابانگاه/ چاپ اول(١٣٨٠)

*- هنر داستان نویسی با نمونەهایی از متنهای کلاسیك ومدرن/دیوید لاج/ مترجم رضا رضائی/نشر نی/ چاپ اول( ١٣٨٨)

*- نظریة رمان و ویژگیهای رمان فارسی/ محمد رفیع محموودیان/چاپ دوم/١٣٨٧/نشر وپژوش فرزان رۆز

*- رمان تاریخی/گئورگ لوکاچ/ترجمه:امید مهرگان/ تهران، نشر پالپ/ ١٣٨٨

*- دەربارەی رۆمان و چیرۆك/حەمەکریم عارف/چاپ یەکەم/ ٢٠٠٨/نووسەرانی کەرکوك.

*- کورتە مێژوویەکی رۆمانی تورکی/ کەمال کارا عەلی ئۆغلۆ/ و: حەمەکەریم عارف/ خانەی وەرگێڕان/ سلێمانی/ ٢٠١٣.

## سێکوچکەی ڕۆمان

## و نهێنگەکانی کاری چیرۆکڤانی

"١"

ئەدەب لە وڵاتانی پاشکەوتوودا ناکاتە شتێکی گرینگ و کاریگەر،بۆیە بە زۆری دەکەوێتە پەراوێزی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە و وەکو کارێکی لاوەکی تەمەشاو مومارەسە دەکرێت.بەڵام ئەدەبیات بە گشت ژانر و لق و پۆپەکانییەوە، لە دێر زەمانەوە کەڵکەڵەو خولیایەکی حەڵاڵ و ڕەوای مرۆڤانی بووە، ومرۆڤ هەوڵیداوە لەو ڕێگایەوە جۆرە نەمری و جاویدانییەك بە خۆ و بە ژیانی خۆی ببەخشێت ، خۆی بۆ نەوەکانی دوای خۆی بگێڕێتەوە و ببێت بە بەشێك لە باکراوندی یادەوەرییەکانی وەچە یەك لە دوای یەکەکانی تیرەی بەشەر و بە ئاسانی لە بیر نەچێتەوەو لە یادگە نەسڕدرێتەوە..ئەگەر لە رۆژگارانی کۆنی پێش مێژوودا، بەشەر ئەم خولیا و کەڵکەڵانەی لە ڕێگای نەخش و نیگارانەوە لەسەر بەرد و دارودیواری شکەفتاندا بەرجەستە کردبێت، ئەوا لە سەرەتای دەستپێکی مێژووەوە، ئیدی

لە ڕێگای وشەو کەرەستەی تری دەربڕینەوە گوزارشتی لە خولیا و خەون و خەیاڵ و ئومێد و نائومێدییەکانی خۆی کردووەو نیشانی داون.هەڵبەتە هەموو کەسێك ئەو تواناو بەهرەیەی نەبووەو نییە.ئێمە لێرەدا کە زیاتر قسەمان لەسەر ئەدەب و نووسینە، بۆیە زیاتر دەست لەسەر وشە دادەگرین، لە ئەدەبدا وشەو پەیڤ کەرەستەیەکی ئەفسووناوییە، تەنیا خەڵکانی ئەفسوونکار، واتا ئەدیب دەتوانن بە شێوەیەکی ئەفسووناوی ئەوتۆ بەکاری بێنن کە گەشکەو لەزەتێکی ئەستاتیکی بە ڕۆحی وەرگر ببەخشێت.ئەمەش خۆ بەخۆ و لە خۆڕا نایەتە دی و بەهرەیەکی خۆڕسکی خودادادی نییە، بەڵکو مەیل و ئارەزوویەکی ئاشقانەی ئەوتۆیە کە حەجمین و حەوانەوە لە هەڵگرەکەی هەڵدەگرێت و لە روحیا پەنگ دەخواتەوە و هەموو خەمێکی دەبێت بە مومارەسەکردنێکی ئاشقانەی ئەو مەیل و ئارەزووە، هێندەی مومارەسەی ئەو مەیل و ئارەزووەی لە لا مەبەستە، ئەوەندە شۆرەت و دەسکەوت و قازانجی مادی – ئەگەر هەبێت- لەلا گرینگ و مەبەست نییە. بە کورتییەکەی نووسین و ئاشقێنی دەگەڵ وشەدا لەلا دەبێ بە باشترین شێوازی ژیان. یانی مەیل و ئارەزوو خاڵی دەستپێکی نووسین و نووسەرایەتییە. هەڵبەتە مەیل و ئارەزوو جۆرە توانایەکی خۆڕسکە. خەڵکانێك، چ نێر چ مێ هاندەدات ژیانی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. چونکە پێیان وایە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانن خودی خۆیان بسەلمێنن، ودەگەڵ خودی خۆیاندا بسازێن و گەشکە بە ڕۆحی خۆیان ببەخشن.دیارە ئەم مەیل و ئارەزوو، وبەهرە خۆڕسکە، شتێکی قەدەری نییە لە چارەی هەندێ کەس نووسرابێ و لە چارەی هەندێکی دی نەنووسرابێت، بەڵکو توانایەکی خۆرسکی ڕیشە ئاڵۆزە و بە هەوڵ و کۆشش و لێبڕان گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت وهەندێجار دەگاتە ئاستی بلیمەتایەتی. بۆیە ئە کەسانەی لە تەمەنی منداڵی یان لە سەرەتای هەرزەکارییەوە، بەو دنیایەی کە تیای دەژین ناڕازین و بە خەیاڵ دنیایەك چێدەکەن کە لە زۆر ڕووەوە لە دنیای واقیع جیاوازە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستپێك و سەرەتایە بۆ ئەو شتەی کە پێی دەگوترێت مەیل و ئارەزووی ئەدەبی. دیارە ژمارەی ئەوانەی کە دەتوانن بە باڵی خەیاڵ بفڕن و لە دنیای واقیعی و ژیانی ڕاستەقینە دوور بکەونەوەو بە پەیڤ و وشە دنیایێن باشتر و جوانتر دروستبکەن، زۆر

کەمە..تەنیا ئەو کەسانە ئەمەیان لێدەوەشێەوەو لە دەست دێت، کە لە ساتێکی تایبەتیدا بڕیاری ئەوە بدەن ببن بە نووسەر و خۆیان دەربەست بۆ نووسین تەرخان بکەن و مەیل و ئارەزووە زەینییە خۆڕسکەکەیان لە ڕێگەی وشە و لە ناو وشە و بە وشە بەرجەستە بکەن.بۆیە هەر بەرزەخەیاڵی و خولانەوە لە بازنەی خەیاڵدا بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی نووسینەوە بەرجەستە بکرێت ، ئەو واقیعە وەهمییەی لە خەیاڵداندا ئاولەمە بووە، بە نووسین بسپێردرێت، هەرچەندە ئەمە هەنگاوێکی فرە گرینگە بەرەو دنیای نووسەرایەتی، بەڵام ئایندەیەکی نووسەرایەتی ئەوتۆ بۆ هیچ کەسێك وەکو نووسەر زامن ناکات. بەڵام مکووڕ بوون لەسەر ئەوەی ببی بە نووسەر، وبریاربدەیت ژیانی تایبەتی خۆت لە قەبەڵی ئەم پرۆژەیە بکەیت، تاقە ڕێگەیە کە لەگینە بتخاتە سەر سەرەتای ڕێگەی بە نووسەر بوون.

بەم پێیە خەیاڵ دەکاتە سەرچاوەی مەیل و ئارەزووی نووسەرایەتی و ڕەگێکی خەیاڵیش دەچێتەوە سەر یاخی بوون، ئەوەی بە باڵی خەیاڵ دەفڕێ و ئاسمانی ژیانە خەیاڵکردەکان دەخاتە ژێر باڵی فرینەوە، بەمە جاڕی یاخی بوون دەدات، یاخی بوون لە دنیای واقیعی، لەو ژیانەی کە هەیە، دەیەوێ دنیاو ژیان بگۆڕێت بەو دنیایەی کە بە خەیاڵ دروستی دەکات، جا هەرچەندە ئەمە پرۆژەیەکی خەیاڵییە، بەڵام لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی (ابداعی) زۆر تایبەتییە، بە شێوەیەکی زاتی ، و مەجازی، و نامێژوویی دێتە دی، و لە مەودای دووردا بە درێژا کار لە دنیای واقیعی، واتە لە ژیانی خەڵکی ناو واقیع و ناو ژیانی ئاسایی دەکات. جا ئەم نارازی بوونە بە واقیع و بە ژیان وەکو چۆن هەیە، یەکێکە لە نهێنییەکانی زەرووڕەتی بوونی ئەدەب.هەڵبەتە ئەو ژیانەی کە دەقی چیرۆکڤانی، بە تایبەتی دەقی زۆر پوختەی هونەری، بەرجەستەی دەکات و پیشانی دەدات، هەرگیز ئەوە نییە کە داهێنەرەکەی تیایدا ژیاوە و بە کردەوە جەڕباندوویەتی، بەڵکو ئەو دنیاو ژیانەیە کە بە ئاواتی خواستووەو لە ژیانی واقیعیدا پێی نەگەییوە، بۆیە پەنای وەبەر خەیاڵ بردووەو لە ڕێگەی خەیاڵەوە ژیانی دڵخوازی خۆی چێکردووەو بە شێوەیەکی خودی و ناراستەوخۆ، بە دەم خەون و خەیاڵەوە، ممارەسەی ئەو ژیانەی کردووە.

هەڵبەتە خەیاڵ بۆ خۆی پەردەیەکەو دراوە بەسەر حەقیقەتێکی گەلەك گەورەدا، دراوە بەسەر ئەو ژیانەدا کە نەبووە.. ئەو ژیانەی لە سەردەمان و رۆژگارانێکدا پیاوان و ژنانێك خەویان پێوە دیتووە، بە عەزرەتیەوە بوون، وهەوڵیان لە پێناوی وەدیهاتنیدا داوەو پێی نەگەییون، بۆیە چاریان ناچار بووە کە بە خۆیان بیخوڵقێنن، دروستی بکەن، لە نەبوونەوە بیهێننە بوون.واتە ئەم پرۆسەیە رێك بە پێچەوانەی کاری مێژووەوە، نەهاتووەتە سەر حازرەکی و ئەوەی هەیەو روویداوە بگێڕێتەوەو تۆمار بکات، بەڵکو سەرو ساختی دەگەڵ ئەو شتەدایە کە رووی نەداوە، بۆیە چاری ناچارە پەنا وەبەر خەیاڵ و پەیڤ بەرێت و بە جۆرێ بیخوڵقێنێ و بیافەرێنێ کە لە گشت کەم و کوڕی و کێماسی و بۆشایی و بێدادی و نامرادییەکانی ژیانی راستەقینەو واقیعی بە دەربێت..دیارە ئەم پرۆسەیە ڕەگێکی دەچێتەوە سەر یاخیگەرێتی، و ئەم گەمەیە بە ڕواڵەت گەمەیەکی بێوەی و بێ مەترسییە..هەڵبەتە هەر گەمەیەك سنوور و بازنەی مەیدانی تایبەتی خۆی نەبەزێنێت، و خۆی لە ژیانی واقیعی هەڵ نە قورتێنێت، هیچ مەترسییەکی نابێت و زەرەری بۆ پەزی کەس نابێت.. بەڵام گەمەی ئەدەب لەگەمە بێوەیەکان نییە، چونکە خەیاڵ کە رەگەزی هەرە بنەرەتی ئەدەبە، خۆی لە خۆیدا زادەی نارەزاییەکی جدییە دەرهەق بە ژیان وەکو هەیە، وئیدی لێرەوە دەبێت بە سەرچاوەی توڕەیی و بێزاری و نارەزایی وکاتێ خوێنەر لە میانەی رۆمانانی مەزنی خەیاڵییەوە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە دنیای واقیعی و ژیانی رۆژانە، هەرگیز راستگۆیی ئەو ژیانەی تێدا نییە کە رۆماننووسان خوڵقاندوویانە و ئەفراندوویانە، ئەوسا دەگەرێتەوە بۆ ناو ژیانی ڕاستەقینە و بە هەستیارییەکی زیاتر و بێدارییەکی پترەوە ڕوو بە رووی کەم و کوڕی و سنووردارییەکانی ژیان دەبێتەوە.بە نیگەرانییەکی تەواوەوە رووبەرووی دنیای واقیعی دەبێتەوە و ئەم نیگەرانییە کە ئەدەبی رەسەن و چاك لە دڵ و دەروونان دروستی دەکات، لەگینە لە هەلومەرجی خۆیدا بگۆڕێت بۆ هەڵوێستی یاخی بوون لە دەسەڵات، ودام ودەزگا کارگێڕی و بیرو باوەڕە باوەکان. بۆیە لە دێر زەمانەوە دەسەڵات هەوڵیداوە ئەدەبی ڕەسەن قەدەغە بکات و لە رێگەی سانسۆرەوە دەستەمۆ و کەوی بکات.هەڵبەتە دەسەڵاتبازان و دەسەڵاتڕانان لەمەدا بە هەڵە نەچوون،

چونکە پرۆسەی ئەفراندنی چیرۆکێن خەیاڵی، هەرچەندە بە رواڵەت زۆر بێوەیە و ئاشتی لێدەبارێت، بەلاّم لە کرۆك وجەوهەردا شێوازێکە لە شێوازە شارستانیەتەکانی ئازادیخوازی، و بانگەوازی یاخی بوونە دژ بەوانەی کە دەیانەوێ ئازادی نەهێڵن و دەست بخەنە بینی ئازادی.جا ئیدی چ خەڵکانی ئاینی بن چ سکۆلاریست.ئەمە هۆیەکە لەو هۆیانەی کە گشت دکتاتۆریاتەکانی دنیای هانداوە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەدەب بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو لە قالّبی سانسۆری بدەن و بە هەموو شێوەیەك کۆت و زنجیری بکەن.

***

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر ئەسڵی بابەت و مەبەستەکەی خۆمان،کە مەیل و ئارەزووی ئەدەبی بوو..هەڵبەتە مەیل و ئاەزووی ئەدەبی سەرگەرمی و کات بەسەربردن نییە، وەرزش نییە، و گەمەیەکی ناوازەش نییە کە لە کاتی دەست بەتاڵیدا مومارەسە بکرێت . بەڵکو جۆرە کۆیلایەتییەکە کە نووسەر بە خوایشتی خۆی هەڵیدەبژێرێت. واتە نووسەر دەبێت ژیانی خۆی لە قەبەڵی نووسین بکات و بە تەواوەتی خۆی بۆ تەرخان بکات.کەواتە نووسین مێملْ ئاسا لەسەر ژیانی نووسەر دەژی ،و فلۆبیر گوتەنی : " نووسین رێبازێکە لە رێبازەکانی ژیان..یان ئەو کەسەی کە نووسین وەکو شێوەیەکی ژیان هەڵدەبژێرێ و دەچێتە ژێر ئەو بارە جوان و لە هەمان کاتدا قەرسەوە، بۆ ئەوە نانووسێت کە بژی، بەڵکو دەژی بۆ ئەوەی بنووسێت و بەبێ ئەدەب هەڵناکات و ئەدەب دەبێت بە داینەمۆی بوون و مانی. ئەدەب لە لای دەبێت بە جۆرە ئاینێك کە ئامادەیە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات، و خەمی بەرو دوای دەبێت بەوەی بەرهەمێکی زیندووی ئەوتۆ بئافەرێنێ کە سنووری زەمان و سەردەمان ببەزێنێت و لە دوای ئەو بژی...بە کورتیەکەی ئەوەی دەیەوێ ببێ بە ئەدیبی راستەقینە ، دەبێ لە ڕادەبەدەر ئەدەبی خۆش بوێت، وبە جۆرێ ئالودەی ببێت، کە نە تەماح و نە هەڕەشە نەتوانێت پێی تەرك بکات، وهەموو جوانی و لەزەت و خۆشییەك لەو ئالوودە بوونەدا ببینێت.

هەڵبەتە یەکێك لە سەرچاوە هەرە گرینگەکانی دنیای چیرۆکڤانی و رۆمان ، ئەزموونی خودی نووسەر و ژیانی رۆژانەیە، یان بە گوتەیەکی دی خوێندنەوەی هونەریانەی ژیانی رۆژانە و چۆنیەتی گۆڕینی ئەو ئەزمون و ژیانە رۆژانەیەیە بۆ هەست.دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە چیرۆك یان رۆمان ئۆتۆبیۆگرافییەکی موو بە مووی نووسەرە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ خودی نووسەر و ئەزموونەکانی ژیان بە شێوەیەی هونەری و ناڕاستەوخۆ لە دەقی چیرۆك و رۆماندا رەنگدەداتەوە، واتە بەم پێودانگە خەیاڵیترین رۆمان و چیرۆك ڕەگێکی لە واقیعدایەو لەلایەن نووسەرەوە جووتێ باڵی خەون و خەیاڵی لێنراوە تا بتوانێت سنووری واقیع ببەزێنێت و لە ئاسمانی حەزەکانی نووسەردا، بەرزەفڕی خۆی بنوێنێ و بەلای کەمەوە لەزەتێکی ئستاتیکی بە وەرگر ببەخشێت.دیارە هەر نووسەرەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هونەراندنی ژیان و ئەزموونەکانی ناو ژیان.جا نووسەر دێت زۆر وەستایانە ئەو دیاردەو رووداوانە، ئەو کەس و کەسایەتیانە، ئەو بارو دۆخەی کە شوێنەوارێکی لە یادگەیدا بەجێهێشتووە، و خەیاڵیان جوڵاندووە، وەکو کەرەستەیەکی خاو هێندە وەستایانە لە بونیادی کارەکەی خۆیدا، بەکاردێنێت، و دنیایەکی هونەری پڕ ئەفراندنەوانی و فلیڤانی (ابداعی) هێندە دەوڵەمەند و رەنگاو رەنگ و ئەفسووناوی لێدروست دەکات کە مەحاڵە بتوانی ئەو کەرەستە خاوانەی کە تیایدا بەکارهاتوون و بوون بە سەرچاوەی ئەو کارە فلیڤانیە بناسیتەوە.واتە وەکو چۆن مەنجەڵێك شیری کوڵاو کە هەوێنی تێدەکرێت و پاش ئەوەی دەمەیێت و قەوارەی خۆی وەردەگرێت، نەك هەر شێوەو ناوەرۆك بەڵکو ناوەکەشی دەگۆڕێت و کەس هەوێنەکەی بۆ لە تێکڕای بەرهەمە تازەکە بۆ جیاناکرێتەوە، دەقی رۆمان و چیرۆکیش ئەو کەرەستە خاوانە لە خۆیدا هەرس دەکات و دەتوێنێتەوە و جیاکردنەوەیان لە خودی دەقەکە مەحاڵ دەبێت، وئەمە ئەو هەودا زۆر ناسك و پەنهانەیە کە خەیاڵیترین دەقی چیرۆك بە واقیعەوە دەبەستێت..

***

جا ئیستا با بێینە سەر بابەت و تیمەو ناوەرۆك.رۆماننوس زیاتر لەسەر خۆی دەژی.خۆی سەرچاوەی خۆراکی هونەریی خۆیەتی، دێت چینە لە

ئەزموونەکانی خۆی و دەوروبەر و ژینگەی خۆی دەکات، نەك هەر بۆ ئەوەی هەندێ کاراکتەر و کەسایەتی، یان رووداو، یان هەندێ دیمەنان لە بنەبانی یادگەو یادگارەکانەوە هەڵگوێزێ و وەکو خۆیان دایان بریژێتەوە، بەڵکو خەون و خەیاڵەکانی خۆی پێ دەمەزەرد بکاتەوە و بە پشتیوانی خەون و بەرزەخەیاڵان، بکەوێتە هونەراندنی بابەتەکەی و لە چوارچێوەی رۆماندا، کە پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی یەجگار هەستیار و قورسە، بەرجەستە بکات، و خۆی لە باری قورسی ئەو بابەتە رزگار بکات کە بەرۆکی گرتووە..بەم پێیە نووسینی رۆمان یان چیرۆك، وەکو چۆن لە دایکبوونی منداڵ، باری دایکەکەی سووك دەکات و جۆرە ئاسوودەییەکی ڕوحی و دەروونی پێدەبەخشێت، بەو ئاوایە باری نووسەر سووك دەکات و جۆرە ئازادییەکی پێ دەبەخشێت، یانی بابەت بەرۆکی نووسەر دەگرێت، تا بە وشەو پەیڤانی بسپێرێت و لە کارێکی فلیڤانی ڕاستەقینەدا، کە دەکاتە ڕۆمان، سەربەخۆیی هونەری و ئستاتیکی خۆی ڕابگەیەنێت و خوێنەر بخاتە سەر باڵی خەیاڵ و بە ئاسمانی خەونانیدا بگێرێت و بە جۆرێکی ئەفسوون بکات کە لە کانگای دڵەوە بڵێت خۆزی تەواو نەدەبوو. کە ئەمە خۆی لە خۆیدا گرینگی و زەرورەتی خەیاڵی قەناعەتبەخش لە کاری رۆمان و چیرۆکڤانیدا دەگەیەنێت.خۆ ئەگەر بمانەوێ خەیاڵ لە قاڵبی پێناسە بدەین، دەکرێ بگوترێ کە جۆرە خاپاندنێکە(خەڵەتاندن) ، واقیعێکی ناواقیعیە، و وادەنوێنێ کە واقیعییە. بەم پێیە هەر رۆمانێك بگری، درۆیەکە، هەوڵدەدات وەکو ڕاستی و حەقیقەت بنوێنێ. ونووسەری چاك و بەهرەمەند بە زەبری تەکنیکی تایبەتی بە جۆرێکی دەهونەرێنێ کە قەناعەتبەخش بێت و متمانەی خوێنەر بە دەست بێنێ.. بۆیە نووسەر دەبێ بە پیری ئەو بابەتانەوە بچێت کە هاندەرێکی رۆحیان لە پشتەوەیە. چونکە ئەو بابەتانەی کە خۆ بەخۆ بەرۆکی نووسەر دەگرن خۆشتر دێنە دەستەوە لەو بابەتانەی کە نووسەر هەڵیان دەبژێرێ و بە تۆبزی بەرۆکیان دەگرێت. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێین کە بابەت بۆ خۆی و لە خۆیدا و بەتەنیا لە دنیای ئەدەبدا ناکاتە هیچ و گرینگییەکی ئەوتۆی نییە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی لەسەر رۆنانرێ، چاکی و خراپی لە خودی بابەتەکەدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو لەوەدا دەردەکەوێ کە چۆن ئەو بابەتە دەگەڵ تێکڕای رەگەزەکانی دیدا ئاوێتە دەکرێت و دەگۆڕدرێت بۆ

ناوەرۆك و تیمە و لە قاڵبی ڕۆماندا بەرجەستە دەبێت و قەوارەی خۆی وەردەگرێت و ئەدەبییەت و ژیانی تایبەتی خۆی پەیدا دەكات. واتە تەكنیك و چۆنیەتی مامەڵەكردن و خوێندنەوەی نووسەر بۆ بابەتەكە و گۆرینی بۆ واقیعێكی پەیڤەوانی (كلامی) رێك و پێك و بالآتر لەو واقیعەی هەیە، پێوەر و پێوانەیە بۆ دیاریكردنی سەركەوتن یان بەسەر سەرا كەوتنی كاری ڕۆمانەوانی..

"٣"

هەڵبەتە مەسەلەی قاڵب و فۆرم و شێوەش هەڵوەستەیەكی گەرەكە. بێگومان ڕۆمان لە میانەی فۆرمەوە بەرجەستە دەبێت و شەقڵ و مۆرك و تەبیعەتی دیارو ئاشكرای خۆی وەردەگرێت. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەلا عەیان بێت كە شێوەو ناوەرۆك بە جۆرێ ئاوێتەی یەكن كە لە جیابوونەوەو جیاكردنەوە نایەن ، مەگەر بە ناچاری و بە مەبەستی توێژینەوەو شیكردنەوە. چونكە ئەوەی رۆمان دەیگێڕێتەوە، لە شێواز و چۆنیەتی گێڕانەوەكە جیا ناكرێتەوە ، هەر شێواز و چۆنیەتی گێڕانەوەیە كە قەناعەتی هونەری لەلای خوێنەر دروست دەكات و وای لێدەكات پەیگیری بابەتەكە بكات یان نا، واتە یەكێك لە مەرجەكانی شێواز و چۆنیەتی گێڕانەوە ئەوەیە قەناعەتبەخش بێت.. بۆ نموونە ئەگەر یەكێك بێت بە شێوەیەكی لامسەرلایی بۆت بگێڕێتەوە كە بابەتی ڕۆمانی (مەسخ) ی كافكا بریتیە لەوەی كە فەرمانبەرێكی بچووك دەگۆرێت و دەبێت بە سیسركێكی قێزەوەر، ڕەنگە لە دڵی خۆتا بڵێیت جا من چ مەجبوورم وەختی خۆم بەم درۆ زلەوە بكوژم و بە فیڕۆ بدەم..بەڵام كاتێ دێیتە سەر گێڕانەوە ناوازەكەی خودی كافكا، بە جۆرێ ئەفسوون دەبیت، بەتەواوەتی باوەڕ بەو گۆڕانە ترسناكە دەكەیت و لێت دەبێت بە ڕاستێك لە سەرووی هەموو راستییەكانەوەو بە خوایشتی خۆت ئاوێتەی دەبیت و لە گەڵیدا دەژیت و وەكو واقیعێكی سەربەخۆ و بالآتر لەو واقیعەی كە هەیە، مامەڵەی لەتەكدا دەكەیت.چونكە شێوازو چۆنیەتی گێڕانەوەكە لە ڕادەبەدەر قەناعەتبەخشە، ئەو قەناعەتبەخشییە یەكێكە لە نهێنییەكانی ڕۆمان و چیرۆكی باش و سەركەوتوو. هەركاتێ ڕۆمانێك ئەو هەستەی لا دروستكردین كە لە واقیعی واقیعی رزگار بووە، خۆیبوونی خۆی بەدەست

هێناوە،کەسایەتی سەربەخۆی خۆی هەیە، بە بوونی خۆیەوە بەندەو گشت مەرجەکانی ژیانی هونەری لە خۆیدا هەڵگرتووە، مانای وایە گەیبووەتە لوتکەی قەناعەتبەخشی، هەنگێ دەتوانێت خوێنەرانی خۆی ئەفسوون بکات و وایان لێبکات نەك هەر باوەڕی پێبکەن، بەڵکو ئاوێتەی ببن، لە ناویا و لەگەڵیدا بژین.بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش پێویستە ئەوەمان لەلا عەیان بێت کە شێوەو نێوەرۆك بە جۆرێ ئاوێتەی یەکن و لە بۆتەی هونەردا قاڵ دەبنەوە کە لە جیابوونەوەو جیاکردنەوە نایەن.بە هەرحاڵ شێوەو فۆرم لە دوو رەگەز پێکدێت کە لە ڕووی گرینگی و بایەخەوە هاوتا و یەکسانن، هەرچەندە پێکەوەو لە ناو یەکتردان ،بەڵام هەندێجار بە ناچاری و بەمەبەستی توێژینەوەو شیکرنەوەو شرۆڤە جیادەکرێنەوە.ئەو دوو رەگەزە بریتین لە شێواز و نەسەق، شێواز وەکو ئاشکرایە، پەیوەندی بە وشە، بەو بونیادەوە هەیە کە چیرۆك یان بابەتی پێدەگێردرێتەوە، نەسەقیش بریتیە لە رێکخستنی ئەو کەرەستە و رەگەزانەی کە چیرۆکەکە یان بابەتەکەیان لێ پێکهاتووە، یانی بە کورتی و کرمانجی پەیوەندی بە تەوەرە گەورەو سەرەکییەکانی بیناو بونیادی رۆمانەوانی و حیکایەتەوانیەوە هەیە: گوتیار (ڕاوی) ، شوێن و ،کاتی چیرۆکڤانی..

"٤"

هەڵبەتە شێواز، هەرچەندە تاقە رەگەز نییە لە بونیاد و پێکهاتەی ڕۆماندا، بەڵام رەگەزێکی یەجگار هەستیارو جەوهەری و سەرەکییە.دیارە ڕۆمان لە وشە و پەیڤان پێکهاتووەو پێکدێت، بۆیە شێواز دەکاتە بەکارهێنانێکی هونەریانەی ئەو وشانەی کە چیرۆکەکەیان پێدەگێڕدرێتەوە، ئیدی لە میانەی شێوازەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوەی گێڕدراوەتەوە، واتە بابەتەکە بە گوێرەی واقیعی چیرۆکەکە و لەناو واقیعی چیرۆکەکەدا قەناعەتبەخشە یان نا، کە ساغبوونەوەی ئەم لایەنە هاوتای راگەیاندنی ژیان یان مەرگی رۆمانەکەیە.بەڵام دەبێت ئامارژەش بۆ ئەوە بکرێت کە زمانی ڕۆمان لە بابەتی ڕۆمان نایەتە جیابوونەوەو جیاکردنەوە، چونکە بابەت لە چوارچێوەی وشەو زماندا بەرجەستە دەبێت، و تەنیا لەم رێگایەوە دەزانرێ کە ئاخۆ نووسەر لە کارە حیکایەتەوانییەکەیدا، لە گێڕانەوەکەیدا

سەرکەوتووە یان نا.ئەو چیرۆکە خەیاڵییەی کە بە زمان و لە ناو زماندا بەرهەمی هێناوە توانای ژیانی هەیە، لە داهێنەرەکەی جیابووەتەوە، خۆیبوونی خۆی وەرگرتووە، لە واقیعی واقیعی دوور کەوتووەتەوە، و توانیویەتی وەکو کارێکی هونەری، وەکو واقیعێکی باڵای سەربەخۆ، خوێنەر کەمەندکێش بکات؟. واتە زندوویەتی یان مردوویەتی، کارایی یان سستی نووسین لە چۆنیەتی گێڕانەوەی بابەتەکەیدا بە دیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبێت..ڕەنگە ئەم بۆچوونە سەرنج و خەیاڵی خوێنەر بۆ لای بیرۆکەی زەرورەتی سەلامەتی و ساغڵەمی زمان ڕابکێشێت، چونکە وەکو گوتمان شێواز بە کورتی و بە کوردی بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵە کردن دەگەڵ زمان و پێکهاتەکانی زماندا لە ناو ئەو کارە ئەدەبیەی کاری لەسەر دەکرێت. بەڵام بەو مانایە نییە کە سەلامەتی و تۆکمەیی زمان مەرجی زۆر گرینگی زمان بێت، سەلامەتی یان ناسەلامەتی شێواز گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کارا وئەکتیڤ بێت، پڕ بە پێستی ئەرکی خۆی بێت، کە بریتیە لەوەی رۆح و ژیان بە بەر ئەو چیرۆك و بابەتەدا بکات کە دەیگێڕێتەوە. هەڵبەتە زۆر کەڵە نووسەر هەن بە شێوازێکی یەجگار ساغڵەم و تۆکمە و بتەو، بە گوێرەی دەستوور و یاساو رێسا زمانەوانیە باوەکەی سەردەمی خۆیان بەرهەمی زۆر ناوازەو شاکاری نەمریان نووسیوەو شۆرەتی ئیقلیمگیریان پەیداکردووە، بۆ نموونە ستندال، دیکنز و،گابریل گارسیا مارکیز...هتد.بەڵام لە هەمان کاتدا نووسەرانی دیکە هەن کە لە هیچ روویەکەوە لەوان کەمتر نین، و شێواز و زمانیان لە رووی ئەکادیمیەوە پڕە لە هەڵەو پەڵە، وئەمە نەك هەر نەیکردووەتە کارێك کە پایەی بەرزی هونەریان بێتە خوارێ، بەڵکو لێشیان بووە بەنەخش و بە یەکێك لە تایبەتمەندیی بەرهەمیان حەساو دەکرێت، بۆ نموونە وەك بەلزاك و جۆیس..کەواتە ساغڵەمی شێواز و زمان بە تەنیا و پێشوەختە شتێکی ئەوتۆی دەربارەی هەڵسەنگاندنی دروستی یان نادروستی چیرۆك لەسەر رۆنانرێت..

ئەوەی لە چیرۆکدا گرینگە و بە پێوەری کارایی و ئەکتیڤی نووسینی رۆمانەوانی دادەنرێت ،ئەوەیە کە چەند لە ناوەوە یەکگرتووبێت و،چەند شەقڵ و مۆرکی پێویستی خۆی وەرگرتبێت..رەنگە ئەو چیرۆکەی لە میانەی رۆمانێکەوە دەگێڕدرێتەوە زۆر سفت و یەکگرتوو نەبێت، بەڵام پێویستە ئەو

زمانەی کە پێی بەرجەستە دەکرێت، زمانێکی سفتی ئەوتۆ بێت کە شاشی خودی چیرۆکەکە بشارێتەوەو لە بونیادێکی هونەری ڕەسەندا و بە تەکنیکێکی ئەوتۆ کە ژیانی لێ هەڵبقوڵێت، بەرجەستەی بکات. یانی ئەوەندەی یەکگرتوویی و سفتی شێواز گرینگە، ساغڵەمی زمان لە رووی دەستووری و ئەکادیمییەوە، بە تەنیا و پێشوەختە، وەکو ئەوزارێکی گێڕانەوە، گرینگ نییە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە زمانی رۆمانەوانی، زمانێکی قەناعەتبەخش بێت و کارێکی وەها بکات کە خوێنەر هەست بە هیچ بۆشاییەك نەکات لە نێوان بابەتەکە و ئەو وشانەی بابەتەکەیان پێدەگێڕدرێتەوە. ئەمەش بەوە دێتە دی کە شێواز بە ڕادەیەك قەناعەتبەخش بێت، کە وشەو کاراکتەر و بابەت و نێوەرۆك و هەموو رەگەزەکانی چیرۆك بە جۆرێ ئاوێتەی یەکدی ببن و یەکەیەکی یکپارچەی هونەری سفت و کۆکی ئەوتۆ پێکبهێنن کە تەنانەت بە خەیاڵش ئەوەمان بە بیردا نەیەت کە لەگینە لێکدی جیاببنەوە یان جیابکرێنەوە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەر کارێکی سەرکەوتووی فلیڤانی (ابداعی)، و لە شێوازی زۆربەی هەرە زۆری گەورە نووسەراندا هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت.بۆیە شێوازی ئەو کەڵە نووسەرانە، بە هۆی شەقڵ و هاماجی (فەزا)تایبەتی خۆیانەوە نایەنە لاسایی کردنەوەو، ئەگەر لاساییش بکرێنەوە، ئەوا بەرەنجامی لاسایی کردنەوەکە بە زۆری شتێکی کاریکاتێری دەردەچێت نەك شتێکی ڕەسەن..بۆیە کاتێ هەندێ ڕۆمان و چیرۆکان دەخوێنینەوە، چەند خەیاڵییش بێت، بێ دوو دڵی باوەڕی پێدەکەین، ئەم باوەڕکردنەش لەو وشانەدایە کە بابەتی رۆمانەکەی پێ هاتووەتە گێڕانەوە. لە شێوازو لە ڕیتم و ئاهەنگی گێڕانەوەو بەرجەستەکردنی هونەریانەی بابەتەکەدایە، ئەگەر لەو وشەو شێواز و ریتمە تایبەتیەی داببڕیت، ناتوانێت بەو شێوەیە ئەفسوونمان بکات، چونکە ڕاستت گەرەکە ئەو بابەتانەی لە رۆمانەکەدایە، دەکاتە خودی ئەو پەیڤ و وشانەی سەرلەبەری رۆمانەکەی پێ گێڕدراوەتەوە. بۆیە کاتێ کە نووسەرانی دی دێن و لاسایی ئەم شێوازە دەکەنەوە، ئەو ئەدەبەی لەم پرۆسەیەوە بەرهەم دێت، کاڵ و کرچ و قەڵب و جەڵەبی دەردەچێت و زیاتر لە کاریکاتێر دەچێت..ڕەنگە هەندێ لەو لاساییکەرەوانە خوێنەرانێکی زۆر پەیدابکەن و

شۆرەتێکی ڕەوتەنی بە دەست بێنن، بەڵام کارەکانیان هەرگیز ڕەسەنایەتی نەمر پەیدا ناکەن و چەندیش پەردەپۆش بکرێن، لاسایی کردنەوەکەیان پێوە دیار دەبێت و خۆیان جاڕ لە خۆیان دەدەن.ئەدەب فێڵێکی گەورەیە، بەڵام ئەدەبی ڕەسەن و گەورە دەتوانێت بە ئەفسوونی خۆی ئەو فێڵە وەشێرێت و، ئەدەبی خراپ و نارەسەن و جەڵەبی بە پێچەوانەوە، فێڵەکە لە قاو دەدات.

کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی شێوازی یەکگرتووی لەبار و گونجاوی سفت وکۆك، مەرجێکی سەرەکی ڕۆمانەودەکاتە ڕەگی ژیانی ڕۆمان، ئەمەش لە خۆڕا بە دەست نایە، گەڕان و دۆزینەوەی دەوێت، خوێندنەوەی زۆری دەوێت، چونکە مەحاڵە بە بێ خوێندنەوەی زۆر، زمانێکی دەوڵەمەندی خۆشدەستی ڕەوانی بە ڕێژەوی برەوداری پڕگوزارشت بە دەست بێت. هەڵبەتە خوێندنەوەش، بە تایبەتی خوێندنەوەی جددی پیاو دەخاتە ژێر کاریگەریی ئەو رۆمان و بەرهەمانەی دەیخوێنێتەوە، ئەفسوونی ئەو نووسەرانەی دەکات کە خۆشەویستی ئەدەبی دەخەنە دڵ و دەروون و، لێرەوە ئەگەر پیاو ئاگای لە خۆی نەبێت لاسایی کرنەوە دەست پێدەکات...جا هەر لاسایی کردنەوەیەکی ئەوانە ئاساییە، تەنیا لاسایی کردنەوەی شێوازی نووسین و بەرهەمەکانیان نەبێت، نابێت بە هیچ جۆرێ شێواز و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان دەگەڵ زمان و وشەدا کۆپی بکرێتەوە، چونکە نووسەر کە نەیتوانی شێوازی تایبەتی خۆی، شێوازی هەرە گونجاو ولەبار بۆ ئەو بابەتەی کە گەرەکیەتی بیگێڕێتەوەو، هونەریانە پیشان بدات، بدۆزێتەوەو بەرهەم بێنێت، زۆر ئەستەمە چیرۆك و ڕۆمانەکانی بگاتە ئەو ئاستەی قەناعەت بە خوێنەر بکەن، ببن بە بەرهەمی قەناعەتبەخش، کە ئەم قەناعەتبەخشییە ژیانی ئەدەبەکەی مسۆگەر دەکات.بەم پێودانگە شێواز بە مانایەك دەکاتە ئەوپەڕی وردی لە هەڵبژاردنی وشەدا، چونکە تەنیا وشەی دانسقە و بە دیقەت هەڵبژێردراو دەتوانێت گوزارشت لە بیرۆکە بکات و بەرجەستەی بکات. جا دانسقەیی وشەش زیاتر بە ریتمەکەیدا دەناسرێتەوە..بە هەرحاڵ ئەگەر بڵێین شێوازو فۆرم یەك شتن رەنگە نەبێت بە زێدەرۆیی، چونکە نووسین لایەنێکە لە لایەنەکانی فۆرمی ئەدەبی، دیمەنێکە لە دیمەنەکانی شێوەی ئەدەبی، ودیمەنێکی دیکەی هەیە کە لە رووی گرینگی و بایەخەوە هیچی کەمتر نییە لە شێواز، ئەویش تەکنیکە،

چونکە وشەی (شێواز) بە تەنیا دەرەقەتی گێڕانەوەی چیرۆکێکی باش نایەت..

"٥"

ڕۆمان، وەکو بونیادێکی هونەری لە کەرەستەو تفاق و ڕەگەزی جۆراو جۆر پێکهاتووە.بەڵام هێندە وەستایانەو قەناعەتبەخش دروستکراوە لە تۆ وایە ژیانی لێ هەڵدەقولێت، لە تۆ وایە یەکەیەکی یەکپارچەی سەربەخۆی خۆزاد و خۆژییە. بەڵام ئەمە تەنیا رواڵەتە، ئەگینا لە بنج و بناواندا سەربەخۆیەکی خۆزاد نییە. ئەم وەهمە بە زەبری ئەفسوونی چۆنیەتی نووسینەکەی و وەستایی دروستکردنەکەی چێبووە، واتە بە زەبری شێوازی چیرۆکڤانی دروستبووە...کە پێشتر باسی گرینگی و بایەخی شێوازمان لە کارێن چیرۆکڤانیدا کرد، ئیستاش جێی خۆیەتی هەڵوەستەیەك لە ئاستی تەرتیب و رێکخستنی ئەو کەرەستە و رەگەزانە بکەین کە رۆمانیان لێ پێکدێت، هەڵوستەیەك لە ئاستی ئەو تەکنیکانە بکەین کە ڕۆماننووس بەکاریان دێنێت، تا شەقڵ و وزەیەکی ئیحایی تەواو بە داهێنانەکەی خۆی بدات..کۆڵەکە هەرە گرینگ و بنەرەتیەکانی ڕۆمان بریتین لە گوتیار، شوێن، کات، و ئاستی واقیع..

گوتیار، هەر بە ناوەکەیدا دیارە، ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کە چیرۆکێك یان هەرشتێکی دی دەگێڕێتەوە، ئیدی ئەو گێڕانەوەیە چ بە زارەکی بێت چ بە نووسین بێت.لە چیرۆکدا، گوتیار دەشێت نووسەرێك بێت و ڕاستەوخۆ و بە زمانی خۆی بدوێ یان دەمامکێك بێت، یان یەکێك بێت لە کاراکتەرەکانی چیرۆکەکە، کە نووسەر بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆیی خوڵقاندووە..کاتێ گوتیار سەروکار دەگەڵ ڕووداوەکانی چیرۆکدا، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا، پەیدا دەکات، ڕوانگە و گۆشە نیگای یەکەم کەسی تاك یان کۆ (من، ئێمە)، دووەم کەس (تۆ، ئێوە) و سێیەم کەس (ئەو، ئەوان)ی لێدەکەوێتەوە..کە هەر یەکێك لەم سێ گۆشە نیگایە، چەندین جۆریان هەیە..گۆشەنیگاش بریتییە لەو شێوازەی کە نووسەر لە رێگەیەوە تیمە و بابەت و ڕەگەز و پێکهاتەکانی چیرۆکەکەی خۆی بە خوێنەر نیشاندەدات و ئەوەی ڕاستی بێت پەیوەندی نووسەر بە چیرۆکەکەوە نیشاندەدات. هەر

چیرۆکێك پێویستە گوتیارێکی هەبێت کە بابەتێك بگێڕێتەوە، گێڕانەوەی بابەتیش لە رێگەی یەکەم کەس یان دووەم کەس یان سێیەم کەسەوە ئەنجامدەدرێ..جا بەم پێودانگە گوتیار گرینگترین کاراکتەرە لە هەموو ڕۆمانێکدا، وهەموو کاراکتەرەکانی دیکە بە دەوری ئەودا دەسوڕێنەوە..هەڵبەتە گوتیار، واتە ئەوەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، چەندیش بشوبهێتە سەر نووسەری چیرۆکەکە، وئەگەر بە ڕاناوی یەکەم کەسیش چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، ناکاتە خودی نووسەر و کۆپییەکی موو بە مووی نووسەر نییە.جارێ گوتیار بوونەوەرێکە لە وشە دروستکراوە، تەنیا لە بازنەی ئەو چیرۆك و ڕۆمانەدا دەژی کە دەیگێڕێتەوە. واتە بوونی بەندە بە ڕۆمانەکەوەو لە پێش ڕۆمانەکەدا یان لە پاش رۆمانەکەدا هیچ بوونێکی نییە، بوونی، بوونێکی خەیاڵییە و هەموو دنیای ئەو، چوارچێوەی رۆمانەکەیە .ناتوانێت لە دەرێی ڕۆمانەکەدا هیچ بوونێکی هەبێت.هەڵبەتە دیارە کە نووسەر ژیانێکی هەمەجۆرتر و بە رێژەوتری لە خودی ڕۆمانەکە هەیە، با ئەویش بینووسێت، چونکە ڕۆمانەکە چەند زیندووش بێت، ناتوانێت هەموو ژیان و ژینی ئەو لە خۆ بگرێت. گوتیار زادەو گوراوی خەیاڵە، وەکو هەر کاراکتەرێکی دیکەی ناو ڕۆمان، بەڵام لەوان گرینگترە.هەرچی رەفتار و کردار و گوتار و هەڵوێستێکی هەیە، لە پێناوی یەکێتیی ناوخۆیی ڕۆمانەکەدایە، کە ئەم یەکێتییە ناوخۆییەی پێدروست نەکرێت، توانای قەناعەتبەخشینیشی نابێت..

جا با بزانین کێ چیرۆك دەگێڕێتەوە، یان بە زمانی کێوە دێتە گێڕانەوە.هەڵبەتە هەر چیرۆکێك بگری دەبێت گوتیارێکی هەبێت کە بابەتێك بگێڕێتەوە. جا ئەم گێڕانەوەیە دەشێت لە شێوەو قاڵبی یەکەم کەسدا بێت (من، ئێمە) یان دووەم کەس (تۆ،ئێوە) یان لە شێوەو قاڵبی سێیەم کەسدا بێت (ئەو ، ئەوان) واتە گێڕانەوە لەو سێ قاڵبە بەدەر نابێت، یەکەم: گوتیاری قارەمان، واتە گوتیار بە خۆی لە چیرۆکەکەدا بەشدارە و لە ناو چیرۆکەکەوە بابەتەکە دەگێڕێتەوە..دووەم: گوتیاری هەموو شتزان.ئەم گوتیارە لە دەرێی چیرۆکەکەدایە و وابەستەی ئەو چیرۆك وبابەتە نییە کە دەیگێڕێتەوە، ئاگادارییەکی خوایانەی لە ڕابردوو، ئیستا و ئایندەی هەموو قارەمانانی رۆمانەکە هەیە، بیرو کرداریان دەخوێنێتەوە ولە گشت هزر

وبیرو هەست و نەست و سۆزێکیان ئاگادارە، لە ڕووداوەکان و ئاراستەی رووداوەکان ئاگادارە، بە کورتیەکەی لە حوکمی خوایەکە ئاگای لە خشەی مار و مێرووی ناو ڕۆمان و چیرۆکەکە هەیە، و پێویستی بەوەش نییە وەڵامی خوێنەر بداتەوە کە ئەو هەموو زانیارییەی لە کوێندەرەوە هێناوە، هەر بۆیەش پێی دەگوترێ گوتیاری هەمووشتزان. سێیەم: گوتیاری گۆنگ (ملتبس): ئەم گوتیارە لەو چیرۆك و حاڵەتانەدا بەکار دەبرێت کە گوتیار نە (من، ئێمە) یەو نە (ئەو،ئەوان)ــــە.بەڵکو ڕووی دەم لە(تۆ، ئێوە)یە. واتە لە ڕێگەی دووەم کەسەوە، بابەتەکە یان چیرۆکەکە دێتە گێڕانەوە.لەو جۆرە چیرۆکانەدا کە ئەم گوتیارە دەوریان تێدا دەبینێ، تێکەڵەیەك لە هەردوو گۆشە نیگای دەروونی وبێرونی بەکار دەبرێت..هەندێجار ئەم گوتیارە لە ڕاستیدا، لەژێر پەردەی ڕاناوی دووەم کەسدا(تۆ، ئێوە) خۆی دەنوێنێ. لەم حاڵەدا دەوری گوتیاری قارەمان دەگێڕێت، بەشداری لە ڕووداوەکاندا دەکات، بەڵام ناسنامەی خۆی لە خوێنەر و هەندێجار لە خۆیشی دەشارێتەوە. ناسینی تەواوەتی ئەم گوتیارە کە خۆی لە پشت پەردەی ڕاناوی دووەم کەسدا (تۆ، ئێوە) حەشاداوە، زۆر زەحمەتە، بۆیە گوتیاری (ملتبس –گۆنگ)ی پێدەگوترێ، مەگەر لە ڕێگەی مەزەندەو قەرینە ناوخۆییەکانی خودی چیرۆکەکەوە، پەی پێ ببرێت..واتە ئەم جۆرە گوتیارە، برێك ئاڵۆز و بە تەمومانە.هەڵبەتە گوتیاری یەکەم و دووەم کۆنن و لە دێر زەمانەوە بەکاردەبرێن، بەڵام گوتیاری سێیەم( ملتبس) تازەیە، زیاتر لەگەڵ پەیدابوون و سەرهەڵدانی ڕۆمانی تازەدا هاتووەتە ئاراوە. بەم پێودانگە ئەگەر گوتیار بە زمانی یەکەم کەس (من، ئێمە) بدوێت ئەوا گۆشەنیگایەکەی، گۆشەنیگای دەروونی پێدەگوترێ، ئەگەر گوتیار (ئەوەی بابەت یان چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە) یەکێك بێت لە کاراکتەرانی رۆمانەکە و باسی ئەو بەسەرهات و پێشهاتانە بکات کە دێنە رێی خۆی، پێیدەگوترێ گوتیاری - قارەمان.ئەگەر باسی بەسەرهاتی کەسێکی دی بکات، ئەوا پێی دەگوترێ گوتیاری - چاودێر.. واتە گوتیار لەم حاڵەدا، لە چیرۆکەکەدا بەشدارە، دەگەڵ کاراکتەرەکانی دیدا، لە هەمان شوێن و زەمەنی چیرۆکەکەدا دەژی، ودەوری زۆر گرینگی لە ڕەوت و ئاراستەی رووداوەکاندا دەبێت.بەڵام ئەگەر گوتیار، لە قاڵبی سێیەم کەسدا (ئەو، ئەوان) بدوێت بەم

شێوە گێڕانەوەیە دەگوترێت گۆشەنیگای بێرونی، لێرەدا گوتیار، لە دەرێی چیرۆکەکەدایە و هەموو شتێك دەزانێت، خودا ئاسا لە هەموو شوێنێ هەیەو لە هیچ شوێنێك نابینرێت.هەموو شتێك دەزانێت، هەموو شتێك دەبینێت، هەموو شتێك دەگێڕێتەوە، بێئەوەی هەرگیز دەربکەوێت، بێئەوەی هەرگیز باسی خۆی بکات..تەنیا گێڕانەوەیەکی بێ لایەنانەی لەسەرە بێئەوەی ڕاو بۆچوونی خۆی دەرببڕێت..هەڵبەتە ئەوەی تا ئێرە، لەمەڕ گوتیار و گۆشەنیگا، لە ڕۆمان و جیهانی چیرۆکڤانیدا باسکرا، هێڵە گشتی و درشتەکانی بابەتەکەمانە، و ئەو تەقسیمبەندییەی کە کراوە، قاڵبی پیرۆز ولە شکان نەهاتوو نییە، چونکە نووسەر ئازادە لەوەی جێگۆڕکێ بە گوتیارەکانی بکات و کارێك بکات کە ڕۆمانەکەی زیاتر قەناعەتبەخش بێت. هەڵبەتە زۆر ئاساییە کە گێڕانەوەی ڕۆمان بە یەك گوتیار نەسپێردرێت، بەڵکو بە پێی پێویستی هونەری و ئستاتیکی و زەرورەتی قەناعەتبەخشین، بە چەندین گوتیار بسپێردرێت و هونەرنوێنی تیابکرێت.هەڵبەتە ئەمە نەك هیچ زیانێك بە چیرۆك و ڕۆمانەکە ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەوڵەمەندی دەکات و گوڕ و زندوویەتی پتری پێدەبەخشێت...

کەواتە گوتیاریش وەکو هەر یەکێك لەو کاراکتەرانەی کە باسیان دەکات، زادەو گوراوی خەیاڵە. لە وشە دروستکراوە، نەك لە گۆشت و ئێسقان و خوێن، تەنیا لە رۆمانەکەدا دەژی و بوونی بەندە بە رۆمانەکەوەو خراوەتە خزمەتی ڕۆمانەکەوە..ئیدی ئەم کاراکتەرە، واتە ئەم گوتیارە دەشێت لە ناو یان لە دەرێی چیرۆکەکەدا بێت یان لە حاڵەتێکی (ملتبس) و گۆنگدا بێت،هەڵبەتە بە گوێرەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە زمانی یەکەم کەس یان سێیەم کەس، یان دووەم کەس.هەڵبەتە زۆر دەگمەنە، وبگرە مەحاڵە تەنیا یەك گوتیار لە ڕۆماندا هەبێت.ئەوەی باوە هەر ڕۆمانێك چەندین گوتیاری هەیە، کە بە نۆرەو دوا بە دوای یەکتر، لە روانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە چیرۆك یان بابەتی ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕنەوە و پیشاندەدەن. بە هەرحاڵ هەر تەکنیکێك لە رۆماندا بەکاربێت، دەبێت لە پێناوی ئەوەدا بێت کە بابەت و چیرۆکی رۆمانەکە، پتر و پتر قەناعەتبەخش بێت و هونەریانە ژیانی لێ هەڵبقوڵێت و زندوویەتی خۆی بسەلمێنێت...

دیاره زەمەن(کات)، وەکو چۆن گێڕانەوەو شوێن لە کاری چیرۆکڤانیدا، کە پێشتر و بە خێرایی باسمان کرد،دەورێکی یەجگار گرینگ دەگێڕن، بەو ئاوایە دەکاتە کۆڵەکەیەکی هەرە گرینگی ڕۆمان و چیرۆك، و هیچی لە فۆڕمی حیکایەتەوانی و گێڕانەوەکاری کەمتر نییە، و چۆنیەتی مامەڵەکردن و مالیجەی زەمەن، دەقاو دەق بە ئەندازەی شوێن، دەور لە توانای قەناعەتبەخشی چیرۆکدا دەبینێت.هەڵبەتە پێویستە لە سەرەتاوە زەمەنی زنجیرەیی (کرۆنۆلۆجی)،واتە ئەو زەمەنەی خوێنەر و خودی رۆماننووسانی تیادا دەژین، و تیایدا غەرق بوون، لەو زەمەنە خەیاڵکردەی کە دەیخوێنینەوە، کە لە بنەرەت و جەوهەردا لە زەمەنی واقیعی جیاوازە، جیا بکەینەوە. ئەم زەمەنە رێك وەکو چۆن گوتیار و کاراکتەرانی چیرۆك زادەو گوراوی خەیاڵن، بەو ئاوایە خەیاڵی و خەیاڵکردەو گوتیار لە رێگەی بەکارهێنانی زەمەنەوە کارەکەی لە جیهانی واقیعی ڕزگار دەکات و سەر بەخۆییەکی ڕواڵەتی قەناعەتبەخشی پێدەدات.

هەڵبەتە زەمەن، وەکو ڕەگەزێکی گرینگی دنیای چیرۆکڤانی مایەی ڕامان و سەرنجی زۆر لە زانایان و هزرڤانان و داهێنەران بووەو بیرو بۆچوونی هەمە رەنگ و جۆراو جۆر و ناکۆکی لەمەڕ چێبووە، بەڵام ڕەنگە هەمووان بەلای کەمەوە لەوەدا کۆکبن کە دوو زەمەن هەیە، زەمەنی زنجیرەیی(کرۆنۆلۆجی) و زەمەنی سایکۆلۆجی. زەمەنی یەکەم، واتە کرۆنۆلۆجی، بە خۆی هەیە و لەسەرووی بوون و دەسەڵاتی ئێمەوەیە و جوڵەی تەنە ئاسمانییەکان و ئەو دۆخە جۆراوجۆرانەی پێ پێوانە دەکرێت کە هەسارەکان لە بەینی خۆیاندا وەری دەگرن، ئیدی بەشەریش وەکو بەشێکی گرینگ لە گەردوون، لە رۆژی لە دایکبوونەوە تا مردن مەحکوومە بەو زەمەنە.واتە تەحەکوم لە ئاراستەی ژیانی قەدەریانەی تێکرای بوون و بوونەوەران دەکات. بەڵام لە پاڵ ئەمەدا، زەمەنێکی سایکۆلۆجیش هەیە، کە بە گوێرەی هەڵوێست و کارو کردەوەکانمان هەستی پێدەکەین.بە شێوەی جیاواز لە هەڵچون و سۆزو گودازماندا دەردەکەوێ.لە حاڵی خۆشی و شادیدا زۆر بە خێرایی دەقەتێ و دەگوزەرێ، و لە رووی دەروونییەوە هەست دەکەین زۆر کورتە، مەسەلەکەش

ئەوەیە کە دەمانەوێ ئەو زەمەنە سایکۆلۆجیە درێژە بکێشێت و بە خاوی بڕوات، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە لە حاڵەتی چاوەروانی و داخ و کەسەر و ناخۆشیدا،هەستدەکەین کات ناڕوات، لە جێی خۆی چەقیوە، بارێکی قورسە بەسەر دڵو دەروونمانەوە، رۆژێکمان لێدەبێت بە ساڵێك، مەسەلەکەش ئەوەیە کە حەزدەکەین، ئەو زەمەنە سایکۆلۆجییە، بەلەز بڕوات. جا لێرەدا زەمەنی رۆمانانمان مەبەستە، کە ئەم زەمەنە لە زەمەنی سایکۆلۆجیەوە هەڵێنجراوەو مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت نەك لە زەمەنی کرۆنۆلۆجییەوە. واتە زەمەنێکی زاتی (خودی) یە، مامەڵەی هونەریانەی ڕۆماننووس دیمەن و شەقڵێکی بابەتیانەی پێدەبەخشێت تا لەم رێگەیەوە کارێکی وەها بکا کە ڕۆمانەکەی لە دنیای واقیعی دووربکەوێتەوە و جیاوازو لە هەمان کاتدا قەناعەتبەخش بێت کە ئەمە کارێکی ئیجبارییە بۆ هەر بەرهەمێکی خەیاڵی کە بیەوێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ، پشت بە خۆی بژی و خۆیبوونی خۆی هەبێت.وەکو چۆن زەمەنی واقیعی خەونێك، لە چەند ساتێك پتر ناخایەنێت،بەڵام لق و پۆپ بۆ زەمەنانی دوور و درێژی چ ڕابردوو و چ ئایندە دەهاوێت و جاری وایە دەگاتە سەد ساڵ..زەمەنی رۆمانەوانیش، لە رێگەی گێڕانەوەوە، بە زەبری خەیاڵ، لە زەمەنی سایکۆلۆجییەوە لق و پۆپ دەهاوێت و لە پەیڤ و وشەدا بەرجەستە دەبێت و تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ وەردەگرێت کە لە زەمەنی واقیع جیاواز بێ و، بۆ خوێنەر و لای خوێنەر قەناعەتبەخش بێت.جا بۆ دیاریکردنی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی زەمەنی رۆمانەوانی، پێویستە لە هەر رۆمانێکدا بۆ گۆشەنیگای زەمانی بگەرێین و دەگەڵ گۆشەنیگای شوێندا تێکەڵی نەکەین،هەرچەندە هەردوو گۆشەنیگای ناڤبری لە مومارەسەی پراکتیکیدا، یەکانگیرو ئاوێتەی یەکترن..بە هەرحاڵ گۆشەنیگای زەمانی لە هەر ڕۆمانێکدا بریتییە لەو پەیوەندییەی نێوان زەمەنی گوتیارو زەمەنی ئەو بابەت و شتەی دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش بەند و پەیوەستە بە زەمەنی ئەو فرمانە دەستورییەی کە گوتیار، چیرۆکەکەی لە رێگەوە دەگێڕێتەوە. جا بەم پێودانگە دەشێت:

١-زەمەنی گوتیار و زەمەنی ئەو بابەتەی دەگێڕدرێتەوە تێك بكەنەوەو،یەك زەمەن بن.لەم حاڵەتەدا گوتیار،پەنا دەباتە بەر فرمانی رانەبردوو( مضارع) بۆ گێڕانەوەی بابەتەكەی.

٢-گوتیار دەتوانێت لە رابردووەوە، ئەو رووداوانە بگێڕێتەوە كە لە ئیستادا یان لە ئایندەدا روو دەدەن.

٣ -گوتیار دەتوانێت لە ئیستادا یان لە ئایندەدا، ئەو رووداوانە بگێڕێتەوە كە لە رابردووی دوور یان نزیكدا روویان داوە...

هەر هەموو ئەمەش لە رێگەی زەمەنی دەستوورییەوە، واتە ئەو فرمانەی كە گوتیار بۆ گێڕانەوەی چیرۆكەكەی، پەنای بردووەتێ، دەناسرێتەوەو پەی پێدەبرێت.هەڵبەتە ئەو سێ گۆشەنیگا زەمانییە، زۆر لق و پۆپی تریان لێدەبێتەوەو زۆر دەگمەنە تەنیا یەك گۆشەنیگای زەمەنی لە چیرۆك و رۆمانانی خەیاڵكردا بەكار ببرێ، ئیدی واباوە كە گوتیار لە نێوان چەندین روانگەو گۆشەنیگای زەمەنی جیاوازدا لە هاتوو چۆدا بێت و كاراترین و ئەكتیفترین زەمەنی دەستوری، بە گوێرەی پێویستی ڕەوتی گشتی رۆمانەكە، بەكاربێنی، زەمەنەكان لە ڕابردووەوە بچێتە سەر ئایندە و لە ئایندەوە بگەڕێنەوە سەر رابردوو كە ئەمە بۆ بوونەوەرانی واقیعی ناو ژیانی واقیعی مەحاڵە. كەواتە زەمەنی خەیاڵیش، زەمەنێكی دەستكرد و دروستكراوە..هەڵبەتە زۆرجار پتر لە یەك زەمەن لە چیرۆكێكدا دەبینرێ و، دوو سێ زەمەن یان چەند سیستەمێكی زەمەنی پێكەوە لە یەك ڕۆمان و چیرۆكدا دەژین..

هەڵبەتە كە باسی رەگەزەكانی رۆمان، بە جیادەكرێت، تەنیا بە مەبەستی شەرح و شرۆڤە و روونكردنەوەو شیكردنەوەیە، دەنا ڕۆمان وەكو یەكەیەكی یەكپارچەی هونەری بە تێكڕای رەگەزە بنەرەتی و لاوەكی و وردەكاری و ناسككارییەكانیەوە هونەریەت و ئەدەبییەت وەردەگرێت و تێكڕای رەگەزەكان لە بۆتەی هونەردا بە جۆرێ قاڵدەبنەوە كە لێك هەڵاوێرانیان نیمچە مەحاڵ و مەحاڵە..بۆیە زەمەن لە هەر ڕۆمانێكدا داهێنانێكی فۆرمالییە، وچونكە ئەو چیرۆكەی لە چوارچێوەیدا روو دەدات، نە لە ژیانی واقیعی دەچێت و نە لەگەڵیا تێكدەكاتەوە..

شتێك هەیە لە رۆماندا پێی دەگوترێت ئاستی واقیع. دیارە ئەمە بۆ خۆی بابەتێکی یەجگار ئالۆزەو بە دەم ڕەوتی نەشونماو گەشەکردنی هونەریی رۆمانەوە، دنیایەك لق و پۆی لێدەبێتەوەو بە سەرانسەری ڕۆمانەکەدا دەتەنێتەوەو تەرز دەهاوێت و بەشێوەیەکی پەنهانی پەیوەندییە هەڤدژەکانی نێوان واقیعی و فانتازی لە خۆ دەگرێت.دیارە ئەم پەیوەندییە بەو ئاوایەی کە گوتیار یان رەوتی گشتی چیرۆکەکە بەرجەستەو پێشکەشی دەکەن، هێندەی لق و پۆ لێدەبێتەوە کە لە بڕانەوە نایەت، ئەم لق و پۆ هاویشتنە بە ڕادەیەکە کە هیچ نابێت بە زێدەرۆیی ئەگەر بڵێین رەسەنایەتی نووسەری ئەدەبی فانتازی، بەر لە هەر شتێك وەستاوەتە سەر ئەو شێوەیەی، کە ئاستی واقیعی لە چیرۆکەکانیا پێدەردەبڕێت و بەرجەستە دەکات. بەم پێیە ڕەسەنایەتی دەکاتە ئەوەی خۆت بیت، سەربەخۆیی خۆت هەبێت، لە خەڵکانی دی جیاواز بیت،و نەفەسی تایبەتی خۆت بەکارە ئەدەبییەکەت بەخشی بێت و لە نێوان هەزاران کاری دیکەدا بناسرێیتەوە.واتە چمکێکی تازەی ژیان، لایەنێکی شاراوەی ئەزموونی مرۆڤانی، ریشەیەکی بوونت کەشف کردبێت، کە تا ئەو کاتە فەرامۆش کرابێ یان پەراوێز خرابێت یان لە شیکردنەوەی ڕۆمانەوانیدا ئاوڕی لێنەدرابێتەوە و بە جۆرێ لە سەرانسەری رۆمانەکەدا زاڵ بێت، کە نۆڕینێکی تازەمان پێ ببەخشێت کە پێشتر لە ژیاندا باو نەبووبێت. بۆیە نووسەری رەسەن دێت لە رێگەی بەرجەستەکردن و دەربڕینی هەندێ ئاستی واقیعەوە کە پێشتر باو نەبووە، نەناسراوە،جیهانبینی و نۆڕینە مرۆڤانییەکانمان لەلا قوڵتر دەکەنەوەو لە دڵ و دەروونماندا ریشاژۆی دەکەن.واتە ئەدەبی ڕەسەن بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی، هەست و نەست، سۆز و گوداز، نۆڕین و جیهانبینی مرۆڤ، دەمەزەرد دەکەنەوە و لە رۆتینیەت و یەکجۆریی رزگاری دەکەن. بە هەرحاڵ رەگەزی شوێن و کات و ئاستی واقیع، سێکوچکەی هەر ڕۆمانێك پێکدەهێنن و ڕوانگە و گۆشەنیگای مەکانی و زەمانی و ئاستی واقیعیان لێدەکەوێتەوە. ئیدی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سێکوچکەیە بە شێوەیەکی گونجاو و هاوئاهەنگ لە سەرانسەری رۆماندا، ڕادەی یەکێتی و سازانی ناوخۆ و قەناعەتبەخشی رۆمان وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی

هونەری دەنوێنێ و، دەکاتە کارێك کە خوێنەر قەناعەت بە حەقیقەت و ڕاستی ڕۆمانەکە بکات.هەڵبەتە حەقیقەت و ڕاستی ڕۆمان لەوەدا نییە بشوبهێتە سەر ئەو جیهانە واقیعییەی کە خوێنەر تیایدا دەژی. سەرچاوەی ئەو حەقیقەت و راستییە، لە خودی ڕۆمانەکەوە، لەو قەوارەیەوە کە لە پەیڤ و وشە دروستکراوە،لە سیستەمی بەکارهێنانی سێکوچکەی نێوبراوەوە هەڵدەقوڵێت..واقیعیەت لێرەدا ئەوەیە کە بە گوێرەی واقیعی ڕۆمانەکە واقیعی و قەناعەتبەخش بێت، نەك بە گوێرەی ئەو واقیعەی کە خوێنەر تیایدا دەژی.بۆیە ئەگەر وشە و پەیڤان، و سیستەمی ڕۆمانەکە کارابن و دەگەڵ ئەو چیرۆك و بابەتەدا بگونجێن کە دەویسترێ خوێنەری پێ ئیقناع بکرێ ، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە دەقەکە لە رووی تەکنیکەوە سەرکەوتووە و بە شێوەیەکی هونەریانەی ئەوتۆ بابەت و شێوازو گۆشەنیگا ئاوێتە بوون و تێکهاڵاون کە کاتێ خوێنەر دەیخوێنێتەوە بە ڕادەیەك جەزمە دەیگرێت و حاڵی لێدێت، کە بیری دەچێتەوە ڕۆمان دەخوێنێتەوە و لە دنیایەکی خەیاڵکردی وشەزادا دەژی، وا هەستدەکات لە ناو ژیانی راستەقینەدا دەژی..ئەمەش بە زەبری تەکنیك دێتەدی. وەکو چۆن خوێن بە دەمارەکانی لەشدا دەسورێتەوە بە بێ ئەوەی ببینرێت، زندوویەتی پێدەبەخشێت، تەکنیکش بەو ئاوایە، بە دەمارەکانی لەشی ڕۆماندا دێ و دەچێت و زندوویەتی پێدەبەخشێت و بە ڕادەیەك خوێنەر ئەفسوون دەکات کە بەلای کەمەوە، لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا، ئەو دنیا خەیاڵکردە وشەزایەی لێببێت بە ژیان و دنیای واقیعی..

"٨"

هەڵبەتە ڕۆمان و ڕەوتی ڕۆمان بە شێوەیەکی یەکهاوی و یەکدەست ناڕوات، بەڵکو نەقلە و گوێزانەوەی زۆری تێدەکەوێت. کە ئەم نەقلە و گوێزانەوەیە، ڕۆتینیەتی خوێندنەوە لەلای خوێنەر دەڕەوێنێتەوە. نەقلە بریتییە لە هەر گۆڕان و دۆخەگۆڕکێیەك کە بەسەر هەر یەکێك لە سێکوچکەی ڕۆماندا دێت.واتە شوێن، کات، و ئاستی واقیع..بۆیە دەشێت نەقلەو گوێزانەوە مەکانی، زەمانی، واقیعی بێت، بە گوێرەی ئەو دۆخە گۆڕکێیەی بەسەر هەر یەکێك لە سێ ڕەگەزی ناقبریدا دێت...زۆرجار لە ڕۆمانێکدا، بە تایبەتی لە

رۆمانی سەدەی بیستەمدا چەند گوتیارێك دەبینرێت، هەندێجار چەند گوتیارێکی- قارەمان دەبینرێت،هەندێجاری تر گوتیارێکی هەمووشتزان و چەند گوتیارێکی قارەمان دەبینرێت وەکو ئەمە بە روونی لە یۆلیسیسی جیمس جۆیسدا دەبینرێت..زۆرجار دەبینین ڕاناوی دەستووری لە سێیەم کەسەوە (ئەو، ئەوان) دەگوازرێتەوە بۆ یەکەم کەس (من، ئێمە)بە هەرحاڵ ئەم نەقلە و گوێزانەوانە لە هەندێ رۆماندا زۆرەو لە هەندێکی تردا کەمترە. دیارە سوود یان زیانی ئەم نەقلانە بەندە بە ئەنجامی خودی نەقلەکانەوە، چەند ئاستی واقیعیەت و قەناعەتبەخشی چیرۆکەکە بەرزدەکاتەوەو چەند دەیشێوێنێت. بۆیە ئەگەر نەقلەکان کاراو کاریگەر و بەجێ و گونجاو نەبن و خزمەتی لایەنی قەناعەتبەخشی چیرۆکەکە نەکەن، ئەوا خوێنەر دەپەشۆکێ و لە نێو ئەم نەقلە کوت و پڕو لە ناکاو و دەستکردانەدا گومڕا دەبێت.نەقلەی زەمانییش پەیوەندی بە دۆخە گۆکێی زەمەنەکانەوە( رابردوو، ئیستا، ئایندەوە) هەیە. سەبارەت بە نەقلەی ئاستی واقیعیش، چونکە ئاستی هەمەجۆر و زۆر هەیە، بۆیە لەو بوارەشدا ئەگەری نەقلە، یەجگار زۆرەو هەموو نووسەرێك پەنای بۆ بردووە، دیارە چۆنیەتی بەکارهێنانی نەقلە، چ نەقلەی کوت و پڕ و چ نەقلەی بەرەبەرە و، سوود وەرگرتن لەو وەسیلەیە، بە پێی توانا و بەهرەو ئەزموونی هەر نووسەرێك دەگۆڕێت.هەڵبەتە بۆیە پەنا بۆ ئەو تەکنیکە دەبرێت تا خوێنەر پتر قەناعەت بە کارە ئەدەبییەکە بکات و،ئەگەر گوتیار بە شێوازی تایبەتی و دیاریکراوی خۆی و، لە چوارچێوەی چیرۆکێکی تایبەتی و دیاریکراودا، ئەو نیشانەیەی پێکا، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرکەوتنە..

بەم پێیە ڕازو نهێنی و ئستاتیکا و قەناعەتبەخشی ڕۆمان لە تەکنیکدایە، و ڕەگی تەکنیکش دەچێتەوە سەر سێکوچکەی کات، شوێن و، ئاستی واقیع بە گشت ئەو لق و پۆپانەوە کە لێیان دەبێتەوە( ئەو سێکوچکەیە لە هەموو ڕۆمانێکدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان هەیە).و هەر وردەکاری وهونەرکاری و ناسککاری و ئارایشت و ڕتوشکارییەکیش دەکرێت، ڕەگی لە تەکنیکدایە و وەسیلەیەکە بۆ ئەوەی خوێنەر قەناعەت بە واقیعیەتی چیرۆکەکەبکات. هەڵبەتە لە چوارچێوەو ئاستی واقیعی رۆمانەکەدا نەك لە چوارچێوەی ئەو

واقیعە واقیعییەی کە خوێنەر تیایدا دەژی..یەکێك لەو تەکنیك و وردەکاریانەی کە لە کۆنەوە لە کاری چیرۆکڤانی و حیکایەتەوانی و گێڕانەوەکاریدا بەکار هێنراوە، و تا رۆژگاری ئەمرۆش بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەبرێت، ئەوەیە کە چیرۆکێك وردە چیرۆکانی لێدەبێتەوە، وەك ئەوەی چیرۆکە ئەسڵییەکە، چیرۆکە دایکەکە، زاوزێ بکات و منداڵ و بێچووی ببێت و زوریەت بخاتەوە. جا ئەم هونەرکارییە وەختێ کاراو کاریگەر و قەناعەتبەخش دەبێت کە جۆرێك لە ئەفسوون، مەندی و گۆنگی و ئاڵۆزی، بە نێوەرۆك و تیمەی چیرۆکە خەیاڵکردەکە ببەخشێت، و ئاوێتەی رەگەزەکانی دیکەی چیرۆك ببێت و جۆرە کەماڵێکی هونەری بەکارە ئەدەبییەکە، واتە رۆمانەکە ببەخشێت. حیکایەتی هەزارو یەك شەوە نموونەیەکی زۆر روونی ئەو زاوزێ چیرۆکڤانییەیە کە باسمان کرد،دایکە چیرۆکەکە، دەیان وردە چیرۆکی لێدەکەوێتەوە.. لەم کارە ئەدەبییەدا، شەهرەزاد بۆ ئەوەی لە کوشتن بخەلەسێت و بە مەرەدی ژنەکانی دیکەی شەهرەیاری ترسناك نەچێت، زنجیرەیەك چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوەو هەموو شەوێك چیرۆکەکە لە شوێنێکی فرە هەستیارو بە شێوەیەکی ئەوتۆ دەبڕێت کە شەهرەیار ئەفسوون بکات و خولیای زانینی ئاکامی چیرۆکەکەی بکەوێتە سەر و چاوەڕوانی سبەی شەو بکات و، شەهرەزاد بەم شێوەیە شەوێکی تر دەداتە دەم مان و ژیانی خۆیەوە..ئیدی بەمجۆرە هەزار و یەك شەو بەسەر دەبات. ئەم گوتیارە بەهرەمەندە ،بە جۆرێ شەهرەیار ئالودەو ئەفسوونی ئەو دنیا خەیاڵکردە دەکات کە لە گیانی خۆش دەبێت و، ژیانی خۆی دەکڕێتەوە..هەڵبەتە ئەم تەکنیکە بریتییە لەوەی کە لە رێگەی گوتیارەوە، چیرۆك لە چیرۆك دەبێتەوە، چیرۆك بە چیرۆك دەسپێردرێت و،هەر چیرۆکە، بە چیرۆکێکی دی ئاوسە و وەکو دەنکی تەزبێح بە دووی یەکدا دێن و،ئەم پرۆسەیەش لە چوارچێوەی سێکوچکەی نەقلەی زەمانی و مەکانی و ئاستی واقیعدا دەماسێت و هونەریەتی خۆی وەردەگرێت..بەم پێودانگە دەتوانرێت بگوترێت خەیاڵ بۆ دەوڵەمەندکردنی ژیان یەجگار پێویستە و هەرچەندە خەیاڵ ئەو ژیانە نییە کە تیایدا دەژین، بەڵکو ژیانێکی دیکەیە، ژیانێکی یاخییە لە ژیانی واقیعی.بەڵام کەرەستە خاوەکانی لە ژیانەوەو لە وردە

ئەزموونەکانی ژیانەوە هەڵدەهێنجێت و لە بۆتەی هونەردا قاڵی دەکاتەوە و ژیانێکی پێدەبەخشێت کە زۆر لە ژیانی راستەقینە باڵاتر و لەبەردڵانترە...

بەهەرحاڵ لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە دووپات بکرێتەوە، کە ڕۆمان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییە و، بە تێکڕای رەگەزو توخمەکانیەوە ئەدەبییەت پەیدا دەکات ، بە هۆی تێکڕژان و کارلێکی گشت رەگەزو توخم و پاژو وردە پاژەکانییەوە، گشتێك دروست دەبێت کە لەوە دەردەچێت کۆمەڵێك کەرەستەی خاو بێت و بە زەقی درابنە دەم یەکترەوەو جارێکی دیکە بە ئاسانی لێکدی هەڵاوێردرێن.واتە ئەنجامی کارلێکی رەگەزەکان، یەکەیەکیان لێدروست دەبێت، زۆر زیاترە لە یەکانگیری پاژەکان..رۆماننووسی چاکیش سەرپشکە لەوەی پەنا وەبەر هەر وەسیلەیەك بەرێت بۆ ئەوەی ئێمەی خوێنەر ئەفسوونی چیرۆکە خەیاڵییەکەی بکات و قەناعەتی پێبکەین..جا بەو حەساوەی کە تەکنیك و، فۆرم و گوتار و دەق، یەکەیەکی یەکپارچە و گشتێکی هونەرییەو لێکدی جیا نابێتەوەو جیا ناکرێتەوە،بۆیە جیاکردنەوەی بابەت، یان شێواز، یان رەوت و نەسەق، یان گۆشەنیگا و روانگە و جیهانبینی، وەکو ئەوەیە بێی بوونەوەرێکی زندوو مۆمیا بکەیت، کە ئەنجامی ئەم کارە لە باشترین حاڵەتیدا، دەکاتە جۆرە کوشتنێك، چونکە ئەو مۆمیایە هەرگیز زندوویەتی و چەلەنگی و گەشی و پرشنگداری و تەڕی و تازەیی بوونەوەر و گووراوە زندووکەی نابێت..هەڵبەتە ئەم قسەو بۆچوونە بەو مانایە نییە کە رێگە لە رەخنە بگیرێت، یان رەخنە بەکارێکی بێهوودە لە قەڵەم بدرێت و، بە پێویست نەزانرێت و، بشێت دەستبەرداری ببی.. نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەشێت رەخنە ببێت بە رێنمایەکی یەجگار گرینگ بۆ چوونە ناو دنیای شێوازو نووسینی نووسەرەوە.بگرە هەندێجار دەشێت باس و لێکۆڵینەوەی رەخنەیی بۆ خۆی و لە خۆیدا، کارێکی فلیڤانی(ابداعی) گەورە بێت، وەکو هەر رۆمانێکی مەزن یان چامەیەکی ناوازە..بەڵام وێڕای ئەمەش دەبێت ئەوەمان لەلا عەیان بێت کە رەخنە، چەندیش وردو دروست و لۆجیکی و بەجێ بێت، هەر ناتوانێت بگاتە بنج و بناوان و ونگە و حەشارگە و نهێنگەکانی دیاردەی ئەفراندنەوانی و داهێنان،و راڤە کردن و شرۆڤە کردنی هەموو ورد و درشتێکی..چونکە هەمیشە لە ڕۆمان و چامەی سەرکەوتوودا، رەگەزێك،

لایەنێك، ڕەهەندێك هەیە كە دەستی شیكردنەوەی ڕەخنەیی ئەقڵانی نایگاتێ، چونكە ڕەخنە خۆی لە خۆیدا مەیدانی مەشقی ئاوەزو زیرەكییە. بەڵام لە كاری ئەفراندنی ئەدەبیدا، جگە لە ئەقڵ و زیرەكی، مەزەندە، هەستیاری، هەست و نەست، سۆزو گوداز و تەنانەت ڕێكەوتیشی تێدایە كە ئەمانە لە وردترین تۆڕی باس و لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی دەرباز دەبن.بۆیە كەس ناتوانێ كەس فێری داهێنان و ئەفراندن بكات..ئەوپەڕی دەكرێت فێری خوێندنەوەو نووسین بكرێت. ئەویتری وەستاوەتە سەر خۆت و مرۆڤ خۆی، خۆی فێر دەكات، ئەمەش ڕێگەیەكی دژواری پڕ هەوراز و نشێوە، پڕە لە كەوتن و هەستانەوەی بێوچان و بەردەوام.. بۆیە باشترین فێرگە، سەبارەت بە ڕۆمان و بونیاد و فۆرمی ڕۆمانەوانی، ئەوەیە یەكسەر دەست بە نووسینی ڕۆمان بكەیت، و هەر نووسەرەش بە پێی دەوڵەمەندی و هەژاری ئەزموونی خۆی ، یاساو ڕێسای ڕۆمانەوانی تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێت..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- ماریو بارغاس،رسائل الى روائى شاب/ ترجمە:صالح علمانی/ دارالمديللثقافەوالنشر/٢٠١٠

*-متعە الروايە/ دراسە نقديە منوعە/دار المعرفە، بيروت/ط١/٢٠٠٥/الدكتور احمد زياد محبك

*- د.صلاح فضل/اساليب السرد فى الروايە العربيە/ ط١/٢٠٠٣/ دار المدى للپقافە والنشر

*- جابر عصفور/ زمن الروايە/ط ١/١٩٩٩/دار المدى للپقافە والنشر

*- دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك/ حەمەكەریم عارف/ چ ١/٢٠٠٨/ نووسەرانی كەركوك

ڕۆمان

پرۆسەیەكی ئەفراندنەوانی كەشفكاریە

((١))

گومان لەوەدا نییە ڕۆمان هونەرێکی گەورەیەو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بالآترین دەربڕینی هونەریی سەردەمە، دیارە کە ڕۆمان هونەر بێ، دەبێ ڕۆماننووسیش هونەرمەندێکی لە زەبرو پڕ دەسەڵات بێ. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هونەری ڕۆمان ئەوەیە کە بە وشەو پەیڤان، بە نووسین دێتە بیناکردن، یانی ڕۆماننووس دێت بە وشەو لە ناو وشەدا خەڵکانو ژینگەی زندوو دروست دەکات. بەڵام چۆن خەڵکانو چتۆ ژینگەیەك؟ خەڵكو ژینگەی راستەقینەو حەقیقی؟ هەڵبەتە نەخێر، چونکە ئەمە بابەتو ئەرکی مێژوو، بێوگرافیو سەفەرنامەو هەر ژانرێکی ئەدەبی لەو جۆرانەیە، ڕۆماننووس، بە زۆری خەڵکانو ژینگەی دەستکرد، دەخوڵقێنێو بە گوێرەی واقیعی ڕۆمانەکە، مامەڵەیەکی هونەری ئەوتۆیان دەگەڵ دەکات، کە وێرای دەستکردییان ئەوەندە قەناعەتبەخشو باوەڕکەردەنی بن، کە لە هزرو خەیاڵی خوێنەردا واقیعیەت پەیدا بکەنو هەستو نەستی بهاڕوژێنن، بیکەن بەشەریکی ڕاستەقینەی خۆشیو ناخۆشی خۆیان، بیهێننە پێکەنین، بیخەنە گریان، بەزەیی بوڕوژێنن، رقی هەستێنن، بیکەن بەشەریکی هەموو نیگەرانیو ئارەزوویەکی خۆیان. دیارە ئەمە کارێکی یەجگار دژوارە، کێ دەرەقەتی ئەمە دێت خەڵکانو ژینگەیەکی بە ئاشکرا دەستکرد بخوڵقێنێو بەڕادەیەك قەناعەتبەخشو باوەڕکەردەنی بێت، کە خاوەنەکەی، واتە ڕۆماننووسەکە بگەیەنێتە پایەیەکی هونەری باڵا. دیارە مەرجی یەکەمی ئەم پرۆسە ئەفراندنەوانیە ئەوەیە کە ڕۆماننووس، خودانی خەیاڵێکی داهێنەرانەو بەهرەو زەوقو سەلیقەیەکی خۆڕسکی خودادادی بە پیت بێت. مەرجی دووەم تەکنیکە، تەکنیكو سەنعەت ئەو یاساو رێسا هونەریانەیە کە لە بەرهەمێن پێشینانەوە هەڵێنجراون. واتە لە پێشا بەرهەمەکان داهێنراونو پاشان پسپۆڕانو هونەرناسان هاتوون یاساو رێسا هونەرییەکانیان لێوە هەڵێنجاوەو گەڵاڵەیان کردووە، نەك بە پێچەوانەوە.

سەبارەت بە خەیاڵو بەهرەی داهێنەرانە، بەهرە کە هەبوو شەرم لە کەس ناکاتو هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێ، خۆی دەنوێنێ، ئۆقرەو ئارام لە خاوەنەکەی هەڵدەگرێت، ئیدی چاری ناچارە دەبێ بنووسێت، نووسین بەرۆکی بەر نادات، ئەگەر نەنووسێت وەکو ئەوەیە شتێکی ون کردبێت، نووسین دەبێت بەعەشقو خولیای، بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی

ژیانی. کەسی بەهرەدارو بەرزەخەیاڵ هەست دەکات شتێك، نهێنییەکی لە دڵدایە ئەگەر نەیەڵێ دڵی شەق دەبات، بۆیە ناچارە وەکو هەر پێویستیەکی تر ئەنجامی بدات، بیڵێ، ئەگەر بۆ دارو بەرد یان گیانلەبەرێکیشی گێڕاوەتەوە دەبێ بیڵێ، ئەوەی لە دڵیدایە هەڵیرێژێت... واتە رۆماننووس، بەر لەوەی بۆ هەر کەسێك بنووسێت بۆ خۆی دەنووسێت، بۆیە پێویستە بە خوایشتی خۆی، بە کەماڵی ئارەزوو خۆی بۆ کاری رۆماننووسی تەرخان بکات، هەموو زیکرو فیکری دەقەبەڵی رۆمان بکات، بە کورتیو کرمانجی ئاشقێنی دەگەڵدا بکات. بەرانبەر بە ماشوقەکەی کە دەکاتە رۆمان، ئەمەکدارو بە بەقابێ، بە دزی ئەوەوە ئاشقێنی دەگەڵ کەسی دیدا نەکات، چونکە کە پێی زانی، زیز دەبێ، لەوەیە بە یەکجارەکی بتۆرێو ئاشت نەبێتەوە.

***

هەر رۆماننووسێك بگریت، بابەتی رۆمانەکەی، کەرەستەی دروستکردنی کاراکتەرو ژینگەی کاراکتەرەکانی لە کۆمەڵێك سەرچاوەوە هەڵدەهێنجێ کە سەرچاوەی یەکەمی ئەزموونی شەخسی خۆیەتی، یانی چی کردووەو چی دیتووەو چی بەسەر هاتووە. ئیدی بابەتەکانی چەند پتر ریشەیان لە ئەزموونە شەخسیەکانیدا داکوتابێو لەوێندەرەوە خۆراکیان وەرگرتبێ، هونەریانە ئاوێتەی یەکتر بن، رۆمانەکە جوانترو زندووتر و تەڕو تازەتر دەردەچێت، بۆیە ئەزموونی شەخسی چەند جوانترو دەوڵەمەندترو بە بەهاتر بێ باشترە. ئەزموونیش، بەوە پەیدا دەبێ، کە رۆماننووس بە خۆی ژیان بجەڕبێنێ، خۆی بە ناو جەرگەی ژیاندا بکات، بە پەراوێزی ژیان رازی نەبێ، تەمەڵو تەوەزەل نەبێ، خۆشباوەڕ نەبێ، بە خۆی، راستەوخۆ، بەهەر پێنج هەستەکەی ژیان بجەڕبێنێ. بەوە قەناعەت نەکات کە خەڵکی بڵێن بەرد رەقە، سەر دەشکێنێ، بەڵکو بە پێویستی بزانێت بەردەکە سەری خۆی بشکێنێو بە پراکتیکی تاقی بکاتەوە تا بە خۆی هەست بکات کە رەقی بەردەکە تا چ ئەندازەیەکە، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ ئازاری ئەو بەردە بە جۆرێ وەسف یان بەرجەستە بکات کە خوێنەر هەستی پێبکات، یانی ئەزموونەکە دەگۆڕێت بۆ هەست...هەڵبەتە رۆمان بۆ خۆی پرۆسەیەکی

کەشفکاری هونەریانەیە، کە وابوو ڕۆماننووس پێویستە ڕێگا نەناسراوەکان بگرێتە بەر، تا ئەگەر بەخت یاری بوو، شتی تازەو نوێ کەشف بکات، بەڵام ئەگەر جێ پێی کەسانی دی هەڵگرێت، شتێکی تازە بە دەست نایەنێ کە پێشکەش بە خوێنەری بکات، ئەوپەڕی کاڵایەك دەخاتە بازاڕەوە کە پێشتر لە بازاڕی هونەردا هەبووەو کۆن بووە. واتە کە ڕێگەی ڕۆماننووسی هەڵبژارد دەبێ بە نیازو مەبەستێکی نوێ بڕوانێتە تێکڕای شتەکان، ڕاستەوخۆو لە نزیکی نزیکەوە ژیان بجەڕبێنێ، هونەریانەو بێ لایەنانە دیاردەو ڕووداوان بخوێنێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چەند زەروریە ڕۆماننووس جیهان‌و جیهانیان لە ڕێگەی ئەزموونی شەخسیەوە زۆر باش بناسێت. دیارە یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەزموون، دیتن‌و چۆنیەتی دیتنە، ڕۆماننووس دەبێ بینەرێکی وردبین‌و تیژ سەرنج بێ. دوو جۆرە بینین هەیە، یەکێکیان سەلبیە تا شتەکە بە خۆی نەیەتە بەرچاوی‌و بە تۆبزی بە ڕۆکی نیگای نەگرێت نای بینێ‌و دووەمیان، دیتنێکی ئەکتیڤ‌و چالاکە، ئەم جۆرە دیتنە بەردەوام لە هەوڵی دیتنی هەموو شتێکدایە، بە سەرنجەوە دەڕوانێتە هەر دیاردەو ڕووداوێك، بە خۆی بەرۆکی شتەکان دەگرێت‌و عەودالی دیتنیانە، مەگەر شتێك کە خۆی نەیەوێ بیدینێ. دیتنی یەکەم، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە چاویان هەیەو نابینن، ئەم دەستەیە ڕۆماننووسیان تیا هەڵناکەوێ. دیتنی دووەم، دەبێ بە دوو بەشەوە، یەکەمیان، کە زۆربەن، ئەوانەن کە نیگایان عەودالی شتە بچووك‌و توڕەهاتەکانە، دووەمیان، کە کەمینەن نیگایان ڕاوچی دیاردەو ڕووداوو شت‌و ساتە نوێ‌و جوان‌و دەگمەن‌و گرینگەکانە، جا ڕۆماننووس دەبێ لە گروپی دووەم بێ، دەبێ نیگای هەمیشە لەسەر پێ بێ، تا شت‌و ساتە نوێ‌و جوان‌و دەگمەن‌و گرینگەکان بدۆزێتەوەو ڕاویان بکات. لە گەنجینەی یادگەی خۆیدا هەڵی گرێت‌و بیکات بە خۆراکی خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی یان دەتوانێ لە دەفتەرچەی یادگاراندا تۆماری بکات‌و لە کاتی پێویستدا دەوریان بکاتەوەو خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی پێ زاخاو بدات. بە هەرحاڵ ڕۆماننووس ئازادە لەوەی چۆن کار دەکات، ئەمە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە. بەڵام ئەگەر بینەرێکی وردبین‌و تیژ سەرنج نەبێت، ئەگەر عەمری نوحیشی هەبێت، هەر نابێت بەخودانی ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەند.

***

بێگومان ئینسان چەند بەهرەمەندیش بێ، توانا ئاساییەکانی هەر سنووردارن، بەڵام لە بەرانبەر ئەو سنووردارییەدا، گەنجینەیەکی یەجگار زۆرو دەوڵەمەندی لەبەر دەستدایە، کە دەتوانێ بە کەیفی دڵی خۆی سوودی لێ بدینێو قەرەبووی سنوورداریو کێماسی تواناکانی دیکەو ئەزموونانی شەخسی پێ پڕ بکاتەوە، ئەو گەنجینەیە، گەنجینەی جیهانی ئەدەبیاتو هونەرە. بە تایبەتی کەلەپورو میراتی جیهانی هونەری رۆمان. کەلەپوری هونەری رۆمان، لە کۆنی کۆنەوە تا ئەمڕۆ، لە هەر سووچێکی ئەم دنیایەو بە هەر زمانێکی جیاوازی تیرەی بەشەر هاتبێتە نووسینو بڵاوکردنەوە هەر هەمووی موڵکی هونەریی رۆماننووسە، تا زیاتر سوودی لێ وەربگرێت کارامەترو زەبەر دەست تر دەبێت. ئەم سوود وەرگرتنەش تەنیا لە رێگەی خوێندنەوەی شاکارە رۆمانەوانیەکانی دنیاوە مەیسەر دەبێت. خوێندنەوەو دووبارە خوێندنەوەی رۆمانانانی باش، شاکار ، لە دوو رووەوە بۆ رۆماننووس پێویستە: لەلایەکەوە راستەوخۆ لەزەتی پاڵافتەی رۆمان خوێندنەوە دەجەڕبێنێو شارەزایی پتر لە دنیاو خەڵکی پەیدا دەکاتو لەلایەکی ترەوە، سەنعەتو تەکنیکی رۆمان لەسەر دەستی کەڵە مامۆستایانی هونەردا فێر دەبێت. رۆماننووسو بە تایبەتی ئەگەر تازە کار بێ، لە رێگەی خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەوە کە دەیانخوێنێتەوە، پێوەرو پێوانەکانی چیرۆکی باشو نایاب کەشف دەکات. ئیدی گیانی بەراوردی لا دروست دەبێو هەمیشە چیرۆکەکانی خۆی دەگەڵ کەڵە نووسەراندا بەراورد دەکاتو کەمو کوڕییەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێو هەنگێ، هەڵبەتە نابێ تووشی نا ئومێدی بێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ رژدو مکووڕ بێ لەسەر ئەوەی ئاستی ئیستاتیکی چیرۆکەکانی خۆی بگەیەنێتە ئاستی ئیستاتیکی بەرهەمێن کەڵە نووسەرانو دژواریو دوورو درێژی رێگای رۆماننووسی نەیترسێنێ، هەڵبەتە خوێندنەوەو دووبارە خوێندنەوەی رۆمانو چیرۆکان، تەنیا بۆ فێر بوونی شێوەی رۆماننووسی نیە، بەڵکو دەبێ لە هەمان کاتدا، بە مەبەستی لەزەتی ئیستاتیکیو روحی، پاڵاوتنی دڵو دەرونیش بخوێنرێتەوە. ئیدی لە رێگەی خوێندنەوەی بەردەوامو وردەوە، بەرە بەرە نهێنییەکانی رۆماننووسیش فێر دەبێ. بە کورتیەکەی نووسەر دەبێ بەدەم لەزەتی روحیو دەروونی

خوێندنەوەی شاکارێن رۆمانەوانیو چیرۆکڤانیەوە، دیقەتی ئەوەش بدات کە رۆماننووس چ بونیادو تەکنیکێکی لە کارەکەیدا داهێناوە، چۆن چۆنی کەرەستەو رەگەزە چیرۆکڤانیەکانی بەکار بردووەو، چتۆ توحفەیەکی چیرۆکڤانی ئەفراندووە. بە هەرحاڵ رۆماننووس نەك پێویستە هەر خوێنەرێکی جدیو باش بێ، بەڵکو دەبێ هەموو شتێکی باشو ناوازە بخوێنێتەوە، بە تایبەتی ژانرە ئەدەبیە جۆراو جۆرەکان، کە بێگومان خەیاڵ دەوڵەمەند دەکاتو زەوقو سەلیقە مشتو ماڵ دەداتو پوختەی دەکاتو فەرهەنگی زمانەوانی نووسەر دەوڵەمەند دەکات.

***

هەر نووسەرێك بگری، بابەتو کەرەستەی پێویستی کارەکەی لە سێ سەرچاوەی سەرەکیەوە وەردەگرێتو هەڵدەهێنجێ: ئەزموونی شەخسی، گەنجینەی جیهانی ئەدەبیاتو هونەرو خەیاڵی داهێنەرانە- خەیاڵی داهێنەرانە زیاتر بەهرەیەکی خۆڕسکی خوادادیە، بە هەوڵو کۆشش بەدەست نایەت، بەڵام خەڵکی بەهرەدار، دەتوانێ بە کۆمەکی ئەزموونێن شەخسیو گەنجینەی ئەدەبیاتو هونەری جیهانی، پوختەترو زیاتری بکات. هەڵبەتە ئەو سێ سەرچاوەیە رۆڵی گرینگیان لە داهێنانی هونەریدا هەیە، بەڵام رۆڵەکەیان یەکسانو بە هەمان ئەندازە نیە. بۆ نموونە مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، هەندێ کەڵە داهێنەری بەخۆوە دیتووە کە ئەزموونێکی شەخسی ئەوتۆ لە ژیانیاندا نەبووەو بەو حاڵەشەوە، بەزەبری خەیاڵی داهێنەرانە، خەیاڵێك کە لە رێگەی سوود وەرگرتن لە گەنجینەی جیهانی ئەدەبیاتو هونەرەوە، پوختەترو زیاتر بووە، شاکاری زندوو و نەمریان ئەفراندووە. بۆ نموونە شەکسپیر، کە نورتروپ فرای لە بارەیەوە دەڵێت: "شانۆنامەکانی شەکسپیر زادەی ئەزموونی ئەو نین، بەڵکو زادەی خەیاڵی ئەون، هەڵبەتە بۆ گەشەکردنو پەرەسەندنی خەیاڵیش پێویستە چەند کتێبێکی باش بخوێنینەوە." خۆ ئیمیلی بورنتێو شارلوت برونتێ)ش دوو نموونەی زەقی کەم ئەزموونین، ئەم خوشکانە خەڵکانێکی گۆشەگیر بوونو سەروکارێکی ئەوتۆیان دەگەڵ دنیاو خەڵکیدا نەبوو، کەچی رۆمانی گەورەشیان ئەفراندووە. کەواتە خەیاڵی داهێنەرانە یەکێکە لە سەرچاوە

هەرە سەرەکیو گرینگەکانی داهێنانی هونەری، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە دوو سەرچاوەکەی دی، واتە ئەزموونی شەخسیو سوود وەرگرتن لە گەنجینەی ئەدەبیاتو هونەری جیهانی بە هەند وەرنەگیرێنو فەرامۆش بکرێن، پێویستە ئەو دوو سەرچاوەیەش بخرێنە سەر باخی خەیاڵی داهێنەرانە تا زیاتر بگەشێتەوەو بەری جوانتر بە دەستەوە بدات.

***

هەڵبەتە نووسینیش وەکو هەر کارێکی دی دەبێ خۆتی بۆ تەرخان بکەیت. بکرێت بە پیشە، بژێوی خاوەنەکەی، لە رووی مەعنەویو مادیەوە دابین بکات. بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە خودانی خەیاڵی داهێنەرانەو زەوقو سەلیقەو تواناو بەهرەی خودین، نابێ ئەو خاڵە فەرامۆش بکەن، ئەوەی دووی دوو کەروێشکان بکەوێ هیچیان ناگرێت، هەر ماندوو بوونەکەی بۆ دەمێنێتەوە. خەیاڵی داهێنەرانە، پێویستی بەوەیە مومارەسە بکرێ، کە فەرامۆش کرا، یان جڵەو کرا، بەرە بەرە دەپوکێتەوە. مخابن لەلای ئێمە ژیانی رۆشنبیری بە ڕادەیەك گەشەی نەکردووە کە رۆماننووس بتوانێ، ئەم هونەرە گەورەیە بکات بە پیشەی سەرەکی خۆیو تیایا بژیو بۆی بژیو پێی بژی. بە چاو قایمی خۆی، لە پەراوێزی ئەرکو هەڵپەی ژیانی رۆژانەدا بە نیوەچڵی مومارەسەی دەکات. ئەمەش بە شێوەیەکی نەرێنی لە چەندێتی و چۆنیەتی بەرهەمەکانیا رەنگی داوەتەوەو دەداتەوە. بۆیە رۆماننووسی ئێمە دەبێ ئاشقانە دەگەڵ ئەم هونەرەدا بژیو جدیترین کاتی خۆی بۆ تەرخان بکاتو بە بەرنامە کاری لەسەر بکات. هەموو رۆژێ بنووسێت، ئەگەر خەمی بژێوی بواری نەدا، بەلای کەمەوە، هەفتەی چەند رۆژێك بۆ کاری نووسین تەرخان بکاتو جگە لە نووسین هیچ کارێکی دی نەکات، کاری نووسین بخاتە ئەو کاتانەوە کە زەینی چالاکە. ئەو قەڵەمو کاغەزە یان کۆمپیوتەرە بەکار بەرێ کە زیاتر پێی ئاسوودەو ڕەحەتە....

((٢))

هەڵبژاردنی بابەتو گۆڕینی بابەت بۆ نێوەڕۆك، واتە هونەراندنی بابەت یەکێکە لە مەسەلە رۆمانەوانیە گرینگو هەستیارەکان، نووسەر بابەت هەڵدەبژێرێ یان بابەت بەرۆکی نووسەر دەگرێت؟! باشترین هەڵبژاردن

ئەوەیە نووسەر بەجۆرێ ئاوێتەی بابەتەکە ببێتو دەگەڵیا بژیو بکەوێتە کارلێکێکی هزریو روحیو دەروونی ئەوتۆوە، کە لە ناخیا بپەنگێتەوەو بەرۆکی نووسەر بگرێ کە ئازادی بکات، بە پەیڤو وشەی بسپێرێت، یانی بە کورتیو کرمانجی بابەت بەرۆکی نووسەر دەگرێت نەك بە پێچەوانەوە. گوستاف فلوبیر لەمبارەیەوە دەڵێت: "...بنیادەم ئازاد نییە لەوەی کە هەر شتێك بنووسێت. بنیادەم بابەتی خۆی هەڵنابژێرێت. ئەمە شتێکە نە جەماوەری خەڵکی پێی دەزانن‌و نە رەخنەگران. نهێنی داهێنانی هەر شاکارێکی ئەدەبیش، رێك لەمەدا پەنهانە، لەمەدا کە بابەتەکەو خولْقو خووی نووسەر تێکبکەنەوەو هاوئاهەنگو سازگار دەربچن." بڕوانە: (رمان بەروایت رمان نویسان، میریام الوت/ ترجمە: علی محمد حق شناس/ چاپ دوم ۱۳۸۰، ص۳۲۵.) پەندێك کە دەشێت لەم پەیامو بۆچوونەی فلوبیرەوە هەڵێنجرێو بخوێنرێتەوە ئەوەیە کە نووسەر تا بابەتێکی تازەو پڕ بەها لە ناخیا نەپەنگێتەوەو بەرۆکی نەگرێتو داوای ئازادکردنی خۆی لێنەکات، تەنیا بە مەبەستی بڵاوکردنەوە چیرۆك نە نووسێت. دوای تراویلکەی شۆرەتی سەرڤە سەرڤە نەکەوێت، چونکە بابەتی سواوو پواو، نەك هیچ قازانجێکی پێناگەیەنێ، بەڵکو زیانی پێدەگەیەنێو خوێنەری لێدەتورێنێ، خوێنەر داوای شتی تازە دەکات، دەزانێ رۆمان پرۆسەیەکی هونەری فلیڤانی کەشفکاریەو بۆیە دەگەڵ خوێندنەوەی هەر رۆمان‌و چیرۆکێکدا دەپرسێت: چ شتێکی تازەی بۆ کەشف کراوە کە ئەم بە خەیاڵیا نەهاتووەو ئەقڵی پێدا نەشکاوە، بۆیە خۆ کاوێژ کردنەوەو خۆ دووبارەکردنەوە، دەکاتە گیانەلڵای هونەریی نووسەر. بۆیە نووسەر دەبێ، سەبری هەبێ تا بابەتەکە لە ناخیا دەخەملێو لە خەیاڵداندا جێی نابێتەوەو بەرۆکی نووسەر دەگرێتو داوای لە دایك بوون دەکات. نووسەر دەتوانێ کاتی دەست بەتاڵی خۆی بە خوێندنەوەی شاکارە چیرۆکڤانییەکانی دنیاوە بەسەر بەرێ، مەشقی نووسین بکات، بۆ نموونە رۆمانێك یان چیرۆکێك بخوێنێتەوەو پاشان بۆ خۆیو بە مەبەستی راهێنان‌و مەشق کردن، بە شێوازی خۆی دای بڕێژێتەوەو بینوسێتەوە. تێبینیو سەرنجەکانی خۆی لە دەفتەرچەیەکدا تۆمار بکات. بۆ نموونە ئانتون چیخۆف، دەچوو بۆ مەشق کردن چیرۆکەکانی تولْستۆی دەنووسیەوە، تا شێوەی چیرۆکنووسی ئەو نووسەرە مەزنە لە هزرو زەینیا بە

باشی نەخش ببێ. هەڵبەتە کاری  رۆماننووسی، کارێکی ئاسان نییە، کەڵە نووسەرانی بواری رۆماننووسی، بە خۆڕایی گەورە نەبوون. ساڵەهای ساڵ مەشیقان کردووە، خۆیان ماندوو کردووە، ژیانیان وەقفی ئەو کارە کردووە، تا دەستیان قەڵەمی گرتووە، (مەبەست قەڵەمی داهێنەرانەیە) تا فەندو فێڵو تەکنیکی چیرۆکنووسی فێر بوونو خۆیان گەیاندووەتە ئاستێکی هونەری ئەوتۆ کە بابەتی رەسەنو جوانو نوێ بەرۆکی گرتوون.. بەو ئاوایە پێگەی بەرزی هونەرییان بەدەست هێناوە.

***

هەڵبەتە سەرچاوەی سەرەکیو بنەڕەتی بابەتی تێکڕای رۆمانانی دنیا، ژیانو سروشتە. یانی تێکڕای ژیانو سروشت بابەتی سەرەکیو بنەڕەتی رۆمانە، بەو شێوەیەی کە رۆماننووس خۆی دەی بینێ. کەواتە دیتنو چۆنیەتی دیتن، فاکتەرێکی هەرەگرینگە لە دنیای رۆماننووسیو چۆنیەتی مامەڵەکردن دەگەڵ بابەتدا.. چونکە زۆر کەس چاویان هەیەو نابینن، زۆر کەس هەن تەنیا لایەنێك یا روویەکی هەر شتێك دەبینن، ئەوانەی بێرونو دەروونی هەر شتێك، بە کەڕەتێ دەبینن، یەجگار کەمو دەگمەنن، رۆماننووس پێویستە رواڵەتبینو دەروون بینێکی نیگاتیژو پڕ سەرنج بێ، دەنا ناتوانێت ئەو بابەتە گەورانەی کە زۆر جار لە شتە بچووکەکاندا پەنهانە، ببینێو هەڵبژێرێتو بە کارگەی داهێنانی بسپێرێتو ئەو شاکارەی لێدروست بکات، کە خۆزیای پێبخوازرێ.

هەڵبەتە هەندێك هەن چاوەڕوان ناکەن، تا بابەتەکە لە ناخیاندا بخەملێو پەنگ بخواتەوەو یەخەیان بگرێتو داوای دەربڕینو لە دایکبوون بکات. بەڵکو پەلە دەکەنو بابەتێك هەڵدەبژێرن کە لە بازاڕی ئەدەبیاتدا بە رەواجو پڕ فرۆش بێت، دیارە رۆماننووس هەق نییە بەو تەماحەوە کار بکات. رۆماننووس لەگینە لە رێگەی بابەتی بازاڕییەوە رۆمانێن عەوام پەسند بنووسێتو شۆرەتو ناوبانگێکی خێرا بە دەست بێنێ، بەڵام شۆرەتی خێرا زۆرجار  دەبێتە ئافەتی پێگەییشتن وخەملێنی هونەری، چونکە پێگەییشتنی هونەری، وەکو درەخت وایە، ساڵانێکی دەوێ تا پێدەگاتو دێتە بەرو بەری ئاسایی دەگرێت. بۆیە رۆمانی بازاڕی ناچێتە خانەی بەرهەمێن رەسەنو

نەمرەوە، بەرهەمی هونەری رەسەن، زادەی هاندەرو پێویستی روحیو راستگۆییە، رۆمانێن بازاڕی کاڵان، بە نیازو مەبەستی وەدەست هێنانی خێرای پارەو پول یان شۆرەت، یان هەردووکیان دەخرێتە ڕوو.

رۆماننووس، دەبێ شارەزاییەکی تەواوی بابەتەکەی بێت، قارەمانەکانی، بە باشی بناسێت، دەگەڵ بابەتو قارەمانەکانیا بژی. یانی سەفەرو مامەڵەی هونەری دەگەڵدا کردبن، رۆماننووس نایەت وەکو مێژوونووس، رووداوێکی تایبەتی، یان زنجیرەیەکی هاوپەیوەستی رووداوێکی تایبەتی تۆمار بکاتو بگێڕێتەوە، یان وەکو ژینامەنووس، ژیانی کەسێکی تایبەتی بکات بە تیمەو بابەتی خۆی.ڕەنگە نووسەرێك، لە رووداوێکی تایبەتیدا یان لە ژیانی کەسێکی تایبەتیدا، شتێکی ئەوتۆ بدۆزێتەوە کە بیکات بە هێمو بناغەی هێڵە گشتییەکانی پلۆتو نەخشەی رۆمانەکەی. بۆ نموونە دانیل دیفو، بۆ رۆمانی ڕۆبنسون کروزو سوودی لە رووداوێکی واقیعی وەرگرتووە، کە بەسەر کەسێکی سکوتلاندی راستەقینەدا بە نێوی ئالکساندەر سیلگریك، هاتووە.

بەهەر حاڵ رۆماننووس، ئەگەر رووداوێکی تایبەتی یان ژیانی کەسێکی تایبەتیش بکات بە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشی رۆمانەکەی، نایەت ئەو رووداوە یان ژیانە تایبەتیە موو بە موو بەرجەستە بکاتەوە. رۆماننووس، بە درێژایی تەمەنی خۆی هەرچییەك دەبێنێ، دەبیستێو دەخوێنێتەوە، لە باری روحیو زەینییەوە هەرسی دەکاتو دەبێ بە بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتوو، لە بوونی مەعنەوی ئەوو لە یادگەیدا عەمار دەبێ، ئیدی خەیاڵی داهێنەرانە بەدەم ئەفراندنی هونەرییەوە، خۆبەخۆو بە پێی پێویستی خۆی شتی لێ هەڵدەگوێزێ. یانی ئەوەی لە یادگەی رۆماننووسدا دەمێنێتەوەو لە داهێنانی رۆماندا بەکاری دێت، بریتییە لە کۆمەڵێك دیمەنو بیرۆکەو رووداوو ساتێن پچڕ پچڕی ژیانی ئاساییو ژیانی ئەدەبیو هونەری، کە لە روحیا هەرس دەبن، دەبن بە شێك لە بوونی مەعنەوی ئەوو دەبن بە هەوێنو خۆراکی رۆمانەکەی.

***

هەڵبەتە لێکچوونی بابەت لای دوو نووسەر یان زیاتر، دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە وەکو گوترا، ژیانو سروشت سەرچاوەی سەرەکی کارە هونەرییەکانە،

ئەم سەرچاوەیە بۆ هەر نووسەرێك بە هەمان ئەندازە حەڵاڵە، گرینگ ئەوەیە، هەر نووسەرە چۆن مامەڵە لە تەك ئەو بابەتەدا دەكات، چەند نەفەسی خۆی پێدەبەخشێتو چ خوێندنەوەیەكی هونەری بۆ دەكاتو چ شتێكی تازەی تیا دەدۆزێتەوە. جا بابەت چونكە تێكەڵ بە تەبعو تەبیعەتی تایبەتی نووسەر دەبێتو ڕەنگو بۆی تایبەتی ئەو وەردەگیرێتو دەی نوێنێتەوە، دەچێتە خانەی نوێو تازەوە، هەرگیز ناكاتە وەرگرتنو دزی، ئەوەی تازەییو ناسنامەی تایبەتی بە بەرهەمی هونەری دەبەخشێت، ئەوەیە كە نووسەر، خوێندنەوەی هونەریانەی خۆی بۆ بابەتەكە هەبێتو لە واری تەكنیكدا نەفەسو شەقڵی خۆی پێببەخشێت. وەكو چۆن روباران لە شێوە گشتیەكەیاندا هەموو هەر روبارن، بەڵام هەر روبارەش چۆنیەتیو تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە روبارانی دیكەی جیا دەكاتەوەو ئەم شەقڵو تایبەتمەندیە بە ئاوەكەی ناویشی دەبەخشێت، رۆماننووسیش بەو ئاوایە هەرچەندە لە شێوە گشتیەكەیاندا هەموو هەر نووسەرن، بەڵام هەر نووسەرەیان تەبعو تەبیعەت، هەڵسو كەوت، ئەخلاقیاتو جیهانبینی تایبەتی خۆیان هەیەو پێی دەناسرێنەوەو ئەمەش لە بەرهەمەكانیا ڕەنگ دەداتەوەو شەقڵێكی تایبەتی ئەوتۆی پێدەبەخشێت كە لە هیچ بەرهەمێكی تر نەچێت، كەواتە نووسەر باسی هەر شتو هەر كەسێك بكات، لە راستیدا هونەریانە باسی خۆی دەكات، دیارە كەسیش سەدی سەد لە كەسی دی ناچێت، كەواتە بەم پێودانگە هەر چیرۆكێك بگرێت، لە خودی خۆیدا تازەو نوێیە.

***

دیارە پاش ئەوەی بابەت بە تەواوەتی دەخەملێو لە ناخا پەنگ دەخواتەوەو بەرۆكی نووسەر دەگرێت و داوای لە دایك بوون دەكات، دەبێ نووسەر هەر بیرو ئارەزوو و كەڵكەڵەو خولیایەكی غەیرەز چیرۆكڤانی لە خۆی دوور بخاتەوەو دەرگای روحی بۆ ئەو بانگەوازە هونەرییە ئەفسوناویە بخاتە سەر گازی پشت، دەربەست تەسلیم بەو بانگەوازە نادیارە ببێت. كە كار بگاتە ئەم حاڵەتە، مانای وایە ژانو ژاری نووسین، نووسەری گرتووە، هەنگێ دەبێ نووسەر جڵەوی قەڵەم بداتە دەست خەیاڵی داهێنەرانە.

تولستوی، کەڵە ئەدیبی رووسی لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئینسان دەبێ تەنیا ئەو کاتە دەست بداتە نووسین، کە هەر جارێ نووکی قەڵەمەکەی کرد بە شووشەی مەرکەبەکەیدا، پارچەیەك لە گۆشتی خۆی تیا بەجێ بێڵێ". (بڕوانە رمان بە روایت رمان نویسان/ میریام الوت / ت: دکتر علی محمد حق شناس). ئەوسا نووسەر دوای نووسینی هەر بەشێك لە چیرۆکەکەی دەبێ بە شێوەیەکی کاتی لە کڵێشەی نووسەری دەرچێ، مەستیی ئەو بانگەوازە هونەرییە جادوویی‌و نادیارە لە خۆی بڕەوێنێتەوە، لە پێستی رەخنەگردا بکەوێتە هەڵسەنگاندنی ئەو بەشەی کە نووسیویەتی‌و لایەنە گەش‌و تاریکەکانی دیاری بکات‌و ئەوجا دەست بە نووسین بکاتەوەو لایەنە تاریکەکانی نووسینەکەی ببەزێنێ. نووسەر دەبێ بەردەوام، بەدەم نووسینی چیرۆکەکەیەوە ئەم رۆڵە دووفاقیە بدینێ، دەمێ نووسەر بێ، دەمێ رەخنەگر. یەکەم رەخنەگری هەر دەقێك، نووسەری دەقەکە خۆیەتی، واتە خاوەن دەقەکە، هەم نووسەرە هەم رەخنەگر. وەکو گوترا کە نووسەر دەنووسێت، بیەوێ و نەیەوێ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خۆی دەنووسێتەوە، ئەمەش راستگۆیی، راشکاوی، بێ فیزی‌و ئازایەتی‌و بوێری دەوێ، دەبێ بە قوڵایی‌و ناخی دڵ‌و روحی خۆیدا رۆبچێ‌و بەدەم ئەم پرۆسە هونەرییە هەرە مرڤانیەوە زیاترو زیاتر خۆی بناسێت کە مەرجێکی پێویستی بە بنیادەم بوونە...

((٣))

پاش ئەوەی بابەت گەڵاڵە دەبێت‌و بەرۆکی نووسەر دەگرێت‌و داوای دەربڕین‌و لە دایك بوون دەکات، نۆرە دێتە سەر هونەرو تەکنیکی گێڕانەوە. دیارە تەکنیك‌و هونەری گێڕانەوە لە چیرۆکدا، لە پرۆسەی چیرۆکڤانیدا دەورێکی یەجگار گرینگ دەگێڕێت‌و لە میانەی گێڕانەوەدا تواناو بەهرەی هەر چیرۆك نووسێك دەردەکەوێت. نووسەری گەورە،بە کەرەستەو رەگەزێن هەر بابەتێك دەتوانێ چیرۆکی دڵگیرو جوان بخوڵقێنێ، نووسەری مامناوەندی، بە باشترین بابەتیش ئەوپەڕی چیرۆکێکی مامناوەندی دەنووسێت، بەم پێودانگە بایەخی ئستاتیکی‌و دڵگیری هەر چیرۆکێك بەندە بە تەکنیك‌و هونەری گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەوە، توانای نووسەر لەوەدا دەردەکەوێت کە چەند هونەرمەندانە،

وەستایانە چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. کەمترین نیشانەو پێوانەی گێڕانەوەی هونەرمەندانە ئەوەیە کە دڵگیر بێ، خوێنەر رابکێشێت، هەستی فزوڵیەتو کونجکاوی خوێنەر بهاڕوژێنێو شەوقو زەوقێکی ئەوتۆی لا پەیدا بکات کە تا کۆتایی چیرۆکەکە سارد نەبێتەوە. بۆ نموونە شارەزاد، کە چیرۆكو حیکایەتەکانی هێندە بە ئاوو تاو دەگێڕایەوە کە گوێگر تا بەیانی بە دیارییەوە دادەنیشتو بەدڵ گوێی لێدەگرت. دیارە مەبەستو ئامانجی گێڕانەوە ئەوەیە کە یەکەم: نووسەر کەرەستەو رەگەزە پچڕ پچڕەکانی بابەتی چیرۆکەکەی بە شێوەیەکی هونەرمەندانەی ئەوتۆ مۆنتاج بکات کە ببێ بە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری چیرۆکڤانی سەربەخۆ.دووەم: ئەوەیە کە وەهم و خەیاڵی چیرۆکڤانی لە خوێنەر بکات بە واقیع. واتە خوێنەر قەناعەت بە چیرۆکەکە بکات، چیرۆکەکە بە هەموو خەونو خەیاڵێکی هونەرییەوە قەناعەتبەخش بێت.

***

وەکو ئاماژەمان کردێ، سەرانسەری ژیانو سروشت سەرچاوەی هەر چیرۆکێکە، ژیان لە گۆڕانی بەردەوامدایە. هیراکلیتوس گوتەنی تاقە دیاردەو خەسڵەتی نە گۆڕی جیهان، گۆڕانەکەیەتی، هەموو شتێك لە حاڵی گۆڕاندایەو هیچ شتێك پایەدارو نەگۆڕ نییە.. دیارە ژیانیش لەم پرۆسەی گۆڕانو گۆڕانکاریە بەدەر نییە. لە حاڵی حەرەکەتی بەردەوامایە، پڕە لە شتی تازەو سەیرو رووداوێن چاوەڕوان نەکراو. یانی چەندێتی و چۆنیەتی ژیان بۆ بەشەر دیار نیەو هیچ یەقێنێکی لە بارەیەوە نییە.... جا ئەم پەراگەندەییو پچڕ پچڕیو فرە جۆریەی ژیان، کە لە یادگەی نووسەردا، کەڵەکە دەبێت، نەك هەر نابێت بە رێگر لە بەردەم داهێنانی بەرهەمێن هونەریدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسکراوەتری دەکات، چونکە تا سەرچاوەو بەشەکانی بابەتەکەی فرە جۆرترو هەمە ڕەنگتر بێ، ئەگەرو توانای داهێنانی هونەری زیاتر دەبێت.

نووسەر لە داهێنانی هونەری خۆیدا، تەبیعەت دەکات بە سەر مەشقی خۆی. تەبیعەت جوانە، جوانیەکەی لە فرە جۆریەکەیدایە. لەوەدایە جۆرەها رەگەزی هەڤدژی وەکو زەوی و ئاسمان، چیاو دۆڵ، هەتاوو سێبەر، جوڵەو

وەستان...ی بە جۆرێ لە خۆگرتووەو لە خۆدا یەکی خستوون کە لەلایەکەوە، هەر رەگەزە ناسنامەی تایبەتیو سەربەخۆی، خۆی پاراستووەو لەلایەکی ترەوە بە هەر هەموویان یەکەیەکی یەکپارچەی ئۆرگانیکی پێك دەهێنن. واتە جوانی سروشت لەم فرەجۆریو هەمە ڕەنگیە، یەکگرتووەدایە. بەرهەمی هونەریش، بە تایبەتی رۆمان، وەکو سروشتو تەبیعەت وایە... کۆمەڵێك ڕەگەزی هەمەجۆرو بە رواڵەت هەڤدژو ناکۆك،لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا، کۆدەکاتەوە. واتە شکۆی هەر بەرهەمێکی هونەری لە دەوڵەمەندی یان چەندیەتیو چۆنیەتی رەگەزو کەرەستە پێکهێنەرەکانیدایە، لە کارلێكو رادەی هەڤبەندیو پەیوەستەگی هونەریانەی ئەو رەگەزو کەرەستانەدایە لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا. واتە دەوڵەمەندی هەر بەرهەمێکی هونەری بەندە بەوەوە کە کەرەستەو رەگەزە جۆراو جۆرەکانی چۆن هونەریانە یەکانگیر دەبنو دەقێکی هونەری یەکگرتووی یەکپارچە پێك دێنن. بۆ نموونە ئەگەر تەمەشای مرۆڤ بکەیت، دەبینی لە کۆمەڵێك بەشی جیاواز پێکهاتووە، بەڵام ئەم بەشانە بە جۆرێ یەکخراونو لە شوێنی تایبەتی خۆدا دانراون، ئەوپەڕی جوانیان بە بوونی جەستەیی و بەدەنی بەشەرەکە بەخشیوە، هەر بەشێکی لابدەیت، یان شوێنەکەی بگۆڕیت، یان شتێکی دیکەی بۆ زیاد بکەیت، عەیبدار دەبێتو بیچمو هەیئەتی دەگۆڕێو ناشیرینی دەکات، یانی هەر بەشێك لە بەشەکانی بەدەن، پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە بەشەکانی ترەوە هەیەو ئەم بەشە جیاوازانە لە بونیادی بەشەرەکەدا یەکیان گرتووە. جا ڕۆمانو هەر بەرهەمێکی هونەری دیکەش لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری لەو چەشنەدا هونەریەتو جوانیەکی ئەفسووناوی پەیدا دەکات.

***

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هونەر، بە تایبەتی ڕۆمان ئەوەیە کە خەیاڵ بگۆڕێت بۆ واقیع، لێرەدا مەبەست لە گۆڕینی خەیاڵ بۆ واقیع ئەوەیە کە قارەمانو رووداوو دیاردە هونەرییەکانی دیکە، کە لە ڕاستیدا نا واقیعین، بە جۆرێك لەلایەن نووسەرەوە بهونەرێنرێ کە واقیعی بنوێنێو باوەڕکەردەنی بێ- باوەرکەردەنی بە گوێرەی واقیعی ڕۆمانەکە، بۆ خوێنەریش

قەناعەتبەخشو باوەڕکەردەنی بێ، چونکە بەرهەمی چیرۆکڤانی کە ناواقیعی بنوێنێو قەناعەتبەخش نەبێت، خوێنەر لە هەر لەزەتێکی ئیستاتیکی بێبەش دەبێتو وەکو پێویست بەشداری لە ئەزموونە هونەرییەکەدا ناکاتو لێی تەوەلا دەبێتو دەتۆرێت. کەواتە سەرکەوتنی ڕۆماننووس لەوەدایە کە بتوانێ وەهمو خەیاڵ لە خوێنەر بکات بە واقیع. کەواتە خەیاڵی واقیعنوێن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو. خەیاڵی واقیعنوێنش هەندێ نیشانانی خۆی هەیە کە یەکێك لەوانە ئەوەیە خوێنەر، کارەکتەرو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، بە واقیعی بزانێ، باوەڕیان پێبکات، بەلایەوە قەناعەتبەخش بن – بە گوێرەی واقیعی رۆمانەکە- یەکێك لە نیشانەکانی دی ئەوەیە خوێنەر بکەوێتە ژێر کاریگەریی قارەمانو ڕووداوەکانەوەو دەگەڵیاندا بکەوێتە کارلێکی عاتیفیەوەو هەڵوێستگیریان لە بارەوە بکات..

***

وەکو گوترا یەکێك لە ڕەگەزە تەکنیکییەکانی ڕۆمان، گێڕانەوەیە، کە لە گێڕانەوەشدا، چەندین مەسەلەی تەکنیکی دێتە پێشی. یەکێك لەو مەسەلانە ئەوەیە کە چیرۆکەکە بە چ دیمەنو کۆدە ڕستەیەك دەست پێبکرێت، تا لە یەکەم دەستپێکەوە خوێنەر یان وەرگر بهاڕوژێنێو هەستی فزوڵیەتو کونجکاوی لا دروست بکاتو پەیگیری چیرۆکەکە بکات. مەسەلەیەکی دیکەی ئەم بوارە ئەوەیە کە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە چ کەسێك بسپێردرێت کە ئەمەش چەندین جۆری هەیە، جاری وا هەیە نووسەر بە خۆی ئەو ئەرکە دەستۆ دەگرێت، جار وا هەیە ئەم ئەرکە بە شاقارەمانی چیرۆکەکە،یان بە قارەمانێکی لاوەکی،یان بە چەند کەسێکی جیاواز، دەسپێردرێت، مەسەلەیەکی دیکە لە گێڕانەوەی چیرۆکدا، مەسەلەی گوتنو نیشاندانە، چیرۆکنووس، دەتوانێ هەردوو تەکنیکی ناوبراو، واتە هەم گوتنو هەم نیشاندان بەکار ببات، یانی هەموو چیرۆکەکە یان هەندێ بەشی، بە دەنگی خۆی، واتە لە ڕێگەی وتنەوە بگێڕێتەوە یان هەندێ بەشی لە ڕێگەی وشەی نووسراوەوە پیشان بدات. زمانو پەخشانی چیرۆکڤانی هەم توانای گوتنی هەیە، هەم توانای نیشاندان. بەڵام بۆ نموونە نیگارکێشو پەیکەرتاش تەنیا

توانای نیشاندانیان هەیە... بۆیە ئەگەر بشێت گێڕانەوە بە تەیرێك بشوبهێنرێ، ئەوا گوتنو نیشاندان دەکەنە هەردوو باڵی ئەو تەیرەو پێویستە بە هونەرمەندانەترین شێوە بەکار ببرێن. دیارە باشترین رێگە بۆ فێربوونی تەکنیکی ڕۆمانەوانی، ئەزموونە، ئەزموونیش یان لە رێگەی مومارەسەی راستەوخۆو مەشقو ڕاهێنانەوە، یان لە رێگەی خوێندنەوەی شاکارێن هونەری کەڵە هونەرمەندانی ئەو بوارەوە، بە دەست دێت... جا ئەگەر ئەوروپا خاوەنی کەلەپوورێکی دەوڵەمەندو پڕ تەمەنو فرە ئەزموونو زایای ڕۆماننووسی بێو رۆماننووسی تازەکار بێنە سەر ئەزموونێکی حازرەکی و لە ماوەیەکی کەمدا ئاشنایەتی دەگەڵ هونەری گێڕانەوەدا پەیدا بکەنو بگەنە ئاستێکی هونەری ئەوتۆ کە مەڵۆی تازە بخەنە سەر خەرمانی تەکنیکی رۆمانەوانی، ئەوا ئەم کەلەپوورە لە ناو میللەتانی رۆژهەڵاتدا، کەلەپورێکی هەژارەو بەمەش هونەری رۆمانی رۆژهەڵاتی لە سەرچاوەیەکی گرینگی رۆماننوسی مەحرووم بووە، جا بۆ نەگبەتی کورد لەمەشدا هەر قڕەی میللەتانە، هونەری رۆمان لای ئێمە هێشتا زۆر کۆرپەو ساوایە، لە رووی چەندێتیو چۆنیەتیەوە، زۆرو پوختە نیە. یانی تازە لە گڕو گاڵدایە، بەڵام وێڕای ئەوەش لەم سەردەمی گلۆبالەداو بە حوکمی داگیرکراوی کوردستان، هەر کوردێکی خوێنەوار، بەلای کەمەوە دوو زمان دەزانێ، دەشێت لەم رووەوە، سوود لە ئەزموونی رۆماننووسی جیهان وەربگرێتو وەکو سەرچاوەیەکی حەڵاڵو زوڵاڵ لە بواری رۆماننووسی کوردیا سوودی لێوەربگێرێت. یان شاکارە رۆمانەوانیو چیرۆکڤانیەکان بکرێن بە کوردی، کە ئەم دیاردەیەش زۆر کۆرپەو تازەیەو بەشێکی زۆری ئەو دەقە رۆمانەوانیو چیرۆکڤانیانە بە کاڵوکرچی پاچڤەکراون. کەواتە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کیماسیەو دەسەبەرکردنی ئەو سەرچاوە گرینگە ئیلهامبەخشەی گەنجینەی ئەدەبیاتی جیهان، چار ئەوەیە کە رۆماننووسانی کوردی، تا ئەو رۆژەی زۆربەی هەرە زۆری شاکارە رۆمانەوانیەکانی جیهان، بە دروستیو داهینەرانە پاچڤەی کوردی دەکرێن، زمانی یەکێك لە کەلتوورە پێشڕەوو پێشکەوتووەکانی جیهان فێر ببنو لە رێگەی ئەو زمانەوە تەماس دەگەڵ گەنجینەی جیهانی هونەردا بگرنو سوودی لێوەربگرن.

ئاشکرایه که ڕۆمانیش وەکو هەر دیاردەیەکی زندووی دیکه، بۆ ئەوەی به باشی نەشونما بکات، پێویستی به زەمینەی لەبارو کەشوهەوای سازگاره، جا لەم زەمینەسازییەدا دەوری وەشانکارو رەخنەگری ئەدەبیو خوێنەری جدی ،چیوای له دەوری خودی رۆماننووس کەمتر نییه. له ناوەندێکا یان له ژینگەیەکی کەلتووریو کۆمەڵگەیەك دا، وەشانکارانو رەخنەگرانی ئەدەبیو رۆمانخوێنان، رۆمانی چاكو خراپ لێکدی جیا نەکەنەوه، بڵاوکردنەوەو هەڵسەنگاندنو خوێندنەوه به گۆترەو خاترانه بێ، رقو خۆشەویستی شەخسی بکرێ به پێوەرو پێوانه، ئەوا رۆماننووسانی داهێنەرو بەهرەمەند زۆر زەرەرمەند دەبنو چاكو خراپ تێکەڵ دەبن، که مخابن ئەم دیاردەیه لای ئێمه هێشتا زۆر زاڵه، ئەوەندەی مامەڵه دەگەڵ شەخسی نووسەردا دەکرێت، ئەوەنده دەگەڵ دەقدا ناکرێت، مامەڵه کردنەکەش، ئەوەندەی مامەڵەی حیزبیانەو ناوچەگەرییانەیه، نیو ئەوەنده ئەدەبیانه نیه. ئەمه جگه لەوەی که زۆرجار مەسەلەی فۆرمو نێوەڕۆك به جۆرێ خراوەته بەر باسو لێکۆڵینەوه وەکو ئەوەی دوو شتی جیاواز بنو هەر یەکەیان ناسنامەی سەربەخۆی خۆی هەبێت، دیاره که فۆرمو ناوەڕۆك له هەر بەرهەمێکی فلیڤانیدا (ابداعی) له کارلێکێکی ئەوتۆدان که جیاکردنەوەیان لێکدی دەکاته مەرگی بەرهەمه فلیڤانیەکه، وەکو چۆن جیاکردنەوەی گیانو جەستەی هەر زندەوەرێك دەکاته مەرگی زندەوەرەکه، بەرهەمی هونەریش، بەو ئاوایه له رووی فۆرمو ناوەڕۆکەوه له یەکدی نایەته جیاکردنەوەو جیاکردنەوەیان دەکاته مەرگی بەرهەمەکه. گوستاف فلوبیر، له نامەیەکدا بۆ خاتوو دوشانتپی، لەو بارەیەوه دەڵێت: "دەڵێیت له رادەبەدەر بایەخ به فۆرم دەدەم .حەیفێ! مەسەلەکه، وەکو گیانو جەستەیه: فۆرمو ناوەڕۆك لای من یەکن، نازانم ئەمیان بەبێ ئەویان دەکاتەچی..." (بڕوانه: رمان به روایت رمان نویسان/ میریام الوت/ دکتر علی محمد حق شناس، ل٥٨٣. چاپ دوم ١٣٨/ نشر مرکز).

کەواته له هەموو رۆمانێكو له هەر بەرهەمێکی دیکەدا فۆرم دەکاته ناوەڕۆكو ناوەڕۆك دەکاته فۆرم. بەرهەمی هونەری، زادەی نۆڕینو خوێندنەوەی هونەریانەی هونەرمەنده بۆ دیاردەو رووداوەکانی ژیانو سروشت. کاری هونەرمەند ئەوه نییه واقیع به ئەمانەتەوەو وەکو خۆی

بنوێنێو کۆپی بکاتەوە. بەڵکو ئەوەیە کە واقیع بە جۆرێ بخوڵقێنێتەوە کە لە کەرەستە خاوەکانی واقیع، بوونو واقیعێکی هونەری تازە بخوڵقێنێ. نە شێوە بێ ناوەڕۆکو نە ناوەڕۆك بێ شێوە دەبێت، شێوەو ناوەڕۆك لە پرۆسەی داهێنانی هونەریدا یەکانگیر دەبنو لە ئەنجامی یەکێتی و یەکانگیریاندا بەرهەمی هونەری پەیدا دەبێت. ئیدی توانای هونەری هەر هونەرمەندێکیش لەوەدا دەردەکەوێ کە چەند هونەرمەندانە، مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەیدا دەکاتو دەیهونەرێنێ...

((٤))

دیارە هەر پرۆسەیەکی هونەری وەکو رۆمان، بە زمانو لە رێگەی چۆنیەتی بەکار بردنی زمانەوە دێتە دەربڕینو نیشان دان. زمان وەکو ئاماژەمان کردێ کلیلی کردنەوەی دەرگای دەروونی داخراوی رۆماننووسە، واتە رۆماننووس دەربارەی هەر شتێكو هەر کەسێك بنووسێت، نهێنی خۆی گوتووە، بۆیە خوێنەری وریا، ئەگەر بەدەم خوێندنەوەی رۆمانەوە زمانو رەمزە زمانەوانیەکانی رۆمانەکە بدۆزێتەوەو بناسێت، مانای وایە بە دەم خوێندنەوەوە پەی بە رازی دەروونی نووسەریش دەبات... چونکە بەرهەمی هونەری، ئەگەر راستگۆیانە بنووسرێت خۆ بەخۆو بە شێوەیەکی خۆڕسك، هەستو نەستی خاوەنەکەی، هونەرمەندانە دەنوێنێ. بۆیە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدە بە دواوە، لە نێو پسپۆڕانی جوانیناسیو خودی هونەرمەندانیشدا ئەم باوەڕو بۆچوونە رەواجی پەیدا کرد کە بەرهەمی هونەری رەنگدانەوەی دەروونو کەسایەتی هونەرمەندە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە هەرچەندە ڕۆمان، دەروونی داخراوی نووسەر دەنوێنێ، بەڵام نواندنێکی راستەوخۆی شەخسیەتی نووسەر نیە، بەڵکو نواندنێکی رەمزی کەسایەتی نووسەرە، نواندنێکی هونەریانەی کەسایەتی نووسەرە. یانی نووسەر لە سەرانسەری بەرهەمەکەیدا هەیەو لە هیچ شوێنێکیدا دیار نیە، بوونی نووسەر لە بەرهەمەکەیدا، وەکو بوونی خوایە لە جیهاندا، لە هەموو شوێنێکدا هەیەو لە هیچ شوێنێکیشدا دیار نییە. جیهان زاهیرو باتینی هەیە. کە زاهیرو رواڵەت بونیادێکی مادیە ،پێك هاتووە لە گیاندارو روەكو بێ گیان، بەڵام لە باتیندا سیفەتە خواییەکانی وەکو جوانیو شکۆو... لە خۆ

گرتووەو دەنوێنێ. ڕواڵەتی دنیا بەچاوی ئاسایی دەبینرێ ،باتینی دنیا بە چاوی دڵ دێتە بینین. جا نووسەر سەبارەت بە ڕۆمانەکەی هەمان ڕۆڵی خوایەتی هەیە. هەر دەقێکی ڕۆمانەوانی لە ناخو باتیندا بارگاویە بە سیفەتو ڕازەکانی ڕۆماننووسو خوێنەری وریا بە چاوی دڵ دەیان بینێو کەشفیان دەکات.

وەکو گوترا، چیرۆکنووسی، چالاکیەکی، لە بنەڕەتدا زمانیە، زمانیش جۆرەها ئاستی هەیە، زمانی چیرۆکنووسی بە گشتیو ڕۆماننووسی بە تایبەتی، زمانێکی ئەدەبیە. یەکێك لە خەسڵەتە هەرە بنەڕەتیەکانی زمانی ئەدەبی، نیشاندانە، هەستە جیاوازەکانی وەکو ترسو ئومێدو شادیو خەمو ڤیانو ڕقو بێزاریو، خولیاو کەڵکەڵە جۆراجۆرە بەشەرییەکان نیشان دەدات، کەمتر لا بەلای کاری ئەقڵانییەوە دەکاتەوە. زمانی چیرۆك، کە یەکێکە لە زمانە ئەدەبیە جۆراو جۆرەکان، هەرچەندە دەتوانێ کارە ئەقڵانیەکانیش دەرببڕێت، بەڵام تا زیاتر خۆی وەقفی نیشاندانی هەستو خولیاو کەڵکەکە دەروونیە بەشەریەکان بکات باشترە، چونکە بەمە لە قەڵەمڕەوی زانست دوور دەکەوێتەوەو لە قەڵەمڕەوی هونەر نزیك دەبێتەوە.. چیرۆك هونەرێکە بە زمانی پەخشان، جا چونکە ژانرێکی هونەرییە، وەکو هەموو هونەرەکانی دی، زیاتر نیشاندەری ئیحساساتەو کەمتر دەربڕی زانیاری و ڕووداوانە. ئیدی لێرەوە جیاوازی دەکەوێتە نێوان زمانی زانستو زمانی ئەدەبەوە، ڕۆڵی تایبەتی و سەرەکی زمانی زانست، چ بە پەخشان بێتو چ بە شیعرو هۆنراوە، بریتیە لە دەربڕینی دیاردەو ڕووداوێن حەقیقیو واقیعیو، گوێزانەوەی زانیاری. ڕۆڵی زمانی ئەدەب چ پەخشانی بێ چ شیعری، بریتییە لە نیشاندانی ئیحساساتە بەشەرییەکان..

دوای زمانو ڕۆڵی زمانو جۆری زمان نۆرە دێتە سەر شێواز، شێواز دەکاتە چۆنیەتی دەربڕین، بۆ نموونە شێواز لە هونەری چیرۆکدا، زمانێکی تایبەتیە کە سیستەمی تایبەتی هەستو سۆزو بیری نووسەرو شێوەی نۆڕینی نووسەر بۆ جیهان دەنوێنێ، هەر بۆیەش گوتراوە شێوازی هەر نووسەرێك، خودی نووسەرەکەیە. جا بەم پێودانگە شێوازی ڕەسەن هەم شەخسیەو هەم نایەتە لاسایی کردنەوە. شەخسیە چونکە وەکو گوتمان سیستەمی تایبەتی

ئیحساساتو هزرو بیری شەخسی نووسەرو جۆرێ نۆڕینی نووسەر بۆ جیهان دەنوێنێ، بۆیەش نایەتە لاسایی کردنەوە، چونکە وەکو گوترا شێوازی هەر نووسەرێك دەکاتە خودی نووسەر، هەڵبەتە مەحاڵە، دوو کەس هەبن لە رووی سیستەمی ئیحساساتو هزرو هزرینو شێوەی نۆڕین بۆ جیهان، سەدی سەد وەکو یەك بن، کەواتە شێواز نایەتە لاسایی کردنەوەو ئەگەر کەسێك بە تۆبزی مل بەو کارە مەحاڵەوە بنێ، مانای وایە گوزارشت لە خۆی ناکاتو درۆ دەگەڵ خۆیدا دەکات، بۆیە هیچ نابێ بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ بە ئەندازەی ژمارەی نووسەران، شێواز لە دنیای نووسیندا هەیە. شێواز بە پێچەوانەی خەیاڵی داهێنەرانەو زەوقو سەلیقەو بەهرەی خودی خۆڕسكو خوادادیەوە، بە هەوڵو کۆششو خۆماندووکردنی زۆر بە دەست دێت. شێواز وەکو گوتمان پەیوەندی بە زمانەوە هەیەو دەشێت بگوترێ دەکاتە چۆنیەتی بەکارهێنانی هونەریانەی زمان، یانی نووسەر، دەبێ لە بەکارهێنانی زماندا ئەوەندە لە زبرو بە دەسەڵات بێ، زمان لە دەستیا لە مێوو رۆن نەرمتر بێتو زۆر بە ئاسانی دەگەڵ هەستو نەستو خولیاو کەڵکەڵەو ئەندێشەکانیو شێوەی شەخسی نۆڕینی ئەودا بۆ جیهان تێکبکاتەوەو بسازێت، کە دیارە ئەمەش کارێکی زۆر دژوارەو تەنیا بە سەبرو هەوڵی فەرهادانە دێتە دی. شێوازیش باشو خراپی هەیە. شێوازی باش لە هونەری چیرۆکڤانیدا کە رۆمان باڵاترین ژانری چیرۆکڤانی سەردەمە، ئەوەیە کە بابەتەکەی، ئیدی چ بابەتی بێرۆنیو چ بابەتی دەروونی بێ، بە شێوەیەکی هێندە زندوو بخاتە روو، کە خوێنەر بە هەموو هەستەکانیەوەو راستەوخۆ دەگەڵیا بژی. هەڵبەتە شێوازی باش، لە سەرانسەری رۆمانەکەدا فەنا دەبێتو هەرگیز ئەوەندە زەق نابێتەوە، کە رەگەزە هونەرییەکانی دیکەی رۆمان بکاتە ژێرەوەو هاوسەنگیو یەکێتی هونەری رۆمانەکە سەنگەلا بکات، یانی دەبێ وەکو خوێن بە گشت شادەمارو وردە دەمارەکانی رۆماندا بێو بچێت. بەڵام شێوازی خراپ، ئەوەندە زەق دەبێتەوە کە نایەڵێت خوێنەر بە هەموو هۆشو گۆشو هەستەکانیەوە، ئاوێتەی رۆمانەکە ببێتو دەگەڵیا بژیو لەزەتی ئیستاتیکی لە خوێندنەوەی ببینێ.

هەڵبەتە، هەندێجار ڕێك دەکەوێتو دەشێت شێوازی باش، زەقو بەرچاوی بێ، بە تایبەتی کاتێ کە هەستو بیرەکانی نووسەر. بڕێك تازەو ناباو بن،

لەم حاڵەتەدا ئەو زمانەش کە ئەو هەستو هزرانە دەگوازێتەوە، بە ناچاری دەبێ ناباو بێو بە هۆی غەریبیو ناباوی خۆیەوە، زەق دەبێتەوەو سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، دیارە ئەم حاڵەتە کە زادەی زەرورەتی جوانیناسیە، پەسندە وکەس لاری لێی نییە. بەڵام هەندێجار نووسەرێك دێت لە رووی خۆ ڕانانەوە، بەو نیازەی کە وا بنوێنێ گوایە خاوەنی شێوازە، دێت زمانێکی سەیرو سەمەرە هەڵدەبژێرێت. جا ئەم کارە چونکە زادەی زەرورەتی جوانیناسی نیە، نەك هیچ خزمەتێکی گەشەکردنی لایەنی هونەری ناکات، بەڵکو زیانیش بە هاوسەنگی هونەریی رۆمانەکە دەگەیەنێو دەچێتە خانەی خۆڕانانو خۆهەڵکێشانی بێهودەوە. هەندێجار نووسەر بەم گەمەو چاوبەستەکێ زمانەوانیە هەژاریو نەزۆکی هەستو بیرەکانی خۆی دەشارێتەوە. دیارە لە ڕۆماندا گوتیار هەیە، جا گوتیار خودی نووسەر بێ یان هەر قارەمانێکی دیکەی رۆمانەکە بێ، دەبێ ئیحساساتو هزرێن گوتیارو شێوەی شەخسی نۆڕینی ئەو بۆ جیهان، بنوێنێو نیشان بدات.

وەکو ئاماژەمان کردێ کاری چیرۆکنووسی چالاکیەکی لە بنەڕەتدا زمانیە، کەواتە یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی ئەم چالاکیە هونەرییە، ئەوەیە کە نووسەر دەسەڵاتی تەواوی بەسەر زماندا بشکێ، خودانی وشەدانێکی دەوڵەمەند بێت، هەست بە ناسکیو زبری، شیرینیو تاڵی، نەرمیو ڕەقی وشە بکات، توانای کەشفکردنی وزە پەنهانەکانی وشەی هەبێت، بتوانێ بە هۆی زمانەوە هەستو هزرێن ئاڵۆزو گونگو ناسكو خز نیشان بداتو دەرببڕێت. هەڵبەتە بابەتێن ئاڵۆزو گۆنگو بارگاوی بە ماناو چەمکێن هەمەجۆر، بە وشەو پەیڤێن کەمو سادە، خاڵی لە ماناو چەمکێن ناسكو ورد نایەتە نیشاندان.زمانی ڕۆمان، دەبێ ئەوەندە روونو روناك بێ کە جیهانی رۆمانەکە، ژیانی ناو رۆمانەکە، دیمەنو چاوەندازە سروشتیو بەشەرییەکانی، هێندە بە زندوویەتیو وردی نیشان بدات کە خوێنەر وا هەست بکات کە بە خۆی لەو جیهانەدا، لە جیهانی رۆمانەکەدا حوزوری هەیە.. کەواتە جوانی و رەوانی و ئاهەنگداریو دڵگیری زمان، نەك هەر مەرجە بۆ ڕۆمان، بەڵکو بە یەکێك لە رەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمان دەژمێردرێ کە هیچی لە رەگەزە هونەرییەکانی دی کەمتر نییە...

هەڵبەتە هەر ڕۆمانێك بگریت، بوونێکی زندووی ئۆرگانێکی خۆی هەیە، هەموو بەشو رەگەزەکانی نەك هەر پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، بەڵکو یەکتریش تەواو دەکەن. یانی رەگەزەکانی رۆمان وەکو ئەندامێن بەدەنی ئینسان کە بوونو کاریان پێکەوە بەندە، بەو ئاوایە پێکەوە بەندنو بە هەموویان یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری پێك دێنن کە پێی دەگوترێ ڕۆمان، هەر ڕەگەزێك لەم ڕەگەزانە، بە ئاستەم لەنگیەکی هونەری پێوە بێ، خودی رۆمانەکە عەیبدار دەکات، بۆیە ئەم رەگەزانە مەگەر بە ناچاری و بەمەبەستی شرۆڤەو ڕاڤەو لێکۆڵینەوە، لێکدی جیا بکرێنەوە، دەنا قابیلی جیاکردنەوە نین. جالێرەدا وەکو نموونەو زۆر بە خێراییو لامسەرلاییی هەڵوەستەیەك لە ئاستی هەردوو رەگەزی گوتنو نیشاندان دەکەین. گوتن لە زاراوەناسی دنیای چیرۆکدا، ئەوەیە کە نووسەر بە خۆی، بە زمانی خۆی تێکڕای رۆمانەکە دەگێڕێتەوە یان بەشێکی رۆمانەکە دەگێڕێتەوە، یان ئەم ئەرکە بە ملی گوتیارێکی دیکەدا دەدات تا ئەو بە زمانی خۆی سەر لەبەری رۆمانەکە یان بەشێك لە رۆمانەکە بگێڕێتەوە. دیارە لە هەردوو حاڵەتەکەدا خوێنەر تەماسی راستەوخۆ دەگەڵ دنیای چیرۆکەکەدا پەیدا ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی گوتیارەوە، چ خودی نووسەر بێو چ هەر گوتیارێکی دیکە بێت، دەزانێو دەبیستێ کە لە دیوەخانی چیرۆکەکەدا چ باسەو چ دەگوزەرێ..

نیشاندان، لە زاراوەناسی چیرۆکڤانیدا، ئەوەیە کە نووسەر زەمینە بۆ خوێنەر خۆش دەکات کە خۆی، راستەوخۆ، دوور لە نووسەر یان هەر گوتیارێکی دیکە، تەماس دەگەڵ دنیای چیرۆکەکەدا پەیدا بکات تا بە چاوی خۆی بدینێ کە لەو دنیایەدا چ روو دەدات، قارەمانەکان چ دەکەن، تا بە گوێی خۆی ببیستێ کە قارەمانەکان چ دەڵێن، لە تەکنیکی گوتندا، چونکە هەمیشە کەسێك هەیە شتەکان دەگێڕێتەوەو خوێنەر گوێ لەو دەگرێتو لە زمانی ئەوەوە دەبیستێ کە چ شتێك لە دنیای چیرۆکەکەدا روو دەدات، دەکرێ بگوترێ خوێنەر لە دنیای چیرۆکەکەوە دوورە، بەڵام لە تەکنیکی نیشاندندا بە پێچەوانەوە، چونکە خوێنەر راستەوخۆ سەرو ساخت دەگەڵ جیهانی چیرۆکەکەدا پەیدا دەکاتو بەخۆی دیاردەو رووداوەکان دەبینێو

گفتوگۆکان دەژنەوێ، بۆیە دەکرێ بگوترێ، خوێنەر لە دنیای چیرۆکەکەوە نزیکە.

جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشێ کە نووسەر کەیو چەند سوود لە تەکنیکی نیشاندان ببینێ؟ جوزیف وارین پیچ دەڵێت تایبەتمەندی سەرەکی رۆمان لە سەدەی بیستەمدا ئەمەیە کە: " چیرۆك خۆی قسە دەکات ، چیرۆکەکە خۆی خۆی دەگێڕێتەوە،پێویستی بە هیچ گوتیارێکی دیکە نیە. نووسەر نایەت سەبارەت بە کرداری قارەمانەکانی عوزرخوایی بکات، تەنانەت پێمان ناڵێت چی دەکەن، بەڵکو واداریان دەکات خۆیان پێمان بڵێن چ دەکەن. بگرە واداریان دەکات پێمان بڵێن بیر لە چی دەکەنەوە، هەست بە چی دەکەن، ئەو دنیایەی دەوروبەریان چ کارێکی لەزەین و بیرکردنەوەیان کردووە". هەروەها دەڵێت: دیارترین تایبەتمەندی تەکنیك لە زەمانی هنری جیمزەوە تاکو ئێستا ئەمەیە کە چیرۆك خۆی قسان دەکاتو لەو رێگەیەوە ئیحساساتو کەڵکەڵەکانی قارەمان نیشان دەدات. هەر ئەم تایبەتمەندییەشە (واتە نیشاندان) کە چیرۆك بە تەواوەتی لە مێژوو و فەلسەفەو زانست جیا دەکاتەوە..

بە هەرحاڵ هونەری چیرۆك، وێرای ئاسانی گوتنو دژواری نیشاندان، لە سەرەتای پەیدا بوونو سەرهەڵدانیەوە، هەردوو تەکنیکەکەی بەکار بردووە. رۆماننووسانی کۆن زیاتر تەکنیکی گوتنیان بەکار بردووە تا نیشاندانو رۆماننووسانی تازەش زیاتر تەکنیکی نیشاندان بەکار دەبەن تا گوتن. بە هەر حاڵ هونەری چیرۆك، لە بواری تەکنیکی گێڕانەوەدا، دەتوانێ بە گوێرەی پێویستی هونەریی چیرۆکەکەو بە شێوەیەکی میانڕەوانە سوود لە هەردوو ئەوزاری گوتنو نیشاندان ببینێ، سەبارەت بە هونەری چیرۆك، باشترین شت ئەوەیە کە جڵەو بۆ چیرۆکەکە شل بکرێت کە خۆی قسە بکات، خۆی خۆی بگێڕێتەوەو خوێنەر راستەخۆ سەرو ساختی دەگەڵدا پەیدا بکات. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هونەرو داهێنانی هونەری خۆی یاساو رێسای خۆی بەرهەمدێنێو پابەندی هیچ یاساو رێسایەکی پێشوەختەو ئامادە نابێت. دیارە بەرهەمی کەڵە نووسەرانی هونەری ڕۆمان، بۆ خۆی

قوتابخانەیەکی گەورەیە، دەکرێت لە رووی گوتنو نیشاندانەوە، باشترین شتیان لێوە فێر بی..

***

گفتوگۆش یەکێکە لە ئەوزارو رەگەزە گرینگەکانی کاری رۆمانەوانی. گفتوگۆ ئەگەر بە شێوەیەکی پەسندو بەجێو، وەستایانە بێتە نووسینو بەکار ببرێت، جوانیو زندوویەتیەکی هونەری بە رۆمان دەبەخشێت، چونکە دەرفەت بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ کە راستەوخۆ دەگەڵ دنیای چیرۆکەکەدا بژیو گوێ لە دەنگی قارەمانەکانی بگرێت، لە کاتێکا کە پەنهانترین گۆشەو هەستیارترین لایەنی دەروونی خۆ ئاشکرا دەکەن. بەڵام گفتوگۆی نابەجێو ناشیانە لە بایەخی هونەری ڕۆمان کەم دەکاتەوە. یەکەم مەرجی گفتوگۆی سەرکەوتوو و بە جێو وەستایانە ئەوەیە کە دەگەڵ تەمەنو پێگەی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی قارەمانەکاندا گونجاو بێت، بۆ نموونە ئەگەر قارەمانی رۆمانەکە گەنج بێ، پێویستە گەنجانە قسە بکات. هەڵبەتە عەیبو هونەری ئینسان، لە دەمو دویدا دەردەکەوێ. جا رۆماننووس کە ئەم ئەوزارە گرینگەی لەبەر دەستدا بێ، پێویست بەوە ناکات کە بە خۆی، بە ئاشکرا، بکەوێتە ناساندنی قارەمانەکانیو ستایشی رەفتارە چاکەکانیان بکاتو کارە خراپەکانیان مەحکووم بکات، چونکە خوێنەری رۆژگاری ئەمڕۆ، حەز دەکات بە خۆی حەقیقەتەکان کەشف بکات، بە چاوی خۆی کارو کاردانەوەی قارەمانەکانی رۆمان بدینێو بە گوێرەی پڕەنسیپە ئەخلاقیەکانی خۆی داوەریان دەربارە بکات. رۆماننووس دەتوانێ لە رێگەی ئەوزاری گفتوگۆوە، خۆی لە دنیای چیرۆکەکە دوور بگرێتو دەرفەت بە قارەمانەکانی بدات، تا بە خۆیان بەدەنگو زمانی خۆیان قسان بکەنو رازو نیازە پەنهانەکانی دەروونیان بنوێنو ئەنگێزەی نهێنی کارەکانیان ئاشکرا بکەن. خوێنەر لەم حاڵەتەدا، بە خۆی لەبەر ڕۆشنایی دیتنەکانی خۆیدا، راستەوخۆ قارەمانەکانی بۆ کەشف دەبنو لەزەتێکی ئیستاتیکی کەم وێنە لەم کەشفەی خۆی دەبینێ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرکەوتنی نووسەریشە لە کارە چیرۆکڤانیەکەیدا..

هەڵبەتە نووسینی گفتوگۆیەك کە هەم ئاسایی بێ، واتەجۆری قسەکردنی هەر کاراکتەرێك دەگەڵ تەمەنو پێگەی رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتی خۆیدا گونجاو بێت و هەم راستگۆیانە دەروونی داخراوی کاراکتەرەکان بکاتەوەو هەم جوانو دڵگیرو باڵابێ کارێکی یەجگار قورسو گرانە. باشە ئەم کارە بە ڕاستی دژوارە، دێتە فێر بوون؟

هەڵبەتە دێتە فێر بوون، باشترین قوتابخانەی فێر بوونی هونەری گفتوگۆ نووسی، خودی ژیانە، کە دەرگای قوتابخانەی ژیان هەمیشەو بۆ هەموو کەسێك لەسەر گازی پشتە. ئینسان لەم قوتابخانەیەدا تەنیا ئەوەندەی لەسەرە کە لە هەر دەرفەتێکی لەباردا باش گوێ هەڵخات، ورد سەرنج بدات تا بزانێ کە جۆری قسەکردنی خەڵکی چەند جۆراو جۆرە، تا بزانێ جۆری قسەکردنی خەڵکانی سەر بە هەر گروپێکی پیشەییو هەر ڕەگەزێكو هەر پێگەیەکی رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتی تایبەتی چ تایبەتمەندیەکی فەردی یان گروپی یان قەومیو نەتەوەیی هەیە. دەبێ بە وردی سەرنجی ئەو وشەو زاراوانە بدرێ کە بەکاری دەبەن، سەرنجی شێوەی بەکار بردنی وشەو رستەکانیان بدرێ، دیقەتی هەورازو نشێوی دەنگیان لە حاڵەتی میهرەبانیو تووڕەییو شادیو ناخۆشی، زەوقداری و بێزاریو هەموو حاڵەتە بەشەریەکانی تردا بدرێت. هەر رۆماننووسێك ئەم حاڵەتانە رەچاو بکات دەتوانێ گفتوگۆی ئاسایی بنووسێت، گفتوگۆیەك کە دەگەڵ تەمەنو پێگەی رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتیو قەومی نەتەوەیی هەر کاراکتەرێکدا تێك بکاتەوە، کە خوێنەریش بە ئاسانی قەبووڵی بکات. سەرچاوەیەکی دیکەی فێر بوونی هونەری گفتوگۆ لە بواری رۆماننووسیدا، خوێندنەوەی وردی ئەو گفتوگۆ رۆمانەوانیانەیە کە کەڵە رۆماننووسانی دنیا نووسیویانە، هەندێ نووسەر ئەرکی قورسی هونەری گفتوگۆنووسی بەوە لە کۆڵ دەکەنەوە کە شێوەی قسە کردنی خەڵکی وەکو چۆن لە ژیانی رۆژانەدا، لە کۆچەو بازاڕو چاخانەو مەیخانەو قوتابخانادا دەکرێت، بەو ئاوایەو وەکو خۆی نەقڵ دەکەن، یانی هەمان زمانی زارەکی باو بەکار دەبەن، کە ئەمە تەنیا زمانی لێکدی حاڵی بوونە نەك زمانی بەرهەمهێنانی هونەری، کە هونەر دەبێ لە واقیع باڵاتر بێ. راستە ژیانو تەبیعەت سەرچاوەی هونەرن، بەڵام هونەر، کە ڕۆمان باڵاترین ژانری چیرۆکڤانی سەردەمێن تازەیە، خوڵقاندنەوەی سروشتو

ژیانە، نەك كۆپی كردنەوەی موو بە مووی ژیانو سروشت. یانی ژیان گێژەو بێژە دەكات، پوختی دەكات، ئەوجا دەیهونەرێنێ. جا گفتوگۆش كە بەشێكە وەكو هەر بەشێكی دیكەی رۆمان، دەبێ لە ئاستی هونەریەتی هەموو بەشەكانی دیكەدا بێتو هەمان بالآیی هونەریی بەشەكانی دیكە پەیدا بكات. واتە لە بۆتەی هونەریەتی تێكڕای رۆمانەكەدا قالْ بكرێتەوە.

هەڵبەتە گفتوگۆ دەبێ ئاسایی بنوێنێ، وێڕای ئەوەی فەردیەتو چۆنیەتی خۆی هەبێت، تایبەتمەندی زمانی گوفتاریی هەر گروپو جماعەتێكیش بنوێنێ. ئەمەش بەوە دێتە دی كە رۆماننووس بتوانێ لە نووسینی گفتوگۆو دیالۆگاندا زمانێكی ئەدەبی دروستو بالآ، بە جۆرێ دەگەڵ زمانی گوفتاریی قارەمانەكانیدا، ئیدی لە هەر پێگەیەكی رۆشنبیرییو كۆمەڵایەتیدا بن، ئاوێتە بكات، كە هەم دروستیو جوانی ئەدەبی خۆی هەبێتو هەم تایبەتمەندی زمانی گوفتاریی تیا بێ...

***

هەڵبەتە لە هونەری گێڕانەوەدا، شتێك هەیە كە پێی دەگوترێ وەسف، جا لە ڕۆماندا كە وەكو زەرورەتێكی تەكنیكی و هونەری نۆرە دێتە سەر وەسف، رۆماننووس، تێكڕای جوڵەو حەرەكەی چیرۆكەكە ڕادەگرێت، تا خوێنەر لە روانگەی نووسەر یان گوتیار یان یەكێك لە قارەمانەكانەوە، تەمەشای دیمەنێكی بێرۆنی یان حاڵەتێكی دەروونی بكات، جا بەم پێودانگە وەسفو وەسفكاری مەوداو هاماجێكی زندوو وهەمەڕەنگی ئەوتۆ بە دنیای چیرۆك دەبەخشێت كە خوێنەر وا هەست نەكات مامەڵە لە تەك كۆمەڵێك وشەی بێ گیاندا دەكات، بەڵكو وا هەست بكات مامەڵە دەگەڵ دنیایەكدا دەكات زندووەو بە هەر پێنج هەستەكەی خۆی هەستی پێدەكاتو دەگەڵیا دەژی.

هەڵبەت وەسفیش دەشێت بابەتی بێو دەشێت ئیكسپرسیونیستی بێ. وەسفی بابەتی ئەوەیە كە شتەكانو كەسەكان وەكو خۆیان، چۆن هەن بەو ئاوایە وەسف بكرێنو وێنە بگیرێن، وەسفی ئیكسپرسیونیستی ئەوەیە كە شتەكانو كەسەكان، وەكو بینەر چۆنیان دەبێنێو چۆنیان وێنا دەكات بەو ئاوایە وەسفیان بكاتو وێنەیان بگرێت. واتە لە وەسفی بابەتیدا، وەسفكراو لە روانگەی بینەرەوە یان گوتیارەوە دەگوازرێتەوە بۆ زەینی خوێنەرو وەرگر،

بەڵام لە وەسفی ئیکسپرسیونیستیدا، وەسفکراو لە زەینی بینەر یان گوتیاردا ڕەنگدەداتەوەو تێکەڵ بە ئیحساساتەکانی دەبێت ئەوجا بۆ زەینی خوێنەرو وەرگر دەگوازرێتەوە..

وەسفی بابەتی زیاتر ئەوزاری کاری زانایەو وەسفی ئیکسپرسیونیستی زیاتر ئەوزاری کاری هونەرمەندە، ئیدی چ شاعیر بێتو چ نووسەر، زانا بە واقیعبینی و بێلایەنی ئەکادیمی دەڕوانێتە شتانو وەسفێکی وردیان، وەکو چۆن بە ڕاستی هەن، دەکات. یانی مەرامو ئەرکی زانا کەشفو خستنەڕووی زانیارییە. بەڵام هونەرمەند بە چاوێکی ئیحساساتی دەڕوانێتە شتانو بەو جۆرەیان وەسف دەکات کە ئاوێتە بە هەستەکانی بوونو خۆی تەسەوریان دەکات.

دیارە ڕۆماننووس بۆی هەیە، بە پێی زەرورەتی وەسف، لە کاتو شوێنی گونجاودا سوود لە هەردوو چەشنە وەسفەکە وەربگرێت، ئیدی گرینگ ئەوەیە بە شێوەیەکی هونەریانەی زندوو و کاریگەر بگاتە زەینی خوێنەرو تینویەتی هونەریی ئەو بشکێنێ، دیارە ئەم کارەش، کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، پەیوەندیەکی تەواوی بەوەوە هەیە کە نووسەر چەند بە توانایە لە هەڵبژاردنو دەربڕینی بەشەکانی بابەتی وەسفەکەیدا. هەڵبەتە نووسەر نایەت هەر هەموو بەشەکانی بابەتی وەسفەکەی بە تولو تەفسیڵ وێنە بگرێت، بەڵام بەپێی زەرورەتی هونەریی ڕۆمانەکە هەندێ بەشی هەڵدەبژێرێ. چونکە هونەری رۆماننووس لەمەدایە کە بە کەمترین وشە هەر شتێك یان هەر کەسێك وەکو خۆی، وەکو چۆن لە واقیعدا هەیە وەسف بکات (لە وەسفی بابەتی دا) یان وەکو چۆن لە زەینی وەسفکاردا ڕەنگی داوەتەوە (لە وەسفی ئیکسپرسیونیستیدا) وەسف بکات. نووسەری باشو بەهرەمەند وهونەرمەند کەسێکە کە ئەهلی دیتن بێ، نیگایەکی هەبێ کە یەکڕاست بکەوێتە سۆراخو تاقیبی جوانترینو گرینگترین و کاریگەرترین بەشی هەر شتێكو زەوقی هەڵبژاردنی هەبێ، تەنیا ئەو بەشانە هەڵبژێرێ، کە یەکێتی هونەرییو کاریگەریی چیرۆکڤانی بە ڕۆمانەکە ببەخشن. شتێك هەڵبژێرێ کە خۆی لە میانەی ڕامان و وردبوونەوەوە لایەنێکی کەشف کردبێت کە پێشتر کەس سەرنجی بۆ نەچوو بێ، یان باسی نەکردبێ، دیارە ئەم

تازەگەریی‌و تاکگەراییە لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی هونەری ڕۆمانەو وا دەخوازێت هەر بەشێکی بەرهەمەکە، کە وەسف یەکێکە لەو بەشانە تازەیی‌و فەردانیەتی خۆی هەبێت...

لە مەسەلەی وەسفدا، باسی ئەوەمان کرد، کە وەسف بە هەردوو جۆرەکەیەوە لە روانگەی بینەر یان تەمەشاڤانەوە دێتە ئەنجامدان، ئیدی ئەم بینەر یان تەمەشاڤانە دەشێت گوتیاری چیرۆك بێ یان هەر قارەمان‌و کاراکتەرێکی چیرۆکەکە بێت.

((٦))

جا هەر لە باسی ڕۆمان‌و ڕۆماننووسیدا، ڕەگەزێکی یەجگار گرینگی دیکە هەیە کە گۆشەنیگای پێدەگوترێ. گۆشەنیگا، شێوازێکە کە نووسەر لە ڕێگایەوە کەرەستەو ڕەگەزەکانی چیرۆکەکەی خۆی بە خوێنەر نیشان دەدات. گۆشەنیگا لە ڕاستیدا پەیوەندی چیرۆکنووس بە سەراپای چیرۆکەکەوە نیشان دەدات. هەر چیرۆکێك دەبێ گوتیارێکی هەبێ کە بابەتێ بگێڕێتەوە، جا ئەم بابەت گێڕانەوەیە دەشێت لە شێوەی یەکەم کەس (من، ئێمە) یا دووەم کەس (تۆ، ئێوە) یان سێیەم کەس (ئەو، ئەوان)دا ئەنجام بدرێت. کەواتە گۆشەنیگا یەکێکە لە ڕەگەزە گرینگەکانی دنیای چیرۆکڤانی، پەیوەندی چیرۆکنووس‌و چیرۆکەکە دیاری دەکات، یارمەتی نووسەر دەدات، کەرەستە چیرۆکڤانیەکانی لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا یەکبخات‌و بهونەرێنێ، ڕێنوێنی خوێنەر دەکات بۆ تێگەیشتن لە چیرۆکەکە.. ئەوەی لێرەداو زیاتر مەبەستە، گۆشەنیگای شەخسی و گۆشەنیگای مادیە. گۆشەنیگای شەخسی بەو مانایەیە کە نووسەر لە گۆشە نیگاو ڕوانگەی چکەسێکەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.گۆشە نیگای مادیش بەو مانایەیە کە نووسەر لە چ پێگەو هەڵوێستێکی شوێنکاتیەوە، دەڕوانێتە دنیای چیرۆکەکەی‌و دەیگێڕێتەوە. هەڵبەتە گۆشەنیگا، بۆ نووسەر، یەکێکە لە مەسەلە تەکنیکی‌و ئیستاتیکیە هەرە گرینگەکان لە ئەفراندن‌و داهێنانی چیرۆکدا، هەڵبژاردنی گۆشەنیگای دروست، دەکاتە هەڵبژاردنی ڕێگەی دروستی گێڕانەوەی چیرۆك‌و هەر نووسەرێك ڕێگەی دروستی گێڕانەوەی

چیرۆکەکەی بدۆزێتەوە، زەحمەتێکی زۆری تەکنیکی داهێنانی چیرۆکی لە کۆڵ دەبێتەوە..

هەڵبەتە گۆشەنیگا، بۆ خوێنەریش گرینگە، چونکە خوێنەر لەو ڕێگایەوە تەماس دەگەڵ دنیای چیرۆکەکەو کاراکتەرەکاندا پەیدا دەکاتو داوەری دەربارەی خەیاڵو وتارو کرداری کاراکتەرەکان دەکات. کاتێ کە چیرۆك لە گۆشەنیگای نووسەرەو یان یەکێك لە کاراکتەرەکانەوە دێتە گێڕانەوە، ئاساییە کە خوێنەر ناتوانێ بەخۆیو ڕاستەوخۆ لە دنیای چیرۆکەکەدا ئامادەبێتو لە گۆشەنیگای خۆیەوە بڕوانێتە ئەو دنیایەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە بە دەستی دێنێ، داوەری خۆی دەربارەی کاراکتەرەکان بکات، بەڵکو ناچارە لە گۆشەنیگای گوتیارەوە، ئیدی هەر کێیەك هەیە، بڕوانێتە دنیای چیرۆکەکەو قەناعەت بەو زانیاریانە بکات کە گوتیار دەیداتێ. دیارە گوتیاریش، زانیاریە هەڵبژاردەکانی خۆی بە شێوە و زمان و تۆنو سۆز و گودازێکەوە، بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ئەو هەستو لێکدانەوەو بۆچوونە بێ کە خۆی حەزی لێدەکات، یانی بە حەزی خۆی دەکات. بەڵام ئەگەر چیرۆك گوتیاری نەبێ، لە گۆشەنیگای هیچکەسێکەوە نەیەتە گێڕانەوە، هەنگی خوێنەر بەخۆی لە دنیای چیرۆکەکە ئامادە دەبێ، دەگەڵیا دەژی، هەنگێ بەپێی کەشفو پێوەرە شەخسیەکانی خۆی داوەری دەربارەی ئەو جیهانەو کاراکتەرەکانی دەکات. بەم پێودانگە، جۆری گۆشەنیگا، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە تەماسو کارلێكو مامەڵەی خوێنەر دەگەڵ دنیای چیرۆکدا ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆ. لێکدانەوەو بۆچوونو هەستی سەبارەت بە کاراکتەرەکانو ڕەفتارو گوفتارو هەڵوێستیان سەربەخۆیانەیە یان لە ژێر کاریگەری تەڵقینکاریەکانی گوتیاردایە.

هەڵبەتە، تا حوزوورو ئامادەبوونی نووسەر، لە ناو چیرۆکدا، ناڕاستەوخۆ، پەنهان ترو نادیارتر بێ باشترە، بوونی نووسەر لە ناو دەقەکەیدا فلوبیر گوتەنی دەبێ وەکو بوونی خوا لە گەردووندا بێ- نادیار بەڵام دەسەڵاتدار بێ، لە هەموو شوێنێکدا هەستی پێبکەین، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا نەی بینین. ئەگەر تەمەشایەکی ڕێڕەوی گەشەکردنو پەرەسەندنی هونەری

ڕۆمان بکەین دەبینین قۆناغ بە قۆناغ حوزووری نووسەر لە دنیای چیرۆکدا کەم بووەتەوەو یەکێك لە گۆڕانە گرینگەکانی ڕۆمانی ئەم سەردەمو ڕۆژگارە تازەیە، غیابی نووسەرە.. بەم پێودانگە دەردەکەوێ کە گۆشەنیگا، مەسەلەیەکی ئیستاتیکی یەجگار گرینگە، ئەگەر شارەزایانەو بە دروستی بەکار ببرێو بێتە هەڵبژاردن، چیرۆکەکەو تۆوی چیرۆکەکە بە باشیو دروستی نەشونماو گەشە دەکات، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. دیارە هەر چیرۆکێ کە دەنووسرێت، بەو مەبەستە دێتە نووسین کە بۆ خوێنەر بگوازرێتەوەو، یەکێك لە ئەوزارەکانی گواستنەوەش گێڕانەوەیە، گێڕانەوەش لە قاڵبو گۆشەنیگای جیاوازو جۆراو جۆرەوە ئەنجام دەدرێت، ئیدی گێڕانەوە لە قاڵبی نامەدا، لە قاڵبی بیرەوەریدا، لە قاڵبی ژینامەدا بێ یان لە گۆشەنیگای چەند کاراکتەرێکەوە بێ، کە لێرەدا بەپێی تواناو ئەوەندەی بابەتەکە هەڵبگرێت سووکە هەڵوەستەیەك لەسەر باوترین جۆری گۆشەنیگاو گوتیار دەکەین، کە گوتیاری هەمووشتزان یەکێکە لەو جۆرانە: گۆشەنیگا شێوازێکە کە نووسەر لە ڕێگایەوە، تیمەو ناوەڕۆكو بابەتە چیرۆکڤانیەکانی خۆی بە خوێنەر نیشان دەداتو پەیوەندی نووسەر بە دەقی چیرۆکەکەوە دەنوێنێ. گۆشەنیگا یان دەروونیە یان بێرونیە. لە گۆشەنیگای دەروونیدا، گوتیاری چیرۆکەکە یان چیرۆك بێژ، یەکێکە لە کاراکتەرانی چیرۆکەکەو چیرۆك بە شێوەی یەکەم کەس دەگوازرێتەوە یان دەگێڕدرێتەوە. ئەگەر گوتیار (چیرۆکبێژ) شا قارەمانی چیرۆك بێ گوتیاری –قارەمانی پێدەگوترێو ئەگەر قارەمانێکی لاوەکی بێ، گوتیاری- بینەری پێدەگوترێ. لە گۆشەنیگای دەروونیدا، سوود لە شێوەێن مەنەلۆگو مەنەلۆگی دەروونی، و مەنەلۆگی دراماتیکیو خودگۆیی وەردەگیرێت.

لە گۆشەنیگای بێرونیدا، نووسەر دەچێتە کڵێشەو پێستی قارەمانو کاراکتەرەکانەوەو تایبەتمەندیو خەسڵەتە دەروونیو جەستەییەکانیان شەرح دەکاتو باسی ڕابردوو و ئێستاو ئایندەیان دەکات. ئەگەر نووسەر بچێتە قاڵبی یەك بە یەکی کاراکتەرانی چیرۆکەکەوەو تایبەتمەندییە ڕوحیو خەلقیو هەستو بیرو کارو کاردانەوەکانیان بە وردی شەرح بکاتو بیانگێڕێتەوە، لەم حاڵەتەدا بەو گۆشەنیگاو گوتیارە دەگوترێ گوتیاری زانا بە هەموو شت. بەڵام ئەگەر نووسەر بچێتە کڵێشەی تەنیا یەکێك لە

کاراکتەرەکانەوەو لە زەین و نۆڕینی ئەوەوە رووداوێن چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، گۆشەنیگاکە، پێی دەگوترێ گوتیاری هەموو شت زانی سنووردار. لە گۆشەنیگای بێرونیدا، هەندێجار نووسەر هەندێ شێوەی دی بەکار دەبات کە گۆشەنیگای بابەتی یان بینەری راستەوخۆی پێدەگوترێ. لەم شێوازەدا نووسەر دەوری کامێرا دەبینێ، کارو کردەوەی کاراکتەرەکان وەکو خۆی بێ هیچ هەڵوێستگیریو کاردانەوەیەك یان شەرحو روونکردنەوەیەك پیشان دەدات، گفتوگۆکانیان وەکو خۆی تۆمار دەکات، ئیدی خوێندنەوەی هەستو بیروبۆچوونو تایبەتمەندیە دەروونیو جەستەییەکانیان بۆ خودی خوێنەر بەجێدێڵێ، یانی لە گۆشەنیگاو گوتیاری هەموو شت زاندا، هیچ گۆشەیەکی دنیای چیرۆکەکە، هیچ شتێکی ژیانی دەروونیو بێرونی کاراکتەرەکانو رابردوو و ئێستاو ئایندەیان لە نووسەری هەموو شت زان شاراوەنییەو نابێت. یانی نووسەر لێرەدا کە داهێنەرو خوڵقێنەری جیهانی چیرۆکەکەیە، خوایانە ئاگای لە هەموو وردو درشتێکی بێرونیو دەروونی کاراکتەرەکانی، لە رابردوو و ئێستاو ئایندەیان هەیەو هیچی لێ شاراوە نییە... هەرچەندە لەو چیرۆکانەدا کە لە گۆشەنیگای زانا بە هەموو شتانەوە دەگێڕدرێنەوە، خوێنەر هەندێجار لە دنیای چیرۆکەکە دوور دەبێتو ناتوانێ راستەوخۆ تەماس دەگەڵ قارەمانو کاراکتەرەکاندا پەیدا بکات، بەڵام لە کاتی کورت کردنەوەدا دەتوانێ تەماس دەگەڵ بیرو ئیدراكو هەستێن نووسەر یان گوتیاردا پەیدا بکات... هەڵبەتە دوو جۆری سەرەکی گۆشەنیگای زانا بە هەموو شت هەن:

١-گوتیاری زانا بە هەموو شت- ڕاڤەکار: گوتیاری ڕاڤەکار، جۆرە گوتیارێکی هەموو شت زانە، کە ئازادانەو بەردەوام گێڕانەوەی چیرۆکەکە قوت(بڕین) دەکاتو خۆی لە کاروباری کاراکتەرەکانو رووداوەکان هەڵدەقورتێنێو راوبۆچوونی خۆی دەربارەی کاراکتەرەکانو رووداوەکان دەردەبڕێت. جاری وا هەیە ئەم خۆهەڵقورتانە دەگاتە کورتە وتارێکی وەها کە هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکەکەوە نامێنێ. گوتیاری ڕاڤەکار، جۆرە نێرەنگێکی هونەری زەقە کە زۆرجار ریالیستانی سەدەی نۆزدەیەم لە چیرۆكو رۆمانەکانیدا بەکاریان دەبرد. گوتیاری زانا بە هەمووشت ،کاتێ بە گوتیاری راڤەکار دەزانرێ کە هەر بە گێڕانەوەی رووداوو بویەرەکانی چیرۆکەکەوە

نەوەستێ، بەڵکو بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە لە هەر شوێنێكو لە هەر کاتێکدا حەزی کرد، بە کەماڵی ئارەزوو خۆی لە دنیای چیرۆکەکە، هەڵقورتێنێو بکەوێتە فەلسەفەڕێسی و عومومیاتگۆییو بەرگری لە خەونو خەیاڵو ئەتوارو گوتاری کاراکتەرەکان بکات یان رەخنەیان لێبگرێت.

٢-گوتیاری زانا بە هەموو شت- بێلایەن: ئەمە جۆرە گوتیارێکی هەموو شت زانە، کە بێ لایەنانە رووداوو گفتوگۆیەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوەو کەمو زۆر ناچێ بەلای شیکردنەوەو شەرحو شروڤەیانەوەو هیچ داوەرییەکی شەخسی دەربارەی شتەکان ناکاتو خۆی لە هەر فەلسەفەڕێسیو عومومیاتگۆییەك دوور دەگرێت. ئەم حیلە هونەرییە رێك پڕ بە پێستی حەزو خواستی ئینسانی مۆدێرنو هاوچەرخە کە حەز دەکات لە هەر دۆزو مەسەلەیەکدا، زانیاریی تەواو بە دەست بێنێو لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانە، بە خۆی داوەری بکاتو شتەکان هەڵسەنگێنێ. نووسەری زانا بە هەموو شت- ڕاڤەکار، ئەم مافە لە خوێنەر زەوت دەکات، بۆیە زەوقی سەردەمو رۆژگاری نوێ، گوتیاری زانا بە هەموو شتی- راڤەکار، پەسند ناکات... بۆیە گوتیاری هەمە شتزان- بێلایەنی پێ پەسندترە کە تەنیا لە گۆشەنیگای خۆیەوەو بە دەنگی خۆیو بەناوی خۆیەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو خۆی لە هیچ شتێکی دیکەی دنیای چیرۆکەکە هەڵناقورتێنێ. نووسەری زانا بە هەموو شت- بێلایەن، ناتوانێ بە ڕاشکاویو بە زمانی خۆی، بەرگری لە کاراکتەرەکانی بکات یان ئیرادیان لێبگرێت، بەڵام دەتوانێ لە زمانی کاراکتەرەکانەوە، هەرچی لە دڵدا هەیە هەڵیڕێژێت، بەو مەرجەی دەگەڵ واقیعی چیرۆکەکەدا تێك بکاتەوەو قەناعەتبەخش بێتو زۆر شتیش بۆ زیرەکی خوێنەر بهێڵێتەوە... هەڵبەتە گۆشەنیگای گوتیاری زانا بە هەموو شت، ئەگەر بە شێوەیەکی هونەرمەندانە بەکار ببرێت، گۆشەنیگایەکی یەجگار باشو پەسندە.

هەر چیرۆکێك بگریت بۆ ئەوە دەنووسرێت کە بگێڕدرێتەوەو بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە، ئەم گێڕانەوەو گوێزانەوەیش لە رێگای گوتیارەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش لە گۆشەنیگای یەکەم کەس یان دووەم کەس یان سێیەم کەسەوە دەگوازرێتەوە... بۆیە لێرەدا بە پێی تواناو هێندەی

باسەکەمان هەڵبگرێت، سووکە هەڵوەستەیەك لەسەر گوتیاری گۆشەنیگای یەکەم کەس دەکەین. لە سەرێ ڕا باسێکی خێرای گوتیاری هەمە شت زانمان کرد، هەر ئەو گوتیارەی کە ئاگای لە هەموو وردو درشتێکی بێرونو دەروونی دنیای چیرۆکەکەو گشت قارەمانەکان هەبوو، لەم گۆشەنیگایەدا، یانی لە گۆشەنیگای یەکەم کەسدا، نووسەر پاشەکشە دەکاتو کاری گێڕانەوە بە یەکێك لە کاراکتەرەکان دەسپێرێتو خۆی لە دنیای چیرۆکەکە دوور دەگرێت.

گوتیاری یەکەم کەس، هەر کێیەك بێ، کەسێکی ئاساییە، ئەمە ناتوانێ هەموو شتێك هەر بزانێت، توانای زانستیو زانیاری سنووردارە، هەموو شتێك نازانێ، لە رێگەی هەر پێنج هەستەکەیەوە پەی بەشتان دەبات، هەروەها دەتوانێ بۆ ئەو مەبەستە پەناوەبەر مەزەندەکاری بەرێت، ئەنجامگیری بکات، شتان هەڵێنجێ، بەرزە خەیاڵیو، خەیاڵپەروەری بکات، خەون بدینێ. هەروەها دەشتوانێ، زانیاری لەمەڕ ئەو رووداوو شتانەش بە دەست بێنێ کە خۆی نەی دیتوون، یان بەشداری تیا نەکردوونو، بە کورتیەکەی بە خۆی نەیجەڕباندوون، بۆ نموونە لە سەرچاوەیەکدا خوێندویەتیەوە، یان لە کەسێکی بیستووە، دەتوانێ ئەو شتانەش بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە، لێرەدا دەبێ سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بە خوێنەر بڵێو، قەناعەتی پێبکات کە راست دەکات.. هەڵبەتە گێڕانەوە لە گۆشەنیگای گوتیاری یەکەم کەسەوە، تازەترو زندووترە لە گێڕانەوەی گوتیار یان نووسەری هەموو شت زان، دەرفەتی زیاتر بە خوێنەر دەدات کە بە خۆی لە نزیکەوە کاراکتەرەکان بدینێو بە چاوی خۆی کارو کاردانەوەکانیان ببینێ.

هەڵبەتە لە نێو رۆماننووسانو تێوریسینانی هونەری رۆماندا، خەڵکانێکی زۆر هەن، کە گوتیاری یەکەم کەس پەسند ناکەن، یەکێك لەوانە ئانتونی ترولوپە کە لەو بارەیەوە دەڵێت: "... کارێکی خەتەرە نووسەر بێت لە گۆشەنیگای "من"ەوە چیرۆك بنووسێت، چونکە بێ ئەوەی بە خۆ بزانێ، ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات کە نووسەر دەیەوێ خۆی گەورە بنوێنێ، خۆی هەڵکێشێو، هەڵبەتە خوێنەر ئەم خۆهەڵکێشانەی پێ قووت ناچێت. یان ئەگەر ئەو (من)ەی کە نووسەر بەکاری دەبات، زیاد لە پێویستو بە

شێوەیەکی دەستکرد خاکیو بێ فیز بێ، دیسان خوێنەر لێی دەڕەوێتەوە. من پێموایە لە چیرۆك گێڕانەوەدا، باشترین شت ئەوەیە کە راناوی یەکەم کەسەکە قووت بدەین، بیشارینەوە. بە باوەڕی من، هەمان شێوەی کۆنی "یەکێ هەبوو، یەکێ نەبوو". ئەگەر کەمێك دەسکاری بکرێت، باشترین شێوەی چیرۆکبێژیو چیرۆك گێڕانەوەیە..." (بڕوانە رمان بەروایت رمان نویسان/ میریام الوت/ ترجمە علی محمد حق شناس، نشر مرکز/ چاپ دوم ١٣٨٠/ تهران).

هەڵبەتە گوتیاری یەکەم کەس یەکێکە لەو گۆشەنیگا هەستیارانەی ئەگەر بە درێژاو لە پانتاییەکی زۆری چیرۆکدا بەکار ببرێتو نووسەر کەسێکی لە زەبر نەبێت، جۆرە خاویو شاشیەکی نەخوازراو بە دەق دەدات.

گۆشەنیگای گوتیاری یەکەم کەس بە شێوەیەکی گشتی دەشێت بکرێت بە دوو دەستەوە:

١-گۆشەنیگای گەڤا (شاهد ، چاودێر )، لە گۆشەنیگای بینەر یان گەڤادا، کاری گێڕانەوە بە کاراکتەرێکی لاوەکی چیرۆکەکە دەسپێردرێت، ئەم کاراکتەرە کە رۆڵی سەرەکی لە چیرۆکەکەدا نیەو زیاتر بینەرو گەواهی رووداوەکانە تا فاکتەری ئەسڵی رووداوەکان بێ، رووداوەکانی دنیای چیرۆکەکە، بە گوێرەی تواناو زانیاریەکانی خۆی، لە گۆشەنیگای خۆیو بە دەنگ و زمانی خۆی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوەو پێی دەگەیەنێ. جا ئەم گوتیاری- گەڤایە کە فاکتەری سەرەکی رووداوەکان نیەو لە ناو جەرگەی رووداوەکاندا نیە، ئەدی زانیاری لە کوێ بەدەست دێنێ تا بۆ خوێنەری بگێڕێتەوە؟ دەشێت لەم سەرچاوانەوە زانیاری بەدەست بێنێ: ئەو شتانەی کە بە خۆی دەیانبینێو بە گوێی دەیانبیستێ، لە رێگەی گفتوگۆ دەگەڵ کاراکتەرانی سەرەکیدا بەو نیازو مەبەستەی کە هزرینو هەستو ڕازو نیازیان کەشف بکات، لە رێگای گفتوگۆکرنەوە دەگەڵ دۆستانو دژمنانی کاراکتەرانی سەرەکیدا، بە نیازی بە دەست هێنانی هەندێ لەو زانیاریانەی کە لەگینە ئەوانە دەربارەی کاراکتەرانی سەرەکی لەلایان بێت. بە دەستهێنانی نامە، دەفتەری بیرەوەریو هەر بەڵگەنامەیەك کە لەگین بێ زانیاری دەربارەی کارو بیرو هەستو رازو نیازی کاراکتەرانی سەرەکی تیا بێ. ئیدی گوتیاری گەڤا ئەو

زانیاریانەی کە لەو سەرچاوانەوە وەریان دەگرێت، هەر هەمووی تاوتوێ دەکات، رازو حەقیقەتەکانیان لێ هەڵدەهێنجێو بە گوێرەی خوێندنەوەو بۆچوون و بیرو باوەڕو هەستی خۆی بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە. ئیدی گوتیاری- گەڤا (گەواە) دەشێت پەیامنێر بێ، سیخوڕ بێ، دەشێت هیچ یەکێك لەوانە نەبێ، تەنیا دەگەڵ کاراکتەرە سەرەکیەکاندا ناسیاوی یان خزمایەتی هەبێت، بە هەرحاڵ بە ئەرکی مرۆڤانی خۆی دەزانێت کە رازێك یان حەقیقەتێکی گرینگ کەشف بکات یان بەشداری لە کەشفکردنیا بکات.

لەو چیرۆکانەدا کە لە گۆشەنیگای گەڤا (گەواە)وە دێتە گێڕانەوە، (گەڤا)بە حوکمی ئەوەی گوتیارەو خوێنەر دەدوێنێ، دەبێ دەربڕینی هەستو نەست، جۆری گوتن، وەسفو نیشاندانەکانی، چۆنیەتی زمانی گێڕانەوەکەی تەواو دەگەڵ پێگەی رۆشنبیریو کۆمەڵایەتی خۆیدا وەکو گوتیار تێکبکاتەوەو بگونجێت. بە کورتیەکەی یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو چیرۆکانەی کە لە گۆشەنیگای گوتیاری یەکەم کەسەوە دەگێردرێنەوە، ئەمەیە کە گێڕانەوە کە دەبێ شەقڵو مۆرکی کەسایەتی گوتیاری لەخۆ گرتبێو پێوەی دیار بێ. ئەگەر بویسترێ چیرۆکێك درەنگ خۆی بە دەستەوە بدات، باشترین رێگا ئەوەیە لە گۆشەنیگای گەواهەوە بێتە گێڕانەوە. چونکە گەواە لە پەراوێزی چیرۆکەکەدا دەژی، ناتوانێ بە خێراییو زوو بە زوو راز یان حەقیقەتی جەرگەی چیرۆکەکە کەشف بکاتو پەی پێ ببات، بۆیە هەر کاتێ چیرۆکەکە وا بخوازێت کە راز یان حەقیقەتی قوڵاییو جەرگەی چیرۆکەکە بەرە بەرە ئاشکرا ببێت، باشترین رێگا ئەوەیە لە گۆشەنیگای گەڤاوە بێتە گێڕانەوە.

٢-گۆشەنیگای قارەمان:

لەم گۆشەنیگایەدا کاری گێڕانەوە بە قارەمانی چیرۆکەکە دەسپێردرێت، تا بە خۆی لە گۆشەنیگای خۆیو بە دەنگی خۆی چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە، گوتیاری- قارەمان، بە پێچەوانەوەی گوتیاری- گەڤاوە کە لە پێگەیەکی پەراوێزیی بزۆزەوە دەنوارێتە جیهانی چیرۆك، جێگەی لە جەرگەو چەقی چیرۆکەکەدایە، بۆیە دەرفەتێکی کەمتری بۆ جوڵان هەیە. یانی بازنەی بە دەست هێنانی زانیاری تەنگترە لە بازنەی بە دەست هێنانی زانیاری گوتیاری-گەڤا. یانی سەرچاوەی زانیاری گوتیاری- قارەمان

ئەو شتانەیە کە بە خۆی دەیانبینێو دەیان بیستێو خوێندنەوە و لێکدانەوەی شەخسیان بۆ دەکات.

لەو چیرۆکانەدا کە لە گۆشەنیگای قارەمانەوە دێنە گێڕانەوە، خوێنەر ڕاستەوخۆ سەروکار دەگەڵ خودی قارەماندا پەیدا دەکاتو گوێی لێدەبێت کە چۆن باسی کارەکانی، خەونو خەیاڵەکانی، هەستو نەستی، بیروبیرکردنەوەی، ئەو شتانەی کە دیوونیو بیستوونی، کە بەسەری هاتوونو باسی لێکدانەوەو بۆچوونو داوەرییەکانی خۆی دەکات. دیارە لەم حاڵەتەدا گێڕانەوە بە هەموو جۆرو شێوازو لقو پۆپەکانیەوە، بە چۆنیەتی بەکاربردنی زمانەوە، پێویستە دەگەڵ پێگەی رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتی گوتیاردا بگونجێتو تێکبکاتەوە. پێشتر سووکە ئاماژەیەکمان بۆ ئەوە کرد کە هەندێ لە رۆماننووسانو تیۆرریسینانی جیهانی رۆمان، گوتیاری یەکەم کەسیان لاپەسند نییە، چونکە خوێنەر وا هەست دەکات کە نووسەر دەیەوێ خۆی هەڵکێشێ، یان بە درۆوە وا بنوێنێ بابایەکی خاکیو بێ فیزەو ئەمەش هەڵوێستی نەرێنی لای خوێنەر دروست دەکات... هتد. جا رۆماننووس بۆ ئەوەی خۆی لەم گلەییە دەرباز بکات، دەتوانێ لە قاڵبی گوتیاری-قارەماندا، لە جیاتی ئەوەی چیرۆکەکە بە راناوی یەکەم کەسی تاك (واتا من) بگێڕێتەوە، بە راناوی سێیەم کەسی تاك (واتا ئەو) بگێڕێتەوە. یانی لەم حاڵەتەدا دەتوانێ گوتیارە راستەقینەکە کە قارەمانە، لە پشت پەردەی بەشدارێکی بێ ناوو نیشانەوە بشارێتەوەو لە رێگەو قاڵبی راناوی سێیەم کەسی تاکەوە، هەمان ئەوە شتە هونەریانە بڵێو نیشان بدات کە گوتیاری-قارەمان دەیەوێو، هیچ گلەییو ئیرادێکی نەیەتە سەرو لێ نەگیرێت.

**

وەکو ئاماژەمان کردێ، گوشەنیگا شێوەیەکە لەو شێوانەی کە نووسەر پەنای دەباتێ تا لەو رێگەیەوە بابەتو تیمەو تێکڕای رەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکەکەی خۆی بۆ خوێنەر بگێڕێتەوەو پیشانی بدات. یانی هەر چیرۆکێك دەبێ گوتیارێکی هەبێ کە بابەتێك بگێڕێتەوە، هەر گێڕانەوەیەکیش، لە گۆشەنیگایەکەوە، ئەنجام دەدرێت... یانی لە تێکڕای گۆشەنیگاکاندا هەمیشە کەسێك هەبووەو هەیە کە کاری گێڕانەوەی لە ئەستۆ بووبێ.

ئەمەش گرینگیو هەستیاری ڕۆڵی گوتیار لە دنیای چیرۆکڤانیدا بە هەموو جۆرو ژانرەکانیەوە دەردەخات. لەو گۆشەنیگایانەدا، گوتیار دەوری میانچی نێوان دنیای چیرۆکەکەو خوێنەر دەبینێ. یانی خوێنەر لە ڕێگەی چاوانی ئەوەوە دنیای چیرۆکەکە دەبینێو لە ڕێگەی دەنگی ئەوەوە دەژنەوێ کە لەو دنیایەدا، واتا لە دنیای چیرۆکەکەدا چی دەگوزەرێ. دیارە ڕۆمانیش وەکو دیاردەیەکی هونەری زندوو لە یاساو ڕێسایێن گۆڕان بە دەر نییە، جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ڕۆڵی گوتیار، بەدەم پرۆسەی نەشونماو پەرەسەندنو گۆڕانکاری هونەری رۆمانەوە وەکو باڵاترین ژانری چیرۆکڤانی، زیادی کردووە یان داویەتیە کزیو ڕوو لە نەمانە؟! دەشێت ڕۆمان دەستبەرداری گوتیار ببێ. گێڕانەوە وەکو پێشترش ئاماژەمان بۆ کردووە جۆری جیاوازی هەن، یەکێك لەوانە شێوەی دراماتیکی گێڕانەوەیە. لەم شێوە گێڕانەوەیەدا، گوتیار بە یەکجارەکی لا دەبرێتو هیچ دەورێکی نامێنێو چونکە لەم شێوە گێڕانەوەیەدا هیچ میانچیەك لە ئارادا نیە، چیرۆکەکە بە جۆرێك بونیاد دەنرێ کە ژیانی دەروونی یان بێرۆنی کاراکتەرەکان، ڕاستەوخۆو بێ هیچ پەردەیەك پیشانی خوێنەر دەدرێتو خوێنەر دەتوانێ لە گۆشەنیگاو دیدگای شەخسی خۆیەوە بڕوانێتە جیهانی چیرۆکەکەو داوەری خۆی دەربارەی خەیاڵو کردارو گوتاری کاراکتەرەکان بکات. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە شێوەی دراماتیکی گێڕانەوەدا سەراپای چیرۆکەکە لە دەمی ڕووداونی ڕووداودا پیشان دەدرێت...

***

هەر لە بواری گێڕانەوەو گێڕانەوەکاریدا لایەنێکی گرینگی دیکەی دنیای چیرۆکڤانیو ڕۆمانەوانی دێتە پیشێ کە رامانو هەڵوەستە هەڵدەگرێت، ئەویش مەسەلەی گرێچنو پلۆتە. لە دنیای زاراوەناسی چیرۆکڤانیدا پلۆت دەکاتە ئەو نەزمو تەرتیبەی کە نووسەر بە ڕووداوەکانی چیرۆکی دەبەخشێت تا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە خۆی دەیەوێت. هەر پلۆتو نەخشەیەك بریتیە لە کۆمەڵێك ڕووداوی بە دیقەت دارێژراوی پێکەوە بەندو گرێدراو کە لە گەرمەی کێشماکێشو ململانێی هێزە هەڤدژەکانەوە دەگاتە لوتکەو پاشان دەگاتە کۆتاییو دوا ئەنجام.

دیاره پلۆتو حیکایەت جیاوازیان هەیە، ئیدوارد مۆرگان فورستەری رۆماننووسو رۆماننناسی بە نێوبانگی ئینگلیز، لە کتێبە بە نێوبانگەکەی خۆیدا، بنەماکانی رۆمان، جیاوازی پلۆتو حیکایەتی بەمجۆرە باسکردووە:

ئێمە حیکایەتمان بەمە پێناسە کردووە کە بریتیە لە گێڕانەوەی کۆمەڵێك رووداو کە بە گوێرەی زنجیرەی زەمانی رێکخراون. پلۆتیش گێڕانەوەی رووداوانە، بەڵام بە ئاشکرا کردنی هۆی رووداوەکان. بۆ نموونە: "شا مردو پاشان شابانۆ مرد" حیکایەتە. "شا مردو پاشان شابانۆ لە خەفەتا مرد" پلۆتە. لەم پلۆتەدا زنجیرەبەندی زەمانی پارێزراوە، بەڵام چەمکی هۆکارییەکە خستویەتیە ژێرەوە. واتە چەمکی هۆکاریەکە زاڵە... دیقەتی مردنەکەی شابانۆ بدە، لە حیکایەتدا کە دەبیستین شابانۆ مرد، دەڵێینو دەپرسین "پاشان چی روویدا؟" لە پلۆتدا کاتێ هەمان خەبەر دەبیستین، دەپرسین: "بۆچی؟" ئەمە جیاوازی بنەڕەتی ئەم دوو لایەنەی رۆمانە. بەم پێودانگە لە پلۆتدا پەیوەندی هۆکاری (هۆو ئەنجام) رووداوەکان بە ئاشکرا دێتە دەربڕین، وەکو نموونەکەی فورستەر کە بە ئاشکرا هۆی مردنەکەی شابانۆمان پێدەڵێت کە بە خەفەتی مەرگی شاوە مردووە. بەڵام لە خودی رۆماندا، پەیوەندی هۆکاری (العلاقە العلیە) بە راشکاویو زەقی نایەتە دەربڕین، بەڵکو بەدەم کارو کاردانەوەی کاراکتەرەکانەوەو بەدەم گۆڕانی چارەنووسو هزرو هزرینی کاراکتەرەکانەوە، دێتە نیشان دان. هەڵبەتە پێویستە کۆتایی پلۆت یان گرێ کرانەوە، زادەو بەرەنجامی ئاسایی کارلێك و رەوتی رووداوەکانو شێوەی کردارو پەرچەکرداری کاراکتەرەکان بێ. کە ئەم حاڵەتە هاتەدی ئیدی رۆماننووس ئازادە لەوەی لە هەر کوێیەکدا خۆی بە پێویستی دەزانێ کۆتایی بە رۆمانەکەی بێنێو هیچ نیگەرانی ئەوە نەبێ کە ئاخۆ چەمکی ئەرستۆیی کۆتایی رەچاو کردووە یان نا. هەڵبەتە مەفهوومو چەمکی ئەرستۆیی بۆ کۆتایی وا دەخوازێ کە "هیچ شتێکی تری لە دواوە نەیەت". دیارە رەچاوکردنی ئەم چەمکە ئەرستۆییە بۆ کۆتایی، لە نێو رۆماننووساندا بووەتە باعیسی ئەوەی کە زۆریان تا شوێنێك درێژە بە رۆمانەکانیان بدەنو کۆتایی پێ بێنن کە رێگەی ئەم پرسیارە لە خوێنەر بگرن "پاشان چی رووی دا؟" بەڵام لە رۆمانی تازەدا گوێ بەم کۆتاییە ئەرستۆییە نادرێتو کۆتایی رۆمانەکە بە هەمان کراوەیی ژیان،

دەهێڵێرێتەوە. بە هەر حاڵ پلۆتو گرێچنی وەستایانەو سەرکەوتوو ئەوەیە کە ئۆرگانیکی بیتو پلۆتی ئۆرگانیکی ئەوەیە کە هەر بەشێکی مەعلوولی ئاسایی بەشەکانی پێشوو بێتو لە هەمان کاتدا فاکتەری فۆرمگیری بەشەکانی دوای خۆی بێت.

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی نەخشەو پلۆتی سەرکەوتووی ئۆرگانیکی ئەوەیە کە رووداوەکانی ئاساییو قەناعەتبەخش بێت، ئەقڵ وەری بگرێت. رووداوو بوونەوەرانی نا ئاساییو میتافیزیکی، پڕ بە پێستی ئەفسانان، داستانانو رۆمانێن کۆن بوونو دەگەڵ ئەو ژانرە ئەدەبیانەدا دەگونجان، بوونەوەرانی ئاسمانی هی چیرۆکێن زانستین کە جۆرە رۆمانسێکی تازەن. بەڵام لە رۆمانی تازەدا، کاراکتەرو قارەمانان دەبێ ئەندامی کۆمەڵگەی تازە بنو بویەرو رووداوەکان دەبێ بە جۆرێ بن بچنە ئەقڵەوەو ئەقڵی خەڵکی ئەم سەردەمە قەبووڵیان بکات... لە نەخشەو پلۆتی رۆمانێن گەورەو مەزندا هەمیشە رەگەزێن ئاساییو رەگەزێن نا ئاسایی تێکەڵ دەکرێن، ئەمەش زیاتر بۆ رەواندنەوەی حاڵەتی رۆتینیەتی رۆمانەکەیە، توماس هاردی (١٨٤٠- ١٩٢٨) شاعیرو نووسەری ئینگلیزی لەمبارەیەوە دەڵێت:

"ئامانجی ڕاستەقینە، بەڵام نەگوتراوی چیرۆك، لەزەتبەخشینە لە رێگەی رازی کردنی عەشقی بەشەر، بە رەگەزی نائاسایی لە ئەزموونی بەشەریدا، ئیدی ئەو ئەزموونە چ بەدەنی بێو چ روحیو دەروونی.

ئەم ئامانجە وەختێ بە باشترین شێوە دێتەدی کە چیرۆکەکە بە زەبری هاماجو ئوتموسفیری خۆی توانبێتی قەناعەت لای خوێنەر دروست بکات کە کاراکتەرانی چیرۆکەکە رێك وەکو ئەو واقیعیو ڕاستەقینەن. جا تەنیا بەو مەبەستەیە کە دەبێ هەر بەرهەمێکی چیرۆکڤانی وێنەیەکی وردی ژیانی ئاسایی بێ. بەڵام مەحاڵە کە رەگەزی نائاسایی لە هاماجی چیرۆکدا نەمێنێو، مەیلی خوێنەر لە سەر تێکڕای چیرۆکەکە لە بەین نەچێت. لەبەر ئەمەیە کە دەڵێین: بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، نووسەر هەرگیز نابێ سروشتی ئادەمی نا ئاسایی نیشان بدات، چونکە بەم کارە، کارێکی وەها دەکات کە چیرۆکەکەی باوەڕ نەکەردەنی بێ. رەگەزی نا ئاسایی دەبێ لە

بویەرو روداوانا بێ نەك لە قارەمانەکاندا... (بڕوانە: رمان بەروایت رمان نویسان. میریام الوت. ترجمه علی محمد حق شناس/ چاپ دوم ١٣٨٠، نشر مرکز/ تهران. ل ٦٨- ٦٩).

نەخشە و پلۆت بۆ رۆمان، وەکو ئیسکبەندیە بۆ بەدەنی ئینسان. ئەگەر ئیسکبەندی نەبوایە هەرگیز بەدەنی ئینسان خۆی بە پێوە نەدەگرتو ئەو هەموو جوانیەی پەیدا نەدەکرد. جا نەخشەو پلۆتیش هەمان دەوری هەیە لە ڕۆماندا. چارلز دیکنز لەو بارەیەوە دەڵێت: "من پێموایە باشتر وایە رۆمان نەخشەو بلۆتێکی هەبێ، دەنا رۆمانەکە هیچ فۆرمو شێوەیەکی نابێت." ئەرستۆش پلۆت و نەخشە بە ژیانو گیانی تراژیدیا دەزانێ.

پلۆت و نەخشە، یەکێکە لەو رەگەزە چیرۆکڤانیە گرینگانەی کە یەکێتیی بە سەراپای رۆمان دەبەخشێتو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆو ڕوونو ڕەوان جیهانبینیو خوێندنەوەی نووسەر بۆ دیاردەو رووداوان دەنوێنێ. یانی نووسەر هەر پلۆتو نەخشەیەك هەڵبژێرێ، لە ڕاستیا جیهانبینیو خوێندنەوەی خۆی راگەیاندووە، ئەویش بە رەوانترینو کاریگەرترین زمان- یانی بە زمانی هونەر کە رووی قسەی لە دڵی خوێنەرە، کە سەرچاوەی ئیحساساتو هەستو سۆزیەتی. رۆماننووس کە ئەوزارێکی ئاوها بە هێزو کاریگەری لەبەر دەستدایە ئیدی هەق نیە بە دەمی خۆیو بە ڕاشکاوی جیهانبینی خۆی رابگەیەنێو بێتە خوارێ بۆ ئاستی وتارنووسی کە نە کارێکی داهێنەرانەی هونەرییەو نە هاوتەبیعەتی هونەری رۆمانە.

هەڵبەتە نەخشەو پلۆت، یەکێکە لە رەگەزەکانی دنیای چیرۆکڤانیو گرینگی پلۆت لەوەدایە کە هەستی کونجکاوی و حەزی خوێنەر بجوڵێنێو تا کۆتایی رۆمانەکە بەردەوام بێ لەسەر خوێندنەوە..

((٧))

یەکێکی دیکە لە رەگەزە هەرە گرینگەکانی ڕۆمان، کە دەکرێت بە ڕوحی ڕۆمان دابنرێت، کاراکتەرە. ڕۆمان بە کاراکتەران ئاوەدان دەبێ، وەکو چۆن دنیا بەبێ بەشەر، بێ لوتفو جوانیو بێ مانایە، رۆمانیش بەبێ کاراکتەر هیچ ئەفسوونو جوانیەکی دەرناکەوێتو رەمزو رازو ماناکانی کەشف نابن.

هەر رۆماننووسێك بگرێت، لە ژیانی هونەری خۆیدا دەیان کاراکتەری چیرۆکڤانی دەخولقێنێ کە هەندێکیان ژیانی ئەفسانەیی پەیدا دەکەنو دەگەنە ئاستێکی جاویدانی ئەوتۆ کە بە درێژایی رۆژگار نە پیر دەبنو نە وزەی ژینو ژیانیان دەداتە کزیو بە هەمان تینو تاوەوە لە هەموو سەردەمێکا دەژین. ئەم کاراکتەرانە لەچی و چۆن دروست دەکرێن، کە ئەو ژیانە ئەفسانەییە پەیدا دەکەن؟ هەڵبەتە سەرچاوەی سەرەکی خوڵقاندنی ئەم جۆرە کاراکتەرە نەمرانە بریتییە لە خەیاڵی داهێنەرانەی نووسەر، ئەزموونی شەخسی نووسەر، گەنجینەی ئەدەبیاتو هونەری جیهانی...

دیارە کاراکتەریش جۆری زۆرە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆرە کاراکتەر هەن، جۆری یەکەم: کاراکتەری ئەفسانەییە کە ئەمانە زیاتر خواوەندان و نیمچە خواوەند و پاڵەوانانی کۆنن، یانی لە سەرووی مێژووەوەن، یانی میتا مێژوویین. هیچ شتێکیان وەکو هی بەشەری ئاسایی نییە، نە شادی و خەم، نە ئومێدو ترس، نە ڕقو خۆشەویستی، نە شەڕو ئاشتیان، ئاساییو بەشەریانەو لە جۆری زەمینی نییە. ئۆدیسێوسی قارەمانی ئۆدیسەکەی هومەر نموونەیەکە لە کاراکتەرێن ئەفسانەیی. ئۆدیسیۆس، بە پێچەوانەی خەڵکی ئاساییەوە کە وەکو هەر زندەوەرێکی دیکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، جێگیرو نەگۆڕە. ئۆدیسیۆس لە تێکڕای ژیانیا، لە تێکڕای هەڵوێستە جۆراو جۆرەکانیا، قارەمانو کاراکتەرێکی بەرزو باڵاو نموونەییو ئایدیالیە.

جۆری دووەم: کاراکتەرانی رۆمانسین، کە لەم دنیایەداو لە ناو مێژوودا، لە نێو کۆمەڵگەێن بەشەریدا دەژین، بەڵام ئەمجۆرە کاراکتەرانەش، سەدی سەد وەکو خەڵکی ئاسایی نین. ئەمانە بە پێچەوانەی خەڵکی ئاساییەوە کە هەر کەسەو نوێنەرو وێنەی شەخسی خۆیەتی، نوێنەرو رەمزی توێژێکی کۆمەڵایەتی یان رەمزی یەکێك لە بەهاکان یان دژە بەهاکانی کۆمەڵگەو زەمانەیەکی تایبەتین کە تیایا دەژین، یان ئەوزارێکی رووتن بۆ نیشاندانی پێگەو هەڵوێستە جیاوازەکان- ئیدی لە پێگەو هەڵوێستی گەوجانەو چاوچنۆکانەوە بیگرە تا پێگەو هەڵوێستی ئاشقانەو شادمانە. بۆیە دەکرێت ئەم جۆرە کاراکتەرانە بە کاراکتەرێن ئایدیالی و نموونەیی ناو ببرێن،

ئایدیالی هەم بە مانا باشەکەی کە ڕەمزی بەها باڵاکانو نوێنەری توێژە باڵاکانی کۆمەڵگەنو هەم بە مانا خراپکەی کە ڕەمزی دژە بەهاکانو نوێنەری توێژە نزمو گەنەکانی کۆمەڵگەن.

جۆری سێیەم: ئەو کاراکتەرە ڕۆمانەوانیانەن کە دەقاو دەق وەکو خەڵکی ئاسایی ئەم سەر زەمینەی لەمەڕ خۆمانن، لە قۆناغێکی مێژوویی تایبەتیو لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا لە دایك دەبن، لە قۆناغێکی مێژووییو لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا دەژینو دەمرن.. هەڵبەتە، بە گوێرەی بۆچوونە ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیە تازەکان، نە ئینسانی سەرانسەر خراپو نە سەرانسەر باش هەیە، بەڵکو ئینسان تێکەڵەیەکە لە چاکەو لە خەراپە، لایەنی ئەرێنیو نەرێنی خۆی هەیە، ئەم جۆرە ئینسانانەش زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی پێکدەهێنن، دەکەنە چەقی ژیان. واتا زۆر باش یان زۆر خراپ، ئەگەر هەشبن کەمینەن، زۆرینە نین، جا کاراکتەرێن چیرۆکڤانیش، لە هەمان تەقسیمبەندی بەشەری بەدەر نین، بریتین لە کاراکتەرێن ڕۆمانسی و کاراکتەرێن ئەفسانەییو کاراکتەرێن ئاسایی مامناوەندی، کە لە هونەری ڕۆماندا وەکو شێوەیەکی چیرۆکڤانی تایبەت بە سەردەمی تازەیە، بە ڕادەیەك بایەخ بەکاراکتەرێن ئاساییو مامناوەندی دەدرێت کە دوو جۆرەکەی دی، واتە کاراکتەرێن ڕۆمانسیو ئەفسانەیی تەواو کەوتوونەتە پەراوێزەوەو بەڕادەیەك لە مەیدانی هونەری ڕۆمان دوور خراونەتەوە، یان نەماون کە خۆزگەیان بە نەمان... ئاشکرایە کە لە سەردەمی تازەدا، تاك ڕۆڵو بایەخێکی یەجگار زۆری پەیدا کردووە، ئەگەر لە کۆمەڵگە تەقلیدیەکاندا سفری پاش فاریزە بووبێو لە پەراوێزی ژیاندا بووبێو حیسابی دەگەڵ مێگەلدا بووبێ، ئەوا لە سەردەمی تازەدا هاتووەتە چەقی ژیانەوەو مومارەسەی تاکایەتی خۆی دەکات. هەموو بایەخو حیسابێکی بەخودی خۆیەوەیە.. کەواتە ئاساییە لە هونەری ڕۆماندا، وەکو شێوەیەکی چیرۆکڤانی تایبەت بە سەردەمی تازە، تاك بێتە ناوەندی مەیدانو لە ڕێگەی هەوڵو کۆششی فەردی ئەوەوە بۆ کەشفی ڕاستیەکان، ئێمەش دەگەینە کەشفی ڕاستیە گشتیەکان...

یەکێك لە نیشانەکانی سەرکەوتنی هونەری رۆمان ئەوەیە کە خوێنەر بە دەم خوێندنەوەیەوە ،خۆی لێ ببێ بە قارەمان یان یەکێك لە کاراکتەرانی ئەو چیرۆکەی دەیخوێنێتەوە. ئەم حاڵەتە سەرچاوەی ئەو لەزەتەیە کە خوێنەر لە خوێندنەوە یان بیستنی چیرۆکی دەبینێ. تێکڕای ژانرە ئەدەبیە چیرۆکڤانیەکان کەمو زۆر ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنن کە خوێنەر کەمو زۆر خۆی لێ ببێ بە قارەمان یان یەکێك لە کاراکتەرەکانی ئەو بەرهەمە چیرۆکڤانیەی کە دەیخوێنێتەوە. بەڵام ئەم دیاردەیە لە هیچ ژانرێکی چیرۆکڤانی پێش رۆماندا، بەو رادەیە رەنگی نەداوەتەوە کە لە هونەری رۆماندا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە رۆماننووس هەوڵدەدات بە جۆرێ کاراکتەرەکانی بخوڵقێنێ کە خوێنەر وا هەستو قەناعەت بکات کە وەکو خودی ئەو کەسانی راستەقینەنو لە کۆمەڵگەو رۆژگاری ئەودا دەژینو هەمان دۆزو کێشەو خەمو خولیاو کەڵکەڵەو ئەڵهای ئەویان هەیە. هەڵبەتە ئاساییە لەم حاڵەتەدا خوێنەر خۆی لێ ببێ بە یەکێك لەو کاراکتەرانە یان یەکێك لەو کاراکتەرانەی لێ ببێ بە خۆی. ئەوەی زیاتر وا دەکات کاراکتەرێن رۆمان لە خەڵکی ئاسایی بچێت ئەمەیە کە کاراکتەرەکان نە رەمزی خێرو هەقی رەهان نە رەمزی شەڕو نەهەقی رەهان. بەڵکو تێکەڵەیەکن لە چاکیو لە خراپی. جا رۆماننووسان بە حوکمی تەبعو دنیابینیو مرۆڤناسی سەردەمی تازەی خۆیان کاراکتەرەکانیان بەو جۆرە دەخوڵقێنن. جۆرج ساند لە نامەیەکیا لە ٩-١٨٧٥/١٢/١١ بۆ گوستاف فلوبیر لەمبارەیەوە دەڵێت: "من دەمەوێ ئینسان بەو شێوەیە بدینم کە بە واقیعی هەیە. ئینسانێك کە نە باشە نە خراپ. بەڵکو جگە لەم دووە شتێکی دیکەشە... چونکە هەم باشەو هەم خراپ، ئیدی بەناچاری هێزێك لە نیهادیا، لە ناخیا هەیە کە واداری دەکات یان زۆر خراپ بیو کەمێك باش، یان زۆر باش بێو کەمێك خراپ." (بڕوانە: رمان بە روایت رمان نویسان/ میریام الوت/ ترجمە علی محمد حق شناس/ نشر مرکز/ تهران/ چاپ دوم. ١٣٨٠).

وەکو پێشتر ئامارژەمان بۆ کردووە، یەکێك لە سەرچاوەکانی رۆمان ئەزموونی شەخسی نووسەرە.. جا با هەڵوەستەیەك بکەینو بزانین کارلێکی ئەزموونی شەخسی نووسەرو کاراکتەر، دەنگدانەوەو رەنگدانەوەیان لە یەکتردا چۆنە .

هەر رۆماننووسێکی رەسەن بگریت، بیەوێو نەیەوێ، پێ بحەسێت یان نا، بە زەقی یان بە پەنهانی، کەم تا زۆر، خودی خۆی، روحو نیهادو ناخی خۆی لە کاراکتەرەکانیا دەنوێنێتەوە، لە پلۆتو وەسفەکانیا تۆوی دەدات. بە خۆڕایی نەگوتراوە رۆماننووس سەبارەت بە هەر کەسو هەر شتێك بنووسێت، دەربارەی شەخسی خۆی نووسیوە، بەڵام نووسینێکی زەقو راستەوخۆ نییە، بەڵکو هەندێ لە نهێنییەکانی خۆیەتی بە زمانی خەڵکی ترەوە دەگوترێن... رۆماننووسی رەسەن لە هەر رۆمانێکی تازەیدا ئەوە کەشف دەکات کە قارەمانەکەیو هەندێجار چەند کەسێك لە قارەمانەکانی تا چ ئەندازەیەك لە خۆی یان لە یەکێك لە رەهەندەکانی خۆی دەچێت. بۆیە کاتێ لە گۆستاف فلوبیر دەپرسن مەدام بوڤاری کێیە؟ (مەبەست لەوەیە کە چ کەسێکی راستەقینە بووە بە سەر مەشقی فلوبیر لە ئەفراندنی کاراکتەری چیرۆکڤانی ئیمابوڤاری دا) فلوبیر وەڵام دەداتەوە "مەدام بوڤاری خۆمم!" فلوبیر راستی گوتووە، چونکە لە رێگەی ئیمابوڤاریەوە نهێنی دەروونی خۆی ئاشکرا کردووە. دانیل دیفو، رۆبینسون کرۆزۆی بە کۆپی خۆی ناوبردووە. دیفو لە قاڵبی رۆبینسون کرۆزۆدا، تەنیاییو گۆشەگیری خۆی لە دنیاو لە خەڵکی وێنەکێشاوە. یان چوار برایانی کارامازوف،هەر هەموویان لایەنێن جۆراو جۆری خودی دۆستویفسکی-ن.

جا بە حوکمی ئەوەی کاراکتەرانی ئافەریدەی دەستی هەر نووسەرێك لایەنێك لەلایەنە جۆراوجۆرە زەینیو دەروونییەکانی خۆی تیایە، وەختێ دەتوانێ کاراکتەرانی زندوو بئافەرێنێ کە جورئەتی ئەوەی تیابێ بە ناخی روحی خۆیدا رۆبچێو نهێنی ترین ئەندێشەو خەونو خەیاڵو، خەمو خولیاو، کەڵکەڵەو ئەلهاکانی خۆی، هونەرمەندانە لە قاڵبی کاراکتەرەکانیا نیشان بدات. ئەم راستگۆییو جورئەتە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکە لە نیشانەکانی رەسەنایەتی بەرهەمی چیرۆکڤانی، لە سەرووی هەموویانەوە رۆمان.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە کاراکتەرانی چیرۆك کۆپییەکی موو بە مووی کەسانی واقیعین. کەسی واقیعی شتێکەو کاراکتەری چیرۆکڤانی شتێکی دیکەیە. وێنەگرتنی سیمای کەسی واقیعی کاری نیگارکێشو رەسم چیە نەك رۆماننووس، نووسینەوەو گێڕانەوەی سەر گوزەشتەی کەسی واقیعی کاری ژینامەنووسە نەك رۆماننووس. بۆ چوونی ئیدوارد مورگان فورستەر

لەمبارەیەوە ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین لە ژیانی واقیعیدا یەکدی بە تەواوەتی بناسین، چونکە ناتوانین ناخو نیهاد، دڵو دەروونی یەکدی بدینینو لە حاڵتی دەروونی یەکتری ئاگادار بین. کەسیش ئەگەر خۆیشی بیەوێ ناتوانێ دەروونی خۆی بە تەواوی بۆ خەڵکی بکاتەوە. دۆستایەتی و تێکەڵاوی و سەفەر و مامەڵەش تا رادەیەك کار ئاسانی بۆ ئەم حاڵە دەکات. بۆیە ناسینی تەواوەتی یەکدی، تەنیا خەیاڵە و هیچی تر.

بەڵام لە ڕۆماندا، دەتوانین دەروونو ناخی کاراکتەر بدینینو بە تەواوەتی لە حاڵو ئەوحواڵی ئاگاداربین. ئەمە ئەو شتەیە کە کەسایەتی چیرۆکڤانی لە کەسایەتی واقیعی جیا دەکاتەوە: لە کەسایەتی چیرۆکڤانیدا، هەم ژیانی بێرونیو هەم ژیانی دەروونی کاراکتەرمان لێ دیارو ئاشکرایە. بەڵام ژیانی دەروونی کەسایەتی واقیعیمان لێ دیار نییە، تەنیا دەتوانین هەندێ لایەنو جیلوەی دەروونیان ببینین کە لە قسەکردن یان لە نیگا یان لەسەرو سیماو دەموچاویاندا، ناو بەناو، کەمو زۆر دەردەکەون. بۆ نموونە ئەگەر کاراکتەرێك لە رۆمانێکدا کوتو مت، دەقاودەق وەکو کەسێکی واقیعی بێ، ئەوا ئەو ڕۆمانە، یان ئەو بەشەی کە بۆ ئەو کەسە واقیعیە تەرخانکراوە، دەچێتە خانەی ژینامەوە. ژینامەش جۆرە مێژوویەکە پشت بە بەڵگەو شەواهید دەبەستێ، بەڵام لە ڕۆماندا راستە بەڵگەو شەواهید گرینگە، بەڵام ئەمە لە بۆتەی تەبعو تەبیعەتی رۆماننووس دەدرێت، رۆماننووس هەمیشە دەسکاری چۆنیەتی بەڵگەو شەواهیدەکان دەکات یان بە تەواوەتی دەیانگۆڕێت. بە کورتیەکەی کاری مێژوونووس تۆمار کردنە، بەڵام کاری رۆماننووس خوڵقاندنە. مێژوونووس سەروکاری دەگەڵ کاردایەو ئەوەندە بایەخ بە ناخو دەروونی بەشەران دەدات کە بتوانێ لە میانەی کارەکانیانەوە هەڵی هێنجێ، راستە مێژوونووسیش بە ئەندازەی رۆماننووس ئارەزوومەندی ئەوەیە لە ناخو دەروونی بەشەران ئاگادار بێت، بەڵام تەنیا ئەو لایەنانە دەبینێ کە دەردەکەون. لەسەروسیماو گوتارو رەفتاری بەشەرەکاندا دەردەکەون، واتە کاری مێژوونووس ئەوە نییە بە ناخو دەروونی بەشەراندا رۆبچێو خوێندنەوەی بۆ بکات. بەڵام رۆماننووس بە پێچەوانەوەو کاری سەرەکی ئەوەیە کە بە ناخو دەروونی کاراکتەرەکانیا رۆبچێو قووڵ ببێتەوەو ژیانی دەروونییان لەسەرچاوەوە ئاشکرا بکات.

هەقی ئەوەی هەیە بە ناخو دەروونی کاراکتەرەکانیا رۆبچێت لە رێگەی خەون‌و خەیاڵەکانیانەوە، خەم‌و خولیاکانیانەوە، کەڵکەڵەو ئەڵهاکانیانەوە، ترس‌و ئارامیەکانیانەوە هەندێ حەقیقەتان کەشف بکات کە بۆ مێژوونووس‌و لە مێژوونووس پەنهان‌و شاراوەن، چونکە لە هیچ بەڵگەنامەو سەرچاوەیەك تۆمار نەکراون. بۆیە دەشێت بگوترێ رۆمان لە مێژوو حەقیقی ترە، چونکە لە بەڵگەنامان هێوەتر دەڕوات. چونکە لە هەمووان عەیانە کە گرینگترین حەقیقەتی مرۆڤ‌و زۆر حەقیقەتی گرینگی کۆمەڵگەش، لەو دیو بەڵگەنامەو شەواهیدەوە پەنهانن‌و چاوەڕوانی ئەو حەقیقەتدۆزانەن کە دەتوانن لە سەرچاوەو بەڵگەنامان هێوەتر بڕۆن.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە رۆماننووس نە وێنەی خەڵکێن واقیعی دەگرێت‌و نە ژیاننامەیان دەنووسێتەوە. راستە خەڵکی واقیعی دەکات بە نموونەو سەرمەشقی خۆی، بەڵام کاراکتەرە چیرۆکڤانیەکەی، دەقاو دەق، بێ هیچ دەسکارییەك، بێ هیچ گۆڕانکارییەکی هونەری لەبەر کەسە واقیعیەکە ناگرێتەوە، بەڵکو کەسە واقیعیەکە تەنیا وەکو نموونەیەك لە قاڵبی زەینی ئەفڕاندنەوانی خۆی دەدات، لە بۆتەی خەیاڵی داهێنەرانەدا قاڵی دەکاتەوە، هەر هەموو ئەو شتانەی لێ لا دەبات کە دەگەڵ سیمای مرۆڤانی کاراکتەرەکەیدا تێك ناکەنەوەو ناگونجێن، کۆمەڵێك شتی دیکەی بەگوێرەی خواست‌و پێویستی سیمای مرۆڤانی کاراکتەرەکەی، بۆ زیاد دەکات (جا دەشێت ئەم شتە زیادانە رۆماننووس خۆی دای بێنێ یان لە خەڵکێن واقیعی دیکەوە وەریان بگرێت. چونکە رۆماننووس لەمجۆرە مەسەلانەدا هونەرمەندێکی مۆنتاج کارە...).

بە کورتیەکەی کاراکتەر تێکەڵەیەکە لە واقیع‌و لە خەیاڵ، زادەی داهێنانی نووسەرە، رەنگە هەندێ لایەنی ئەم کاراکتەرە، لە هەر نەوەیەکی بەشەریدا، لە هەزاران هەزار کەس بچێت، بەڵام سەدی سەد لە هیچ بەشەرێکی تایبەتی واقیعی ناچێت، تەنانەت لەسەر مەشق‌و نموونە ئەسڵەکەشی ناچێت. بۆیە رۆماننووسان زۆریان پێ ناخۆشە کە خوێنەرێك یان رەخنەگرێك فلان کاراکتەری چیرۆکڤانی بە فیسار کەسی واقیعی

دەچووێنن... ئەوەتا جۆرج ساند لە نامەیەکیا بۆ گۆستاف فلوبیر، لەمبارەیەوە دەڵێت:

"... من وێنەی [خەڵکی واقیعی] ناکێشم: ئەمە شێوازی من نییە. من ئیبداع دەکەم. عەوامی خەڵك کە نازانن داهێنانو ئیبداع چۆن چێدەبێت، هەوڵدەدەن بۆ هەر شتێك نووسخەی ئەسڵی بدۆزنەوە. ئەوانە خۆیان فریو دەدەنو بێ حورمەتی بە هونەر دەکەن..."

بە هەرحاڵ کەسی واقیعی، چ خودی رۆماننووس بێ، چ خەڵکانی دیکەبن، تەنیا نموونەو سەر مەشقن، بۆ ئەفراندنی کاراکتەری چیرۆکڤانی، یان یەکێکن لەو نموونەو سەر مەشقانە.. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کاتێ شەخسی واقیعی پێ دەنێتە دنیای ئەدەبیاتەوە، تیایا قاڵ دەبێتەوەو ماهیەتو ناسنامەیەکی دیکە وەردەگرێتو ئیدی بە هیچ جۆرێ گرینگ نیە کە لە ژیانی واقیعیدا کێ بووە. یانی بەم پێودانگە خەیاڵی داهێنەرانەی رۆماننووس، گرینگترین سەرچاوەی ئەفراندنی کاراکتەرە، بەبێ ئەم خەیاڵە رۆماننووس دێتە خوارەوە بۆ ئاستی ژینامەنووس.

***

یەکێك لە نیشانەکانی کاراکتەری چیرۆکڤانی زندوو، کە خودی رۆماننووس هەست بە زندوویەتی کاراکتەرەکەی بکات،ئەوەیە کە هێندە زندوو بێ ژیانی لێ هەڵبقوڵێ، عەینی خەڵکی واقیعیو بگرە ئاشناترو واقیعی تر لە خەڵکی واقیعی. چونکە ئەگەر نووسەر خۆی هەست بە واقیعیەتی کاراکتەرەکەی نەکات هیچ خوێنەرێکیش هەستی بە واقیعیەتی ناکات. جا بۆ خوڵقاندنی کاراکتەری زندوو، پێویستە نووسەر بەلای کەمەوە ئەم دوو مەرجەی تیا بێت: دەبێ بتوانێ بچێتە پێستو کلێشەی یەك بە یەکی کاراکتەرەکانیەوە. دەبێ لە کاری خوڵقاندنی کاراکتەرەکانیا، بێ لایەنانە کاربکات. واتە رۆماننووس دەبێ ئەکتەرێکی ئەوەندە بەهرەمەندو بە توانا بێ نەك هەر بچێتە پێستو قاڵبی کاراکتەرەکانەوە، بەڵکو ببێ بە خودی کاراکتەرەکانو هەموو خەونو خەیاڵو، خەمو خولیاو، کەڵکەڵەو ئەڵهاو، بیرو بۆچوونو، ئارەزووە ئینسانیەکانی، هونەرمەندانە کەشف بکاتو بە وشەو لە وشەدا بیهونەرێنێو نەمری هونەریی پێببەخشێت. هەڵبەتە لە پاڵ

ئەمەشدا، پێویستە لە کاری ئەفراندنی کاراکتەرەکانیا بێ لایەنانە کار بکات. واتە رۆماننووس لە پایەی رۆماننووسیداو لە کاتی خوڵقاندنی رۆماندا لە سەرێتی هەموو هەستو حەزە ئینسانیە نەرێنیو ئەرێنییە شەخسیەکانی خۆی سەبارەت بە یەك بە یەکی کاراکتەرەکان وەلاوە بنێو بەوپەڕی بێ لایەنی توانای هونەری خۆی لە بەرجەستەکردنی هونەریانەی سیمای بێروونیو دەروونی، کاراکتەرەکانیا چ باش بنو چ خراپ، بەکار بەرێت. ئەگەر وا نەکات، واتە ئەگەر دژایەتی کاراکتەری خراپ بکاتو داشداری کاراکتەری باش بکات، مانای وایە گوناحێکی گەورەی هونەری دەکات، گوناحێك پێش هەموو کەسێكو زیاتر لە هەر شتێك دەرهەق بە خەڵقەندەکانی خۆی، سەبارەت بە کارە هونەرییەکەی خۆیو دەربارەی هونەرەکەی خۆی دەیکات. ئەرکی رۆماننووس قەزاوەت نییە، بەڵکو نواندنو نیشاندانی بێ لایەنانەی خەیاڵو گوتارو کرداری کاراکتەرەکانیەتی، تا خوێنەر خۆی قەزاوەت بکاتو حوکم بدات، ئەویش بە مەرجێ ئەهلی قەزاوەت بێ. هەڵبەتە بێلایەنی نووسەر لە وێنەگرتنی سیمای بێروونیو دەروونی کاراکتەرەکانیا، کارو مەسەلەیەکی ئەخلاقی نییە کە بە دڵی جەماعەتێك بێو بە دڵی جەماعەتێکی دی نەبێت... بێلایەنی نووسەر لەم کارەدا زەرورەتێکی ئیستاتیکییە. کاراکتەری چیرۆکڤانی خاوەنی ئیرادەی خۆیەتی، خۆی بەرپرسی هەر کارو هەڵوێستێکی خۆیەتی، نووسەر ناتوانێ بە تۆپزی هیچ شتێکی بەسەردا بسەپێنێ، مەگەر زوڵمو نەهەقی لێبکاتو هەمان رەفتاری باوکانی کۆمەڵگەێن بابسالاری دەگەڵ ماڵو منداڵیاندا، دەگەڵ کاراکتەرەکانیا بکات، کە ئەمەش پێچەوانەی رەوتی مێژووە، چونکە رۆمان وەکو باڵاترین هونەری چیرۆکڤانی زادەی کۆمەڵگەی سەردەمانی تازەیە. کۆمەڵگە رۆمانەوانی، رێك وەکو کۆمەڵگەی مۆدێرن، مەیدانێکی کراوەو ئازادە، لەو مەیدانەدا هەر کەسەو بەرپرسی کارو هەڵوێستی خۆیەتی، جا لەم کۆمەڵگەیەدا تاقە ئەرکی رۆماننووس ئەمەیە کە رێگەی کاراکتەرەکانی بدات بە شێوەیەکی ئاسایی، بە گوێرەی هەلومەرجێن فەردی و خانەوادەییو کۆمەڵایەتی خۆیان گەشەو رەفتار بکەن. نەخۆی بە بەرپرسی کارو کردەوەی ئەوان بزانێ نە مەدحو زەمیان بکات، چونکە بە ڕاستی ئەمە کارێکی زیادەیەو ئەگەر خوێنەر، خوێنەرێکی کارامەو جدی

بێت بە خۆی دەتوانێ بە ئاسانی چاكو خراپ، دروستو نا دروست لێكدی هەڵاوێرێ.

دیارە كاراكتەرو ژیانی كاراكتەر دەشێت بە سێ شێوەی سەرەكی نیشان بدرێتو وێنە بگیرێت: نیشاندانی بێرونی، نیشاندانی دەرونی یان ئەندەرونی. نیشاندانی بێرونی- دەرونی. لە شێوەی یەكەمدا، واتە لە نیشاندانی بێرونی دا، دیوی دەرێی بونو ژیانو ژینگەی كاراكتەر نیشاندەدرێو وێنە دەگیرێت، یانی سەیری رواڵەتی دەكرێتو ئەو زانیاریانەی لەم رێگەیەوە بە دەست دێن بۆ خوێنەر دەگوازرێنەوە. لە نیشاندانی دەرونیدا، بونو ژیانو ژینگەی كاراكتەر لە ناوەوەو لە دیوی ناوەوە، وێنە دەگیرێتو نیشاندەدرێت، یانی سەیری جەوهەر دەكرێتو هەر زانیارییەك لەو رێگەیەوە بە دەست دێت، هونەرمەندانە بۆ خوێنەر دەگوازرێتەوە. لە نیشاندانی بێرونی- دەرونی، هەم لە دەرەوەو هەم لە ناوەوە بونو ژیانو ژینگەی كاراكتەر وێنە دەگیرێتو نیشاندەدرێت. لە شێوە چیرۆكڤانیەكانی پێش سەرهەڵدانی ڕۆمانی هونەری، چونكە لە سەردەمەكانی پێش سەردەمی نوێ، حەقیقەتە گشتیەكان لە حەقیقەتە تایبەتیەكان بە گرینگتر زانراوە، ئەزمونی گشتی لە ئەزمونێن فەردی بە ئیحتبوبارتر زانراوەو كاراكتەرانی چیرۆكڤانی زیاتر نوێنەری توێژو سنفێكی كۆمەڵایەتی بون تا نوێنەری خۆیان بن، نیشاندانی بێرونی زیاتر باو بوە. بەڵام لە سەردەمی نوێداو لە شێوەی چیرۆكڤانی سەردەمی نوێدا، واتا لە رۆماندا، بە هۆی ئەوەوە كە تاكو ئەزمونێن تاك بایەخو ئیحتوبارێكی بێ پێشینەی پەیدا كرد، ئیدی نیشاندانو نواندنی دەرونیو بێرونی- دەرونی زیاتر رەواجو برەوی پەیدا كرد.

لە شێوەی نیشاندانی بێرونیدا، رۆماننوس، تەنیا پشت بە دیتنی كردارو بیستنی گوتاری كاراكتەرەكانی دەبەستێو بە گوێرەی جیهانبینیو لێكدانەوەی خۆی خوێندنەوەی هونەری بۆ كردارو گوتارەكانیان دەكاتو نیشانی دەدات. یەكێك لە خەوشەكانی ئەم شێوە نیشاندانە ئەوەیە زیاتر سەروكاری دەگەڵ رواڵەتدایە، لە كاتێكا حەقیقەتە گەورەكانی تاكو ئەزمونانی تاك پتر لە دەرونو ناخیایەتیو رۆماننوس ئەگەر بە ناخو

دەروونی کاراکتەرەکانیا رۆ نەچێت، ناتوانێ وەکو پێویست سروشتی ئاڵۆزو گۆنگی بەشەرمان بۆ کەشف بکات.

لە شێوە نیشاندانی دەروونیدا، رۆماننووس بە قوڵایی ناخو روحو دڵو دەروونی کاراکتەرەکانیا شۆڕ دەبێتەوەو وەکو نقوموانێکی کارامەو لێهاتوو، حەقیقەتو نهێنی ئەوتۆ دەردێنێو دەدۆزێتەوە کە زۆر زەحمەتە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی چ زانستیو چ هونەریدا بدۆزرێتەوە.. هەڵبەتە ئەگەر رۆماننووسێك، رۆماننووس بێتو پڕ بە مانای وشە هونەرمەند بێ، دەتوانێ بە هەر شێوە نیشاندانێك شاکارێکی زندوو بئافەرێنێ، بەڵام ئەو حەقیقەتەش هەیە کە شێوە نیشاندانی دەروونی لە رووی کەشفکردنی حەقیقەتە پەنهانەکانی تەبیعەتی بەشەرەوە، لە شێوە نیشاندانی بێروونی بە تواناترە.. دیارە رۆماننووس بە پێی پێویستی رۆمانەکەی و ئەوەندەی کارە هونەرییەکەی هەڵبگرێت، دەتوانێ سوود لە هەر دوو شێوە نیشاندانی دەروونیو بێروونی وەربگرێتو گەلێك لە رۆماننووسە ناودارەکانی جیهان وایان کردووەو لە رێگەی پێکەوە گرێدانی ئەو دوو شێوە نیشاندانو نواندنەوە، گەییونەتە لوتکەی ڕۆماننووسی.

هەڵبەتە کاراکتەری رۆمانەوانی، کەسێکی تایبەتیە، بۆیە دەبێ وەکو هەر تاکێکی تایبەتی، ناوێکی تایبەتی هەبێ کە پێی بناسرێتەوەو لە خەڵکانی دیکەی جیا بکاتەوە. دیارە کاراکتەر، پێویستە بە پێی واقیعی رۆمانەکە، واقیعیو قەناعەتبەخش بێ... خەڵکی واقیعی لە ژیانی واقیعیدا لە کاتو شوێنی تایبەتیدا لە دایك دەبن، دەژین، دەمرن. ئەم پرۆسەی لە دایکبوونو ژیانو مردنە لە کاتو شوێنی تایبەتی، دەگەڵ ناوی تەواودا، ناسنامەی هەر تاکێکی واقیعی دیاری دەکات، پێی دەناسرێتەوەو لە خەڵکی دیکەی جیا دەکاتەوە. بێگومان کاتو شوێنو کەسی واقیعی لە کارلێکی بەردەوامدانو لە باندۆرو کاریگەریی یەکدی بە دەر نینو نابن... کاراکتەری چیرۆکڤانی و رۆمانەوانیش لەم رووەوە وەکو کەسی واقیعی وان، کاتو شوێن، رۆڵێکی هێندە کاراو چارەنووس سازو پڕ گۆڕان لە ژیانیانیا دەبینێ کە دەشێت بە رۆڵەی کاتو شوێن ناو ببرێت. بۆیە رۆمان بایەخێکی هونەری تایبەتی بەکاتو شوێنی ژیانی کاراکتەرو قارەمانەکانی دەدات، تا بتوانێ

ڕەنگدانەوەی کاریگەریی هەردوولایان لەسەر یەکدی هونەرمەندانە کەشفو ئاشکرا بکات. دیارە مەرج نییە کاتو شوێن لە هەموو ڕۆمانێکدا، کاتو شوێنی واقیعی و ڕاستەقینە بێت، بەڵام پێویستە قەناعەتبەخش بێو خوێنەر (بەلای کەمەوە کە بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە، کاتێ بە باڵی خەیاڵ بە دنیای چیرۆکەکەدا دەفڕێت) باوەڕبکات کە کاراکتەرانی ڕۆمانەکە لە کاتو شوێنێکی واقیعیدا دەژین، تا بتوانێ خودی کاراکتەرەکانیش بە واقیعی بزانێ.

هەڵبەتە ئەوەش پێویستە کە باندۆرو کاریگەریی شوێنو کات لەسەر خەیاڵو ڕەفتارو گوفتارو کاردانەوەی کاراکتەرەکان نیشان بدرێ. ئەوە نیشان بدرێ کە زادەو بەرەنجامی ئاسایی شوێنو کاتی تایبەتی خۆیانن، هەروەها ئەوەش نیشان بدرێ کە ئەوانیش کاریگەریی تەواویان بەسەر ژینگەی خۆیانەوە هەیە... ڕۆماننوس تەنیا لەم ڕێگەیەوەو بەم شێوەیە دەتوانێ وێنەیەك لەمەڕ کاراکتەرەکانی پێشکەش بکات کە ئەقڵی خەڵکی سەردەمی نوێ بیگرێو پەسندی بکات. خەڵکی سەردەمی نوێ باوەڕیان وایە کە پەیوەندیەکی دوو لایەنە لە نێوان ژینگەو بەشەردا هەیە کە لە کاتو شوێنانی جیاوازو جۆراو جۆردا، شێوەی جیاوازو جۆراوجۆر پەیدا دەکات. لە ڕۆماندا هەم کاراکتەر تایبەتە، هەم ژینگە، هەم پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان ئەو دووەش تایبەتە، بۆیە پێویستە تایبەتمەندی هەردووکیان بێتە وەسف کردنو ئاشکرا کردن تا ڕۆڵو کاریگەری نەرێنیو ئەرێنی هەر یەکێکیان لە ناو ئەویتریانو لەسەر ئەویتریان پەسند بنوێنێو ماقوولو قەناعەتبەخش بێت.

***

بە هەرحاڵ لە هونەری ڕۆماندا، وەکو هەر هونەرێکی دیکە، هونەرمەند، واتە ڕۆماننووس قانون گوزارە، واتە یاساو ڕێسای هونەری لەلایەن ڕۆماننووسەوە دادەنرێو پەسند دەکرێت، تێوریسێنانو ڕەخنەگرانی ئەدەبی قانون ناسو شرۆڤەکاری قانونن. واتە ڕۆماننووس پێشڕەوەو تێوریسێنو ڕەخنەگری ئەدەبی پاشڕەون. یانی ڕۆماننووس یەکەمجار، بەرهەمە هونەرییەکە دەخوڵقێنێ، پاشان تیوریسێنو ڕەخنەگری ئەدەبی، دێن

پرەنسیپو یاسا وریّساو هونەریەکانی ئەو لە کارە فیلیڤانیەکانیەوە هەڵدەهێنجن‌و دەردێنن. واتە هیچ ڕۆماننووسێکی هونەرمەند نایەت دوای تیوریسێن‌و ڕەخنەگری ئەدەبی بکەویّو بە ڕاستەو پڕگاڵی ئەو ڕۆمان بنوسێت. هەڵبەتە پرەنسیپو یاساو ڕێسا هونەرییەکانی بواری خوڵقاندنی ڕۆمان، لە ئاسمانیّ ڕا نەهاتوونەتە خواریّو پیرۆزنین‌و لە پرۆسەی گۆڕان‌و گۆڕانکاری بەدەرنین، بەڵام زادەو بەرەنجامی بلیمەتی داهێنەرانەی ڕۆماننووسانی پێشوون‌و بناغەو بنەمای جوانیناسی‌و ئیستاتیکی شکۆی بەرهەمەکانی ئەوانن. بەڵام چونکە لە دنیای هونەردا دەرگای نوێخوازی و تازەگەری هەرگیز دانەخراوەو داناخرێت‌و لاسایی کردنەوەی ڕەوتی پێشینان هەرگیز پەسند نییە، بۆیە ڕۆماننووس بۆی هەیە هەر پرەنسیپو یاساو ڕێسایەکی هونەری کە دەگەڵ زەوقی هونەری خۆیدا نەگونجێت، بەئارەزووی خۆی دەسکاری بکات، بیگۆڕێت، یان بە یەکجاری فەرامۆشی بکات‌و پرەنسیپو یاساو ڕێسایەك لە بەرهەمەکانیا بەکار بێنیّ کە لە داهێنانی خۆی بێت.

بەڵام هیچ ڕۆمانێکی نویّ چەندیش تازە بیّ، ناتوانیّ بە تەواوەتی پشت بکاتە کەلەپوری ڕۆمانەوانی، چونکە بەمە زیان بە خۆی دەگەیەنیّو خۆی لە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئەزموونی ئیلهامبەخش مەحرووم دەکات. خوێندنەوەی جدیو ڕەخنەگرانەی شاکارە ڕۆمانەوانیەکان‌و ئەو سەرچاوە نمرە یەکانەی کە گەورە تیوریسێنانی بە ئیحتوباری مەیدانی هونەری ڕۆمان نووسیویانن، بەهرەو توانای هونەری ڕۆماننووس زیاتر دەخەملێنیّو لە هەر کەچڕەوییەکی هونەریی دەپارێزێت. بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگترو کارسازترو زەروری تر بۆ ڕۆمان، خەیاڵی داهێنەرانەو تواناو بەهرەی خودیو زەوق‌و سەلیقەی ڕۆماننووسە. ئەگەر کەسێك خەیاڵی داهێنەرانەو بەهرەی خۆڕسك‌و زەوق‌و سەلیقەی نەبێت، چەند شارەزاش بیّ، نابێت بە نووسەرێکی باش. هەڵبەتە نە بەهرەو خەیاڵی داهێنەرانە بەبیّ شارەزایی،و نە شارەزایی بەبیّ بەهرەو خەیاڵی داهێنەرانە، شتی زۆر گەورەیان لیّ چاوەڕوان دەکرێت، بەڵکو یەکانگیری ئەو دووانە، توانای بەرزەفڕی بۆ هەر دەقێکی هونەری فەراهەم دەکات. باشترین ڕێگەی تەکنیك ناسی، خوێندنەوەو خوێندنەوەی شاکارە ڕۆمانەوانیەکانە، لە ڕۆمانە

کۆنەکانەوە بیگرە تا دەگاتە رۆمانە هەرە تازەو مۆدێرنەکان. هەروەها خوێندنەوەی تێورو لێکۆڵینەوە ناوازە ئەدەبیەکانیش پێویستە. هەروەها مەشقی نووسینو خۆ جەرباندن لە بواری نووسیندا، یەکێکە لە رێگە زۆر پراکتیکییەکانی فێربوونی تەکنیکی رۆماننووسی.

تەکنیکناسی لە هونەری رۆماندا، هەمان رۆڵی دەستوری زمانی هەیە لە پەخشاننووسیدا. تا پەخشاننووس زیاتر بەسەر دەستوری زماندا زاڵ بێت، پەخشانەکەی دروست ترو رەوانترو جوانتر دەبێت. رۆماننووسیش وێرای خەیاڵمەندیو بەهرەمەندی خۆرسکانە، تا پتر تەکنیکناسو شارەزای فەندو فێڵی رۆماننووسی بێ، رۆمانەکەی لە باری هونەرییەوە سەرکەوتووترو جوانترو بێ کێماسی تر دەبێت و پتر چەشە دەبێ کە تەجاوزی خۆیو رۆماننووسانی دیکە بکات.

سەرچاوە:

١-هنر رمان/ ناصر ایرانی/ تهران: نشر ابانگاه/ چاپ اول، ١٣٨٠، (زۆرترین سوودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتووە، زانیاری زۆرم لێ هەڵگوێزاوە، رستەو پەرەگرافم لێ پاچڤە کردووەو وەرگرتووە).

٢-واژەنامە هنر داستان نویسی.../ جمال میر صادقی- میمنت میر صادقی (ژوالقدر) چاپ دوم ١٣٨٨/ ویراست دوم، کتاب مهناز/ تهران.

٣-رمان به روایت رمان نویسان/ میریام الوت/ ترجمه علی محمد حق شناس/ چاپ دوم: ١٣٨٠/ نشر مرکز/ تهران.

٤-الدکتور افنان القاسم/ عبدالرحمن مجید الربیعی والبطل السلبی فی القصه العربیه المعاصره/ الطبعه الاولی ١٩٨٤/ عالم الکتب/ بیروت.

٥-فن داستان نویسی/ گرد اورنده و مترجم محسن سلێمانی/ چاپ ششم ١٣٩١، انتشارات امیر کبیر/ تهران.

٦-د. ابراهيم جنداری/ الفضاء الروائی فی ادب جبرا ابراهيم جبرا ط١ ٢٠١٣/ تموز للطباعه والنشر والتوزيع/ دمشق.

٧-فن القصه/ تأليف الدكتور، محمد يوسف نجم/ ط٢/ دار صادر للطباعه والنشر/ بيروت- لبنان.

٨-توصيف در داستان/ مونيكا وود/ ترجمه نيلوفر اربابی/ چاپ اول ١٣٨٨ نشر رسش/ تهران.

٩-هنر داستان نويسی با نموونەهايی از متن های كلاسيكو مدرن ديويد لاج/ مترجم رضارضايی/ چاپی اول: تهران / ١٣٨٨ نشرنی.

١٠-هنر رمان / ميلان كونديرا/ ترجمه دكتور/ پرويز همايون پور/ نشر گفتار/ تهران چاپ چهارم/ ١٣٧٧.

١١-مێژووی ئەدەبياتی جيهان/ ٣ بەرگ/ نووسينی: بوكنەر. ب. تراويك، و: حەمە كەريم عارف، بەرگی يەكەمو دووەم/ چاپی يەكەم ٢٠٠٨/ لە بڵاوكراوەكانی دەزگای توێژينەوەو بڵاوكردنەوەی موكريانی. بەرگی سێيەم/ چاپی يەكەم/ ٢٠٠٨/ ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئاوێر.

١٢-مێژووی ئەدەبياتی رووسی/ ن: سەعيدی نەفيسی/ و: حەمە كەريم عارف، چاپی ١/ ٢٠١٠ بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان/ سلێمانی.

١٣-قوتابخانە ئەدەبييەكان/ ن: رەزا سەيد حسێنی/ و: حەمە كەريم عارف چاپی ١/ ٢٠٠٦/ دەزگای توێژينەوەو بڵاوكردنەوەی موكريانی/ هەولێر.

١٤-رياليزمو دژە رياليزم لە ئەدەبياتدا/ ن: سيروس پرهام= د. ميترا/ چاپی ١/ ٢٠٠٤/ دەزگەها سپيرێز يا چاپ و وەشانێ/ دهۆك.و: حەمە كەريم عارف

١٥-دەربارەی رۆمان و چيرۆك/ ن: حەمە كەريم عارف/ چاپی ١: ٢٠٠٨ لقی كەركووكی يەكێتيی نووسەرانی كورد/ كەركووك.

١٦-يمنى العيد، الراوی: الموقع والشكل/ بيروت/ ١٩٨٦.

١٧-حنا مينا/ هواجس فی التجربه الروائيه- بيروت/ ١٩٨٢

١٨-الروايه كملحمه بورجوازيه/ ترجمه: جورج طرابيشى/ بيروت ١٩٧٩

١٩-النهايات المفتوحه/ دراسه نقديه فى فن انطوان تشيكوف القصصى/ ت: الدكتور ضياء نافع/ ط١/ ١٩٧٨.

٢٠- ادبيات داستانى: قصه، رمانس، داستان كوتاه، رمان/ جمال مير صادقى/ چاپ سوم/ ١٣٧٦.

٢١-قصه نويسى/ رضا براهنى/ چاپ ٤/ نشر البرز/ تهران ١٣٦٨.

٢٢-جنبه‌هاى رمان/ ن: ادوارد مورگان فورستر/ ترجمه: ابراهيم يونسى چاپ چهارم/ ١٣٦٩ انتشارات نگاه/ تهران.

٢٣-چيخوف/ هنرى تروايا/ ترجمه على بهبهانى- تهران: ناهيد: شركت انتشارات علمى و فرهنگى/ چاپ چهارم ١٣٨٩.

٢٤-کەمال کارا علی ئۆغڵو/ کورتە مێژوویەکی ڕۆمانی تورکی/ چاپی ١: ٢٠١٣/ بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، و: حەمە کەریم عارف.

٢٠١٥/٢/٧

## چیرۆک و خوێنەری دەقکوژ!!

گێڕانەوە و خۆگێڕانەوە لەگەڵ پەیدابوونی بەشەردا چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵگە پەیدابووە و ڕەگێکی دەچێتەوە سەر کەڵکەڵەی نەمری وبەتۆمار سپاردنی کار و کردەوە و خولیا و کەڵکەڵە و سەرکەوتن و ناکامی و شکستە فیزیولۆجی و سایکۆلۆژییە مرۆڤایەنییەکان .. هەڵبەتە ئەم کردەیە ، کردەی گێڕانەوە ، بەگوێرەی قۆناغی پێشکەوتن و گەشەکردنی هەمەلایەنەی ژیاری و شارستانی مرۆڤ گۆڕانی گەورەی بەسەرهاتووە و لەهەر قۆناغێکدا بەگوێرەی پێوەر و پێوانە هونەرییە باوەکانی ئەو قۆناغە هونەرییەتی وەرگرتووە و بەدەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە هاتووە و بووە بە ژانرێکی ئەدەبی دیار و ناوی چیرۆکی لێنراوە و پانتاییەکی هەرە گەورەی لە نەخشەی ئەدەب و هونەردا گرتووەتەوە . ئیدی چیرۆک یەکێکە لە هونەرە زۆر هەستیار و ناسکەکانی دنیای داهێنان . بۆیە وەکو چۆن نووسینی ئەم ژانرە ئەدەبییە هونەرە ، بەو ئاوایە دروست خوێندنەوە و باش خوێندنەوەشی هونەرێکە بۆخۆی . وەکو چۆن نووسەری کارامە و پڕ ئەزموون ، لەزەت لە نووسین دەبینێ و دیاردە و ڕووداو و ئەزموونەکانی ژیان ، چ هی خۆی و چ هی خەڵکی دی ، هونەرمەندانە دەخوێنێتەوە و لە قاڵبی چیرۆکدا دەی هونەرێنێ و ساتە زندووەکانی ژیان بەزەبری هونەر ڕاودەکات و نەمرییان پێدەبەخشێت و بەجۆرێ ئالکاوی لەزەتی نووسین دەبێت کە کاتێ بەخۆی دەزانێ ئالوودەی نووسین بووە و هەرچی دەکات و دەکۆشێت بۆی تەرک ناکرێت ... خوێنەریش دەبێ بەو ئاوایە ڕمووده و متووی خوێندنەوە بێت و خۆی فێربکات چۆن لەزەتی ئیستاتیکی لە خوێندنەوە بدینێت . مناقەشە و گەنگەشەی جددی و هونەریانەی دەقی چیرۆکەکە بکات ، بۆ ئەم قارەمانەی چیرۆکەکە وای گوت ؟ بۆ فلان کاری کرد ؟ ئەگەر وای نەکردبا چ دەبوو ؟ دوای ئەمە چی ڕوودەدات ؟ ڕەمز و ڕازەکانی ئەم چیرۆکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری چییە و لەچیدایە ؟ بۆچی ئەم ناوە لەم چیرۆکە نراوە . ئاخۆ کلیلی کردنەوەی دەرگای ڕازەکانی ئەم چیرۆکە لە ناونیشانەکەیدایە ، لە تیمە و ناوەڕۆکەکەیدایە ؟ ئەگەر ئەم فۆرم تەکنیکە بەکار نەبرایە هەڤنەوایی و هاوئاهەنگی چیرۆکەکە سەنگەلا دەبوو ؟

بەهەرحاڵ وەڵامی ئەو پرسیار و گەنگەشانە لەدەقی جدیدا لەبن دێڕی دەقەکەدا پەنهانن ، ئیدی لەسەر خوێنەرە ، هەڵبەتە خوێنەری جددی ، کەشفیان بکات و مەودا و ڕەهەندە ئیستاتیکیە جۆراوجۆرەکانی بدۆزێتەوە ... خوێنەری جدی ڕەگەزەکانی چیرۆک ، تیمە و ناوەڕۆک ، پلۆت و نەخشە ، کاراکتەرسازی . دەستپێک و لوتکە و کۆتایی و کات وشوێن و کاراکتەر و ڕووداو ... هتد دەناسێت و ، توانا و بەهرە و لێهاتوویی نووسەر لە مونتاژ و لێکدان و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ڕەگەزانەدا ، گەشکە بەڕۆحی دەبەخشێت و ئالوودەی خوێندنەوەی دەکات و هەمان لەزەتی نووسینی لای نووسەرەکە ، لەلای خوێنەر بەدەم خوێندنەوەوە و لە گەرمەی خوێندنەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە .

چیرۆک پتر زادەی خەون و خەیاڵانە ، کاراکتەر و قارەمانەکانی ، ڕووداو و دیمەنەکانی دەستکردی زەین و خەیاڵی نووسەرن ، بەڵام ئەم خەیاڵانە ڕەگ و ڕیشەیان لەواقیعدایە ، هەرهیچ نەبێت لەواقیعی چیرۆکەکەدایە . هەرچیرۆکێک بگریت لە کۆمەڵێک ڕەگەزی جیاواز پێکهاتووە، لەوانە سکێچ ، پلۆت ، قارەمان و کاراکتەر ، شوێنکات ، گۆشە نیگا ، تیمە و نێوەڕۆک و ... هتد . بەهەرحاڵ هەرهەموو ئەو ڕەگەزانە و هی دیکەش ، لە یەکەیەکی هونەری یەکگرتوو و یەکپارچەدا ، دێنە بەرجەستەکردن کە چیرۆکی هونەری پێ دەگوترێت ...

بە هەرحاڵ بەندە لێرەدا بەنیازی هیچ تیوریزەکارییەک نیم و بەتەماش نیم کەس فێری چیرۆک نووسین بکەم ، چونکە وەک دەڵێن تاقە ڕێگەی فێربوونی چیرۆک نووسی ، نووسینی چیرۆکە . بەڵکو زیاتر مەبەستم ئەوەیە ، خوێنەری خۆمان کە دەقێکی چیرۆک دەخوێنێتەوە ، دوای خوێندنەوەی دەقەکە ، بەلای کەمەوە ڕاوبۆچوونێکی ڕەخنەیی سەبارەت بەو دەقە لا دروست بێ و کاتەکەی بەفیڕۆ نەچووبێ .. هەڵبەتە هەر خوێنەرێک نەگاتە ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی سەبارەت بەو دەقە لا دروست بێ کە دەیخوێنێتەوە و نەتوانێ موناقەشەی جدی دەقەکە بکات ، دەقی ڕەسەن و ناڕەسەن و ، جددی و بازاڕی لێکدی جیابکاتەوە دەشێت ناوی

خوێنەری دەقکوژی لێ بنەین ، کە مخابن ئەم حاڵەتە لای ئێمە زۆر زەق و دیارە..

چیرۆک کۆمەڵێک ڕووداوە کە گوتیار یا نووسەر دەیگێڕێتەوە ، ئیدی فەرق ناکات یەک ڕووداو یان چەند ڕووداوێک بێت ، هەڵبەتە ئەم ڕووداوانە پڕن لە کاراکتەر ، ئەم کاراکتەرانە بوونەوەر ، یان مرۆڤی زیندوون و لە شێوازی ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستدا جیاوازن ، واتە وەکو جیاوازی ژیانی خەڵکی لە سەر ڕووی زەوی ، یانی چیرۆک دیمەنێکی هونەریانەی ژیانە ، هونەراندنی دیمەنە زندووەکانی ژیانە... هەڵبەتە پێویستە لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە چیرۆک ، لە چیرۆکیلە، هەرچەندە لەیەک تیرە و بەرە بابن ، جیاوازە ، چیرۆک ماوەیەکی درێژ و تەواوی ژیانێکی تایبەتی یان زنجیرە ژیانێک وێنە دەگرێت و هونەریانە مامەڵەی لەتەکدا دەکات ، بەڵام چیرۆکیلە سەروسەختی دەگەڵ ماوەیەکی کورت ، گرتەیەک ، یەک هەڵوێست لەمەڕ ژیان ، هەیە . بۆیە نووسەر ئەوەندەی بەتانی چیرۆکدا دەچێت و شاخ و باڵی لێ دەنێ و تول و تەفسیلی دەداتێ و لەبنچ و بناوانی دەکات ، نووسەری کورتیلە چیرۆک ئەمە ناکات و پانتایی و ڕووبەری کارە هونەرییەکە ڕێگەی نادات ، واتە نووسەر ئەوەندەی لە چیرۆکدا(مەبەست چیرۆکی درێژ و ڕۆمانە) دەستی کراوەیە ، لەکورتە چیرۆکدا وانییە . نووسەری چیرۆک هەوڵدەدات زنجیرە ڕووداوێکی گرینگ و هەستیار بەگوێرەی نەسەق و ڕەوتی لۆژیکی ، بهونەرێنێ و مامەڵەی لەتەکدا بکات ، بەڵام لە کورتە چیرۆکدا نووسەر وێنەیەکی گەش و ڕوون و ڕەوان و هەڵبژاردەی گرتەیە یا دیمەنێکی کورتی لەزو بەزی ژیان بەجۆرێک دەگرێت کە بیرۆکەیەکی دیاریکراو دەرببڕێ و بەرجەستە بکات.. هەرچەندە ژیانی دەروونی و ناوخۆی کورتە چیرۆک زۆر پشت بە ڕووداو و کاراکتەر و چۆنییەتی کارلێکیان نابەستێ ، بەڵام یەکێتی باندۆر مەرجێکی زۆر پێویستە بۆ کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی کورت و رەنگە ئەمە بەجیاوازی سەرەکی نێوان کورتە چیرۆک و چیرۆک و نوڤلێت بێتە ژماردن .

ئیدی ئەرکی نووسەر ئەوەیە ڕێنوێنی خوێنەر بکات و بۆ ناو شاری هونەریی چیرۆکی بەرێت و دڵسۆزانە بە کوچە و کۆڵان و نهێنگەکانی ئەو شارەیدا

بگێڕێت و بەجۆرێ تێکەڵاوی دیاردە و ڕووداوەکانی ببێت ، کە هاتە دەرەوە دان بە ڕاستگۆیی و واقیعییەتی کارلێکی نێوان کاراکتەر و ڕووداوەکاندا بنێ... ئەمەش بەوە دێتەدی کە نووسەر توانی بێتی ، کاراکتەرەکان وەکو خۆیان ، لە ژیانی ئاسایی تایبەتی خۆدا چۆنن ، ئاوا وێنەگرتبێ.

ڕاستە ڕووداو ، کۆڵەکەیەکی گەورەی چیرۆکە ، بەڵام تان و پۆی چیرۆک خەیاڵە ،هەردەقێکی چیرۆکڤانی یان هونەری ئەگەر خەون و خەیاڵی تیا نەبێ وەکو مەلێکە باڵی کرابێ و بێهودە بەتەمای بەرزەفڕی بێ . چیرۆک نایەت واقیع وەکو خۆی بخاتەڕوو ، واتە واقیع و ڕووداو موو بە موو کۆپی ناکاتەوە ، ئەمە زیاتر کاری مێژوو وبیوگرافیایە . چیرۆک وێنەیەکی خەیاڵ ئامێزی واقیع و ڕووداوەکانی نیشان دەدات ، بۆیە نووسەر ئەگەر واقیع ، دیاردە و ڕووداوان وەکو خۆی ، موو بە موو ، زۆر ڕاستگۆیانەش بە بەڵگەی زندووشەوە وێنەبگرێت ، هەرکارەکەی هونەریەت وەرناگرێت. یان ئەگەر کاراکتەرەکانی ، خەڵکانی ڕاستەقینەی ناو ژیانیش بن ، هەر هونەریەت بەکاری چیرۆکڤانی نابەخشن و ناسنامەی واقعییەت بەوکارە نادەن . بەڵکو واقعییەت بەو مانایەیە ، نووسەر لەباری هونەرییەوە ئەو قەناعەتەمان لادروست بکات کە ئیمکانی ڕوودانی ئەم ڕووداوانە، یان هەبوونی ئەم کاراکتەرانە لەژیاندا ، لەژیانی ئاساییدا مومکین بێ... بەڵام دەبێ لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە ژیان هاماج و ئوتموسفیرێکی یەجگار بەرین و بەربڵاوە ، ڕۆماننووس ، چیرۆکنووس لە ناوەندی ئەو دنیا ئاڵۆز و گۆنگەدا دێت ئەو دیاردە و دیمەنانە هەڵدەبژێرێ و دەیان هونەرێنێ کە بشێت ژیانی پێ ڕاڤە و شرۆڤە بکات.. واتە نووسەر ، تیمە و کەرەستەکانی لە ژیانەوە وەردەگرێت و بەگوێرەی خوێندنەوەی هونەریی خوێ مامەڵەی لە تەکدا دەکات و دەیهونەرێنێ ، کە ئەمە دەکاتە خودی پرۆسە هونەرییە ڕاستەقینەکە ، واتە دەبێ خەمی گەورەی نووسەر گەیشتن بە هونەرییەت بێ ، کەرەستە خاوەکان لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا ، ئاوێتە ببن و ناسنامەی چیرۆک و ڕۆمان وەربگرن . ئەگینا گێڕانەوەی دیاردە و دیمەن و ڕوداوەکان وەکو خۆی چەند ئەمینیش بێ ناکاتە چیرۆک و ڕۆمان ، نەخوازەڵلا چیرۆک و ڕۆمانی سەرکەوتوو و زیندوو. ئەرکی چیرۆکنووس خوێندنەوەی هونەریانەیە بۆ ئەو کەرەستە و تیمە و ڕەگەزانەی هەڵبیبژاردوون بۆ پرۆسە هونەرییەکە

... واتا وەکو گوتمان ئەرک و خەمی نووسەر گەیشتنە بە هونەرییەت ، بە ئەدەبییەت. خۆ ئەگەر نووسەر لەمەدا سەرکەوتوو بێ ، دەتوانێ ڕۆح بە بەر هەندێ کاراکتەر و قارەمانی چیرۆکەکەیدا ، بکات و کە پتر لەهەندێ کاراکتەر و شەخسیەتی مێژوو ، بژین و لەزەیندا بەنەمری بمێننەوە.. هەندێ قارەمانی چیرۆک لە چیرۆک و ڕۆمانانی سەرکەوتووی دنیا هەن کە لە نووسەرەکانیان بەنامێ تر و ناودارترن.

هەڵبەتە ئەوزاری دەستی نووسەر ، لەم پرۆسە ئەفراندنەوانیەدا زمانی پەخشانە نەک زمانی شیعر ، چونکە شیعر بە حوکمی بارگاوی بوونی بەسۆز وگودازی ئاگرین و خەیاڵی تۆسن و سەرکێش و ڕیتم و مۆسیقا و.... هتد لەوە قورسترە ، بەئاسانی بەدەستەوە بێت و بەکەڵکی ئەوەبێت ڕاستگۆیانە لەو ژیان و دنیا هونەرییەدا ، گوزارشت لە ڕیزبەندی ڕووداوەکان و گەشە و نەش و نمای کاراکتەرەکان بکات ، کە پێویستە وێنەیەکی خەیاڵئەنگێزی واقیع بێ ، نەک خودی واقیع ، چونکە ئەدەب چەند ڕەگیشی لە واقیعدا بێ ، دەبێ لە واقیع بالاتر بێ، بە کەرەستەی واقیع، واقیعێکی ئەفسووناوی دروست دەکات .

دیارە نووسەر ئازادە لەوەی چۆن ئەو وێنە خەیاڵ ئامێز و خەیاڵئەنگێزەی واقیع گەلاڵە و بەرجەستە دەکات و دەی هونەرێنێ. ئیدی ناچار نییە هەموو وردودرشتێکی ژیانی کاراکتەر بخاتەڕوو ، ڕەنگە خوێنەریش زۆر ئەمەی بەلاوە گرنگ و مەبەست نەبێ ، بەڵام حەزدەکات کاراکتەرێکی زیندوو بدینێ و لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ، بەرخورد دەگەڵ کاراکتەرێکی زیندوودا بکات ، کە ژیانی لێ هەڵ بقولێت .. بەهەرحاڵ ژیان بە هەموو دیاردە و ڕووداو بەشەر و بوونەوەرانییەوە کەرەستەی خاوەو نووسەر ئازادی ئازادە ، لە وەی چۆنی هەڵدەبژێرێ و ، گێژە و بێژەی دەکات و خوێندنەوە و بەرخورد و مامەڵەیەکی ئەوتۆی لەگەڵدا بکات، کە کاراکتەرێکی زیندووی وەها دروست بکات ژیانیان لێ هەڵقولێت و کارلێکێکی ئاسایی و ڕاستگۆیانە دەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن. هەڵبەتە هونەر و هونەرمەندی نووسەر لەوەدایە هەندێک لە ڕاز و ڕەمزە پەنهانەکانی ژیانمان ، هونەرمەندانە بۆ کەشف بکات و لە ڕووی واقیعی هونەرییەوە قەناعەت بەخش بێت ، نەک بێت

هەرچییەکی کەوتەبەرچاو موو بە موو وەکو خۆی بۆمانی تۆمار بکات ، یا هەرچییەکی بیربکەوێتەوە ، دووبارە و وەکو خۆی بۆمانی بگێڕێتەوە ، ئەمە کارێکە لە کردن نایەت ، و بەبێ خەون و خەیاڵ هونەرییەت وەرناگرێت . واتا چیرۆک پرۆسەیەکی ئەفراندنەوانی و فیلیڤانی کەشفکاری زۆر هەستیارە ، دەبێ هۆ و ئەنجامەکان هونەریانە کەشف بکات . دەنا گێڕانەوەی ئەمینانە و ڕاستگۆیانەی دیاردە و ڕووداوەکان بەتەنیا ناکاتە چیرۆکی هونەری .

***

هەڵبەتە یەکێتیی کاریگەری ، مەرجە بۆچیرۆکی هونەری ، چونکە هەرخوێنەرێکی بڕێک جدی بگریت کەلە خوێندنەوەی دەقێکی چیرۆکڤانی دەبێتەوە ، لەخۆی دەپرسێت : ئایا ئەم چیرۆکە کاریگەرییەکی وەهای بەجێ هێشتووە کە لە بیر بمێنێ ، ئەم کاریگەرییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە ، زادەی زنجیرەیەک ڕووداوە ، یا زادەی هەڵسوکەوت و جم وجوڵ و ڕەفتار و گوتار و هەڵوێستی یەکێک لە کاراکتەرەکانە ، یان زادەی تیمە و بیرۆکەی چیرۆکەکەیە ، یان زادەی ئەو ژینگەو کۆمەڵ و گروپانەیە کە چیرۆکەکە هونەریانە وێنەی گرتوون ؟ هەڵبەتە دەشێت ئەم کاریگەرییە ، بە داینەمۆ و بزوێنەری چیرۆک دابنرێت ، دیاردە چیرۆکنووس کەسێکی فیلیڤان و داهێنەرە ، مێشکی پڕە لە بیرۆکە و خەون و خەیالان ، ئەو دێت گیانیان بەبەردا دەکات و ژیانێکی هونەرییان پێدەبەخشێت . دیارە چیرۆک هەر یەک ڕەگەز نییە ، بەڵکو ڕەگەزی فرە لە خۆی دەگرێت و لەئەنجامدا هەموو ڕەگەزەکان بەحوکمی کارلێکی هونەری لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا ، یەکانگیر دەبن و کارێکی هونەری پێک دەهێنن کە پێی دەگوترێ چیرۆک ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو ڕەگەزەکان بەهەمان ئاست بەرجەستە دەبن ، بەڵکو زیاتر یەکێک لە ڕەگەزەکان لەوانی دی پتر بەرجەستە دەبێت و دەکرێت ، هەموو ڕەگەزەکانی دی دەخرێتە خزمەتی ئەو ڕەگەزە زەق و بەرجەستەیەوە ، ئیدی ئەو ڕەگەزە زاڵ و زەقە ، یا لە زنجیرەی ڕووداوەکان ، یا لە قارەمان و شا قارەماندا ، یا لە ژینگە و هاماج و ئوتمۆسفێر ، یان لە بیر و بیرۆکەدا ، بەرجەستە دەبێت و کاریگەریی

هونەری و لەزەتی ئیستاتیکی لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێت و ، ئەمە بۆخۆی یەکێکە لە نیشانەکانی سەرکەوتنی ئەو کارە چیرۆکڤانیە.

بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت ، کە کاریگەریی هونەری و لەزەتی ئیستاتیکی هەر دەقێک بەتایبەتی دەقی کراوە ، لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێک دەگۆڕێت ، ئیدی جۆری ئەقڵییەت و جیاوازی ئەزموونی ژیان و جیاوازی و هەمەجۆری مگێزی خوێنەران ، سەرچاوەی کاریگەریی هونەری و لەزەتی ئیستاتیکی بەرهەمی ئەدەبی دیاری دەکات . چیرۆک ئاوێنەیەکی فرە ڕووە ، هەر خوێنەرێک دەڕوانێتە ئەو ڕووەی وێنەی خۆی تیادا دەبینێ ، هەر خوێنەرە لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە دنیای چیرۆک.

***

ڕووداو یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی چیرۆک ، ڕووداو و پەرەسەندنی ڕووداو جم وجوڵ و بزوتنەوە بەچیرۆک دەبەخشێت ، کاراکتەرەکان لە کات وشوێنی قەناعەت بەخشدا بەرجەستەدەکات ، هەڵبەتە قەناعەتبەخش لە ڕووی هونەرییەوە و بەگوێرەی واقیعی چیرۆکڤانی . ڕووداو و گەشەکردنی ڕووداو ، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر بەتاسەوە پەیگیری ڕەوتی چیرۆکەکە بکات ، تابزانێ ڕووداوەکان دەگەنە کوێ و چارەنووسی قارەمان و کاراکتەرەکان چۆن دەبێ و بەچی دەگات . دیارە پێشتریش ئاماژەمان کردێ کە چیرۆک لە کۆمەڵێک ، ڕەگەز پێکدێت و ئەم ڕەگەزانە ، بەدەم کارێکی هونەرییەوە ، لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا یەکانگیر و ئاوێتە دەبن کە پێی دەگوترێت چیرۆک و بۆیە هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی چیرۆک گرینگی و بایەخی خۆی هەیە و بەهەر هەموویان تانوپۆی کارە ئەدەبییەکە پێک دەهێنن و هونەرییەت بەدەقە چیرۆکڤانییەکە دەبەخشن. هەڵبەتە نابێ ئەوەش فەرامۆش بکرێ کە لە هەر چیرۆکێکدا بەگوێرەی تەکنیکی چیرۆکەکە ، ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکان دەبێ بەتەوەری سەرەکی چیرۆکەکە و ڕەگەزەکانی دی بە دەوری ئەو تەوەرەدا دەسوورێنەوە و لە دوا ئەنجامدا یەکێتیی باندۆر و کاریگەری لێ دروست دەبێت ، کە ئەمە پێی دەگوترێ یەکێتی کاری چیرۆکڤانی ، کە ئەمە یەکێکە لەو تەکنیکە زۆر و زەبەندانەی چیرۆکی لە سەر ڕۆدەنرێ.

دیاره چیرۆکنووس ئازاده و حەقی خۆیەتی چ تەکنیکێک بەکاردەبات ، بەڵام هەر تەکنیکێک بەکاربەرێ نابێ ڕاکێشانی خوێنەر فەرامۆش بکات . دەبێ بەجۆرێ سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و بهاڕۆژێنێ و لە زەتێکی ئیستاتیکی ئەوتۆی بداتێ کە خۆبەخۆ پەیگیری خوێندنەوەی دەقەکە بکات ، تابزانێ ڕووداوە جەنجاڵ و هەڤدژەکان بەچ ئەنجامێک دەگەن .. دیارە ئەوزاری کارکردن لە خوێنەر ، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکە دەگۆڕێ . گرینگ ئەوەیە خوێنەر خولیا و کەڵکەڵەیەکی ئەوتۆی لا دروست ببێت ، بەتاسەوە پەیگیری ئاکامی ڕووداوەکان بکات و بە دەم خوێندنەوەوە جۆرەها پرسیار لە خۆی بکات ، وەک : دوای ئەمە چی ڕوودەدات ؟ ئەم لەگەز و مەتەڵە چۆن چارەسەر دەکرێ ؟ ئەم گرێیە چۆن دەکرێتەوە ؟ ئەم کۆسپ و تەگەرەیە چۆن تەخت دەکرێ ؟ دەنگدانەوەی ئەم کارە چی یا چۆن دەبێ ؟ و زۆر پرسیاری دیکەی لەو بابەتە.

هەڵبەتە نووسەر ، بەدەم نووسینەوە ، دەبێ شتێک بۆ زیرەکی خوێنەر بێڵێتەوە و بەئاسانی ڕەمز و ڕاز و کۆدەکانی دەقەکەی ڕادەست نەکات ، بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوە بە خوێنەر بدات کە بە پەرۆشەوە بەشداریی زەینی لە دەقەکەدا بکات و بەخۆی ڕاز و ڕەمزە نادیارەکانی دەقەکە کەشف بکات ، و لەزەت لەو پرۆسە کەشفکارییەی خۆی وەربگرێت . چونکە خوێنەریش وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە ، پتر لەزەت لە کەشفکردن و چوونە بنج وبناوانی شتە نادیارەکان وەردەگرێت و لەو ڕێگەیەوە کەڵکەڵە کونجکاوییەکانی خۆی تێر وپاراو دەکات . بە وتەیەکی دی خوێنەر نابێت هەر گوێرێکی گوێڕایەڵ بێت ، بەڵکو پێویستە موناقەشەکار و گەنگەشەکارێکی جدیش بێت . بەکورتی و کرمانجی چیرۆکی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بە گوێرەی واقیعی چیرۆکەکە ، قەناعەتبەخش بێت و کەڵکەڵە و تاسەی هونەریی خوێنەر تێر بکات و بشکێنێ و زۆرترین لەزەتی ئیستاتیکی پێ ببەخشێت.

***

دیارە شێوازی ڕاکێشانی خوێنەر لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێک دەگۆڕێت و هەر نووسەرە جۆرەها تەکنیک و شێواز بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێنێ ، یەکێک لە سەرچاوەکانی ڕاکێشانی خوێنەر ، کاراکتەری مرۆڤانیە لە

چیرۆکدا ، چۆنکە هەرکەسێک بگریت ، بەتەبێعەت مایلە بەلای شیکردنەوەی دەروونی و خوێندنەوەی کاراکتەر و کەسایەتی کاراکتەردا ، جاری وا هەیە خۆی لەو کاراکتەرەدا دەبینێتەوە ، لەم حاڵەتەدا دەقەکە بەدەم خوێندنەوەوە بۆی دەبێت بە بەردی سەبر و ئەم نهێنی و ڕازەکانی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ کە ئەمە لە زەتێکی دەروونی و ئارامیەکی ڕۆحی گەورەی پێ دەبەخشێت. یان کەسایەتیەکی تازە دەناسێت و ئەزموونێکی زەینی زۆری لێوەردەگرێت ، یان ئەو کاراکتەرانە لە خەڵکانێک دەچن و خەڵکانێکی بیر دەخەنەوە کە ئەم لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵایەتیدا ناسیونی و دەیانناسێت ، کە ئەمە بۆخۆی نیشانەیەکی سەرکەوتنی چیرۆکە ، چونکە چیرۆک وێنەیەکی خەیاڵئامێز و خەیاڵئەنگێزی ژیانە ... زۆرجار خوێنەر ، بەتایبەتی خوێنەری ئاسایی بەڕادەیەک دەکەوێتە ژێر باندۆر و کاریگەری کاراکتەرێکەوەو دڵبەندی دەبێت کە سەرکەوتن یان ناکامی کاراکتەرەکە بەهی خۆی دەزانێ و ڕەنگە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا لاسایی بکاتەوە ...کە هەڵبەتە هەموو ئەم حاڵەتانە ، حاڵەتی لەزەت بەخشن بۆ خوێنەر .. هەڵبەتە حەوجە بە گوتنی نیە کە خوێنەر تاخوێنەر کەوتووە ، چیرۆکی باش لای خوێنەری ئاسایی ئەوەیە زۆرترین لەزەتی پێ ببەخشێت و دڵی خۆش بکات . بۆ نموونە خوێنەری چیرۆکی پۆلیسی لەزەت لە تاقیب و پەیگیری نهێنییەکان و دۆزینەوەی مەتەڵ و لەگەزەکان و کرانەوەی گرێیەکان دەبینێ . خوێنەری چیرۆکێن ڕیسکان حەزی لەوەیە بەخەیاڵ لەکەش هەوای پڕ خرۆشاندا بژی ... ئیدی هەر خوێنەرێک لە گوم گەشتەی خۆی و لە بەها باڵاکانی خۆی دەگەڕێت .. بەڵام خوێنەری جدی ، خوێنەری ڕەخنەگر ، لە خوێنەرانی دی جیاوازە ، چیرۆکێکی دەوێت سەرڕێژ بێ لە ژیان ، زیندوو بێ ، بەهەردوو باڵی خەون و خەیاڵ بفڕێ ، بەرز بفڕێت ، لە ژیانی ئاسایی بەرزتر بفڕێت و بە زەبری هونەرییەت ، ئەدەبییەت ، نەمری و جاویدانی پەیدابکات و لەزەت لەو هونەرییەتە وەردەگرێت .. کەواتا کۆپی کردنی موو بە موو و ، ڕاستگۆیانە و ئەمینانەی واقیع و ژیان مەرج نییە ، بەڵکو هونەراندنی مەرجە ، واتە بابەت لە چیرۆکدا هەموو شتێک نییە ، چونکە واقیع و ژیان پڕە لە بابەت ، جۆرەها بابەتی تیایە ، هیچ نووسەرێکی تازە کوورە یا

ئەزموونداڕ و کارامە ، پەکی لەبابەت ناکەوێ ، گرینگ ئەوەیە نووسەر چۆن مامەڵەی لەتەکدا دەکات ، لەباری هونەرییەوە مالیجەی دەکات ، بەرجەستەی دەکات و هونەرییەتی پێدەبەخشێت ، هەڵبەتە خوێنەری جدی و ڕەخنەگر ، بێترس خۆی بە دنیای هەرجۆرە چیرۆکێکدا ، چ سادە چ ئالۆز و گونگ ، چ خوڕ و چ مەنگ ، چ جەنجاڵ و ئاوەدان ، چ ساکار و کەم ئاوەدانی ، چ قووڵ و چ تەنک ، دەکات و گومڕا نابێت و ڕێی خۆی دەردەکات و لە مەرامی چیرۆکەکەو بیرە قووڵەکانی بن دێڕی چیرۆکەکە تێدەگات و ڕاز و ڕەمزەکانی هەڵدێنێ و ڕۆحی خۆی لە سەرچاوەی ئەفسوون و فانتازیاکانی هەڵدەکێشێت .. بەهەموو بوونی خۆیەوە دەگەڵ ئەو کاراکتەرە زیندووانەدا دەژی کە زۆرجار لە هەندێک کاراکتەرانی ڕاستەقینەی مێژوویی زیندووتر و نەمرترن و لە خودی نووسەری چیرۆکەکەش ناودارتر و بەنامی ترن.. ئیدی ئەو کاراکتەرانە وەکو ئاشنا و ناسیاوی زۆر نزیکیان لێدێت . دیارە چیرۆکی باش ، زادەی ڕێکەوت نییە ، بەڵکو بەرئەنجامی قووڵبوونەوەی نووسەرە بۆ قووڵایی ئەزموونە خەیاڵی و زەینییەکانی خۆی ، زادەی ئەو بەهرە و توانایەیە کە نووسەر توانیویەتی هەر هەموو ئەوزارەکانی پیشەکەی یەک بخات بۆ ئەوەی ئەزموونی خۆی بە شێوەیەکی زیندووی دینامیکی ، بارگاوی بە ژیان ، لە چوارچێوەی کارێکی فیلیڤانیدا بهونەرێنێ . هەڵبەتە پلۆت و شێواز و دیالۆگ و گەڵاڵەکردنی زەمینە و ژینگە و هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆک ، خۆ بە خۆ چیرۆکی گەورە و زیندوو دروست ناکەن ، هیچ نووسەرێک چەندیش بەهرەمەند بێ ، ناتوانێ چیرۆکێکی مەزن و زیندوو بنووسێت ، ئەگەر بە تەواوەتی لە هەموو ئەو ڕەگەزانە تێنەگات و نهێنی چۆنییەتی بەکارهێنان و هونەراندنیان نەزانێت ، واتە هونەرییەت نیشانەی بێ چەندوچوونی ، چیرۆکی نەمر و زیندووە.

***

لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەکی کورت لە سەر هەندێ ڕەگەزی گرینگ و هەستیاری چیرۆک بکەین ، چونکە چیرۆک بە هونەراندنی ئەو ڕەگەزانەوە دەبێت بەچیرۆک و هیچ چیرۆکێک بەتایبەتی چیرۆکی هونەری لەو ڕەگەزانە بەدەرنییە و نابێت، بۆ نموونە گرێچن یان پلۆت بریتییە لەو زنجیرە

ڕووداوانەی کە لە چیرۆکەکەدا ڕوو دەدەن ، هەڵبەتە دەبێ ڕووداوەکان پەیوەندی عیلییەتیان لە نێوانیاندا هەبێ . دیارە ئەم ڕووداوانە پەیوەندی سفت و ڕاستەوخۆیان بەکاراکتەرانی چیرۆکەوە هەیە.. کاراکتەر لە کارلێکی تەواودایە دەگەڵ ڕووداودا ، لەکاریگەریی و باندۆری ڕووداو بەدەر نابێت .. کە باسی پلۆت و گرێچن دێتەکردن ، دەبێ ئاوڕێک لەو کەرەستە سەرەتاییی و خاوانە بدەینەوە کە سەرچاوەی ئەم پلۆتەیان پێک هێناوە ، هەروەها لە بەهای ئەم کەرەستە سەرەتاییانە ڕابمێنین .. ئەگەر کۆمەڵێک دەقی چیرۆکڤانی چەند چیرۆکنووسێکی هاوسەردەم و هاوقۆناغ بەنموونە وەربگرین ، دەبینین بابەتەکانیان لە واقیعی ژینگە و ژیانی دەوروبەری خۆیانەوە وەرگرتووە ، هەڵبەتە وێڕای جیاوازی نۆڕینی هەر یەکێکیان بۆ ئەم ژیانە و جیاوازی سروشتی ئەو بابەتانەی بەرخورد و مامەڵەی لەتەکدا دەکەن . لەهەر دەقێکی جدیدا ، جۆرەها ژیانی جیاواز و دنیای مرۆڤانی هەمەڕەنگ دەبینین ، کە ڕەگیان چووەتەوە سەر واقیع ، بەڵام وێڕای جیاوازی بابەتەکان و شێوازی بەرخورد و مامەڵە و مالیجەکردنیان ، دەبینین هەریەکێک لەو دەقە چیرۆکڤانیە جدیانە ، بارگاوین بەبەهای تایبەتی هونەری و مانای مرۆڤانی خۆیان ، ئاوڕیان لە شتە ڕەوتەنی و سەرڤەسەرڤەکانی ژیان نەداوەتەوە ، بەڵکو قوڵبوونەتەوە بۆ قوڵاییی و ناخی جۆرەها خولیا و کەڵکەڵە و سۆزێن مرۆڤانی ، چونکە ئەدەب لە ڕاستیدا ، بریتییە لە ڕاڤەیەکی هونەری زۆر قووڵی ژیان . دیارە محەک و پێوەری ڕاستەقینەی گەورەیی و زیندوویەتی و جاویدانی هەر کاروبەرهەمێکی ئەدەبی ، وێڕای جیاوازی شێواز و تیمە و بابەت و مالیجەی هونەری ، ئەوەیە چەند پەیوەستە بەو حەقیقەتانەوە ، کە قووڵی زیاتر و بەرفرەهی پتر بە ژیانی مرۆڤایەتی دەبەخشن .... دیارە لە هەڵسەنگانی کاری چیرۆکڤانیدا ، دەبێ هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی چیرۆک و چۆنییەتی مامەڵەکردنی چیرۆکنووس دەگەڵ تێکڕای ئەو ڕەگەزانەدا ، لە بەرچاو بگیرێت ، بەڵام وێڕای ئەمەش گەورەیی ڕاستەقینەی چیرۆک ، وەستاوەتە سەر گەورەیی و ڕەسەنایەتی بابەتەکە ، یان بەهای ڕاستەقینەی کەرەستە سەرەتاییەکانی چیرۆک ، بەڵام مەزناتی و گەورەیی بابەت بەتەنیا بەس نییە بۆ گەورەیی چیرۆک ، بەڵکو هونەراندنی بابەت و تیمە و کەرەستە

سەرەتایی و خاوەکان مەرجە بۆ بەرجەستە کردنی هونەرییەتی دەقەکە و دەربڕینی وزە پەنهانەکانی . کەواتە بەهرە و توانای فیلیڤانی و ئەفراندنەوانی مەرجن بۆ هونەراندنی دەقێکی زیندوو و نەمر . دیارە بەهرە و توانای داهێنانیش ، بەتەنیا چیرۆک ناگەیەننە لوتکەی هونەرییەت بەڵکو دەبێ چیرۆکنووس شارەزایی و ئەزموونێکی قووڵ وفراوانی سەبارەت بەژیان هەبێت..

چیرۆکنووس ، تا شارەزاتر و پڕ ئەزموونتر بێ ، ڕاسگۆیانەتر وێنەی ژیان و کاراکتەرەکان دەگرێت واتە ، ڕاستگۆیی لە چوارچێوەی ئەم چەمک و مانایەدا ، مەرجی هەرە گرینگە لە هەر کارێکی ئەدەبی گەورەدا . بۆیە نووسەر لە سەرێتی لە چوارچێوەی شارەزایی و ئەزموونی خۆی دەرنەچێت و خۆی لە قەرەی ئەو بابەتانە نەدات کە شارەزایی فراوان و ئەزموونی قووڵی دەربارەیان نییە ، دەبێ لە گۆشە نیگای سنوورداری خۆیەوە بڕوانێتە ژیان.. جا بەم پێودانگە ، بوار و ئاقاری چیرۆکنووس دەکاتە دنیای ئەو ئەزموونە مرۆڤانیانەی کە شارەزایانە تاقیکردونەتەوە .. بۆیە ئەو نووسەرەی کە لە کەوشەنی مەجالی خۆی دەرناچێت ، دەکارێت بەجوانی و دروستی لە مەجالەکەی خۆیدا قەڵەمڕانی بکات و بیهونەرێنێ و وێنەیەکی وردی ژیان بە کاراکتەر و ڕووداوەکان و دیمەنە سروشتییەکانیەوە ، ڕاستگۆیانە بەرجەستە بکات ، واتە مەرج نییە مەجالەکەی نووسەر بەرین بێ و ڕوانگە و نۆڕین و گۆشەنیگای بۆ ژیان زۆر کراوەبێ ، بەڵام مەرجە قووڵ بێت و نهێنگە دەروونییەکانی مرۆڤ هونەریانە و هونەرمەندانە کەشف بکات. هەڵبەتە زۆربەی ئەو چیرۆکنووسانەی کەوشەنی مەجالی تایبەتی خۆیان بەزاندووە ، لە قەلان و لە کۆتران بوون و جگە لە ناکامی هیچی تریان نەدرووەتەوە . واتە چیرۆکنووس ، دەبێ خۆی توانا و بەهرە و شارەزایی و ئەزموونی خۆی بناسێت و لەو ئاقارەدا کاربکات بۆ ئەوەی دەقی چیرۆکڤانی زیندوو و باش بەرهەم بهێنێ ، ئەو حەقیقەتە لەبەرچاو بگرێت ، کە چیرۆکێکی باش و سەرکەوتوو لە دەیان چیرۆکی ناکام باشترە . هەڵبەتە سەبارەت بە ئەزموون مەرج نییە ، ئەزموونێکی ڕاستەوخۆبێ و نووسەر بەخۆی ژیانی جەڕباندبێ ، جۆرەها ئەزموون لە کتێباندا هەیە ، کە هەر نووسەرێک چەند پڕ ئەزموون و بەهرەدار بێ ، چەند ئاسۆی ڕاونینی بەرین

بێ ، پێویستی پێیەتی و دەتوانێ وەکو ئەزموونێکی زەینی ، ئەزموونی ڕاستەوخۆی ژیانی خۆی پێ دەوڵەمەند بکات ، هەروەها تەماس دەگەڵ خەڵکی و قسەکردن دەگەڵ خەڵکیدا ، جۆرەها ئەزموونی تیایە کە ڕەنگە بەئاسانی و لە ڕێگای ئەزموونی ڕاستەوخۆوە بەئاسانی بە دەستەوە نەیەت . کەواتە مەرج نییە ئەزموونی ڕاستەوخۆ بکرێت بەتاقە سەرچاوە بۆ شارەزابوون لە ژیان ..بەڵکو دەشێت سوود لە ئەزموونی خەڵکانی دیکەش وەربگیرێت . بۆیە ئەگەر نووسەرێک خودانی بەهرە و توانایەکی ئەفراندنەوانی بێ و بتوانێ سوود لە ئەزموونە جۆراوجۆر و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ژیان وەربگرێت و هونەریانە هەرسی بکات و خودان خەیاڵێکی واقیعی ئەوتۆبێت ، بتوانێ شتەکان بە ڕوونی بدینێ و بە دروستی وێنەیان بگرێت ، باکارەکەی زۆر دیمەن و ڕووداویشی تێدابێ ، کە بە خۆی ڕاستەوخۆش نەی جەڕباندبێ و لە دەرێی بازنەی ئەزموونی ئەوابێ ، دەتوانێ ئەو ئەزموونانە بهونەرێنێ و چیرۆکی هونەری باش بەرهەم بهێنێ .

دیارە چیرۆک وەکو هەر بونیادێکی هونەری ، لە کۆمەڵێک کەرەستەی سەرەتایی پێک دێت و پلۆت و گرێچن وەکو ڕەگەزێکی گرینگی چیرۆکڤانی ، بریتییە لە بەرخورد و مالیجەیەکی هونەری ئەو کەرەستە سەرەتاییانە بە مەبەستی هونەراندنیان ...

هەڵبەتە ، هەر چیرۆکێک بگریت بۆ خۆی جۆرە حیکایەتێکە و شەقڵ و مۆرکی حیکایەتی پێوەیە .. ئیدی خوێنەر کە لە خوێندنەوەی دەبێتەوە ، زۆرجار لە خۆی دەپرسێت ، ئایا ئەم حیکایەتە ، حیکایەتێکی جوانە ، فانتازی و سەرەنجڕاکێشە ، ئەوە دێنێ بگێڕدرێتەوە و بخرێتە سەرکاغەز ؟ ئایا نووسەرەکەی توانیویەتی بە شێوەیەکی هونەریانە و هونەرمەندانە بیگێڕێتەوە ؟ ئایا توانیویەتی بەڕیز و بێئەوەی بە درێژ دادڕی یان کورتبڕی ڕیزبەندییەکەی بشێوێنێ ، بیگێڕێتەوە ؟ واتە توانیویەتی بەدەم گێڕانەوەوە ، ڕیزبەندی و هەماهەنگی حیکایەتەکە بپارێزێت ، ئایا ڕووداوەکان بەبێ گرێ و بە ڕەوانی هاتوون و هەر ڕووداوێک زادە و تەواوکەری ڕووداوی پێش خۆی و فەراهەمکاری ڕووداوی پاش خۆیەتی ؟ ئەگەر چیرۆکنووس توانیبێتی

ئەمە بکات مانای وایە وەکو کیمیاگەرێکی بەتوانا توانیویەتی کەرەستە خاوەکانی بەردەستی ، بگۆڕێت بۆ توحفەیەکی هونەری پرشنگدار .

دیارە هەر نووسەرێک شێوازی خۆی هەیە سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن دەگەڵ کەرەستە سەرەتاییەکانی چیرۆکدا ، هەیە کورت بڕیی هێمابەخش بەسەر درێژدادڕیدا پەسەند دەدات ، هەیە درێژ دادڕی و تول و تەفسیلی پێ پەسەندە ، هەیە لە یەک چیرۆکدا ، هەردوو شێوازەکە بەکاردەبات ، لە هەندێ شوێندا پەنا دەباتەبەر زۆروێژی و بەتانا چوون ، لە هەندێ شوێندا پەنا دەباتە بەر کورت بڕیی هێمابەخش ... سەبارەت بە پلۆت و گرێچن ، بە شێوەیەکی گشتی دووجۆرە : پلۆتی ( گرێچن ) شاش ، واتا نەسفت و ، پلۆتی سفت ( ئورگانیک ) . چیرۆکی پلۆت شاش ، لە سەر بناغەی زنجیرەیەک ڕووداو یان هەڵوێستی جودای ئەوتۆ کە پەیوەندییەکی سست بەیەکیانەوە دەبەستێ ، یان پەیوەندییان لە نێواندا نییە ، ڕۆدەنرێت . واتە یەکێتیی کاری چیرۆکڤانی لەم جۆرە چیرۆکەدا گوێ بە ڕیزبەندی ڕووداوان نادات ، بەڵکو زیاد پشت بەو زەمینە و ژینگەیە دەبەستێ کە چیرۆکەکەی تیادەجوڵێت ، یان پشت بە شا قارەمان دەبەستێ ، یا بایەخ بەو ئەنجامگیرییە دەدات کە ڕووداو و قارەمان و هەموو ڕەگەزە چیرۆکڤانییەکان لە خۆدەگرێت ، بەوجۆرە چیرۆکنووس دەکارێت ، کۆمەڵێک ڕووداوی خۆش ، لە شێوەی ئەڵقەی جیاواز ، بێ ئەوەی بەرەنجامی یەکدی بن بخاتەڕوو ...

بەڵام چیرۆکی پلۆت سفت ، بەپێچەوانەوە ، لە سەر بناغەی ڕووداوێن هەڤبەند ڕۆدەنرێت ، هەر ڕووداوێکی ڕەگی لە ڕووداوەکەی پێش خۆی و سەری دەچێتەوە سەر ڕووداوی دوای خۆی ، واتە ڕووداوەکان زادە و بەرەنجامی یەکترن و پەیوەندییەکی سفتیان لە نێواندا هەیە و بە ڕاستە ڕێگەیەکدا دەڕۆن تادەگەنە مەزڵ و مەبەست .. خۆ جاری وایە هەردوو جۆرە پلۆتەکە لە یەک کاری چیرۆکڤانیدا بە کاردەبرێت ، ئیدی جۆری پلۆتەکە گرینگ نییە ، گرینگ ئەوەیە نووسەر بزانێت کام پلۆتە باشتر خزمەتی نەشونمای چیرۆکەکە دەکات و بەرەو هونەرییەتی دەبات .. دیارە هەریەکێک لەم دوو پلۆتە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆیان هەیە ، بۆ نموونە

ئیرادی ئەوە لە چیرۆکی پلۆت سفت دەگیرێت کە هەندێجار ، دەگۆڕێ بۆ کارێکی میکانیکی ، و خوێنەر هەست بەوە ناکات مامەڵە دەگەڵ کارێکی هونەری خۆڕسکدا دەکات ، بەڵکو واهەست دەکات مامەڵە دەگەڵ سنعەتێکی زۆر سفت و مکومدا دەکات . جا ئیرادێکی دیکەی کە لەم بابەتە چیرۆکە دەگیرێت ، ئەوەیە کە زۆرجار لێکەوتەی دەستکرد و ڕێکەوتەکی لێدەبێتەوە ، پڕ دەبێت لە شەرح و شرۆڤە و گێڕانەوەی دەستکرد و ڕووداوێن ڕێکەوتەکی ، وەکو پینەیەکی زەق بەچیرۆکەکەوە دەردەکەوێ . بۆیە مەرجە لە چیرۆکی پلۆت سفتدا ، چیرۆکەکە بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی و بەدەر لە هەرجۆرە ڕێکەوت و دەستکردەگیەک بجوڵێت و گەشەبکات و خوێنەر هەست بە میکانیکیەتی کارە چیرۆکڤانیەکە نەکات .

پلۆتی چیرۆک لە ڕووی بابەتەوە ، دابەش دەبێت بە سەر پلۆتی سادە و پلۆتی لێکدراودا . پلۆتی سادە ، لە چیرۆکدا ، ئەوەیە کە چیرۆکەکە یەک حیکایەتی لە خۆگرتووە ، لە پلۆتی لێکدراودا چیرۆک لە حیکایەتێک پتر لە خۆدەگرێت . ئیدی یەکێتیی کار و یەکێتیی کاریگەری لە چیرۆکدا وا دەخوازێ ، حیکایەتە جۆراوجۆرەکان لە پرۆسەیەکی کارلێکی هونەریدا یەکانگیر ببن و لە یەکەیەکی یەکپارچەدا ئاوێتە و بەرجەستە ببن ، واتە دەبێ چیرۆکنووس بتوانێ بە هەودایەکی نادیار هەموو حیکایەت و خوردە حیکایەتەکان پێکەوە ببەستێ ...

هەڵبەتە لێرەداو لە باسی پلۆتی چیرۆکدا ، پێویستە ئاماژە بۆ حاڵەت و دیاردەیەکی دیکەش بکرێت کە بریتییە لە چۆنییەتی ڕانانی ڕووداوەکان و پەرەپێدانیان . هەڵبەتە چیرۆکنووس ، جۆرەها شێواز و ڕێگەی بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەمە ، دەتوانێ بەگوێرەی پێداویستی هونەریی چیرۆکەکەی پەنا بۆهەریەکێک لەو شێواز و ڕێگایانە بەرێت ، لەوانە : شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ ، یا شێوازی ئوتوبیوگرافی ، یان دوکیۆمێنت و نامەکاری ، یان شێوازی شەپۆلی هۆش یان مەنەلۆکی دەروونی ... شێوازی یەکەم زۆر باوە و لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکاندا پەیڕەوی کراوە و بەدی دەکرێت ، لێرە چیرۆکنووس وەکو مێژوونووس دێت مێژووی ڕواڵەتی کۆمەڵێک کاراکتەر تۆمار دەکات .. لە شێوازی دووەمدا چیرۆکنووس ، پەنا دەباتەبەر

ڕاناوی یەکەم کەس ، خۆی دەخاتە شوێن شاقارەمان ، یان یەکێک لە کاراکتەرە لاوەکییەکان ، بە زمانی ئەوانەوە ئوتوبیوگرافیایەکی خەیاڵئامێز دەگێڕێتەوە . لە شێوازی سێیەمدا پەنا دەبرێتە بەر نامە ونامەکاری ، خۆ هەندێجار چیرۆکنووس ، پتر لە شێوازێک لەم شێوازانە بەکار دەبات .. شێوازی تازەش کە شێوازی شەپۆلی هۆش یان مەنەلۆکی داخلییە ، کە زیاتر مارسل پروست و پاشان جیمس جۆیس و فرجینیا ولف پێشەنگایەتییان دەکرد ، ئەمڕۆ یەکێکە لەو شێوازانەی کە زۆربەی چیرۆکنووسان پەنای دەبەنێ و لە کارە چیرۆکڤانییەکانیاندا بەکاری دەبەن .. ئەو چیرۆکانەی کە بەم شێوازە دێنەنووسین ، ڕووداو یا هەر نییە یان زۆر پەنهان و نادیارە ، زیاتر بیر و ئەو بیرەوەریانەیە کە بیرەوەریانی دییان لێ دەبێتەوە .. مەنولۆگی داخلی ئەو قسانەن کە نە دەبیسترێن و نەدەگوترێن ، لە ڕێگای مەنەلۆگەوە کاراکتەر گوزارشت لەبیرە پەنهانەکانی دەکات ، لەو بیرانەی کە زیاتر لە نائاگاییەوە نزیکن ، بۆیە پابەندی هیچ تەکوزییەکی لۆژیکی نابێت ، ئەوزاری دەستی کاراکتەر لەم جۆرە گوزارشت دەربڕینەدا ، ئەو قسە ڕاستەوخۆیەیە کە پابەندی لایەنی هەرەکەمی یاسا و ڕێسا و ڕێزمانی زمانە ، واتە بیرەوەرییەکان وەکوچۆن بەزەیندا دێن ، وەکو خۆیان ، بێ هیچ ڕتوش و دەستکارییەک دێتە تۆمارکرن .. مرۆڤ کە لەگەڵ کەسێکدا قسان دەکات ، دەپەیڤێ ، دەبێ پابەندی یاسا و ڕێسای زمان بێ تابەرانبەر لێی تێ بگات کە چ دەڵێت .. هەڵبەتە ئینسان بە درێژایی کات هەر لەگەڵ خەڵکیدا قسان ناکات ، بەڵکو دەبیرەوەچوون ، ڕامان ، خەیاڵ ، زیندەخەون ، وەردەوەدانی ڕابردوو ، چینە لە ڕابردوو ، بیرکردنەوە لە ئایندە و فڕین بەباڵی خەون و خەیالان وەختێکی زیاتری مرۆڤ دەگرێت تا لە قسەکردن .. هەر هەموو ئەم حاڵەتانە لە مەنەلۆکی داخلیدا ، بە شێوەیەکی تەکوزی لۆژیکی بەزەین و مێشکدا نایەن ، بەڵکو بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و بەدەر لە هەر ڕیزبەندییەکی لۆژیکی بەزەین و مێشکدا دێن ، دیارە لە دنیای یادەوەریدا ، هەموو زەمەنەکان ، ڕابردوو ، ئێستا و ئایندە تێکەڵاو دەبن و زەمەن مانایەکی نامێنێ . جا چونکە سۆزوگوداز و هەڵچوون و هەست و نەست و خەم و خولیا و ئەڵها و کەڵکەڵە و وێنە زەینییەکانیش هەمان ئەو شتەیان پێ دەگوترێ کەبە قسان دێنە گوتن و نیشاندان ، بۆیە ئەمانەتی هونەری وادەخوازێت ،

هەر هەموو ئەو شتانە وەکو خۆیان بێنە تۆمارکردن و لەم حاڵەتەدا لە هەر دارشتنەوەیەکی ڕێزمانی و لۆژیکی دەبوێردرێ . ئەو بنەما هونەرییەی ئەم جۆرە چیرۆکەی لە سەر ڕۆدەنرێ ، زیاتر ڕانانی لایەنی فیکری و سایکۆلۆژی ژیانی قارەمانانە ، نەک لایەنی دەرەکی و ڕواڵەتی کردەییان و جم وجوڵ و هەڵس و کەوتیان و ئەو پێشهات و ڕووداوانەی پەیوەندییان بەو لایەنە دەرەکییەوە هەیە . بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم جۆرە چیرۆکانە ، لە هەر کردارێکی مرۆڤانی بەدەرن ، واتە مەرج نییە قارەمان و کاراکتەر هیچ جۆڵەیەک و پەیوەندییەکی بەهەندێ کەسی ترەوە نەبێت ، بەڵکو ئەو پەیوەندییە کەمەی بە ژمارەیەک خەڵکانی کەمی دیکەوە هەیەتێ ، یارمەتی نووسەر دەدات کە دەرهاوێشتە فیکرییە خۆڕسک و زندە خەونەکانی کاراکتەرەکان ڕاو بکات و بەجۆرێ هەڵیان ببژێرێ و بیانهونەرێنێ هەم خزمەتی هونەرییەتی چیرۆکەکە بکات و هەم بەگوێرەی توانا ئەوپەڕی لەزەتی ئیستاتیکی بەخوێنەر ببەخشێت .

دیارە هەر ڕێباز و شێوازێک لەم ڕێباز و شێوازانە لایەنی ئەرێنی خۆی هەیە ، بۆ نموونە ڕێباز و شێوازی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ ، یارمەتی نووسەر دەدات و دەستی والا دەکات بەکەیفی دڵی خۆی کاراکتەرەکانی بجولێنێ و شوێن و هەڵوێستەکان بە ئارەزووی خۆی وێنە بگرێت . ڕێبازەکانی دیکەش یارمەتی نووسەر دەدەن کە هاماج و ئوتموسفیرێکی سادە و ڕاستگۆیانەی ئاسایی ئەوتۆ وێنە بگرێت و بەرجەستە بکات کە بەلای خوێنەرەوە زۆر ئاسایی و خۆڕسک بنوێنێ و لە هەر ئاڵۆزاندنێکی دەستکرد دووربێت .. بۆ نموونە یەکێک لە ئاڵۆزاندنە دەستکردەکان لە شێواز و ڕێبازی ئوتوبیوگرافیانەدا ئەوەیە نووسەر لە بازنەی کاراکتەرەکە دەردەچێت ، کاراکتەر بە زمانێک دێنێتە دواندن ، کە زمانی ئەو نییە ، واتە کاراکتەر لەم حاڵەتەدا گوزارشت لە خودی خۆی ناکات ، دەبێ بە پەیڤداری نووسەر ، بە زمانی نووسەرەوە قسەدەکات و گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی نووسەر دەکات ، نەک هی خۆی .. هەڵبەتە ڕێباز و شێوازی نامە ویاداشتیش ئەرێنی خۆی هەیە و زەمینە بۆ نووسەر خۆش دەکات ، بەو پەڕی ئازادی و ڕەهایی گوزارشت لەو هەست و نەست و سۆزوگوداز و خولیا و کەڵکەڵە و ئاوات و ئارەزووانە بکات کە لەناخی هەریەکێک لە کاراکتەرەکاندا پەنگاوەتەوە و

بەگوێرەی پێداویستی هونەری ، بیخاتە خزمەتی هونەراندنی کارە چیرۆکڤانییەکەوە .

هەڵبەتە چیرۆکی شەپۆلی هۆش ، یان مەنەلۆگی داخلی ، زەمینە بۆ نووسەر خۆشدەکات ، وێنەی ژیانمان ، بەگوێرەی وێنای کاراکتەرەکە بۆ ژیان ، بۆ وێنە بگرێت ، پەردە لە سەر نۆڕینی کاراکتەرەکە بۆ کاراکتەرەکانی دی لابدات و هەروەها بەپێچەوانەشەوە ئیدی بەوجۆرە لە میانی دنیای ئاگایی و نائاگایی تایبەتی کاراکتەرەکەوە ، سیما و کەسایەتی کاراکتەرەکەمان بۆ وێنە دەگرێت و لە میانەی کاراکتەرەکانی دیکەوە تیشکی دەخاتەسەر و لە ئەنجامدا وێنەیەکی تەژی جوانی و ئارامی و ڕاستگۆییمان پێشکەش دەکات . دیارە ئەم ڕێباز و شێوازە چیرۆکڤانییە جۆرەها شیکردنەوەی دەرونیمان پێشکەش دەکات و بە زۆری ژیانی نائاگایی مرۆڤمان بۆ وێنە دەگرێت .. بەهەرحاڵ ئەگەر هەندێک بە وردی سەرنجی بونیادی چیرۆک بدەی ، زۆر لە ژیانی مرۆڤ دەچێ ، بریتییە لە دەستپێک و سەرەتا ، هەڵگەڕان و هەڵکشان بەرەو لوتکە ، داگەڕان و هاتنەخوارەوە و ئەوسا کۆتایی.

***

قارەمان ، یا کاراکتەر یەکێکە لە ڕەگەز و کۆڵەکە گرینگەکانی چیرۆک . بۆیە بابەتەکەی لە ئەزموونی ئاسایی ژیانەوە وەرگیرابێ یان لە خەیاڵ و میتاخەیاڵەوە هەڵێنجرابێ ، نووسەر لە سەرێتی بە کاراکتەرێن مرۆڤانی زیندوو ، ئاوا و ئاوەدانی بکاتەوە ، ئەم کاراکتەرانە بە درێژایی چیرۆکەکە لە جم و جۆڵ و هەڵسوکەوتی بەردەوامدا بن وکاتێ خوێنەر لە خوێندنەوەی کارە چیرۆکڤانییەکە دەبێتەوە ، کاراکتەرەکان لە یادگە و زاکیرەیدا بە زیندوویی بمێننەوە ، واتە وەکو کاراکتەرانی ناو ژیانی ئاسایی ، چونکە چیرۆکیش بۆ خۆی ژیانە ، ژیانێکی هونەری و تایبەتییە .. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە نووسەر ئەم کاراکتەرانە لە کوێوە دێنێت ؟ دیارە ئەم کاراکتەرانە سەرچاوەی جۆراو جۆریان هەیە ، جاری واهەیە نووسەر لەواقیعەوە وەری دەگرێت و بەگوێرەی پێداویستییە هونەرییەکانی کارە چیرۆکڤانییەکەی دەستکاری و ڕتوشی دەکات . یان جاری واهەیە لە کۆڕ و مەجلیسێکدا باسی کەسایەتییەک دەبیستێ ، یا هاوڕێیەکی وەسف و باسی

کەسایەتیەکی واقیعی بۆ دەکات و ئەم لە بۆتەی خەیاڵ و زەینی خۆیدا قاڵی دەکاتەوە و دەیگوازێتەوە بۆ ناو چیرۆکەکەی ، یا لە ڕۆژنامە و کتێباندا باسی کەسایەتییەک دەخوێنێتەوە ، یا هەندێجار بەخەیاڵ دروستی دەکات و تایبەتمەندی و هونەریەتیەکی ئەوتۆی پێدەبەخشێت ، کە بە زیندوویەتی بمێنێتەوە .. هەڵبەتە ڕوون و عەیانە کە باری سەرنجی نووسەران ، بۆ ژیان و خەڵکانی ناو ژیان لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی جیاوازە و لای هەموو نووسەرێک بەهەمان قووڵی و دەوڵەمەندی و فراوانی نییە ، هەر بۆیەش مامەڵەی هونەریی هەر نووسەرێک دەگەڵ کاراکتەر و کەسایەتی ناو بەرهەمە چیرۆکڤانیەکەیدا جیاوازە لە نووسەرێکی دی ، ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی کە چەند ئەزموون و شارەزایی نووسەر سەبارەت بە کاراکتەرە جیاوازە مرۆڤانیەکان ، دەوڵەمەند و فرە مەوداتر بێ ، زیاتر دەکارێت کاراکتەرانی زیندوو و قەناعەتبەخش ، هەڵبەتە قەناعەتبەخش بە گوێرەی واقیعی چیرۆکەکە ، پێشکەش بکات.

هەڵبەتە وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ چیرۆک وەکو هونەر بریتی نییە لە کۆپی کردنەوەی موو بە مووی واقیع و ژیان ، دیارە ئەمە سەبارەت بە کاراکتەر و قارەمانیش دروستە ، نووسەر ، وەکو کەسێکی هونەرمەند و داهێنەر ، دەبێ جڵەو بۆ خەیاڵ شل بکات تا دەورێکی گرینگ لە وێنەگرتنی کاراکتەرەکاندا بگێڕێت ، دیارە وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی سەرکەوتوانەی کاراکتەران ، تاڕادەیەکی یەجگار زۆر دەوەستێتەوە سەر تێگەیشتنی نووسەر لەو کاراکتەر یان کاراکتەرانەی بۆ چیرۆکەکەی هەڵدەبژێرێت ، وەستاوەتە سەر ئەوەی تا چەند دەکارێت بچێتە کلێشەی ئەو کاراکتەرەوە کە دەیەوێ وێنەی بگرێت ، واتە پێویستە نووسەر ، دەرکی تەواوی لەمەڕ تواناکانی کاراکتەرە مرۆڤانیەکان و وزە پەنهانەکانیان هەبێت ، ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێت کە لە کاراکتەرەکە بگات ، بتوانێ بە ناخیا شۆڕ ببێتەوە ، بچێتە بنج و بناوانی هەستە دەروونییەکانی . جاری وا هەیە نووسەر سیما شەخسی و تایبەتمەندیەکانی کاراکتەرەکەی لە چەند کەسێکی جیاوازی واقیعییەوە هەڵدەهێنجێ و مۆنتاژی دەکات و کاراکتەرێکی چیرۆکڤانی لێ دروستدەکات ، بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش ، بەپێویستی دەزانم جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە کە نووسەر ، نموونەکانی

لە ژیانەوە وەکو خۆی ، موو بە موو کۆپی ناکات ، ئەو شتانە لە ژیانەوە وەردەگرێت کە پێویستی پێیانە و بە جۆرێ مۆنتاژیان دەکات و دەیان هونەرێنێ کە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بە دەستەوە بدات و دەگەڵ مەبەستە تایبەتیەکانی نووسەردا تێکبکەنەوە لە زەتێکی ئیستاتیکی بە خوێنەر ببەخشێت . جا بەم پێودانگە کاراکتەر لە چیرۆکدا جیاوازە وەک لە ژیاندا . هونەر و ژیان دووشتی جیاوازن ، هونەر لە ژیانی ئاسایی و واقیعی بالاترە .. بەشەر لە ژیاندا بوونێکی بەردەوامی هەیە ، بەڵام کاراکتەر لە چیرۆکدا تەنیا ئەو کاتانە دەردەکەوێت ، کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە کارێک بکات ..

***

هەندێ نووسەر هەن ، بەرانبەر کاراکتەرەکانیان زۆر بە لوتف و میهرەبان و نەرم ونیانن ، هەندێکی دی هەن زۆر سەختگیر و توندن و بەچاوی حەقارەت و دوژمنایەتیەوە سەیریان دەکەن و مامەڵەی توندیان دەگەڵ دەکەن ، هەندێکی دی هەن ، هەڵوێستی مامناوەندیان لەمەڕ کاراکتەرەکانیان هەیە ، ئەمە ئەو نووسەرانەن کە بێ لایەنانە مامەڵە دەگەڵ کاراکتەرەکانیان دەکەن و لایەنی ئەرێنی و نەرێنیان بە تەرزێکی بێ لایەنانە بە جۆرێ تاوتوێ دەکەن ، کە دەگەڵ ئەرکە هونەرییەکەیاندا تێکبکاتەوە... هەڵبەتە نووسەر دەبێ ئاگاداری ئەوەبێ کە نابێت بەجۆرێ تەحەکوم بە کاراکتەرانەوە بکات و گوشاری هەمیشەییان بخاتەسەر ، کە ببێتە ئامێر و ئالەتی دەستی ئەو و بیرو بۆچوونی ئەو کاوێژ بکەنەوەو بە عازی ئەو ، بجوڵێنەوە و هەر ناسنامەو تایبەتمەندییەکی خۆ لە دەست بدەن .. نووسەر قارەمانەکانی ڕەهای ناو دنیای چیرۆکەکەی دەکات ، هەر قارەمانە ڕێگا و ڕێبازێک دەگرێتەبەر ، هی وا هەیە خۆی بۆ وەعز و ئاموچیاری تەرخان دەکات ، هی وا هەیە خۆی وەقفی خزمەتی مەزەب و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی دەکات و بانگەشەی بۆدەکات و ... هتد ، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێ کە کاراکتەر خولام و خزمەتکار و ئالەتی دەستی نووسەر نییە ، قارەمان و کاراکتەری وا هەیە لە نووسەر یاخی دەبێ ، دەگەڵ راو بۆچوونانی ئەودا نییە ، بە گوێی ناکات ، ڕازی نابێ بیرو بۆچوونانی ئەو

بڵاوبکاتەوە ... بۆیە باشتر وایە هیچ قارەمانێک نەبێت بەزمانحاڵی نووسەر، ئەگەر بە گوێی نووسەر بکات و بەعازی وی بجوڵێتەوە ، مانای وایە قارەمانێکی بێ ناسنامەی تایبەتی و مردووە ...

نووسەر ، لە وێنەگرتنی کاراکتەرانی چیرۆکەکەیدا ، دوو ڕێگە و شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر .. شێوازی ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە نووسەر کاراکتەرەکانی لە دەرێ ڕا وێنەدەگرێت ، سۆزوگوداز و خەم و خولیا و کەڵکەڵە و ئەڵها و ئەنگیزە و بیر و هەستەکانی شەرح و شرۆڤە دەکات ، پەیگیری هەندێک لە ڕەفتارەکانیان دەکات و هەندێکی تریان ڕاڤە و شرۆڤە دەکات و زۆرجار ڕای خۆی بە ئاشکرا یان پەنامەکی دەربارەیان دەردەبڕێت .. بەڵام لە شێوازی ناڕاستەوخۆدا ، نووسەر خۆی دوور دەگرێت ، تارێگا بەکاراکتەر بدات لە ڕێگای گوفتار و ڕەفتارێن تایبەتی خۆیەوە ، گوزارشت لە خۆی بکات و گەوهەری خۆی کەشف بکات . هەوڵدەدات لە ڕێگای قسە و گوتاری کاراکتەرەکانی ترەوە دەربارەی ئەو، هەندێ سیما و خەسڵەتی ئەو ڕوون بکاتەوە . هەڵبەتە نووسەر بۆی هەیە هەردوو ڕێباز و شێوازەکە بەکار بەرێت .. بەڵام لەو چیرۆکانەدا کە بە راناوی یەکەم کەس دەگێڕدرێنەوە یان لە ڕێگای شەپۆلی هۆشەوە ڕۆدەنرێن ، نووسەر ناتوانێ خۆی لە مەسەلەکان هەڵقورتێنێ ، بەڵکو دەرفەت بە کاراکتەر دەدات کە خۆی پەردە لە سەر جەوهەر و کرۆکی خۆی هەڵبداتەوە ، ئەمەش لە ڕێگای ئیعتراف و لێکەوتەی هزر و بیرانەوە ، ئەم جۆرە کاراکتەرەکەمان بە شێوازی نا ڕاستەوخۆ بۆ کەشف دەبێت ، دیارە لە ڕەخنەی نوێ و مودێرندا ، شێواز و ڕێبازی نا ڕاستەوخۆ پەسەندترە ، چونکە کەشف بوونی کاراکتەر لە ناوەوە زۆر کاریگەرترە لەوەی لە دەرێ ڕا بێتە وەسف کردن ، واتە کاراکتەر لە ناوەوە تیشک بخاتە سەرخۆی و خۆی بناسێنێ لە ڕووی هونەرییەوە پەسەندتر و کاریگەرتر دەبێت .

کاراکتەر دوو جۆری سەرەکی هەیە ، کاراکتەری سادە ( Flat ) و کاراکتەری ناسادە ( Round ) .. کاراکتەری سادە ناوی خۆی بەخۆیەوە ، بە درێژایی چیرۆکەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە ، نا گۆڕێت ، ڕووداوەکان کاری تێناکەن و لە هەوەڵی چیرۆکەکەوە تا کۆتایی چیرۆکەکە بەدەقی خۆیەوە دەمێنێتەوە ،

بەڵام کاراکتەری ئاڵۆز یان ناسادە بەردەوام لە حاڵی نەش ونمادایە ، بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات بەرەبەرە لە میانەی چیرۆکەکەوە دێتە کەشف بوون ، لەگەڵ پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا پەرەدەسەنێ ، پەرەسەندن و گۆڕانەکەشی زیاتر زادە و بەرئەنجامی کارلێکی بەردەوامیەتی دەگەڵ ڕووداوەکاندا، کارلێکەکەش یا ئاشکرا و خویایە یا پەنامەکی و پەنهانە .

هەڵبەتە لە پاڵ ئەمەشدا کاراکتەرێن مرۆڤانی ( تاک ) هەیە و نموونەێن بەشەریش هەن . کاراکتەری مرۆڤانی تایبەتمەندی و سیمای جیاکەرەوەی خۆی هەیە کە لە کاراکتەرانی دیکەی جیادەکاتەوە ، بەڵام نموونەی بەشەری ، بەرجەستەکردنێکی ئایدیالی و نموونەیی سیفەتێک یان کێمیاسیەک یا چینێک یا کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتیە کە هەموو سیفەت و خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئەو چین و کۆمەڵە خەڵکەی تیایە .. واتە کاراکتەر لەو حاڵەتەدا نوێنەری خۆی نییە، بەڵکو نوێنەری خەڵکانی دیکەیە ... کاراکتەر دەبێ واقیعی و قەناعەتبەخش بێت ، نە بەڕادەیەک شاخ و باڵی لێ بنرێ بکەوێتە سەرووی واقیعەوە ، نە ئەوەندە سووک و چروک بکرێت بکەوێتە ژێر واقیعەوە ، بەڵکو دەبێت تێکەڵەیەک بێ لە چاکە و خراپە وەکو ئەو کەسایەتیە ئاساییانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرێن ، یا وەکو ئەو کەسایەتیانەی لە خودی خۆمانا ، لە ناخی خۆماندا کەشفیان دەکەین .. واتە نەکەسانی سپی سپی هەن و نە کەسانی ڕەشی ڕەش ، بەڵکو کاراکتەری مرۆڤانی تێکەڵەیەکە لە ڕەش و لە سپی ، لە چاکە و لەخراپە. دیارە کاراکتەرە مرۆڤانیەکان ( تاک ) بە گوێرەی جیاوازی ڕێژەی ئەم تێکەڵەیە ، لە یەکدی جیادەکرێنەوە . واتە خەڵکانێک هەن لایەنی چاکەیان تیادا زاڵە و خەڵکانێک هەن بە پێچەوانەوە.

***

دیارە هاماج و ئوتمۆسفێر یان ژینگە، ڕەگەزێکی دیکەی گرینگی چیرۆکە . کە ئەم ڕەگەزە لە ڕاستیدا ، کات و شوێنی چیرۆک دەگرێتەوە .. نووسەر لە وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی ژینگەی چیرۆکەکەیدا یا پەنا وەبەر سەرنج و نۆڕین دەبات ، یا پشت بە خوێندنەوە تایبەتیەکانی خۆی دەبەستێ ، یان پەنا دەباتە بەر خەیاڵی داهێنەرانە ... ئیدی زەمینەیەکی لەبار خۆشدەکات

تا هەموو ڕەگەزە چیرۆکڤانیەکان بە دەم کارلێکی هونەرییەوە ، موماڕەسەی ژیانی هونەری خۆیانی تیابکەن و هونەرییەت پەیدابکەن ، هەر نووسەرەش بە گوێرەی توانا و ئەزموونی خۆی و بەپێی بابەتی چیرۆکەکەی ژینگەیەک هەڵدەبژێرێ ، وەکو ژینگەی دەریایی ، سەربازی ، ژیانی شارانی پیشەسازی ، ژینگەی بازرگانی ، کشتوکاڵی ، یان هونەری و بە پێی ئەزموونی خۆی لە ژیاندا . ڕوو دەکەنە وێنەگرتنی چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی ، بۆنموونە چینی بورژوای بچووک ... ئیدی لێرەدا گرینگە نووسەر لە هەڵبژاردنی بابەتدا ، لە بازنەی ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی دەرنەچێت ، بۆ ئەوەی بکارێت کۆمەڵێک وێنەی ئاسایی و ڕوون و ورد و سنووردار ، هونەرمەندانە بخاتەڕوو و لە هەر درێژدادڕی و خۆکاوێژکردنەوەیەک بخەلەسێ.

بە هەرحاڵ نووسەر دەبێ شارەزاییەکی باشی لە ژینگەی چیرۆکەکەیدا هەبێت ، و خوێندنەوەیەکی ورد و شارەزایانەی تەواوی بۆی هەبێ، و ئاگاداری کارلێکی نێوان ژینگە و کاراکتەرەکان بێت .. چونکە جوانی زۆر چیرۆک لەوەدایە کە نووسەر توانیویەتی ژینگەیەکی تایبەتی ، یا چینێکی کۆمەڵایەتی و جڤاکی ڕاستگۆیانە وێنە بگرێ و بەرجەستە بکات.

هەڵبەتە هەر نووسەرەو بە شێوەیەکی جیاواز بایەخ بە ژینگەی ئاسایی دەدات و مامەڵەی لەتەکدا دەکات ، هی وا هەیە حەزی لە وەسفی تێروتەسەلە ، هێندە بەتانی وەسفدا دەچێ تەنانەت کوچە و کۆڵان و جادە و شەقام و گەڕەک و ماڵانیش نابوێرێ ، هی واش هەیە بە چڕە وەسفێکی بلەز وازدێنێ .

هەڵبەتە هەر سەبارەت بە ژینگەی ئاسایی ، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە توانای نووسەران لە وێنەگرتنی دیمەنە ئاسایی و سروشتیەکاندا ، جیاوازە . هەر یەکەیان شێوازێک دەگرێتەبەر ، هی واهەیە وەسفی لە پێناوی وەسفدا دەوێ ، هەموو خەمێکی ئەوەیە کە وێنەیەکی ئاسایی جوان پێشکەش بکات ، با هەندێجار پەیوەندییەکی ئەوتۆشی بە ژیانی مرۆڤانی ناو چیرۆکەکەوە نەبێت . هی واش هەیە وەسف بە فاکتەرێکی کاریگەر دەزانێ بە سەر ڕووداو و کاراکتەرەکانەوە . ئیدی وەکو ئەوزارێک بۆ کەشفکردنی سۆز یا هەستە دەروونییەکانی کاراکتەر بەرانبەر

بەهەڵوێستێک بەکاری دەبات ، ئیدی ئەو وەسف و دیمەنە ئاساییە دەبێتە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی نەش ونمای کاراکتەر ، یان ئەنگیزەیەک لەو ئەنگیزانەی کە نەفسیەتی ئەو کاراکتەرە پێک دەهێنن . زۆر جاریش وەسف و تەبیعەت وەکو ڕەگەزێکی کارا و زەمینەساز ، بۆ پێشبینی کردنی ڕووداوان بەکار براوە و دەبرێ و لە دنیای چیرۆکیشدا زۆر باووبڵاوە و پێویستە نووسەر بە جۆرێ بەکاری بەرێ کە بەهایەکی هونەری گەورە لە دەقی چیرۆکەکەیدا پەیدابکات . نەک ببێت بە سەربار بەسەر چیرۆکەکەیەوە..

***

هەڵبەتە هەر چیرۆکێک بگریت ، لە شێواز و ستایل بەدەرنییە ، لێرەدا مەبەست لە ستایل چۆنیەتی بەکاربردنی ئەو کەرەستە سەرەتایی و ڕەگەزە خاوانەی بەردەستی نووسەرە ، بە مەبەست و بە ئاراستەی وەدیهێنانی ئامانجە هونەرییەکانی . ئەوزار و کەرەستەکانی بەردەستی نووسەر بریتیە لە کاراکتەران و ڕووداوان و ژینگە و ئۆتموسفێر ، ئیدی نووسەر لە سەرێتی هەموو ئەم ڕەگەزانە لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری سفت و ناوازەدا یەکبخات و کۆبکاتەوە .. دیارە شێواز و ستایل جۆری زۆرە ، نووسەر ، کام شێواز و ستایلە پتر لە گەڵ بابەتەکەیدا بگونجێت ، ئەوە هەڵدەبژێرێ ، ڕەنگە دوو نووسەر یا پتر، لە چوارچێوەی گشتی ستایلدا لە یەکدی بچن ، بەڵام لە وردەکاریدا جیاوازن ، چونکە هەر نووسەرە ڕێباز و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی وشە و ڕستەبەندی و تەنسیق و تەرتیبی ڕووداواندا .. بۆیە شێواز و ستایلی گوزارشتی ، لەمانا نایەتە دابڕین ، مانا بەدەلالەتە بەرینەکەی .. جا لەم پێودانگەوە شێوازی گوزارشتی ، مانا و هەست و ڕیتم و مەبەست لە خۆدەگرێت . هەست ؛ هەڵوێستی نووسەرە سەبارەت بەو مانایەی دەیەوێ بیگوازێتەوە و بیگەیەنێ ، ڕیتم ئەوزاری پەیوەندی کردنە بەخوێنەرەوە ، پردی گەیشتنە بە خوێنەر ، مەبەست ، ئەو ئامانجەیە کە نووسەر گەرەکیە بیگاتێ ... هەڵبەتە ئەو شتەی ، کە مرۆڤ دەیەوێ دەری ببڕێت و گوزارشتی لێبکات ، یەک وشە هەیە گوزارشتی لێبکات ، یەک فرمان هەیە بیگەیەنێ ، یەک ئاوەڵناو هەیە کە دیاری بکات ، بۆیە نووسەر دەبێ ئەو وشە و فرمان و ئاوەڵناوە ، کە دەکەنە کلیل و کۆدی

دەقەکە ، بدۆزێتەوە ، دەبێ لەبن ئەرزیشدا بێ بیاندۆزێتەوە ، چۆنکە پرۆسەی نووسین ، هەوڵێکی بێوچانە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێداویستییەکانی مانا و ڕیتم و هەست و مەبەستەوەیە و دەبێ لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بێنەدی و بەرجەستە ببن .. جا لێرەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە پرۆسەی نووسین ، بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی پاچڤە .. پرۆست لەم بارەیەوە گوتوویەتی : ئەرکی نووسەر لە ڕاستیدا ، لە ناوەڕۆکا ، جگە لە پرۆسەی پاچڤە هیچی دی نییە . .

ڕەنگە شیعر ئەوزارێکی ئەمین بێ بۆ گوێزانەوە و بەرجەستەکردنی هەست . بەڵام پەخشان دەکاتە پاچڤەی هەست ، بۆیە قەسیدەی شیعری ناوەڕۆک و فۆرم لە یەکەیەکی ئۆرگانێکی تەواودا کۆدەکاتەوە ، بەڵام پەخشان تەتەڵە و گێژە و بێژەیەکی یەجگار زۆری دەوێ تادەقی خۆی وەردەگرێت .. هەڵبەتە شێواز و ستایل ، لە کرۆک و جەوهەردا ، گوزارشتێکی هونەرییە لە مانا ، بۆیە هیچ نابێتە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ شێواز دەکاتە نووسەر .. گومانیش لەوەدا نییە مجێزی نووسەر بەگوێرەی کات و زروف دەگوڕدرێت ، بۆیە دەبێ بەرلەوەی دەست بەنووسین بکات ، خۆی لە هەر بوغز وکینە و خولیا و کەڵکەڵەیەکی نائاسایی و دزیو پاک بکاتەوە ، تا کارە چیرۆکڤانییەکەی هەم سوودبەخش و هەم لەزەتبەخش بێ.

دیارە لەباسی ستایل و شێوازدا ، پێویستە ، ئەگەر بە شێوەیەکی بلەزش بووە ، ئاوڕێک ، ئەگەر لامسەرلاییش بووە ، لە دیالۆگ بدرێتەوە ، چونکە دیالۆگ بەشێکی گرینگە لە ستایل و شێوازی چیرۆک .. دیالۆگ بەهیچ کلۆجێ لە قارەمان و کاراکتەر نایەتە داربڕین . بۆیە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە نووسەر لە وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی کاراکتەراندا پەنای دەباتێ . ئەمە جگە لەوەی زۆرجار دیالۆگی بەجێ و ڕەوان ، دەبێتە سەرچاوەی لەزەتی ئیستاتیکی لە چیرۆکدا ، کاراکتەرانی چیرۆک لە ڕێگای دیالۆگەوە دەگەنە یەکدی . هەڵبەتە دیالۆگی پڕ گوزارشت و جوان ، زیندوویەتی و دینامیکیەت بەگێڕانەوەش دەدات .. دەشێت هەندێجار دیالۆگ بۆ پەرەپێدانی ڕووداو بەکار ببرێت ، بەڵام کاری ڕاستەقینەی دیالۆگ لە چیرۆکدا ، پەردەلادان و هەڵماڵینە لە سەر سۆز وهەستە جۆراوجۆرەکان و

هەستی باتینی کاراکتەر لە هەنبەر ڕووداوەکان یان کاراکتەرەکانی دی ، کە ئەمە ئیعترافی پێدەگوترێ ، لێ مەرجە ئەم کارە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و دوور لە هەر جۆرە دەستکردییەک ڕووبدات .. دیالۆگ یەکێکە لەو ڕەگەزە چیرۆکڤانییە گرینگانەی کە کاراکتەران لەمیانەیەوە ، ئازادانە بەشداری ڕووداوەکانی چیرۆک دەکەن و ڕووداوەکان دەخەنە بەرچاوی خوێنەر ، بۆیە نووسەری کارامە خۆی لە دیالۆگی کاراکتەران هەڵناقورتێنێ ، بەڵکو ڕێگە بۆ کاراکتەر چۆڵ دەکات ، تا بەکەیفی خۆی قسان بکات و هەست و سۆز و خەم و خولیا و کەڵکەڵە و ئەڵهاکانی دەرببڕێت .. دیارە ئەم ڕێبازە لە ژیانەوە نزیکترە ، و ڕاستگۆیانەتر گوزارشت لە دڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات .

دیارە دیالۆگ پێویستە زادە و هەڵقولاوی زەروورەتی چیرۆکڤانی چیرۆکەکە بێ ، تاخوێنەر هەست نەکات ڕەگەزێکی نامۆیە و لە دەرێی چیرۆکەکەوە هێنراوە و بە تۆبزی بەسەر کاراکتەرەکاندا سەپێنراوە . واتە دەبێ زادەی زەروورەتی نەش ونمای ڕووداوەکان و ڕیشاژۆبوونی ڕەگەزی درامی چیرۆکەکە بێ ، یان ڕۆڵی لە بەرجەستەبوونی کاراکتەرەکان و کەشف کردنی هەڵوێستی کاراکتەرەکاندا لە هەنبەر ڕووداوەکاندا هەبێ ، هەر دیالۆگێک یەکێک لەو ڕۆڵ و دەورانە نەبینێ ، لە ڕوانگەی هونەرەوە دەبێ بەشتێکی نامۆ و بەبار بەسەر کارە چیرۆکڤانییەکەوە ... نامۆ وەکو کۆمێنت و شرۆڤە و بە دوادا چوون و تاقیب و وەعز و وتارخوێنییەکانی نووسەر ، کە ئەم دیاردە و خەوشە زیاتر لای ئەو چیرۆکنووسانە بەدی دەکرێت کە وەعز و ئامۆژگاری بەسەر یەکێتی و سفتی کاری هونەریدا پەسند دەدەن . هەڵبەتە دیالۆگ جگە لەوەی دەبێ ئاوێتەی کرۆک و جەوهەری کاری چیرۆکڤانی ببێ و بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی تێکەڵ بە ڕەگەزەکانی دیکە ببێت ، پێویستە زۆر ڕەوان و ئاسایی و جوان بێ ، هەم یارمەتی گەشە و نەشەی ڕووداوەکان بدات و هەم پڕ بە پێستی کاراکتەرەکە و هەڵوێستە هونەرییەکە بێت .. نووسەر دەبێ خۆی لەو دیالۆگانە ببوێرێ کە پتر لە وڕێنە و جەنەبازییەوە نزیکن تا لە دیالۆگی هونەری پەیامدارەوە . بەتایبەتی کە نووسەر لە هەڵبژاردندا ئازادە ، و دەتوانێ بە دیالۆگ و دوانی کاراکتەرەکانیا بچێتەوە ، تەتەڵە و گێژە و بێژەی بکات و ئەوەی لێ هەڵبژێرێ کە خزمەتی کارە چیرۆکڤانییەکەی بکات ، واتە دەبێ لە هەڵبژاردنەکەیدا ، بەر لە هەر

شتێک ئەوە ڕەچاو بکات ، کە ئەم مژارە چەند دەور لە هاتنەدی بەها هونەریەکانی کارە چیرۆکڤانیەکەدا دەبینێ و لەڕەوتی گشتی ڕووداو و کاراکتەرەکان دەرناچێت و بۆ خوێنەر قەناعەتبەخش و ئاساییە .

***

جا هەر لە باسی پرسی دیالۆگدا ، پرسی زمانی ئەدەبی و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دێتە ئاراوە ... هەڵبەتە مەسەلەی بەکاربردنی زمانی ئاخاوتن ، لە چیرۆکدا ، زیاتر لە دیالۆگدا دێتە پێشەوە و زۆربەی نووسەران بۆیە پەنای دەبەنێ تا شەقڵێکی زیندوو و واقیعی بە چیرۆکەکانیان ببەخشێت ... هەندێ نووسەریش هەن ، لە جیاتی کاراکتەرەکانیان بە زمانێکی ئەدەبی پەتی و خالیسە قسان دەکەن و گوێیان لەوە نییە ئەم قسە و دیالۆگە، ڕاستگۆیە یان دەستکردە ، ڕەنگە بیانوویان ئەوەبێ کە ئەدەب لە واقیع باڵاترە و فاکتەرێکە بۆ دروستبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی نەتەوەیی .. هەندێکی دی هەن هەردوو زمانی ئەدەبی و ئاخاوتنی ڕۆژانە ئاوێتە دەکەن و بە گوێرەی واقیعی دەروونی و زمانەوانی کاراکتەرەکان ، زمانێکی مامناوەندی سادە و مەفهووم لە هەر دوو زمانەکە چێدەکەن .. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هیچ هەنجەت و بیانوویەکی هونەری نییە ، بۆ ڕێگرتن لە بەکاربردنی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە دیالۆگی چیرۆکڤانیدا ...

***

خوێنەری جدی یا خوێنەری ڕەخنەگر ، هەر بەخوێندنەوەی ڕەوتەنی دەقێک سوکنایی نایەت و ڕۆحی کونجکاوی تێر و پاراو نابێت ، تەنیا لە دووی لەزەتێکی هونەری نییە ، بە ڵکو عەودالّی ئەوەشە کە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی هونەریش بۆ نووسەرەکە بکات و بچێتە بنج و بناوانی ئەوەی کە ئەم نووسەرە چ ڕاڤەیەکی بۆ ژیان کردووە ، چۆنی شەن و کەو کردووە ، چ فەلسەفەیەکی بۆ ژیان و بەرانبەر بەژیان هەیە . دیارە ژیان بە هەموو بوونەوەرانیەوە بە نێر و مێیەوە ، بە ژن و پیاوییەوە ، بە هەموو هەست و سۆزی ناخیانەوە ، بەهەموو خولیا و خەیاڵەکانیانەوە ، بەگشت بەها و بیرەکانیانەوە ، بابەتی چیرۆکن ، ئەمەش وا دەخوازێ نووسەر ، واتە چیرۆکنووس ، هەڵوێستی تایبەتی خۆی سەبارەت بەو ژیانە ، بە شێوەی

ڕاستەوخۆ یان بە شێوەی ئیحا و سەرۆ و تیل نیشان ، وێنەبگرێ و بنوێنێ .. ڕەنگە نووسەر لە خەمی ئەوەدا نەبێ بە بەرنامە فەلسەفە و بیرو هزری خۆی دەرببڕێت ، ڕەنگە چیرۆکەکەی بەدەر لەو جۆرە مەبەست و ئامانجە بنووسێت ، بەڵام خوێنەری جدی ئەمە لەبن دێڕی چیرۆکەکەیدا دەدۆزێتەوە ، یانی خودی چیرۆکەکە کە نیازە پەنهانەکانی نووسەر کەشف دەکات ، نۆڕین و بۆچوونی نووسەر لەمیانەی چۆنیەتی هەڵبژاردنی ڕووداوەکان و مالیجەی هونەریی ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێ ، لە میانەی بەرجەستەکردنی هونەریانەی کاراکتەرەکان و جوڵاندن و ڕاڤەکردنیانەوە لە ناو چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ ، هەڵبەتە نووسەر نایەت هەموو ورد و درشتێکی ژیان وەکو خۆی بگوازێتەوە و بگێڕێتەوە ، بەڵکو ئەو تیمە و لایەنانە هەڵدەبژێرێ کە بۆ کارە چیرۆکڤانیەکەی پێویستە ، تەتەڵە و گێژە وبێژەیان دەکات و لە بۆتەی هونەردا قاڵیان دەکاتەوە و لەو ڕێگایەوە شرۆڤەی هونەریی ژیان دەکات ، کاراکتەری تایبەتی هەڵدەبژێرێ و ڕووناکییان دەخاتەسەر ، لە میانەی پلۆت و گرێچنەوە بۆچوونی خۆی لەمەڕ بەها ئەخلاقی و مرۆڤانیەکان دەردەبڕێت ..

خوێنەری جدی یا ڕەخنەگر ، لە میانەی ئەم بۆچوونە پەنهان و فەلسەفە نادیارانەوە کە بە سەرانسەری چیرۆکەکدا هونەریانە تۆو دراون ، کەسایەتی نووسەر و فەلسەفە و نۆڕینی بۆ ژیان ، کەشف دەکات . جا ڕەخنەگر وەختایەک کە هەوڵ دەدات بچێتە بنج و بناوانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە ، دەبێ بەر لە هەر شتێک بۆ هەندێک بەهای هونەری بگەڕێت ، کە یەکێک لەو بەهایانە ڕاستگۆییە ، ڕاستگۆییش لە ئەدەبدا ، دەکاتە ئەگەری ڕوودانی  ئەو پێشهات و پێشبینیە هونەرییە لە ژیانی مرۆڤدا ، بەم پێیە ڕاستگۆیی لە هونەردا ، دەکاتە ڕاستگۆیی ئەگەران . واتە ڕاستگۆیی هونەر لەوەدایە کە حەقیقەتە مرۆڤانیە نەمرەکان وێنە بگرێت ، ئەو ساتە مرۆڤانیە زیندووانە وێنە بگرێت کە تا مرۆڤ و ژیان هەبێ ، دەمێنێ و بەردەوام دەبێت .. بەڵام نووسەر چەند ئازادبێ لە هەڵبژاردنی بابەتەکەیدا ، چۆن ڕێکی دەخات ، هەر چۆن پاش و پێشی دەخات ، لێی زیاد دەکات یا لێی کەم دەکات ، چۆنی شەن و کەو دەکات ، تەتەڵە و گێژە وبێژەی دەکات ، هەر هەمووی بەلایەک و پا بەندبوونی بەحەقیقەتە مرۆڤانیە نەمرەکان و

ڕاستگۆیی هونەرییەوە بەلایەک . جا نووسەرێک ئەو هەموو ئازادیە بە خۆی ڕەوا بدینێ و هیچ گرینگیەک بەو ئەرکە هونەریانە نەدات کە لە ئەستۆیەتی ، دەکرێ ، حوکمی درۆ و ساختە بە سەر بەرهەمەکەیدا بدرێ .. بۆ نموونە چیرۆکێن بانگەشەیی ، مەبەست ئەو چیرۆکانەیە بۆ نواندن و بەرجەستەکردنی بیرێک دەنووسرێن ، یان بانگەواز بۆ مەزەب و ئایدۆلۆژیایەک دەکەن ، یا داشداری و لایەنگری لە حیزب و گروپێک دەکەن ، زۆر لەگینە گومڕا ببن و لە ڕاستە ڕێگای داهێنانی هونەری و فیلیڤانی دەربچن ، و لە کاتێکا کاری سەرەکی نووسەر بریتییە لە بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری پوختە و بونیاد دروست ، زیاتر ئیش بۆ جیلواندنی بیرێک یا ئامۆژگارییەک دەکات ، دیارە ئەم دوو فاقیە بە زۆری دووچاری ناکامییەکی زەقی دەکات ، چونکە بانگەوازی مەزەبی بە سەر ڕاستگۆیی هونەریدا پەسند دەدات.

هەڵبەتە هونەر پرەنسیب و یاسا وڕێسای خۆی هەیە و دەبێ بە چاوی ڕێزەوە تەماشای بکرێت و ئیلتیزام و پابەندی ، بەهیچ جۆرێ بەمانای دەرچوون نییە لەتان وپۆی هونەری ، دەرچوون نییە لە پرەنسیب و یاسا و ڕێسا هونەرییەکان ، زۆر کەڵە نووسەر هەن وێڕای ئەوەی مولتەزیم بوون و نەخۆشی و دەردەکانی کۆمەڵگەی خۆیان وێنەگرتووە ، بەڵام هەرگیز نە دەستبەرداری هونەریەتی نووسین بوون و نە کەوتوونەتە هەڵدێری وەعزخوانی بازاڕی و ڕێنوێنی بێهودەوە و نە کارێکی وەهایان بەرهەم هێناوە کە خوێنەری جدی قێزی لێبکاتەوە.

کەواتە هەر نووسەرێک ، بەتۆبزی بیرێک لە کارە هونەرییەکەی باربکات یا بەشان و باڵی بەنگەوازێکدا هەڵبلێ ، یا بە ئایدۆلۆژیا و ڕێبازێک هەڵبخەڵەتێ ، بێئەوەی ئەو بیرە یا بانگەوازە خۆبەخۆ لە هەست و نەستی ڕاستگۆیانەی خۆیەوە هەڵقولابێ ، بێگومان هونەرەکەی بە دەنگیەوە نایەت و هونەریەت پەیدا ناکات و ئەمە بەسەر خوێنەر و ڕەخنەگردا تێناپەڕێت و لێی دەتۆرێن و تەوەلا دەبن و هیچ دادێکی کۆمەڵگەش نادات ، چونکە فەلسەفە و نورینی نووسەر بۆ ژیان و بۆ کۆمەڵگە ، لە ڕێگەی وەعزخوانی ڕاستەوخۆ و بانگەشەی زەق و بازاڕییەوە دەرناکەوێت ، بەڵکو لەو مامەڵە و

ڕاستگۆییە هونەرییەوە دەر دەکەوێت کە نووسەر دەگەڵ دیاردە و ڕووداوەکاندا دەیکات ، دەگەڵ چۆنییەتی خۆڵقاندنی کاراکتەرەکان و جوڵاندنی هونەریانەی کاراکتەرەکاندا دەیکات و تیشکێکی هونەری ئەوتۆیان دەخاتە سەر کە لایەنە هەمەجۆرە پەنهانەکانیان ڕووناک ببێتەوە . بابەتی هونەر ژیانە ، لە ژیانەوە هەڵدەقوڵێ بۆیە ڕەنگدانەوەی لە سەر ژیان هەیە و کاری تێدەکات ، واتە هونەر جۆرە بەرپرسیاریەت و مەسئولیەتێکی دەرهەق بە ژیان لە ئەستۆیە ، بەڵام مەسئولیەتی هەرە گەورەی هونەر ڕاستگۆیی هونەری و هونەرییەتە ، ڕاستگۆیی هەست و ڕاستگۆیی دەربڕین ، دوورکەوتنەوە لە شتی دەستکرد ، نووسەر نابێ هیچ ئایدۆلۆژیایەک چەندیش پیرۆزبێ ، بە تۆبزی لە کارە هونەرییەکەی باربکات و لە هەر جوڵەیەکی هونەری خۆڕسکی بخات ، هونەر دەبێ لە ناوەوە گەشە ونەشە بکات و تیشک بخاتە سەر خۆی نەک بەپێچەوانەوە . ئەم ڕاستگۆییە هونەرییەش وەستاوەتە سەر وردی و قووڵی خوێندنەوەی هونەریانەی نووسەر بۆ دیاردە و ڕووداوەکان ، بۆ کاراکتەرەکان ، هەست و گوزارشتی ڕاستگۆیانە کاتێ دێتەدی کە نووسەر توانایەکی گەورەی خوێندنەوەی دەروونی هەبێ ، بچێتە بنج و بناوانی دەروونان ، بکارێت لایەنە پەنهانەکانی دەروون ڕاو بکات .. ئەو کارە ئەدەبیانەی بە مەبەستی بانگەشە بۆ بیرێک یا مەزەبێک یان لایەنگری لە لایەنێکی کۆمەڵایەتی یا حیزبی و ئایدۆلۆژی دەنووسرێن ، یا بە سەپاندن بە سەر نووسەردا سەپێنراون ، یان نووسەر بەخۆی چووەتە ژێرباری ، لەم حاڵەتەدا نووسەر یەکەم مەرجی هونەریی نووسینی باش لە دەست دەدات کە ئازادییە . هونەر دەبێ لە ناخی دەروونەوە هەڵبقوڵێت ، لە قوڵایی هەستەوە سەرهەڵبدات ، مەرجی ڕاستگۆیی ئەوەیە کە نووسەر و بابەت خۆ بە خۆ ئاوێتەببن ، ئیدی نووسەر جگە لە هونەرییەت خۆی بە هیچ قەید و بەند و سنوورێکەوە نەبەستێتەوە و هەڵبەتە جوانی و شکۆی ئەدەب لەوەدایە کە کارێکی تاسەر مۆخ مرۆڤانیە .. کەواتە نووسەر لە سەرێتی ساتە زیندووە مرۆڤانیەکانی ژیان وێنەبگرێت ، ئەو ساتە نەمر و بەردەوامانەی کە لە هەموو زەمان و ڕۆژگارێکدا دووبارە دەبنەوە و کۆن نابن ... ئەو چیرۆکانەی بگەنە ئەم ئاستە هونەرییە ، خۆ بە خۆ ڕاستگۆیی هونەری پەیدا دەکەن و

سەردەم و قۆناغی خۆ دەبەزێنن و دەبن بە چیرۆکی هەموو سەردەمەکان .. چیرۆکێن مەرحەلی ، کە وێنەی قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگەیەک دەگرێت و کاراکتەرەکانی حەقیقەتی مرۆڤانی خۆیان لەهەمان کۆمەڵگە و هەمان قۆناغی زەمەنییەوە وەردەگرن ، ئەو بوردەیان نابێ بە ئاسانی سنووری سەردەمی خۆیان ببەزێنن و پەل بۆ سەردەمانی دوورتر بهاون.

دیارە لەم جۆرە چیرۆکە مەرحەلیانەدا نووسەر زیاتر گوێ بە ڕاستگۆیی بابەتی دەدات تا ڕاستگۆیی هونەری ، زیاتر بایەخ بە شەرح و شرۆڤەی کۆمەڵگە دەدات تا بە شێوەیەکی زیندوو بیهونەرێنێ ، بێگومان ڕاستگۆیی بابەتی ، لە گەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگەدا و دوای ماوەیەکی کەم سەنگ و بەهای هونەرێنی خۆی لە دەست دەدات .

بە هەرحاڵ لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بگوترێ ، وەکو چۆن جۆرەها ئامێری موسیقی و ، هەر ئامێرە و بە گوێرەی دەور و پێگەی خۆی لە سەمفونیایەکدا بەشداری دەکەن و لە دوا ئەنجامدا لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا ، یەک دەگرنەوە و پێی دەگوترێ سەمفونیا ، ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی کاری چیرۆکڤانیش بەو ئاوایە و هەر ڕەگەزە و بە گوێرەی دەور و پێگەی خۆی لە پرۆسەی چیرۆکڤانیدا ، بەشداری دەکەن و لە پرۆسەیەکی کارلێکی فیلیڤانیدا ، یەکانگیر دەبن و دەقێکی هونەری پێک دەهێنن کە پێی دەگوترێ چیرۆک ... دیارە ئەرکی چیرۆکنووس داهێنان و ئەفراندنە ، نەک کۆپی کردن و نووسینەوە ، هەر چیرۆکێکیش خەونی قووڵ و خەیاڵی بەرزی تیا نەبێ وەکو مەلێک وایە باڵی کرابێ و بێهودە بەتەمای بەرزەفڕی بێ و لە ئاسمانی هونەری نەمردا جێگەی ببێتەوە!!! ..

سەرچاوە :

• فن القصه / الدکتور محمد یوسف نجم / دار صادر بیروت / دارالشروق ، عمان . ط٢ / ٢٠١١ .

• دەربارەی ڕۆمان و چیرۆک / حەمەکەریم عارف / لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد / چاپی یەکەم ٢٠٠٨ .

- ظهور الروايه الانكليزيه، ترجمه :د .يوئيل يوسف عزيز ، منشورات دار الجاحظ ،ايلول ١٩٨٠ ،الموسوعه الصغيرة (٧٨)
- المنجز العربى للروائيين الكورد / دراسه فى البنيه السرديه من ٢٠٠٨ – ٢٠١٣ / ميديا نعمت على / دار تموز للطباعه و النشر ، دمشق / گ ١ ، ٢٠١٧ .
- روايه بطاقەيانصيب مع مقدمه الطبعەالثانية / فلك الدين كاكەيى / دار ئاراس للطباعه و النشر / اربيل / الطبعەالثانية / ٢٠٠٨ .
- الاتجاه الواقعى فى الروايه العراقيه / د . عمر الطالب / دار العوده – بيروت ، ١٩٧١ .
- ادوارد مورگان فورستر / جنبەهاى رمان / ترجمه ابراهيم يونسى / انتشارات نگاه / چاپ چهارم / ١٣٦٩ .
- البنيه السرديه للقصەالقصيرة / د . عبدالرحيم الكردى / ط٢ / ٢٠٠٥ / الناشر مكتبه الاداب / القاهره .
- كۆچى سوور / حەمە كەريم عارف / چاپى چوارم ٢٠١٢ .
- قصه نويسى / رضا براهنى / نشر البرز / چاپى چوارەم / تهران /١٣٦٨ .

## لەپەراوێزیگفتوگۆیەکیڕۆمانەوانیدا

"١"

ڕۆمان،لەبنەڕەتاهونەرێکیڕۆژاواییە،لەوێندەرسەریهەڵداوەوگەشەیکردووەوپە
رەیسەندووە.

یانیبەشێوەیەکیگشتی،شەقڵوهزرینودیدونۆڕینیرۆژاواییلەخۆگرتووە.بەڵامورده
وردەبەدەمبڵاوبوونەوەولقوپۆهاویشتنیشارستانییەتیرۆژاواوە،پەڕیوەتەوەبۆسە
ەرانسەریدنیاولەجیهانداچاویلێکراوەتەوەولاساییکراوەتەوەوبرەویسەندووەوڕەواجە
یپەیداکردووە،کەئەمدیاردەیەزۆربەدرەنگەوەگەییوەتەکوردەواری.بۆیەهەرهە
مووئەوتەکنیکەیلەڕۆمانیکوردیدابەکاردەبرێت،تەکنیکیڕۆژاواییە،جالێرەداڕۆ
ماننووسیکورد،لەسەرێتی،نەفەسیخۆیبەوبابەتوتیمانەببەخشێتکەبەشێوەیەک
یچیرۆکڤانیورۆمانەوانیکاریانلەسەردەکات.

واتەخوێندنەوەیهونەرییتاییبەتیخۆیبۆبابەتەکەهەبێت،چونکەژیانلەسەرانسە
ریدنیاداپڕەلەبابەتیحازروئامادە،ڕەنگەبابەتەکانلەزۆرشوێنیدنیادالەیەکبچە
ن،بۆیەگرینگئەوەیەبەشێوازیتاییبەتیخۆتبابەتەکەبگۆڕیتبۆتیمەومۆرکیخۆتیپێ
وەبنەیتولەئەنجامدابەناسنامەیکوردیبەشداریلەبەرهەمهێنانیڕۆمانیجیهانید
ابکەیت..

"٢"

قارەمان،لەزۆربەیڕۆمانیکوردیدازۆربێ نموودە،زیاترشێوەوبیچموسیمایسێبەریـ
مرۆڤیانهەیەتاخودیمرۆڤ،
زیاترگوتیاریاننووسەرگیانیانوەبەردەخاتتابەخۆیانوبەدەمژیانەوە-
ژیانیناودنیایرۆمانەکە-
شەخسییەتپەیدابکەنووەکوڕەمزیمرۆڤیسەردەمیخۆیانبەگوێرەیباریدەروونیوهـ

زرینیسەربەخۆیخۆیانوبەپێیپێگەیکۆمەڵایەتیومرۆڤانیخۆیانڕەفتاربکەنوشێوە وسیماپەیدابکەن..

"٣"

ڕۆمانیکوردیزیاتربایەخبەعمومیاتیژیانوچارەنووسیگشتیمرۆڤدەدات،کەمترینب ایەخبەژیانیرۆژانەوکاروبارەئاساییودەردوئازارولەزەتەهەنووکەییولەحزەویو خەموشادیەتیژتێپەرەزندووەمرۆڤانییەکاندەدات.
ساتەزندووەمرۆڤانییەکانیبۆناخرێتەچوارچێوەیهونەرەوە.ئەمەزیاترشەقڵیڕاپ ۆرکاریبەسەردازاڵکردووە.
ئیدیڕاپۆرکاریبەهەموولایەنەکۆمەڵایەتیوسیاسیەکانییەوە..

"٤"

ڕووداویانگرێلەڕومانیکوردیدا،زیاترتاکرەهەندوتاکمەودایە.
دەگەڵیەکەمخوێندنەوەدائەفسوونوسیحرەهونەرییەکەیبەتاڵدەبێتەوەوڕاڤەوش رۆڤەیهەمەجۆروفرەلایەنهەڵناگرێتورووداویانگرێ (عیللیەت) هێندەکزولاوازەلەنرخینەبوودایە.مەترسیئەمەشلەوەدایەکەخوێنەرلەسەرخوێ ندنەوەیسەرڤەسەرڤەوسەتحیرادێنێت.
ریرەویئەورووداوانەیکەلەڕۆماندارووەدەدەنزیاترئاسۆییەتائەستوونیبێت.
ئەمحاڵەتیئاسۆییە،زیاترڕووداوودیاردەسەرڤەسەرڤەوسەتحییەکانلەخۆدەگرێ ت.
دەرەقەتیدیاردەورووداوەئالۆزودەروونییەکان،دەرەقەتیساتەزیندووەمرۆڤانییە تیژتێپەڕەکان،گۆڕانەکوتوپڕەجیوەییەکاننایەتوئیدیدەقیرۆمانئەوژیانەهونەر ییەپەیداناکاتکەجاویدانیپێبەخشێت.

"٥"

لەڕۆمانیکوردیا،بەزۆریکاراکتەربێنموودوکەمنموودن.
لەبریئەوەینوێنەریخۆیانبنوەکوتاك،هەمانئالۆزی،دینامیکییەتوزیندوویەتیتا کیانهەبێت،زیاتروەکونوێنەریتوێژێکیاندەستەیەکیانسینفێکرەفتاردەکەنوبیرد ەکەنەوەولەهەرهەستێکیهەڤدژی، پڕگومانیودوودڵیبەدوورن.
زیاترڕۆبۆتئاسانتابەشەریزیندووبن.کاروکردەوەیانلەهەرئیرادەیەکیئازادخاڵی

یه .. ئەمەشخۆیلەخۆیدائافەتیکوشندەیفرەدەنگییە،
کەفرەدەنگیمەرجوسیمایەکیزەقیرۆمانیپوختەیە..
خoووخدەیان،ڕەفتاروئەتواریان،لایەنیسستیولاوازیان،توانایئەخلاقیان،
دیدیجڤاکیوسیاسیانبۆخوێنەرولایخوێنەرنائاشکراوناخویایە.
یانیبەکورتیوکرمانجیبوونیانبوونێکیتاکڕەهەندییە،
لەجیاتیڕووبەڕوویژیانببنەوە،لەژیانهەڵدێن.
خۆیانلەژیاندەدزنەوە،یانیهیچتاییەتمەندییەکیتاکیچالاکوچەلەنگوزیندوویتیانییە. زیاترلەڕوانگەونۆڕینودیدیگوتیاریانووسەرەوەپێگەیەکپەیدادەکەن
..کاراکتەرزیاترژیانیلێیارکراوە،تالەجەرگەیژیانداوەکورەگەزێکیهەرەکارایژیان،ژیانبجەربێنێت،ژیانبگۆڕێت،بەدەمجەڕباندنیژیانەوەهەرهەمووهەستەمرۆڤانییەکانی،بەچاکوخراپەوە،بەئەرێنیونەرێنییەوە،بەرجەستەببێت.
کاراکتەرلەرۆمانیکوردیدا،بەزۆرییەوجۆرەمامەڵەلەتەکژیاندادەکاتکەژیانئەمانەتێکبێت،وەکوخۆیبێ هیچدەسکارییەکبیگەیەنێتەجێ،چونکەبەلایئەوەوەوەکودەڵێنخیانەتبەئەمانەتکارینەکردەنییە.
بۆیەهیچهەوڵێکیگۆڕانکاریوکەشفکاریلەلانابینرێت.
ئیدیکاراکتەرنازی،ژیاننناجەربێنێت،تەنیارۆژبەڕێدەکاتوتەمەندەقەتێنیوهیچئیرادەیەکیئازادینییە،
لەسنوورێکیزۆرتەنگدادەسوڕێتەوە،بەڕەوشوڕەوتیرۆتینیژیانقاییلەولەجیاتیقالبەدەقگرتووورۆتینییەکانیژیانبشکێنێت،خۆیشیبەهەرهەمووکەڵکەڵەووخولیاوخەموپەژارەووئەندێشەکانییەوە،لەقالبیژیاندەدات،لەجیاتیلەهەلومەرجەنالەبارەمرۆڤانییەکانیاخیبێت،خۆیدەگەڵیاندادەسازێنێتولەدوائەنجامدانانگاتبەناسنامەیفەردیوفەردانییەتپەیداناکات..
لەکاتێکامنپێموایەڕۆمانمێژوویەکیهەرەهونەرییتابەتمەندییەفەردییەکانە،نەکمێژوویعموومیاتەجڤاکیوسیاسییەکان..

"٦"

هەڵبەتەزمانوشێوازلەڕۆماندابایەخیتاییەتیانهەیە،
بەتاییەتیبۆڕاکێشانیسەرنجیخوێنەر..دیارەرۆنیورەوانیوسخیوسفتیوبتەویزمانوتازەییوزیندوویەتیشێوازبەهەردووباریئاسۆییوئەستوونیدا،جوانیودڵگیرییەد

ەقیرۆمانوپرۆسەیچیرۆکڤانیرۆماندەبەخشن.
بۆیەئەممەسەلەیەلەزۆرڕۆمانیکوردیدابایەخیپێدراوەوئەوەندەیزمانوشێوازما
یەیسەرنجەوخوێنەربۆخوێندنەوەڕادەکێشێت،گرێوکاراکتەروبونیادودەقیرۆما
نەکە،خوێنەرڕاناکێشێت..

"٧"

رۆمانیکوردیبەزۆریفرەلقوپۆپنییە،قەوغاوقەرەباڵغنییە،لەشارێکیجەنجاڵیفرە
جموجوڵوفرەرووداوێنەهەڤدژودیاردەێنلێکدژناچێتکەناکۆکیووردەناکۆکیوکێشما
کێشەکانیژیانیرۆژانەبنوێنێ،زیاترلەگوندێکیچکۆلەیئاراموتەباوکەمدانیشتووا
نوبێڕووداویوەرچەرخانسازدەچێت.
بۆیەزۆربەیرۆمانیکوردیسادەوتاکرەهەندوکەمرەهەندوئاسۆییوکەمهەورازونشێ
وە،رێرەویرووداوەکان،پێشوەختەنەخشەیبۆدانراوە،بەرەوئەوکۆتاییەدەرۆنکەخ
وێنەرچاوەڕوانیدەکات،خاڵییەلەهەرڕێکەوتوشتێکیچاوەروانەکراوغافڵگیری..
ئەوەندەجددیەبەچراوەبۆتەنزێك،شۆخییەکبگەڕێیمەگەربەدەگمەن،دەنانایدۆ
زیتەوە..کاراکتەرەکانەهەرهەموویانخەڵکانیماقووڵن،وەکوئەوەیلەژیانیکوردەوا
ریدا،خەڵکیناماقووڵوبێشەخسییەتلەبنینەبێت.
هەربۆیەشبەدەگمەنرووداوینائاساییوچاوەروانەکراوبەدیدەکرێت..هەڵەوهەر
زەیی،لێبۆکبازی،تەنز،کارێنکۆمیدییبەدەگمەنلەژیانیکاراکتەروقارەمانانیرۆما
نیکوردیدابەدیدەکرێت..

"٨"

بەهەرحاڵرۆمانیکوردی،وەکوبزوتنەوە،
زیاترلەئاخروئۆخریدەیەیهەشتایەکانیسەدەیبیستەمەوەزەقبووەتەوە،ئەگەرچ
یپێشترلەدەیەبیستەکانوسییەکانیسەدەیناڤبریداهەندێهەوڵیکەموپەراگەند
ەلێرەولەوێ،لەمپارچەولەوپارچەیکوردستانداهەن..بەڵامشەقڵیبزووتنەوەیەکی
رۆمانەوانییانوەرنەگرتووە..ڕۆمانیکوردیبەشێوەیەکیگشتیلەکاریگەرییشارستا
نییەتوفەرهەنگوکەلتوورئەدەبیاتیرۆژاواییبەدەرنین..وحاڵیحازرلەهەوڵیبەر
دەوامدایە،لەنێوانهەوڵیناکاموهەوڵیباشوسەرکەوتوودائەمپێوئەوپێدەکات..بـ
ەڵامدەبێئەوەشبگوترێئەورۆماننووسانەیکەئاشنایەتیاندەگەڵکەلتوورفەرهە
نگیرۆژاواییدازیاترە،هەولەڕۆمانەوانییەکانیانتاڕادەیەککەشتروپوختەترە..

هەڵبەتەزۆرگرینگەڕۆماننووسیکورد،شێوەینۆڕینیکوردیبۆبابەتیڕۆمانەکەیهەب
ێت..بەلامئەمەبەومانایەنییەڕۆماننووسبێتراپۆرێکیحیکایەتامێزیانحیکایەتێ
کیوتارئاسایبێڕۆحوگیان،بەناویڕۆمانەوەپێشکەشبەخوێنەربکات.
چونکەڕۆمانهەوڵێکیفیلیڤانیکەشفکارییەبۆهونەراندنیدیمەنێك،ڕوویەك،بەشێ
ك،ساتێکلەژیان،بەگشتهەڤدژیولێکدژییەکانییەوە.
بۆیەدەبێتزیندوویەتیوژینیلێهەڵبقولێتوجیهانبینییەکینویلایخوێنەربۆژیانوم
ەسەلەکانیناوڕۆمانەکەدروستبکات.

"٩"

دیارەسەرهەڵدانوپەیدابوونیڕۆمانیکوردی،
کەحالیحازرلەنێوانحیکایەتووتارێنرۆمانامێزوڕۆمانیمۆدێرندالەمۆڵەقدایە،خۆ
یلەخۆیداپەیوەندییەکیڕاستەوخۆیبەهاماجوهەلومەرجیکۆمەلایەتیکوردەوارییی
ەوەهەیە،کەدەشێتشەقلۆمۆرکێکیتایبەتیبەڕۆمانیکوردیببەخشێت،
ئەگەربتوانرێتخوێندنەوەیەکیهونەرییبۆئەوهاماجوهەلومەرجەبکرێتولەواقیعی
کۆمەلایەتییەوەبگوازرێتەوەبۆواقیعیرۆمانەوانی..دیارەلەکوردەواریدا،ئەمڕۆک
اریگەرییوباندۆریسیستەمیئابووریجیهانیوپەیوەندییەکۆمەلایەتییەنوێیەجیها
نییەکان،بەسەررەوشیئابووریوبونیادیکۆمەلایەتیکوردەوارییەوەتەواوزەقودیار
ە،سیستەمیکۆمەلایەتیکۆنلەحالیشیبوونەوەوهەرەسهێناندایە،واتەکوردەواریل
ەنێوانسیستەمیکۆمەلایەتیکۆنومۆدێرندالەکێشماکێشدایە.ئۆرگانودامودەزگاو
سیستەمەباووکۆنەسیاسیوکۆمەلایەتییەکانیوەکوخانەوادەوبنەماڵە،پەیوەندی
خوێنوخزمایەتی،ناوچەگەرییوخێلایەتی،خەریکەبەرەبەرەدەسەلاتوئیحتوبار
یخۆیلەدەستدەداتوهەرەسدێنێت.
ئەمەشخۆیلەخۆیدانیشانەیپەیدابوونوسەرهەڵدانیتاکوتاکگەراییە.
تاکدەبێتپشتبەهێزوتوانایخۆی،پێگەیەکیدیاریکراوبۆخۆیچلەئاستیکۆمەلایەتیو
چلەئاستیئابوورییپەیدابکات.
دیارەکەتێکڕاییبونیادیکۆمەلایەتیکۆنلەژێرکاریگەریفاکتەرێنپەرەسەندنیکۆمە
لایەتیخۆمالیوفاکتەرێندەرەکیدا،دررزیتێدەکەوێتوکۆڵەکەکانیلەقدەبنوبەناچار
یوبەرەبەرەمەیدانبۆسیستەمێنکۆمەلایەتی،سیاسی،
وکەلتووریوفەرهەنگیتازەچۆڵدەکات..سەرهەڵدانوپەیدابوونیڕۆماننیشانەورەن

گدانەوەیئەمهەلومەرجەئاڵۆزانەیئەمرۆیکوردەوارییە (
کۆمەڵیکوردەواری)بۆیەرێڕەویژیانیکاراکتەرانیرۆمانوباریچیرۆکڤانیرۆمان،هە
ەمانرێڕەویژیانینووسەروخەڵکیئاساییکوردەوارییە.
کەچیرۆکەکەلەرووداووبویەرێنتایبەتیخاڵییە،لەبەرئەوەیەژیانیجڤاکیکوردەو
اریبەشێوەیەکیگشتیخاڵییەلەرووداووبویەرێندەورانسازووەرچەرخانساز..ژیا
نیکۆمەڵایەتی،لەکوێرەکۆڵانیکێشماکێشینێوانمۆدێرنیتەوکۆنداگیرۆدەبووە.مێژ
وویژیانیکوردەواریبەشێوەیەکیگشتیوەستاویانیمچەوەستاوە،زۆرخاوە،لەگۆڕان
کاریوەرچەرخانسازبەدوورە،بۆیەئاساییەئەمحاڵەتەوەستاووکەمبزاڤەلەرۆمان
یکوردیدارەنگدانەوەیخۆیهەبێت.
چونکەکەژیانیکۆمەڵایەتیتاکلەچالاکی،کرانەوە،کێشماکێش،ئاڵۆزی،هیواوئاوات
یگەورە،بویەروروداوێنچاوەڕواننەکراوخاڵیبێت،گرێیئاڵۆزوپڕسەربووروواریقا
تورووداوانیشنایەتەسەرووێنەگرتن.
لەمحاڵەتەداگرێڕۆڵیتەوەرەییلەچیرۆکدانابینێتونابێتبەکلیلیکرانەوەوکەشفب
وونیوردەکارییەکانیچیرۆکیانلایەنەچیرۆکڤانییەکانیرۆمان.

"١٠"

هەڵبەتەبێنموودیوکەمنموودیقارەمانوکاراکتەریرۆمانیشلەرۆمانیکوردیداپەی
وەندیبەڕەوشیکۆمەڵایەتییەوەهەیە.
پەیوەندیبەدەسەڵاتداریوبێدەسەڵاتیهونەرییونووسەریشەوەهەیە..
تاکوەکوئەنداميکۆمەڵ،
لەچوارچێوەیبنەماڵە،خانەوادە،خزموخوێش،ناوچە،قەوموقیلەیانتیرەوتایفە،د
ەناسرێتوسەنگوئیحتوبارپەیدادەکاتوئیدیلەوچوارچێوانەداتاکایەتیوفەردانیە
تیخۆیوندەکاتولەدەستدەدات.تاکایەتیبەئاسانیلێقەبووڵناکرێت،واتەتاکلەژیان
وچالاکیکۆمەڵایەتیدا،نوێنەرایەتیخۆیناکات،
بەڵکونوێنەرایەتیئەوئۆرگانوسیستەمەکۆمەڵایەتیانەدەکاتکەلەسەریڕائاماژە
یانبۆکرا.
واتەتاکئەوەندەیموالییە،ئەوەندەهاووڵاتینییە،هاووڵاتیەتیلێقەبووڵناکرێت.
بۆیەئاساییەوەکورەنگدانەوەیئەمواقیعورەوشەجڤاکییە،کاراکتەرلەرۆمانیکور
دیداکەمنموودوبێنموودبێت،ناسنامەیتایبەتینەبێت،کەسێتیدیاروکاراوکاریگە

رینەبێت.

بۆیەگێڕانەوەوبەرجەستەکردنیواقیعیپچڕپچڕوپەراگەندەوسادەوساکارو،یەکد ەستو،دوورلەهەرئالۆزیوڕوودراوێکیچاوەڕواننەکراویوەرچەرخانساز،بەپشتیوانیی ڕەگەزێنچیرۆکڤانیلەڕۆماندازۆرزەحمەتە،جانووسەربۆپڕکردنەوەیئەمکێماسیو بۆشاییەناچارەپەناوەبەرڕەگەزیوەکوزمانوگەمەیزمانو،شێوازبەرێتبۆئەوەیجۆ رەیەکێتیوگونجانویەکپارچەییەکبەپرۆسەچیرۆکڤانیوگێڕانەوەکارییەکەیخۆی ببەخشێت..

هەڵبەتەمەسەلەیزمانوشێوازوگەمەیزمانبایەخیخۆیانهەیە،بەلاملەڕۆمانیکور دیدائەمدیاردەیەبەزیانیرەگەزەچیرۆکڤانییەکانتەواودەبێتولەسەرحیسابیرەگ ەزەچیرۆکڤانییەکانە..بەلاموێڕایئەوەشڕۆمانیکوردیتائیستا -

کەڕۆمانیکوردیلەسەرەتادایەولەنێوانهەوڵیجۆراوجۆرا،سەرکەوتووونا سەرکەو توودا، باشوخراپدا،ئەمپێوئەوپێدەکات -

نەیتوانیوەببێتبەخاوەنیشێوازێکیتایبەتیبۆنموونەوەکریالیزمیبەلزاکوستاندالـ یانریالیزمیجادوویبوەکونووسەرانیئەمریکایلاتینییان...هتد .

هەرهەمانشێوازیرۆژاواییدووبارەدەکەنەوە،هەڵبەتەزۆرجاریشبەهەماندیدیرۆ ژاواییەوەدووبارەیدەکەنەوەودیدوجیهانبینییەکیخۆماڵیئەوتۆبۆبابەتوتیمەکان بەدیناکرێت..

بەهەرحاڵعمومیاتگۆییوزۆرجارتەجریدیەتیناپێویست،کەلەدەرێیپرۆسەیگەشە کردنیهونەرییانەیڕۆمانەکەوەلەڕۆمانەکەباردەکرێتوزادەیبەڵەدبازینووسەرە لەمەیدانیڕۆماننووسیدا،

لەخەوشەزەقەکانیهەندێلەهەوڵەڕۆماننوسییەکانیڕۆمانیکوردییە..

بۆزانیاریزیاتربڕوانە:

دەربارەیرۆمانوچیرۆك/ حەمەکەریمعارف/ چ ١/ ٢٠٠٨/ کەرکوك

عەشقی هاجەرەم خوێندەوە

دیارە گوتیار دەکاتە کۆڵەکەیەکی هەرە بنەڕەتی و سەرەکی هەر کارێکی گێڕانەوەکاری، واتە سێکوچکەی دەقی گێڕانەوانی بریتییە لە گوتیار، دەق(گوتار)، وەرگر.

بەم پێیە هیچ حیکایەتێک بەبێ حیکایەتەوان نابێ، واتە نابێ بە زێدەڕۆیی ئەگەر بگوترێ هیچ کارێکی گێڕانەوەوانی لە دەرێی گوتیاردا نییە، دیارە گوتیار، گوتارێک دەگێڕێتەوە، هەر گێڕانەوەیەکیش، ئاڕاستەی وەرگرە.. گوتیار پەنا وەبەر ئامراز و ئەوزاری گێڕانەوە دەبات بۆ ئەوەی بەگوێرەی خوێندەوە و دیتن و هزرین و ویژدانی خۆی، ڕووداو و کارەکتەر و شوێنکاتی کارە گێڕانەوەوانییەکە( سردی) بەرجەستە بکات و بیخاتە ڕوو، جا لێرەدا مەسەلەی گۆشەنیگا دێتە کایەوە.گۆشەنیگا بریتییە لەو شێوازەی کە نووسەر لە ڕێگایەوە کەرەستە و ڕەگەزە چیرۆکڤانییەکانی خۆی بە خوێنەر نیشان دەدات و لە ڕاستیدا پەیوەندی نووسەر و دەقەکە نیشان دەدات، هەر دەقێک یا چیرۆکێک دەبێ گوتیارێکی هەبێ کە بابەتێک بگێڕێتەوە یا بگوازێتەوە، ئیدی ئەم گێڕانەوەیە دەشێت لە قاڵب و شێوەی یەکەم کەس ( من، ئێمە) یا دووەم کەس ( تۆ، ئێوە) یا سێیەم کەس (ئەو، ئێوەدا) بێ

کاتێ چیرۆک بە شێوازی یەکەم کەس ( من، ئێمە) بگێڕدرێتەوە، یا بگوازرێتەوە، بەو گۆشەنیگایە دەگوترێ گۆشەنیگای دەروونی( ناوەوە) ئەگەر گوتیار ( ئەو کەسەی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە) یەکێک بێت لە قارەمانانی چیرۆکەکە و ئەو سەربهورد و بویەرانە بگێڕیتەوە کە بەسەر خۆیدا هاتوون و دێن، پێی دەڵێن گوتیاری - قارەمان.. ئەگەر گوتیار بەسەرهاتی کاراکتەرێکی دی بگێڕیتەوە، پێی دەڵێن گوتیاری - چاودێر.. دیارە گوتیار لە گێڕانەوەدا، ئەو شێوازە هەڵدەبژێرێت کە زیاتر خزمەتی گۆشەنیگای دڵخوازی خۆی بکات، بۆیە لە توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا بۆچوون و دیدی جیاواز لەمەڕ گۆشەنیگای هەیە، بەشێوەیەکی گشتی گۆشەنیگای بێرونی(دەرەکی) و گۆشەنیگای دەروونی( ناوەوە) هەیە.. لە گۆشەنیگای دەروونیدا (ناوەوە) گێڕەرەوەی چیرۆک (گوتیار) یەکێکە لە کاراکتەرەکانی چیرۆک و چیرۆکەکە بە زمانی یەکەم کەس دێتە گێڕانەوە، ئەگەر گوتیار کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بێت ( گوتیاری- قارەمان) ی پێدەگوترێ و ئەگەر کاراکتەری لاوەکی بێ(گوتیاری چاودێر) ی پێدەگوترێ. لە گۆشەنیگای دەروونیدا، سوود لە مەنەلۆگ، مەنەلۆگی دەروونی، مەنەلۆگی دراماتیکی و مەنەلۆگی خود دوێنی وەردەگیرێت.

لە گۆشەنیگای بێرونیدا، نووسەر دەچێتە قاڵب و کلێشەی کاراکتەرەکانەوە و تایبەتمەندییە دەروونی و ئەخلاقییەکانیان شیدەکاتەوە و باسی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەیان دەکات، ئەگەر نووسەر بچێتە قاڵب و کلێشەی یەک بە یەکی کارەکتەرانی چیرۆکەکەوە و تایبەتمەندییە دەروونی و ئەخلاقی و خولقییەکانیانەوە و هەست و هزر و کاردانەوەکانیان بە وردی شیبکاتەوە و بگێڕێتەوە، لێرەدا بەم گۆشەنیگایە دەگوترێ گۆشەنیگای زانا بە هەموو شت، بەڵام ئەگەر نووسەر تەنها سەروکاری لەگەڵ یەک قارەمان یا کاراکتەردا هەبێ و لە زەینی ئەوەوە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بگێڕیتەوە، لێرەدا بەم گۆشەنیگایە دەوترێ گۆشەنیگای زانایسنووردار، لە گۆشەنیگای بیرونیدا، هەندێجار نووسەر شێوازێکی دی بەکار دەبات کە گۆشەنیگای بابەتی یا چاودێری ڕاستەوخۆی پێدەگوترێ، لەم شێوازەدا نووسەر دەوری کامێرا دەبینێ، واتە کار و کردەوەی کارەکتەرەکان، هەر وەکو خۆی بەبێ هیچ کاردانەوە و ڕوونکردنەوە و ڕاڤەیەک نیشان دەدات و گفتوگۆکانیان تۆمار دەکات و ئەنجامگیری هەست و هزر و تایبەتمەندییە دەروونی و ئەخلاقیەکانیان بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ.

لە دەقی (عەشقی هاجەرە) دا، دەسەڵاتی گوتیاری زانا بە هەموو شت لە سەرانسەری دەقەکەدا زاڵە، هەرچەندە گوتیار ناوبەناو ڕیگە بۆ هەندێ لە کارەکتەرەکان خۆشدەکات، کە جڵەوی گێڕانەوەی هەندێ دیمەن و گرتەی کورت یا درێژ بگرنە دەست.. بەتایبەتی (دێخاوەر). گوتیار ئاگادارییەکی تەواوی لە حاڵی کاراکتەرەکان هەیە و تەنانەت ئاگاداری باری دەروونی و هەست و هزرین و گۆڕانکارییە دەروونیەکانیشیان هەیە.. گوتیار لە سەرانسەری دەقەکەدا، کاراکتەرە و ئاگاداری بیرکردنەوەی قارەمانەکانە، بەڵام کەم دابێژێک بواری هەندێک لە کارەکتەرەکانی دیکەش دراوە، ناراستەوخۆو لە میانەی گێڕانەوەکانی گوتیاری سەرەکیدا بەشداری لە گێڕانەوەکەدا بکەن و... بەڵام ئەمسووکە بەشدارییە لە گێڕانەوەکەدا فرە دەنگییەکی– لە دەقی تازەدا زەروریە - ئەوتۆی بە دەقەکە نەداوە کە ئۆخژنی ئەدەبی بە دڵ و دەروونی وەرگر ببەخشێت.. گوتیار زیاتر کاراکتەرەکانی لە دیوی دەرەوە وەسف دەکات و ئەوەتا لە باسی باوکدا کە تەوەری سەرەکی دەقەکەیە و هەموو دەقەکە بە دەوری ئەودا دەسورێتەوە و

حزورێکی هەمیشەیی هەیە دەڵێت: "بەڵام دەیبینین لاواز و بێڕەنگ و پەرێشانە) واتە ئەوەندەی لە دەرێ ڕا تیشک دەخرێتە سەر دەقەکە ، دەقەکە لەناوەوە خۆی تیشک ناخاتە سەر خۆی، مەگەر خوێنەر لە میانەی وەسفە دەرەکییەکانەوە پەی بە حاڵەتی دەروونی کاراکتەرەکانی دیکە ببات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە هاوسەنگییەک بە حزوری هونەریی کاراکتەرەکان دەبەخشێت.. باوک تەوەری سەرەکی دەقەکەیە.. لە میانەی گێڕانەوەکانی گوتیارەوە وەکو کاراکتەر زندوو دەکرێتەوە ئامادەگی پەیدا دەکات، گوتیار هەرچەندە هەوڵ دەدات خۆی لە ڕووداوەکان دوور بگرێت و بێلایەنانە وەسفیان بکات و بەشداری ڕاستەوخۆیان تێدا نەکات و لە پشت پەردەی گێڕانەوەدا هەژموونی خۆی بشارێتەوە، بەڵام هەر بەخۆی ناوەستێ و هەم وەکو گوتیاری قارەمان و هەم وەکو گوتیاری چاودێر، خۆنوێنی دەکات... ئەوەی مایەی سەرنجە بێدەنگی باوک، کە هاوتای پێواربوون و غیابی باوکە، غیابی باوک لە ڕووی شیکاریی دەروونییەوە دەکاتە ئاوابوون و بەسەرچوونی سەردەمی بابسالاری، لە باری لۆژیکی واقیعییەوە دەبوایە گوتیار ئەمەی پێخۆشبایە، کەچی خوێنەر پێچەوانەکەی دەبینێت: " کە باوک بێدەنگ بوو، یاخود خەمێکی لە دڵدا بوو، نەک زەلام، درەختیش بۆی نیە جوولە و دەنگی لێوە بێت، پەتای بێدەنگی باوک، هەموو خێزانەکە بە دەرگا و دیوار و گوڵەکانیشەوە دەگرێتەوە، لەگەڵ بێدەنگی خۆیدا، هەموو شتێ بێدەنگ دەکات سرتەیان لێدەبڕێت... خودایە.. خودایە.. بێدەنگی ڕوونەکاتە هیچ ماڵێک...!" ( ل ٨، عەشقی هاجەرە) واقیعی چیرۆکەکە ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە سەردەمی دەسەڵاتی بابسالاری ڕوو لە داڕوخان و ئاوابوونە و گوتیار دوای ئەوەی هەست بە داڕوخانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی - پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەڵاتنە لە تەنیایی- لە سۆنگەی باببییەوە دەکات، گوتیار وەک ئەوەی لە قسەکەی پێشووی ژێوان ببێتەوە دەڵێت: " بوونی ئەم پیاوە وەک باوک بۆ من، بووبووە مایەی شەرم و سەرشۆڕی لەبەردەم خەڵکیدا، ئەڵبەتە بۆ باقی ئەندامانی دیکە خێزانەکەشمان هەر وا بوو...!" ( ل ٩ عەشقی هاجەرە) لێرەدا گوتیار بۆ ئەوەی گلەیی ئەوەی نەیەتە سەر کە لە جیاتی ئەندامانی دیکەی خێزانەکەشیان بیردەکاتەوە و بڕیار دەدات، براکەی کە قارەمانێکی زۆر

لاوەکی و ڕەوتەنییە، ئەهلی وەرزش و وەرزشوانییە بە نموونە دێنێتەوە و لەم ڕێگایەوە پاکانە بۆ دروستی و واقیعییەتی قسەکەی خۆی دەکات و دەڵێت:" براکەم دەگریا و بەدەم هەنسکدانەوە دەیگوت: وا سووک و چرووکیان کردووم، تەنانەت لە کاتی یاریکردندا بەڕێکی پاسم نادەنێ...!" ( ل ١٠ ) لە دیمەن و پاژی (شار خەون دەبینێ) گوتیار: دەچێتە کلێشەی گوتیارە لاوەکییەکانەوە و بە دڵی خۆی دەیانهێنێتە قسە و بەخۆی هەم دەبێ بە بەشەرێکی وەرگر و هەم شەریکی گوتیارە ناراستەوخۆیەکە و گوتیارە ناڕاستەوخۆکەش دەکات بەسەرچاوەی پاژێک لە زانیارییەکانی خۆی،کە بە قەناعەتی بەندە ئەمە تەکنیکێکی پەسەند و ئەرێنییە بۆ ئەم جۆرە تێکستە.

**

گومان لەوەدا نییە دەقی ئەدەبی وەکو پێشتریش ئاماژەی بۆ کراوە، تەوەری پرۆسەی ئەفراندنە، هیچ دەقێکی ئەدەبی لە سێکوچکەی ( گوتیار، گوتار، وەرگر) یان ( نووسەر، پەیام، خوێنەر) بەدەر نییە، دیارە گوتیار (نووسەر) ، ڕووی دەمی لە وەرگرە(خوێنەر) و بە بێ وەرگر پەیامەکەی ناگاتە هیچ کوێیەک و دەنگدانەوەی نابێ، بۆیە زۆر جار دەگوترێ وەرگر نووسەری دووەمی دەقە و نەک هەر گوێ لە کارەکتەرەکان دەگرێت، بەڵکو موناقەشەشیان دەکات، چونکە وەرگر دەبێ هەم گوێگری باش بێ و هەم گەنگەشەکاری باشیش بێت، دەبێ ئەو حەقیقەتەی لەلا ڕوون بێ وەکو چۆن نووسین هونەرە، خوێندنەوەش بە هەمان ئەندازە هونەرە.

**

کات، یەکێکە لە کۆڵەکە گرینگەکانی بونیادی هەر کارێکی گێڕانەوەکاری، چونکە بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان و ڕەخنەگران هیچ دەقێک لە کات (زەمان) بەدەر و خاڵی نییە، کاتیش یا ڕابردوو یا ئێستا یا ئایندەیە، بەڵام کات لە دنیای چیرۆک و گێڕانەوەدا مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نموونە کاتی چیرۆک یا دەق، دەکاتە ئەو کاتەی کە ڕووداوی چیرۆکە خەیاڵییەکە لە واقیعدا خایاندوویەتی، بەڵام کاتی پەیام و گێڕانەوەکە دەکاتە ئەو کاتەی گێڕانەوەکە ( چ زارەکی و چ نووسراو) خایاندوویەتی و

گوتیار، ڕووداوەکان بەپێی پێداویستی هونەریی دەقەکە، بە جۆرێ مونتاج دەکاتەوە کە بشێت بە شێوەیەکی نا زنجیرەیی بێتە خوێندنەوە،واتە گوتیار یان نووسەر دەکارێت ڕابردوو بگەڕێنێتەوە یا پێشبینی ئایندە بکات، هەڵبەت بە گوێرەی پێداویستی و زەرورەتی هونەریی دەقەکە.. بۆ نموونە لە دەقی ( عەشقی هاجەرە) دا کاتی حەقیقی زۆرە، دوورودرێژە... دووپشت و زیاتریش دەگرێتەوە، بەڵام لە گێڕانەوەکە، ئەم کاتە وەکو خۆی و بە زنجیرەیی نەهاتووە، بەڵکو کاتەکە، گۆڕاوە بۆ کاتێکی هونەریی، پارچە پارچە کراوە، زۆری لێ پەڕێنراوە و بە گوێرەی پێداویستی هونەریی دەقەکە، مۆنتاج کراوەتەوەو نەک ناوەڕۆکی گشتی دەقەکەی نەشێواندووە، بەڵکو جوانیەکی هونەری پێ بەخشیوە.. گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە کوشتنی باوکەکەوە( فەقێ عەلی) دەست پێدەکات و ئیدی لەوێندەرەوە بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، ڕابردوو حزوور و ئامادەگییەکی چڕ لە پرۆسەی گێڕانەوەکە پەیدا دەکات، بەڵام کاتی گێڕانەوەکە کاتی(هونەریی) هەر ئەو چەند سەعاتەیە ک ڕووداوەکەی تیا دێتە گیڕانەوە.. دیارە ئەم تەکنیکە جۆرە خێراییەکی بە گێڕانەوەکە بەخشیوە و ئەمە دەکاتە کورتکردنەوەیەکی چڕی، ماوەیەکی زەمەنی درێژ، لە پانتاییەکی تێکستەوانی کورتدا.

***

هەڵبەتە شوێنش لە کۆڵەکە زۆر گرینگەکانی بونیادی هەر کارێکی گێڕانەوەکارییە..دەکاتە زەمینەی ڕووداوەکانی کاری چیرۆکڤانی،لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا ،ئیدی ئەو شوێنە چ شوێنی کەتواری وواقیعی بێ ، چ زادەی خەیاڵی گوتیار ونووسەر بێ..بە کورتی شوێن دەکاتە ئەو پانتاییەی کە ڕووداوەکان وکارلێکی ڕووداوەکان دەگەڵ ڕەگەزە بونیادییەکانی دیدا ، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لە خۆ دەگرێت.هەڵبەتە ڕووداو لە بۆشاییدا ڕوو نادات ، بەڵکو لە شوێن و کاتدا ڕوو دەدات ،بۆیە هەندێک لە ڕەخنەگران شوێن بەو هاماج وئۆتمۆسفیرە ڕۆمانەوانییە دەزانن کە ڕووداوەکانی کاری گێڕانەوانی (سردی) تێدا ڕوودەدەن ، دیارە هاماج وئۆتمۆسفیر هەر شوێنی ڕووت نییە، بەڵکو هەموو ڕەگەزە چیرۆکڤانییەکان و،پەیوەندی نێوان ڕەگەزە چیرۆکڤانییەکان لە

خودەگرێت..      دیارە
فرەشوێنی لە هونەری گێڕانەوەکاریدا جۆرە زیندوویەتی و دینامیکیەتێک بە تێکستە گێڕانەوانییەکە دەدات و کارێکی وەها دەکات وەرگر لە جوولەی بەردەوامدا بێ، بۆ پێشەوە و بۆ پاشەوەو بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە.... شوێن لە دەقی (عەشقی هاجەرە) دا هەڵەبجە و دەوروبەری هەلەبجەیە، شوێنیش لەم دەقەدا بەگوێرەی پێویستی هونەریی دەقەکە، کەرت کەرت دەکرێ و مونتاژ دەکرێتەوە و سووکە فرەشوێنییەک بە دەقەکە دەبەخشێت، هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە شوێنی واقعی، حزوور و ئامادەگی لە دەقەکەدا، بە ڕادەیەک زاڵە کە شتێکی ئەوتۆی بۆ شوێنی خەیاڵی نەهێشتۆتەوە... بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، شوێن لەم دەقەدا تەواو بەرجەستەیە...!

***

دیارە ڕووداو یەکێکە لەو پایە هەرە گرینگانەی کە دەقی ئەدەبیی لەسەر ڕۆدەنرێ... جا ڕووداو دەکاتە بوویەرێک یا کۆمەڵە بوویەرێکی زنجیرەیی یان پچڕ پچڕ و پەڕاگەندە لە توێی کات و زەماندا... هەر ڕووداوێک بکەرێک یا کۆمەلە بکەرێکی هەیە، کە لە دنیای هونەردا زیاتر لە کاراکتەردا بەرجەستە دەبێت و خۆی دەنوێنێ، جا بەوپێیەی کە کاری چیرۆکڤانی ڕەنگدانەوەیەکی هونەریی ڕووداوە واقیعییەکانی ژیانە و هیچ ڕووداوێکیش لە دەرێی کات و شوێندا نییە، واتە هەر سێ ڕەگەزی ڕووداو، کات و شوێن، یەکانگیر دەبن و زەرورییەتی لەدایکبوونی دەقێکی چیرۆکڤانی پوختە و خەملێو وا دەخوازێت کە ڕووداو پەیوەندییەکی هونەریی دەگەڵ ڕەگەزە سەرەکیەکانی دەقدا ؛ واتە ( کات، شوێن، کاراکتەر و دیالۆگ) دا هەبێت . بەڵام ڕووداو وەکو ڕەگەزێکی بونیادیی ڕۆمان، بەدەم پرۆسەی ئەفراندنەوانییەوە، دارشتنەوە و خوێندنەوەی تازەی بۆ دەکرێت و بەجۆرێ دەهونەرێنرێت، کە مۆرک و شەقڵێکی ئیستاتیکی و دەلالی بە دەقەکە و گێڕانەوە چیرۆکڤانییەکە ببەخشێت. جا لە دەقی (عەشقی هاجەرە) دا جۆرە نەسەقێکی نۆرەکاری بەکار هاتووە، هەرجارەی پاژێکی ڕووداوەکە لە کات و شوێنێکی جیاوازدا دێتە گێڕانەوە و کە ئەمە لە بنەڕەتدا تەکنیکی سینەماییە و پێی دەگوترێت مونتاژی سینەمایی و بووە بە یەکێک لە

سیماکانی ئەدەبی تازە... دیارە ئەم تەکنیکە وا لە خوێنەر دەکات، لەپاڵ ئەرکی خوێندنەوەدا، بەناچاری پەیگیری ڕووداوەکان بکات و لە زەینی خۆیدا بیانداتەوە دەم یەک و مۆنتاژیان بکاتەوە، بۆ ئەمەش ناچارە بەردەوامی بە خوێندنەوە بدات تا دەگاتە تیمەی دەقە ئەدەبییەکە ، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەکاتە خوێندنەوەیەکی کەشفکاریانە و خوێنەر لەزەتێکی ئیستاتیکی زیاتر لە دەقەکە وەردەگرێت...

ڕووداوی سەرەکی لە دەقی ( عەشقی هاجەرە) دا عەشقێکی ناکامە، لە کۆمەڵگەیەکی غەیبانی باوەڕ، ئەقڵیەت خێڵەکی، بابسالاری دا، هەڵبەتە لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا تاک حیسابی بۆ ناکرێت، لەنێو بنەماڵە و خێڵ و قەوم و دەسەڵاتدا تواوەتەوە و بۆی نەبووە لە ئاقاری دابونەریت هێوەتر بڕوات، بۆی نەبووە کەمترین گومان لەو شتە بکات کە دابونەریتی کۆمەڵایەتی مۆری کردووە، چجای دەربڕینی ناڕەزایی، واتە لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا ئازادی تاک نەبووە.. جا لە کۆمەڵگەیەکدا خەڵکی لە ئازادی مەحرووم بن، عەشق دەرفەتێکە بۆ جەڕباندنی ئازادی، لە دەقی (عەشقی هاجەرە)دا هەردوو لایەنی عەشقە ناکامەکە هەوڵدەدەن لە میانەی پەیوەندییە ئاشقانەکەیانەوە، لە میانەی ئاشقێنیەوە ئازادی بجەڕبێنن و لەو ڕێگایەوە مانایەک بۆ ژیانی خۆ بدۆزنەوە.. بەڵام بێهودە.. قەرارساز و دەمراستی ماڵباتی (فەقێ عەلی) کە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگەی داوە لە جیاتی هەموو بنەماڵەکە بیربکاتەوە و قەراربدات، بەبیانووی جیاوازیی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە، نەک هە ئەو ئەشقە زندەبەچاڵ دەکات، بەڵکو ئامادەشە لە خوێنی هەڵکێشێ.

گوتیار بە وەرگر دەڵێت کە باپیری (دەمڕاستی بنەماڵە) مەلا و خزم و کەسوکار و پیاوماقولان کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێت: " ئاخر بەڕیشی کێ ڕەوایە تێکەڵاوی و خزمایەتی ماڵەقەرەجێک بکەم، کە کەس نازانێ ئەسڵ وفەسڵیان چییە؟" ( ل ٩٢- ٩٣ عەشقی هاجەرە)

هەروەها خالۆگەورەکەی (فەقێ عەلی) کە ڕاسپێردراوی باوکی فەقێ عەلییە، بە خەیال و وێنای گوتیاری دەقەکە: " دەمانچەی ژێر پشتوێنەکەی

دەرهێناوە و هاواری کردووە کە ئەگەر بەیانی هەستێ و لێرە بیانبینێ، بەم دەمانچەیە هەردووکیان دەکوژێت...!" ( ل ٩٤ هەمان سەرچاوە).

دیارە کاردانەوە و هەڵوێستی فەقێ عەلی ئاشقی هاجەرەهەمان کاردانەوە و هەڵویستی خەڵکی سایەی سیستەمی کۆمەڵگەی بابسالارییە، هەڵویستیکی نەرێنییە، کە بریتییە لە هەرەشەی خۆکوژی! کە ئەمەش بە چارەسەرێکی خێڵەکیانە پینە دەکرێت، ژنی بۆ دێنن، هەڵبەتە بەبێ پرسی خۆی، چونکە دەمڕاستی ماڵبات لەجیاتی ئەو بیردەکاتەوە، بڕیار دەدات، ئەو تەنها ملکەچی وگوێڕایەڵی لەسەرە، دەنا وەک ڕۆژی ڕووناک عەیانە کە مەجنوون بۆیە مەجنوونە کە جگە لە لەیلا بە کەسی دی ڕازی نییە... بەڵام لە دواییدا، فەقێ عەلی دوای ئەوەی قۆناغەکانی خوێندنی فەقیاتی تەواو دەکات، مەلایەتی ناکات بە پیشە، دەبێ بە دوکاندار، دوکانی کەمالیات و بابەتی ژنانە دادەنێت، کە دەشێ ئەم هەڵوێستە بە جۆرە قەرەبووکردنەوەیەکی بێ هەڵوێستی ئەو دەرهەق بە ئەشقە ناکامەکەی ڕاڤە بکرێت، بە جۆرە زندوو ڕاگرتنێکی ئەشقە ناکامەکەی لێک بدرێتەوە و بە زمانێکی گۆنگ و مەجازی بڵێت ئاینێک پشتیوانی دەسەڵات بێ، ئاینێک ڕەگی لە ئاشقانەبێ، هەر بۆ ئەوە باشە پشتی تێ بکرێت. دیارە لە سیستەمی بابسالاریدا، تاک ئازاد نییە، ملکەچ و گوێڕایەڵی دابونەریتی باوە، دەمسپی و دەمڕاستی کۆمەڵگە دەکاتە لوتکەی دەسەڵات، ئازادی ڕەهای ئەم لوتکەیە لەسەر حیسابی تاکە.. بۆیە دەبینین لەم دەقەدا ( عەشقی هاجەرە) دێخاوەریش، کە ئافرەتە و لە سایەی سیستەمی بابسالاریدا، لە پیاو زۆر پەراوێزخراوترە ، هەمان بۆچوونی بابسالاری کاوێژ دەکاتەوە و کاتێ هاجەرە، پەردەی شەرمی دڕیوە و خۆشەویستی خۆی بۆ فەقێ عەلی، لای ئەو دەدرکێنێ نەک پشتیوانی لە هاجەرە ناکات- کە ئەگەر بیکردایە بە لەبری دەیکردە داکۆکی لە ژنایەتی خۆیشی - بەڵکو ساردیشی دەکاتەوە، ئەوەتا گوتیار و قارەمانی دەقەکە بە گومانەوە دەڵێت: " ڕەنگە دێخاوەریش بە هاجەرەی گوتبێ کە فەقێ عەلی هێشتا مێردمنداڵە و تاقانەی دوو خوشکە، پێناچێت باوکی رازی بێت تۆ بۆ کورە تاقانەکەی بخوازێت، بەتایبەتی کە زانراوە ئێوە لە خێڵەقەرەجەکانن...!" ( ل ٨١،

عەشقی هاجەرە) ئەمە کاوێژکردنەوەی هەمان بیروبۆچوونی بابسالارییە وبە هەمان زمانی نێرسالاری.

***

دیارە کاراکتەر، یەکێکە لەکۆڵەکە هەرە گرینگەکانی کاری چیرۆکڤانی، دەکرێت بە داینەمۆی سەرەکی کاری چیرۆکڤانی دابنرێت، زۆر جار نووسەر لە ڕێگای کاراکتەرەوە هەموو ڕەگەزە سەردییەکانی دی کۆدەکاتەوە و دەیانخاتە خزمەتی نەشونما و پەرەسەندنی گوتارە سەردییەکە... دیارە کاراکتەر ئەوزارێکی زۆر گرینگە بەدەست نووسەرەوەو لەڕێگای کاراکتەرەکانییەوە، واقیع و دینامیکیەتی ژیان کەشف دەکات... هەڵبەتە گرینگی کاراکتەر لە دنیای چیرۆکڤانیدا، وەستاوەتە سەر رادەی حوزور و کارایی ئەو کاراکتەرانە لە بونیادی ڕووداوەکاندا، واتە کردار و گوفتاری کاراکتەر، پێوەرە بۆ گرینگی ڕۆڵی لە بونیادی کارە ڕۆمانەوانییەکەدا.

زۆر جار کاراکتەر، هەڵگری ڕەهەندێکی دەلالییە، دەکرێت وەکو کۆد بۆ کردنەوەی نهێنگەکانی دەق سوودی لێوەربگیرێت، زۆر جار گوتیار یا نووسەر کاراکتەرەکان لە ڕیگەی وەسف یا دیالۆگەوە نمایش دەکات، هەم کار لە ڕووداوەکان دەکەن، هەم دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانەوە... هەڵبەتە زۆری ژمارەی کاراکتەرەکان و فرەجۆرییان هەوڵێکە لەلایەن نووسەرەوە هەم بۆ دابینکردنی گۆشەنیگای جۆراوجۆر وفرەدەنگی هەم بۆ نمایشکردنی نموونەێن جیاوازی کۆمەڵگە، بۆیە کاراکتەر لە هەردوو ئاستی بونیادەوانی و دەلالیدا زۆر گرینگە و دەکاتە ئەو داینەمۆیەی کە جوولە دەخاتە دەقەکە و هەموو پەیوەندییە حیکایەتەوانییەکە دەجولێنێ.

جاران گوتیار زاڵ بوو بەسەر تێکڕای پڕۆسە گیڕانەوانییەکدا، بەڵام لە سەدەی نۆزدەوە، ئیدی کاراکتەران لە هەژموونی گوتیاری هەموو شت زان ڕزگار بوون، لە ڕێگای مەنەلۆگ یان دیالۆگی ڕاسەوخۆوە گوزارشتیان لە ناخی خۆیان کردووە.

بەهەرحاڵ دەقی چیرۆکڤانی بێ کاراکتەر، وەک ئاواییەکی بێ ئاوەدانییە، بۆیە هیچ نابێ بە زیادەڕۆیی گەر بگوترێ بایەخی کاراکتەری چیرۆکڤانی

لە بایەخی ڕووداو، کات و شوێنیش گرینگترە، چونکە نووسەر لە ڕێگەی کاراکتەرەوە دەتوانێ گوزارشت لەو بۆچوون و مەبەستانە بکات کە دەیەوێ لە ڕۆمانەکە، واتە کارە چیرۆکڤانییەکەدا دایبچێنێت، لەڕێگای کاراکتەرەوە دەتوانێ بگاتە ئەو حەقیقەتانەی باوەڕی پێیان هەیە و گەرەکیەتی بیگەیەنێتە خوێنەر (وەرگر) بە کورتی و کرمانجی کاراکتەر لە دنیای کاری چیرۆکڤانیدا، چ حەقیقی بیت یا خەیاڵی، چ سەرەکی بێ چ لاوکی، وەک ئەو تەلی کارابایەیە کە ڕووناکی دەگەیەنێتە هزری نووسەر و ئەو حەقیقەتانەی گەرەکیە بیگەیەنێتە خوێنەر.. هەڵبەتە دەکرێت یەکێک لە کاراکتەرەکان لە ژیانی واقیعی نووسەرەوە هەڵێنجرابێ، بەڵام دەبێ ئەوە ڕەچاوکرابێ کە کاراکتەری ئاسایی لە کاری هونەریدا، مەحاڵە وەک چۆن لە ژیاندا هەیە، بەو ئاوایە بەرجەستە بکرێت، چونکە جیاوازی کاراکتەری چیرۆکڤانی(هونەری) لەگەڵ کاراکتەری ئاساییدا، لەوەدایە کە کاراکتەری چیرۆکڤانی زادەی خەیاڵی نووسەرە و بۆ مەبەستێکی هونەری دیاریکراو هاتووەتە ئەفراندن، واتە کاراکتەری ئاسایی کە دێتە ناو دنیای کاری هونەرییەوە، ئەرکێکی تازەی دەکەوێتە ئەستۆ و ژیانی مانا و ئاراستەیەکی هونەری تازە وەردەگرێت و دەبێت بە بەشێک لە تابلۆیەکی هونەری گەورەی ئەوتۆ کە ئەسڵەکەیمان لەبیر دەچێت و تەنها کاراکتەرە خەیاڵییە هونەرییەکە دەناسین، دیارە هەر کاراکتەرێک لە ژیاندا ڕەگوڕیشە و ئەسڵێکی هەیە، بەلام کاراکتەری هونەری جیاوازە لە کاراکتەری ئاسایی، ئەگەرئەوجیاوازییەنەبێ هەرگیز هونەریەت وەرناگرێت.

لە دەقی (عەشقی هاجەرە) دا چەند قارەمان و کاراکتەرێک هەن، کە زۆربەی هەرە زۆریان سادەن، زیاتر لە میانەی گێڕانەوەو وەسفی گوتیارەوە دەناسرێن، تا لە ڕیگای هەڵسوکەوتی خۆیان، یا بەشداری ڕاستەوخۆیان لە ڕووداوەکاندا، کە ئەمە بووەتە هۆی غیابی فرە دەنگی. تاک دەنگی، لەسەر حیسابی فرە دەنگی، لە سەرانسەری دەقەکەدا زاڵە... کاراکتەرە سەرەکییەکان بریتین لە گوتیاری دەقەکە کە بێ ناوە! باوک (فەقێ عەلی) کە باوکی گوتیارە، هاجەرە کە دلبەری ( فەقێ عەلی) یە، ئایشێ، دایکە کە دەکاتە (دایکی گوتیار) و دێخاوەر کە پوری ( باوکە). گوتیار لەم دەقەدا کە خودی نووسەرە، بەدەم ڕەوتی کارە چیرۆکڤانییەکەوە، بەرە بەرە بۆ خوێنەر

دێتە ناسین، بەخۆی دەڵێت:" دەڵێن ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبووم، بەڵام لە پشتی تەسکەرەکەمدا ڕیکەوتێکی تر نووسراوە" ( ل ٢٢ عەشقی هاجەرە) دیارە ئەم ڕێکەوتە هەڵوەستە و ڕامانێک هەڵدەگرێت، لەم ساڵەدا هەڵەبجە، کە شوێنی کارە هونەرییەکەیە، لە ٢٦/ ٤ دا لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی وەختی عێراقەوە بۆردومان کراو خەڵکانێکی زۆر شەهید بوون و زەرەرو زیانی مادیشی لێکەوتەوە و بۆ ئەو سەردەمە کارەساتێکی گەورە بوو و لە یادگەی هەڵەبجەشدا نایەتە سڕینەوە، وا دیارە گوتیار، لەڕێگای ناوهێنانی ساڵی ناوبراوەوە، کە ساڵی لەدایکبووی خۆیەتی و و دایکی لەکاتی لەدایکبوونی ئەودا بوراوەتەوە و ئەوانی دەروبەری وایان زانیوە مردووە، ویستوویەتی کارەساتی بۆردومانەکەی ساڵی ١٩٧٤ لەیادگەی خوێنەردا زندوو بکاتەوە.. ئەوەتا یەکێک لە پورەکانی گوتوویەتی: " ئەم منداڵە سەرەخۆرەیە...!" ( ل ٢٤، عەشقی هاجەرە).

گوتیار، ڕۆژنامەنووسە، ئەوەتا بەخۆی دەڵێت: " بەتایبەت کە ماوەیەک لە ڕۆژنامەدا کاری بەدواداچوون و بەدەستهێنانی زانیاریم کردووە..." دیارە ڕۆژنامەنووس دەبێ کەسێکی لاپرەسەن و کونجکاو بێت، شتەکان لە بنج و بناوان بکات و سەرچاوەی زانیارییەکانی هەمەجۆر بێت، تا متمانەی زیاتری پێ بکرێت، کە ئەم قارەمانە ڕێک هەمان شتی کردووە و زۆربەی قارەمانەکان بوون بە سەرچاوەی زانیارییەکانی، لەوانە دایک، مام حوسێن، دێخاوەر و... هتد، ( بڕوانە ل ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٧٥ ) : " گێڕانەوەکانی دێخاوەر لە ڕابردوودا بۆ ئێستای من، باشترین و ڕاستگۆترین سەرچاوەن و..."

زۆر جار گوتراوە ڕۆژنامەنووسی و سیخوڕی داوە موویەکیان بەینە، واتە ڕۆژنامەنووسی دیوە سپییەکەی جاسووسییە، جا قارەمانەکەی لەمەڕ ئێمە کە ڕۆژنامەنووسە، بە هەمان کونجکاوی ڕۆژنامەنووسییەوە ڕەفتار دەکات و بەخۆی دەڵێت:" بە کوردی و کرمانجی، فرت و فێڵی خۆم بەکار هێنا و ئەوەی لەژێر بەرەکەیدا بوو، بۆی خستمە سەر بەرە..." ( ل ٩١، عەشقی هاجەرە) لێرەدا خاڵۆگەورەکەی باوکی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و پورزا کتێبفرۆشەکەی خۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبن بە سەرچاوەیەکی تری زانیارییەکانی... هەروەها چوونی گوتیاری قارەمان بۆ گوندەکەی زێدی باب

و باپیری، بەمەبەستی نووسینەوەی بەشە هەستیارەکەی ئەم دەقە، کارێکی ڕۆژنامەوانییە و ئەوە لە زەینی خوێنەردا زندوو دەکاتەوە کە ئەم گوندە مەڵبەندی ئەشقە ناکامەکەی فەقێ عەلی و هاجەرە بووە: "... پێم نەگوتن کێم و کوڕی کێم، پێم نەگوتن کوڕی ئەو پیاوەم کە ڕۆژگارێک لەم گوندەدا مێردمناڵێکی عاشق بووە و دڵی شکاوە و لەتاو ئەوین خوێنی بووە بە ئاو.." ( ل ٧٨، عەشقی هاجەرە).

لێرەدا زەینی خوێنەر ئامادە دەکرێت، لە دەوری نووسەری دووەمی دەقدا، بەخۆی نەوتراوەکان کەشف بکات و بەخۆی بۆشاییە هونەرییەکان - کە ئەمەش جۆرە تەکنیکێکە - پڕ بکاتەوە... ئەوەی مایەی سەرنجە، گوتیار کە لە هەمان کاتدا قارەمانی دەقە هونەرییەکەشە، ناوی نییە، وێڕای ئەو ڕۆڵە گەورەیەی لە سەرانسەری دەقەکەدا هەیەتی، ناوی نییە، پێموایە ئەم پێوارکردنی ناوە، لێرەدا و بەش بەحاڵی ئەم دەقە، تەکنیکێکی پەسەندە، گوتیار (نووسەر) ناو و شێوەی خۆی بۆ خەیاڵی خوێنەر بەجێهێشتووە، کە بێ چەند و چوون نووسەرە، واتە (ئیدریس عەلی) یە، بەڵام وەکو گوتراوە، مانگی چواردە ئەنگوستی ناوێ.

باوک (فەقێ عەلی): وەکو کاراکتەر تەوەرێکی هەرەگرینگی دەقەکەیە و لە میانەی گێڕانەوەکانی گوتیارەوە، وەکو کاراکتەر زندوو دەکرێتەوە و ئامادەگی و حزوور پەیدا دەکات، ئەمە تەنها باوکێکی ئاسایی و ڕووت نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی دەلالی وەرگرتووە، ڕەمزی سیستەمی بابسالارییە، بۆ ئەم دەقە و لەناو دەقەکەدا، دەکاتە نوێنەری نەوەی دووەمی سیستەمی بابسالاری، هەر بۆیە دەبینرێ هەمان جۆش و خرۆشی باوک و خاڵۆگەورەکەی (فەقێ عەلی) دەرهەق بە سیسیەمی ناوبراو نییە، و واقیعی دەقەکە و چۆنیەتی حزووری (فەقێ عەلی) لە دەقەکەدا، ئەوەمان نیشان دەدات کە سەردەمی سیستەم و دەسەڵاتی بابسالاری ڕوو لە داڕوخان و ئاوابوونە... بەڵام ئەم ئاوابوونە بەرە بەرە لە سەرانسەری دەقەکەدا دەردەکەوێت تا لە کۆتاییدا، دوای ئەوەی دەبێت بە کەسێکی دوورەپەرێز و لاواز، لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە تەواو دەپوکێتەوە و بەهۆی شەڕی عێراق و ئێرانەوە ( قادسیەی سەدام) بە قەسف و تۆپبارانی ئێران

دەکوژرێت، گوتیار دەڵێت: ".. بەخۆم بەر لە کوژرانەکەی بینیم، بەجۆرێک بچووک بووبووەوە کە بە ئاستەم دەناسرایەوە، تاکو گەیشتە ئەو ئێوارەیەی کە شەوەکەی بە قەسف دەکوژرێت و لەبری خوێن ئاو لەلەشی دەڕژێت، ئەو ئێوارەیەی کە ئیتر تەواو هەستمان بە نەبوونی ئەو دەکرد و ماوەیەکیش بووبووە مایەی شەرم و تەریق بوونەوەمان کە ئەوە باوکمانە.." ( ل ١٠٠ عەشقی هاجەرە) لەبن دێڕی ئەم پەرەگرافەدا خوێنەر جۆرە پەشیمانییەک لە گوتیاردا دەخوێنێتەوە زادەی نەمانی باوکە، کە بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەلا درووست کردووە، ئاساییە ئەو بۆشاییانە تا پڕ دەبنەوە جۆرە هەستێکی وەکو پەشیمانی لای بەرانبەر دروست دەکەن.. کە ئەرکی دەقی هونەری لە بنەڕەتدا ئەوەیە ئەزموون بگۆڕێت بۆ هەست..

گوتمان ئاوابوونی دەسەڵاتی بابسالاری بەرە بەرە لە سەرانسەری دەقەکەدا دەردەکەوێ.. ئەوەتا شەوێک لە ترسی تۆپباران خەڵکی خۆ کۆدەکەنەوە کە بچنە پەنا و ژێرزەمینان، گوتیار دەڵێت:" دایکم بێ پەروا جانتا ڕەشە بچوکەکەی ناو تاکی بۆفێکە دەگەرا و دەیدا بەیەکدا: کوا؟ دایکم هەر دەیگوت کوا.. تەسکەرەکەی باوکتان بۆ دیار نییە؟ چی لێهاتووە؟ ئەی خۆی ئێستابەم ئاگر و ئاسنبارانە لە کوێیە؟" ( ل ١٦، ئەشقی هاجەرە) لێرەدا دیارنەمانی تەسکەرەی باوک، ئاماژە و زەمینەسازییە بۆ غیابی یەکجارەکی باوک.. ئەمە جگە لە جانتا ڕەشەکە، کە ڕەنگی ڕەش لە کوردەواریدا زیاتر ڕەنگی ماتەمباری و ڕەشبینییە.

وەک پێشترش ئاماژەمان بۆ کردووە، باوک (فەقێ عەلی) لەم دەقەدا دەکاتە نوێنەری نەوەی دووەمی سیستەمی بابسالاری، چونکە سیستەمەکە ڕوو لە هەرەس و داڕوخانە هەمان جۆش و خرۆش و تاسووبی، باوک و خاڵۆ گەورەکەی دەرهەق بە سیستەمی ناوبراو نییە و تەنانەت وەکو پێویست مومارەسەی باوکایەتیش ناکات و کە قۆناغەکانی خوێندنی فەقیاتیش تەواو دەکات، مەلایەتی ناکات، کە خۆی لە خۆیدا پشتیوانی دەسەڵات و سیستەمی بابسالارییە، دەڵێت:" لە ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبووم، بەڵام لە پشتی تەسکەرەکەمدا ڕێکەوتێکی تر نووسراوە... بۆیان گێڕاومەتەوە کە باوکم هیچ گرنگییەکی بەم شتانە نەداوە و خۆی لەم کاروبارە یاسایی و خێزانیانە

دوور گرتووە و جگە لە کاسبی و دوکانەکەی، هەقی هیچ شتێکی دیکەی خێزانەکەی نەبووە...!" (ل ٢٢، عەشقی هاجەرە).. حزووری باوکایەتی باوک لە خێزانەکەدا هێندە لاوازە، کوڕەکەی هەست بە بوونی باوکی ناکات، لە دیمەنێکی دابەشکردنی جلوبەرگدا بەسەر مندالّە هەتیووەکاندا لە قوتابخانە، دەست هەلّدەبڕێ و دەلّێت: " مامۆستا منیش هەتیوم، باوکم نییە...!" ( ل ٢٩، عەشقی هاجەرە) مامۆستایەکی دراوسێیان دەلّێت: " من ئەم شەو باوکتم لە مزگەوت بینی، بۆ درۆ دەکەیت سیسی پیس؟" ( ل ٢٩، عەشقی هاجەرە) لێرەدا گۆشەیەکی ڕوالّەتی گوتیاریش خراوەتە ڕوو کە کەسێکی سیس و پیسە، لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە فەقێ عەلی، پێش ئایشێ، ژنێکی تری هەبووە، لێی جیا بووتەوە، کوڕ و کچێکی لەو ژنە هەیە، بەلّام هیچ مامەلّە و مالیجەیەک لەگەلّ ئەم حالّەتەدا نەکراوە، تۆ بلّێی ئەمە پرسیار لای خوێنەر دروست نەکات، یا خوێنەر بە ئاسانی چاوپۆشی لەم غەفلّەتە هونەرییە بکات...!

***

زۆربەی هەرە زۆری کارەکتەرەکان، ئەگەر نەلّێین هەموویان، کەم نموود وسادەن، کەمتر بەشداری ڕووداون. دەکرێن بە شەریکی گێڕانەوەو سەرچاوەی زانیارییەکانی گوتیاری –قارەمان..کارەکتەرەکان لە ناو ڕووداوو بەدەم ڕەوت وگەشەی ڕووداوەوە بەرجەستە نابن، لە میانەی گێڕانەوەی گوتیارەکانەوە دێنە ناسین وزیاتر کارەکتەری سادەن وبە دەم ڕووداوەوە گەش ونەشە ناکەن و ناگۆڕێن، بەلّکو لە زمانی گوتیارەکانەوە دێنە ناسین و وەسفکردن.. بۆ نموونە دایک ، کارەکتەرێکی زۆر بێنموودە، تەنیا ئەوەندەی لە بارەوە دەزانین ناوی (ئایشێ)یە...لە بنەمالّەیەکی شیوعی، هەواداری سۆڤیەتە.. بێ هیچ پرس وڕایەکی خۆی دەدرێ بە کوڕی مالّباتێکی ئاینی ، واتا باوکی بەگوێرەی داب ونەریت و ڕێسای سیستەمی بابسالاری لەجیاتی ئەو بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات، کە تاک بە گشتی و ژن بەتایبەتی کەڕەتی سفر دەکرێت...ئەوەتا گوتیار دەلّێت: " دایکم جارێکیان گێڕایەوەو گوتی : " کاتێ هاتە خوازبێنیم، تەنیا ناویم بیستبوو، بیستبووم کە پیاوێک دووکانی کەمالیات وبابەتی ژنانەی لە قاپی قەیسەرییەکەدا هەیەو بە پیاوێکی

دڵتەڕو قۆزیش باسی دەکەن.. گوایە پێشتر ژنێکی تری هەبووەو تەڵاقی داوە." (ل ٦٧، عەشقی هاجەرە) لێرەدا دوو گێڕانەوە تێکەڵدەبێت، واتە دایک دەکرێت بە شەریکی گێڕانەوەی گوتیاری قارەمان، واتە گوتیاری سەرەکی، بۆ ماوەیەکی کەم دەسبەرداری گێڕانەوە دەبێت و دەوری وەرگر دەبینێت! کە ئەمە، جۆرێک لە فرەگێڕانەوەیی دەستەبەر دەکات وجوانییەکی هونەری بە دەقەکە دەبەخشێت..

هەروەها لە زمانی گوتیارەوە دەزانین کە گوایە ژنێکی هۆشیارە، بەتایبەتی کە بە نهێنی کاری ڕێکخستنی لەناو ژنانی شاردا بۆ حزبێکی پێشکەوتوو، واتە ( حزبی شیوعی) کردووە..دایک بۆ منداڵەکانی گێڕاوەتەوە کە زانیویەتی باوکیان کەسێکی نائاساییە، ترساوە لەوەی لەگەڵیا هەست بە بەختەوەری نەکات...!بەڵام گوتیاری سەرەکی دەقەکە، ڕێگە بە دایک نادات خۆی خۆی بگێڕیتەوە، دێت لەجیاتی ئەو بیر دەکاتەوە و دەڵێت:" ڕەنگە دایکم هەر لە خۆشییەوە وای بۆ چووبێت، کەسێک ئەم هاوسەرگیرییەی پێ خۆش نەبووبێت و دوعای ڕەشیان لێکرابێت..." ( ل ٦٨، عەشقی هاجەرە) دیارە ئەم بۆچوونە دەگەڵ بیرکردنەوەی کەسێکی مەتریالیستیدا تێک ناکاتەوە، بۆیە دەشێت خوێنەر وای لێک بداتەوە کە شیوعیەت وێرای ئەوەی لەسەر بناغە و بنەمای مەتریالیزم ڕۆنراوە، لە کوردستاندا نەیتوانیوە بۆچوون و باوەڕ و ماکە غەیبانییەکان، لە نەستی خەڵکانیشیوعیدا بسڕێتەوە... و شیوعیەت جۆرە مۆدێکی حزبایەتی سەرڤەسەرڤە(سەتحی) بووە...!

وا دیارە گوتیار ( قارەمان، نووسەر) هەستی بەم غەفڵەتە کردووە و دەیەوێت پینەی بکات، بۆیە هەر تۆزێک دواتر دەڵێت: " بێگومان دایکم بەخۆیدا چووەتەوە و ببڕای ببڕ شتی لەو جۆرەی نە هێناوە بە خەیاڵی خۆیدا، نە بیری لێکردووەتەوە..." ( ل ٦٨، عەشقی هاجەرە)..

پرسیار ئەمەیە، ئایا ئەم پینەکردنە لەڕووی مالیجەی هونەرییەوە قەناعەتبەخشە؟ لە نموونەی یەکەمدا گوتیار دەڵێت:" ڕەنگە دایکم.." وشەی ( رەنگە) بە گومان بارگاوییە، گومان لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەت، ئەمە لەڕووی هونەرییەوە قەناعەتبەخشە! بەڵام لە نموونەی دووەمدا گوتیار

دەڵێت: " بێگومان دایکم..." وشەی (بێگومان) بە یەقین و دڵنیایی بارگاوییە.. کە ئەمە لەڕووی هونەرییەوە قەناعەتبەخش نییە، دەشێت کاراکتەر بڵندگۆی نووسەر بێ، بەڵام کە نووسەر بڵندگۆی کاراکتەر بێ، ئەمەیان لەباری هونەرییەوە جێگەی پرسیارە.. لێرەدا گوتیار لەجیاتی کاراکتەر بیر دەکاتەوە، ڕیگە بەخۆی دەدات بوختتان بۆ کاراکتەرەکە بکات، بەڵام ئەوەندە ئازادی بە کاراکتەرەکە نادات خۆی گوزارشت لە خۆی بکات، بەمە بڕست لە کاراکتەر و گەشەکردنی دەبڕێت و کاراکتەرەکە هەر بە سادەیی دەمێنێتەوە و دیارە ئەمە نەک هەر کاراکتەر بێ نموود دەکات، بەڵکو بە زیانی نەخشە و پڵۆتی کارە چیرۆکڤانییەکەش دەشکێتەوە.. پڵۆت لە کاری چیرۆکڤانیدا، ڕووداوەکان بەجۆرێ ڕێک دەخات کە لەبەرچاوی خوێنەردا لۆژیکی بنوێنێ، واتە لەم پێودانگەوە پڵۆت تەنها ڕێکخستن و دانەدەمیەکی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو گواستنەوەی ڕووداوەکانە بەگوێرەی بەندیواری هۆ و ئەنجام... بۆ نموونە ئەم ڕستەیە:" شا مرد و پاشان شابانۆ مرد" ئەمە حیکایەتە، بەڵام " شا مرد و پاش ماوەیەک شابانۆ لە سوێیاندا مرد" ئەمە پڵۆتە.

***

" دێخاوەر یەکێ بوو لەو پیرەژنە خڕیلە و جوان و خانومان و قسەخۆش و میهرەبانانەی کە من بەو منداڵییەی خۆمەوە زۆرم خۆش دەویست و هۆگری بووم..."(ل ٦٠، عەشقی هاجەرە) ئەمە وەسفی گوتیارە بۆ ( دێخاوەر) و لێرەدا بووە بە گوتیاری چاودێر... و لەڕێگەی گوتیارەوە، دەزانین کە دێخاوەر حیکایەتبێژێکی بەسەلیقە بووە و نەک هەر دەبێ بە سەرچاوەی زانیارییەکانی گوتیار، بەڵکو دەبێت بە شەریکی گێڕانەوەش..

"دێخاوەر، لە گێڕانەوەکانیا دەیناردیت بۆ ڕۆژگارێکی دێرین، بۆ ناوجەرگەی ئەو گۆڕەپانەی بەسەرهاتەکەی لێ دەگێڕایەوە، وا ئاشنای دەکردیت بە پاڵەوانەکان..." ( ل ٦٣، عەشقی هاجەرە)یان "پاش چەندین ساڵ زانیم، باوکم یەکێکە لە پاڵەوانە ڕاستەقینەکانی یەکێک لە چیرۆکە واقیعییەکانی دێخاوەر..." ( ل ٦٢، عەشقی هاجەرە)

یان " من: دێخاوەر ئەو ماڵانە بۆ کوێ دەڕۆیشتن؟

دێخاوەر: بۆ شوێنێکی تر ڕۆڵە... بۆ شوێنێکی دوور...

من: ئەی بۆ لە گوندەکەی ئێوە نەدەمانەوە... خۆ گوندەکەی ئێوەش دوورە..." (ل ٧١، عەشقی هاجەرە).

هەر لەڕێگەی گوتیارەوە ئەوەش دەزانین کە دێخاوەرلەزەتی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بیرەوەرییەکان دیتووە، کاتێ فەقێ عەلی بە کوڕەکەی خۆی ( گوتیاری دەقەکە)گوتووە کە ئیتر ئەوەندە دێخاوەر ماندوو نەکات و لێگەڕێ بخەوێت.. دێخاوەر وەڵامی داوەتەوە: " ئێوە بۆ خۆتان بخەون و حەقی ئێمەتان نەبێت..." ( ل ٧٢، عەشقی هاجەرە) ئیدی دێخاوەر چ وەکو سەرچاوەی زانیاری و چ وەکو گوتیاری ناڕاستەوخۆ لە هەندێ دیمەنی ناو دەقەکەدا، پێگەیەکی هونەری جوان لەناو دەقەکەدا پەیدا دەکات و دەبێت بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەقەکە، تا لە کارەساتی کیمیابارنی شاردا دەمرێت.. کە ئەگەر ڕۆژ و ساڵەکەی دیاری بکرایە، ڕەهەندێکی هونەری گەورەتری پەیدا دەکرد و خوێنەری بەڕادەیەک دەهاڕوژاند کە لەبەر خاتری تێرکردنی لاپرەسەنی و کونجکاوی خۆی پەیجۆرییەکی زەینی جدی کارەساتەکە بکات.

***

هاجەرە کە لایەنێکی هەرە گرینگی بابەتی کارە چیرۆکڤانییەکەیە، زیاتر لەلایەن گوتیارەوەو لە میانەی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ترەوە، دێتە ناساندن و ئەوەتا لە یەکێک لە گێڕانەوەکاندا دەردەکەوێ کە دایکی هاجەرە، بەسەر هاجەرەوە چووە و مردووە، لە خێڵەقەرەجەکانن.. خۆی و بابی لە گوندەکەی ماڵە باوانی فەقێ عەلیدا دەگیرسێنەوە.. هاجەرە کچێکی جوان و بێدەنگ و شەرمن و ئیشکەرە.. ئاشنایەتی و پەیوەندی دەگەڵ دێخاوەردا پەیدا دەکات و گرێی دڵی بۆ دەکاتەوە کە فەقێ عەلی خۆش دەوێت و حەز دەکات شووی پێ بکات، بەڵام کە وەڵامی نەرێنی لە دێخاوەر دەژنەوێ و دەزانێ هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەرەج بوونی ئەسڵ و فەسڵی.. زۆری لەبەر گران دەبێت و دەڕواتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ باوکی لە غورابی خەودایە و پرخەی ڕۆژەڕێیەک دەڕوات.. لە زمانی گوتیارەوە دەبیستین کە دەڵێت:" ڕەنگە هاجەرە لەو کاتەدا ڕقی لە باوکی هەستابێت و

ویستبێتی لەخەو خەبەری بکاتەوە و پێی بڵێت: باوکە من تاوانم چییە کە کچی تۆم؟ ئاخر من بۆ دەبێت قەرەج بم؟ دەسەڵاتی من چییە کە هێشتا منداڵ بووم، دایکم عاشقی پیاوێکی بەلەموان دەبێت و تۆ جێدەهێڵێت؟"( ل ٨٢، عەشقی هاجەرە) لێرەدا لەم دیمەنەدا گوتیار چووەتە کڵێشەی کاراکتەرەوە،بەڵام بە زمانی خۆی دەدوێت، نەک بە زمانی کاراکتەرەکە، چونکە ئەو زمانە کە هەڵگری ماکێکی فەلسەفییە، زمانی نووسەرە نەک زمانی هاجەرەیەکی قەرەجی نەخوێندەوار واتە نووسەر نەیتوانیوە بچێتە کڵێشەی زمانی کاراکتەرەکەوەو زمانی ئەو سەردەمەی هاجرە بدۆزێتەوە..کە ئەم حاڵەتەخۆی لەخۆیدا دەکاتە سنووردارکردنی فرە زمانی و جۆراوجۆری زمان، کە یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی دنیای مۆدێرن، کاری چیرۆکڤانیش، بەتایبەتی ڕۆمان، دەرهاوێشتەی دنیای مۆدێرنە، دەبێ فرە زمانی و جۆراوجۆری زمان ڕەچاو بکرێت، هەڵبەتە زمانی کاری چیرۆکڤانی زمانێکی سخ و چڕ و پوختە و پاراوە، نە جێگەی درێژدادڕی تیا دەبێتەوە نە ڕێگەی ئاخافتنبازی دەدات... یانی زمان ئەوزاری گوزارشتە، لە خودی خۆیدا و بە مجەڕەدی ناسنامە و ماهیەت و بونیادێکی سەربەخۆی نییە، بەگوێرەی ئەو بابەتەی باسی دەکات دەگۆڕێت،  لە کاری چیرۆکڤانیدا، بەتایبەتی ڕۆمان، بونیاد و پێکهاتەی پەیڤ و دەستەواژە و بونیادی ڕێزمانی ڕستە، بۆ خۆی و بە تەنیا ئەو بایەخەی نییە، کە نووسەر زۆر لە خەمی جوانی و ناسکییاندا بێت، بەڵکو گرینگ دەربڕینی ورد و بێ خەوشی ئەو بابەت و شتەیە کە قەرارە بۆ خوێنەری بگێڕێتەوە، هەڵبەت زمانی پوختە و ئاهەنگدار، جوانی بە کاری چیرۆکڤانی دەبەخشێت، بەڵام ئەم جوانی و جوانکارییە بۆ خۆی و لەخۆیدا دیاردەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پەیوەندی بە تێکڕای کارە چیرۆکڤانییەکەوە، وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەیە، بابەتی چیرۆکەکە و چۆنیەتی دەربڕینی بابەتەکان، تایبەتمەندی زمانەکە دیاری دەکات...

جا هەر پەیوەست بە هاجەرە ، هەڵبەتە ئەم زانیارییەی لێرەدا و  لە میانەی کاردانەوەیەکی دەروونی تووندا دەربارەی دایکی هاجەرە دەخرێتە ڕوو، تەواو پێچەوانەی زانیارییەکی پێشووترە و خوێنەر هیچ پاکانەیەکی هونەری بۆ ئەم هەڤدژییە نابینێ!..

هەر سەبارەت بە زمان، گوتیار ( نووسەر)بە خەیاڵ دیالۆگێک لەنێوان فەقێ عەلی و هاجەرەدا درووست دەکات و لەشێوەی گوتیاری هەموو شتزاندا ناخیان دەخوێنێتەوە و بەم جۆرە دەیانهێنێتە قسە:

فەقێ عەلی: دەستەکانت.. هاجەرە دەستەکانت چەند گەرمن.. ئەڵێی خۆرت پێ هەڵگرتوون."

هاجەرە: فەقێ عەلی.. چ عەترێک تێکەلاوی هەناسەت بووە.. ئەڵێی پەلکە ڕێحانەت قوتداوە.."( ل ٨٩، عەشقی هاجەرە)

دیارە ئەم زمانە کە هەڵگری ماکێکی شیعرییە زمانی نووسەرە، نەک زمانی فەقێ عەلی و هاجەرە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئاشقێنییەکەی ئەواندا، واتە نووسەر زمانی ئەو سەردەمەی ئەوانی بۆ نەدۆزراوەتەوە... کە وێنا ناکرێت ئەمە لەباری هونەرییەوە بۆ وەرگر (خوێنەر) قەناعەت بەخش بێ.. گەمەی زوبان و بەکاربردنی زمان لە کاری چیرۆکڤانیدا، بەتایبەت لە ڕۆماندا دەبێت بەشێوەیەک بێت کە ڕێنوێنی خوێنەر بکات بۆ تێگەیشتن لە لایەنە هەرە گرینگ و ڕاز و ڕەمزئامێزەکانی ڕووداوی تەوەرەیی و ئەسڵی چیرۆکەکە، یانی پێویستە زمان نە ئەوەندە ڕوون بێت هیچ شتێک بۆ خوێنەر و زیرەکی و هزرینی خوێنەر نەیەڵێتەوە و نە ئەوەندە ئاڵۆزبێ، ببێت بە مەتەڵۆک و بە کەس هەڵنەیەت.

ناوی هاجەرە بۆخۆی ڕەهەندێکی دەلالی هەیە، کە بەلای منی خوێنەرەوە و بەش بە حاڵی ئەم دەقە هێمای ئەوەیە کە ئەوەی نیشتمانی نەبێ، مەحکومە بە هیجرەتی بەردەوام و چارەنووسی هەر موهاجیرییە، دیارە بێ نیشتمان هەر نیشتمانی لەبیرە و هاجەرە، نیشتمانی خۆی لە عەشقدا دەبینێتەوە و لە دیمەنێکی ناسک و شاعیریدا و بە ڕاشکاوی و بەبەرچاوی خەڵکییەوە وەفاداری خۆی بۆ عەشقەکەی دووپات دەکاتەوە و دەڵێت: " فەقێ عەلی دەرمانێک شک نابەیت ئاو بکاتەوە بە خوێن..." ( ل ١٠١، عەشقی هاجەرە) ئەم هەڵوێستەیهاجەرە ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەشق پیر نابێت، عەشق هەوێنی ژیانە، عەشق نەبێ ژیان دەپوکێتەوە!

لە کۆتایی دەقەکەدا گوتیار (نووسەر) جارێکی دی ئاوابوونی دەسەڵاتی بابسالاریمان بیر دەخاتەوە:" بیرتان دێت منداڵ بووم دایکم و براکانم لە چاوەڕوانی باوکمدا منیان نارد بۆ کۆڵان؟ بیرتان دێت ئەو ئێوارەیە سێ جار لەسەر یەک باوکم بانگ کرد؟ باوکە، باوکە، باوکە، خۆتان شاهیدن کە وەڵامی نەدامەوە..." ( ل ١٠٤، عەشقی هاجەرە)

***

بە هەرحاڵ دەقی چیرۆکڤانی، زیاتر نیشاندانە تا گوتن، گوتن و گەنگەشە پتر ئەقڵی وەرگر دەدوێنێ کە ئەمە کاری فەلسەفە و زانست و مێژوو و لێکۆڵینەوەو وتارە... بەڵام نیشاندان و نواندن، پتر هەست و سۆزی وەرگر دەدوێنی کە ئەمە کاری هونەرە و دەقی چیرۆکڤانیش هونەرە.

بەر لە کۆتایی حەز دەکەم ئەم چەند سەرنجەش، کە زادەی ( ل ٩٠- ٩١) ی دەقەکەیە، بخەمە ڕوو، ئەگەرچی پێدەچێ کەمێک لە سیاقی نووسینەکە بەدەربێ، بەڵام وەکو ناوەڕۆک دەگەڵ ناوەڕۆکی نووسینەکەدا هەڤبەندە و بیرم چوو لەشوێنی خۆیدا تۆماری بکەم، بۆیە بە داوای بوردنەوە لێرەدا تۆماری دەکەم: هەر کارێکی چیرۆکڤانی بەتایبەتی ڕۆمان، ئەزموونی واقیع بە وردی و موو بە موو، وەکو خۆی، کۆپی بکاتەوە و بگێڕیتەوە، تەنیا ناکامی بۆ دەمێنێتەوە، چونکە ئەرکی کاری چیرۆکڤانی کۆپی کردنەوەی واقیع نییە،بەڵکو گەرەکیەتی واقیعی واقیعی بگۆڕێت بۆ واقیعێکی خەیاڵی، واقیعێکی جیاواز بەرهەم بێنێت و بخولقێنێ، سەرکەوتن و عیبرەت لەوەدایە کە نووسەر بتوانێ لە حەقیقەتی واقیعی، لە ئەزموونی واقیعیەوە شتێک بخولقێنێت، کە پێش ئەم کارە هونەرییە ئاشکراو دیار نەبووە، واتە کەشفێکی هونەری ئەنجام دابێت، کاری چیرۆکڤانی و ڕۆمان، حەقیقەتێکی سەربەخۆیە، واقیعیەتەکەی لە خودی خۆیدایە، لە خەیاڵ و پەیڤ پێکهاتووە، هەر ئەمەشە کە ئەدەبیات لە ژیان جیا دەکاتەوە، چونکە ژیان لە خەیال و وشە دروست نەبووە، بۆیە نووسەر لەسەرێتی جڵەو بۆ خەیاڵ شل بکات و سڵ لە درۆکردن نەکاتەوە، بەڵام درۆی هونەری قەناعەتبەخش، تا خوێنەر درۆکەی وەکو حەقیقەت و راستی- حەقیقەت و ڕاستی بە گوێرەی واقیعی دەقەکە -لێ قبوول بکات ولەزەتی ئیستاتیکی لێ وەربگرێت.

لە كۆتاییدا بەدەر لە هەر رووبینییەک ڕاستگۆیانە دەڵێم ئەم دەقە وێرای ئەوەی دەقێكی داخراوە، یەكدەستی و یەكنەوایی زمان تا رادەیەكی زۆر بڕستی لە فرە زمانی بڕیوە، سەرباری ئەم سەرنج و بۆچوونانەی بەندەش، یەكێكە لە دەقە ئەدەبییە جوانەكان، دیمەن وڕووداو، شوێن و كات، هونەرمەندانە مۆنتاژ كراوەو لە یەكەیەكی یەكپارچەی هونەریدا، كە دەقی ( عەشقی هاجەرە)یە، یەكانگیر بوون و بەڕاستی شایستەی خوێندنەوەیە، هێڤیدارم خوێنەرانی بەڕیز ئەم نووسینەی بەندە بە ئەڵتەرناتیڤی خوێندنەوەی دەقەكە نەزانن و خۆیان لە لەزەتی خوێندنەوەی مەحرووم نەكەن، دڵنیام هەنگێ وەكو ئێستای من سوپاسی گوتیار و نووسەری دەقەكە، برایشاعیرمان(ئیدریسعەلی)دەكەن.

٩ -٤ -٢٠١٨ سلێمانی

سیحری دەقی ئەدەبی لە تەکنیکدایە !

ن : حەمە کەریم عارف

ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی کارا و کاریگەر، هیگڵ گووتەنی: داستانی بورژوازیەت بەشێوەیەکی گشتی لە سەدەی هەژدەیەمدا سەری هەڵداوەو ، و دیارە ئەم پەیدابوون و سەرهەڵدانە ، لە خۆڕا وکوتوپڕ وەکو قارچک هەڵنەتۆقیوە ، واتا زادەی ڕێکەوت نەبووە ، بەڵکو بەرەنجامی ڕەخسان وچێبوونی هەلومەرجێن هزری و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەباربووە. دەکرێ بگوترێ ڕۆمان وەکو کاردانەوەو پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر بە ڕۆمانسی سەدەکانی ناڤین ، بە تایبەتی لە هەردوو سەدەی شازدە و حەڤدەدا.. خۆ ئەگەر سەرەنجێکی خێرا بدەی دەبینی هەرهەموو ڕۆمانە مەزنەکانی سەدەی هەژدەیەم ، تەقریبەن ، دژی ڕۆمانسن . ڕۆمانس ، ئەدەبێکی ئەرستوکراتی ناڕیالیستی فیودالیزم بوو . ناواقعیەتەکەی لەوەدا بوو کە لە خەمی یارمەتیدانی جەماوەری خەڵکدا نەبوو کە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەرخورد و مامەڵە لەتەک کاروباری ژیاندا بکەن.. ئەرستوکراتیەکەشی لەوەدا بوو ، ئەو هەڵوێستانەی کە گوزارشتی لێدەکرد ، ڕێک هەمان هەڵوێستی چینی فەرمانڕەوا بوو ، کە هەوڵی بۆ بەردەواماندنی پێگە وپایەی خۆی دەدا . ئیدی زۆر چەمک و زاراوە و مانای ئەدەبی و هزری وەکو ڕیالیزم و ڕەسەنایەتی گۆڕا ، گۆڕانی گەورەی ڕۆشنبیری وەک بڵاوبوونەوەی قوتابخانە . کتێبخانەێن گشتی ، زۆربوونی چاپخانە و وەشانخانان ، هەروەها باشبوونی باری دارایی و بژێوی خێزان ، کردیە کارێک تاک کاتی بەتاڵی زۆرتربێ و خوو بداتە خوێندنەوە و بەمەش ژمارەی خوێنەر ، زۆر بە زەقی زیادی کرد . ئیدی خێڵی ئافرەت ڕێژەیەکی گەورەی خوێنەرانی پێکدێنا . لە ڕووی کۆمەڵاتیشەوە پەرەسەندنی گەورە ڕوویدا ، تاک ئازادی زیاتری بە دەست هێنا و خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەرپرس بوو .

ئیدی هەرهەموو ئەم فاکتەرانە لە ئینگلتەرای سەدەی هەژدەدا یەکانگیربوون و ژینگەیەکی لە بار و گونجاویان بۆ سەرهەڵدان و

پەیدابوونی ئەم ژانرە ئەدەبییە بالآیە ،واتا ڕۆمان خوڵقاند . بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە پێشتر و لە دنیادا هەوڵی چیرۆکنووسین ، یان چیرۆک لە دنیادا نەبووە . بۆ نموونە چیرۆکی گریکی هەبووە ، لە سەدەکانی ناوەڕاستا چیرۆک هەبووە ، لە سەدەی هەڤدەدا لە فەرەنسادا چیرۆک هەبووە ، جا دەکرێت لەم پێودانگەوە بگوترێ ڕەگێکی ڕۆمان دەچێتەوە سەر چیرۆک ، بەڵام بە بوون و ناسنامەیەکی هونەریی تازە .

دیارە ڕۆمان ، وەکو ژانرێکی ئەدەبی تازە و وەکو باڵاترین دەربڕین و گوزارشتی ئەدەبی سەردەم ، ڕێبەرانی خۆی هەبووە و لەم وارەدا و لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ( دیفو : ١٦٦٠ – ١٧٣١ ) ، ڕیچاردسن ( ١٦٨٩ – ١٧٦١ ) ، هنری فیلدینگ ( ١٧٠٧ – ١٧٥٤ ) بە سێ کوچکەی ڕۆمانی ئینگلیزی دادەنرێن . هەرچەندە ئەم سێانە ، یەک قوتابخانەی ئەدەبی ، بە مانا باوەکەی قوتابخانە ، پێکناهێنن و ڕەنگە تەنیا لە داهێنان و تازەگەرییدا یەکبگرنەوە . هەموو ئەمانە بە تایبەتی ڕیچاردسون و فیلدینگ باوەڕ و قەناعەتیان وابووە ، شێوازێکی تازەیان لە واری نووسینی ئەدەبدا داهێناوە و بەو چاوەوە سەیری بەرهەمی ئەدەبی خۆیان کردووە ، کە لادان بووە لە چیرۆکێن ڕۆمانسی کۆن . ئیدی نەیانتوانیوە وەکو پێویست تایبەتمەندییەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە تازەیە بە دروستی و بە شێوەیەکی بنجبڕ و دوور لە هەر چەند و چوونێک ، دیاری بکەن . تەنانەت ناوێکی تازەشیان بۆ لێ نەنرا ، بۆیە زاراوەی ڕۆمان ، لە ئینگلیزیدا ، تا ئاخر و ئۆخری سەدەی هەژدەیەم ، بە تەواوەتی نەچەسپی . هەڵبەتە پاشان پسپۆڕان وشارەزایان و مێژوونووسانی ڕۆمان ، توانیان هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ژانرە ئەدەبییە تازەیە دیاریبکەن . بە بۆچوونی ئەوان یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی ئەم ژانرە ئەدەبەی لە چیرۆکی پێشتر جیادەکردەوە، واقعییەت بوو . دیارە لێرەدا واقعییەت بەو مانایایە نییە ، هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی پێشتر ناواقیعی بووە . بە هەرحاڵ وشە و زاراوەی واقعیەت ( ریالیزم ) مشت و مڕ وگەنگەشەیەکی زۆری نایەوە و تا وای لێهات وەکو زاراوەیەکی هەڤدژی ئایدیالی بە کاردەبرا . جا سەبارەت بە واقعیەتی ڕۆمان ، ڕۆمان هەوڵدەدات هەموو ئەزموونە بەشەرییەکان وێنەبگرێت ، نەک ئەزموونێک کە دەگەڵ یەک گۆشە نیگای ئەدەبی

دیاریکراودا تێکبکاتەوە . واتە ڕیالیزمی ڕۆمان لە جۆری ئەو ژیانەدا نییە کە بەرجەستەی دەکات . بەڵکو لەو ستایل و ڕێبازەدایە کە ئەو ژیانەی پێ بەرجەستە دەکات .

بە هەرحاڵ ڕۆمان ، بە تایبەتی ڕۆمانی ئینگلیزی لە سەروبەند و قۆناغێکدا سەری هەڵدا، کە کەش وهەوا وژینگەیەکی ڕۆشنبیری، تەواو لە کەلەپووری کلاسیکی و کەلەپووری سەدەکانی ناڤین دابڕابوو ، و خۆی لە عمومیات دوور دەگرت و بایەخی بە تایبەتمەندیان دەدا و ، تاک ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بایەخی پەیدا دەکرد و مەسئولیەتی چارەنووسی خۆی هەڵدەگرت و پابەندی داب ونەریتی هزر وهزرینی ڕابردوو نە دەبوو و بە شێوازی تایبەتی و فەردی خۆی لە حەقیقەت دەگەڕا . جا ڕۆمان لە وارە ئەدەبییەکەدا وەکو ژانرێکی ئەدەبی ، دەکاتە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێبازە تازەیە و توانای تاک لە واری داهێنان و ئافراندندا ، بەرجەستە دەکات .

ڕۆمان ، خۆی لە هەر قاڵب و پێوەر و پێوانەیەکی کۆن و تەقلیدی دوور خستەوە و لە گەڵ پەیدابوون و سەرهەڵدانیا پێوەری تایبەتی خۆی بەرهەم هێنا کە بریتی بوو لە : ڕاستگۆیی لە گوێزانەوەی ئەزموونە شەخسییەکان و ، ئەزموونی شەخسیش هەمیشە دەگمەنە ، بۆیە تازەیە ... بەم پێودانگە ، ڕۆمان یەکێکە لە ئەوزارە لۆژیکیە ئەدەبییەکان ، کە بە هەموو مانایەکی ئەدەبی خۆیەوە ، گوزارشت لەو کەلتوورە دەکات کە لە ماوەی ئەم چەند سەدە کەمەی ئەم دواییانەدا ، بایەخی یەجگار زۆری بە داهێنان و هەموو دیاردەیەکی تازە داوە ، بۆیە وشەی نۆڤڵی ئینگلیزی ، کە مانای تازە دەگەیەنێت ، دەقاودەق پڕ بە پێستی وشەی ڕۆمانە ، وەکو ژانرێکی ئەدەبی تازە .

کەواتە ئەرکە هەرە سەرەکی ڕۆماننووس ، ئەوەیە کە ئەزموونە بەشەرییەکان ، یان باری سەرنجی خۆی سەبارەت بە ئەزموونە بەشەرییەکان ، زۆر ئەمینانە بگوازێتەوە ، واتە پابەندی بە هەر یاسا و ڕێسا وقاڵبێکی پێشوەختە ئامادەوە، بە زیانی ڕۆمان دەشکێتەوە ودەرفەت ودەلیڤەی سەرکەوتنی کارە ڕۆمانەوانییەکە تەواو کەم دەکاتەوە ... بۆیە کاتێ سووکە بە راوردێک لە نێوان ڕۆمان و ژانرە ئەدەبییەکانی بەر لە

ڕۆمان بکرێ ، دەبینین دیفۆ و ڕیچاردسون ، وەکو دوو کەڵە نووسەری ئەدەبی ئینگلیزی ، پلۆتی بەرهەمەکانیان لە ئەفسانان یان مێژوو یان ئەدەبی سەردەمانی پێشووەوە وەرنەگرتووە . بۆ نموونە کاتێ دیفۆ ، کەوتە نووسینی چیرۆک ، کەم و زۆر گوێی بە تیۆری و پێوەرە ڕەخنەییە باوەکانی ئەو سەردەمە نەداوە ، بەڵکو جڵەوی بۆ شێواز و ستایلی ڕۆمانەوانی خۆی شلکردووە کە خۆ بە خۆ گەشە ونەشە بکات و فۆرم و قاڵبی خۆی بەرهەم بێنێ . ئەمەش بۆ خۆی ڕێبازێکی تازە بوو لە واری چیرۆک نووسیدا ، کە هاتووە نەخشە وپلۆتی بە تەواوەتی بە شێوازی بیوگرافی و ئوتوبیوگرافی سپاردووە ، ئەمە خۆی لە خۆیدا ، جەختکردنەویە لە بایەخ و گرنگی ئەزموونی شەخسی لە ڕۆماندا .

دوای دیفۆ ، هەر یەکە لە ڕیچاردسون و فیلدینگ ، هەڵبەتە هەریەکەو بە ڕێباز وشێوازی خۆی ، ڕێچکە وڕێبازێکیان گرتەبەر کە پاشان بوو بە کارێکی باو لە ڕۆماندا: ئەویش بریتی بوو لە بە کاربردنی نەخشە و پلۆتێک کە بە تەواوەتی یان بە شێوەیەکی پاژی پشت بە ڕووداوێکی تازە ومۆدێرن ببەستێ ... ئیدی ئەمانە چەند سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە یان نەهێناوە ، گرینگ ئەوەیە ڕچەکەیان شکاندووە ... لە داب ونەریتی چیرۆکنووسی باوی ئەو سەردەمە لایانداوە و لە ڕوانگەیەکی ئەدەبی تازەوە مامەڵەیان دەگەڵ کاراکتەر و پلۆتدا کردووە و ئەمەش بە مانای ڕەفزکردنی عومومیات و جەختکردنەوە بووە لە سەر تایبەتمەندیان . لادان بووە لەو داب ونەریتەی کە جاران نووسەران دەهاتن نموونەیەکی بەشەری گشتییان بە گوێرەی پاشخانێکی گشتی ، لە چوارچێوەی دابێکی ئەدەبی پەسندا نمایش دەکرد ... ئیدی بەرەبەرە ، شەقڵی تایبەتی و تایبەتمەندی برەوی سەند و عومومیاتگوێی دایە کزی ، بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕوو کرایە ئەوەی کە کێشە و ئاریشە ئەدەبییەکان لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە مالیجە بکرێن ... ئیدی ئەم شەقڵە تایبەتیە زۆر بە زەقی لە شێوازی ڕۆمانەوانی هەردوو ڕۆمانی ڕۆبینسۆن کروزو و پامیلادا دیارە .

هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ڕیالیزم لە ئەدەبدا ، سیفەتێکی هەندێک گشتی و دەڵبە ، دەبێ بەلای کەمەوە ناسنامەیەکی

بدرێتێ ، بە ڕەگەزێک یا چەند ڕەگەزێک بناسرێتەوە وجۆرە تایبەتمەندییەک وەربگرێت ... جا لە ڕۆماندا ، واقعییەت زیاتر لە وێنەگرتن و بەرجەستە کردنی کاراکتەر و نواندنی ئەو پاشخان و باکگراوند و ژینگەیەدا دەردەکەوێ کە ڕۆمانەکە بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە لە خۆ دەگرێت ... ڕۆمان زیاتر بەوە لە ژانرە ئەدەبییەکان و لە چیرۆکی جاران جیا دەکرێتەوە ، کە بایەخێکی ئەوتۆ بە کاراکتەر وقارەمانەکانی دەدات ، تەواو وەکو خەڵکی ڕاستەقینە دەربکەون ودیارە وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی تێروتەسەلی ژینگەی ئەم کاراکتەرانە ، شەقڵێکی واقیعی و ڕاستەقینەی پێدەبەخشێت ... ئیدی لێرەوە بایەخدان بە تاک و دەوری تاک سەر هەڵدەدات . تەنانەت وەکو ناویش لە ڕۆماندا ، ناوی دوانی یان ناو و شۆرەت بە کاربراوە و ئەمە کردوویەتیە کارێک ئەو کاراکتەرانە ، واقیعی بنوێنن و لە خەڵکانی دی جیابکرێنەوە و بەو ناوە تایبەتیانە بناسرێنەوە ... یانی کارێک کرا کە کاراکتەر ، ببێ بە خودانی ناسنامەی شەخسی خۆی ... ناسنامەی شەخسی بەو مانایەی کە تاک لە ناو کاتدا و بە دەم درێژەی کاتەوە هەست بە بوون و خود و قەوارەی خۆی بکات ... تاک لە ڕێگەی یادگە و لێکەوتەکانی یادگەوە ، لە تەماس وپەیوەندی بەردەوامایە دەگەڵ ناسنامەی شەخسی خۆیدا . ئەمجۆرە مامەڵە هونەرییە دەگەڵ کاراکتەردا ، یەکێکە لەو خاڵانەی ڕۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی جیادەکاتەوە . هەڵبەتە ئەگەر بویسترێ خۆدی شتێک یان هەر بوون و قەوارەیەک دیاری بکرێت ، ئەوا دەبێ لە ناو کات وشوێندا بۆی بگەڕێی ، چونکە هەرشتێک یان هەر هزروبیرێک لە فاکتەرێن کات وشوێن بێتە دابڕان ، دەبێ بە شتێکی گشتی ، دوور لە هەر تایبەتمەندییەک . جا ئەمە سەبارەت بە کاراکتەرانی ڕۆمانیش دەقاودەق وایە ، سیما و دیمەنی ئەم کاراکتەرانە ، تەنیا لە چوارچێوەی کات وشوێنی دیاریکراودا ، بەرجەستە دەبێت و دیاریدەکرێت ... هەڵبەتە کات بە ڕەهەندێکی بنەڕەتی دنیای ماتریاڵی دێتە ژماردن ، بۆیە فورستەر پێیوایە وێنەگرتنی ژیان "لە میانی کاتەوە" ئەرکێکی تازەی خستووەتە سەر ئەرکە کۆنەکانی ئەدەب کە بریتی بوو لە ( وێنەگرتنی ژیان لە میانی بەهاکانەوە ) . هەڵبەتە ئەمەش لە ڕێگەی ڕۆمانەوە هاتووەتە ئاراوە . واتە ڕۆمان ئەرکێکی تازەی بۆ ئەرکە کۆنەکەی ئەدەب زیادکردووە

... بە هەرحاڵ ڕۆمان لە هەر ژانرێکی ئەدەبی دیکە ، پتر بایەخی بە کاراکتەر و پەرە پێدانی کاراکتەر لە میانی ڕەوتی زەماندا ، داوە . دەوری کات لە ئەدەبی کۆن و سەردەمەکانی ناڤین و ئەدەبی سەردەمی ڕێنیسانسدا زۆر جیاوازترە لە دەوری کات لە ڕۆماندا . یانی بەم پێیە ڕۆمان لە مێژووی ئەدەبدا بە وەرچەرخان و کودەتایەکی گەورە دەژمێردرێت . کات وشوێن وکاراکتەر وپلۆت و ڕووداو بە جۆرێک دەهونەرێنرێ کە خوێنەر بەردەوام وا هەستدەکات بە ڕاستی لە ڕووداوی ڕۆمانەکەدا شەریکە ، کە ئەمە پێشتر و بەو چڕی و بەو هونەرییەتە لە هیچ ژانرێکی ئەدەبیدا نەبووە . دیارە کات چ لە ڕووی لۆژیکیەوە و چ لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، پەیوەستە بە شوێنەوە و ، هیچیان بە بێ ئەوی دی نایەتە وێناکردن ...

هەڵبەتە واقیعگەرایی ڕۆمان ، لە زمانیشدا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە و وادیارە ڕۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی پتر جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە کە دەبێ ئەرکی زمان بریتی بێ لە دەلالەتکردن لە شتەکان وزیاتر بەلای ڕانانی دوور ودرێژ و شەرح و شرۆڤەی تێر وتەسەلدا دایبکێشێت تا بەلای ناسکی و کورتبڕیدا ... بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە پاچڤەی ڕۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی ئاسانترە وگەلێک لە ڕۆماننووسە گەورەکانی وەکو ڕیچاردسون و بالزاک و هاردی و دۆستویفسکی ، نەک هەر بە زمانی ناسک و سفت وچڕ قەڵەمڕانیان نەکردووە بگرە هەندێجار زمانی زبر وشاشیان بە کاربردووە . بەم پێیە هیچ ژانرێکی ئەدەبی بە ئەندازەی ڕۆمان لە ژیان ناچێت . هەڵبەتە دەبێ لێرەدا ئەوەش بگوترێ کە داهێنانە فەلسەفی و ئەدەبییەکان ڕەنگدانەوە و دەرهاوێشتە ولێکەوتەی پەرە سەندنێکی گەورە وفراوانتر بوون، ئەویش ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە بوو کە لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە لە شارستانییەتی ڕۆژ ئاوادا ڕووی دا . ئەوەبوو شێوەی دنیا یەکگرتووەکەی سەدەکانی ناڤین هاتەگۆڕان و دنیایەکی دیکە جێی گرتەوە ، کە لە جەوهەردا ئەوە دەسەلمێنێ کە دنیا لە خەڵکانی دیاریکراو پێکهاتووە و ئەزموونی تایبەتی خۆیان لە کات و شوێنی تایبەتی و دیاریکراودا هەیە و ئەم تاکانە لە کۆمەڵگەی جیاوازدا دەژین و ئەم کۆمەڵگایانە ، ئەگەر بە شێوەیەکی خۆبەخشیش بێ ، لە گۆڕان ویاسای گۆڕان بە دەرنین ... جا بەم پێوەدانگە ڕۆمان دەکاتە تۆمارێکی ڕاستەقینەی

ئەزموونە بەشەرییەکان . بەڵام ئەم تۆماری ئەزموونە دەبێ قەناعەتبەخش بێ ، کۆمەڵێک وردەکاری هونەری قەناعەتبەخشی وەک دیاریکردنی سیماکانی کاراکتەر ، بەرجەستەکردنی وردەکارییەکانی کات وشوێنی ڕووداوەکان بخرێتە بەردەستی خوێنەر . دیارە بۆ ئەم مەبەستەش زمانێکی پڕ دەلالەتی ورد ودروست بەکار دەبرێت کە بە دەگمەن لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیدا بە کار دەبرێت ... هەڵبەتە کەدەگوترێ " ڕۆمان دەکاتە تۆمارێکی ڕاستەقینەی ئەزموونە بەشەرییەکان ... " نابێ ئەوەمان لە بیربچێت کە تۆمارکردنی وردی فۆتۆگرافیانەی دیاردە و ڕووداو و شتە واقیعییەکان ، مەرج نییە کارێکی ئەدەبی ڕاستەقینەی ، بایەخداری نەمری لێبکەوێتەوە ، چونکە هونەراندنی ئەو دیاردە وڕووداوانە مەرجە . دیارە ڕادەی لاسایی کردنەوەی واقیع ، لە ژانرێکی ئەدەبییەوە بۆ ژانرێکی دیکە جیاوازە ... بەڵام واقعیەتی فۆرماڵی ، ئازادیەکی زیاتر لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە ، بە ڕۆمان دەبەخشێت تا لاسایی ئەزموونە بەشەرییەکان ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ، لە چوارچێوەی ژینگەی کات وشوێندا ، بکاتەوە ... ئەم نزیکییەی ڕۆمان لە ژیانەوە کردیە کارێک ، خوێنەرێکی زۆر بە تایبەتی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ، بۆ خۆی ڕابکێشێت ...

***

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ ، ڕۆمان لە خۆڕا وکوت وپڕ وەکو قارچک هەڵنەتۆقیوە و زادەی ڕێکەوت نەبووە ، بەڵکو بەرەنجامی ڕەخسانی زەمینە وچێببوونی هەلومەرجێن هزری و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە بار بووە . ئەوەی زەمینەشی بۆ ئەم ژینگەیە خۆشکردووە ، سەرهەڵدانی سەرمایەداری پیشەسازی بووە . ئەم سیستەمە سەرمایەداریە ، چەشنە فرەجۆرییەکی ئابووری لێکەوتووەتەوە کە بونیادە مکووم وپتەو وسفتەکانی جارانی تەواو لەق کرد ، هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ ئازادی تاک خۆشکرد و تاک بوو بە تەوەری سەرەکی کۆمەڵگە . واتە ئیدی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەوە دەرچوو پشت بە بنەماڵە و ماڵبات ، یان دام ودەزگای ئاینی یان پیشە کۆنەکان یان سیستەمی شار ببەستێ ، بەڵکو تاک بوو بە تەوەری سیستەمی

کۆمەڵایەتی . ئیدی تاک لە دیاریکردنی چارەنووسی ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی خۆی بەرپرس بوو ... ئیدی ئەم ئازادی تاکە بەرەبەرە لە کایە هزری و سیاسی و فیلیڤانی و ئەبستۆلۆجیە جۆراو جۆرەکاندا ڕەنگی دایەوە . کە ڕۆمان یەکێکە لە کایە فیلیڤانیە هەرە دیارەکان . بۆ نموونە ڕۆبنسون کروزو ، بە نموونەیەکی تاکی ئابووری ، لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی ڕۆژئاوا دێتە ژماردن . واتە فاکتەر و ئەنگیزەی ئابووری ، لە لای ڕۆبنسون کروزو بە پلەی یەکەم دێت ، کە ئەمە خۆ بەخۆ پەیوەندی و بونیادە کۆمەڵایەتی و خانەوادەیی و نیشتمانییەکان لەق دەکات ... واتە کاتێ تاک لە ڕووی ئابوورییەوە ، ئازاد دەبێت و سەربەخۆیی پەیدا دەکات ، پەیوەندییە خانەوادەییەکانی کزدەبن و ژن ومێرد لە ڕووی ئابووری وکۆمەڵایەتییەوە ، یەکەیەکی سەربەخۆ پێکدێنن ...

ئیدی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەم کەڵکەڵەی تاکگەراییە ، پەیوەندییە گشتییە کۆمەڵایەتی و تەقلیدی و باوەکانی تەواو کز کرد وبەرەبەرە ژیانی تایبەتی و ئەقڵیەتی زاتی جێگەی گرتەوە و پەیوەندییە شەخسییەکان زاڵ بوو ، کە لە واری ئەدەبدا ، زیاتر لە ڕۆماندا ڕەنگیداوەتەوە تا لە هەر ژانرێکی ئەدەبی دیکە . بەم پێوەدانگە دنیای ڕۆمان لە جەوهەر وکرۆکدا ، دنیای شارە ... تاک ئیدی لە بازنەی پەیوەندییە شەخسییە تایبەتیەکاندا دەخولێتەوە وپەیوەندییەکی ئەوتۆی بە تەبیعەت و بە کۆمەڵگەوە نامێنێ ... واتە دنیای ڕۆمان ، دنیای شاری تازەیە ، تاک لە شاردا نیگەرانە ، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی وڕۆحییەکان هەڵوەشاونەتەوە ، ژیانی ڕۆژانە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی هەمیشەیی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە کە پشتی پێ ببەسترێ . تەنیا ئاسوودەیی ئابووری ئارامی دەروونی پێدەبەخشێت ... لە شارا پەیوەندییە شەخسییەکان کورت مەودان ، زیاتر بەندە بە قازانج و بەرژەوەندی مادییەوە . ئیدی شار بە هەموو دیاردە وڕووداوە زۆر وزەبەندەکانییەوە ، بە هەموو پەیوەندییە سوسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی وئابووری و شەخسییەکانییەوە ، بابەت وکەرەستەی ڕۆمانە . دیارە هەر ژانرێکی ئەدەبیش ، ئەوزاری دەربڕینی خۆی ، کە زمانە ، بەرهەم دەهێنێت ... زمان لە کاری هونەریدا ، ئەوزارێکی ئەدەبی زۆر وردە بۆ تۆمارکردنی چالاکییە دەروونییەکان ... بۆیە تەمەشا دەکەی ڕۆماننووسەکان ، هەر لە

گەڵ سەرهەڵدانی ڕۆماندا ، بە دووی زمانێکدا گەڕاون کە ڕەنگدانەوەی ژینگەی ئەخلاقی وکۆمەڵایەتی ڕۆمانەکەیان بێ ، خۆیان لە هەر گەمەیەکی زماننویێنی سەختفام دوورگرتووە . ئەوەندە بایەخیان بە زمان داوە کە وەکو ئەوزارێکی ئەدەبی ، بە ڕوونی و ڕەوانی مەبەستە هونەرییەکە بەرجەستە بکات .

ئیدی کۆمەڵێک گۆڕانکاری هونەری و کۆمەڵایەتی یەکانگیربوون و زەمینەیان بۆ ڕۆماننووس خۆشکرد ، کە شێوازێکی لە جاران قەناعەتبەخش تر بە کاربێنێ بۆ گوزارشت کردن لە ناوەوە و لە پەیوەندییە شەخسییەکانی کاراکتەرەکانی . بۆیە خوێنەر، زیاتر خۆی لە کاراکتەراندا دەبینێتەوە تا لە ڕەگەزەکانی دیدا ... ڕۆمان پرۆسەیەکی هونەری کەشفکاری یەجگار گەورەیە ، ناخی کاراکتەرەکان و پەیوەندییە شەخسییەکانیان هونەریانە کەشف دەکات ... لایەنە هەرە پەنهانەکانی ژیانیان کەشف دەکات .. کە ئەمە زۆر بە ڕوونی لە بەرهەمی کەڵە ڕۆماننووسانی دنیادا بەدی دەکرێت ... بەڵام هیچ ڕۆمانێکی سەرکەوتوو لە خەون وخەیاڵ بە دوور نییە ..

هەڵبەتە هەندێک هەن پێیان وایە ڕۆمان ، لە کروک وجەوهەردا درێژەی دابێکی ڕۆمانەوانی کۆنە ، نەک زادەی هەلومەرجە تایبەتیەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن ... جا خاوەنانی ئەم بۆچوونە داستان بە یەکەمین نموونەی شێواز وستایلی ڕۆمانەوانی دەزانن . هیچ پێیان سەیر نییە بە شێوەیەکی گشتی ناوی داستان بە باڵای کارە ڕۆمانەوانییەکاندا ببڕدرێت ... غافڵن لەوەی کە داستان شێوازێکی شیعرییە ، پشت بە گێڕانەوەی زارەکی دەبەستێ ، باسی کارێن گەورەی قارەمانانی مێژوویی یان ئەفسانەیی دەکات ، کە ئەرکی کۆمەڵایەتیان لە ئەستۆیە ، نەک ئەرکی فەردی ، ڕێک بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە ...

سەرچاوە :


- ظهور الراویە الانگلیزیە – تالیف ایان وات – ترجمە : د . یوئیل یوسف عزیز – منشورات دارالجاحظ للنشر – بغداد – ایلول ۱۹۸۰ .
- ارنولد کیتل – مدخل الی الروایە الانگلیزیە – ترجمە هانی الراهب – منشورات وزارە الثقافە و الارشاد القومی – دمشق ۱۹۷۷ .

- الروايه الانگليزيه – تاليف : والتر الن – ترجمه : صفوت عزيز جرجس – مراجعه د . مرسى سعدالدين – مشروع النشر المشترک – دارالشوون الثقافيه العامه ( افاق عربيه ) – بغداد – الهيه المصريه العامه للكتاب – القاهره .

لەچیرۆکدا

مالیجەی هونەریی شەرتە

ن : حەمە کەریم عارف

چیرۆکی کورت وەکو بونیادێکی هونەری یەکێکە لە هونەر وژانرە ئەدەبییە زۆر باو وبڵاوەکان و توانایەکی گوزارشتەوانی یەجگار گەورەی هەیە و کەم هونەر وژانری ئەدەبی هەیە بە ئەندازەی چیرۆکی کورت گوزارشت لە قەیران و ئاستەنگە مرۆڤایەتییەکانی ، مرۆڤی ئەم سەردەمە قەیراناویە بکات . چیرۆکی کورت ناوی خۆی بە خۆیەوەیە ، خۆی لە هەر درێژدادرییەک دوور دەگرێ و بە ڕادەیەک پەنا وەبەر کورتبڕی و چڕە دەربڕین دەبات ، کە وشە جێگای ڕستە لە باری مانا و ناوەڕۆکەوە و تیل نیشان جێگەی گێڕانەوە و گوتن و پاژ جێگەی گشت دەگرێتەوە ... ئیدی وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە ڕۆژئاوادا ، ئەدیبان پەنایان بردووەتێ تا لەو ڕێگایەوە گوزارشت لە تەنیایی خۆیان و لە تەنیایی مرۆڤ لە ژیانی مادی سەخت و دژواردا بکەن ... لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر گوزارشت بووە لە زوڵم وزۆری زاڵم بە سەر مەزڵومدا . لە فڕاندنی پارووی دەمی خەڵکی برسی و چەوساوە . لە گورگایەتی مرۆڤ بەرانبەر بە مرۆڤی برا وهاو ڕەگەزی خۆی ... ئەگەر هەندێک ورد ، لە چیرۆکی کورت وردەوە بیت و بە دیقەت لێی ڕامێنی ، دەبینی خزمایەتیەکی زۆر نزیکی دەگەڵ کۆمەڵێک هونەر و ژانری ئەدەبی دیکەی وەکو ڕۆمان و شانۆ و شیعر و تەنانەت وتاری چیرۆکڤانی و تابلۆیش هەیە و کەم وزۆر سیمای هەموو ئەو هونەرانەی تیا بەدی دەکرێت ... دیارە ئەمە وایکردووە پێناسەی چیرۆکی کورت یان لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی ڕەهەندەکانی و لە بنج وبناوانکردنی ڕەگەزە هونەرییەکانی هەندێک قورس ودژوار بێت . جا بۆ ئەوەی بچیتە بن وبناوانی بونیادی هونەریی چیرۆکی کورت و هەر ژانرێکی

ئەدەبی دیکە ، دەبێ بەر لە هەرشتێک ئەو کەرەستە و ڕەگەزانە بدۆزیتەوە کە بونیادی کارە هونەرییەکەیان پێکهێناوە ، چونکە بونیادی هونەری هەر ژانرێکی ئەدەبی بە شێکە لە بونیادی خودی دەقەکە وفاکتەرێکە لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی فۆرم ودەلالەتەکانی ئەو ژانر ودەقە ... دوای ئەمە دەبێ بگەڕێی کە چ مامەڵە ومالیجەیەکی هونەری دەگەڵ ئەم ڕەگەز و کەرەستانەدا کراوە ، تا ئەم بونیادە هونەرییەیان پەیداکردووە . لێرەوە ئیدی فۆرم وچەمک و خەسڵەتەکانی ژانری چیرۆکی کورت وەکو بونیادی سەردی کەشف دەبێت و لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی جیا دەبێتەوە .

***

جا لێرەدا پێتڤییە هەڵوێستەیەک لە سەر زاراوەی گێڕانەوە و پێناسەی گێڕانەوە بکەین . دەشێت بە شێوەیەکی گشتی بگوترێت کە گێڕانەوە ئامرازێکە لە ئامرازە گوزارشتییە مرۆڤانییەکان ... بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە جەوهەر و کروکی گێڕانەوە و سەرد بریتییە لە چۆنییەتی گۆڕینی زانیاری بۆ هەواڵ، یان ئەزمونێن مرۆڤانی بۆ کۆمەڵێک بونیادی مانا و چەمکی ئەوتۆ ، کە ئەو خەسڵەتە کەلتوریانە هەڵبگرێت کە پەیوەندیان بە شوێنکات و خەڵک و ڕووداوەوە هەیە ... دیارە لە چیرۆکدا یان لە گێڕانەوەی چیرۆکفانیدا ، پەنا دەبرێتە بەر زمان و ، هەڵبەتە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخافتن ، لە ڕێگەی زمانەوە ڕەفتاری مرۆڤانی و کار و چالاکییەکان دێتە گێڕانەوە وزمان بە دەم گێڕانەوە و لە ناو پرۆژەی گێڕانەوەدا شەقڵی تایبەتی خۆی وەردەگرێت و بە چەمک ومانای دەلالی وپێکهاتەیی بارگاوی دەبێت ... چونکە هەر کارێکی گێڕانەوەیی دوولایەنی دەلالی و پێکهاتەیی هەیە .

دیارە چەمکی بونیاد وبینا لە ئەدەبیاتدا ، پتر بریتییە لە دەرهێنانی دیاردە وشت وڕووداو و کەسەکان لە جەرگەی ژیان ویاساکانی ژیان و پاشان داڕشتنەوە وڕیزکردن و فۆرمۆڵەکردنی ئەوەی لە بونیادێکی دیکەدا و لە قانوون ویاسایەکی دیکەدا ، کە بریتییە لە قانوونی هونەر...

جا بۆ ئەوەی شتێک بکرێت بە ڕووداوێکی هونەری ، دەبێ لە چوارچێوەی ڕەوتی ڕووداوەکانی ژیان بهێنرێتە دەرێ و بوونێکی تازەی پێ بدرێ ، چونکە

لە دنیای هونەردا دەبێ بە بەشێک لە بونیادێکی تازە ... هەڵبەتە دەرهێنانی شتەکە لە ڕەوتی ژیان و گوێزانەوەی بۆ دنیای هونەر ، جۆرە غوربەتێک بەو شتە دەبەخشێت و هونەریەت لەم غوربەتاندنەدا پەنهانە و بونیادی سەردی و گێڕانەوەیی خۆی وەردەگرێت . هەڵبەتە بونیاد زیاتر لە دوو فاکتەرەوە چێدەبێت . یەکەم : جۆری کەرەستە وبابەتە پێکهێنەرەکەی هەر بونیادێک . دووەم : جۆری مامەڵە و مالیجەی هونەری ئەم کەرەستە وبابەتە ، دیارە ئەمە دەکەوێتە پاش چێبوونی کارە ئەدەبییەکەوە ... دیارە بونیادی گێڕانەوەیی بە گوێرەی جۆرەکانی گێڕانەوەو جیاوازی بابەت وکەرەستە و مالیجە هونەرییەکانی هەر بونیادێک ، دەگۆڕێت ... ئەدەب وژانرە ئەدەبییەکان ، دیاردەیەکی هونەرییە . لە گەڵ پەیدابوونی کۆمەڵگەی بەشەریدا ، سەری هەڵداوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوامە ، بەڵام چەمک و مانای ژانری ئەدەبی پەرەی سەندووەو بە گوێرەی قۆناغان گۆڕانی بە سەر هاتووە و ئەرکەکانیشی گۆڕاوە ... بۆ نموونە لە سەردەمانی کۆندا ئەفسانە وحیکایەت وەکو فۆرمۆلە وسیغەیەکی گوزارشتەوانی و پێداویستییە گوزارشتەوانییەکانی سەردەمی خۆیان هێناوەتە دی . دوای ئەوە دەوری دراما وداستان و شیعری لیریکی هاتووە ، کە شوێنی ئەفسانە وحیکایەتیان گرتووەتەوە و سوودیان لە کەرەستە و ڕەگەزەکانی ئەفسانە وحیکایەت وەرگرتووە ...

پاشان ڕۆمان و دراما و شیعری لیریکی و چیرۆکی کورت هاتووە و پێداویستییە گوزارشتەوانییەکانی سەردەمی تازەیان پڕکردووەتەوە ... ئیدی ئەفسانە و داستان مردن ، بونیادیان پوکایەوە و هەڵوەشایەوە و بوون بە ڕەگەز وکەرەستە لە بونیادێن تازەدا ، چونکە ئیدی ئەقڵیەتی تازە چیتر لۆژیکی گوزارشتی ئەفسانەیی یان داستانی قەبووڵ نەدەکرد ...

بەم پێودانگە کەناڵە گوزارشتەوانیەکان بەشێکن لە لۆژیکی ئەو سەردەمەی کە تیایدا سەریان هەڵداوە و ئەمەش بەو مانایەیە کە گۆڕانی کەناڵی گوزارشتەوانی زادەی گۆڕانی لۆژیکی سەردەم و لۆژیکی فیکری ئەو سەردەمەیە ، ئەمەش گۆڕانی دەلالەت وپەیامی ئیستاتیکی لێدەکەوێتەوە . ئیدی هەر فۆرمولە وسیغەیەکی گوزارشتەوانی دەورێک دەبینێ کە فورمولە

گوزارشتەوانییەکانی دیکە ناتوانن ببینن ،کۆی فۆرمۆلە گوزارشتەوانییەکان، لە هەر سەردەمێکدا پێداویستیە گوزارشتەوانییەکانی هەموو خەڵکی پڕدەکەنەوە . ئەوەی بە چیرۆکی کورت دەگوترێ وپیشاندەدرێ ، بە ڕۆمان یان دراما ناگوترێ . دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە ... هەرکاتێ ئەم کەناڵە گوزارشتەوانیانە نەتوانن پێداویستییە گوزارشتەوانییەکانی سەردەم پڕبکەنەوە ، ئەوا فۆرمی گوزارشتەوانی تازە سەر هەڵدەدەن و بە جۆرێ جێگای فۆرم وژانرە تەقلیدییەکان دەگرنەوە کە دەگەڵ ڕەوشە تازەکەدا تێک بکەونەوە ...

***

هەڵبەتە چەمک وپێناسەی چیرۆکی کورت وەکو پێویست ساغ نەبووەتەوە و مشت ومڕ وگەنگەشەی زۆر جیاوازی لە سەرە . هەندێک لە پسپۆڕان وتیوریسینان پێیان وایە نووسەری چیرۆکی کورت ، دەتوانێ هەموو شتێک بجەربێنێ و تاقیبکاتەوە ، چونکە ئەو ژانرە ئەدەبییەی ئەو کاری لە سەر دەکات ، قاڵب وچوارچێوەیەکی دیاریکراوی بنجبڕی نییە ، ئیدی گرینگ یەکێتی کاریگەری دەقەکەیە ، بە سەر خوێنەرەوە ... هەندێکی دی لە شارەزایان و ڕەخنەگران پێیان وایە چیرۆک و ڕۆمان ، یەک ژانری ئەدەبین ، چونکە لە ڕووی مێتۆد و تەکنیک و ڕەگ وڕەچەڵەکی هونەری وکۆمەڵایەتی و گوزارشتیان لە چینی بورژوا وسەرهەڵدان وپەیدابوونیان لە سەردەمی تازەدا ، زۆر لە یەکدی دەچن و فرە لە یەکدییەوە نزیکن ... کەسانێکی دی پێیان وایە چیرۆکی کورت ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ نییە و لە ڕۆمان جیا نییە ، بەڵکو هەردووکیان جۆرە گێڕانەوەیەکن و جیاوازییەکەیان لە کورتی و درێژیدایە و جیاوازی ڕیشەییان نییە وخەسڵەتە فۆرماڵیە بنەڕەتەکانی ڕۆمان هەمان ئەو خەسڵەتانەیە کە لە چیرۆکی تازەدا هەن وەکو گۆشەنیگا . دەربڕینی هەست وئەزموونانی دەروونی ، پشت بەستن بە خوازە ودرکە لە ڕانان و نمایشی ڕووداوەکاندا ، دەستبەرداربوونی زەمانی کرونولوژی و ... هتد و لە دوا ئەنجامدا چیرۆکی کورت بە ڕای وان کەسانە ، زیاتر تەجەلیەکی ئینتیباعی وباری سەرنجە تاژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ بێ . تەنانەت ڕەخنەگرێکی ڕووسی وەکو شلوفسکی بە ڕاشکاوی گوتوویەتی من تا

ئێستا پێناسەیەکم بۆ چیرۆکی کورت نەدۆزیوەتەوە . هەندێک پێیان وایە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی چیرۆکی کورت ... واتە چیرۆکی کورت ، قاڵب وبناغەیەکی ئامادە و کلێشەیی نییە کە بوونی هونەریی خۆی لە سەر ڕۆبنێت وئەمەش کردوویەتیە کارێک کە ئاسانتر جێگەی هەر داهێنان و ئیزافەکارییەکی تازەی تیا ببێتەوە ... بۆیە زۆرێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی واری ئەدەب پێیان وایە چیرۆکی کورت یەک فۆرم وقاڵبی دیاریکراوی نییە ، یەک تەکنیکی نییە ، نووسەر ئازادە لەوەی چۆن باری سەرنج وخوێندنەوەکانی خۆی بگەیەنێت ، چونکە فۆرم لە چیرۆکی کورتدا بەشێکە لە ناوەڕۆک و لێی نایەتە جیابوونەوە . بەم پێیە هەرچیرۆکێکی کورتی هونەری ، بۆ خۆی ئەزموونێکی تازەیە لە واری تەکنیکدا .. بە هەرحاڵ هەبوونی بیرو بۆچوونێن جیاواز لەمەڕ چیرۆکێن کورت ، خۆی لە خۆیدا نیشانەی هەبوونی ئەم ژانرە ئەدەبییەیە کە پانتایی و ڕووبەرێکی فراوانی ئەدەبیاتی لە هەموو دنیا گرتووەتەوە . گومان لەوەدا نییە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەشێک نییە لە ڕۆمان ، هەرچەندە ڕۆمان و چیرۆکی کورت لە هەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن ، بەڵام بە شێوەی جیاواز هەڵدەقوڵێن ، هەرچەندە فەرخەی یەک هێلانەن بەڵام جۆری فڕینەکەیان جیاوازە . هەڵبەتە کەینوونە و زیندوویەتی چیرۆکی کورت ، وەکو هەر ژانرێکی ئەدەبی ، لە هونەرییەت و تەکنیکەکەیدایە ... بونیادی چیرۆکی کورت زۆر سفت وچڕە ... جەخت لە سەر یەکێتی کاریگەری دەکات ... و ڕەخنەگری ڕووسی ئیخنباوم ( ١٨٨٦ – ١٩٥٩ ) پێی وایە ڕۆمان و چیرۆکی کورت دوو ژانری زۆر لێکدی جیاوازن وچیرۆکی کورت دەشوبهێنێ بە ڕۆکێتێک کە لە فڕۆکەیەکەوە ئاراستەی یەک ئامانج ونیشانە دەکرێت .

بە هەرحاڵ چیرۆکی کورت ، وەکو ژانرێکی ئەدەبی قاڵب و بونیادی هونەری خۆی هەیە و پێی دەناسرێتەوە ، بەڵام قاڵب و بونیادێکی کونکرێتی و بنجبڕی ئەوتۆی نییە کە مەرج بێ هەر نووسەرێکی ئەو بوارە پێوەی پابەند بێ ، بەڵکو بونیاد و قاڵبێکی کراوەی هەیە ، هەر نووسەرە دەتوانێ بە شێوازی خۆی قەڵەمڕانی تیا بکات ، تەکنیکی تازە بدۆزێتەوە و ئیزافەی خۆی هەبێت و ئەم ڕاستییە ڕەچاوبکات کە چیرۆکی کورتیش وەکو هەر ژانرێکی ئەدەبی پێتڤیە بەلای کەمەوە وەڵامدەرەوەی پێداویستییە

ئیستاتیکی و هونەرییە دیاریکراوەکانی سەردەمی خۆی بێت ... جا لێرەدا مەسەلەی بابەت ومامەڵەومالیجەی هونەریی بابەت وکەرەستەی کارە هونەرییەکە دێتە ئاراوە ... کە لە ڕاستیدا بابەت و مالیجەی هونەریی بابەت بەردی بناغەی هەرکارێکی هونەرییە . جا چونکە بابەتەکان لە یەکەوە نزیکن ، بۆیە ئەوەی پەرە بە بونیاد دەدات و تایبەتمەندی پێدەبەخشێت چۆنیەتی مالیجەی هونەری ئەو بابەتەیە کە لە کارەکەدا بەکار دێت ... جا ئەگەر چیرۆک ، وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ ، تەجەلی باری سەرنج و ئینتیباع بێ ، ئەوا ئاشکرایە کە لە هەموو دنیادا دوو باری سەرنج و دوو ئینتباعی تەواو چوون یەک ، لە ڕووی چۆنییەتی و چەندێتی و ئاسۆیی و ئەستوونی و قوڵیەوە نییە ... ئەمەش نەخشەی هەر چیرۆکێکی کورت لە چیرۆکەکانی دی جیا دەکاتەوە ، بۆیە هەر ئەزموونێکی تازە لەو بوارەدا ، فۆرمێکی تازە بەرهەم دێنێ ، بۆیە دەشێت بگوترێ هەر چیرۆکێکی کورتی هونەری ، ئەزموونێکی تازەیە لە واری تەکنیکدا ... بە هەرحاڵ هەر ژانرێکی هونەری ، بۆ ئەوەی بونیادی خۆی پەیدابکات دەبێ دوو ڕەگەزی تێدابێ کە بریتین لە کەرەستە و بابەت لە گەڵ مالیجەی هونەریی ئەو بابەت و کەرەستەیەدا ... جیاوازی نێوان دوو ژانری ئەدەبی ، بەندە بە جیاوازی نێوان بابەت و جیاوازی مالیجەکردنی هونەریی بابەتەکەوە . ئەگەر هەردوو ژانرەکە لە مادە و کەرەستەدا (بابەت ) جیاواز بن ، ئەوا دەکەنە دوو ژانری جیاواز ، مەگەر لە پەیوەندیە هونەرییە گشتییەکاندا یەک بگرنەوە ... بۆ نموونە جیاوازی نێوان هونەرێن نیگار وپەیکەرتاشی و شیعر و نمایش لە کەرەستە مادیەکاندایە ، کەرەستەی نیگار ، ڕەنگە ، هی پەیکەر تاشی بەردە ، هی شیعر زمانە ، هی نمایش جووڵەیە . جیاوازی بابەت و کەرەستە ، جیاوازی مالیجەی هونەریی لێدەکەوێتەوە . خۆ ئەگەر هاتوو کەرەستەی دوو ژانری ئەدەبی یەک بوون ، ئەوا هەنگێ جیاوازییەکەیان لە جیاوازی و چۆنییەتی مالیجە هونەرییەکەیاندا بە دیار دەکەوێت و کاریگەری ئەو مالیجەیە ، بە سەر کەرەستەکەشەوە دەردەکەوێ . بەم پێیە بونیادی هونەری دەکاتە یەکانگیری و هەقبەندی و گونجانی نێوان کەرەستە ومالیجەی هونەری کەرەستە وبابەتەکە ... چیرۆکی کورت وەکو شیعر یەک گوتاری هەیە ، گوتارێکی جیا لە هەموو گوتارەکانی دیکە

... واتە چیرۆکی کورت ، هونەرێکی تاکدەنگە ... ئەو فرە دەنگی و هەمە شێوازییەی لە ڕۆماندا هەیە ، لە چیرۆکی کورتدا بەدی ناکرێت ... چونکە چیرۆکی کورت ئەو مەودایەی نییە هەموو ژیانی کەسێک یان چەند کەسێک لە خۆ بگرێت و ئەم ژیانە بکات بە چوارچێوەیەک بۆ خۆی ، بەڵکو تۆزێک لەم ژیانە یان گرتەیەک لەم ژیانە وەردەگرێت و پاشان تیشکی دەخاتە سەر . ئەو فەلسەفەیەی کە بینای چیرۆکی لە سەر ڕۆدەنرێ ، کە گوایە ژیان یەک ڕەوتی زنجیرەیی نییە ، بەڵکو بەش بەشی بچووکە ، زیاتر لە گرتەی سینەمایی دەچێت . چیرۆکی کورت ، چڕ و سفتە ، زیاتر بەلای کورت بڕیدا دای دەشکێنێ ودەرفەتی درێژداڕی و چوونە بنج وبنەوانی کەرەستەکانی نییە ، ئەمەش ئامانج و یەکێتی بینا ویەکێتی کاریگەریی لێ دەخوازێ ... بۆیە خوێنەری چیرۆکی کورت دەبێ زۆر هەستیار و وریا بێ ... چیرۆکی کورت ناوی خۆی بە خۆیەوەیە و کورتە و ئەم کورتیە وادەخوازێ پتر پەنا وەبەر هیما وتیل نیشان بەرێ و تەنانەت پاشەکەوت لە بە کارهێنانی ڕەگەزە زمانەوانیەکانیشدا بکات و لەم ڕووەوە بە نزیکترین جۆری پەخشان لە شیعرەوە دادەنرێ و زۆر خاڵی هاوبەشی وەکو سخی و چڕی وسفتی و یەکانگیری سۆزداری و ئیستاتیکی ... بە هەرحاڵ ئەوەی هەر هونەرێک جیا دەکاتەوە ، بونیادە هونەریەکەیەتی ، بە تایبەتی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم بونیادە و ئەو شێوازە هونەرییەیە ، کە ئەم کەرەستە و ڕەگەزانەی پێ مالیجە دەکرێ . زمانیش لە چیرۆکی کورتدا ، بە حوکمی کورتیەکەی زمانێکی هیمایی چڕە و زۆرجار ڕستەیەک بە چەندین چەمک و مانا ئاوس وبارگاوییە ... ئیدی کورتە چیرۆک بۆ خۆی پرۆسەیەکی کەشفکارییە ، هونەریانە ، حەقیقەتێکی مرۆڤانی یان جڤاکی یا سایکۆلۆژی کەشف دەکات ... و هەڵبەتە ناسینی بونیادی ژانری ئەدەبی ، مەرجێکی گرینگە بۆ تێگەیشتنی ژانرەکە ..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

١ - البنية السردية للقصة القصيرة – الدكتور عبدالرحيم الكردي – ط ٣ – مارس ٢٠٠٥ – مكتبة الاداب .

٢ – القصة القصيرة – ايان ريد – ترجمة منى حسين يونس – الهيئة المصرية العامة للكتاب – سنة ١٩٩٢ .

٣ – السرد و الذاكرة – قراءت في الرواية العراقية – جاسم عاصي – ط ١ – بغداد ٢٠١٣ – من اصدارات مشروع بغداد عاصمة الثقافة العربية – ٢٠١٣ .

## بایەخی کاراکتەر لە کاری ڕۆمانەوانیدا

ن: حەمە کەریم عارف (٢٠١٨/٥)

کاراکتەر، یەکێکە لە ڕەگەزو کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی هونەری چیرۆکڤانی.. هەندێک لە خودان نەزەرو پسپۆڕان پێیان وایە کاری چیرۆکڤانی بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی بە بێ کاراکتەر نابێت . واتا ڕۆمان بەبێ کاراکتەر لە ڕووی هونەرییەوە ئاوەدان نابێتەوە.. تەنانەت هەندێک لەو پسپۆڕ و خودان نەزەرانە پێیانوایە ڕۆمانی تازە دوای ئەوەی دەستبەرداری کۆڵەکە سەرەکییەکەی ، واتە قارەمان بوو، بەرەو هەرەس و داروخان دەڕوات.. هەندێکی دی پێیانوایە هۆکارو سەدەمی ئاوابوونی کاراکتەر دەگەڕێتەوە بۆ کز بوون و نەمانی ڕۆڵی تاک لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، چونکە ئێستا تەکنەلۆجیاو ئامێر لەو وارەدا تەواو تەنگی بە ئەرکەکانی تاک هەڵچنیوە.. بەڵام وێرای ئەمەش کاراکتەر هەر دەمێنێ و ناشێت نکۆڵی لێبکرێت و دەستبەرداری ببیت، چونکە فیرجینیا وولف گوتەنی " بەردی بناغەی ڕۆمانی چاک تەنیا خولقاندنی کاراکتەرە نەک شتێکی دی ." دیارە کاراکتەریش یا سادەیە یا ئاڵۆز..

**

هەڵبەتە ڕۆمانی تەقلیدی بایەخێکی زۆر بە ڕەهەندە دەرەکییەکانی کاراکتەر دەدات ، کە زیاتر تەمەن ، پیشە، پەیوەندێن کۆمەڵایەتی و سیماو ڕوخساری کاراکتەر دەگرێتەوە ؛ واتا دیوە فیزیۆلۆجییەکەی کاراکتەر دەگرێتەوە کە بە زۆری گوتیار وەسفی دەکات و هەوڵدەدات وێنەیەکی ڕوونی نیشانبدات و سەرنجی خوێنەر بۆ ڕەفتارو کرداری ڕابکێشێت.. کەواتە وێنەگرتن و نیشاندانی دیمەن و ڕواڵەت و سیمای دەرەکی کاراکتەر لە ڕۆمانی تەقلیدی و سونەتیدا نەک هەر گرینگە بۆ نیشاندانی کاراکتەر،

بەڵکو یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕۆمانیش.. هەڵبەتە وەسف دەبێ ئەرکی هونەری ببینێ، نەک وەسف لە پێناوی وەسفدا بێت، تەنیا بۆ ڕازانەوەی ئینشایی بێت ، بەڵکو دەبێ هەڵگری دەلالەتی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی بێت و کار لە ڕەوتی ڕەفتاری کاراکتەرەکان بکات. بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ئیدی زیاتر بایەخ درا بە وێنەگرتن و نیشاندانی دنیای ناخ و دەروون، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانستی دەروونناسی هاتە ئاراوەو وەکو ئەوزارێک بۆ لێکدانەوەی باری دەروونی کاراکتەرانی ئەدەبی پەنای برایێ. ئەوە بوو ڕۆمانی تازە یەکەم کاری بریتی بوو لە پشتگوێخستنی سیمای دەرەکی قارەمان و فەراموشکردنی، ناوی ئاشکرای کاراکتەری لابرد و گۆڕی بە ڕاناو.. ئیدی بەمجۆرە کاراکتەر لە رۆمانی تازەدا بوو بە کەسێکی (ناسنامە نادیار) ئەمەش ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ئەم ڕاستییەیە کە مرۆڤ لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا ، لە هەنبەر ئامێردا بوو بە ژمارەیەکی کۆیلەکراو، ئەمەش وای لە تاک کرد تەواو گۆشەگیر بێت و زیاتر هەست بە پەراوێز بوونی خۆی بکات.. ئەمەش پتر لایەنی دەروونی دەگرێتەوە ، بۆیە ڕۆمانی تازە پتر جەخت لە سەر هەردوو ڕەهەندی دەروونی و ئایدۆلۆژی کاراکتەر دەکات..

(١)

گومان لەوەدا نییە کە کاراکتەر یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە گرینگ و هەستیارەکانی کاری ڕۆمانەوانی.. چونکە ڕۆماننووس لە ڕێگەی کاراکتەرەوە دید و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و لە میانی کاراکتەرەوە ناوەرۆک و ئایدیای ڕۆمانەکە دەردەکەوێت.. کە ئەمە بۆ خۆی بەڵگەو نیشانەی گرینگی ڕۆڵی کاراکتەرە لە ڕۆماندا کە هەندێجار لە گرینگی و بایەخی ڕووداو، شوێن و کاتیش گرینگترەو دەورو ئەرکێکی یەجگار زۆر لە کاری ڕۆمانەوانیدا دەبینێ.. دەشێت بڵێین دەکاتە پەیڤداری هونەریی نووسەرو گوزارشت لە بیرو ئایدیای ئەو دەکات؛ نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرەوە گوزارشت لەو بیر و بۆچوونانە دەکات کە دەیەوێ لە پانتایی ڕۆمانەکەدا تۆوی بدات و ئەو حەقیقەتە هونەرییانەی باوەڕی پێیەتی بگەیەنێتە خوێنەرانی واتا کارەکتەر چ حەقیقی بێت چ خەیاڵی، چ سەرەکی بێت چ لاوەکی لە دوا ئەنجامدا بیر و هزرینی نووسەر ڕوناک دەکاتەوەو ئەو حەقیقەتانە دەنوێنێ کە نووسەر دەیەوێ بیگەیەنێتە خوێنەران.. هەڵبەتە ئەمە سەبارەت بەو کارەکتەرانە دروستە کە گوزارشت لە هزری نووسەر دەکەن، ئەدی سەبارەت بەو کارەکتەرانەی کە گوزارشت لە بیرۆکەیەکی پێچەوانەی بیرو ئایدیای نووسەر دەکەن چۆن دەبێت؟ هەڵبەتە ڕۆمان وەکو یەکەیەکی هونەری،

دنیایەکی ئاواو ئاوەدانەو جۆرەها کارەکتەر لە خۆی دەگرێت، ئیدی هەموو کارەکتەرەکان لە ژێر کۆنترۆڵی نووسەردا نابن ، هەندێکیان لە ئەمرو ڕای نووسەر دەردەچن و هەوڵدەدەن ئازادانەو بەدەر لە دەسەڵات و کۆنترۆڵی نووسەر ڕەفتار بکەن، خۆ هەندێجار نووسەر بە ئانقەست ئەو جۆرە کارەکتەرانە دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی نادروستی دیدو بۆچوونەکانیان نیشانبدات، یان بۆ نیشاندانی هەڤدژییە فیکرییەکانیان دەیانخوڵقێنێ. واتا جیاوازی ئایدیاو دیدو بۆچوونەکان نیشاندەدات ، وەکو چۆن ئەمە لە ژیانی واقیعیدا ئاساییە، بەو ئاوایە لە واقعی هونەریشدا هەر ئاساییە.. زۆرجار نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرانەوە گوزارشت لە خەمەکانی خۆی ، دەرهەق بە کۆمەڵگاکەی خۆی دەکات.. بۆ نموونە ئەگەر بیەوێ گوزارشت لە دیاردەی پاشکەوتن و نەخوێنەواری بکات، دێت وێنەی چینی پاشکەوتوو ونەخوێنەواری کۆمەڵگاکەی خۆی دەگرێت وقارەمان و کارەکتەر لەو چینە هەڵدەبژێرێت..هەلبەتە هەر نووسەرێک بگری جگە لە خەمە جۆراجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی، کۆمەڵێک خەمی خودیشی هەیە، کە لە ڕێگەی هەندێ کارەکتەرەوە بەرجەستەی دەکات و، واتا نووسەر دەچێتە پێست و کلێشەی قارەمانەوەو لە ڕێگەی ئەوەوەو بە زمانی ئەوەوە سەرگورشتەو بەسەرهاتی ژیان و خەمە خودییەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو دەهونەرێنێت، واتە لە پشت پەردەی کارەکتەرەکانەوە خەم و خەونەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو بەرجەستە دەکات. ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانی ئۆتۆبیۆگرافی و نیمچە ئۆتۆبیۆگرافیدا دەردەکەوێت.. جا بۆ ئەمە هەندێجار ڕۆماننووس دێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە خودی خۆی بکات و ژیان و سەربهوردی خۆی بگێڕێتەوەو بنوێنێت ، کارەکتەرێکی هاوتاو هاو شێوەی کەسایەتی و ئایدۆلۆژیای خۆی دەخوڵقێنێت.. بۆچی ئەمە دەکات؟ ڕەنگە بیەوێ لەو ڕێگەیەوە گرێی دڵی خۆی بکاتەوەو باری دەروونی خۆی سووک بکات و خوێنەر بکات بە شەریکی کول و کۆڤان وخەمە مرۆڤانییەکانی خۆی، یان وا وێنا بکات خەمەکانی شایستەی ئەوەن کە خوێنەر لێیان بە ئاگا بن و ئەزموونیان لە لا بگۆڕێت بۆ هەست، کە ئەمە جەوهەرو کرۆکی پرۆسەی هونەراندنە..

هەڵبەتە کارەکتەر، لە کاری چیرۆکڤانی و ڕۆمانەوانیدا جوڵە بە کارە هونەرییەکە دەبەخشێت، کارەکتەر دەگەڵ ڕووداودا دەکەوێتە کارلێک و دەیجوڵێنێت.. چونکە ڕووداو لە ڕۆماندا، دەبێ بکەرێک هەبێ بیجوڵێنێت و ئاراستەی بکات، ئەم بکەرەش لە کاری ڕۆمانەوانیدا دەکاتە کاراکتەر..خۆ ڕووداو نە لە خۆیەوە دروست دەبێت و نە لە هیچەوە هەڵدەقوڵێت، بەڵکو جوڵەی ڕووداو زادەو بەرەنجامی کارلێک و ئاوێتە بوونی کارەکتەرەکانە لەگەلیا، واتە لە گەڵ ڕووداوەکەدا. جا بۆ ئەوەی ڕووداو لە ڕۆماندا

مانایەکی دینامیکی تەواو وەربگرێت دەبێ یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی لە پشتەوە بێت، کەواتە هونەرییەت کاتێ چێدەبێت و دێتە دی کە ڕووداو و کارەکتەر لە کارلێک و ئاوێتە بوونی بەردەوام و تەواودا بن. بەم پێیە کارەکتەر لە سەر ئاستی بونیادو دەلالەت گرنگترین ڕەگەز و فاکتەرە کە جووڵە بە ڕۆمان دەبەخشێت، واتە کارەکتەر ، فاکتەری جوڵاندنی پەیوەندییە حیکایەتییەوانییەکانی سەرانسەری کاری ڕۆمانەوانییە.. بۆ نموونە فرە دەنگی (پۆلیفۆنی) زادەو بەرەنجامی فرە کارەکتەری وجیاوازی بۆچوونێن ئەپستمۆلۆژی وئایدۆلۆژی کارەکتەرانە.. ئەمەش نێوەرۆک و تیمەی جیاوازی لێدەکەوێتەوەو کارە هونەرییەکە لە فۆرم و قاڵبێن ئامادەو حازر و تەقلیدی ڕزگار دەکات، هەمە جۆری گۆشەنیگاو دنیابینی و شێوازی جیاوازی پێدەبەخشێت، بۆیە ڕۆمان پابەندی یەک شێوازو قاڵب نابێت.. جوانییەکەی لە فرەییەکاندایە..کارەکتەر لە بونیادی ڕۆماندا، هەم فاکتەرو ڕەگەزی پێکهاتەییەو هەم فاکتەری بونیادییە و دەشێت بە کۆڵکەی هاوبەشی نێوان هەموو ڕەگەزە ڕۆمانەوانییەکان دابنرێ، بۆ نموونە دەبینین بە گویرەی پێویستییەکانی کاری گێڕانەوانی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزە جۆراو جۆرەکانی وەکو بویەرو ڕووداو، کات و شوێن و..هتد.

هەڵبەتە لێرەدا دەبێ ئەوە بگوترێت کارەکتەری ڕۆمان، هەمان ئەو کارەکتەرە مرۆڤانییە ئاساییە نییە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیبینین و تووشی دەبین، دەشێت لە کارەکتەرە ئاساییەکەی ناو ژیان بچێت، بەڵام دەقاو دەق ئەو نییە، چونکە نووسەر بە گوێرەی پێداویستییە هونەرییە ڕۆمانەوانییەکە دەسکاری دەکات، واتە کارەکتەری ناو ڕۆمان ئافەریدەی دەستی نووسەرەو بۆ ئەوەی دروسدەکات کە لە ڕێگەی ئەوەوە مەبەستێکی خۆی بپێکێت، واتە کارەکتەری ئاسایی کە دێتە ناو ڕۆمانەوە، ئەرکێکی تازەی دەکەوێتە ئەستۆ و مانایەکی نوێ پەیدا دەکات و لە ڕێگەی کارلێکی هونەرییەوە تەواو دەگۆڕێت و دەبێت بە کەسێکی جیاواز و خەیاڵی و دەربەست دەکەوێتە خزمەتی ئەو بیرۆکەیەوە کە دەمانەوێت بیهونەرێنین، بۆیە هەر کارەکتەرێک، بە گوێرەی پێداویستیە ڕۆمانەوانیەکە، گۆڕانی بەسەردا نەیەت و بە هەمان ناسنامەی ناو ژیانی ئاسایی بمێنێتەوە، مانای وایە هونەرییەتی پەیدا نەکردووە. واتە کارەکتەر کە دێتە ناو ڕۆمانەوە، دەبێت بە جۆرێ هونەراوی ببێت کە ئەسڵ و فەسڵی نەناسرێتەوەو ببێت بە کەسایەتییەکی هونەری و بە ناسنامەی هونەری بناسرێتەوە. هەڵبەتە هەر کارەکتەرێکی ڕۆمانەوانی بۆ ئەوەی فەردانییەت پەیدا بکات و بناسرێتەوەو نەتوا

رێت بخرێتە شوێن کارەکتەرێکی دی یان کارەکتەرێکی دیکەی بخرێتە شوێن، دەبێت کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبێت، پێی بناسرێتەوەو بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، چونکە ژیانی هونەریی بەوەوە بەندە، ئەگەر بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، دەتوانێت ماوەیەکی یەجگار زۆر لە زەینی خوێنەردا وەمێنێت وبژی. بۆ نموونە: زۆربای یۆنانی، رۆبنسۆن کرۆزۆ، دۆنکیشۆت، مەدام بۆڤاری، ئانا کارنینا و راسکۆلنیکۆف...لەو کارەکتەرە زندوانەن کە توانیویانە خودی خۆیان بسەلمێنن وبە حوکمی تایبەتمەندی خۆیان فەردانییەتیەکی ئەوتۆ پەیدا بکەن کە نە لە کەس بچن و نە کەسییان لێبچێت، واتە خودی خۆیان بن.

هەڵبەتە کارەکتەر بە ڕادەیەک گرینگە کە هیچ ڕۆمانێک لە دنیادا نییە بەبێ کارەکتەران و بکەران، ڕۆمانی بێ کارەکتەر وەکو ئاوایی بێ ئاوەدانییە. ڕۆماننووسی باش کەسێکە کە بتوانێت کارەکتەران زۆر بە وردی و هونەرمەندانە، وێنە بگرێت و بەرجەستە بکات، هەر ئەمەش دەکاتە کارێک کە ڕۆمان شۆرەت پەیدا بکات و خوێنەری زۆر راکێشێت.. کاراکتەر دوو جۆری سادەو ئاڵۆزی هەیە، ئەمدوو ز اراوەیە یەکەمجار فۆرستەری (١٨٧٩ -١٩٧٠) نووسەر و ئەدیبی ئینگلیز لە کتێبەکەی خۆیدا (پایەکانی ڕۆمان) بە کاری بردووە. سادە، ناوی خۆی بە خۆیەوەیە، سادەو تاک ڕەهەندە، بەئاسانی دەناسرێت، گۆڕانی بە سەردا نایەت، لە هەوەڵی ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی رۆمانەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەکریت بە یەک ڕستەی سادە بێتە ناسین و، بە دەوری یەک بیرۆکە یا سیفەت یا خەسڵەتدا دەسوڕێتەوە. خوێنەر تووشی سەرسامی ناکات.. بەڵام کارەکتەری ئاڵۆز یا دینامیکی، بەدەم پەرەسەندن و نەش ونمای ڕۆمانەکەوە دەگۆڕێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لە یەک پێستدا نامێنێت و خوێنەر تووشی سەرسامی دەکات و هەمان زندوویەتی خەڵکانی واقعی ناو ژیانی هەیە و فرە رەهەندەو بە هاسانی ناناسرێت وبە دەوری یەک سیفەت یا خەسڵەت یا بیرۆکەدا ناسوڕێتەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە فرە ڕەهەندەو بە هاسانی خۆی بە دەستەوە نادات..

هەڵبەتە ڕۆمان، دنیایەکی هونەرییە کە بە کارەکتەران ئاواو ئاوەدان دەبێتەوەو جوانی هەر ئاوەدانیەکیش لە هەمە جۆری و هەمە ڕەنگییەکەیدایە، ڕۆمانیش وەکو ئاوەدانییەکی هونەری دەبێت هەردوو کارەکتەرەکەی تێدا هەبێت، تا هەمە جۆری و فرە کارەکتەری لە کارە ڕۆمانەوانییەکەدا ڕەنگبداتەوە.. دیارە ڕاو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە کارەکتەرێن سادەو ئاڵۆز هەیە، هەنێک پێیانوایە خوڵقاندنی کارەکتەری سادە نیشانەی لاوازی و بێدەسەڵاتی ڕۆماننووسە و، خوڵقاندنی کارەکتەری

ئاڵۆز نیشانەی لەزەبری و دەسەڵاتداری ڕۆماننووسە. بەڵام وەکو گوتمان بوونی هەردوو کارەکتەرەکە لە رۆماندا زەرووریيە بۆ زامنکردنی فرە کارەکتەری.. بەڵام ئەگەر تێکڕای قارەمان و کارەکتەرانی ڕۆمانێک سادە بن، ئەمە نیشانەی بێدەسەڵاتی ڕۆماننووسەو ئاستی هونەری ڕۆمانەکە تەواو دادەگرێت و خوێنەر زوو لێی بێزار دەبێت و وەکو پێویست تەفاعلی دەگەڵدا ناکات..

بە هەر حاڵ کارەکتەر ڕەگەزێکی بونیادی زۆر گرینگە لە کاری چیرۆکڤانیدا دەشێت بە کۆڵکەی هاوبەشی نێوان هەموو ڕەگەزە ڕۆمانەوانییەکان دابنرێت..

(٢)

هەڵبەتە لە کاری گێڕانەوەی ڕۆمانەوانیدا، کارەکتەری سەرەکی یا شاکارەکتەر هەیە. کارەکتەری سەرەکی کێیە؟ ئایا ئەو کاراکتەرەیە کە پانتاییەکی فراوان و گەورە لە گێڕانەوەکەدا پڕ دەکاتەوەو لە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بوون و ئامادەگی هەیە؟ یا ئەو کارەکتەرەیە کە دەورێکی یەجگار فرەی لە ڕووداوەکاندا هەیەو ئەم ڕووداوانە دەجولێنێت و ئاراستەیان دەکات و مەرج نییە پانتاییەکی زۆر لە پرۆسە گێڕانەوانییەکەدا پڕبکاتەوە؟ یا هەردووکیانە؟ کارەکتەری سەرەکی هەردووکیانە، هەندێجار پانتایی و ڕووبەرێکی فرە لە ڕۆمانەکە پڕ دەکاتەوە، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ڕەوت و ڕێڕەوی ڕووداوەکانەوە نییە، جاری واشهەیە بە پێچەوانەوە، کارەکتەر بێئەوەی پانتاییەکی گەورە لە ڕۆمانەکەدا پڕبکاتەوە، کارێکی گەورە دەکاتە سەر ڕەوت و ڕێڕەوی ڕووداوەکان.. هەر کارەکتەرێک بگری دیوی دەرەوەو دیوی ناوەوەی هەیە، دیوی دەرەوە بریتییە لە رواڵەتی دەرەوەی کارەکتەر، وەکو سیما و ڕوخسار، بەژن و باڵا، ڕەنگ و ڕوو، چاو و برۆ، کارو پیشە، تەمەن و بارو پێگەی کۆمەڵایەتی.. بەڵام دیوی ناوەوە بە چاو نایەتە دیتن، ،پەنهانە، زیاتر ڕەهەندە سایکۆلۆژی و هزرییەکان دەگرێتەوەو تەنیا بەوە پەی پێدەبرێت کە بە ناخی کارەکتەردا ڕۆبچیت و.. دیارە لایەنی دەروونی و بیرونی کارەکتەریش بە گوێرەی پێویستی ڕۆمانەکە و گەشەکردنی بونیادی ڕۆمانەکە مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت.. هەڵبەتە لە رۆماندا ئەوە پەسند نییە کارەکتەر تەنیا بە سیما ڕواڵەتی و دەرەکییەکانییەوە دەر بکەوێت ، چونکە ئەوە دەیکات بە کارەکتەرێکی تاک ڕەهەند و لە باری هونەرییەوە وەکو پێویست نایەتە ناسین و ئەمە بۆ خوێنەرو لای خوێنەر قەناعەتبەخش نابێت، بۆیە ڕۆماننووسی کارامەو ئەزموندار هەمیشە بایەخ بە هەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی کارەکتەر دەدات و.. دیارە لە رۆمانی تازەدا، زیاتر بایەخ بە

لایەنی سایکۆلۆژی و دەروونی کارەکتەر دەدرێت تا بە لایەنی بێروونی و دەرەکی.. هەڵبەتە کارەکتەر لە ڕۆماندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەخرێتە ڕوو و ناساندن، مەبەست لە ناساندن و ڕانانی ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە لە ڕێگەی گوتیارەوە نمایش دەکرێت و دێتە ناساندن، واتە کارەکتەر لە ڕێگەی گوتیارەوە بە هەموو ڕەهەند و ڕواڵەتەکانییەوە بەرجەستە دەکرێت.. بەڵام ناڕاستەوخۆ ئەوەیە کە لە ڕێگەی کارەکتەرانی کارە ڕۆمانەوانییەکەوە بەرجەستەو نمایش دەکرێت نەک لە ڕێگەی گوتیارەوە.. ئیدی یا لە ڕێگەی دیالۆگەوە، یا مەنەلۆگەوە، یا شەپۆلی هۆشەوە، یا.. بەرجەستە دەکرێت و دێتە ناساندن.

ئاشکرایە کە ڕووداو پەیوەندییەکی تەواوی بە کارەکتەرەوە هەیە، کارەکتەر ڕووداو دەجوڵێنێت و ئاراستەی دەکات و ژیانی وەبەر دەخات و پەرەی پێدەدات، واتە کارەکتەر و ڕووداو لە هەڤبەندی و کارلێکێکی ئەوتۆدان کە بێ یەک نایانکرێت و هەڵناکەن.. واتە هەردوو رەگەزی کارەکتەرو ڕووداو یەکدی تەواو دەکەن و زەمینە سازی بۆ دەرکەوتن و بەرجەستە بوونی یەکدی دەکەن.. وەکوچۆن کارەکتەر ڕۆڵێکی گرینگی لە نیشاندان و بەرجەستە کردنی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی ڕووداودا هەیە، ڕووداویش دەورێکی باڵای لە نیشاندان و بەرجەستەکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکتەردا هەیە، هەنێجاریش کارەکتەر، بەتایبەتی لەو ڕۆمانانەدا کە بویەرو ڕووداوێکی ناوەندی ئەوتۆی تێدا نەبێت کە کارەکتەرەکان بە دەوریا بسوڕێنەوەو تەفاعولێکی جدی لە گەڵ بکەن، نووسەر هەندێک لە کارەکتەرەکانی لە ڕێگەی تەکنیکێن ڕۆمانەوانی دیکەوە بونیات دەنێت و بەرجەستە دەکات، لە ڕێگەی پەیوەندییێن کارەکتەرەکانەوە بە بویەرو ڕووداوەوە، بونیاتی نانێت، بەڵکو لە ڕێگەی ڕەگەزێن ڕۆمانەوانی دیکەی وەکو گێڕانەوەو دیالۆگ و کات و شوێنەوە بونیاتی دەنێت و بەرجەستەی دەکات..

هەڵبەتە شوێنش لە ڕۆماندا گرینگی خۆی هەیە، شوێن دەکاتە ئەو ڕووبەرو پانتاییەی کە کارەکتەرەکان تیایدا دەجوڵێن و ڕووداوەکان تیایدا دەردەکەون و بەرجەستە دەبن و بە دەم گەشەکردنەوە هونەرییەت وەردەگرن.. واتە شوێن دنیایەکی تایبەتی و زادەی خەیاڵی نووسەرە، جا ئەم دنیا خەیاڵییە هەندێجار لە واقیع دەچێت و هەندێجار لە واقیع ناچێت.. ئەگەر نووسەر زۆر لە ژێر کاریگەری وباندۆری واقیعی حەیاتی و شوێندا بێت، ئەوا دەشوبهێتە سەر واقیع، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.. شوێن دەکاتە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە پوختەی کارلێک و تەفاعولی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی لە خۆ دەگرێت، بۆیە وەکو هەر بەرهەمێکی

کۆمەڵایەتی دیکە بەشێک لە ئەخلاقیات و هۆشمەندی دانیشتووەکانی لە خۆ دەگرێت.. لە میانی شوێنەوە دەتوانرێت سایکۆلۆژییەت و شێوازی ژیان و چۆنییەتی بەرخوردو مامەڵەی دانیشتووەکانی دەگەڵ سروشتدا بخوێنرێتەوە.. بۆیە شوێن لە کاری هونەریدا تا زیاتر ئاوێتەی کارە هونەرییەکە ببێت بایەخ و گرینگی پتر دەبێت.. بە تایبەتی ئەگەر ڕۆماننووس بتوانێت بە شێوەیەکی هونەریانە ئاوێتەی ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکەی کارە هونەرییەکەی بکات. بەتایبەتی کارەکتەر. چونکە شوێن، بە تایبەتی ئەگەر ڕوون و نزیک بێت لە واقیعەوە، دەورێکی زۆر گرینگ لە بەرجەستە بوونی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکتەر دەبینێت، چونکە هەر شوێنێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە کە لە ئەخلاقیاتی خەڵکی ئەو شوێنەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر شوێن، شوێنێکی کراوە بێت یا شوێنێکی داخراو بێت، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە ڕەنگدانەوەی لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەخلاقیاتی خەڵکەکەشیدا دەبێت، کە ئەم خەڵکە لە کاری ڕۆمانەوانیدا دەکاتە کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی کارە هونەرییەکە.. جا وەکو چۆن کاتی هونەری لە ڕۆماندا ناکاتە ئەو کاتە ئاسایی و باوەی هەموومان دەیزانین، شوێنش لە ڕۆماندا ئەو شوێنە ئاسایی و بابەتیە نییە کە هەمووومان دەیزانین، بەڵکو شوێنێکە زەرووڕەتی دەقە ڕۆمانییەکە، بە وشەو لە ڕێگەی وشەوە دەیخوڵقێنێت و شەقڵێکی خەیاڵی پێدەبەخشێت.. کەواتە ڕۆمان لە ئەنجامی کارلێکی ڕەگەزێن کات و شوێن و ڕوداو و کاراکتەرەوە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری، ئەدەبییەت پەیدا دەکات..

دیارە دەبێت لێرەدا ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە بکرێت کە ئەگەر شوێن، شوێنێکی دیاری کراو نەبێت، پەراگەندەو بچڕ بچڕ و جیاواز بێت، دەورێکی ئەوتۆ لە بونیادی کاراکتەرو نواندنی ڕەهەندە فیکری و سایکۆلۆژییەکانیدا نابینێت و لەم حاڵەتەدا سیماکانی کاراکتەر لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕووداو و گێڕانەوەوە دەردەکەوێت وبەرجەستە دەبێت، هۆیەکەشی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە یەک شوێندا ڕوویان نەداوە، تا کاریگەرییەکی بونیادی لە پێکهاتەی کارەکتەرەکاندا هەبێت، بەڵکو لە شوێنانی جیاواز و هەمە جۆردا ڕوویان داوە، بۆیە لەم حاڵەدا پەیوەندی نێوان کارەکتەر و شوێن کز و سست و کەم بایەخە.

**

کات لە ڕۆماندا، یەکێکە لەو ڕەگەزە هەرە گرینگانەی کە مەحاڵە فەرامۆش بکرێت. بۆیە نابێت بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێت هیچ ڕۆمانێک لە کات بەدەر نییەو نابێت.. هەڵبەتە کات لە کاری ڕۆمانەوانیدا زیاتر لە

ئاخرو ئۆخری دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێدراوە کە کەسێکی وەکو ئالان ڕۆب گریێ پێیوایە کات لە ڕۆماندا دەکاتە ڕەگەز و کارەکتەری سەرەکی.. یان کەسێکی وەکو شاعیرو ڕۆماننووسی فەرەنسایی لویس ئاراگۆن پیی وایە کە یاری کردن بە کات لە ئەرکە هەرە دیارەکانی ڕۆماننووسە. واتە گەمە کردن بە کات، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و چوون بۆ ئایندەو، بەکار بردنی تەکنیکێن زەمەنی دیکە لە رۆماندا، نیشانەی زەبەر دەستی هونەریی نووسەر و هەستیارییەتی لە مەیدانی ئەفراندنی ئەدەبیدا.

هەڵبەتە کات، کات و زەمانی واقیعی مەحاڵە بۆ دواوە بگێڕدرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە کاتی هونەری ئەمە دەکرێت و زۆر ئاساییە، ئەم کارە جاری وایە لە ڕێگەی گێڕانەوەی بابەتییەوە ئەنجام دەدرێت، گوتیار دەمانباتەوە بۆ ڕابردوو.. جاری وایە لە ڕێگەی گێڕانەوەی خودییەوە ئەنجام دەدرێت، واتە کارەکتەرە ڕۆمانەوانییەکە، لە ڕێگەی دیالۆگە بەردەوامەکانییەوە بۆ ڕابردوومان دەباتەوە. هەندێجاریش لە ڕێگەی گێڕانەوەی بابەتی و زاتییەوە ئەنجام دەدرێت، واتە نووسەر دەچێتە پێست و کلێشەی کارەکتەرەکانەوەو دیالۆگەکانیانمان بۆ دەگوازێتەوە، واتە قسەو دەستەواژەکان، هی کارەکتەرەکانن، بەڵام نووسەر بۆمانی دەگوازێتەوە.. جاری واش هەیە لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە ئەنجام دەدرێت، واتە کارەکتەر لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە بۆ ڕابردوومان دەباتەوە.. بە هەر حاڵ کات بە هەموو تەکنیکەکانی فلاشباک و ئایندەبینی و هەڵوەستە و دیمەنسازی و کورتکردنەوەو حەزفکارییەوە، دەور لە بونیادی کارەکتەر و ڕوناککردنەوەی لایەن و ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانی دەبینێت..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*٠ واژەنامە هنر داستان نویسی، جمال میر سادقی، میمنت میر سادقی ، کتاب مهناز، چاپ دوم، ١٣٨٨(٢٠٠٩)

*٠ هەزار پیشە ، (دەسنووس)، حەمەکەریم عارف

*٠ البناء الفنی فی الروایة العربیة فی العراق/ شجاع مسلم العانی/بغداد ١٩٩٤

*٠الشخصیة فی عالم غائب طعمة فرمان الروائی/ د٠ طلال خلیفة سلمان/ بغداد، ٢٠١٢

*٠ الشخصیة فی ادب جبرا ابراهیم جبرا الروائی /د٠ فاطمة بدر/ بغداد،٢٠١٢

*٠ تقنیات کتابة الروایة/ نانسی کریس/ ترجمة: زینة جابر ادریس/ ط:٢٠٠٩/ الدار العربیة للعلوم ناشرون ..

## پاژی دووەم

## پاچڤەو رینیسانس

"١"

بە درێژایی مێژوو ئەوە ساغ بووەتەوە کە وەرگێڕان و پاچڤە نەك هەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تازەبوونەوەو تازەگەرییەوە هەیە، بەڵکو یەکێکە لە فاکتەرو کۆڵەکە گرینگەکانی رینیسانسی هەمەلایەنەی میللەتان. واتە تازەبوونەوەو رینیسانس لە هەموو سەردەمێکدا قەرزاربارى وەرگێڕان و پاچڤە بووە.خۆ ئەگەر کەموکووڕییەك لە یەکێك لە کایەو مەیدانەکانی نوێگەریی و مۆدێرنیتەدا بەدی بکرێت و هەبێت، یەکێك لە هۆیەکانی دەگەرێتەوە بۆ کەموکووڕی و کیماسی بواری پاچڤە کە بیرو بۆچوونی گەلانی دیکەی بە دروستی نەگواستووەتەوە یان ئەگەر گواستبێتیەوە، بە نیوەچڵی گواستوویەتییەوە..کە ئەمەیان کارێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر ویستت میللەتێك کۆڵەوارو داماو بکەیت، بیکەی بە گەپچاڕو عاجباتی ئەوا حەقیقەتی لێ بشارەوە یان بە نیوەچڵی بیخە بەردەستی، هەنگێ خۆبەخۆ و بەرەبەرە دەپوکێتەوەو لێدەبێتەوە.

هەڵبەتە بابەتی ئەم نووسینە زیاتر باسی ئەدەبیات و رۆشنبیریی و زمان و شێوازی پاچڤەو وەرگێڕانی باش و خراپ و توانایی پەرەسەندن و گەشەکردن و پێشڤەچوونی زمانی کوردییە لە بوارە کەلتووری و رۆشنبیرییە جیاوازو هەمە جۆرەکاندا کە خۆی لە خۆیدا لایەنێکە لە لایەنە زۆرو زەبەند و هەمەجۆرەکانی تازەگەری و نوێگەری و رێنیسانس..

هەڵبەتە هەر گروپ و میللەتێك بیەوێ بگاتە قۆناغی تازەگەری و رینیسانس، دەبێت لە خەم و بیری ئەوەدا بێت کە ببێت بە خودانی ژێرخانێکی هزری و کەلتووری و ئەبستمۆلۆجی، چونکە چەند لە مەیدان و زەمینەی مادیدا پێشکەوتووش بێت، بە بێ ژێرخانێکی هزری و ئەبستمۆلۆجی بتەو بە مەرام و ئاوات ناگات.یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئەم ژێرخانسازییە، پرۆسەی بەرنامەداری وەرگێڕانە. دیارە وەرگێڕان دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو جیهانی هزرینی مۆدێرن و دنیای شارستانیەتی میللەتانی دیکە و، ئاشنا بوون بە شێوەی نوێین و دیدی بێگانان، دەربارەی دیاردەو ڕووداوە مەتریالی و میتافیزیکیەکانی دنیا.. دیارە ئەگەر ئەم پرۆسەیە، واتە وەرگێڕان، پرۆسەیەکی بەرنامەداری سیستەماتیك بێت، بۆ خۆی بزاڤ و بزوتنەوەیەکی ئەبستمۆلۆجی چێدەکات و لە هەموو بوارێن جڤاکی، رۆشنبیریی و رامیاری و هزری و هونەری و فەلسەفیدا رەنگ دەداتەوەو کەم وزۆر دەیانجوڵێنێت. بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستاندا، سەرباری ئەو پاشاگەردانییەی کە راستەخۆ و ناڕاستەوخۆ زۆربەی بوارە مادی و مەعنەوییەکانی ژیانی کوردەواری گرتووەتەوە -کە پێموایە پاشاگەردانی و ئەنارشیزم زادەو دەرهاویشتەی هەموو گۆڕانکارییەکی گەورەیە- کۆمەڵێك جم و جوڵ و دیاردە دەبینین کە پێشتر لە هەرێمی کوردستاندا نەبووەو رەنگە ئەگەر بگوترێ یەکێك لە سەرچاوەکانی ئەم جم و جوڵ و دیاردەیە، وەرگێڕان و پرۆسەی وەرگێڕانە – کە ئەویش لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەییدا دەژی، کە رەنگە بۆ ئەم قۆناغەو تا دەکەوێتە سەر ڕاستە رێگای خۆی ئاسایی بێت- نەبێت بە زێدەرۆیی..کە خواستی مافی مرۆڤ و ئازادی تاك و دیموکراتیەتخوازی لە سەرلەبەری کایەکانی ژیاندا، یەکێکە لەو دیاردانەو خەڵکانێك خۆی لێ بەخاوەن دەکەن. دیارە ئەم دیاردەیە کە زادەی زەروورەتی مێژوویی قۆناغەکەو دەرهاویشتەی تەماسی رۆشنبیریی و ئەبستمۆلۆجییە لە رێگەی وەرگێڕانەوە تەنیا لە مەیدانی هزرینی سیاسی و جڤاکیدا قەتیس نەماوە، بەڵکو پەلو پۆی بۆ زۆر مەیدانی دیکەش هاویشتووە، لەوانە ڕۆمان و چیرۆك، کە ڕەنگە کاری وەرگێڕان لەم مەیدانەدا بە ڕمێنترو بەرچاوتر بێت، کە نەك هەر زمانەکەمانی دەوڵەمەند کردووە، بەڵکو شێوەو فۆرمی تازەو شێوازی نووسینی هەمەجۆری ئەوتۆی هێناوەتە ناو دنیای ئەدەبیاتنووسی کوردییەوە

که لەگەڵ دنیای نووسینی کوردی بیست ساڵ لەمەپێشدا ئەرزو ئاسمانیان فەرقەو بەراورد ناکرێن.بەهەرحاڵ پرۆسەی وەرگێڕان، ئەگەرچی لەلای ئێمە تەمەنی زۆر کورتە، بە تەواوەتی نەکەوتووەتە سەر ڕاستە ڕێگای خۆی، لە پاشاگەردانی و بێ بەرنامەداری بەدەر نییە، لە هەڵبژاردنی بابەتدا زۆر سەرکەوتوو نییە، بەڵام وەکو نیمچە بزوتنەوەیەك لە زۆربەی بوارە کەلتووری و ئەبستمۆلۆجیەکاندا هەستی پێدەکرێت و بمانەوێ و نەمانەوێ لە زۆر بواری بیرو بیرکردنەوەی ئەمڕۆماندا،لە بانگەوازو گازی دیموکراتیەتخوازیدا، لە مرۆڤدۆستی و داکۆکی لە مافی تاك و ئازادیی دەربڕیندا، لە کێشماکێش و هەوڵی بێ وچانماندا بۆ مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگەو گەییشتن بە کاروانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، تا ڕادەیەك قەرزارباری وەرگێڕانین، بە تایبەتی وەرگێڕانە ئەمین و دروست و کاراو کاریگەرەکان. هەڵبەتە وەرگێڕان یەکێکە لە فاکتەرە گرینگ و بەهادارەکانی زەنگین کردن و ڕەنگین کردنی زمان ، هەر زمانێك پێی نەنووسرێت و نەخوێنرێتەوە و نەبێت بە زمانی بەرهەمهێنانی فیکری و هونەری و فەلسەفی و تێکڕای کایە ئەبستمۆلۆجییەکان، دەپوکێتەوەو پاشەکشە دەکات و بەرەبەرە دەفەوتێ و دەبێ فاتیحای بخوێنرێ. جا مەرگی زمان، بەحوکمی ئەوەی زمان کۆڵەکەی کەلتوورو شارستانیەتی میللەتە، دەکاتە مەرگی میللەت..جا لێرەدا گرینگی ئەو دەور و ڕۆڵە بە دیاردەکەوێت کە وەرگێڕی شارەزاو پڕئەزموون و بەتواناو کارامە لە بواری کەلتوورو ڕۆشنگەریی میللەتی خۆیدا دەیبینێت، بە تایبەتی ئەگەر میللەتێکی پاشکەوتوو وپاشخراوبێت،زمان و ئەدەبیاتی هێشتا لە قۆناغی گرۆگاڵ ولاسایی کرنەوەدا بێت،و لە ئاستێکی باڵای ڕۆشنبیریی گەشەکردووی پەرەسەندووی ئەوتۆدا نەبێت کە بتوانێت پێداویستییە ئەبستمۆلۆجیەکانی خۆی بەرهەم بێنێت..بۆیە لەم جۆرە قۆناغ و سەردەمانەدا وەرگێڕی داهێنەرو ئەمین و بە توانا، بۆشاییە ئەبستمۆلۆجیەکان پڕدەکاتەوەو پێشەنگایەتی کاروانی تازەگەری و نوێخوازی ومۆدێرنەوانی ڕۆشنبیریی میللەتی خۆی دەکات و زۆرجار جێدەستی لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەریی وڵاتدا، لە خودی نووسەرەکانیش دیارترو ئەکتیفترە. بۆیە هەندێجار ناوی ئەو جۆرە

وەرگێڕە، لە مێژووی بزوتنەوەی رۆشنبیریی میللەتدا لە ناوی نووسەرەکانیش مەنشورترو پڕشنگدارترە..

"٢"

هەڵبەتە زمان وەکو دیاردەو پێداویستییەکی جڤاکی و حەیاتی زندوو، لە یاساو رێسای گۆڕان بەدەر نەبووەو نییەو نابێت.سەرنجی هەر زمانێکی زندوو بدەیت، دەبینی هەر ماوە نا ماوەیەك گۆڕانی بەسەر دێت، وشەو زاراوەو تەنانەت چۆنیەتی داڕشتنی تازەی دێتە ناو، و بە پێچەوانەوە وشەو زاراوەی باوی لە برەو دەکەوێت و بەکار نایەت، یان چەمك و ماناکانیان دەگۆڕێت و بە مەبەست و مانای تر بەکار دەبرێن. بۆ نموونە زمانی کوردی ئەمرۆکە لە چاو بیست، بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش زۆر گۆڕاوە..دیارە ئەو گۆڕانانە پەسند و بەجێن کە زادەو بەرەنجام و دەرهاویشتەی پێداویستییە جڤاکییە حەیاتیەکان بن بە هەموو بوارە فەلسەفی و فیکری و هونەری و زانستی و تێکڕای لایەنە ژیاریی و شارستانیەکانەوە. هەڵبەتە یەکێك لە فاکتەرو هۆکارەکانی ئەم دیاردەی گۆڕانکارییە، تەماسی جڤاکی و حەیاتی، ژیاریی و شارستانی کۆمەڵگە بەشەرییەکانە کە پرۆسەی وەرگێڕان و پاچڤەوانی کەناڵێکی گرینگی تەماسی ناڤبرییە لە هەموو لایەنە ئەبستمۆلۆجیەکانەوە. کە ئەمە، واتە پرۆسەی پاچڤەوانی، کردویەتیە کارێك زمانی نووسین و ئاخافتن تەواو لێکدی نزیك ببنەوەو زمانی نووسین، لە زۆر وارو مەیداندا خۆی لە گەمەو فەنبازیە ئاڵۆزە زمانەوانییەکان دووربگرێت و ڕاستەوخۆ وەرگر بدوێنێت، چونکە زمان خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، زمان لە پێناوی زمانی ڕووتدا نییە..دیارە وەرگێڕ هەرچیەك بێت، ئەدیب بێ یان نووسەر یان هەر وەرگێڕ بێت، بیەوێ و نەیەوێ، چ لە رووی فەرهەنگی پەیڤ و وشەوە، چ لە رووی بونیادی ڕستەو ڕستەبەندییەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی رۆحی زمانی ئەو دەقەوە کە وەری دەگێڕێت، واتە دەبێت وەفاداری دەقەکە بێت و، تا دەکرێت خۆی لە خۆنوێنی ئەدەبی و گەمە زمانەوانییەکان بپارێزێت و دووربگرێت. بەم پێودانگە زمان، لە زمانی ئاخافتنی ئاسایی نزیك دەبێتەوە، دەبێت بە ئەوزاری گوزارشت وداهێنان، ئەوزاری بەرهەمهێنانی کایە زۆرو زەبەندەکانی ئەبستمۆلۆجیا..ئەمە زمانی

دەوڵەمەند و پوختەو گەشاوەی دەویّ، زمانێك كە لە زاوزێی بەردەوامدا بێت، لە حاڵی تازەبوونەوەو خۆتازەكردنەوەو كاژەگۆڕكیّ و كاژ فڕێداندا بێت، كە وەرگێڕان زەمینەیەكی یەجگار لەبارو بە پیتە بۆ خێرایی بەخشین بەو حاڵی تازەبوونەوەیە. لە رێگەی پاچڤەوە بە هەزاران ماناو چەمكی تازە ئاشنا دەبین، كە ناچارمان دەكات لە قاڵبی وشەیان بدەین، وشەیان بۆ دابهێنین، زاراوەی تازە دابهێنین و بكەوینە پشكنینی زمانەكەمان و توانا گوزارشتی و ئەفراندنەوانیەكانی كەشف بكەین و ماناو چەمكی تازە بە زاراوە كۆنەكان ببەخشین و بەمەش زمان لە رووی فەرهەنگی وشەوە دەوڵەمەند دەبێت و دەگەشێتەوەو نەشونما دەكات . دیارە دەوڵەمەندی زمان لە رووی وشەوە، كار لە بونیادی زمان و  شێوەی دەربڕینش دەكات و، زمان لە ئاڵۆزنووسی دەپارێزێت و بەرەو ڕستەو دەستەواژەی ڕوون و ڕەوانتر و زووفامتری دەبات..كە بە بۆچوونی من زەمینە بۆ زمانی ستاندارد، بۆ زمانێك كە لە تێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری رۆڵەكانی میللەتەوە نزیك بێت، خۆشدەكات. دیارە زمانی ستاندارد بۆ میللەتێكی پارچە پارچە كراوی، فرە دیالێكتی، رێنووس جیاوازی وەكو كورد، یەجگار پێویستە، كە نەك هەر ژمارەی خوێنەرانمان زیاد دەكات، كە قەدری نووسین و دەقی جددی بە خوێنەری جددی و ئەكتیڤەوەیە، بەڵكو فاكتەرێكی گرینگی یەكخستن و یەكگرتنەوەی نەتەوەییشە. بۆیە مایەی دڵخۆشییە كە ئەمڕۆكە لە هەرێمی كوردستاندا هەست بە نیمچە بزاڤێكی پاچڤەوانی دەكرێت و، خۆشبەختانە خەریكە بەرەبەرە لە ئەدەبیات و مێژوو، و ژانرە گێڕانەوەكارییەكانەوە پەل بۆ مەیدانە فیكری و فەلسەفی و زانستییەكان داوێت، هەرچەندە لە پاشاگەردانی و بیّ بەرنامەیی بەدەر نییە، لیّ وەكو سەرەتایەك خراپ نییە و مێژوو،و رۆژگار تەتەڵەی دەكات و لە سەرەندو بێژنگی دەدات..كورد گوتەنی كردە پەشیمان نەك نەكردە پەشیمان.

هەڵبەتە ئەم نیمچە بزوتنەویە پێویستە بەخێوبكرێت و بە پێی میتۆدی زانستیانە بەرنامەی بۆ دابنرێت و وەكو خەمێكی نەتەوەیی بایەخی پێبدرێت و مامەڵەی لە تەكدا بكرێت. دیارە ئەم نیمچە بزوتنەوەیە زادەی هەستكردنی خەڵكانێكە بە مەسئولیەتی نەتەوەیی، هەستكردن بەوەی كە كورد قرەی كاروانی شارستانیەتی تیرەی بەشەرە و لە بۆشاییەكی

شارستانی و ژیاریی یەجگار ترسناکدا دەژی و،دەبێت هەموو ڕێگەیەکی حەلاڵ بگیرێتە بەر بۆ بەزاندنی ئەو بۆشاییە کە یەکێك لە ڕێگاکان سوود وەرگرتنە لە ژیارو شارستانیەتی میللەتانی پێشکەوتووی دنیا،کە ئەمە زیاتر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دێتە دی. بۆ نموونە کاتێ کە عەباسییەکان لە سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچیدا هەستیان کرد، بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆیان پێویستیان بەوەیە سوود لە ئەزموون و شارستانیەت و ژیاری میللەتانی دی وەربگرن، هەستان دەزگایەکی کارای پاچڤەیان دامەزراند و ناویان نا (خانەی حیکمەت). پاچڤەوانی زۆر چاك و کارامەیان لە هەر چوار نکالی قەڵەمڕەوی خۆیانەوە هێنا، مووچەو بەراتی چاکیان بۆ بڕینەوە.نەخشەو بەرنامەیەکی وردو سیستەماتیکیان داناو لە ماوەی کەمتر لە سەد ساڵ، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە گرینگەکانی سەردەمانی کۆنیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا..جا بۆ ئەوەی ئەم نیمچە بزوتنەوەیە لە بارنەچێت هەقە لە هەرێمی کوردستاندا بە چاولێکەری عەباسییەکان و بە نەفەسی ئەمرۆوە، دەزگایەکی ستراتیژی نەتەوەییمان بۆ وەرگێڕان هەبێت، بۆ نموونە سەد وەرگێڕی زۆر بە توانای لە زمانە زندووە جیاوازەکانی دنیای تیا دابمەزرێنن، هیچ کارێك نەکەن جگە لە تەرجەمە، و یەکی مانگی ٣-٤ ملێون دینارێکیان بۆ ببڕنەوە، بەمەرجێ دوور بێت لە هەر نەفەس و دەست تێوەردانێکی حیزبی و حیزبایەتی، بزانە هەنگێ چۆن دەکەوینە سەر سکەو لە ماوەیەکی پێوانەییدا ڕێگاکان قەدبڕ دەکەین و بەلای کەمەوە بۆشاییە ئەبستمۆلۆجی و شارستانییەکان پڕ دەکەینەوەو ڕووی ناو مەجلیسی میللەتانی پێشکەوتوومان دەبێت .دەشێت میللەت حکومەت و پەرلەمانی نەبێت بەلام میللەتی بێ کتێب نابێت و قەپانی مێژوو میللەتی بێ کتێب ناخوێنێتەوە.میللەتی بێ کتێب وەکو نابینایەك وایە بە ناو مینجاڕێکی کوشندەدا ڕێ بکات..هەڵبەتە کاری ئیستامان تا ڕادەیەکی زۆر بێ بەرنامەیە، کتێبان بە ڕێکەوتەکی و خوابەختەکی هەڵدەبژێردێت، وزۆر بەکەمی ئاوڕ لە زانست و فەلسەفە و فیکر دەدرێتەوەو زیاتر روو لە مێژوو و ڕۆمان دەکرێت..

کاتی خۆی یونسکۆ، لیستێکی چوار سەد پێنج سەد کتێبی – هەڵبەتە ئەو لیستە بۆ ئەمرۆ زۆر کەمە- ئامادە کرد و وەکو کەلەپوری نووسراوی جیهانی

و مرۆڤایەتی لە قەڵەمی دان، و پێشنیازی بۆ هەموو وڵاتانی دنیا کرد کە هەقە پاچڤە بکرێن.. یەکێك لەو وڵاتانەی کە ئەم پێشنیازەی یۆنسکۆی بە هەند وەرگرت و شانی دایە بەر پاچڤە، ژاپۆن بوو کە لە پێشکەوتنەکانی خۆیدا بێگومان تا رادەیەکی زۆر قەرزارباری پاچڤەیە، پاچڤە بوو بە هەوێن و ئامیانی پێشکەوتنەکانی.جا ئێمەش دەتوانین بە چاولێکەری یۆنسکۆو زۆر وڵاتی دیکی دنیا، لیستێکی هەزارو پێنج سەد کتێبی هەڵبژاردە، لە کەلەپووری نووسراوی جیهانی ئامادە بکەین و بیخەینە بەرنامەی کاری وەرگێڕانەوە.. هەر پارەیەکیش لەم پرۆژەیەدا خەرج بکرێت، بە خەسار ناچێت- بە مەرجێ حیزب دەستی تێوەرنەدات-هەڵبەتە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە ئیدی ئەم نیمچە بزوتنەوە پاچڤەوانیە، تەواو گوڕی بەستووەتەوەو لە رووی چەندایەتیەوە بەرادەیەك زۆر بووە کە ئەو کتێبانەی لەم ماوەیەدا پاچڤە کراون، دەکاتە چەندین بەرانبەری ئەو کتێبانەی لە سەرانسەری مێژووی بزوتنەوەی کوردیدا، پاچڤە کراون. هەروەها بزوتنەوەی پاچڤەوانی، لە چاو خۆیدا و لە رووی هەمە جۆری بابەتیشەوە یەجگار زۆر بووە، ژمارەی وەرگێڕەکانیش یەجگار زۆر بوون، واتە دیاردەی وەرگێڕان لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا، لە رووی چەندێتی و چلۆنایەتی وەرگێڕان و ژمارەی وەرگێڕەکانەوە، هەڵکشانی بەرچاوی بە خۆوە دیتووە، ئەم هەڵکشانە کوت و پڕەش لە لایەکەوە زادەو دەرهاویشتەی پێداویستییە ئەبستمۆلۆجیەکانە و لە لایەکی ترەوە جۆرە زۆری و بۆرییەکی لێکەوتووەتەوە کە بە قەناعەتی من زادەی خودی دیاردەکەیەو بمانەوێ و نەمانەوێ تا ماوەیەك بەردەوام دەبێت. بەڵام هەرکە بە فیلتەری رەخنەی جددیدا تێپەڕی ئیدی دەنیشێتەوەو راستە رێگای خۆی دەگرێتە بەر و کاریگەرییە ئەرێنییەکەی بەسەر نەخشەی رۆشنبیریی کوردییەوە، زیاتر دەردەکەوێت.

"٣"

یەکێك لەو مەسەلانەی کە لە واری پاچڤەدا مشت و مڕ و گەنگەشەی زۆر هەڵدەگرێت، زمان و دۆزینەوەی زمانی تایبەتی ئەو بەرهەمەیە کە دێتە وەرگێڕن.ڕاستە زمان زۆر گرینە، لێ من پێموایە تێگەییشتنی بابەت و

تیمەی بەرهەمەکە لە زمانیش لە پێشترە، چونکە هەر بابەتێك زمانی تایبەتی خۆی بەرهەمدێنێت. واتە تێگەییشتنی بەرهەمەکە کۆدی کردنەوەو دۆزینەوەی زمان و تۆنی زمانی تێکستەکەیە. بە هەرحاڵ زمان و زانینی زمان لە مەرجە هەرە گرینەکانی پاچڤە و پاچڤەوانییە و هیچ شتێك بە بێ زمان و لە دەرێی زماندا ناکرێت، بە تایبەتی لە ئەدەبیات و دەقی ئەدەبیدا.. بەهەرحاڵ یەکێك لە گرفتەکانی بزوتنەوەی وەرگێڕان لە نك مە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری وەرگێڕەکان لە بواری زماندا، چ لە رووی فەرهەنگی وشەوەو چ لە رووی بەکاربردنی زمانەوە، وەکو ئەوزارێکی گوزارشتی و ئەفراندنەوانی، دەستکورت و کەم دەست و بێدەسەڵاتن. هەڵبەتە ئەمە دیاردەیەکی زۆر نەرێنییەو خوێنەر، بە تایبەتی خوێنەری ئاسایی و پشوو کورت لە خوێندنەوە دەتۆرێنێت و تەوەلای دەکات..بەهەرحاڵ لە وەگێڕاندا، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی ئەدەبیدا، جۆرە داهێنان و ئەفراندنێك هەیەو زمان بڕبڕەی پشتی دەق و تێکستی ئەدەبییە، بۆیە ئەو خەڵکانەی کە کاری پاچڤە دەکەن دەبێت بە خۆیان توانای نووسینیان هەبێت و ئەهلی قەڵەم بن و لە قەڵەمڕانیدا زەبەردەست و لێزان و کارامە بن،چونکە وەرگێڕانی ئەدەبی هەر ئەوە نییە وشەکان بێنە وەرگێڕان، بەڵکو مامەڵەیەکی هونەریانەی داهێنەرانەیە دەگەڵ سەرانسەری ئەو زمانەی کە دەقەکەی وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری لە هەمێزگرتووەو وەکو گیان و جەستە بە جۆرێ ئاوێتە بوون کە لێك جیاکردنەوەیان مەرگی دەقەکەی لێدەکەوێتەوە.. واتە پاچڤەوان لە سەرێتی هەمان دەق جارێکی دیکە و لە کەش وهەوای زمانێکی دیکەدا، بەوپەڕی ئەمانەتداری و وەفادارییەوە،بە جۆرێ بنووسێتەوەو دابڕێژێتەوە، کە هاوزمانەکانی نەك هەر جوان لێی تێبگەن، بەڵکو بە رۆح و گیان هەستی پێبکەن.ئەگەر خاوەنی دەقەکە بە رێکەوت دەقەکەی خۆی لە زمانی دووەمدا بینی، شایەدی و گەواهی ئەوە بدات کە دەقەکەی لە زمانی دووەمدا نەك لە ڕەونەق نەکەوتووە بەڵکو لە ئەسڵەکە باشترە..ئەمەش لەسەر دەستی کەسێك دێتە دی کە ئاشق و شەیدای کارەکەی بێت.بەر لە هەموو کەسێك هەستی بە زەروورەتی پاچڤەی دەقەکە کردبێت. چونکە مرۆڤ لە ئەدەبیاتدا بەر لە هەر شتێك بۆ کەیفی دڵی خۆی کاردەکات. سەرباری هەموو ئەمەش

دەبێ ئەو کەسە لە مەیدانی زماندا کارکردەو کارامەو  پڕ ئەزموون و داهێنەر و خودان بەهرەو سەلیقە بێت.بە تایبەتی لە زمانی دووەمدا، واتە ئەو زمانەی  کە تێکستەکەی بۆ وەردەگێڕێت. هەندێ کەس بە ڕادەیەك جەخت لەسەر زمان، بە تایبەتی زمانی دووەم دەکەنەوە کە پێیان وایە زمانی دووەم دوو سێیەکی پرۆسەی وەرگێڕانی دەق پێکدەهێنێت، چونکە وەرگێڕ لە زمانی دووەمدا داهێنانی خۆی دەکات. هەڵبەتە ئەم جەخت کردنە خۆی لە خۆیدا نیشانەی گرینگی زمانە لە کاری پاچڤەوانیدا. لێ مخابن لە نك مە، مەسەلەی زمانی کوردی، نە لە زانکۆکاندا بە شێوەیەکی ئەکادیمی پەسند دەخوێندرێ و نە لە قۆناغەکانی خوارتری خوێندندا ئەو بایەخەی پێدراوە، بۆیە وەرگێڕ لەسەرێتی بە خۆی و لە رووی ئەدەبیات دۆستییەوە، دووی ئەم مەسەلەیە بکەوێت، ئەمە جگە لەوەی ئێمەی کورد تا ئیستا زمانی ستانداردی خوێندن و نووسینمان نییە..بەم پێودانگە، سەلیقەی ئەدەبی و ئەدەبدۆستی وشارەزایی لە زمان و چۆنییەتی بەکاربردنی زمان لە مەرجە بنەرەتییەکانی کاری پاچڤەی ئەدەبییە.واتە وەرگێڕ دەبێت وەکو هەر نووسەرێکی باش، لە گەڵ زمانداو لە ناو زماندا بژی، زمان ببێت بە بەشێك لە ژیانی..زمان ئەوزاری بیرکردنەوەو گوزارشت و داهێنانە، واتە بەبێ شارەزایی ورد لە زماندا، تەڵیسمی دەق ناکرێتەوە..و لە زمانی دووەمدا خۆی بە دەستەوە نادات. جا ئەگەر نووسەر لە زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندا دەستکراوەو ئازاد بێت، ئەوا وەرگێڕ ئەو ئازادییەی ئەوی نییە، و ناچارە پابەندی جەوهەرو کرۆکی دەقەکە بێت و، لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کە نووسەر کێشاویەتی، واتە لێرەدا ئەرکی زمانەوانی وەرگێڕ، لە هی خودی نووسەرەکە قورسترو دژوارترە...

"٤"

وشە، زمان، ئەوزاری بیرکردنەوەیە، بۆیە ئەگەر کەسێك لە زماندا کۆڵەوار بێت، وشە نەزانێت، شارەزای زمان نەبێت، نە دەتوانێت بیری خۆی بگەیەنێت و نەبیری خەڵکی دی بگوازێتەوە..دیارە وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، هەر بابەتێك بە زمانێکی تایبەتی دێتە گوزارشت کردن و نیشاندان، واتە هەر بابەتەو بەدەم نەشونماو پوختەبوونەوە زمانی تایبەتی خۆی

بەرهەم دێنێت، بۆیە وەرگێڕ لەسەرێتی کە دەست دەداتە هەر کارێك، زمانی تایبەتی ئەو کارە بدۆزێتەوەو بە جۆرێ دایڕێژێتەوە کە پڕ بە پێستی خودی کارەکە بێت و جێگەی زمانی یەکەم بگرێتەوە. هەڵبەتە ئەمە نەفەس و تواناو بەهرەیەکی فلیڤانی (ابداعی) دەوێت و هەر ئەمەش جۆرە شەقڵێکی ئەفراندنەوانی بەکاری پاچڤە دەبەخشێت، بۆیە خەڵکانێك هەن پێیان وایە کە کاری پاچڤە دووبارە خوڵقاندنەوەی تێکستە وەرگێڕدراوەکەیە و هەر کارێکی وەرگێڕان گەییە ئەم ئاستە لە زمانی دووەمدا جێی دەبێتەوەو دەمێنێت و دەبێت بە بەشێك لە کەلەپووری بەرهەمی ئەو زمانە. واتە لە وەرگێڕانی هەر بەرهەمێکدا، بە تایبەتی بەرهەمی ئەدەبی، وێڕای وردی و ئەمانەتداری لە گواستنەوەی ماناو چەمکی بەرهەمەکە، دەبێ تۆنی تایبەتی خۆیشی پێ ببەخشرێت. ئەگەر ئەو زمان و تۆنە تایبەتیە بە دەست هات، ئەوا ئەو بەرهەمە دەژی و هەواداری خۆی پەیدا دەکات، ئەگینا وەکو زۆر کاری دی لە بیردەکرێت و لە بیر دەچێتەوە.. ئیدی لێرەوە مەسەلەی وەرگێڕانی باش و خراپ سەر هەڵدەدات..یەکێك لە ئەرکەکانی کاری ئەدەبی ئەوەیە بەلای کەمەوە لەزەتێکی ئستاتیکی ببەخشێت.. بۆیە وەرگێڕانی باش دەبێت ئەم لایەنە بە هەند وەربگرێت و ئەو لەزەتبەخشییە لە یەك بە یەکی ڕستەو پەرەگرافەکانیا، لە سەرانسەری دەقەکەدا وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری بپارێزێت، کە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی وەرگێڕانی باش.هەڵبەتە خوێنەری جددی و کارامەو شارەزا، بە سەلیقە پەی بە باشی یان خراپی دەقێکی وەرگێڕدراو دەبات، تێدەگات کە ئاخۆ تەکنیك و تۆن و هونەرکاری و وردەکارییەکانی دەقە ئەسڵییەکە، لە زمانی دووەمدا پارێزراوە یان نا، خوڵقێنراوەتەوە یان نا.ئەگەر وەرگێڕ پابەندی ئەو خاڵ و مەرجانە بووبێت و دەرەقەتی هاتبێت ئەوا کارەکەی دەچێتە خانەی داهێنانەوە. چونکە تا قەریحەو بەهرەی خودی و خۆڕسکی پاچڤەوان لەسەربێ وبەهێزتر بێت، چلۆنایەتی زمانی وەرگێڕان دڵگیرتر و پەسندتر دەبێت و لە داهێنان نزیکتر دەبێتەوەو پتر فلیڤانییەت پەیدا دەکات. بەپێچەوانەشەوە چەند وەرگێڕ کەم بەهرە بێت و کەمتر خۆی ماندوو بکات و پەنا وەبەر وەرگێڕانی میکانیکی ببات و تەنیا چەمکە گشتییەکانی دەقەکە پاچڤە بکات و لە کۆڵی بکاتەوە، کارەکەی وشك و بێ گیان دەردەچێت.یانی

دەشێت بگوترێت کاری پاچڤە، لە کاری نووسین دەچێت، هەردووکیان پێویستیان بە بەهرەو بەهرەداری خودی هەیە، بگرە هەندێ جار کاری وەرگێڕ دژوارتریشە، چونکە نووسەر کە بینی ناتوانێت لەسەر بابەتێك بڕوات، دەتوانێت بیگۆڕێت یان وازی لێبێنێت. بەڵام وەرگێڕ سەروکاری دەگەڵ دەقێکی نووسراودا هەیە، ناتوانێت لێی لابدات، یان دەسکاری بکات، هیچ چارێکی نییە تەنیا ئەوە نەبێت هەموو توانایەکی داهێنەرانەی خۆی بخاتە کارو ڕێگەیەك بۆ پاچڤەی تەکنیك و تۆن و هونەرکارییەکانی نووسەر بدۆزێتەوەو هەمیشە ئەوەشی لەبیرو لە خەیاڵ بێت کە بە پلەی یەکەم موقەلیدی نووسەرەو نابێت لە خەت دەربچێت ، چونکە مەرجی پاچڤەی باش وەفاداری و پابەندییە بە خودی دەقەکەو زمانی یەکەم و دووەمەوە، ئەگەر زمانی یەکەمی باش نەبوو، یانی لە دەقەکە تێناگات و ئەگەر زمانی دووەمی باش نەبوو، یانی دەقەکە وێران و کۆڵەوار دەکات.یانی وەرگێڕ لەسەرێتی بە دەم کاری پاچڤەوە هەموو نهێنییەکانی زمانی یەکەم کەشف بکات و بدۆزێتەوەو گشت توانا گوزارشتییە ئەدەبی و ئەبستمۆلۆجیەکانی زمانی دووەمیش بخاتە گەڕ و بیتەقێنێتەوە، کە مخابن یەکێك لە گرفتەکانی پرۆسەی وەرگێڕان لە نك مە، بێ توانایی زمانەوانی وەرگێڕەکانە، کە زۆرجار بە ناهەق و بۆ خۆ پەڕاندنەوە بە ملی خودی زمانەکەدا دەدرێت. هەڵبەتە هەر زمانێك بگریت، تواناو ئیمکاناتی خۆی هەیە، بەڵام دۆزینەوەو تەقاندنەوەو زەنگین کردن و ڕەنگین کردن و بەکارهێنانی داهێنەرانەی، ئەرکی یەکەمی ئەهلی قەڵەمە..

"٥"

وتمان وەرگێڕ سەروکاری دەگەڵ دەقێکی دیاریکراودا هەیە، دەقی دیاریکراویش بە زمان دەقایەتی پێ بەخشراوەو لە ناو زماندا بەرجەستەکراوەو بە زمانێکی دیکە دووبارە دەکرێتەوە..یانی بەم پێودانگە وەفاداریی و پابەندی بە خودی دەقەکەو زمانی یەکەم و دووەمەوە لە مەرجەکانی پاچڤەی باشن. ئەگەر وەرگێڕ لە زمانی یەکەمدا زەبەر دەست نەبوو، یانی لە دەقەکە تێناگات و ئەگەر زمانی دووەمی باش نەبوو یانی دەقەکە وێران دەکات..جا لێرەوە مەرجێکی دیکەی گرینگی پاچڤەی باش

دێتە گۆڕێ کە پەیوەندی بە تۆنی دەقەوە هەیە. تۆن لە دەقدا، بە تایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا دەکاتە چۆنییەتی مامەڵەی نووسەر دەگەڵ بابەتدا. وەکو چۆن تۆنی هەندێ دەنگ بەرزە یان نزمە، خۆشە یان ناخۆشە، بەو ئاوایەش تۆنی نووسەر لە نووسیندا دەشێت خەمناك، تراجیدی، پێکەنیناوی، کۆمیدی، بە تەوس و توانج...هتد بێت، کە هەر یەکێك لەو تۆنانە نیشانەی جۆری مامەڵەی نووسەرە دەگەڵ بابەتدا. جا وەرگێڕ کە مەرجە پابەندی دەق بێت، مەرجە پابەندی گشت تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی دەقیش بێت کە تۆن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی دەق، ودەقیش گوورلاوی دەستی کەسێکی ترە نەك وەگێڕ، بۆیە وەرگێڕ نابێت لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا ببینرێت یان خۆنوێنی بکات و حوزووری هونەریی ئاشکرا یان پەنامەکی نووسەرەکە بشارێتەوەو بخاتە ژێرەوە.دیارە تۆنی نووسین جگە لەوەی کە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگۆڕێت، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکەش لەلای هەمان نووسەر دەگۆڕێت ، هەڵبەتە دەبێ ئەم دیاردەی تۆنەگۆڕکێیە لە کاری وەرگێڕانیشدا ڕەنگ بداتەوە. بۆیە ئەو وەرگێڕەی کەکاری نووسەرانی جیاواز، یان نووسینی جیاوازی یەك نووسەر وەردەگێڕێت و یەك تۆن و ریتم و نەفەس بەکار دێنێت، نیشانەی ئەوەیە یان زیاد لە پێویست بایەخی بە حوزووری خۆی داوەو خۆنوێنی کردووە، یان نەیتوانیوە تۆنی نووسەرەکەو دەقەکە بدۆزێتەوەو بپارێزێت کە ئەمە مەرجێکی گرینگی پاچڤەی باشە..

هەڵبەتە پاچڤە، وێڕای گشت مەرجە گرینگ و بنەرەتیەکانی، مەسئولیەتێکی گەورەشە، مەسئولیەتە هەم بەرانبەر بە خوێنەر و هەم بەرانبەر بە نووسەری بەرهەمەکە. بۆیە وەرگێڕ لەسەرێتی خاوەنی وێژدانێکی پاکی زانستی بێت، نەك خۆی لە مەسئولیەت بدزێتەوەو کێماسی و ناپوختەیی کارەکەی بە ملی خوێنەر یان خودی دەقەکەدا بێنێ. بە زۆری ئەو وەرگێڕانە خۆ لەم مەسئولیەتە دەدزنەوە کە وەکو پێویست نە بەسەر زمانی یەکەم ونە بەسەر زمانی دووەمدا زاڵن، ونە لە خودی بابەتەکە و نە لە فەلسەفەی بابەتەکە وەکوپێویست حاڵی دەبن..ڕاستە ئەمرۆ ژمارەی پاچڤەوانان و مەیدان و کایەکانی پاچڤە لە چاو جارانا زۆر بووە، لێ مخابن ژمارەی پاچڤەی باش، لە چاو ئەو زۆربوونەدا کەمە، مەگەر پیاو بەوە

دڵخۆش بکات کە چلۆنایەتی تا رادەیەك هەڤبەندی چەندایەتییە..بۆ نموونە ئەگەر دە وەرگێڕ هەبن، لەگینە پێنجیان باش بن، خۆ ئەگەر ئەم رێژەیە زیادبکات بۆ پەنجا وەرگێڕ هەنگێ لەوەیە بیست و پێنجیان باش بن.ئەمە جگە لەوەی دەکرێت ئومێدی ئەوەش بکرێ کە پاچڤەوانەکان لە میانەی پرۆسەی وەرگێڕانەوە ئەزموونی زیاتر بە دەست بێنن و کەم و کوورییەکانیان ببەزێنن.. بە هەرحاڵ وەرگێڕی کورد چەند بە خەمی فێربوون و شارەزوابوونی زیاتری زمانی بیانییەوە بێت، دەبێ ئەوەندەو پتریش لە خەمی زمانی زکماکی خۆیدا بێت و کەلەپووری زمانی کوردی بە جددی بخوێنێتەوە، چونکە بۆی دەبێت بە زەخیرەیەکی زمانەوانی و لەبەرەکەی دەخوات. هەڵبەتە سەرەتای هەر ئەقلانیەتێك ئەوەیە مرۆڤ دان بە نەزانی خۆیدا بنێت و بکەوێتە خەمی زانین و فێربوون کە لە کۆتایی نایەت و توێشووی رێگاکەشی گومان و کۆڵنەدانە، و قەدەری مرۆڤیش ئەوەیە هەمیشە بە رێگەوە بێت و بە وەڵامی سادە دڵی دانەکەوێت..

کەواتە مەرجی وەرگێڕانی چاك ئەوەیە بەسەر هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا زاڵ بێت، بەسەر بابەتەکەدا زۆر زاڵ بێت و پەی بە گشت رەمزو رازێکی ببەیت و هەستیارییەکی زمانەوانی ئەوتۆت هەبێت کە تۆنی نووسەرەکە بدۆزیتەوەو لە زمانی دووەمدا بینوێنیتەوە.. جا ئەمە رەنگە کارێکی زۆر دژوار بێت و هەموو کەسێك لە عۆیەی نەیەت. چونکە وێڕای ئەوەی هەر نووسەرەو تۆنی تایبەتی خۆی هەیە، تۆنی هەمان نووسەریش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تری دەگۆڕێت.

لێرەدا پاچڤەوان هیچ چارێکی نییە دەبێ هەمان رۆڵی ئەکتەری شانۆیی بدێنێت. ئەکتەر کە دەچێتە سەر شانۆ بە تەواوەتی کەسایەتی و مجێز و رەفتار و خوو خدەی خۆی وەلاوە دەنێت. ئەکتەری چاك ئەوەیە بە تەواوەتی بچێتە پێستی کەسایەتیە دراماتیکیەکەوەو خودی خۆی بە تەواوەتی لە تەمەشاڤانان وەشێرێت. ئەکتەری گەورە ئەوەیە لەو کاتانەدا کە نقوومی دەورەکەی خۆیەتی، دەتوانێت لە دەرێی خۆیدا بوەستێت و تەمەشای خۆی بکات کە چۆن دەور دەبینێت. سەبارەت بە پاچڤەوانیش دەبێ وابێت. هەم بچێتە قاڵبی نووسەری بەرهەمەکەوە و هەم بەردەوام بە چاوی رەخنەوە

تەمەشای خۆی بکات.بەڵام دەبێ دووبارە ئەوە بڵێینەوە کە دۆزینەوەی تۆنی نووسەر و پەی بردن بە نهێنگەکانی کارەکەی گەلەك دژوارەو زۆربەی پاچڤەوانەکانی ئێمە لە ئاستیا کۆڵەوارو دەستەوەستانن..هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە پاچڤەی دەقی ئەدەبی ئەگەر لە پاچڤەی بەرهەمی فەلسەفی دژوارتر نەبێت ئەوا هیچی کەمتر نییە، بە تایبەتی کە دۆزینەوەی زمان و گوزارشت و دەربڕین و تۆن و هاوتادۆزی ،خوازە، خواستن، درکە ، تیل نیشان و جوانی بایس و تێکڕای وردەکاری و هونەرکارییەکانی خۆشخوانی، لە ڕۆمان و دنیای چیرۆکڤانیدا لە هەر شتێکی دی گرینگترە، کە ڕەنگە ئەمە لە فەلسەفەدا و بۆ فەلسەفە ئەو گرینگی و بایەخەی نەبێت، بەڵام ئەدەبیات کە یەکپارچە زەوق و هەست و سۆز و گودازو خەون و بەرزە خەیاڵییە، ئەگەر پاچڤەوان نەتوانێت ئەو تۆن و دەربڕینە هونەرییە بگوازێتەوە، وەرگێڕانەکەی چەند لە رووی وەرگێڕانی وشە بە وشەوە ئەمین و دروستیش بێت، مەبەست ناپێکێت..

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم کە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم کە لە رۆژگار و سەردەمی ئەمرۆدا، پرۆسەی وەرگێڕان رێژەو لایەنێکی زۆر بەرز و گرینگی چالاکی و چەلەنگی رۆشنبیریی و ئەبستمۆلۆجی هەر میللەت و نەتەوەیەك پێکدێنێت، بە تایبەتی بۆ میللەتێکی پاشکەوتووی پاشخراوی وەکو ئێمەی کورد، کە لەو ئاستە زانستی و کەلتووری و زمانەوانییەدا نین کە بەخۆمان کایە جیاوازو بوارە هەمەجۆرەکانی ئەبستمۆلۆجیا بەرهەم بێنین و لە مەیدانی داهێنان و دانان و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا گوتاری نوێ و تازەمان هەبێت و گوتاری خەڵکی بە نیوەچڵی و نەبەکامی دووبارە و کاوێژ نەکەینەوەو بە بابەتی سواوەوە نەفشین و خۆمان با نەدەین..بۆیە بمانەوێ و نەمانەوی ناتوانین بەم زووانە دەسبەرداری پرۆسەی پاچڤە ببین، بە تایبەتی کە دەبینین لێشاوی بیرو هزرێن جوان و داهێنەرانە لە دنیادا لە چ هەستان و هەڵکشانێکی بێ پایاندایەو ئێمەش هێشتا لە دەستپێکی تەواوەتیشدا نین.. جا بۆ ئەوەی لە تاك دەنگی و لە جیهانبینی داخراو و تاکروانگەیی رزگاربببین، پێویستە بە شێوەیەکی زانستیانە وبەرنامەدار بیر لە دروستکردنی ژێرخانێکی فیکری و کەلتووری و شارستانی بکەینەوە، تا هەم وردە دەسکەوتە ئەبستمۆلۆجیەکانمان- ئەگەر هەمان

بێت- بپارێزین وهەم لێره بە دواوه هەنگاوی دروست بنەین و بێهووده بە دەوری خۆماندا نەخولێینەوەو لەوەی پتر لە کاروانی بیرو شارستانیەتی دنیا، لە کاروانی مێژووی تیرەی بەشەر دوا نەکەوین و لە کۆتاییدا رەنج بەخەسار دەرنەچین. پێموایە ئەمە گرینگترین ئەرکی چالاکیی کەلتووری و ئەبستمۆلۆجی و شارستانی ئێمەیە و، بەبێ پرۆسەیەکی پاچڤەوانی بەرنامەداری درێژخایەن و ستراتیژی نەتەوەیی نایەتە دی...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- گفتوگو با مترجمان/سیروس علی نژاد/تهران/اگاه ١٣٨٨

*- مترجمان(      )،خائنان(      )، متە بە خشخاش چند کتاب/حسن کامشاد/نشر نی/چاپ اول/١٣٨٦

*- کریم امامی/ از پست و بلند ترجمە/هفت مقالە/ چاپ دوم/ ١٣٧٥/ انتشارات نیلوفر

*- ترجمە کاوی/بهاالدین خرمشاهی/انتشارات ناهید/چاپ اول/ ١٣٩٠

*- خیانەتی حەڵاڵ/ حەمەکەریم عارف/ چ١/٢٠١٠/ لقی کەرکوکی نووسەرانی کورد/ زنجیره(١٠٦)

## پاچڤەو

## چەند وەڵامێکی بێ پرسیار

"١"

زمان وەکو ژیان، هەمیشە لە گۆڕاندایە بە دەم کاروانی گۆڕانکاریی ژیانەوە پەیڤ و زاراوەی لێ هەڵدەوەرێ و وشەو زاراوەو چەمك و مانای تازەی دێتە ناو، واتە لە حاڵی کاژەگۆڕکێ و خۆ تازەکردنەوەی بەردەوامدایە. بۆیە هەموو ئەوانەی سەرو کاریان دەگەڵ زمان و بەکارهێنانی زماندا هەیە، بۆ ئەوەی لە زاوزێی تازەی زمان غافڵ و بێ ئاگا نەبن، دەبێ بە بەردەوامی پەیگیری دیاردەو پرۆسەی نۆزایی زمان بکەن، نەخاسما پاچڤەوان..

**

هەڵبەتە دیقەت و وردی و ئەمینی، ڕوونی و ڕەوانی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زماندا، نەخاسما لە کاری پاچڤەدا، یەکێکە لە مەرجەکانی پاچڤەی باش. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ، بە ئاسانی ڕێ بە خۆی بدات، بە هەنجەت و بیانووی ڕوونی و ڕەوانی زمانی دووەمەوە لە دەقەکە دوور بکەوێتەوە، چونکە لە حاڵی دوورکەوتنەوە لە دەقەکە، جڵەوی پاراستنی شێوازی دەقەکەی لە دەست بەر دەبێت کە پاراستنی شێوازو ستایلی دەق یەکێکە لە مەرجەکانی پاچڤەی باش..هەڵبەتە وردی و دیقەت لە وەرگێڕاندا ئەگەر مەرجی پاچڤەی باش بێت، ئەوا سەبارەت بە دەقە سەخت و دژوارەکان یەجگار پێویست ترە، ئەگەرچی هەندێجار خوێنەری زمانی دووەمیش تا ڕادەیەك بتارێنێت. چونکە دەق تا دەق فەرق دەکات، هەندێ دەق هەن بە ڕادەیەك خۆش دێنە دەستەوە، لە زمانی دووەمدا وا دێنە بەرچاو کە لە بنەڕەتدا بە زمانی دووەم نووسرابن، دیارە هەموو دەقێك بەو شێوەیە خۆی بە وەرگێڕ ناسپێرێت و بەو ئاسانییە کەوی نابێت، بە تایبەتی دەقی شیعر و هۆزانان. ئەمەش بەو مانایە نییە کە نەکرێت بە موو لە دەقەکە لابدەیت، نەخێر..چونکە ئەگەر هەندێجار لەبەر خاتری ڕوونی و ڕەوانی و جوانی زمان، ناچاربین ئامرازێك، ئاوەڵناوێك یان ئاوەڵفرمانێك لابەرین نە کابە کەچ دەبێت و نە قیامەت ڕادەبێت و نە پردی

سیرات دەروخێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە گواستنەوەی ئۆتمۆسفیر و هاماج و شێوازو تۆنی دەقە ئۆرجینالەکە (ئەسڵەکە) فەرامۆش بکرێت.

وەرگێڕی باش و شایستە، دەبێت بەسەر هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا زاڵ بێت، خۆ ئەگەر چەند ساڵێك لە ناو ژینگەو ئەهلی زمانی یەکەمدا ژیا بێت و ئەزموونێکی هەبێت زۆر باشترە. لە زمانی دووەمدا، توانای نووسینی هەبێت، یانی بتوانێت ماناو چەمکە ئاڵۆز و گۆنگەکان بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان و سوار و بێ گرێ دەرببرێت. هەندێ وەرگێڕ ئەوە لە بیردەکەن کە ئامانجی یەکەمی وەرگێڕان، بەرقەرارکردنی پەیوەندییە دەگەڵ خوێنەرانی نەوعیدا. ئەگەر دەقی وەرگێڕدراو مەفهووم نەبێت، وەرگێڕ چەندیش هەوڵی دابێت بە ئەمانەتەوە دەقەکە وەربگێڕێت، هەر بە مەرامی خۆی نەگەییوە، کەواتە شارەزایی لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەم و بەهرەو توانای نووسەرایەتی لە مەرجە بنەرەتییەکانی پاچڤە و پاچڤەوانن. پاش ئەمە نۆرە دێتە سەر شارەزایی تەواو لەو بابەتەی کە دێتە وەرگێڕان، یانی بە کورتی و کرمانجی وەرگێڕی باش دەبێت وێناو تەسەورێکی زۆر ڕوون و ئاشکرای دەربارەی کاری پاچڤە هەبێت و کە دێتە سەر وەرگێڕانی کارێکی گەورە دەبێت ئەزموون و کارامەیی تەواوی هەبێت.. وێڕای هەمووئەمەش پڕ بە دڵ حەزی لە کاری وەرگێڕان بێت، بە ئەشقەوە مومارەسەی بکات، خۆ ئەگەر کەسێك حەزی لە کار ی وەرگێڕان نەبێت و تەنیا وەکو وەزیفەو بۆ سووکە دەسکەوتێکی دارایی و فشە ناوێك بیکات، زوو حەوسەڵەی دەچێت و کارەکەی وەکو جۆرە بێگارێکی لێدێ و بە پەلە پروزێ و بە شێوەیەکی جەڵەبی و بازاڕی لە کۆڵی دەکاتەوە. کاری وەرگێڕان، سەبر و حەوسەڵەی دەوێ نەك گاڵتە.

وەرگێڕ دەبێت کتێبێك هەڵبژێرێت کە بە ڕاستی حەزی لێبکات، بابەتی دڵخوازی خۆی بێت، چونکە بەلای کەمەوە دەبێ چەند مانگێك، ئەگەر نەگاتە چەند ساڵێك دەگەڵ ئەو کارەدا بژی، جا وای بە حاڵی ئەو کەسەی دوای دەست بەکاربوون، دەزانێت و تێدەگات کە ئەو کتێبە، بابەتی دڵخوازی وی نییە..

بە هەرحاڵ وەرگێڕانی بەرهەمێکی کاریگەر خۆی لە خۆیدا کارێکی ڕۆشنبیرییە و باش وەرگێڕانی بەرهەمەکە کارێکی هونەرییە. وەرگێڕانی باش و ئەمین دەکاتە خوڵقاندنەوەی ئەو بەرهەمە لە زمانی دووەمدا کە ئەمە خۆی لە خۆیدا هونەرە..جا وەرگێڕانی باش زیاتر لە پاچڤەوانانی پیشەیی دەوەشێتەوە ،یانی لەو کەسانە دەوشێتەوە کە وەرگێڕانیان کردبێت بە پیشەو ژیان و بژێوی خۆیان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دابین بکەن و هەموو ژیانی خۆیان بۆ وەرگێڕان تەرخان کردبێت ودەرامەتێکی ئەوتۆیان لەو ڕێگەیەوە بەدەست بێت کە پێویستیان بە هیچ کارو دەرامەتێکی دیکە نەبێت، یانی بە کارەکەی و بۆ کارەکەی بژی.. کە ئەمە مخابن لای مە نییە..

"٢"

وەرگێڕانی بەرهەمی خۆماڵی بۆ زمانانی بیانی، نەخاسما ئینگلیزی کە ئەمرۆکە لە زمانە هەرەباو وبڵاوەکانی دنیایە، کارێکی پێویست و بەجێیە، بەڵام ئەمە بەرنامەدارییەکی زۆر وردی گەرەکە.. بۆ نموونە بەرهەمی زۆر نووسەرو ئەدیب و هزرڤانی هەندێ لە میللەتانی دراوسێی مە کراون بە ئینگلیزی، بەڵام دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لە زمانی دووەمدا(ئینگلیزی) نەبووە، وەکو پێویست سەرنجی خوێنەرانی زمانی دووەمیان ڕانەکێشاوە. لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمانە یان لە بڵاڤۆکانی کەم تیراژی ئەدەبیدا بڵاو دەکرێنەوە یان لە لایەن وەشانکارانی بچووکی پەراوێزی بازاڕی وەشانکاریی ئەمریکا و ئەوروپاوە بڵاودەکرێنەوەو بەرهەمەکانیان لە سنوورێکی دیاریکراودا بڵاو دەکرێنەوەو لە بڵاڤۆکانی پڕتیراژدا نایەنە ناساندن و ناخرێنە بەر وردەبینی ڕەخنەو ڕەخنەکارییەوەو جەماوەرێکی کەمی کڕیاریان دەبێت ،ئەدی چارە؟ پێویستە دەوڵەت بە پێی بەرنامەیەکی ئەکتیڤ بودجەی تایبەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، واتە وەرگێڕانی بەرهەمی کەلتووری و ئەدەبی خۆماڵی بۆ زمانی ئینگلیزی و زمانانی دیکەی زندووی جیهان تەرخان بکات و بە زەبری پارەی باش پاچڤەوانانی زەبەردەست بۆ ئەو کارە هانبدات. دیارە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیش دەبێ بە کۆمپانیا و وەشانخانە گەورەو دەستڕۆ و بە ناوبانگەکانی دنیا بسپێردرێت ، تا لە مەودایەکی بەریندا بڵاوی بکەنەوەو

هەروەها لە کەناڵ و میدیا بە ناوبانگەکانی دنیادا بانگەشەی بۆ بکرێت و گەورە رەخنە گران پەیدا بکرێن و هەقدەستی باشیان بدرێتێ تا هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی، هەڵبەتە بەپێی بۆچونی خۆیان ، بۆ بکەن..دیارە بەرهەمی خۆماڵی لەلایەن کەسانی خۆ وڵاتی ئینگلیزی زانەوە بکرێت باشترە، چونکە ئەمجۆرە وەرگێرە بەلای کەمەوە باشتر دەرەقەتی کوردییەکە دێت..

هەڵبەتە هەر لە بواری پاچڤەدا وەکو ئەوزارێکی گفتو گۆ و دیالۆگی نێوان شارستانییەکان ،وەکو پێشتریش ئامازەمان کردێ پێویستە ئاوڕێکی جددی لە پاچڤەی بەرهەمێن فیکری و ئەدەبی خۆماڵی خۆمان بە مەبەستی خۆناساندن بە میللەتانی جیهان،  بۆ سەر زمانانی زندووی جیهان، بە تایبەتی ئینگلیزی کە ئەمرۆکە بە عەمەلی زمانێکی جیهانییە بدەینەوە..لەم حاڵەدا دەبێت باشترین بەرهەمی خۆماڵی بۆ پاچڤەکرن بێتە هەڵبژاردن و دیاریکرن، بەرهەمێك بێت کە رووی مەجلیسی فیکری و ئەدەبیی جیهانییان هەبێت.. ئەمە کێ بیکات ؟ لەسەر ئەرکی کێ بکرێت؟ دیارە دەبێت دەوڵەت و خەڵکانی دەوڵەمەندی نیشتمان پەروەرو..بە گوێرەی بەرنامەی تایبەتی ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ..لە پێش هەموو شتێکدا کۆمەڵێك بەرهەمی بە پێز ئامادە بکرێن، لە لایەن پاچڤەوانانی کارامە و شارەزاوە بێنە وەرگێڕان، خەڵکانی پسپۆڕ پێیاندا بچنەوە، گەیاندنی ئەو بەرهەمانە بە دەستی وەشانکارانی بە توانای خاوەن بازاڕی گەرم. ئەمە دەشێت لە ناوخۆی وڵاتدا بکرێت، بەڵام ئەمە مەبەست و ئامانجی سەرەکی ناپێکێت کە بریتییە لە ناساندنی بەرهەمی فیکری و ئەدەبی کوردی ( خۆماڵی) بە جەماوەری بەرینی خوێنەرانی ئینگلیزی زمان. بە هەرحاڵ مەسەلەی وەرگێڕانی بەرهەمێن فیکری و ئەدەبیی خۆماڵی بۆ زمانانی زندووی جیهانی، بە تایبەتی ئینگلیزی ، کە بە عەمەلی بووە بە زمانێکی جیهانی دەبێت بایەخی تایبەتی پێبدرێت و فەرامۆش نەکرێت...

بۆچی ئەو بەرهەمە کوردیانەی کە بۆ زمانانی بیانی، نەخاسما ئینگلیزی پاچڤە کراون، دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە؟ دیاە ئەمە لەلایەکەوە پەیوەندی بە خودی بەرهەمەکەو چۆنیەتی پاچڤەکردنەکەوە هەیە و لە

لایەکی دیبیەوە پەیوەندی بەو وەشانکار و وەشانخانانەوە هەیە کە ئەو بەرهەمانەیان چاپ و بڵاوکردووەتەوە..زۆربەی ئەو کەس و دامودەزگایانەی ئەم بەرهەمانانەیان بڵاوکردووەتەوە خەڵکانی کەم دەرامەت و دەزگای بچووك و کەم شۆرەتن، ئەوپەڕی هەزار نوسخەیەك لەو بەرهەمانە چاپ دەکەن، کە چاپیش دەبن پارەیان نییە تا بانگەشەو ریکلام بۆ ئەو کتێبانە بکەن، بۆیە لە بڵاڤۆکە پڕ تیراژەکاندا باس ناکرێن و تیشکیان ناخرێتە سەر و خوێندنەوەیان بۆ ناکرێت و دەنگدنەوەیان نابێت..لێ خۆشبەختانە تۆڕی ئینتەرنێت، تا ڕادەیەك ئەم بیانووەی بڕیوەو وەشانکارانی بچووکیش نها ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساوە کە کاڵای خۆیان لەم گەورەبازاڕە جیهانییەدا نمایش بکەن.جا بۆ ئەوەی لەم بنبەستە دەربازبین پێویستمان بە بودجە و بەرنامە هەیە، دەبێ بنکەیەکی ڕۆشنبیریی بێلایەن ئەرك و بەرپرسیارییەتی وەرگێڕانی بەرهەمی کوردی بۆ زمانانی زندووی جیهان، بە تایبەتی ئینگلیزی بگرێتە ئەستۆ و..جا دەشێت ئەو بنکە رۆشنبیرییە، ئەو بەرهەمە کوردیانە هەڵبژێرێت کە ڕووی مەجلیسیان هەبێت و هەر لێرەوە لە کوردستاندا، پاچڤە بکرێن ، تایپ و هەڵەبڕی و پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و پاشان لە هەندەران وەشانکار و وەشانخانان بدۆزرێنەوە بۆ بڵاوکردنەوەیان و بە خۆیشمان واتە بنکە ڕۆشنبیرییەکە بە هەماهەنگی دەگەڵ، بۆ نموونە وەزارەتی رۆشنبیریدا، بچنە ژێر باری ئەوەی کە کۆمەڵێك نوسخە لە کۆمپانیا یان بڵاوەخانەکەی ئەوروپا بکڕێتەوە و لە ناوخۆی وڵاتدا، بە پارە بێت یان بە نیوە قیمەت یان بە خۆڕایی بڵاوی بکەنەوە کە هەم جۆرە یارمەتییەك بێت بۆ وەشانخانەکەو هەم زەمینە خۆشکردن بێت بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکە. هەروەها ئامادەبین خەرجی ڕیکلام و بانگەشە بۆ کتێبەکە بکێشین. ئەگەر خۆت خزمەتی خۆت نەکەی، کەس ئامادە نییە بە خۆڕایی خزمەتت بکات..

"٣"

وەرگێڕی گەنج و تازە کوورە، بەر لەوەی کتێب بڵاو بکاتەوە پێویستە لە شتی سووك و بچووکەوە دەست پێبکات.بۆ نموونە وتار یان کورتە چیرۆك پاچڤە بکات و لە گۆڤار و رۆژنامە و بڵاڤۆکاندا بڵاوی بکاتەوە تا هەم

ئەزموونێك پەیدابکات و هەم بەرەبەرە بناسرێت.چونکە ئەگەر پێش ئەوەی بناسرێت ، یەکەم کتێبی بە دڵی خوێنەران نەبێت و هیچ بازارێکی نەبێت و دەنگ نەداتەوە و خوێنەر لێی تۆرا، بە ئاسانی دەگەڵی ئاشت نابێتەوەو پێشوازییەکی ئەوتۆ لە بەرهەمێن دواتریشی ناکرێت..بە تایبەتی ئەمرۆکە گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاڤۆکان ئەوەندە زۆر بووە لە هەرێمی کوردستاندا، نەخاسما ئەوانەی پارەیان نییە یان نایانەوێ پاداشتی باش و تەماحبزوێن بە پاچڤەوانانی زەبەر دەست و ناسراو بدەن، پێشوازی گەرم لە بەرهەمی ئەو خەڵکە تازە کوورانە دەکەن..هەڵبەتە هەر گەنجێك بە تەمای ئەوە بێت ببێ بە وەرگێڕی باش، پێتڤییە هەمیشە خۆی بە قوتابی بزانێت و تا مردن دەسبەرداری فێربوون نەبێت..و ناو بە ناو بەرهەمی پاچڤەوانانی باش و بە نێو بانگ دەگەڵ دەقە ئەسڵەکانیاندا بە راوورد بکات، کە ئەمە سوودێکی زۆری پێدەگەیەنێت و ئەزموونی کاری وەرگێڕانی لەلا دەوڵەمەند دەکات. بە کورتی و کرمانجی دەبێت پشوودرێژ بێت، کۆڵنەدەر بێت، ئاشقێنی دەگەڵ کارکەیدا بکات، پیشانی خەڵکانی لە خۆی شارەزاتر و بە تواناتری بدات، پرسیار بکات، پرساو دانابێت..بەرهەمێك یان کتێبێك هەڵبژێرێت کە دەگەڵ زەوق و سەلیقەو تەبیعەتی خۆیدا بگونجێت، وەکو چۆن مرۆڤ ناتوانێت هاورێتی هەموو کەسێك بکات و زیاتر کەسانێك هەڵدەبژێرێت کە لە ڕووی ئاکار و رەفتار و تەبیعەتەوە لێوەی نزیکن، دەگەڵی دەگونجێن، دەبێت بەو ئاوایەش کتێبێك هەڵبژێرێت کە پڕ بە پێستی زەوق و سەلیقەی خۆی بێت..

بە هەرحاڵ سەبارەت بە پاچڤەوانی تازە کوورەو تازەکار وەکو پێشتریش ئاماژەم کردێ پێویستە هەندێ قۆناغی سەرەتایی و ئاسان تەی بکەن، ئەوجا بێنە سەر کتێب و بەرهەمی گەورە..یانی لەو بەرهەمە سوکەڵانەوە دەست پێبکەن کە دەسەڵاتیان بەسەردا بشکێت..بەرهەمەکانیان لە گۆڤارو رۆژنامەندا بڵاوبکەنەوە، تا ناوێ پەیدا دەکەن و متمانەی جەماوەری خوێنەران بە دەست دێنن، نەك یەکسەری بە گژ ڕۆمان و کتێبانی گەورەدا بچن و کاتێ کتێبەکانیان دەکەوێتە بازاڕەوە کەس لە هیچ شوێنێکدا ناوی نەدیتبن و نەبیستبن.. مخابن ئەو وەرگێڕانەی قۆناغە سەرەتاییەکان نابڕن، یەکسەری پەلاماری کاری گەورە دەدەن، زۆربەی زۆریان کارەکانیان لاواز و ناپوختەن و کاتێ خوێنەر بە هۆی شۆرەتی جیهانی نووسەرانی ئەسڵی ئەو

کتێبانەوە، بەپیری پاچڤەکانیانەوە دەچن دووچاری نائومێدی دەبن و نەك هەر نەفرەت لە وەرگێڕەکە دەکەن، بەڵکو نووسەرە ئەسڵەکەشیان لەبەرچاو دەکەوێت..

"٤"

هەڵبەتە هیچ وەرگێڕانێك، چەندیش پوختەو وردو ئەمین بێت ناکاتە ئەسڵی دەقەکە. چونکە دەقە وەرگێڕدراوەکە، خوڵقاندنەوەی ئەسڵەکەیە لە زمانی دووەمدا، وەکو چۆن دوو بەشەری سەدی سەد چوونیەك لە دنیادا نییە، با جمکانەش بن، بەو ئاوایە دوو زمانیش لە دنیادا نییە کە لە یەك ئاستی توانای دەربڕین و گوزارشتدا بن، دوو وشەی چوونیەك نییە لە هەمان ئاستی گوزارشتدا بن، واتە هیچ پاچڤەیەك لە ئەسڵەکەی باشتر نابێت. یانی بەم پێودانگە پاچڤەی ئایدیال، ئەوەیە کە یەکەم: لە زمانی ئەسڵی دەقەکەوە هاتبێتە وەرگێڕان، نەك لە وەرگێڕدراوی دووەم و سێیەمەوە..دووەم: بەگوێرەی توانا وردو ئەمین و هاوتای دەقە ئەسڵەکە بێت و لە هەمان کاتدا ڕوون و ڕەوان و مەفهووم بێت..سێیەم: زمانی وەرگێڕانەکە، لە ڕووی تانوپۆو داڕشتنەوە کوردی بێت..چوارەم: وەرگێڕانەکە وەرگێڕانێکی میکانیکی مردوو نەبێت، واتە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بە زمانی کوردی،( واتە بە زمانی دووەم، لە حاڵێکا ئەگەر وەرگێڕانەکە بۆ کوردی نەبێت) بیربکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوازێکی زندووتر و تەڕو پاراوتر دەقەکە لە زمانی دووەمدا بئافەرێنێتەوە..پێنجەم: هەڵبژاردنی زمانی گونجاو، یانی وەرگێڕی جددی دەبێت بەر لە هەر شتێك زمانی دەقە ئەسڵەکە بۆ خۆی کەشف بکات تا بتوانێت لە زمانی دووەمدا بە گونجاوترین هاوتای زمانی یەکەم، دەقەکە دابڕێژێتەوە. بۆ نموونە زمانی وتارێك تەواو تەنزامێز بێت، وەرگێڕ بیگۆڕێت بە زمانێکی زۆر جددی، لەم حاڵەدا دەشێت وەرگێڕانەکە وەکو نێوەرۆك بێ هەڵە وپەڵە بێت، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، چونکە شێواز و تۆنی دەقەکە، کە لە خودی دەقەکە نایەتە جیابوونەوە، نەك هەر ڕەچاونەکراوە، بەڵکو گۆڕدراویشە کە ئەمە کارێکی نەکردەنییە. یانی وەرگێڕ لەسەرێتی بە نێو وشەو دەستەواژەێن زمانی دووەم بکەوێت و گونجاوترین و نزیکترین هاوتای زمانی یەکەم هەڵبژێرێت بۆ گواستنەوەو خوڵقاندنەوەی دەقەکە.

هەڵبەتە هیچ پاچڤەوانێك چەند بە تواناو لێهاتوو وكارامەش بێت، وەرگێڕێكی ئایدیال نییەو، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆیشی هەیە. بۆ نموونە ئەوانەی زمانی یەكەم زۆر باش دەزانن، بە زۆری لە زمانی دووەمدا ئەو توانایەیان نییە. هەندێ لە باشترین پاچڤەوانان، كە لە هەردوو زمانی یەكەم و دووەمدا مەلەوانی تەواون، لەوانەیە زەوق و سەلیقەی پێویستیان نەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ، حیساب لەسەر كولیەتی كارەكە دەكرێت و زۆر ئاساییە ئەگەر لەبەر خاتری ڕوونی و ڕەوانی و سواری زمانی پاچڤەكە، ئاوەڵناوێك لێرە یان ئاوەڵفرمانێك لەوێندەر بپەرێنرێ..یان پەندێكی پێشینان لەبری دەستەواژە یان ڕستەیەك دابنرێت..گرینگ ئەوەیە دەقە وەرگێڕدراوەكە وەكو یەكەیەكی یەكپارچە، هاوتایەكی زۆر نزیكی دەقە ئەسڵەكە بێت و بە زمانێكی ڕوون و ڕەوان و مەفهووم و لە زمانی دووەمدا خوڵقێنرابێتەوەو هاونەواییەكی تەواو لە نێوان هەردوو دەقەكەدا هەبێت و تۆن و شێوازی نووسەری یەكەم لە سنوورو چوارچێوەی پاچڤەیەكی سەركەوتوودا، لە زمانی دووەمدا پارێزرابێت..

"٥"

دیاردەی دووبارە پاچڤەكردنەوەی یەك بەرهەم، بە ڕێژەی جیاواز لە نێو بزوتنەوەی پاچڤەوانی هەموو میللەتانی دنیادا هەیە ..بەندە پێموایە یەك پاچڤەی باش ،باشترە لەوەی هەمان بەرهەم چەند جارێك و لە لایەن چەند كەسێكەوە، لە هامان كات و سەردەمدا پاچڤە بكرێتەوە. چونكە هەم وەختەكە بە فیرۆ دەڕوات، هەم ئەو پارەو پوولەی تیای خەرج دەكرێت بە خەسار دەچێت، وهەم ڕێژەی فرۆشی هەموو پاچڤەكان دێتە خوارەوە. واتە كارێكی نێگەتیف لە بازاڕی كتێبان دەكات، پێویستە دامودەزگاو وەشانخانەكان خۆیان لەم كاری دووبارەكردنەوەیە بپارێزن، ڕۆشنبیران و وەرگێڕان، لە جیاتی دووبارەكردنەوەی كتێبێك، بچن كتێێكی دی وەربگێڕن.. بە تایبەتی كتێبێك ئەگەر لە زمانی ئەسڵەوەو سەركەوتووانە وەرگێڕدرابێت، با لە جیاتی دووبارە وەرگێڕانەوەی، چاپی دووەم و سێیەم بكرێتەوە، ئەگەر بازاڕ بخوازێت و بازاڕ هەڵبگرێت..كەواتە وەرگێڕانی دووبارەو سێ بارەی یەك كتێب لە لایەن چەند كەسێكەوە، كارێكی زۆر

خراپە، بە تایبەتی ئەگەر وەرگێڕانی یەکەم ، پوختە و باش و سەرکەوتوو بێت و عەیبی جەوهەری نەبێت و ماوەیەکی زۆر بەسەر وەرگێڕانی یەکەمدا نەڕۆیی بێت و وەرگێڕی یەکەم لە ژیاندا بێت و رێگە بدات چاپی دووەم و سێیەم بکرێتەوە.. هەقە وەرگێڕی دووەمی هەمان کتێب وەختی خۆی بۆ وەرگێڕانی کتێبێکی دی تەرخان بکات، چونکە بەم کارە خزمەتێکی زیاتری کتێبخانەی کوردی دەکات، کتێبێکی تازە دەخاتە کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو پارەیەی چ لەلایەن خودی وەرگێڕەوە یان وەشانخانەیەکەوە بۆ کارێکی دووبارە تەرخان دەکرێت، بۆ کارێکی تازە تەرخان بکرێت باشترە. ئەمە جگە لەوەی لە مەسەلەی بازاڕ و فرۆشیشدا دەبێت بە هەڤڕکی پاچڤەی یەکەم و ئاستی فرۆختی پاچڤەی یەکەم، کە رەنگە لە هی دووەمیش ئەمینترو باشتر بێت، دێنێتە خوارێ و زۆر شتی تریش،بۆیە هەقە هەم وەرگێڕەکان و هەم دەزگاچاپ و پەخشەکان ئەم لایەنانە بە هەند بگرن و تا دەتوانن خۆیان لە کاری دووبارە دوور بگرن، بە تایبەتی کە بازاڕی فرۆختی کتێبی کوردی زۆر کەسادەو کتێبخانەی کوردیش ئەوەندە پڕو دەوڵەمەند نییە کە پێویستی بەو دووبارەکارییە ببێت. جا لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ ڕا، وەشانخانەکان لەسەریانە چلۆنایەتی کتێبە وەرگێڕدراوەکان بە هەند بگرن و هەر نەبێت بۆ قەدرو ئیحتوباری خۆیان کتێبی خراپ و پاچڤەی خراپ نەخەنە بازاڕەوەو تەنیا بازاڕو قازانجی مادییان لەبەرچاو نەبێت. کاتێ کە دەیانەوێ پاچڤەیەك چاپ و بڵاوبکەنەوە، بیدەن بە کەسێك یان لیژنەیەکی پسپۆڕ و کارامەو کارزان تا لە مەحەکی بدەن، ئەگەر لە مەحەك دەرنەچوو، هەنگێ بە کەسێکی کارامە و پسپۆڕی بسپێرن تا پێیدا بچێتەوە، ئەگەر هەر بەکەڵك نەهات ئەوسا بیدەنەوە بە وەرگێڕەکەو وەك دەڵێن ماڵی قەڵب سەری ساحێبی..یانی نابێت هیچ دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوە، بەهۆی پاچڤەی لاوازەوە، ئیدی هی هەر کەسێك دەبوو، ناو وناوبانگی باشی خۆی بزڕێنێت و قەدرو ئیحتوباری خۆی لەکەدار بکات و خوێنەرانی خۆی بتۆرێنێ.. زۆرجار ئەو کتێبانە دووبارەو سێبارە پاچڤە دەکرێنەوە کە بازاڕیان هەیە. جارێ ئەم کارە جگە لەو هەموو وەختەی لە دوو ورگێڕ یان زیاتری بردووە، پارەیەکی زۆریشی تێچووە،بۆیە بوونی یەك پاچڤەی باش لە

بازاردا(با چاپ بكرێتەوە) زۆر باشترە لە دوو سێ پاچڤەی جەڵەبی و بازاڕی...پێویستە دەزگاكان ئاگایان لە كاری یەكتر هەبێت و هەوڵبدەن پاچڤە باشەكان پاچڤە نەكرێنەوە بەڵكو چاپ بكرێنەوە..دەبێ جگە لە قازانج و بازار گەرمی نەوعیەتی بزووتنەوە پاچڤەوانییەكەش لە بەرچاو بگرن..هەڵبەتە هەموو بازاڕ گەرمییەكیش نیشانەی سەركەوتن و باشی كارەكە نییە..ئاستی خوێنەواری و هۆشنی و جددیەتی خوێنەریش بۆی هەیە..پاچڤەی دووبارەو سێ بارە جگە لەو نەرێنیانەی پێشتر ئاماژەمان كردنێ دەكاتە كارێك كە خوێنەریش جۆرە گومانێكی لەلا پەیدا ببێت و تا ڕادەیەك لە خوێندنەوە برەوێتەوە، بۆیە پاچڤەیەكی باش و پوختەو ورد و ئەمین لە لایەن وەرگێڕێكی كارامەو لێهاتوو وئەزموونداروەوە،لە هەموو ئەو ڕووانەوە كە باسمان كرد باشتر و پەسندترە، وەرگێڕێك كە توانیبێتی زمانێكی لەبارو گونجا و وهاوتەرازی دەقەكە بدۆزێتەوەو تۆن و شێوازی دەقەكەی گواستبێتەوە، جۆرە هاونەواییەكی لە نێوان هەردوو زمانی یەكەم و دووەمی دەقەكە دابین كردبێت، ڕەنگو بۆی دەقەكە لە زمانی دووەمدا زۆر كاڵ نەبووبێتەوە، ئیدی بۆچی یەكێكی دی بێت وەختی خۆی بە پاچڤەی هەمان دەقەوە بە هەدەر بدات، خۆ چی زۆرە دەقی باش و زندوو زۆرە..

"٦"

هیچ شتێك لە سەرووی رەخنەوە نییە، هەڵبەتە بزووتنەوەی پاچڤەوانییش وەكو هەر دیاردەیەكی دیكەی رۆشنبیریی لە رەخنە ناخەلەسێت. كەواتە رەخنەو رەخنەگر دەتوانن دەوری زۆر ئەرێنی لە بژارو تەتەڵەی بزوتنەوەی پاچڤەوانیدا بگێڕن، رەواج و خوێنەری جددی بۆ پاچڤەی باش پەیدابكەن و ڕەونەق و بازاڕی پاچڤەی خراپ بشكێنن وببن بە دەسەڵاتێكی چاودێری مەعنەوی هەم بەسەر وەشانخانەكانەوەو هەم بەسەر خودی وەرگێڕەكانەوە و هەم رێنوێنی ئەمەكداری خوێنەران بن. هەڵبەتە پێویستە وەرگێڕەكانیش، خۆیان پەروەردە بكەن و كە دەچنە ژێرباری وەرگێڕان، وردی و ئەمانەتداری و مەرجە بنەرەتییەكانی كاری وەرگێڕان رەچاوبكەن و خۆیان ببن بە چاودێری خۆیان و بە پاچڤەی كاڵوكرچ قاییل نەبن. چونكە كە خوێنەر لە یەكەم بەرهەمیان تۆرا، بە ئاسانی ئاشت نابێتەوە..س

جا هەر سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی چلۆنایەتی کاری پاچڤە، هەقە ساڵانە پێشبڕکێی باشترین کتێبی پاچڤە کراوی بوارێن ئەدەبی و فیکری بێتە کرن و پاچڤەوانانی باش وبراوە، خەڵات بکرێن و رێزیان لێبنرێت. هەڵبەتە لەم جۆرە پێشبڕکێیانەدا، دەبێت لیژنەیەکی کارامە و لێزان و پسپۆڕ و خەمخۆری بزووتنەوەی رۆشنبیریی کارەکان هەڵسەنگێنێ و لە مەحەکی رەخنەی بدەن، دیارە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا دەکاتە تەتەڵە و بژارکردنی بزووتنەوە پاچڤەوانییەکە لە کارێن لاوازو بەپەلەی وەرگێڕەکان..بێگومان کاری پاچڤە بۆ میللەتانی بندەستی پاشکەوتووی پاشخراوی وەکو ئێمە نەك هەر ڕۆڵێکی گەورە لە زەنگین کردن و رەنگێنکردن و گەشاندنەوەی بزاڤی ڕۆشنبیرییدا دەبینێت، بەڵکو زەمینە بۆ هەڵکەوتنی رۆشنبیر و نووسەری گەورەو تەقاندنەوەی بەهرەو توانا و مشت و ماڵدانی زەوق و سەلیقە خۆماڵییەکانیش خۆشدەکات..چونکە بەرهەمی ناوازە بە زەبری گەورەیی و ڕەسەنایەتی خۆی لە لایەکەوە دەبێتە جێگەی سەرنج و لاسایی کردنەوەو لە لایەکی دیکەوە خوێنەرانی جددی لە خۆی خڕ دەکاتەوە، کە خوێنەرانیش خوویان بە بەرهەمی ناوازەوە گرت و دەگەڵی ڕاهاتن، ئیدی ڕوو لە بەرهەمی جەڵەبی و بازاڕی ناکەن و ئیدی بەرهەمی کاڵوکرچ لە باو دەکەوێت و دەکەوێتە پەراوێزەوە و هەڤڕکی بەرهەمی ناوازەی پێناکرێت و کەس زات ناکات بەرهەمی کاڵو کرچ بە نرخی بەرهەمی ناوازە بە خوێنەری جددی بفرۆشێت..

هەروەها رەنگە هەبوونی سەندیکایەکی هاوچەرخ و تایبەت بە پاچڤەوانان بتوانێت رۆڵی ئەرێنی لە رێکخستن و بەرێوەبردن و ئاراستەکردنی بزاڤی وەرگێڕان و پاراستنی مافی وەرگێڕەکان و میانچیاتی لە نێوان پاچڤەوان و دەزگا فەرمییە پەیوەندداەرەکان و وەشانخانە فەرمی و ئەهلییەکاندا بدینێت و بزاڤی وەرگێڕان لە پاشاگەردانی، هەندێك دووربخاتەوە.

رەخنە لەلای ئێمە تا نها لە غەرەزو مەبەستی شەخسی یان ئایدۆلۆژی و حیزبی!! بەدەر نەبووە. واتە لە حەزو ڕقی شەخسی بەدەر نەبووە، ئەوەندەی مامەڵە لە تەك خودی نووسەر یان وەرگێڕ کراوە ئەوەندە مامەڵە لە تەك خودی دەقەکە نەکراوە، لە کاتێکا مەرجی یەکەمی رەخنەو

هەڵسەنگاندن و داوەریی ئەوەیە لە خۆشەویستی و ڕقی شەخسی بە دوور بێت و ڕەخنەگر بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ خودی دەقەکەدا بکات، چونکە تەنیا دەق بابەتی ڕەخنەیە.

دیارە سەبارەت بە پاچڤە، دەبێ رەخنەگر بە خۆیشی وەرگێڕ بێت، وەرگێڕێکی کارامە و بە ئەزموون، بتوانێت ئەسڵی کتێبە پاچڤەکراوەکە بخوێنێتەوەو بە بابەت و نێوەرۆکی کتێبەکەش نامۆ نەبێت و وەختی ئەوەی هەبێت پاچڤەکە لە مەحەکی رەخنە بدات. بۆیە رەخنەی کەسێك قەبووڵە کە هەموو مەرجێکی رەخنەگری بێلایەنی تێدا بێت. هەر رەخنەیەك ئەگەر لەبەر رۆشنایی بەراوردی پاچڤەکراوەکە دەگەڵ ئەسڵەکەدا نەبێت دەکاتە جۆرە شەڕفرۆشتنێکی ناڕەواو ناوزڕاندنی وەرگێڕەکە. هەروەها رەخنە دەبێت بە زمانێکی نەرم و جوان و ڕوون و ڕەوان و دوور لە هەر تەوس و توانجێك بێتە نووسین. چونکە وەرگێڕ هەوڵێکەو داویەتی، گریمان لە هەوڵەکەیدا ناکام بووەو سەرکەوتنی بە دەست نە هێناوە، ئەمە رێگە بە رەخنەگر نادات سەنگەساری بکات. بۆ نموونە ئەگەر وەرگێڕ، لە پاچڤەکەی خۆیدا هەڵەی نەکردبێت و گلەیی لەسەر ئەوە بێت بۆ فلان وشەی بەکارهێناوەو فیسار وشەی بەکاربردووە، ئەمە پەیوەندی بە زەوق و سەلیقەو شێوازی داڕشتنی وەرگێڕەکەوە هەیە و رەخنەگر بۆی نییە بیانووی لێبگرێت و ئەوەی لێبکات بە عەیبێکی گەورەی کوفر ئامێزو لە بەخشین نەهاتوو.. ڕەخنەگر دەبێت بە بەڵگەوە قسە بکات و بۆ پشتیوانی قسەکانی نموونە لە سەرچاوانی باوەڕپێکراوەوە دەربێنێت، نەك قسان لە گیرفانی خۆی دەربێنێت. واتە رەخنە دەبێت لە ڕق و حەزی شەخسی بە دوور بێت و زادەی بوغز و کۆنە قین و تۆڵە ئەستاندنەوە و ناوزڕاندن نەبێت، ئەم خاڵە هەم لە رووی ئەخلاقی و هەم لە ڕووی یاساییەوە گرینگە. یانی رەخنەکە دەبێت ئەوەندە پڕ ڕێز و سەنگین و هاوسەنگ بێت کە بشێت لە هەردوو ڕووی ئەخلاقی و یاساییەوە داکۆکی لێبکرێت. خۆ ئەگەر بکرێت دەقی رەخنەکە بەر لە بڵاوکردنەوەی نیشانی وەرگێڕ بدرێت دەها باشتر، ئەگەر رەخنەگرەکەش ئەمەی نەکرد، هەقە ئەو گۆڤارو بڵاڤۆکەی ڕەخنەکەی بۆ دەچێت، ئەگەر بۆی بکرێت، ئەو کارە بکات، تا هەم رەخنەکە و هەم وەڵامی رەخنەکە لە هەمان ژمارەی خۆیدا بڵاوبکاتەوە. کە بەم کارە هەم بابەتێکی

زندووتر دەخاتە بەردەستی خوێنەران و هەم پرەنسیپە ئەخلاقی و یاساییەکەش دەپارێزێت.. هەروەها بەکارهێنانی ناوی خوازراو لە مەیدانی رەخنەدا مایەی گومانە..سەبارەت بە گۆڤار و بڵاڤۆکان هەق نییە رێگەی بڵاوکردنەوەی رەخنە بە ناوی خوازراوەوە بدەن. خۆ ئەگەر رێگەشیان دا، دەبێت بەلای کەمەوە ناوە ڕاستەقینەکە لەلای خۆیان هەبێت، تا ئەگەر مەسئوولییەتێکی ئەخلاقی یان یاسایی بەرۆکی گرتن بتوانن بەرگری لە خۆ بکەن. هەڵبەتە هەقە ناوە ڕاستەقینەکە، بۆ کەسە رەخنە لێگیراوەکەش ئاشکرا بکەن، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی رەخنەگر بە مەسئوولیەتێکی زیاترەوە ڕەخنە بنووسێت و وانەزانێت سەری دنیا بە پۆش گیراوەو دەتوانێت خۆی لە پەنای ناوی خوازراوەوە، ئیدی بە هەر نیازو مەبەستێك بێت بشارێتەوە..

"٧"

وەرگێڕ، نەخاسما وەرگێڕی ئەدەبی وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ دەبێ دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەدوو زمانی یەکەم و دووەمدا بشکێت و لە زمانی یەکەمدا مەلەوان بێت و لە زمانی دووەمدا مەلەوانتر بێت. خۆ ئەگەر چەند ساڵێك لە ژینگەی زمانی یەکەمدا ژیا بێت زۆر باشترە.. دەبێ دۆستایەتییەکی نزیکی دەگەڵ ئەدەبیاتدا هەبێت، خۆ ئەگەر بە خۆی ئەدیب بێت یان بەهرەی ئەدەبی هەبێت زۆر باشترە. دەبێت ئاشنای شیعر و ئەدەبیاتی سەر بە هەردوو زمانی یەکەم و دووەم بێت. بەلای کەمەوە وەکو خۆ جەڕباندن ئەزموونی پاچڤەکردنی یەك دوو کتێبانی هەبێت.

دیارە وەرگێڕ دەبێت خۆی نەك هەر دەرەقەتی وەرگێڕانی دەقەکەی بەردەستی بێت، بەڵکو دەبێت توانای هەڵسەنگاندنی کارەکەی خۆیشی هەبێت. واتە وەرگێڕ دەبێت یەکەمین چاودێری خۆی بێت. چونکە وەرگێڕانی ئەدەبی، تەنیا گوێزانەوەی میکانیکی وشەو زاراوەکانی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم نییە.وەرگێڕان لێرەدا هەم هەڵوەشاندنەوەیە وهەم لێکدانە. لە زمانی یەکەمدا هەر هەموو رەگەزەپێکهێنەرەکانی دەق هەڵدەوەشێنیتەوە و زۆر بە دیقەت و وریایی و هونەرمەندانە لە زمانی دووەمدا دەیاندەیتەوە دەم یەك، یان لێکیان دەدەیتەوەو دەقی یەکەم بە گوێرەی دەستوور و

تایبەتمەندییەکانی زمانی دووەم دەخولقێنیتەوە. پاچڤەوان دێت پاچڤەکەی خۆی دووبارە دەخوێنێتەوە تا بزانێت وەرگێڕانەکەی چۆن لەلای خوێنەری زمانی دووەم دەکەوێتەوە ئایا تۆنی گوتیار لە وەرگێڕانەکەدا دەشوبهێتە سەر تۆنی گوتیار لە زمانی یەکەمدا؟ ئایا شێوازی بەرهەمەکە پارێزراوە؟ ئایا رۆحی بەرهەمەکە بۆ زمانی دووەم گوێزراوەتەوە؟ هاماجی دەقەکە پارێزراوە؟ جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکیش بۆ ناونیشان و پەند و قسەی نەستەقیش بکرێت..دیارە ناونیشانی کتێب دوای وەرگێڕان دەبێت بە ڕادەیەك جوان و دڵگیرو بازاڕ پەسند بێت، کە هەم بەدڵی وەشانکار بێت و هەم مایەی سەرنجی خوێنەران بێت. ڕەنگە ئەمە جۆرە ئازادییەك بە وەرگێڕ بدات کە دەستکاری ناونیشان بکات، بەڵام دەبێت وەکو تێبینییەك ئاماژە بۆ ناونیشانی تەواوەتی بابەتەکە بکرێت و بۆ نموونە لە لاپەڕە دووی کتێبەکەدا بێتە وەرگێڕان..

پەند و قسەی نەستەق و ئیدیۆم و هەندێ دەستەواژەی باو یەکێکە لە گرفتە دژوارەکانی پرۆسەی وەرگێڕان. وەرگێڕ تیا دەمێنێت کە ئاخۆ وشە بە وشە و موو بە موو وەری بگێڕێت؟ یان هاوتاو هاومانایان لە زمانی دووەمدا بۆ بدۆزێتەوەو پەیدابکات ؟ لەم حاڵەتەدا ئەگەر هاوتاو هاومانایان لە زمانی دووەمدا پەیدا نەبوو ونەدۆزرایەوە، دەشێت وەکو چارەسەرێکی ناچاری پەنا وەبەرپاچڤەی وشە بە وشە و موو بە موو ببرێت، بەڵام دەبێت لە پەراوێزدا ئەوە روون بکرێتەوە کە ئەو ڕستەیە لە زمانی یەکەمدا پەند، قسەی نەستەق، یان ئیدیۆمە و لەبەر ئەوەی لە زمانی دووەمدا هاوتاکەی پەیدا نەبووە، بۆیە لە ڕووی ئەمانەتداریەوە، پاچڤەی وشە بە وشە کراوە.. جا ئەم کێشەیە زیاتر لەو دوو زمانەدا دەردەکەوێت کە سەر بە یەك خێزانە زمان نین و پەندی لێکچوویان یان هاو واتای هاوبەشیان یەجگار کەمە..

"٨"

وەرگێڕانی هاوبەش: ڕەنگە چەند رێگەیەك هەبێت بۆ وەرگێڕانی هاوبەش لەوانە: کتێبێك لە نێوان دوو کەسدا برابەش دابەش بکرێت و هەرکەسەو کار لەسەر بەشەکەی خۆی بکات و پاشان هەردوو بەشەکە بدرێنە دەم یەکەوەو هەر وەرگێڕە بۆ خۆی لە ئاوازێك بخوێنێت، نە شێوەی

وەرگێڕانەکە، نە چۆنیەتی داڕشتنەکە و نە کردنەوەی ڕاز و ڕەمزەکانی دەقەکە تێك بکەنەوە، دیارە  ئەمە خراترین جۆری وەرگێڕانە، ڕەنگە تەنیا لەو ڕووەوە باش بێت کە کارەکە زووتر ئەنجام دەدرێت.

جۆرێکی دیکەی وەرگێڕانی هاوبەش ئەوەیە کە دوو وەرگێڕی هاوتا، لە ڕووی تواناو شێواز و زەبەردەستییەوە بێنیت و پێداچوونەوەکارێکی کارامە و پڕ ئەزموونیان بە گەڵ بخەیت و بە سێ قۆڵی وەکو یەك تیمی هاوئاهەنگ کاربکەن، دەربارەی مێتۆدی کارکردنەکەیان راوێژ و تەگبیران بکەن ، لەسەر چۆنییەتی وردەکاریی کارەکەیان ڕێکبکەون و کە تەواو بوون، بدرێتە دەست پێداچوونەوەکارەکە تا بە جۆرێك بە کارەکەی هەردوو وەرگێڕەکەدا بچێتەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو لێکدییان نزیك بکاتەوە.

جۆرە وەرگێڕانێکی دیکەی هاوبەش ئەوەیە وەرگێڕێکی بە توانا وکارامەو پڕ ئەزموون، دەگەڵ وەرگێڕێکی تازەکار و تازە کوورەدا دەست بدەنە کارێکی هاوبەش، لە پێشدا وەرگێڕە تازە کارەکە بەرهەمەکە پاچڤە بکات و پاشان وەرگێڕە کارامەکە، هەم پێیدا بچێتەوەو هەم ئەو پەرەگرافانەی کە باش وەرنەگێڕدراون یان هەڵەیان تێدایە سەر لە نوێ وەربگێڕێتەوەو دای بڕێژێتەوە..

جۆرە وەرگێڕانێکی دیکەی هاوبەش ئەوەیە کە هەردوو وەرگێڕ پێکەوە دانیشن و بەرهەمەکە لە ئەلفی تا یائی، لە سیری تا پیازی، پێکڤە و بە راوێژ و تەگبیرو ڕەزامەندی یەکدی وەربگێڕن یان هەرکەسەیان بەشەکەی خۆی بە جیا وەربگێڕێت و پاشان هەرکەسەیان بە وردی بەکارەکەی ئەویتردا بچێتەوەو پاشان هەردوو بەشەکە بدەنە دەم یەکەوە، دیارە لەم حاڵەتەدا دەبێت هەردوو وەرگێڕ دەگەڵ یەکدا زۆر سازگار بن و شێوەی کارکردنیان زۆر لێکدی نزیك بێت و وەختێکی باشیشیان هەبێت و پەلەیان نەبێت...

وەرگێڕانی ئازاد، نەك هەر پەیوەندی سفتی دەگەڵ دەقەکەدا نابێت، بگرە زۆر جار وەرگێڕ دەسکاری تەواوی دەقەکە دەکات، لێی زیاد و کەم دەکات ، تەنانەت حەقیقەتەکانیش دەگۆڕێت ،دیارە وەرگێڕ دەبێت خۆی لەو جۆرە وەرگێڕان و پاچڤەیە بپارێزێت..یانی لە پاچڤەی ئازادا پەیامی دەقەکە

گرینگە نەك وشەو زمان و دارشتن ، ئامانج و مەبەستی پاچڤەکە، گوێزانەوەی مانایە بە شێوازێکی تایبەتی. دیارە پاچڤەی ئازاد بۆ بەڵگەنامەو قەواڵە و دیکۆمێنتان و دەقێن ئاینی نابێت. یانی لەم حاڵەدا پاچڤەی باش ئەوەیە کە نە تەواو ئازاد بێت و نە وشە بە وشە بێ ، لە هەمان کاتدا ڕوون و ڕەوان و مەفهوومیش بێت..ئیدی وەرگێڕان دەریایە، دەریایەکی بێ بن..مەلەوانی خۆی دەوێت...

"٩"

لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١وە لە هەرێمی کوردستاندا، جۆرە ئازادییەکی هەڕەمەکی بەرپابوو. بازاڕی سیاسەت بڕێك گەرم بوو، حیزبان پەیدا بوون و کەوتنە چالاکی و کەونە حیزبان ژیانەوەو بوژانەوە، دوا بە دوای ئەمە بازاڕی بڵاوکردنەوەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاڤۆك و تەلەفزیۆن و سەتەلایت ، بە شێوەیەکی بێ پێشینە گەرم بوو. بەرەبەرە بڵاوکردنەوەو چاپکردنی کتێبان مۆدی پەیدا کرد. دام و دەزگای چاپ و پەخش دامەزرا، لەوانە دەزگای موکریانی، ئاراس، سەردەم ، خانەی وەرگێڕان، ڕۆمان و چیرۆك و کتێبێن دی بڵاوبوونەوە، وەرگێڕان و پاچڤە، بە تایبەتی هی ئەدەبیات بەرەبەرە رەواجی پەیدا کرد. زۆر ڕۆمانی جیهانی هاتنە چاپ و بڵاوکردنەوە و کاری رۆژنامەوانی، بە تایبەتی رۆژنامەوانی حیزبی و سیاسی لە ڕادەبەدەر پەرەی سەند و گەشەی کرد..

هەڵبەتە دەزگا فەرمییەکان، کە زیاتر حیزب یان حکومەتیان لە پشتە، زۆر نیگەرانی فرۆشی بەرهەمەکانیان نین..بۆیە پێویستە دەست لەسەر بڵاوکردنەوەی کتێبانی باش دابگرن و چلۆنایەتی باڵایان بەلاوە گرینگ بێت و هەقدەستی باش بە نووسەران و وەرگێڕەکان بدەن و زیاتر بە دووی کتێبی باش و نووسەر و وەرگێڕی باشدا بگەڕێن و هەوڵ بدەن بەرنامەی بڵاوکردنەوەیان هەبێت و ئەو کتێب و دەقە بیانیانە وەربگێڕن کە رۆڵی پێشرەوانەیان هەیە و خێرایی بە بزاڤی رۆشنبیریی و ئەدەبی و زانستی خۆماڵی دەبەخشن، نەك بە گوێرەی رێکەوتان و خوابەختەکی کتێبان چاپ بکەن.. دەقە وەرگێڕدراوەکان هەڵبسەنگێنن وپێداچوونەوەیان بۆ بکەن و ناسنامەیەکی رۆشنبیریی ئەوتۆ بۆ خۆیان پەیدا بکەن کە ببنە جێگەی

متمانەی خوێنەران و ناوەندە رۆشنبیرییەکەو مۆر و ئارمی ئەوان بە هەر کتێبێکەوە بێت، بۆی ببێت بە پەساپۆرت و گوزەرنامە و شایەتی و گەواهی بۆ باشی کتێبەکە. ئەمەش بەوە دێتە دی بڵاوکراوەکانیان هەڵبژاردە بێت، پشت بە پاچڤەوانی دەرەجە یەك و کارامە و زەبەردەست ببەستن و هەقدەستی باش بە وەرگێڕ بدەن و کارێکی وەها بکەن وەرگێڕی باش پێویستی بە هیچ دەرامەتێکی دیکە نەبێت و بە کارەکەی خۆی کە وەرگێڕانە بژی. یانی پشت بەو وەرگێڕانە ببەستن کە کارەکانیان پوختە بێت و پێداچوونەوەی نەوێت...

دیارە لای ئێمە تا ئیستا مەگەر بە دەگمەن دەنا کەس بە قەڵەمی خۆی ناژی..وەشانخانەو دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بە خۆیان بەرنامەی تۆکمە و دیاریکراویان بۆ کاری ساڵانە نییە، زۆربەی کات وەرگێڕەکان بە گوێرەی حەزی خۆیان کتێبانیان وەرگێڕاوەو داویانە بە دام و دەزگاکان و دوای چەندین مانگ و هەندێجار چەندین ساڵ چاوەڕوانی، ئەوجا کتێبەکە چاپ دەکرێت و ئەگەر سووکە پاداشتێکی کەمی بدرێتێ یان ، نا!!.. هەڵبەتە ئەم پاچڤەوانانە مەبەستیان پارە پەیداکردن نییە،بەڵکو ئامانجیان خزمەتی کەلتووری بووە، ویستوویانە هاووڵاتیانی خۆیان بە دەسکەوتە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی وڵاتانی دیکەی دنیا ئاشنا بکەن و هەندێ لەو بەرهەمانەیان بخەنە بەر دەست کە ئەمڕۆکە ئیدی بوون بە بەشێك لە کەلەپووری هاوبەشی تیرەی بەشەر..

"١٠"

پاچڤە دەکاتە ئەوزاری گفتو گۆی نێوان خەڵکانێك کە بەیەك زمان نادوێن..هەڵبەتە لە گفتوگۆی نێوان شارستانیانیشدا پاچڤە، ئەوزارێکی گرینگە، تا چۆنیەتی پاچڤەکە بەرزو باش بێت گفتوگۆیەکان ڕوونتر و سەمەربەخشتر دەبن. پاچڤەی گۆنگ و خراپ نەك هەر کەش و هەوای گفتوگۆیان دەشێوێنێت، بگرە دەبێتە مایەی بەدحاڵی بوونی زۆریش.

ئەمڕۆکە ئەگەر سەیری کتێبخانەی نیشتمانی هەر میللەتێك بکەیت دەبینی پاچڤە ڕێژەیەکی بەرزی کتێبخانەی ناڤبری پێك دێنێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە هونەری پاچڤە رۆڵێکی بنەڕەتی و گرینگی لە

ژیانی ئەمرۆی تیرەی بەشەردا هەیە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گرینگیدان بە چەندێتی و چۆنیەتی وەرگێڕان و هەوڵدان بۆ بەرزکرنەوەی ئاستی چلۆنایەتی پاچڤە کارێکی پێویستە.. بە مانایەکی دی ئەگەر بگوترێت هەر ئەدایەکی زمانەوانی خۆی لە خۆیدا پاچڤەیە نابێت بە زێدە رۆیی..

## چەند سەرنجێکی پاچڤەلۆجی

((١))

ئەگەر پاچڤە بریتی بێ لەوەی دەقی نووسینێ یان گوتارێك لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم بێتە وەرگێڕان، ئەوا باشترین وەرگێڕان کاتێ دێتەدی کە ئەو کاریگەرییەی کە ئەو نووسین یان گوتارە بەسەر خوێنەر یان گوێر یان وەرگری زمانی یەکەمەوە هەیەتی، بگوازرێتەوە بۆ خوێنەر یان گوێگر یان وەرگری زمانی دووەم. یان ئەگەر ڕاستت دەوێ ،پاچڤە بریتیە لە وەرگێڕانی دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بێ هیچ دەسکاریکردنێکی فۆرمو مانا، شێوەو ناوەڕۆکی دەقە ئەسڵەکە، یانی نە هیچی بۆ زیاد بکرێتو نە هیچی لێکەم بکرێت..

هەڵبەتە ئەم پێناسەیە، هەرچەند پێناسەیەکی دروستو وردە، بەڵام زیاتر پێناسەیەکی تیۆری رووتە، چونکە لە بواری پراکتیکیدا مەحاڵە هیچ پەیامێك دەقاو دەق وەکو خۆی، بێ کەمترین دەسکاری، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بگوازرێتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە بونیادو پێکهاتەی جیاوازی زمانانەوە هەیە، هەر زمانێك سوود لە وشەێن تایبەتی خۆی وەردەگرێت، هەر یەکێك لە وشەێن زمان مانایەك یان چەند مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە، رستەبەندیو سازانی وشە لە هەر زمانێکدا بە گوێرەی رێزمانو یاساو رێسای تایبەتی چێدەکرێت، کەواتە لە رستەبەندیشدا، هیچ دوو زمانێك کوتو مت وەکو یەك نیە، بۆیە گوێزانەوەی ئەو ڕستانە، بەبێ دەسکاری یان بەلای کەمەوە بە بێ وردە دەسکاری، مەحاڵە... بۆیە لە بەرەبەیانی مێژووی پاچڤەوە تاکو ئێستا هەمیشە ئەم پرسیارە کراوە کە پاچڤەی باش کامەیە؟

ئایا تای تەرازووی پاچڤە پێویستە بەلای زمانی یەکەمدا قورس بێ یان بەلای زمانی دووەمدا، ئایا پاچڤە پێویستە وشە بە وشە بێ یان ئازاد بێ، پابەندی بە دەقەکەوە چۆن دەبێت؟ دیارە ئەم پرسیارانە، پێویستیان بە وەڵام هەبووەو ئەهلی پاچڤە لە هەوڵی ئەوەدا بوون، ئاگایان لە چارەسەرێن ئەکادیمی مەسەلە پاچڤەوانیەکان هەبێو هەندێ پێوەرو پێوانەی قەناعەتبەخشیان لەبەر دەستدا هەبێت، تا بتوانن لە ڕێگەیانەوە، بگەنە پاچڤەی دڵخوازی خۆیان. هەڵبەتە ئەو هەوڵانەی لەو بارەیەوە دراون، تا ئەو دواییانەش، تا پەنجا ساڵێك لەمەو پێش، زیاتر راو بۆچوون بوون دەربارەی شێوەی پاچڤەو خۆیان لە قەرەی ماهیەتی پاچڤە نەداوەو لەسەر بونیادێکی زانستی ڕۆنەنراوە. ئەوە بوو، بە فەزڵی زانستی زمانۆلۆجیەوە کۆمەڵێك هەنگاوی باش لە بواری پاچڤەو ماهیەتی پاچڤەدا نرا.

لە ڕێگای زمانناسیەوە، ئەوە ساغ بووەوە کە زمانان لە رووی بونیادی فۆرمو ماناوە لێکدی جیاوازنو رەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر زمانێك لە هەموو ئاستەکاندا، تان وپۆو سیستەمێکی گونجاوی خۆی هەیە، هەڵبەتە لە ڕێگەی شیکردنەوەی بەراوردکاریەوە دەکرێت زمانان لە ئاستێن فۆنەتیکی، وشەییو ڕێزمانیەوە دەگەڵ یەکدا بەراورد بکرێنو لایەنی لێکچوونو جیاوازیان دیاری بکرێت.

بەرە بەرە، بابەتە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە زمانەوانیو زمانناسیەکان، بە تایبەتی ماناناسی، لە مەیدانە جیاوازەکانی پاچڤەدا بەکار براو ئەمەش زانستێکی لێکەوتەوە کە ئەمڕۆکە پاچڤەلۆژی پێدەڵێن.

***

هەڵبەتە پاچڤە لە بنەڕەتدا دوو جۆری هەیە، پاچڤەی زارەکی و پاچڤەی نڤیسیاری. پاچڤەی زارەکی دەکاتە وەرگێڕانی گوتەیەك لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، پاچڤەی نڤیسیاری دەکاتە وەرگێڕانی نووسینێك لە زمانی یەکەمەوە، بە نووسین، بۆ زمانی دووەم. یانی ئەم دوو زاراوەیە پەیوەندیان بەو ئامرازو ئەوزارەوە هەیە کە لە پرۆسەی پاچڤەکەدا بە کاردەبرێ دەنا بە گوێرەی هەر دوو جۆری پاچڤەی زارەکیو نڤیسیاری دەکرێت:

١-گوتەیەك لە زمانی یەكەمەوە، بۆ گوتەیەك لە زمانی دووەم پاچڤە بكرێت.

٢-یان گوتەیەك لە زمانی یەكەمەوە بۆ نووسینێكو بە نووسین بۆ زمانی دووەم پاچڤە بكرێت.

٣-نووسینێك لە زمانی یەكەمەوە بۆ نووسینێك لە زمانی دووەمدا پاچڤە بكرێت.

٤-یان نووسینێك لە زمانی یەكەمەوە بۆ گوتەیەك لە زمانی دووەمدا پاچڤە بكرێت.

جا لەبەر رۆشنایی ئەو پێناسەیەی لە سەرێ ڕا لەمەڕ پاچڤە كرا، دەشێت دەربارەی پاچڤەی زارەكیش بگوترێ بریتیە لە وەرگێڕانی گوتەیەك لە زمانی یەكەمەوە بۆ زمانی دووەم، بەو مەرجەی هەمان ئەو كاریگەرییەی بەسەر گوێگرانی زمانی یەكەمەوە هەیەتی، بگوازێتەوە بۆ گوێگرانی زمانی دووەم. دیارە لە پاچڤەی زارەكیدا مەسەلەی كات دێتە ئاراوە، وەرگێڕ لە گەڵ دەركی یەكەم وتەی زمانی یەكەمدا دەكەوێتە پاچڤەیو بە ماوەیەكی زۆر كەمو تەقریبەن هاوكات دەگەڵ تەواو بوونی گوتەكە لەزمانی یەكەمدا، ئەویش لە زمانی دووەمدا لە پاچڤەكە دەبێتەوە. جۆرێكی دیكەی پاچڤەی زارەكی ئەوەیە كە گوتەی زمانی یەكەم بەش بەش دەكرێت، كە هەر بەشێك لە ڕستەیەك زیاتر دەبێت، وەرگێڕ پاش ئەوەی لەو بەشە تێدەگات، لە كاتی بێدەنگ بوونو هەڵوەستەكردنی قسەكەرەكەدا، ئەو بەشە بۆ گوێدێران پاچڤە دەكات. یانی بەم پێودانگە مەسەلەی كات، یەكێكە لەو تایبەتمەندیانەی كە پاچڤەی زارەكی لە پاچڤەی نڤیسیاری جیا دەكاتەوە، چونكە لە پاچڤەی زارەكیدا كات زۆر دیاری كراوو فەوریە لە چەند دەمێكی كەم تێناپەڕێت، لە كاتێكا ئەمە بۆ پاچڤەی نڤیسیاری وا نیەو كاتی زیاتری لە بەر دەستەو سوود وەرگرتن لە كات، دەبێتە مایەی پوختەیی زیاتری دەقە وەرگێڕدراوەكە، ئەمە جگە لەوەی كە دەتوانێ لە زۆر شتدا پەنا وەبەر فەرهەنگی زمان بەرێت، هەڵبەتە پاچڤەوانی زارەكی دەبێ خودانی یادگەو زاكیرەیەكی زۆر باشو چالاك بێ و ، بەسەر بابەتی وەرگێڕانەكەدا زاڵ بێتو شارەزایی تەواوی لێی هەبێت. بەڵام ئەم مەرجی شارەزاییە بۆ

پاچڤەوانی نڤیسیاری زۆر گرینگ نیە، چونکە وەختی زۆری بە دەستەوەیە، دەتوانێ بەرە بەرە شارەزایی پێویست بە دەست بێنێ. بۆیە مەرج نییە هەر پاچڤەوانێکی زارەکی لە هەمان کاتدا پاچڤەوانێکی نڤیسیاری باش بێت یان بە پێچەوانەوە. هەڵبەتە پاچڤەوانی زارەکی، چونکە کاتی کەمە، ئەگەر وەرگێڕانەکەی زۆر پوختە نەبێ، دارشتنی ڕستەکانی هەندێ شاشیش بێ، زاراوەی دیالۆگیو ئەو شتانەش بە کار بێنێ، لێی ناگیرێو ئەوەی لێ قەبووڵ دەکرێتو کەمی کاتەکەی بۆ دەکرێت بە پاساو، بەڵام شتی وا بە هیچ کلۆجێ لە پاچڤەوانی نڤیسیاری قەبووڵ ناکرێت..

هەڵبەتە مەیدانی کاری پاچڤەی زارەکی زۆر سنووردارەو زیاتر لە ئەنجوومەنانی سیاسی، هەڤپەیڤینو گفتوگۆو دانوستانی دەوڵەتیدا بەکاردەبرێت. واتە لە سنووری هەندێ بواری سیاسی، ئابووری، سوپاییو... هتد دەوەستێ، بەڵام لە پاچڤەی نڤیسیاریدا، ئەو سنوورداریە نییە، واتە پابەندی هیچ سنوورێك نییە، تەنیا سنووری نووسینو نووسراوی زمانی یەکەمی دەقەکە نەبێت. واتە بوارو مەیدانی کاری پاچڤەوانی بۆ خۆی جۆرە سنوورداربییەکە. بۆ نموونە وەرگێڕێك کە لە بواری وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا کاربکاتو شارەزایی پەیدا کردبێت، ناچێت خۆی لە قەرەی وەرگێڕانی دەقێکی زانستی دەربارەی فیزیا بدات.

دیارە پاچڤە، لە ڕووی چۆنیەتیەوە، سێ جۆری سەرەکی هەیە لەوانە:

١-پاچڤەی وشە بە وشە: لێرەدا وەرگێڕ دێت لە هەنبەری هەر وشەیەکی دەقی زمانی یەکەمدا، وشەیەکی زمانی دووەم دادەنێ. ئەم جۆرە وەرگێڕانە، زیاتر بۆ وەرگێڕانی ئەو دەستەواژەو چەمكو زاراوەو وشە لێکدراوانە بەکاردەبرێ کە لە زمانی دووەمدا هاوتای دەقاو دەقیان نییە...

٢-وەرگێڕانی رستەیی: لەم جۆرە پاچڤەیەدا، رێزمانو دەستوور وشێوەی داڕشتنو بەکار هێنانی وشە، لە زمانی دووەمدا بە تەواوەتی رەچاو دەکرێت، یان چەمكو مانای رستەی زمانی یەکەم، بە گوێرەی دەستوورو تایبەتمەنی زمانی دووەم، لە زمانی دووەمدا دێتە داڕشتنەوە. واتا هەر ڕستەیەکی دەقی زمانی یەکەم، بە گشت مانای یەك بە یەکی وشەکانیەوە، لە زمانی دووەمدا، دادەڕێژرێتەوە.

٣-پاچڤەی ئازاد: لەم جۆرە پاچڤەیەدا، وەرگێڕ دەستەواژە یان پەرەگراف دەکات بە دەسکەلای دەستی. یانی وەرگێڕ دێت، پەیامی دەقەکەی زمانی یەکەم، بە چەند رستەیەك لە زمانی دووەمدا بەدەستەوە دەدات. لەم جۆرە وەرگێڕانەدا دەسکاری و زیاد کردنو کەمکردنێکی زۆر دێتە ئاراوە. بۆیە پەسندترین وەرگێڕان، پاچڤەی رستە بە رستەیە، واتا ئەوەیە کە پاچڤەوان، رستە بکات بە بنەمای کارەکەی.. پاچڤەی وشە بە وشە زیاتر بۆ ئەو ئیدیۆمو زاراوەو وشە لێکدراوانە بەکار دێت کە هاوتای دەقاو دەقیان لە زمانی دووەمدا نییە. پاچڤەی ئازادیش زیاتر بۆ ئەو دەقانە بەکار دێت کە لەپاچڤەکردن نایەن، یانی پاچڤە ناپەزێرن.

هەڵبەتە ئاشکرایە کە وەرگێڕ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، سەروکاری دەگەڵ دوو زماندا، یانی زمانی یەکەمو، زمانی دووەمدا هەیە، بۆیە دەبێ لە لایەکەوە لە خەمی ئەوەدا بێ کە خوێنەر لە پاچڤەکەی تێبگاتو لەلایەکی دیکەوە پەیامی نووسەر نەشێوێنێو بە ئەمانەتەوە بیگەیەنێت. ئیدی وەرگێڕ لەم بەینەدا، بەگوێرەی جۆری دەقەکەو مەبەستی وەرگێڕانەکەی، هەندێجار زیاتر بەلای وەرگردا واتە خوێنەردا دایدەشکێنێو هەندێجاریش بەلای نووسەری دەقەکەدا دایدەشکێنێ. لەم حاڵەتەدا زیاتر لە خەمی ئەوەدایە پەیامی دەقەکە بگەیەنێتە خوێنەر، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەگەرێکی زۆری ئەوە هەیە کە زۆر رستەبەندی ناباو بێتە ناو زمانی دووەمەوە. بەڵام لەو جارانەدا کە وەرگێڕ زیاتر بەلای خوێنەردا دایدەشکێنێو پتر لە خەمی ئەودایە، هەوڵ دەدات بە گوێرەی توانا دەقێکی وەرگێڕدراوی ئەوتۆ پێشکەش بکات کە بە تەواوەتی لەلای وەرگر روونو مەفهووم بێت. جا لێرەدا ئەگەری ئەوە دێتە پێشێ کە دەقە وەرگێڕدراوەکە، وەکو پێویست و دەقاو دەق گوتاری نووسەر نەگەیەنێت..

لەو حاڵەتەدا کە وەرگێڕ زیاتر بەلای نووسەری دەقدا دایدەشکێنێ، هەوڵی ئەوە دەدات. تێکڕای تایبەتمەندییە رێزمانیو مانابیەکانی زمانی یەکەم، بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوەو بەسەر زمانی دووەمیدا بسەپێنێ، دیارە ئەم جۆرە وەرگێڕانە، خوێنەری زۆر نابێتو رەگی ئەم جۆرە پاچڤەیە دوورو نزیك دەچێتەوە سەر پاچڤەی وشە بە وشە، لە حاڵەتەکەی دیکەشدا، واتا لەو

حاڵەتەدا کە وەرگێڕ بەلای خوێنەردا دایدەشکێنێ، ئەوا رەگی کارەکەی (وەرگێڕانەکەی) دوورو نزك دەچێتەوە سەر پاچڤەی ئازاد.

((٢))

یەکێك لەو گرفتو کێشە دژوارانەی کە پاچڤەوانانی تازەکار رووبەڕووی دەبنەوە، هەڵبژاردنی گونجاوترین وشەیە لە نێو کۆی ئەو وشانەدا کە لە فەرهەنگەکاندا وەکو هاوتاو هاو مانای یەك وشەی بیانی تۆماری دەکەن. مەبەست لە زاراوەی هاومانایی، ئەوەیە کە دوو وشە یان زیاتر، یەك مانا بگەیەنن، واتە مانایەکی یەکسانیان هەبێت. هەڵبەتە وەکو چۆن دوو بەشەری دەقاو دەق وەکو یەك نییە، بەو ئاوایەش هاومانایی رەها لە نێوان پەیڤو وشەێن زماندا نییەو هیچ دوو وشەیەك دەقاو دەق هاومانا نین‌و نابن، زۆر زەحمەتە لە یەك زماندا دوو وشەی بەمانا یەکسان، پێکەوە بژین. هەڵبەتە جگە لە کێشەی هاومانایی، کێشەی چەند ماناییش هەیە، کە ئەمە لە ناو ڕستەداو بە تایبەتی لە زمانی نووسیندا، جۆرە ئاڵۆزی‌و گۆنگیەکی لێدەکەوێتەوەو پاچڤەوانی تازەکار تووشی سەرەگێژکێ دەکاتو ناتوانێ بە ئاسانی هاوتاو هاوواتای گونجاو بۆ کارەکەی بدۆزێتەوە. بۆیە نابێ پاچڤەوانی تازەکار، کاری وەرگێڕان بەسادە بزانێ، تا نەکەوێتە گێژاوی هەڵەو کێشەی گەورەوە.

بە هەرحاڵ کاری پاچڤە، کارێکی زۆر دژوارە، بۆ نموونە ئەگەر دەقێك بە جیا بدرێت بە دوو وەرگێڕی زۆر چاك، بۆ پاچڤە کردن، مەحاڵە، پاچڤەیەکی یەکسان بە دەستەوە بدەن، تەنانەت ئەگەر یەك وەرگێڕ، دوای پاچڤەی دەقێك، هەمان دەق دووبارە پاچڤە بکاتەوە، مەحاڵە هەردوو پاچڤەکەی وەکو یەك دەربچن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دژواری و هەستیاری کاری پاچڤە دەگەیەنێت. بۆیە پاچڤەوان لە هەڵبژاردنی وشەو رستەدا دەبێ یەجگار بە سەلیقەو شارەزا بێتو نزیکترین هاوتای وشەو ڕستەێن زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا بدۆزێتەوەو روونی‌و رەوانی دەقەکە لە لای خوێنەر بپارێزێت، یانی هەمیشە ئەوەی لە بیربێ کە پەیامی دەقەکە بە شێوەیەکی مەفهووم‌و ڕوون‌و ڕەوان بگەیەنێت. یانی لە هەڵبژاردنی وشەو رستەو داڕشتنەوەی پاچڤەکەیدا کەسێکی بە سەلیقە بێ، خۆی لە بەکارهێنانی وشەێن فرەماناو

ناباو دوور بگرێت، لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکدا ئەو کاتو شوێنو باگڕاوندە ڕۆشنبیرییە باوە ڕەچاو بکات کە دەقەکەی تیا بەرهەم هاتووە، بچێتە بنجو بناوانی هەموو رازو ڕەمزەکانی دەقەکەو بە کەرەستەی زمانی دووەم ئاشکرای بکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زانینی زمانی دووەمو شارەزایی لە تایبەتمەندییەکانی، بۆ پاچڤەوان، ئەگەر لە زانینی زمانی یەکەم زۆر گرینگتر نەبێ. هیچی کەمتر نییە. یانی ئەگەر پاچڤەوان ئاگاداری ئەمە نەبێتو ڕەچاوی نەکات تووشی هەڵەی گەورە دەبێت، هەروەها پاراستنی شێوازی دەق یەکێکە لە مەرجەکانی پاچڤەی دروستو پەسند، مەبەست لە شێواز لێرەداو بەش بە حاڵی ئەم وتارە، دەکاتە شێوەی دەربڕینی دەقی زمانی یەکەم. دیارە نووسەر بە گوێرەی بابەتو وەرگر، شێوازی دەربڕینی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێ، واتە لە هەڵبژاردنی شێوازدا پابەندی هەردوو فاکتەری بابەتو وەرگر (موخاتەب) دەبێت. واتە ڕەچاوکردنو پاراستنی شێوازی دەقی زمانی یەکەم، یەکێکە لەو مەرجانەی کە وەگێڕ ناچارە پابەندی بێت. بۆ نموونە شێوازی چیرۆکێك جیاوازە لە شێوازی وتارێکی زانستی، وەسفی زانستیانەی ڕووداوێك جیاوازە لە وەسفی ئەدەبی هەمان ڕووداو، چۆنیەتی ئەو وەسفە بۆ خەڵکانی گەورە جیاوازە لە چۆنیەتی هەمان وەسف بۆ منداڵان.. واتە پاچڤەوان بۆی نییە دەسکاری شێوازی دەق بکات، چونکە ئەمە دەکاتە کوشتنی شێوازی دەقی زمانی یەکەم. کە ئەم دیاردەیە زۆر جار لەلای ئەو وەرگێڕانە بە دی دەکرێت کە بە خۆیان نووسەرن، ئەوانە هەوڵدەدەن شێوازی نووسینی خۆیان بەسەر دەقەکەدا بسەپێنن، دیارە ئەم جۆرە پاچڤەیە بەپێی ڕەخنەی زانستی وەرگێڕان، بە پاچڤەیەکی نا دروست لە قەڵەم دەدرێ.

دیارە هەر نووسەرێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو زۆر جار بەو شێوازە دەناسرێتەوە، ئەو شێوازە بۆی بووە بە جۆرە ناسنامەیەك، هەندێجار دەبینی نووسەرێك بە حوکمی شارەزایی تەواو لە بابەتێکدا، مەسەلەو بابەتێکی ئاڵۆزو گۆنگ بە شێوەیەکی سادەو ڕوونو ڕەوانو نزیك لە تێگەیشتنی عەوامی خەڵکەوە دەخاتە ڕوو، هەڵبەتە نووسەرانێکیش هەن کە بەوە نە شارەزاییو بێ توانایی خۆیان لە بابەتێکدا دەشارنەوە کە پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی زۆر گۆنگو نا مەفهووم... بە هەرحاڵ شێوازی سادە

یان ئاڵۆزی دەقی یەکەم، دەبێ هەر چۆنێ بووە، لە دەقی دووەمدا نیشان بدرێتەوە. دەنا بە نیشانەی ناکامی وەرگێڕ دێتە ژماردن، چونکە نەیتوانیوە شێوازی نووسینی نووسەرەکە، بە خوێنەر نیشان بدات یان بۆی دیاری بکات..

جا لێرەدا دەبێ ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوەش بکرێ کە هیچ وەرگێڕێك، ناتوانێت بە تەواوەتی خۆی لە کارەکەی دوور بگرێت و بێ لایەنانە کار بکاتو هیچ ئامادەبوون وحوزورێك بۆ خۆی نەیەڵێتەوە، هەر وەرگێڕێك بگریت، جۆرە حوزورێکی کاڵ یان تۆخ، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، زەق یان پەنهان، مەبەستدار یا ن بێ مەبەستی لە کارەکەیدا هەیە... تاقمە پاچڤەوانێك هەن ئەوەندە، پابەندی شێوازی نووسینی خۆیانن‌و تیایدا قاڵ بوونەتەوە کە بە شێوەیەکی نا ئاگایانە شێوازی خۆیان لە دەقەکە باردەکەن. ئەمانە کە بە تەرجەمەکانی خۆدا دەچنەوە هەست دەکەن، کە شێوازی دەقە پاچڤەکراوەکەیان دەگەڵ شێوازی دەقی یەکەمدا جیاوازەو هیچ پاساوێکیان بۆ ئەم کارە نییە، بۆیە دووبارە و سێ بارە پاچڤەکەی خۆیان دەگەڵ دەقە ئەسڵەکەدا بەراورد دەکەنەوەو هەوڵ دەدەن بە گوێرەی توانا شێوازی تەرجەمەکەی خۆ لە شێوازی دەقی یەکەم نزیك بکەنەوە، هەندێجار تا رادەیەکی باش لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبن، بەڵام زۆربەی کات، ناتوانن دەستبەرداری خۆ ببن‌و کەسێتی خۆیان بە تەواوەتی لە تەرجەمەکەیان دوور بخەنەوە، تاقمە وەرگێڕێکی دیکە هەن، بە ئانقەست و بە مەبەستی خۆ نواندن کەسێتی خۆ لە دەقی پاچڤەکە باردەکەن. دیارە ئەم تاقمە وەرگێڕە، مەبەستیان ئەوە نیە پەیامی نووسەرەکە، وەکو خۆی ویستوویەتی،بگەیەنن. بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە کە بە شێوازی تایبەتی خۆ، توانای پاچڤەوانی خۆیان بنوێنن. بۆیە وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبی یان کارێکی زانستی بەلای ئەوانەوە، هەمووی وەکو یەکە.. بە هەرحاڵ ئەگەر لە روانگەی پاچڤەلۆژیەوە تاقمی یەکەم بە وەرگێڕی نا سەرکەوتوو بێنە ژماردن ئەوا تاقمی دووەم بە هیچ کلۆجێ بە وەرگێڕ دانانرێن.

ئەگەر وەرگێڕێك، خۆی لە هەردوو جۆری وەرگێڕانی وشە بە وشەو ئازاد ببوێرێو وەرگێڕانی رستە بە رستە بکات بە بنەمای کارەکەی، دەبێ ئەوە

بزانێت کە رەچاو کردنی شێواز، یان شێوەی دەربڕین، بەندە بە هەڵبژاردنی هاوتای دروستی پەیڤانو بونیادی دەستووری و ڕێزمانی رستەوە، لە زمانی دووەمدا. یانی بە کورتیو بە کوردی پێویستە لە نێوان چەند پەیڤی هاوتاو چەند بونیادی دەستووری و ڕێزمانیدا، ئەوەیان هەڵبژێردرێ کە بە شێوەیەکی گشتی بتوانێ شێوازی دەقی یەکەم لە دەقی دووەمدا بنوێنێتەوە... بە هەرحاڵ وەرگێڕان چەند ئەمینو ورد بێ، هەمیشە ئەو وەرگێڕانە سەرکەوتووترە کە بتوانێ شێواز یان شێوەی دەربڕینی دەقی یەکەم، بە وردی لە دەقی دووەمدا دووبارە بکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- هفت گفتار دربارەی ترجمە / دکتر کورشصفوی / نشر مرکز/ چاپ دهم/ ١٣٩٠ (٢٠١١).

*- خیانەتی حەڵاڵ/حەمەکەریم عارف/چ١/٢٠١٠/لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد/زنجیرە(١٠٦)

*- گفتمان و ترجمە، علی صلح جو/چاپ اول/١٣٧٧/نشر مرکز:تهران، خیابان دکتر فاتمی.

*- شیعر کوژی/چ١/ ٢٠١٠/ کۆمەڵەی روناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکووک/ ن:حەمەکەریم عارف

## پاچڤە پردی نێوان کەلتوورانە

"١"

هەڵبەتە واقیعی مێژوویی- شارستانیەتی ئەوەمان پێدەڵێت کە وەکو چۆن ژیار و شارستانیەت و کەلتووران دان و سەندنیان دەگەڵ یەکدا هەبووە و هەیە، زمانیش بە هەمان شێوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە گوێرەی پێگەی مێژوویی، جوگرافی، کەلتووری و جیوسیاسی، دەگەڵ یەکدیدا لە حاڵێ دان و سەندندا بوون.. وشەش کە ئاوەکی دەکەوێ و لە زمانێکەوە تەرەی ناو زمانێکی دی دەبێت. یان بە هەمان فۆنەتیك و ماناوە لە زمانە بێگانەکەدا دەمێنێتەوە و پاشان وردە وردە لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە دەبێت بە موڵکی ئەو زمانە.. یان فۆنەتیك و ماناکەی دەگۆڕێت و بە ئاسانی لە زمانی یەکەمدا نا ناسرێتەوە و ملکەچی دەستوور و ڕێزمانی زمانی دووەم دەبێت.. ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژهەڵات نموونەیەکی گەشی دان و سانی زمانەوانییە.

**

هەر وەرگێڕێك بگریت، دەبێ جۆرە بەهرە و توانایەکی زمانەوانی هەبێت و بە کردەوە هەوڵی ئەوە بدات ئەو توانا و بەهرەیە بگەشێنێتەوەو دەوڵەمەندی بکات، وەرگێڕان ئەوەندەی حەزە، پیشە نییە ، حەزیش پاشان لە ڕێگای مومارەسەوە گەشە و نەشە دەکات، پاچڤە پێش هەموو شتێك و لە خودی خۆیدا چالاکییەکی زمانەوانی- ئەدەبییە.

بەبێ بەهرە و توانای زمانەوانی - ئەدەبی، کەس ناتوانێت کاری باچڤە بکات، یان ببێت بە پاچڤەوان، مەگەر بە خورتی سواری سەری پاچڤە ببێت، کەواتە تەنها زانینی هاکەزایی دوو زمان بەس نییە بۆ ئەوەی ببی بە پاچڤەوان.. کە سێك حەز و ئارەزووی نووسین و قەڵەمڕانی نەبێت، لایەنی کەمی دەستی نووسینی نەبێت زۆر زۆر زەحمەتە ببێت بە وەرگێڕێکی کارامە .کە باسی زمانزانی دەکرێت مەبەست لە زمانی قسەکردنی ئاسایی و دابینکەری پێداویستی ڕۆژانە نییە، بەڵکو مەبەست لە زمانی ڕۆشنبیری و بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییە، بۆیە وەرگێڕ دەبێت ئەهلی قەڵەم بێ، ئەدیب یان نیمچە ئەدیبێك بێ تەنانەت لە بواری زانستیشدا، بوونی زەوق و سەلیقە و بەهرەی ئەدەبی و حەزی نووسەرایەتی بۆ وەرگێڕ یەکجار پێویستە.. زانینی زمانی یەکەم بۆ وەرگێڕ بە ممارەسە و ئەزمون و خوێندنەوە و پەیگیریی زۆر، بە تایبەتی خوێندەوەی ئەدەبیات دەوڵەمەند دەبێت، ئەمە بۆ وەرگێڕی هەموو بوارەکان تەنانەت بواری فەلسەفە و زانستیش زەرورەیە و هیچ شتێکی دیکە جێی ناگرێتەوە.

**

وەرگێڕ دەبێ بەر لەوەی، بکەوێتە کاری وەرگێڕان و بچێتە دنیای وەرگێڕانەوە، دەبێ خوێنەرێکی جدی و خوێنەوار بێ.. باگراوندێکی ڕۆشنبیریی و خوێنەواری باشی هەبێت، ئەوجا بکەوێتە کاری وەرگێڕان، چونکە ئەگەر هەوەڵجار دەست بکات بە کاری وەرگێڕان و پاشان خوو بداتە خوێندنەوە و خۆ خوینەوار کردن، ئەمە زۆر زەحمەتە و یارۆ لە قەلان و لە کۆتران دەبێت، نە دەبێت بە وەرگێڕێکی باش و نە بە خوێنەوار و ڕۆشنبیری باش، چونکە کاری وەرگێڕان ئەو دەرفەتەی بۆ نایەڵێتەوە و جاری وایە پاچڤەی بەرهەمێك بە ساڵ و دوو ساڵ وەختی لێدەگرێت، کەواتە وەرگێڕ، لە بواری کارەکەی خۆیدا دەبێ جگە لە شارەزایی تەواو دەربارەی ئەو کارەی کە وەریدەگێڕێت و زانینی باش و بگرە زۆر باشی ئەو زمانەی لێوەی وەردەگێڕێت، ئەگەر زمانی دووەم ( زمانی بۆ وەرگێڕدراو) کە بۆ ئێمەی کورد دەکاتە زمانی کوردی، باشتر لە زمانی یەکەم بزانێت و شارەزای تەواوی لە زاراوە و ئیدیۆم و پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق و ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی و

نووسراوی کۆن و نوێی ئەو زمانە هەبێت.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ شەقڵی تایبەتی خۆی بەسەر دەقە پاچڤەکراوەکەدا بسەپێنێ و لە ئەسڵی ئەو دەقە دەربچێت کە وەریدەگێڕێت، چونکە وەرگێڕ لە کاری پاچڤەدا ناچارە پابەندی شێواز و ستایلی ئەو دەقە بێت کە لەلایەن نووسەرێکی ترەوە نووسراوە و بۆی نییە جگە لە هەندێك وردە دەستکاری کەم کە زەرورەتی کارە پاچڤەوانییەکە ڕێگەی پێدەدات، نەك بە ڕادەیەك دەست شل بکات وەرگێڕانەکەی ببێت بە وەرگێڕانی ئازاد و گواستنەوەی مانا.. بەهەرحاڵ دەسەڵاتداری لە زمانی دووەمدا، یارمەتی زۆری وەرگێڕ دەدات و دەکاتە کارێك کە کارەکەی بۆنی وەرگێڕانی لێنەیات، ئەمەش بەوە دێتە دی کە وەرگێڕ دەبێت لە کاتی وەرگێڕاندا بە کوردی بیربکاتەوە و خوێنەری کوردی لە بەرچاو بێت، دەقە ئەسڵییەکە بە گوێرەی دەستوور و ڕێزمان و ڕستەسازی و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی بگوازێتەوە و دابڕێژێتەوە و لە هەمان کاتدا پاپەندی خودی دەقەکەش بێ، نەیەت بە ناوی ئەمانەتدارییەوە بێتوانایی خۆی وەشێرێت و پاچڤەیەکی وشە بە وشەی وشك و ڕەق و سەختفامی ئەوتۆ پێشکەش بکات کە لە دووریی ڕۆژەڕێیەکەوە بۆنی پاچڤەی لێبێت و هێشتاش ئەو منەت بەسەر خوێنەردا بکات و لۆمەی بکات کە بۆ لێی تێناگات.

جا لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بۆ گرینگی و بایەخی زمان لە پاچڤەی دەقی ئەدەبیدا بکرێت.. لە دەقێن ئەدەبیدا بە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانەوە زمان بایەخ و گرنگییەکی بەرایی و بنەڕەتی ئەوتۆی هەیە، ئەگەر بڵێم ئەدەب یان دەقی ئەدەبی بریتییە لە بەرهەمهێنانی هونەریانەی زمان ڕەنگە لێم نەکرێ بە درۆ و زێدەڕۆیی کەواتە گومان لەوەدا نییە کە ئەدەب، دەقی ئەدەبی هونەرە، زیاتر هونەرێکی زمانەوانییە.

واتە هونەرێکە بە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەبێت و دەقایەتی خۆی وەردەگرێت.. بۆیە حەقە وەرگێڕی دەقی ئەدەبی. ئەدیب یان دەستی ئەدەبی هەبێت و حەز و ئارەزووی ئەدەبیاتی هەبێت و سەروکارێکی دەگەڵ تێکڕای ڕەگەزە هونەری و ئیستاتیکییەکان و گەمە زمانەوانی و تێکڕای

لایەنە هونەرییەکانی ئەو دەقە ئەدەبییەدا هەبێت کە بەتەمایە وەریگێڕێت.

بەڵام بۆ نموونە کەسێکی مێژوو نووس، یان نووسەری مێژوویی، زانست یا زانایەك، زیاتر لە خەمی گەیاندنی پەیام و تیمە و نێوەڕۆکی بابەتە لێکۆڵینەوانییەکەی خۆیدایە، واتە لە هەردوو حاڵەتی نووسین و پاچڤەدا داهێنان و ئەفراندنی ئەدەبی هونەری زۆر گرینگ نییە، مەگەر تەنیا لەو سنوورەدا کە هەر پاچڤەیەك، بۆ خۆی بە جۆرە ئەفراندنێکی ئەدەبی دێتە ژماردن، خاڵێکی دیکە سەبارەت بە چیرۆك و ئەدەب، سەرباری ئەوەی کە زمان بایەخ و گرنگی یەجگار زۆری هەیە، هەندێ نووسەریش هەن، ستایل و شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە و نابێت لە پاچڤەدا فەرامۆش بکرێت، چونکە لە ئەسڵدا ئەو ستایلە بووە بە بەشێك لە دەقەکانیان و ئەو دەقانەی پێ دەناسرێتەوە، بەڵام لە بەرهەمێن لێکۆڵینەوانی یا زانستی، بە گشتی بەرهەمین غەیرەز ئەدەبیدا بە زۆری زمانی ئاسایی و ستانداری بێ پێچو پەنای هونەری- ئەدەبی بەکار دەبرێت و زمان زیاتر بۆ گەیاندنی مەبەستە و هەوراز و نشێو و پێچ و پەنای هونەریانەی نییە، بەڵام لە ئەدەبدا تەکنیك و ستایل و سەلیقە و بابەت و سکێچ و تۆن و هونەرکارییەکانی دیکە، هەر هەموویان گرینگی و بایەخی لەڕادەبەدەریان هەیە و لە خودی دەقەکە نایەتە جیابوونەوە و دابڕان.

*

هەڵبەتە بزووتنەوەی وەرگێڕان لە لای ئێمە زۆر کۆرپەیە و پێشینەیەکی مێژوویی دوور و درێژی نییە، بۆیە حاڵی حازر پاشاگەردانییەکی زۆری پێوە دیارە و وەکو پێویست نەکەوتووەتە سەر سکەی خۆی، وەرگێڕەکان کەمتر وەرگێڕی پیشەیین و مەرجی وەرگێڕی باشیان تێدا نییە یا زۆر کەمە، بۆیە دوای شۆرەت و ناوبانگ دەکەون و بگرە بڕێکجار. بە ئەنقەست و دوور لە هەر مەسئولیەت و ئەخلاقێکی ڕۆشنبیریی هان دەدرێن، هەمان ئەو بەرهەمانە وەربگێڕنەوە کە لەلایەن وەرگێڕی باشترەوە هاتوونەتە وەرگێڕان . زۆرجار دەقە وەرگێڕدراوەکەی پێشوو، بە سووکە دەستکارییەکەوە بە ناوی خۆوە بڵاودەکەنەوە و وەشانخانەکانیش، ئەگەر بتوانین بڵێین

وەشانخانەمان هەن، بۆی بڵاودەکەنەوە و هەم کات و هەم پارەیەکی زۆر و زیادە بەفیڕۆ دەدرێت، وەشانخانەکان بێئەوەی هیچ هاوئاهەنگییەکی ڕۆشنبیری و چاپەوانیان لە نێواندا بێت، هەمان کار دەکەن، لە کاتێکدا دەکرێت هەر وەشانخانەیەك بایەخ بە لایەنێکی کاری ئەپستمۆلۆجی بدات، جا بۆ ڕزگاربوون لەو بێ بەرنامەیی و پاشاگەردانییە، کە بەندە پێمواییە هەر گۆڕانکارییەکی گەورە، پاشاگەردانی خۆی هەیە و ئەم پاشاگەردانییەش دەرهاویشتەی گۆڕانکارییە، بەڵام نابێ جڵەوی بۆ شل بکرێت و بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێت لە وەخت و کاتی خۆیدا کۆنترۆڵ بکرێت و لە قاڵبی بەرنامە بدرێت.. دەشێت بۆ نموونە گۆڤارێکی تایبەت بە وەرگێڕان و دنیای وەرگێڕان هەبێت، کە لە ئاستێکی پەروەدەیی و ئەکادیمی بەرز و باشدا بێت و بایەخ بەو لێکۆڵینەوە و باسانە بدات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە زمان و زماننناسی و پەنا و پاسارە تەکنیکییەکانی پاچڤەوە هەیە و بە وردی پەیگیری و پەیجۆری بزووتنەوەی وەرگێڕانی کوردی بکات.. پاچڤە بە دەرس لە زانکۆکاندا بخوێنرێت و بایەخی تایبەتی پێ بدرێت.. دامودەزگایەکی پاچڤەوانی نەتەوەیی زۆر کارامەی بۆ نموونە وەکو ( بیت الحكمە=خانەی حیکمەت)ی سەردەمی هارونەڕەشید و مەئموون بێتە دامەزراندن و بە کۆمەڵێك کادری پسپۆڕی کارامە و ئەهلی ئیشەکە کە زمانانی زیندووی دنیا بزانن، بسپێردرێت و موچەیەکی باشی ئەوتۆیان بۆ ببڕێتەوە کە چاویان لە هیچ کارێکی دیکە نەبێت و هەموو توانایەکی خۆیان بۆ کاروباری پاچڤە و دنیای پاچڤەوانی تەرخان بکەن، خۆ هەر وەرگێڕیك بگریت بۆ ئێمە سەد پەڕلەمانتاری مشەخۆر و مێمل دێنێ، چونکە دەشێت میللەت حکومەت یا پەڕلەمانی نەبێ، بە تایبەت ئەم پەڕلەمانە جوانەی لای ئێمە!!، بەڵام هەرگیز ناشێت و نابێت میللەت کتێبی نەبێت! جا لەم دەزگا پاچڤەوانییەدا پسپۆڕانی ئەهلی کتێب و کتێبناسی دەتوانن لە هەر بوارێکی ئەپستمۆلۆژیدا کتێب هەڵبژێرن و ئەو کتێبانە پێش بخەن کە کاریگەری پێشڕەوانەیان هەیە و خێرایی بە بزووتنەوەی ئەپستمۆلۆژی ئەمڕۆمان ببەخشن و بۆ هەر کتێبێك وەرگێڕی گونجاو بدۆزنەوە و هەر وەرگێڕێکیش کتێبی دڵخوازی خۆی بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرێت.. هەروەها ببێت بە مەڵبەندێك بۆ کۆبوونەوەی وەرگێڕەکان و ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچوون و

ئەزموونی وەرگێڕەکان لە نێو یەکتردا، هەڵبەت ئەم پاچڤەخانەیە ( دار الترجمە) ئەرشیف و ئەرشیفخانەی خۆشی دەبێت، کە دەکرێت لەو ڕێگایەوە ڕێ لە دیاردەی پاچڤەی دووبارە و سێ بارەی کتێبان بگیرێت، کە هەم کاتێکی زۆر و هەم پارەیەکی زۆر بە فێڕۆ دەدات.

هەڵبەت هەندێجار پاچڤەی دووبارە و سێ بارە، بە تایبەتی بۆ بەرهەمێك کە خراپ تەرجەمە کرابێ و نەهەقی لە دەقەکە و خاوەن دەقەکە کرابێت، هەر ڕوودەدات و ئەمە پاکانەی خۆی هەیە، بەندە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە هیچ بەرهەمێکی پاچڤە کراو بە بێ هەڵسەنگاندنی ئەکادیمیانە و بە بێ مۆڵەتی یاسایی و فەرمی، پاچڤەخانەی نێوبراو لە هیچ وەشانخانەیەك چاپ و بڵاونەکرێتەوە، تا ئەم پاشاگەردانییە هەندێك بڕەوێتەوە و پرۆسەی پاچڤەوانی بکەوێتە سەر سکەی خۆی و بەرە بەرە ببێت بە هەوێن و ئامیانی ڕێنیسانسی ئەپستمۆلۆژی...

*

جا با سووکە هەڵوەستەیەك لەسەر زمان بکەین، دیارە زمانی پەتی لە دنیادا نییە، هەر زمانێکی زیندووی دنیا بگریت، ڕاسەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە گوێرەی واقیعی مێژوویی، جوگرافی، کەلتووری و جیوسیاسی و تەنانەت بازرگانی وئاینی و ئابووریش، دەگەڵ یەکدیدا لە حاڵی دان و سەندن و کارلێکدا بوون و وشەو زاراوەیان چووەتە ناو یەکدی و باندۆر و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە، وشەش کە ئاوەکی دەکەوێ و لە زمانێکەوە تەرەی ناو زمانێکی دی دەبێت، یا بە هەمان فۆنەتیك و مانا لە زمانە بێگانەکەدا دەمێنێتەوە و بەرە بەرە لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە، ماڵی و کەوی دەبێت و خووی زمانە بێگانەکە دەگرێت و دەبێت بە موڵکی ئەو زمانە یا فۆنەتیك و ماناکەی دەگۆڕێت و بە ئاسانی لە زمانی یەکەمدا ناناسرێتەوە و ملکەچی دەستوور و ڕێزمانی دووەم دەبێت.. بۆیە زمانی پەتی، خەیاڵپڵاوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو زمانە تەماس و کارلێکی ئەپستمۆلوژی دەگەڵ زمانانی دەوروبەری خۆی و دنیادا نییە و زمانێکی گۆشەگیرە.. زمانی بەرهەمهێنانی فیکر و فەلسەفە و هونەر و زانست نییە... بە هەرحاڵ کێشەی زمان لەوەدا نییە کە وشەی بێگانەی تیا بێت، بە تایبەت ئەو

وشانەی کە ماڵی بووبن و هاوتایان لە خودی زمانە وەرگرەکەدا نەبێت، وەرگرتنیان زۆر ئاساییە، بە مەرجێك لە وەرگرتن و دەستکاری و بەکارهێنانیدا تەبیعەت و دەستوور و ڕێزمانی زمانەکەی خۆمان ڕەچاو بکەین، یانی بە گوێرەی دەستووری زمانی کوردی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، زمان بە وشەو زاراوەی بێگانە بە تایبەت ئەگەر ئەو وشە و زاراوانە لە زمانی وەرگردا نەبن، نە عەیبدار دەبێت، نە دەشێوێت، بەڵکو بە داڕشتن و ڕستە بەندی بێگانە و نامۆ بە دەستوور و ڕێزمانی زمانی وەرگر. عەیبدار دەبێت و دەشێوێت، کە ئەمە لە نووسینی ئەمڕۆی زۆرێك لە وەرگێڕ و هەندێك لە نووسەرەکانماندا بە زەقی دیارە.

"٢"

بە درێژایی مێژوو ئەوە ساغ بووەتەوە کە پاچڤە نەك هەر پەیوەندی ڕاسەوخۆی بە تازەبوونەوە و تازەگەرییەوە هەیە، بەڵکو یەکێکە لە فاکتەر و کۆڵەکە گرینگەکانی ڕێنیسانسی هەمەلایەنەی میللەتان، واتە تازەبوونەوە و ڕێنیسانس لە هەموو سەردەمێکدا قەرزارباری پاچڤە بووە، خۆ ئەگەر کەموکوڕییەك لە یەکێك لە کایە و بوارەکانی نوێگەری ومۆدێرنەتەدا بە دی بکرێت و هەبێت، یەکێك لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی و کێماسی بواری پاچڤە کە بیر و بۆچونی گەلانی دیکەی بە درووستی نەگواستووەتەوە یان ئەگەر گواستبێتیەوە، بە نیوەچڵی گواستوویەتیەوە، کە ئەمەیان کارێکی مەترسیدارە، چونکە ئەگەر ویستت میللەتێك کۆڵەوار و داماو بکەیت، بیکەی بە گەپجاڕ و عاجباتی ئەوا حەقیقەتی لێبشارەوە یا بە نیوەچڵی بیخە بەردەستی، ئیدی خۆبەخۆ وبەرە بەرە دەپوکێتەوە، دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ گرنگی دەوری وەرگێڕ لە خزمەتکردنی فەرهەنگ و کەلتوور وکایە ئەپستمۆلۆجییە جۆراوجۆرەکانی میللەتی خۆیدا، هەڵبەت ئەم جێگە و پێگەیە هەر وەرگێڕێکی باش دەخاتە ژێر باری مەسئولیەتی ئەمانتدارییەوە، لە کاری وەرگێڕاندا.. باچڤە نەك هەر فەرهەنگ وکەلتوور دەوڵەمەند دەکات، بەڵکو زمانیش دەوڵەمەند دەکات، میللەتانیش لە ڕووی ژیاریی و شارستانی و ئەپستمۆلۆژییەوە زیاتر بە یەکدی دەناسێنێت، دەشێت بگوترێ پاچڤە

گفتوگۆیەکی شارستانیانەیە لە نێوان میللەت و کەلتووره جیاوازەکاندا، بۆیە پاچڤە مەسئولیەتێکی گەورەیە وەکو چۆن نووسین، زانایی و توانایی دەوێت، پاچڤەش بەو ئاوایە زانایی و توانایی و ئەمانەتداری خۆی دەوێت و ئەگەر لە نووسین قورستر نەبێت هەرگیز ئاسانتر نییە، ئەگەر پاچڤەش کەم و زۆر خولقاندنەوە و داهێنانی زمانەوانی و ئەدەبی نەبوایە، دەبوایە ئەو هەموو جیاوازییە لە شێواز و ستایل و ڕوونی و ڕەوانی و تۆنی دوو یان چەند پاچڤەی یەك بەرهەمدا، لە لایەن دوو کەس یان چەند کەسێکەوە نەبوایە.

ڕاستە نووسەر زۆر پابەندی بیری خۆیەتی و تەواو لە خەمی ئەوەدایە بە جوانترین شێوە دەری ببڕێت، بەڵام لە دەربڕینی مەبەست و بەکاربردنی زمان و زاراوەدا تەواو ئازادە، بەڵام وەرگێڕ دەبێ وشە بە وشە، ڕستە بە ڕستە، هەوراز و نشێوی دەقێك تەی بکات کە خەڵکێکی دیکە نووسیویەتی . بۆیە هەر پاچڤەیەك جۆرە ڕاڤە و شرۆڤەیەکی سخ وچڕە و ئەمەش هێندەی تر ئەرکی وەرگێڕ قورستر دەکات، چونکە ئەگەر زەوق و تەبع و توانای زمانەوانی- ئەدەبی وەرگێڕ، زۆر لە زمان و ستایلی خودی نووسەری دەقەکە دوور بکەوێتەوە، بە ئاسانی کارەکەی لێقبووڵ ناکرێت، وەرگێڕ دەبێ بە هەمان شێواز و ستایلی نووسەری دەقەکەوە دەقەکە بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە و تەنانەت لە مانا و مەبەست و ئیستاتیکا و ڕوونی و ڕەوانی دەقەکەش بەرپرسە، بە کورتی و بە کوردی وەرگێڕ دەبێت بچێتە کڵێشە و پێستی نووسەری دەقەکەوە، بۆیە زۆرجار پاچڤە لە نووسین قورسترە، چونکە وەرگێڕ جگە لە پابەندی بە زمان و شێوازی دەربڕین و گوزارشتەوانی نووسەرەوە، دەبێت کارێکی وەهاش بکات، دەقەکە لە زمانی دووەمدا بۆنی پاچڤەی لێنەیەت، دارشتن و ڕستەبەندی و ڕێزمان و زمانی وەرگێڕانەکەی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی و باندۆری ڕستەبەندی و دەستوور و ڕێزمانی زمانی دەقە ئەسڵەکەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بەو زمانە بیر بکاتەوە کە دەقەکەی بۆ وەردەگێڕێت، نەك بە پێچەوانەوە، واتە دەبێت زمانی دووەم بە ڕادەیەك بزانێت و زاڵ بێت بە سەریدا و ڕاز و ڕەمزەکانی شارەزا بێت ، کە دەقەکە بە جۆرێ لە زمانی دووەمدا بخولقێنێتەوە و دابڕێژێتەوە کە ئەگەر نووسەرەکە بۆ خۆی زمانی دووەمی زۆر باش زانیبا، هەر بەو شێوەیەی دابڕشتبایەوە.. دیارە ئەم

حاڵەتە لە کارێن دەقی ئەدەبی و چیرۆکڤانیدا زۆر هەستیار و گرینگ ترە تا لە دەقێن باو و ئاسایی و ستانداردی زانستی و کۆمەڵایەتی.. هەر هەموو ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە پێویستە وەرگێڕ، دەقێك بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرێت کە بە دڵی خۆی بێت، حەزی لێبکات بە ئاسانی تێکەڵاوی ببێت تا کارەکەی پوختە و جوان و ڕوون و ڕەوان دەربچێت، دەنا کارەکەی دەبێت بە بێگار و سوخرە و جەڵەبی و بێ ڕەونەق دەردەچێت و هەرگیز نزیکترین هاوتای دەقەکەی لە زمانی دووەمدا بۆ بەرهەم نایەتەوە، هەڵبەتە هاوتا دۆزیش بۆ خۆی سەلیقە و شارەزایی و پابەندییەکی زۆری گەرەکە، بۆ نموونە، ئەگەر بەرامبەر وشەیەك یا زاراوەیەکی دەقی یەکەم، لە زمانی دووەمدا سێ چوار هاوتات دۆزییەوە، ئەوسا دەبێ بێی بگەڕێی بزانی لەو سێ چوار هاوتایەدا کامیان پڕ بە پێستی وشە یا زاراوەکەی دەقی یەکەمە و ڕۆحی ئەو دەپارێزێ و مانا و چەمکەکەی زیاتر دەگەیەنێت، جا لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە پەیوەندی پاچڤە و راڤە (تەفسیر) بە ڕادەیەکە ڕەنگە ئەگەر بگوترێ پاچڤە ڕاڤەیەکی سخ وچڕە و ڕاڤە پاچڤەیەکی شاش و نە سفتە، نەبێ بە زیدەڕۆیی، ئەمەش بەو مانایەیە کە وەرگێڕ، ئەوەندی دەرفەتی هەیە پێوستە و حەقە زۆربەی ئەو سەرچاوە سەرەکی و گرینگانەش بخوێنێتەوە کە دەربارەی ئەو دەقەی کە بە نیازە پاچڤەی بکات، وەخوێنێ، تا ڕاز و ڕەمز و نهێنییەکانی پشت دەقەکەشی بۆ ڕوون ببێتەوە و لە وەرگێڕانەکەیدا سوودی لێبدینێ، چونکە کاتێ وەرگێڕ دەچێتە ژێر باری وەرگێڕانی دەقێك ، لە هەر ورد و درشت و تەکنیکێکی دەقەکە، لە ڕواڵەت و نێوەڕۆکی دەقەکە بەرپرسە و دەبێت بە نوێنەری باوەڕپێکراوی دەقەکە و لەوەش زیاتر دەچێتە کلێشە و پێستی نووسەری دەقەکە و دەقەکە دەبێت بە ئەمانەت لەلای ئەم و خیانەت بە ئەمانەت وەکو دەڵێن کاری کردەنی نییە.

بە کورتی و کرمانجی وەرگێڕ دەبێ دەقەکە لە خوێنەر باشتر بناسێت، چونکە وەرگێڕ هەم خوێنەری جدی دەقەکەیە و هەم وەرگێڕی ئەمینی دەقەکەیە، هەر وەرگێڕێك باری ئەم ئەمانەتە نەبات نابێت بچێتە ژێری، دەنا ئۆباڵی نووسەر و دەقەکە و خوێنەرانی زمانی دووەمیشی دەکەوێتە ئەستۆ.. کەواتە پاچڤە کارێکی میکانیکی ڕۆتینی ئاسایی نییە، بەڵکو بە تایبەتی لە ڕووی زمان و مامەڵەی زمانەوانییەوە، جۆرە داهێنانێکە، چونکە

پاچڤە لە هەمان کاتدا هەڵوەشاندنەوەی دەقێکە لە زمانی یەکەمدا و خولقاندنەوەی هەمان دەقە بە هەمان کەرەستە و ڕەگەزی خۆی، لە زمانی دووەمدا و بە گوێرەی دەستوور و ڕێزمان و تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی زمانی دووەم کە ئەمە لە ڕووی مامەڵەی زمانەوانییەوە جۆرە توانایەکی فیلیڤانی گەرەکە، خۆ پاچڤەی دەقە فیلیڤانییە ئەدەبییە خەیاڵئامێز و خەیاڵ ئەنگێزەکان، بۆ خۆی جۆرە خولقاندنەوەیەکی داهێنەرانەیە، چونکە لە دەقی فیلیڤانی ئەدەبیدا، خەیاڵ و فەنتازیا و تەکنیك و ئیستاتیکا و بە کورتی و کرمانجی زیاتر هونەرییەت و ئەدەبیەت مەبەستە تا پەیام و گەیاندنی پەیام، بۆیە وەرگێڕ دەبێت ببێت بە شەریکی ڕوحی تێکڕای ئەو خەون و خەیاڵ و فەنتازیا و تەکنیك و لەزەتەئیستاتیکی و ئەدەبییەی کە لە خودی دەقەکەدا هەیە و ڕواڵەت و ناوەڕۆکی دەقەکەی تەنیوە، تا بتوانێت هەمان ئەو لەزەتە ئیستاتیکی و ڕوحییە بۆ خوێنەرێن زمانی دووەم، بە هەمان هونەریەتی زمانی یەکەم بگوازێتەوە، کە ئەمە بە بێ بەهرەی هونەری قەت مەیسەر نابێت.. دەقی ئەدەبی هەم هونەری زمانەوانی تیایە و هەم هونەری ئەدەبی ، بەڵام دەقێن غەیرە ئەدەبی، ڕەنگە زۆر کەڕەت هونەری زمانەوانی تیا هەبێت، بەڵام هونەری ئەدەبی فیلیڤانی تیا نییە، چونکە زمان لەم جۆرە دەقە نا ئەدەبیانەدا، زیاتر زمانێکی ستانداردی ئاساییە و پردی گواستنەوەی پەیامە و لە خەون و خەیاڵ و فەنتازیا بە دوورە.

بە هەر حاڵ وەرگێڕ دەبێت بە زمانی دووەم کاری وەرگێڕان بکات و خوێنەرێکی لە زەبر و جدی و پەیگیر بێت، هەر کەسێك باگراوندێکی دەوڵەمەند و باشی خوێندنەوەی نەبێت و مل بە پاچڤەوە بنێت، هەم غەدر لە خۆی و هەم غەدر لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەم دەکات.. زمان کە بە هەڵە بەکار برا، هاوار دەکات، هەست بە جۆرە سوکایەتییەك دەکات، ئەوەی سوکایەتی بە زمان و چۆنیەتی بەکار بردنی بکات، زمان لێی هەڵدەگەڕێتەوە و نەك سوکایەتی پێدەکاتەوە بگرە تووشی ڕیسوا بوونیشی دەکات، بۆیە وەرگێڕ و هەر کەسێکی ئەهلی قەڵەم، دەبێ بەو چاوەوە بڕواننە زمان و مامەڵەی لەتەکدا بکەن کە بوونەوەرێکی زندووە، هەڵبەتە وەرگێڕ.. وەرگێڕ بۆ کوردیم مەبەستە.. دەبێت بە بەردەوامی کەلەپووری

ڕەسەنی میللەتی خۆی چ فۆلکلۆر و چ نووسرا و دەور بکاتەوە، تا توانای گوزارشت و دەربڕینی خۆی دەوڵەمەند بکات و زمانەکەی مشت و ماڵ بدات و سیقال بکاتەوە و توانایەکی زیاتری زمانەوانی پەیدا بکات..

هەڵبەتە بۆ وەرگێڕ زاڵی بەسەر بابەتی ئەو دەقەدا کە دەیەوێ وەری بگێڕێت، ئەگەر لە مەرجی زانینی دوو زمانەکە گرنگتر نەبێت، ئەوا هیچی کەمتر نییە، بۆ نموونە ئەگەر دەقێك بدرێت بە دوو وەرگێڕ کە هەردووکیان لە یەك ئاستی زانینی هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا بن، بێگومان ئەوەیان کە باشتر لە بابەتی دەقەکە حاڵی بووبێت، باشتری پاچڤە دەکات تا لەوەی تریان.. دیارە ئەم سێ مەرجە واتە شارەزایی لە زمانی یەکەم و دووەم و زاڵی بەسەر بابەتی دەقدا بەس نییە بۆ ئەوەی وەرگێڕی چاك بیت، بەڵکو شارەزایی لە فەن و فێڵ و ڕاز و ڕەمزی هونەری پاچڤەش مەرجێکی زۆر گرینگە.. ئەوەی شارەزایی لە هونەری وەرگێڕاندا نەبێت، هەموو مەرجەکانی دیکەشی تیابێت هەر نابێت بە وەرگێڕی چاك، شارەزایی لە هونەری وەرگێڕاندا بە مومارەسە و سوور بوون لە سەر فێربوونی دێتە دی و مەرجی فێربوونیش، حەز وکۆڵ نەدانە، لەزەت بینینە لەو ئیشەی دەتەوێت فێری بیت، بۆ نموونە ئەگەر وەرگێڕێك. لەزەت لە پاچڤەکردن نەبینێ و بە لەزەتەوە مومارەسەی نەکات، زۆر زەحمەتە لەو بوارەدا سەربکەوێت، دەبێ بەو نەفەسە مامەڵە دەگەڵ پاچڤەدا بکات، کە ئەگەر لە کاری نووسین زیاتر نەبێت، هیچی کەمتر نییە، کە بە دڵنیاییەوە پاچڤە لە زۆر ڕووەوە لە نووسین قورسترە.

هەڵبەتە وەرگێڕان تێکەڵەیەکە لە وردی زانست ، ناسکی هونەر، لە بەهرە و سەلیقەی ئەفراندن و توانای نووسەرایەتی بەڵام بە ناسنامەی پاچڤە و وەرگێڕان.. وەرگێر جگە لەو پێش مەرجانەی کە لە پێشترەوە ئاماژەمان بۆ کردوون، دەبێت بەهرە و توانای نووسینی هەبێت، خۆ ئەگەر نووسەرێکی لەزەبریش نەبێ، ئەوا دەبێت نیمچە نووسەر و دەستێکی باڵای لە هونەری نووسیندا هەبێت، لە نهێنی و وردەکارییەکانی زمان ئاگادار بێت، بابەتی وەرگێڕانەکەی بە دروستی تێبگات و بخوێنێتەوە و نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا گوزارشت لە بیر و بۆچوون و هزرینی

خۆی ناکات، ناتوانێت لەو هزر و بیرانە دەربچێت کە لە خودی دەقەکەدا هەن، چونکە پابەندە بەو دەقەوە کە کەسێکی دی بەرهەمی هێناوە، واتە چەندێتی و چۆنایەتی دەقەکە لە زمانی دووەمدا بە گوێرەی یاسا و ڕێسای زمانی دووەم بخولقێنێتەوە و دەقایەتی دەقەکەش بپارێزێت.. کەواتە پاچڤەش بۆ خۆی بە مانا بەرینەکەی کاری نووسین، جۆرە هونەرێکی نووسەرایەتییە، واتە مەرج نییە هەر نووسەر بەهرە و توانایەکی فراوانی زمانەوانی- ئەدەبی و توانای داڕشتنی جوان و خۆشخوان و خاوەنی بەلاغەت و فەساحەت، ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی و جوانکاری هەبێت، بەڵکو وەرگێڕیش دەبێت هەمان ئەو بەهرە و توانایانەی هەبێت و بتوانێت بە زەبری ئەو بەهرە و توانایانە بە سەلامەتی لە مینجاڕی پاچڤە دەربچێت.

ڕەنگە هەموو نووسەرێك نەتوانێ ببێت بە وەرگێڕ، بەڵام هەر وەرگێڕێك دەبێت بەهرە و توانای نووسینی تێدا بێت.. یانی ئەگەر نووسین ئەفراندن بێت، ئەوا وەرگێڕان دەکاتە ئەفراندنەوەی نزیکترین هاوتای ئەو دەقەی کە دێتە وەرگێڕان، بگرە ئەگەر بگوترێت وەرگێڕ پێویستە توانا و بەهرەیەکی نووسینەوانی زیاتری لە نووسەر هەبێت، ڕەنگە نەبێت بە زیادەڕۆیی.. چونکە نووسەر لە شێواز و ستایل و دەربڕین و گوزارشت و بەرجەستەکردنی بەرهەمەکەیدا ئازاد بووە، بەڵام وەرگێڕ لە دنیایەکدا کار دەکات کە لە لایەن کەسێکی دیکەوە خولقێنراوە،قاڵب و فۆڕمی تایبەتی پێدراوە، تێمەو نێوەڕۆك و پەیامی دڵخوازی نووسەری لێ بارکراوە. ئیدی وەرگێر چاری ناچارە دەبێ مامەڵە دەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات و شارەزایانە ئەو دنیا پێشوەختە خولقێنراوە هەڵوەشێنێتەوە و بە هەمان کەرەستە و دار و پەردوو لە زمانی دووەمدا، هونەرمەندانە و بە جۆرێ بخولقێنێتەوە کە لە ڕووی تەکنیك و هونەرکاری و وردەکارییەوە هاوتای دەقی یەکەم بکاتەوە، واتە وەرگێر خۆ بە خۆ دەبێت بە پەیڤداری نووسەری یەکەمی دەقەکە و ئامانەتداری کارەکە وای لێدەخوازێت لە دەقەکە لانەدات، واتە دەقەکە یاسا و ڕێسا و چۆنیەتی کارکردنی وەرگێڕەکە دەسەپێنێت.. هەڵبەت مەرج نییە بەهرەمەندی وەرگێڕ لە زەوق و توانای نووسەریدا، هەر لە چوارچێوەی ئەدەبی و ژانرە ئەدەبییەکانی وەکو چیرۆك و ڕۆمان و شیعردا بێت، بەڵکو ئەو وەرگێڕ و پاچڤەوانانەش کە لە بوارە زانستی و تەکنەلۆژیەکانیشدا کار

دەکەن، دەبێت ئەو زەوق و بەهرە و توانا نووسینەوانییەیان هەبێت، چونکە دەق کە بە زمان دێتە بەرجەستە کردن لەو ڕوانگەیەوە بەرهەمێکی زمانەوانی- ئەدەبییە ووەرگێڕانیش لەو حاڵەتەدا دەکاتە دووبارە ئەفراندنەوەیەکی زمانەوانی- ئەدەبی.

جا بەم پێودانگە، پاچڤەی باش (بۆ کوردی) ئەوەیە کوردی بێت، لە ڕاستە نووسینی کوردی بچێت. مەبەست ئەوەیە کە بۆنی پاچڤەی لێنەیات، یان کەمترین بۆنی پاچڤەی لێبێت، واتە شەقڵ و نەفەسی یارۆی وەرگێڕی پێوە دیار نەبێت، چونکە وەکو پێشتریش باسمان کرد وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا گوزارشت لە بیروبۆچوون و هزرینی خۆی ناکات، ناتوانێت لەو هزر و بیرانە دەربچێت کە لە خودی دەقەکەدا هەن، چونکە پابەندە بەو دەقەوە کە کەسێکی دی بەرهەمی هێناوە، واتە چەندیەتی و چۆنایەتی دەقەکە لە زمانی دووەمدا، بە گوێرەی یاسا و ڕێسای زمانی دووەم بخولقێنێتەوە و دەقایەتی دەقەکە بپارێزێت . یانی نەفەسی وەرگێڕی پێوە دیار نەبێت،پاچڤەیەکی وشە بە وشەی وشك و مردوو بێ گیان و شەقوشڕ نەبێت، ڕوون و ڕەوان و خۆشخوێن بێت، تیمە و ناوەڕۆك و بابەتی دەقەکە بە ئاسانی و ڕوونی بنوێنێتەوە و وردەکاری و ناسککاری و تەکنیك و هونەرکارییەکانی دەقە ئەسڵییەکە لە زمانی دووەمدا بنوێنێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر نووسەری دەقەکە لە شوێنێکدا دەربڕینێکی شاعیرانەی بەکار بردبێ، بە هەمان نەفەسی شاعیرانە پاچڤە بکرێتەوە یان ئەگەر نووسەر تەنز و ساتێری بەکار بردبێت، هەمان حاڵەتی تەنزئامێز لە پاچڤەکەشدا ڕەنگ بداتەوە.. یان ئەگەر نووسەر لەبەر هەر هۆیەك یان بە هەر مەبەستێك لە هەندێ شوێنی دەقەکەیدا زمانی کلاسیك، یان کۆن، یان قورس یان زمانی عامیانەی بەکار بردبێت، دەبێت هەموو ئەو حاڵەتانە لە زمانی دووەمدا ڕەنگبداتەوە، دەنا وەرگێڕانێکی ڕووت و قووت و بێگیان و بێ هەوراز و نشێوی بێ ناوەڕۆك ، دەکاتە بێگار و هیچ خزمەتیك بە بزووتنەوەی کەلتووری و ئەپستمۆلۆژی ناکات، هەروەها لە وەرگێڕاندا دەبێت ئەوەش دەربخرێت کە نووسەر چی گوتووە و چۆنی گوتووە و تەنانەت ئەوەش دەربکەوێت کە ویستوویەتی چ بڵێت، لە نێو وەرگێڕ و پاچڤەوانەکاندا، تەنانەت لەنێو ناودارانی ئەهلی پاچڤەشدا، هەندێك هەن کە هەر

بەرهەمێك چەندیش لە رووی ستایل و شێوە و ناوەڕۆكیشەوە جیاواز بن، بە هەمان شێوە و ستایلی خۆیانەوە پاچڤە دەكەن، كە ئەمەش پاچڤەیەكی میكانیكی نا پەسەند و نا سەركەوتووە، چونكە ڕۆح و هەناسەی وەرگێڕی لێبارکراو، هەڵبەت هەندێك دەق هەن لە ئیجادی ئاڵۆز و گۆنگن ، سەخت و دێرفامن ، وەرگێڕ چی بكات، ئەوەندی لەسەرە كارێك بكات كە ئاڵۆزی وگۆنگی پاچڤەكەی لە هی دەقە ئەسڵییەكە زیاتر نەبێت، ئاڵۆزی وگۆنگی دەق و پاچڤەی ئەم جۆرە بەرهەمانە، دەبێت بە كۆمەكی ڕاڤە و شرۆڤە و پەراوێز نووسی چارەسەر بكرێت.

بەندە پێموایە خوێنەر دەبێت لە خوێندنەوەدا زۆر هەستیار بێت و بە نەفەسی ڕەخنەییەوە بخوێنێتەوە و بتوانێت موناقەشەی ئەو دەقە بكات كە دەیخوێنیتەوە و لە دوا ئەنجامدا هەڵسەنگاندنی بۆ بكات و داوەری دەربارەی سەركەوتن و ناكامییەكانی بكات، جا لێرەدا كە باسەكەمان باسی وەرگێڕانە، گومان لەوەدا نییە كە خوێنەرێك كە بە خۆی زمانزان بێت یان پاچڤەوان بێت، باشتر داوەری پێدەكرێت، كاتێ كە بەرهەمێكی پاچڤە كراو دەخوێنیتەوە بەتەمایە بە ڕاستە ڕێگایەكی خۆش و هەمواردا بڕوات، كاتێ لە قۆناغی یەكەمی ڕێگاكەدا یان لە نیوەی ڕێگاكەدا، یان لە هەر قۆناغێكی ڕێگاكەدا، كۆسپ و تەگەرە و هەوراز و نشێوی لەناكاو و چاوڕوان نەكراوی دێتە پێشێ یەكسەر دڵی خەبەر دەدات كە ئەم ماستە موویەكی تێدایە و دەكەوێتە گومانەوە و وەكو خوێنەرێكی فاما و شارەزا و ئەزمووندار، داوەری خۆی دەكات، یان هەندێجار تووشی دەبێت بە تووشی هەندێ ڕستەی ناباو و ناسازی گومان ئەنگێزی ئەوتۆوە كە خۆی شەرعی خۆی دەكات.. یان جاری وا هەیە نامیلكەیەكی بچووك لە زمانی دووەمدا بووە بە كتێبێكی قەبە و ئەستوور، كە ئەمەش بۆ خۆی گومان چێدەكات و جێگەی گومانە،، بە تایبەتی ئەگەر ژمارەی ئەلفبای زمانی یەكەم ودووەمی دەقەكە بە قەد یەك بن یان زۆر لە یەكدی نزیك بن... ئەمە جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری كاری وەرگێڕان لەلای ئێمە لە زمانی یەكەمی دەقەكەوە نەكراوە، بەڵكو لە زمانی دووەم و هەندێجار لە زمانی سێیەمەوە دەكرێن، لەم حاڵەتەدا دەقەكە هەتا دەگاتە لای ئێمە، تەواو كاڵ دەبێتەوە و خوێنەر هەم بە گومان و هەم بە نەبەدڵی و ناچاری پێشوازی دەكات و حەقی

خۆشییەتی، جا وەرگێڕ بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم حاڵەتە، دەبێ بە ئیحتوبارترین پاچڤە بکات بە سەرچاوەی کارەکەی و لەگەڵ پڕ ئیحتوبارترین پاچڤەی دیکەدا لە زمانێکی دیدا بەراوردی بکات، بۆ نموونە ئەگەر دەقێکی ئینگلیزی کرابوو بە عەرەبی و کوردێك لە عەرەبییەوە بیکات بە کوردی، حەقە لەگەڵ تەرجەمە فارسییەکەی یان تورکییەکەی هەمان دەقدا بەراوردی بکات، ئەگەر بۆ نموونە یەکێ لەو دوو زمانەش بزانێت، یان پاچڤەکەی بدات بە کەسێك کە زمانی یەکەمی دەقەکە بزانێت تا بەراوردی بکات و پێداچوونەوەی بۆ بکات، ئەم کارە هەم نیشانەی ئەمانتدارییە و هەم متمانەی خوێنەر بەدەست دێنێت، ڕاستە هەندێجار پاچڤەیەکی خراپ، نا ئەمین، بە گەرمی لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازی لێ دەکرێت، هۆی ئەمە ئەوەیە کە وەرگێڕەکە هەرچەندە ئەمین و ورد نییە، بالام قەڵەم و ئینشایەکی باشی هەیە، دیارە ئەمە زیاتر لە بەرهەمێن عەواMپەسەندا دەردەکەوێت و بەسەر خوێنەرێن ئاسایی و کول سەرنجدا تێدەپەڕێت، دەنا بەرهەمێك لە ئاستێکی ئەکادیمی و بەرزدا بێت، خوێنەری جدی و تیژ سەرنجی دەوێت و بە ئاسانی بەسەر خوێنەردا تێناپەڕێت، بۆیە مەرج نییە گەرمی بازاڕ و فرە خوێنەری بەرهەمێك نیشانەی سەرکەوتن بێت.

بەهەر حاڵ پاچڤە بە گوێرەی بابەتی پاچڤەکە دەگۆڕێت، وەکو چۆن هەر بابەتێك بەدەم چێبوونەوە زمان و ستایل و ئاستی خۆی بەرهەم دێنی، بەو ئاوایەش لە پاچڤەدا ڕەنگ دەداتەوە، خوێنەریش ئاستی جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە خوێنەرێن بەرهەمێن ڕۆمانسی سادە، ناتوانن بەرهەمێکی پاچڤەکراوی فەلسەفی زەحمەت و دژوار و دێرفام بخوێننەوە و لەزەتی لێ بدینن، لە کاتێکدا بەرهەمەکە لە بنەڕەتدا بۆ خەڵکانێکی دەستەبژێر نووسراوە.

گرینگ ئەوەیە وەرگێڕ، بە دروستی و ئەمانەتەوە کارەکەی خۆی ئەنجام بدات، ئیدی هەر بەرهەمە خوێنەری خۆی پەیدا دەکات، چونکە خۆی دەزانێت چ بەرهەمێك بابەتی زەوق و حەزی ئەوە، چ بابەتێك کەڵکەڵە و خولیا ئەبستمۆلۆجییەکانی ئەو تێر و پاراو دەکات، چونکە خوێندنەوە تەنیا بۆ لەزەت و کات بەسەر بردن نییە.

دیاره هەبوونی ڕەخنە، دیاردەیەکی شارستانی پێشکەوتووە و نیشانەی دیموکراتیەت و قبوڵکردنی یەکدییە، ڕەخنە ئەگەر بە نیاز پاکی و بابەتیانە و بە مەبەستی خەمخۆری بۆ تێکڕای بزووتنەوەی ئەپستمۆلۆژی بێتە نووسین، دەبێتە پشتیوانێکی گەورەی ئەرێنی هەم بۆ وەرگێڕ و هەم بۆ خوێنەر و هەم دەبێت بە پاسەوانی ئەمینی بزوتنەوە کەلتووری و ئەپستمۆلۆژییەکە، لێ مخابن ڕەخنە لای ئیمەی کورد وەکو هەموو کایە و وارە ئەپستمۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی دیکە هێشتا زۆر کۆرپەیە و هێشتا لە ڕق و حەزی شەخسی دەرباز نەبووە، کە ئەمە زادەی دیکتاتۆریەتی زەینی و قەبوڵنەکردنی یەکدییە، ڕەخنەگری لای ئێمە ئەوەندەی سەروکاری دەگەڵ خودی نووسەر یان وەرگێڕدایە، ئەویش بە زمانێکی زبری بازاڕی پڕ لە تانە و تەشەر و تەوس و توانج، دێت هەندێك عومومیاتگۆیی بەناوی ڕەخنەوە بە خوێنەر دەفرۆشێت و خۆی زۆر لە نووسەر یان پاچڤەوانەکە بە گەورەتر دەزانێ و غافڵە لەوەی کە سەر و سەختی ئەو دەگەڵ خودی دەقەکەدایە نەك پاچڤەوانەکە، دەوری ئەو دەوری قازییە، قازیش دەبێت هەموو مەرجێکی قەزاوەت و قازیەتی تیا بێت، ودەبێت لە حوکمەکانیا هەم بێلایەن بێت و هەم خەمسارد و بێپەرواو و بێ ئینساف نەبێت... بۆیە لە دنیای پاچڤەدا ئەو ڕەخنەگرانە حەقی ڕەخنەگرتنیان هەیە کە هەموو مەرجێکی ڕەخنەگریان تیا بێت، کە یەکێك لەو مەرجانە ئەوەیە بە خۆی دەستی پاچڤەی هەبێت، دەنا لەوەیە داوای مەحاڵ لە وەرگێڕ بکات و هەزار و یەك پەڵپ و بیانووی نالۆژیکی پێبگرێت.. نەبوونی ڕەخنە لە هەر بوارێکی ژیاندا بێ ، دیاردەیەکی نەرێنی و ناپەسەندە، هیچ دیاردە و ڕووداو و شتێك لە سەرووی ڕەخنەوە نییە، ڕەخنەی بابەتیانەی بە ئینساف و زانستیانە، دەتکات بە شەریکی شەرعی و متمانە پێکراوی هەردوولای هەر هاوکێشەیەکی ئەپستمۆلۆژی.. بەڵام ئەوەی لای ئێمە زۆر زەق و دیارە،قەبووڵ نەکردنی یەکدییە، ڕەخنەگرەکانمان زۆر چیکڵدانە تەنگ و فیشاڵباز و لە خۆ ڕازین و بە نەفەسی دادگاییکردن و لە قافا گرتن و شکاندنی نووسەر یان وەرگێڕ کار دەکەن و مێشیان لێدەکەن بە گامێش و ئەوەندەی مامەڵە لەگەڵ خودی نووسەر یان وەرگێڕ دەکەن، خۆ لە قەرەی دەقەکە نادەن ، دێن لە ڕێگای هەندێك عومومیاتگۆیی کلێشەییەوە هەم

دەقەکە زندە بەچاڵ دەکەن و هەم خوێنەر چەواشە دەکەن و بەدەر لە هەر پێوەر و پێوانە و ویژدان و ئینسافێکی ڕەخنەیی، بازوو نوێنی ڕۆشنبیری خۆیان دەکەن . دیارە بەمە ناوترێ ڕەخنە یان کاری ڕۆشنبیری، بگرە جۆرە مشەخۆرییەکی حەرامە بە سەر پرۆسەی ڕۆشنبیرییەوە.. لەملاشەوە خوا حەقە، زۆربەی نوسەر و وەرگێڕەکانمان لەوە دڵناسکتر و خۆ نەناسترن، تەنانەت بۆچوونی حەق و بەجێ و بونیادنەریش بە ئاسانی قەبووڵ بکەن.. ئیدی دیکتاتۆریەتە زەینییەکە زاڵە زاڵ..

"٣"

پاچڤە جگە لەوەی گرنگترین گفتوگۆی نێوان شارستانیانی جیاوازە، یەکێکە لە زەرورەتە کەلتووری و ئەپستمۆلۆژیەکان، چونکە پاچڤە تەنیا پاچڤەی دەقێك نییە و تەواو، بەڵکو گوێزانەوەی جیهانبینی و فەرهەنگیشە، میللەتان بەیەك دەناسێنێ و ڕێگا ئەپستمۆلۆژییەکانی نێوانیان قەدبڕ دەکەن و دەبن بە شەریکی بەرهەمهێنانی مێژوو و کارە ئەپستمۆلۆژییەکانی تیرەی بەشەر و لێکدی نزیکبوونەوەی کۆمەڵگە جیاوازەکان .پاچڤەی بەرنامەداری بەرهەمێن بەرجەستەی ئەدەبی و زانستی و فیکری و فەلسەفی، بە زمانی ڕوون و ڕەوان و ئەمین، یەکێکە لە فاکتەر و کۆڵەکە گرینگەکانی ڕێنیسانسی هەمەلایەنەی میللەتان، واتە تازەبوونەوە و ڕێنیسانس لە هەموو سەردەمێکدا قەرزارباری وەرگێڕان و پاچڤە بووە، جا لێرەدا هەر پاچڤەی ڕوون و ڕەوان و ئەمین لە زمانانی بیانییەوە بۆ سەر زمانی کوردی بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو لە زمانی کوردیشەوە بۆ سەر زمانانانی بیانی گرینگە و پێویستە، هەڵبەتە دەبێت بەرهەمانێك بۆ زمانانی بیانی بێنە پاچڤە کە گرینگی و کاریگەریی ڕۆشنبیری و مێژوویيان هەبێت و ڕووی مەجلیسی فەرهەنگ و کەلتووری تیرەی بەشەریان هەبێت و پێشوازی ئەپستمۆلۆژیان لێبکرێت ودەروازەیەك بێت بۆ ئاشنایەتی شارستانی و کەلتووری.

جا لێرەدا جێی خۆیەتی بە شێوەیەکی ڕەوتەنی و خێرا بێینەوە سەر باسی مەرجە سەرەکی و پێویستەکانی پاچڤە و پاچڤەوانی و پاچڤەوان :

١- زانینی زمانی یەکەم، لێرەدا مەبەست لە زانینی هەر زمانێکی بیانییە کە وەرگێڕ پاچڤەی لێوە دەکات بۆ سەر زمانی زگماك و نەتەوەیی خۆی، مەبەست لە زانینی زمان، زمانی ئاسایی و باوی قسەکردن و لێکدی حاڵی بوون نییە، زمانی دابینکردنی پێداویستییە ڕۆژانەکانی ژیان نییە ، بەڵکو مەبەست زمانی بەرهەمهێنانی هونەر و فیکر و فەلسەفە و زانستە، بە هەموو پێچ و پەنا و نهێنی و ڕەمز و رازە زمانەوانییەکانەوە ، چونکە هەر کەسیك زمانی زانی، مەرج نییە زمانزان یان زمانەوان بێت، زۆر کەس زمان دەزانن و خوێنەوار نین، خوێندنەوە و نووسین نازانن.. بە هەرحاڵ خۆ هەموو خوێنەوار و خودان شادەتنامەیەکیش زمانزان نییە، بۆیە ئەوەی دەیەوێت ببێت بە وەرگێڕ ئەگەر خاوەن شادەتنامەی بەرزیش بێت، دەبێ شارەزاییەکی دروست و قووڵ و هۆشیارانەی لە ڕاز و ڕەمز و یاسا و ڕێسا و فەرهەنگ و پەند و قسەی نەستەق و ئیدیۆم و هەموو لق و پۆپ و هەوراز و نشێو و تان و پۆ و ڕێزمان و ڕستەبەندی و چۆنیەتی بەکارهێنانی هەردوو زمانی یەکەم و دووەمی، پرۆسەو کاری پاچڤەدا، هەبێت و لە هەوڵی بەردەوامدا بێت بۆ زیاتر فێربوونی فەرهەنگ و دەستووری زمان، فێربوونی ئەو ئەدەبیات و کەلەپوورەی زمان و لە هەموو ئەمەش گرینگتر بایەخدانی فرەتر بەو کایە ڕۆشنبیرییەی کە دەیەوێت کاری پاچڤەوانی تێدا بکات، خوێنەرێکی جدی و پەیگیر و پشو درێژ و ورد سەرنجی سەرچاوە و دەقێن ئەو کایە ڕۆشنبیرییە بێت کە حەزی لێیەتی و زیاتر کاری تێدا دەکات و ..

٢- زمانی دووەم مەبەست لەو زمانەیە کە پاچڤەی بۆ دەکرێت، کە بە زۆری دەکاتە زمانی زکماك و نەتەوەیی وەرگێڕ، بەڵام خۆ دەشێت وەرگێڕێك چەند زمانێك زۆر باش بزانێت و کاری وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا بکات، کە هیچیان زمانی زکماکی خۆی نەبێت، بۆ نموونە کوردێك لە زمانی ڕووسییەوە بەرهەمێك بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕێت.. بۆ وەرگێڕ پێویستە بە بەردەوامی لە حاڵی فێربوونی زمانی زکماکی خۆشیدا بێت، چونکە ئەو زمانە زکماکەی بە شێوەیەکی خۆڕسك و نائاگاییانە و لە قۆناغی منداڵیدا فێری دەبێت و وەکو زۆربەی خەڵکی کاروباری ڕۆژانەی ژیانی پێ ڕایی دەکات، ئەگەر لە گەورەییدا پەرەی پێنەدات و تیایدا قووڵ و قاڵ نەبێتەوە زۆرجار بەشی ئەوە ناکات کاری پاچڤەی پێ بکات.

٣- بواری پاچڤە، هەڵبەتە هەر وەرگێڕێك بوار و بابەتی دڵخوازی خۆی هەیە لە مەیدانی پاچڤەدا، کایە هونەری و فەلسەفی و ئەپستمۆلۆژی و زانستییەکان ئەوەندە زۆر و بە لق و پۆن، مەحاڵە کە یەك وەرگێڕ چەندیش لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا لە بابەتی ئەو دەقەدا کە ئیشی وەرگێڕانی لە سەر دەکات لە زەبر و بە دەسەڵات بێت، بتوانێ لە هەر هەموو بوار و لقە جیاوازە هونەری و فکری و زانستی و فیلیڤانییەکاندا کاری وەرگێڕان بکات، چەند بەهرەمەند و بە توانا بێت ئەو پەڕی دەتوانێت لە دوو سی بواردا کار بکات.. چونکە مەحاڵە یەك کەس بتوانێت، ئەو هەموو بابەتە جیاوازە هەرس بکات و وەکو پێویست لێیان حاڵی بێت، بۆیە تەماشا دەکەی زۆربەی وەرگێڕان لە یەك بواری کاری پاچڤە و پاچڤەوانیدا کار دەکەن.. ڕەنگە هەندێ کەس لێرەدا ئەو پرسیارەیان لا دروست بێت ئەدی خۆ تۆش لە چەند بواری جیاوازدا کارت کردووە، سەبارەت بە من یەکەم بوارەکان زۆربەی هەرە زۆریان لە چوارچێوەی هونەر و ئەدەبیاتدان و لە یەکدییەوە نزیکن، دووەم هەژاری کتێبخانەی کوردی، سێیەم نەبوونی یان کەمی وەرگێڕ، لە بوارە ئەپستمۆلۆژییەکاندا، چوارەم بەشێکی زۆری ئەوانەی زمان دەزانن تواناو بەهرەی هونەری نووسین و قەڵەمرانیان نییە، بۆیە لە قۆناغی هەوەڵی بزافی پاچڤەوانی کوردیدا، تا کادری باش لە بوارە ئەپستمۆلۆجییە جیاوازەکاندا پەیدا دەبن و پێدەگەن، ئەو ئەرکە قورسە بە ملی ئێمەماناندا دێت، بۆیە دەبێت هەموو وەرگێڕێکی باش، یان نووسەر بێت، یان توانا و بەهرە و زەوق و سەلیقەی نووسینی هەبێت، واتە هەموو وەرگێڕێکی باش حوکمە نووسەر بێت یان دەستی نووسینی هەبێت، بەڵام نووسەر حوکم نییە وەرگێڕ بێت.. بەم پێودانگە ئەگەر کەسێك بە گویرەی پێویست و بەش بە حاڵی کاری پاچڤە، هەردوو زمانی یەکەم و دووەم بزانێت و شارەزایی پێویستی لەو دەقەدا هەبێت کە دەیەوێت ئیشی وەرگێڕانی لەسەر بکات، ئەگەر توانا و بەهرەی هونەری نووسین و قەڵەمرانی نەبێت، نە خێر بۆ خوێنەر دەداتەوە و نە دەبێت بە وەرگێڕی باش، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر کەسێك بیەویت ببێت بە وەرگێڕ وەکو پێشتر ئاماژەمان کردووەتێ، دەبێت لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا، خوێنەرێکی جدی و بە حەوسەڵە و پشو درێژ بێت، ئەدەبیاتی کۆن و نویی هەردوو زمانەکە بە نەفەسی

فێرخوازییەوە بخوێنیتەوە و پەیگیرییان بکات، بە تایبەتی زمانی دووەم، واتە ئەو زمانەی کە بەرهەمەکەی بۆ وەردەگێڕێت، هەڵبەتە پاچڤە ئەگەر سنعەتیش بێت سنعەتێکی هونەر ئامێزە، واتە تێکەڵەیەکە لە وردی زانست، ناسکی هونەر، لە بەهرە و سەلیقەی ئەفراندن و توانای قەڵەمڕانی، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێر.

ئەگەر ئەفراندنێکی خالیسە نەبێت ئەوا لە زمانی دووەمدا دووبارە ئەفراندنەوەیە.. پاچڤە وەختێ دەگاتە لوتکە کە ئەگەر خاوەن دەقە ئەسڵەکە بۆ نموونە بە خۆی زمانی دووەمی زانیبا، هەر بەو ئاوایە دەقەکەی خۆی دابڕشتباوە.. خوێنەر وا هەست بکات ئەم دەقە پاچڤە کراوە، بە زمانی زکماکی ئەو هاتووەتە نووسین و لەزەتێکی ئیستاتیکی تەواو لە خوێندنەوەی بدینێت.. ئەمەش بەوە دیتە دی کە وەرگێڕ کارامەییەکی تەواوی لە هەردو زمانەکەدا هەبێت، بابەتی پاچڤەکەی بابەتی دڵخوازی خۆی بێت، فەرهەنگێکی زمانەوانی دەوڵەمەندی هەبێت، توانایەکی قەڵەمرانی باشی هەبێت و قەڵەم و ئینشایەکی ڕوون و ڕەوان و جوان و پاراو و خۆشخوێنی ئەوتۆی هەبێت، کە پاچڤەکەی لە سەنعەتێکی سادەی وشکی بێگیانەوە بگەیەنێتە لوتکەی هونەرێکی زندوو و بۆنی پاچڤەی لێنەیەت، هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بە زاراوە و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان بکرێت، کە لە تێکڕای زمانانی دنیادا هەن.. ئیدیۆم جاری وا هەیە وشەیەکی سەربەخۆیە، یان لێکدراوە، یان دارژاوە، یان دەستەواژەیەکە یان نیمچە ڕستەیەکە.. جا بە زۆری مانای حەقیقی و مانای خوازەیی ( مەجازی) هەیە، وەرگێڕ دەبێت لە زمانی دووەمدا هاوتایان بۆ بدۆزیتەوە نەك پاچڤەی وشە بە وشەیان بکات، بۆ ئەم هاوتا دۆزییەش دەبێت زۆر هەستیار بێت وبزانێت هاوتای دروستیان لە وەرگێرانەکەیدا بدۆزیتەوە و بەکاری بەرێت، ئەگەر هاوتای ئیدیۆم یان پەندەکە یان قسە نەستەقەکەی نەدۆزییەوە، ئەوا بە گوێرەی ڕەوتی دەقە ئەسڵەکە ماناکەی پاچڤە بکات و دەتوانێت لە پەراویزدا دەقی ئیدیۆمەکە یان پەندەکە.. هتد بە شەرح و شرۆڤەوە دابنێت .ئەمە جگە لەوەی دەبێت ئەوە بزانێت کە هیچ وەرگێڕێك چەندیش لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا بە توانا بێت و لە باری فەرهەنگی وشەزانییەوە دەوڵەمەند بێت، ناکرێ

پەنا وەبەر فەرهەنگانی یەك زمانە و دوو زمانە و زیاتر نەبات ، بەکارهێنانی فەرهەنگ یەکێکە لە مەرج و پێداویستییە گرینگەکانی کاری پاچڤەوانی.. بە تایبەت فەرهەنگی یەك زمانە کە زیاتر مانای وشەکانت دەداتێ زۆر جار وشەش دەخاتە ڕستەوە، بەڵام فەرهەنگی دوو زمانە یان زیاتر، پتر هاوتا و هاومانای وشەکانت دەداتێ، کە لەگینە هیچ یەکێك لەو هاوتایانە پڕ بە پێستی ئەو چەمك و مانایە نەبێت کە تۆ گەرەکتە.. بێگومان پاچڤە کارێکە لە نووسین قورستر، مەسئولیەتە بەرامبەر بە نووسەری دەقە ئەسلەکە، بە پەیامی دەقە ئەسڵەکە، بە فۆڕم و شێوەی دەقەکە و بەرانبەر بە خوێنەرانی دەقەکە، لە زمانی دووەمدا ، ئەمەش وا دەخوازیت کە وەرگێڕ جۆرەها فەرهەنگی زمان و زاراوە، ئیدیۆم، پەند، قسەی نەستەق و ئینسایکلوپیدیای گشتی و تایبەتی، فەرهەنگی ئەدەبیات، دائیرەتول مەعاریفی زانستە جۆرا و جۆرەکان، مێژوو، جوگرافیا، ناودارانی بوارە ئەپستمۆلۆژییەکان.. زانستنامەی ( مەوسوعە ) هەمە جۆری لەبەر دەستدا بێت، بە کورتییەکەی وەرگێڕ دەبێت توێژەر یان نیمچە تویژەریش بێت، بە تایبەت کە لە پاچڤەی زۆر بەرهەم و دەقدا، پەراویز نووسی و داخۆیان و ڕوونکردنەوە، لە کۆتایی هەر فەسڵێکدا یان لە کۆتایی کتێبەکەدا، یەکێکە لە ئەرکە ئەخلاقی و پیشەییەکانی وەرگێڕ، ئیدی ئەو پەراوێز و ڕوونکردنەوانە دەربارەی ناساندنی ئەعلام بێ، داتاشینی وشە و زاراوە بێ، یان ڕوونکردنەوەی هەندێك لایەنی گۆنك و ناڕوونی دەقەکە بێت، یان ڕێنووسی وشەیەك، ناوێکی تایبەتی بێ، کە مەرج نییە لە دەقە ئەسڵییەکەدا هەبێت، بەڵام بۆ خوێنەرانی زمانی دووەمی دەقەکە پێویست بێ...

بە هەر حاڵ وەرگێڕ لە دنیایەکدا کار دەکات کە لەلایەن کەسیکی دییەوە خولقێنراوە، قاڵب و فۆڕمی تایبەتی پێدراوە، تیمە و ناوەڕۆك و پەیامی دڵخوازی نووسەری لێبارکراوە، ئیدی وەرگێڕ چاری ناچارە دەبێ مامەڵە دەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات و شارەزایانە ئەو دنیا پێش وەختە خولقێنراوە هەڵوەشێنێتەوە و بە هەمان دار و پەردوو، لە زمانی دوەمدا هونەرمەندانە و بە جۆرێ بیخولقێنیتەوە کە لە ڕووی تەکنیك و وردەکاری و هونەرکارییەوە هاوتای دەقە ئەسڵییەکە بکاتەوە، واتە وەرگێڕ خۆ بە خۆ دەبێت بە پەیڤدار

و وتەبێژی نووسەری دەقەکە و ئەمانەتداری کار، وای لێدەکات لە دەق لانەدات.. واتە دەقەکە یاسا و ڕێسای چۆنیەتی کارکردنی وەرگێڕەکە دەسەپێنێ.. جا بەو حیسابەی کە وەرگێڕان لەو ڕووەوە کە جۆرە گێڕانەوە و جێگۆڕکێیەکی زمانەوانی- ئەدەبی تێکستێکە، بە زمان و لە ڕێگای زمانەوە و مەحاڵە دوو زمان لەم دنیایەدا هەبن، هەمان وزە و توانای گوزارشتەوانی و دەربڕینیان هەبێت، بۆیە هیچ وەرگێڕانێك چەند وەرگێڕەکەشی لەزەبر و بە توانا بێت، ناشێت لە وردە دەسکاری بخەلەسێت و جا ئەگەر ئەم دەسکارییە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بە مەبەستی ڕوونی و ڕەوانی و خۆشفامی تێکستەکە بێ لە زمانی دووەمدا، حەڵاڵە و بە خەوش دانانرێت..یان هەندیك جار ڕاناوێك بەکار دەبرێت بۆ خوێنەر دیارنییە کە بۆ نێرە یان مێ ، وەرگێڕ بۆی هەیە ئەو ناوەی کە لە دەقەکەدا مەبەستە بخاتە جێی ڕاناوەکە، باچڤە وەکو گوتمان لە ڕووی زمانەوە، سەروسەختی دەگەڵ دوو زماندا هەیە، هەڵبەتە وەکو چۆن دوو بەشەری سەدی سەد وەکو یەك نییە، بەو ئاوایە دوو زمانی وەکو یەك و بە هەمان وزە و توانای گوزارشتەوانی و دەبڕینەوە لە سەرانسەری دنیادا نییە، ئەگەرچی زمانان بە زۆری لە ڕووی بونیادی زمانەوانییەوە، وەکو ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو، فرمان و ئاوەڵفرمان و پیتەوە لێکدی دەچن، بەلام هەر یەکسان و وەکو یەك نین، لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بەشانەی زمانەوە لەناو ڕستەدا زۆر جار تەواو لێکدی دوور دەکەونەوە بە تایبەت ئەو زمانانەی کە لە یەك خێزانە زمان نین، بۆ نموونە زمانی عەرەبی و کوردی کە لە یەك خێزانە زمان نین، سەیر دەکەیت باچڤە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی زەحمەت و دیقەتێکی زیاتری دەوێت، یانی وەرگێڕ دەبێت دەستوور و ڕێزمان و بونیادی ڕستەبەندی لە زمانی دووەمدا (بۆ ئێمە زمانی کوردیە) بە تەواوەتی ڕەچاو بکات و وەرگێڕ دەبێت لە کاتی وەرگێراندا زمانی یەکەم وەستایانە هەڵوەشێنێتەوەو بە هەمان دار و پەرد وو کەرەستە، تێکستەکە لە زمانی دووەمدا و بە گوێرەی یاسا و ڕێسای زمانی دووەم بونیاد بنێتەوە و تێکستایەتی تێکستەکەش بپارێزێت و بۆنی پاچڤەی لێنەیات.

جا بۆ ئەوەی کاری پاچڤە و پاچڤەوانی بۆنی پاچڤەی لێنەیەت، پێویستە پێداچوونەوەی وردی بۆ بکرێت، بە تایبەتی ئەگەر پاچڤەوان تازە کوورە و کار بێت، کە ئەم کارە نەك لە بایەخی کاری پاچڤەکراوەکە کەم ناکاتەوە، بەڵکو سەنگ و ئیحتوباری کارەکە زیاتر دەکات و هەم جۆرە ئەمانەتدارییەکی ئەخلاقی و کەلتووریش دەپارێزێت و هەم متمانەی خوێنەریش بە دەست دێنێت و بازاڕی بەرهەمەکەش گەرم دەکات.. هەڵبەتە مەسەلەی هەڵەچنی و ( هەڵبەتە بە ڕەزامەندی وەرگێڕ) بەراورد کردن و ڕاستکردنەوە و تەنانەت داڕشتنەوەش دەچنە خانەی پێداچوونەوەوە کە پێداچوونەوە ، نەك شەرم نییە، بەڵکو زۆریش پێویستە، لە سەردەمی عەباسییەکاندا،لە سەردەمی هارونە ڕەشید و مەئموندا، خانەی حیکمەت کە مەڵبەندێکی کەلتووری و پاچڤەوانی زۆر گەورە و گرینگ بوو و دیارترین زانا و دانا و ڕۆشنبیرێن ئەو ڕۆژگارە کاریان تێدا دەکرد و دەقی زانستی و فەلسەفییان ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە یا ناڕاستەوخۆ لە سریانییەوە بۆ عەرەبی پاچڤە دەکرد و کۆمەڵێك زمانزان و وەرگێری لەزەبر پێداچوونەوەیان بۆ کارەکانی خانەی ناوبراو دەکرد، هەر بۆیەش لە ئەنجامدا ڕێنیسانسێکی گەورەی لێکەوتەوە، بە درێژایی مێژوو ئەوە ساخ بوەتەوە کە پاچڤە، پاچڤەی درووست و ئەمین، نەك هەر پەیوەندی ڕاسەوخۆی بە تازەبوونەوە و تازەگەرییەوە هەیە، بەڵکو یەکێکە لە فاکتەر و کۆڵەکە گرینگەکانی ڕێنیسانسی هەمەلایەنی میللەتان، واتە تازەبوونەوە لە هەموو سەردەمێکدا قەرزارباری وەرگێران بووە، خۆ ئەگەر کەموکوڕییەك لە یەکێك لە کایە و مەیدانەکانی نوێگەری مۆدیرنیتەدا بەدی بکرێت و هەبێت، یەکێك لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی و کێماسی بواری پاچڤە کە بیر و بۆچوونی گەلانی دیکەی بە دروستی نەگواستوەتەوە یان ئەگەر گواستبێتییەوە بە نیوە چڵی گواستویەتیەوە، کە ئەمەیان کارێکی مەترسیدارە چونکە ئەگەر ویستت میللەتێك کۆڵەوار و داماو بکەیت، بیکەیت بە گەپجاڕی ئاشنا وبێگانە، ئەوا حەقیقەتی لێبشارەوە یان بە نیوەچڵی بیخەرە بەردەستی، هەنگێ خۆ بە خۆ دەپوکێتەوە و لێدەبێتەوە.

با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان ، باسی پێداچوونەوە. پێداچوونەوە دەکاتە هەڵەچنی، ڕاستکردنەوە، بەراورد کردن و تەنانەت داڕشتنەوە و

هەڵگرتنەوەی هەڵە و پاکردنەوەی هەر پەڵەیەکی کارە پاچڤەکراوەکە، کەواتە ئەو کەسەی کە بەدەقی پاچڤەکراودا بچێتەوە پێویستە بەلای کەمەوە لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا، لە بابەتی پاچڤەکەدا بەقەد وەرگێڕەکە شارەزا بێت، خۆ ئەگەر لە وەرگێڕەکە شارەزاتر بێت زۆر باشترە.. دەبێ شارەزاییەکی زۆر باشی لە تەکنیك و هونەری وەرگێڕاندا هەبێت.. ئەرکی پێداچوونەوە بزانێت و ئەوەی کاری پێداچوونەوەی دەقێك دەکات دەبێ هەموو هەڵە زانستی، زمانەوانی، گوزارشتەوانی و ڕێنوسییەکان چاك بکاتەوە، یانی دەقە وەرگێڕدراوەکە گێژە و بێژە بکات و لە هەر هەڵە و پەڵەیەکی زانستی و ڕێنووسی و زمانەوانی و گوزارشتەوانی پاکی بکاتەوە، جاری وا هەیە وەرگێڕێك لە خودی پاچڤەکەیدا، ئەمین و درووستکارە و ئەمانەتی هونەری و زانستی پاراستووە، بەڵام چونکە نووسەر نییە یان ئەزموونی قەلەمرانی کەمە، سەیر دەکەیت لە زمانی دووەمدا دەلەنگێ، لەم حاڵەتەدا دەبێت کارەکەی بدات بە کەسێك کە لە زمانی دووەمدا لەو شارەزاتر و کارامەتر بێت، لەگەڵیا ڕێك بکەویت کە پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ بکات.

هەڵبەتە هەر وەرگێڕێکی دڵسۆزی بواری خۆی پێویستە لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا خوێنەرێکی جدی و شێلگیر و پەیگیر پڕ خوێندنەوە بێت، تەنانەت ئەوانەیش کە لە بواری ئەدەبیات و فیلیڤانیشدا (ابداعی) کار ناکەن، دەبێت ڕۆمان و چیرۆك و ئەدەبیات زۆر بخوێننەوە، تا شارەزاییەکی قووڵ لە زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندا پەیدا بکەن.. هەروەها بێن بەتایبەتی وەرگێرە تازە کارەکانمان، پاچڤەی باشی هەندێ وەرگێڕی باش لەگەڵ دەقە ئەسڵەکەدا بەراورد بکەن تا بزانن چی گوتن و چۆن گوتنی نووسەری دەقەکە، بە چ ئاوایەك بۆ زمانی دووەم گواستراوەتەوە، هەرچەندە وەرگێر لەسەرێتی تایبەتمەندی هەر دەقێك ڕەچاو بکات و تا دەکرێت پابەندی بێت.. بۆ نموونە ئەگەر دەقێك لەلایەن چەند کەسێکەوە پاچڤە بکرێت ئەگەر لە خەسڵەتە گشتییەکانیشیدا بڕێك لێکدی بچن، ئەوا لە هونەرکاری و وردەکاری و تایبەتمەندییەکاندا لێکدی جیا دەبنەوە.. هەڵبەتە ئەمە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جیاوازی توانای وەرگێرەکانەوە هەیە و مەحاڵە هەموویان بە هەمان ئەندازە بچنە پێست و خووی دەقەکە و خاوەن

دەقەکەوە و هەمان خوێندنەوەیان بۆ دەقەکە هەبێت، بەلام لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەشە کە یەك یاسا و میتۆد و شێوازی وەرگێران نییە کە وەرگێر بۆ هەر بابەتە دەقێك بە کاری بەرێت، جا وەرگێڕان کارێکی پڕاکتیکییە، وەکو چۆن لە دەقێکەوە بۆ دەقیکی دی دەگۆڕێت، بەو ئاوایەش لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێکی دی دەگۆڕێت و هەر وەرگێرە بە گویرەی ئەزمونی خۆی مامەڵە دەگەڵ دەقەکەدا دەکات و لە زمانی دووەمدا بەرجەستەی دەکاتەوە، وەرگێڕی کورد، کە دەگاتە ڕستەیەکی هەندێك گۆنك و بڕێك ئاڵۆز دەبێ خێرا ئەم پرسیارە لە خۆی بکات ئەگەر کوردیك ئەو ڕستەیە بڵێت چۆنی دەڵێت؟ کە وەڵامەکەی دۆزییەوە، هەنگێ بەو ئاوایە دایربژێت کە کوردەکە دەیڵێت، خۆ ئەگەر بتوانێ و دەرفەتی هەبێت بەر لەوەی کارەکەی چاپ و بڵاوبکاتەوە، دەستنووسەکەی بۆ کوردی زانێك بخوینێتەوە و بۆچوونەکانی ئەو کوردی زانە بە هەند وەربگرێت، یان هەقە لە کاتی پاچڤەدا خوێنەری کوردی لەبەر چاو بێت و خۆی لە جێگای خوێنەر دابنێت، تا خۆی لەو بەرپرسیارێتییە نەدزێتەوە کە لە هەنبەر خوێنەردا هەیەتی، چونکە وەرگێڕ، بەرانبەر بە نووسەری بەرهەمەکە بە ناوەڕۆك و شێوازی بەرهەمەکە و بەرانبەر بە خوێنەرانی بەرهەمەکە لە زمانی دووەمدا، بەرپرسیارە و چووەتە ژێر باری ئەمانەتێك، کە ناشێ چ لە ڕووی ئەخلاقی و چ لە ڕوی کەلتوورییەوە خیانەتی لێبکات . جا لێرەدا خیانەت بە مانا و چەمکە خوازەییەکەی " مەجازی" مەبەستە نەك بە چەمك ومانا ئەبستراکت و مجەڕەدەکەی، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاگادار کردنەوەی وەرگێرە کە ئەو کارەی دەستی داوەتێ کارێکی زۆر قورس و دژوار و پڕ مەسئولیەتە.. وەرگێر دێت بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی جیاواز دەگوازێتەوە، لە سیستەمێکی زمانەوانی ئاڵۆزەوە بۆ سیستەمێکی ئاڵۆزی دیکەی دەگۆڕێت. هەڵبەتە وەرگێران تەنیا گواستنەوەی چەمك و مانای ورد نییە، بەڵکو گواستنەوەی تۆن و ڕیتم و شێواز و ئاوازیشە، واتە گوێزانەوەی شەقڵی چڕی فۆڕم و نێوەڕۆك و ڕوحی بەرهەمێکە بە زمان و بۆ زمان و لەناو زماندا، ئیدی خۆت حوکم بدە کە ئەمە چ پڕۆسەیەکی دۆنای دۆنی قورس و پڕ مەسئولیەتە! ئیدی وەرگێڕ ناچارە میکانیزمێك بدۆزێتەوە کە هەم ئەمانتداری و پابەندی بە دەقەکەوە

بپارێزێت و  هەم خوێنەر رازی بکات و لە زمانی دووەمدا دەقێکی هاوتای دەقی زمانی یەکەم بخولقێنیتەوە و ئەوجاش لە تۆمەتی خیانەت تەبرێ نابێت، بەلام ئەمە خیانەتێکی حەڵاڵەو ، کورد گوتەنی ناچاری حەرام حەڵاڵ دەکات.

وەکو گوتمان وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی چەمك و مانای ورد نییە بەڵکو گوێزانەوەی زمان و تۆن و ڕیتم و شێواز و ئاوازیشە، واتە وەرگێڕ سەر و سەختی ڕاستەوخۆی دەگەڵ زمان و بەرهەمە زمانەوانییەکاندایە لەگەڵ دوو زمانیشدا نەك یەك زمان، دیارە هەر دەقێکیش زمانی تایبەتی خۆی هەیەو دەقیش لە دەرێی زماندا نییە ، بەڵکو لە ناو زماندا دەق دەگرێت و تایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکات.. بۆیە وەرگێر لە سەرێتی تایبەتمەندی و چۆنیەتی دارشتنی زمانی یەکەمی دەقەکە ڕەچاو بکات و بە زمانێك بۆ زمانی دووەمی بگوازێتەوە دەقا و دەق ئەو زمانە نەبێت کە دەقەکە دەیخوازیت، واتە وەرگێڕ بۆ ئەوەی بتوانێت لە زمانی دووەمدا نزیکترین هاوتای تۆن و زمانی یەکەمی دەقەکە بخولقێنیتەوە، نابێ بە هیچ جۆرێ لە زمان وتۆنی دەقەکە غافڵ بێت.. دیارە مەسەلەی تۆن و زمان شتێکی نەگۆڕ و جێگیر نییە تا وەرگێڕ لە هەموو کارێکی پاچڤەوانی خۆیدا بە هەمان نەفەس و شێواز مامەڵەی لەتەکدا بکات، بەڵکو بە گوێرەی بابەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن  لەگەڵ بابەتەکەدا دەگۆڕێت و هەر بابەتێك تۆن و زمانی تایبەتی خۆی بەرهەم  دێنێت. واتە دۆزینەوەی زمانی دەقەکە مەرجێکی گرینگی سەرکەوتنی کاری پاچڤەیە. بۆیە وەرگێر لە کاری وەرگێڕاندا خاوەن شێواز نییە، نووسەر خاوەن شێوازە و وەرگێڕ جێ پێی ئەو هەڵدەگرێت و هەوڵدەدات بە باشترین شێوە تۆن و زمان و شێوازی ئەو لە زمانی دووەمدا بنوێنێتەوە، بە هەر حاڵ ئەگەر وەرگێڕێك جدی بێت و بە حەزەوە کاری وەرگێران بکات، تۆن و زمان و شێواز و ستایلی خودی دەقەکە دەستی دەگرێت و پێی دەڵێت چۆنی پاچڤە بکات.

هەڵبەتە زمان وەکو بوونەوەرێکی زندوو، لە حاڵی گۆڕانی بەردەوامدایە و بە گوێرەی پێداویستییە حەیاتی و هزری وهونەری و ئەپستمۆلۆژی و تەکنۆلۆژییەکان تازە دەبێتەوە و وشە و زاراوە و دەستەواژەی نوێی دیتە

ناو، چەمك و مانای تازە لە زماندا پەیدا دەبن، دیارە ڕێژەی ئەم گۆرانكارییە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی دیكە، بە گوێرەی بەشداری و حوزووری ئەو زمانە لەناو پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ژیار و شارستانیەتی تیرەی بەشەردا، جیاوازە.. جا سەبارەت بە وەرگێر كە گوتمان ڕاستەوخۆ سەروكاری دەگەڵ زماندا هەیە، دەبێ زۆر بە وردی پەیجۆری ئەو گۆڕانكارییە زمانەوانیانە لە هەردوو زمانی یەكەم و دووەمدا بكات و لە پەیگیری و خوێندنەوەی بەرهەمی هەردوو زمانی یەكەم و دووەم دانەبڕێت و پێویستە لە خەمی خۆ تازە كردنەوەدا بێت، دەنا لە كاروان دوا دەكەویت...

**

دیارە هەر وەرگێڕیك توانای زمانەوانی خۆی دەناسێت و دەقیك بۆ وەرگێران هەڵدەبژێرێت كە لە هەموو ڕوویەكی زمانەوانی و هونەری و تەكنیكی و ئەپستمۆلۆژییەوە دەسەلاتی بەسەردا بشكێت و دەگەڵ سەلیقە و زەوقی ئەودا بگونجێت و لەزەتێكی دەروونی پێ ببەخشێت و لە ڕووی چۆنییەتی وچەندیەتی ڕۆشنبیرییەوە سەنگ و ئیحتوبارێكی شایستەی هەبێت و خێرایی بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری ئەو زمانە ببەخشێت كە بۆی پاچڤە دەكرێت .هەڵبەتە ئەمە سەبر و حەوسەڵە و پشودرێژی دەویت، بۆیە پاچڤەوانانی تازە كار، تا تەواو لە كاری وەرگێراندا قاڵ دەبنەوە، باشتر وایە لە دەقی بچوك و كورتەوە دەست پێبكەن،هەرچەندە هەموو دەقێكی درێژ یان كورت، گێرمە و كێشەی خۆی هەیە، بەلاّم دەقی كورت بە گویرەی كورتییەكەی هەم كێشەی كەمتری دەبێت و هەم كاتی كەمتری لێدەبات، بەلام وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی هەر بەرهەمێكدا پێوسیتە حساب بۆ زەوق و سەلیقەی خۆی بكات و بەدەم كاری وەرگێڕانەوە زەوق و لەزەتی دەروونی لەو بەرهەمە وەربگرێت و خوا خوای بێ بە جوانترین و ڕەوانترین شێوە نیاز و مەبەستی نووسەر بە زمانێكی هاوتای زمانی یەكەمی دەقەكە، بە جۆرێ كە بۆنی پاچڤەی لێنەیات بگەیەنێتە خوێنەرانی زمانی دووەمی دەقەكە.. كە ئەمە بۆ خۆی پێویستی بە توانایەكی داهێنەرانە هەیە و ئەوە دەسەلمێنێ كە پاچڤە بە هیچ جۆرێ كارێكی ئاسان نییە و وەكو پێشتریش ئامازەمان كردووەتێ، لە كاری نووسین قورسترە، بۆیە هەر وەرگێڕێكی باش

نووسەرە، بەڵام هەر نوسەرێك ناتوانێت وەرگێرێكی باش بێت، بەم پێودانگە وەرگێڕ جگە لە مەرجێن زانینی باشی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم و شارەزایی تەواو لە بابەتی پاچڤەکەی، دەبێت نووسەر بێ یان دەستی نووسین و بەهرە و توانایەکی باشی نووسینی هەبێت و بەهرە و توانای قەڵەمرانی لە هی نووسەری دەقەکە کەمتر نەبێت،تا بتوانێت پاچڤەیەك بە دەستەوە بدات کە هەمان کاریگەری ئیستاتیکی لەلای خوێنەر دروست بکات کە دەقە ئەسڵەکە لەلای خوێنەری خۆی دروستی کردوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پاچڤە ئیلان و بیلان دەبێ لە هەر سووکە دەستکاری و ڕاڤەکاریەکی ناچاری بە دوور بێت،چونکە پاچڤە و ڕاڤە هاونەژادن، ئەویان سخ وچرە ئەمیان شاشە، واتە وەرگێڕ خوێندنەوەیەکی ڕاڤەکارانە بۆ دەقەکە وتێگەیشتنی دەقەکە دەکات و ئەوجا گێژە و بێژەیەکی وردی دەکات و کۆزەر و بنبێژنگی ڕاڤەی لێ دەگرێ و فڕێی دەدات و دەست بە وەرگێرانی دەکات.. ئەمەش بەو مانایە نییە کە وەرگێر مەسەلەی ئەمانەت و ئەمانەتداری لە کاری پاچڤەدا کە پرەنسیپێکی زۆر هەستیار و گرینگە، پشتگوێ بخات.. بەم پێیە وەرگێڕ لە سەرێتی میکانیزمێك وەدۆزێ کە بە گونجاوترین و سەلامەت ترین شێوە ، ڕواڵەت و ناوەرۆکی دەقەکە لە زمانی یەکەمەوە بگوازێتەوە و ئەگەر کرا هاوتایەکی پڕ بە پێستی خۆی ئەگینا نزیکترین هاوتای لە زمانی دووەمدا بخولقێنیتەوە، چونکە وەرگێڕ لە ورد و درشتی فۆرم وناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە بەرپرسە کە وەری دەگێڕێت، واتە وەرگێڕ دەبێت ویژدانێکی زانستی و ئەکادیمی هەبێت، نابێ تەنیا خۆی بە ڕواڵەتی بەرهەمەکەوە ببەستێ و بەو بیانووەوە خۆی لە هەر مەسئولیەتێك بدزیتەوە.. چونکە وەرگێڕ، هەم بەرانبەر بە خوێنەر هەم بەرانبەر بە نووسەری بەرهەمەکە و هەم بەرانبەر بە ئەمانەتداری کاری پاچڤە و هەم بەرانبەر بە زمانی دووەمیش کە دەبێ فامکری (مفهوم) وخۆشخوێنبێت ، بەرپرسە،بەڵام وێرای ئەمەش هیچ پاچڤەیەك وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، لە سووکە دەستکاری بەدەر نییە و نابێت، چونکە پاچڤە کەم دابێژێك جۆرە خولقاندنەوەیەکی زمانەوانی ئەدەبییە هیچ جووتە زمانێکیش نییە ئەگەر لەیەك خانەوادەی زمانیش بن لە ڕووی بونیادەوە سەدی سەد وەکو یەك بن . هەر بۆیەش وەرگێڕانی یەك دەق لەلایەن دوو

وەرگێرەوە یان چەند وەرگێڕێکەوە تەواو لێکدی جیاوازن، بەم پێیە پاچڤەی باش ئەوەی کە نە وشە بە وشە بێ ونە ئازاد و ئەدیبانەیەکی نا ئەمین بێت، بەڵکو خولقاندنەوەی دەقێك بێ لە رووی وشە بژێری و ڕستە بەندی و شێوازەوە لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لەو ئاستەدا بێت کە ئەگەر زمانی زکماکی نووسەری دەقەکە هەمان زمانی وەرگێرەکە با، هەر وای نووسیبا، کە ئەمەش ڕۆشنبیری و زیرەکی و ئەزموون و خەیاڵێکی فرە دەوڵەمەندی گەرەکە، وەرگێری چاك کار بۆ ئەوە دەکات بگاتە ئەو ئاستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەرگێڕ یان دەبێت نووسەر بێت یان دەبێت دەستێکی باڵای لە نووسیندا هەبێت.

"٥"

هەڵبەتە جێی خۆیەتی لێرەدا هەڵوەستەیەك لەسەر زەرورەتی بەرنامەداری کاری وەرگێران بکەین، بەتایبەتی بۆ میللەتی بندەستی مەحرووم لە نیعمەتی زۆربەی هەرە زۆری کایە ئەپستمۆلۆجییەکان.. دیارە ئێمە لە دەورو زەمانێکدا دەژین کە هیچ میللەتێك ناتوانێ و فریا ناکەوێ تێکڕای کایە ئەپستمولوجییەکان بە خۆی بەرهەم بێنێ، کتێبخانەیەکی سەدی سەد خۆماڵی هەبێت، بۆیە لە کۆنی کۆنەوە پەنا وەبەر پاچڤە براوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەپستمولوژیانەی لە کتێبخانەی خۆماڵی ونیشتمانیدا هەبوون، بۆیە هەمیشە کاری وەرگێڕدراو ڕێژەیەکی بەرزی لە کتێبخانەی نیشتمانی و نەتەوەیی هەر میللەتێکی دنیادا پێکهێناوە و پێکدێنی، ئەمەش وا دەکات کایە ئەپستمولوجییەکان لە نێو میللەتاندا دەستا و دەست بکەن و میللەتان لە ڕووی هزرین و بیرکردنەوە و لێکدی نزیك ببنەوە و زیاتر یەکدی بناسن و پتر لەگەڵ یەکدا بسازێن و کەمتر لە یەکدی بترسن! بەم پێودانگە وەرگێڕان جگە لەوەی ڕێگاکانت بۆ قەد بڕ دەکات، یەکێکیشە لە کەناڵە هەرە گرینگ و هەستیارەکانیش بۆ گویزانەوەی فیکری تیرەی بەشەر، کە ئەم پرۆسەی گواستنەوە و گوێزانەوەکارییە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە بەرنامە دارییە و دەبێ بە گوێرەی ئەولەویەت و پێداویستییە ئەپستمولوجییەکان بێتە ئەنجامدان، دەنا ئەو ئامانجە ناپێکێ کە لە پشت پرۆسەی پاچڤەوەیە، بزووتنەوەی وەرگێران لای ئیمەی کورد،

هێشتا کۆرپەیە و لە سەرەتادایە، وەکو بزووتنەوەیەکی کەمیك بەرچاو زیاتر لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ۱۹۹۱ ەوە دەرکەوتووە و گوڕ و تینێکی وەرگرتووە و هەندێك برەوەی پەیدا کردووە، دیارە ئەمە دیاردەیەکی دڵخۆشکەرەیە و بە جۆرە وەرچەرخانێکی ئەپستمولوجی بارگاوییە، لێ مەخابن لە پاشا گەردانی بەدەر نییە، کە ڕەنگە هەر جۆرە گۆرانکارییەك جۆرە پاشا گەردانییەکی بەگەڵ بکەوێت، کە دەبێت لە قۆناغی خۆیدا کۆنترۆڵ بکریت و نەهێڵرێت لە قۆناغی خۆی هێوەتر بڕوات و کار بگاتە ئەوەی قازانج سەری مایە بخوات! کەواتە بەرنامەداری مەرجی سەرکەوتنی هەر کارێکە نەخاسمە پڕۆسە و کارێکی هەستیار و گرینگی وەك پاچڤە و بۆ میللەتێکی وەکو ئێمە... کە بە داخەوە چالاکی پاچڤەوانیمان لەو پەڕی پاشاگەردانی و بێ بەرنامەداریدایە وپێموایە وەختی کۆنترۆڵ کردنی هاتووە، ئەمڕۆکە هەموو شتێك بەندە بە ئارەزووی وەرگێڕ و مۆدبازی و چاولێکەری و تەماحی وەشانکارەوە... کاری وەرگێڕان و هەڵبژاردنی کتێب بۆ وەرگێران بە ڕێکەوت سپێردراوە، هێشتاکە هەزاران شاکاری گەورەی کایە جیاوازەکانی ئەپستمولوجیا ماون بۆ کوردی پاچڤە بکرێن، کەچی دەیان ئەگەر نەڵێم سەدان کتێبی بازاڕی وبێ کەڵك بێئەوەی هیچ سەنگ و ئیحتوباریکی ئەپستمولوژیی پێشەنگانەیان هەبێ، بە نەهەق و لە ختو خۆرایی پاچڤە و بڵاودەکرێنەوە، هەڵبەت بە زمانێکی کوردی سەقەت و ناڕەوان کە نە هیچ خێراییەك بە بزافی ڕۆشنبیریمان دەبەخشن و نە هیچ بۆشاییەکی ئەپستمولوجی پڕ دەکەنەوە.. بێگومان ئەم پاشاگەردانییە کۆنترۆڵ نەکرێت، چالاکی پاچڤەوانی، ئەو ئامانجە ناپێکێ کە لە پشت پڕۆسەی وەرگێڕانەوەیە.. کە بریتییە لەوەی کەلەپوری ئەپستمولوجی و فەرهەنگی تیرەی بەشەر وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و ڕەسەن و متمانە پێکراو، بە ئەمانەتەوە بخاتە بەر دەستی ئەدیبان و ڕۆشنبیران و توێژەران و هزرڤانان و زانایان و دانایان و هونەرمەندان و هەر سینفە بە گوێرەی پێویستی خۆی توێشووی ڕێگای لێهەڵگرێت... کەواتە پاچڤە دەکاتە موتوربە کردنی فەرهەنگی و کەلتووری خۆماڵی بە کەلتوور و فەرهەنگی بیانی، واتە پاچڤە بمانەوێ و نەمانەوێ نەك هەر کار لە شێواز و نۆڕین و دنیابینی و نووووسینی نووسەرانی خۆماڵی دەکات و مشت و ماڵی دەداو دەوڵەمەندی

دەکات، بەڵکو هەندێك پێیان وایە یەکێکە لە فاکتەرە زۆر کارا و گرینگەکانی گەشەکردن ونەشونما و نوێبوونەوەی فیکری و ئەدەبی و سەرهەڵدانی ڕێنیسانسی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی خۆماڵی، بۆیە پاچڤەی ورد و دروست و ئەمین و بەرنامەدار یەکێکە لە پێویستییە هەرە گرینگەکانی ژیانی فەرهەنگی و کەلتووری هەر میللەتێك، بە تایبەت میللەتێك کە لەو ڕوانەوە زۆر لە پاش بێت.

بۆیە پێویستە ئەو بەرهەمانە بۆ وەرگێران بێنە هەڵبژاردن،کە ڕۆڵی پێشەنگانەیان لە واری ئەپستمولوجیدا هەیە، کە بۆ ئێستای کتێبخانەی نیشتمانی و نەتەوەیی زۆر پێویست بێ، خێرایی بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری میللەت ببەخشێت، بۆشاییە ئەپستمولوجییەکان پڕبکاتەوە، کەلتوور و فەرهەنگی میللەت دەوڵەمەند بکات و بگەشێتەوە، لەمانەش گرینگ تر دەگەڵ زەوق و سەلیقە و حەزی وەرگێڕدا تێك کاتەوە، ئۆخژن بە دڵ و دەروونی وەرگێڕ ببەخشێت، دنیابینی نووسەری بەرهەمەکە و وەرگێڕەکە لێکدییەوە نزیك بێت . واتە وەرگێڕ پێویستە لە هەڵبژاردنی خۆیدا جگە لەو فاکتەرانەی سەرێ، زیاتر حیساب بۆ فاکتەرە دەروونیەکانی خۆی بکات تا فاکتەری دەستکەوتی مادی و بازاڕ و ڕاسپێری وەشانکاران.

هەڵبەتە دەبی ئەوەش بگوترێ کە وەرگێڕی باش حساب بۆ خوێنەر، بۆ دەقە ئەسڵەکە، بۆ گواستنەوەی ڕوحی دەقەکە و چەندیەتی و چۆنیەتی تایبەتمەندییە هونەری و فکرییەکان، بۆ تۆن و دەربڕین و شێوازی نووسەری دەقەکە بکات، دەقێك لە زمانی دووەمدا بەرهەمبهێنێتەوە کە بۆنی وەرگێرانی لێنەیات، هەمان کاریگەری لەسەر خوینەر هەبێت کە لە زمانی یەکەمدا هەی بووە، وەکو پێشتریش گوتومانە ئەگەر نووسەری دەقە ئەسڵەکە هاوزمانی وەرگێڕەکە بوایە، هەر وای دابڕشتایتەوە، جا لێرەدا مەسەلەی خولقاندنەوە لە زمانی دووەمدا دێتە ئاراوە، کە ئەمەش جۆرە ئازادییەکی گەرەکە، چونکە لە دنیادا هیچ دوو زمانێك نییە سەدی سەد وەکو یەك بن، هەمان توانا و وزەی گوزارشتەوانی و ڕەوانبێژیان هەبێت، بۆیە وردە دەستکاری ناچاری لە پرۆسەی وەرگێراندا چێدەبێت و ئەمە یەکێکە لەو ناچاریانەی کە حەرام حەڵاڵ دەکەن، بەهەر حاڵ گرینگ

ئەوەیە وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بە زمانی دووەم بیر بکاتەوە و نەیەت بێتوانایی خۆی لە زمانی دوەمدا بە بیانووی ئەمانتدارییەوە بشارێتەوەو زمانی دووەم بە خورتی لە قاڵبی زمانی یەکەم بدات و ڕوحی زمانی دووەم بشێوێنی،هەڵبەتە وەکو گوتمان هەر دەقیك شێوازی خۆی هەیە و وەرگێڕ پابەندی شێوازی نووسەرە، بۆیە وەرگێری باش هەوڵدەدات نزیکترین هاوتای شێوازی دەقە ئەسڵەکە لە زمانی دووەمدا بدۆزیتەوە، بۆیە وەرگێڕی باش لە کارە پاچڤەوانییەکانیدا یەك شێوازی نییە، بەڵکو شێوازی بە گوێرەی شێوازی ئەو دەقانەی وەریان دەگێڕێت لە کاریکەوە بۆ کارێکی دی دەگۆڕێت.

جا هەر سەبارەت بە شێواز پێویستە ئەوە بگوترێ ئەگەر وەرگێران ڕاستەوخۆ بێ، واتە لە زمانی ئەسڵی دەقەکەوە بێ، شێوازەکەی پارێزراوتر دەبێت، وەکو دەڵین لە زمانی دووەمدا خۆشتر بە دەستەوە دێت.. بەڵام لە وەرگێرانی ناڕاسەوخۆدا واتە وەرگێران لە وەرگێرانەوە، ئەمە بە باوەڕی بەندە کارێکی ناچارییە چونکە بمانەوی و نەمانەوێ لە وەگێرانی راستەوخۆدا چەند ورد و ئەمینش بێت دەقەکە سووکە کاڵبوونەیەك بە خۆوە دەبینێ، خۆ لە وەرگێرانی ناڕاستەوخۆدا ئەم دیاردەی کاڵبوونەوەیە دەبێت بە دوو چەنانە. هۆی پاچڤەی ناراستەوخۆدەگەڕێتەوە بۆ نەبوون یان کەمی ئەو کادیرانەی کە زمانی ڕاستەوخۆی دەقەکە دەزانن . هەڵبەتە خەڵکانێك هەن کە زمانی زندووی جیهانی دەزانن، بەڵام ئەهلی کاری ڕۆشنبیری نین، جا بە حوکمی ئەوەی پاچڤەی ناڕاستەوخۆ زۆر پەسەند نییە و کاری ناچارییە، بەندە یەك لە باری خۆم، بۆ پڕکردنەوە و قەرەبووکردنی ئەو کێماسییە زۆر جار کە پاچڤەیەکی ناڕاستەوخۆ لە فارسی یا عەرەبییەوە ئەنجامدەدەم، هەوڵدەدەم پاچڤەی هەمان دەق بە فارسی و عەرەبیش - ئەگەر هەبێ ودەست بکەوێت پەیدا دەکەم و بە شێوەیەکی بەراوردکاریانە بۆ سەر زمانی کوردی وەری دەگێڕم، یان چەند پاچڤەیەکی هەمان دەق کە لە فارسی یان عەرەبیدا کرابن، بە یەك دەگرم و لە وەرگێرانە کوردییەکەمدا سوویان لێوەردەگرم، ئەمە جگە لەوەی هەوڵ دەدەم بە پێی توانا و ئەوەندەی دەست بکەوێ زۆربەی ئەو وتار ولێکۆڵینەوە و ڕەخنانەی دەربارەی هەمان دەق نووسراون و بڵاوبوونەتەوە بخوێنمەوە و لە وەرگێرانەکەی خۆمدا سودیان لێوەرگرم.

بە هەر حاڵ گومان لەوەدا نییە وەختێ پاچڤەوانانێك پەیدا دەبن و زمانی ڕاسەوخۆی دەق فێر دەبن و دەکەونە کاری ڕاستەوخۆی وەرگێڕان، پاچڤەی ناراسەوخۆ، واتە پاچڤە لە پاچڤەوە، کە لە بنەڕەتدا زۆر پەسەند نییە و وەکو گوتمان لە ناچاریدایە، برەوی نامێنیت و بازاری دەداتە کزی. بەڵام ویرای هەموو ئەمانەش، وەرگێڕ لە هەڵبژاردنی بەرهەمدا، جگە لە ڕەچاوکردنی تێکڕای مەرجە بنەڕەتییەکانی کاری وەرگێران، حیسابی زۆر ورد بۆ توانا و زەوق و سەلیقە و حەزە دەروونیەکانی خۆشی بکات و بەرهەمێك هەڵبژێرێت، دەگەڵ باری دەروونی و حەزە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیدا تێکبکاتەوە و بە ئەشق و لەزەتەوە ، بە کاوەخۆ بە سەبر و حەوسەڵەوە بە پشوو درێژی، نازی دەقەکە هەڵگرێت و مامەڵەی لەتەکدا بکات، کاری وەرگێڕانی پێ لە نووسین کەمتر نەبێت و بە خزمەتێکی گەورەی- کە هەرواشە- بزانێت.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وەرگێڕی نموونەیی و کارامە و ئایدیالی لە دنیاشدا هەر کەمن، ئەمەش بەڵگەی هەستیاری و قورسی کاری وەرگێرانە، کە بە دڵنیاییەوە لە کاری نووسین قورسترە، بۆیە وەرگێڕ دەبێت خۆی نووسەر بێت یان ئەهلی قەڵەم بێت و دەستی نووسین و قەڵەمڕانی هەبێت ، بەڵام وەکو چۆن دەقی وەرگێڕدراو نابێ بۆنی پاچڤەی لێبێت ، پێویستە بەو ئاوایەش دەنگ و ڕەنگی وەرگێڕی پێوە دیار نەبێت، کە ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی سەرکەوتنی کاری وەرگێران، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە هەردوو دەقی یەکەم و دەقی دووەم، هەریەکەیان بە ناسنامەی زمانی خۆی، نزیکترین هاوتای یەکدی بن.. بۆیە دەڵێم هاوتا یان نزیکترین هاوتا، چونکە هیچ جووتە زمانێك نییە.. با لە یەك خێزانە زمانیش بن، لە ڕووی توانا و وزەی گوزارشتەوانی و ڕەوانبێژییەوە، لەباری فەساحەت وبەلاغەتەوە دەقاودەق وەك یەك بن، ئیدی لێرەوە مەسەلەی وردە دەستکاری لە وەرگێراندا پەیدا دەبێت و هەرگیز کەم کردن یان زیاد کردنی وشەیەك لێرەو لەوێ کارەکە لە دیقەت وئەمانەت ناخات و نە قیامەت رادەبێت و نە دنیا خراپ دەبێت!.بەڵام وەرگێڕ بەو حوکمەی دەبێت بە شەریکی دوورا و دووری نووسەرەکە یان داهێنەرەکە، دەبێت کارێکی وا بکات نە خودی نووسەرەکە عەیبدار بکات و نە گلەیی و گازاندەی

خوێنەرانی زمانی دووەم بهێنێتە سەر خۆی، دەبێ تا دەتوانێ کەمتر لە دەقەکەدا دەربکەوێت و دەبێ لە پشت نووسەرەکەوە بێت نەك بە پێچەوانەوە، چونکە دەرنەکەوتنی وەرگێڕ خۆی لە خۆیدا نیشانەی سەرکەوتنی کارەکەیەتی..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- خاطرات یك مترجم/ نوشتە محمد قاضی/ چاپ اول ، پاییز ١٣٧١/ چاپ افست: فروغ دانش

٢- نظریة های ترجمە در عصرحاضر/ ادوین کنتزلر/ ترجمە: علی صلح جو چاپ دوم ١٣٩٣/ انتشارات هرمس

٣ - حسن کامشاد/ مترجمان، خائنان، متەبەخشخاش چند کتاب نشر نی/ تهران، چاپ اول/ ١٣٨٦

٤ - ترجمە کاوی/ بهادین خرمشاهی چاپ اول: ١٣٩٠/ چاپ گلشن/ انتشارات ناهد.

٥ - پانزدە گفتار در باب ترجمە/ دکتر سعید فیروز ئابادی بنگاە ترجمە و نشر کتاب پارسە، چاپ دوم/ ١٣٩٢

٦ - گفت و گو با نجف دریا بندری/ مهدی مظفری ساوجی/ انتشارات مروار ید/ تهران/ چاپ دوم ١٣٨٩٧

٧ - خیانەتی حەلاڵ/ حەمە کەریم عارف/ ٢٠١٠/ چاپخانەی سایە، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکوکی نووسەرانی کورد زنجیرە (١٠٦).

حەمەکەریم عارف

و گوتوبێژێکی پاچڤەوانی

سازدانی :فازیل ئەحمەد

پ ١/ چۆن لە پرۆسەی وەرگێڕان (پاچڤە) تێبگەین؟

بە ڕاستی ڕاوبۆچوونی جیاوازدەربارەی پرۆسەی وەرگێڕان هەیە.خەڵکانێك، هەڵبەتە لە خودان نەزەران وئەهلی قەڵەم هەن کەپێیان وایە مرۆڤ دەگەڵ زمانگرتن وقسە فێربووندا ، فێری وەرگێڕان دەبێت ، ئەمە ئەگەر دروست بێ، مانای وایە هیچ شتێك لە دەرێی وەرگێڕاندا نییە و، وەرگێڕان

زەرورەتێكی حەیاتی كۆمەڵگە بەشەرییەكانەو تا تیرەی بەشەر بەزمانی جیاواز، فیكرو فەلسەفەو هونەرو زانست و ژیان وژیارو شارستانییەت بەرهەم بێنن، بە ناچاری دەبێ پەنا وەبەر وەرگێڕان بەرن، جابەم پێودانگە سەرلەبەری ژیان دەكاتە پرۆسەیەكی هەرە ئاڵۆزی وەرگێڕان. ئەمەش زەرورەت وگرینگی پرۆسەی وەرگێڕان دەسەلمێنی.

پ٢/ ناساندنی وەرگێڕان لەنێوان هونەر و زانستدا لە دیدی وەرگێڕەكانەوە جیاوازە،تێڕوانینی ئێوە چییە؟

هەڵبەتەئاساییە وەرگێڕانیش وەكو زۆردیاردەی دیكەی بواری چالاكی وچەلەنگییە زەینییەكانی تیرەی بەشەر پێناسەی جیاواز هەڵبگرێ ولە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی، لەچینێكەوە بۆ چینێكی دی وبەگوێرەی بابەتی وەرگێڕانەكە پێناسەی جیاواز بكرێت. بەڵام گومان لەوەدا نییە كە پرۆسەیەكی ڕۆشنبیری هونەرییە،جۆرە دۆنایدۆنێكی هونەرییە لە نێوان زمانە جیاوازەكاندا، جا لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا دەتوانم بڵێم وەرگێڕان تێكەڵەیەكە لەوردی زانست،ناسكی هونەر،لە بەهرەوسەلیقەی ئەفراندن،بەڵام بەناسنامەی وەرگێڕان.

پ٣/ لەپرۆسەی وەرگێڕاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ ماناو كۆدو دەلالەتەكانی دەقە ئۆرجیناڵەكەدا دەكرێت؟

پێموایە وەرگێڕان هەم هەڵوەشاندنەوەكارییەو هەم لێكدانی دووبارەیە. وەرگێڕ لە زمانی یەكەمدا سەرلەبەری ڕەگەزوتوخم وكەرەستە پێكهێنەرەكانی دەقەكە،زۆربەوردی ودیقەت وئەمانەتدارییەوە هەڵدەوەشێنێتەوە لەبەلاغەت وفەساحەتی دەقەكە وردەبێتەوە،ماوەیەكی باش دەگەڵ دەقەكەدا وەكو یەكەیەكی یەكپارچە دەژی، ڕەمزوڕازەكانی كەشف دەكات،دەنگ وڕەنگ وتۆن وستایل وبونیادو مانای دەقەكە هەرس دەكات، دەقەكە بەهەموو ڕەگەزوپێكهاتە هونەرییەكانیەوە،بەگشت چۆنێتی وچەندێتیەوە بەهەموو بونیادە زمانەوانی ودەستورییەكانییەوە، بە هەمووپەیام وفۆرمێكەوە،لە زمانی دووەمدا،بەهەمان كەرەستەوداروپەردووی زمانی یەكەم، لە ئاستێكی هونەری ئەوتۆدا بخوڵقێنێتەوە كە دەقایەتی خۆی لەدەست نەدات وپەیوەندی بەرقەراربكات، واتە دەبێ نزیكترین

هاوتای دەقی یەکەم لە زمانی دووەمدا بەرجەستە بکاتەوە،چونکە هیچ دەقێکی وەرگێڕدراو، چەند سەرکەوتویش بێت ناکاتە ئەسڵی دەقەکە.

پ٤/ لە وەرگێڕاندا دەق ملکەچی زمانی بۆ وەرگێڕاو دەکەین یان زمانی بۆ وەرگێڕاو دەخەینە خزمەتی دەقەوە؟

وەرگێڕان وەکوهونەردەکاتە پرۆسەی خوڵقاندنەوەی ئەبستمۆلۆجیاوکەلەپورو ئەزموونانی زمانی یەکەم لە قاڵب وچوارچیوەی زمانی دووەمدا، واتە دیالۆگێکی ئامانجدارو بەبەرنامەیە لەنێوان دووکەلتووردا.دیارە ئەمەش بەمانایەك دەکاتە دیالۆگێکی شارستانیانە لە نێوان دووزماندا..هەڵبەتە هەر زمانێك بگری تاڕادەیەك هزرینی ئەوکەسانە دەنوێنێ کە قسەی پێدەکەن،واتە زمان وکەلتوور پەیوەندییەکی چڕوپڕیان پێکەوە هەیە، لە هەرشوێنێ کەلتوورو زمان پێکەڤە گەشەیان کردبێ، پەیوەندییەکی بتەولە نێوان بنەماگشتییەکانی دەستورو بونیادی زمان وتایبەتمەندییەکانی کەلتووری ئەو زمانەدا دەبینرێ.یانی زمان ، ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی وسایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتییە.بەم پێیە هەر چەمك ودیارەیەك لە وشەدانی هەر زمانێکدا کۆدوکلیلی تایبەتی خۆی هەیە و بەوکلیلە دێتەکردنەوەو فامین، ئەم کۆدانەش لە زمانێکەوە بۆزمانێکی دی جیاوازن ، جامادامێکی بونیادوپێکهاتەی زمان لێکدی جیاوازبن، زۆر ئەستەمەو بگرەناتوانرێ چەمك و مانایێن زمانێك بە تەواوەتی ودەقاودەق وبەشێوەیەکی میکانیکی بۆ زمانێکی دی بێتەگواستنەوە، کەواتە چارە هەر ئەوەیە کە وەرگێر ڕۆڵی میانچی ببینێ،میانچی دەبێ زۆر بە حەوسەڵەو پشودرێژبێت، چونکە هەم ڕووبەڕوی مقاوەمەتی دەقەکەو هەم مقاوەمەتی زمانی دووەم دەبێتەوە.نەدەق بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە دەدات ونە زمانی دووەم بەئاسانی پێشوازی ومیوانداری لە دەقەکە دەکات. بۆیە پاچڤەوان دەبێ وەرگێڕانی سەدی سەد پوختەو ئایدیالی لە مێشکی خۆی دەربکات وهەردوولای هاوکێشەکە ، واتە نووسەروخوێنەر بەڕادەیەك لێکدی نزیك بکاتەوە کە هەردوولا متمانەی پێبکەن.هەڵبەتە هەردەقێك لە زوانی ئەسڵیدا،یانی لە زمانی یەکەمدا،خەڵکانێکی تایبەت دەدوێنێ کەمەرج نییە خەڵکانی زمانی دووەمی هەمان دەق (بەوەرگێڕدراوی )هەمان ئاست

وتایبەتمەندی خەڵکانی زمانی یەکەمی دەقەکەیان هەبێ..ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی گەورەیە، بۆ نموونە زۆر دوورە نووسەرێکی وەك هەمینگوای لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکانیا، جگە لە خوینەری ئینگلیزی زمان، خوینەری دیکەی لە بیر بووبێ.کەواتە وەرگێڕ دەبێت لەزمانی دووەمدا، واتە لەزمانی وەرگێڕاندا،تایبەتمەندی خوێنەری زمانی دووەم ڕەچاوبکات، هاوتای دەستەواژەو زاراوەو ئیدیۆم وپەندی پێشینان وقسەی نەستەق ودەستەواژەی باو ومەفهومی زمانی یەکەم ، لە زمانی دووەمدابدۆزێتەوەو تەنانەت داشبتاشێت، ئەگەر لەو ئاستەدا بوو..کەواتە وەرگێڕ دەبێ نهێنیە زمانی وهونەری وزانستیەکانی دەقی یەکەم کەشف بکات، هونەرمەندانەو نووسەرانە هەڵیوەشێنێتەوەو لە قاڵبی زمانی دوومداو بەگوێرەی بونیادی دەستوریی زمانی دووەم دایبڕژێتەوەو دەقایەتییەکەی بپاریزێ. یانی بەم پێیەدەبێ هەردوو زمانەکە لە بۆتەی کارلێکێکی هونەریی ڕۆشنبیری ئەرێنی بدرێن وتا دەکرێت هاوسەنگ و تەرازوو بن..

پ٥/ گواستنەوەی پەندو ئیدیۆم ومیتافۆرەکانی دەق لەساتە وەختی وەرگێڕاندا بۆ زمانی کوردی تاچەند گرفتی دروستکردوە؟ لەپەیوەندی بە قورسی وئاڵۆزیان و تواناوسەلیقەی وەرگێڕو ئەوگرفتانە ش کەپەیوەندیان بەخودی زمانی کوردییەوە هەیە؟

پەندو قسەی نەستەق وئیدیۆم وهەندێ ناسککاری و وردەکاری ودەستەواژەی باو، یەکێکە لە گرفتە دژوارەکانی پرۆسەی وەرگێڕان. وەرگێڕ تیادەمێنێ کە ئاخۆ پەنا وەبەر وەرگێڕانی وشە بە وشەوموو بە مووی دەقەکە بەرێت یان هاوتاوهاومانایان لە زمانی دووەمدا بۆ بدۆزێتەوەو پەیدابکات ؟ ئەدی ئەگەر هاوتاو هاومانایان لە زمانی دووەمدا پەیدا نەبوو ونەدۆزرایەوە ؟ پێموایە دەشێت وەك چارەسەرێکی ناچاری پەنا وەبەر پاچڤەی وشە بە وشەوموو بە موو ببرێت، بە مەرجێ لە پەراوێزدا ئەوە ڕونبکرێتەوە کە ئەو ڕستەیە لە زمانی یەکەمدا پەند، قسەی نەستەق یان ئیدیۆم ودەستەواژەی باوەو چونکە لە زمانی دووەمدا هاوتاکەی پەیدا نەبووە، بۆیە لە ڕووی ئەمانەتدارییەوە، پاچڤەی وشە بە وشەکراوە..ئەم کێشەیە زیاتر لەودووزمانەدا دەردەکەوێ کەسەربەیەك خێزانە زمان نین وپەندوقسەی

نەستەق وئیدیۆمی لێکچوو یان هاوواتاو هاوبەشیان یەکجار کەمە..یانی بەم پێودانگە دۆزینەوەی هاوتایەکی دەقاودەقی، دەقی یەکەم لەزمانی دووەمدا نیمچە مەحاڵە. دیارە زمان تا کراوەتربێ ودەگەڵ بەخششە زمانەوانییە زیندووەکاندا لە کارلێکدابێ، لە ڕووی گوزارشتەوانییەوە دەوڵەمەندتر دەبێت ، لەڕووی داهێنانەوە خۆشدەستر دەبێت ولە باری بەرهەمهێنانی فەلسەفی وهزری وهونەری وزانستیەوە شارستانیتر دەبێت.جا بۆنەگبەتی، زمانی کوردی هێشتاش زمانێکی نیمچە کێوییە ولە زۆر ڕووەوە گۆشەگیرو ڕەنگە نەزۆکیش بێت. هەڵبەتە ئەمەش هۆی خۆی هەیە کە پێموایە یەکێك لەو هۆیانە ئەو مامەڵە سیاسییە شۆڤینیستانەیە کە تائەمڕۆ لەلایەن داگیرکەرانی کوردوکوردوستانەوە دەگەڵ زمانی کوردیدا دەکرێت ودابڕان ودابڕاندنی ئابوری وبازرگانی وسیاسیی وڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ناوچەکانی کوردستان لە یەکتری، ئەمە جگە لە لاوازی وکورتبوردی گوتاری ڕۆشنبیری کوردی کە نەیتوانیوە زۆرترین ژمارەی خوێنەری کورد لە دەوری خۆی خڕبکاتەوە وبزاڤێکی ڕۆشنبیریی سیماڕۆشن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا وەگەربخات.جاوەرگێڕێك کە زمان کەرەستەی هەرەسەرەکی کارەکەی بێ وئەوەش حاڵی زمانی زگماکی بێ وبەخۆشی توانایەکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبێ، چۆن چۆنی لە مینجاڕی کاری وەرگێڕان بەسەلامەتی دەرباز دەبێت!!..

هەڵبەتە مەرجی زانینی تەواوەتی دوو زمان بۆ هەروەرگێڕێك وادەخوازێت وەرگێڕ خوێنەرێکی زۆر جدی بێت.ڕێزمان ودەستوری هەردوو زمانەکە بە بەردەوامی بخوێنیتەوە، بەرهەمی نووسەرانی کۆن ونوێیان بخوینێتەوەوهەر بۆمەشق وڕاهێنان وخۆجەڕباندن جارجارە پێیان بنووسێت، چونکە وەرگێڕ لەم ڕێگەیەوە شارەزای وشەو زاراوەو پەندو ئیدیۆم وقسەی نەستەق وڕستەبەندی وتایبەتمەندییەکانی هەردوو زمانەکە دەبێت..بە خوێندنەوە و نوسین زەخیرەیەکی زمانەوانی باشی لەلا کەڵەکە دەبێت و لەبواری گوزارشت ودەربڕیندا نەك هەردانامێنێ بەڵکو هونەرنوێنیش دەکات..ئیدی مەرج نییە وەرگێڕ زانای زمان یان زمانەوان بێت، بەڵام دەبێ لە چۆنێتی بەکارهێنانی زماندا زۆر مەعلان و کارامە بێت..وشارەزایی لە زاراوەو ئیدیۆمەکانی هەردوو زمانی یەکەم ودووەم هەبێت..چونکە مانای زاراوەیی

جیایە لە مانای وشەیی زمانی..بۆنمونە: " تەیری گول ئاشق بەداری زەقنەبووتە " مانا زمانییەکەی شتێکە ومانا زاراوەییەکەی شتێکی دیکەیە. ئەگەر وەرگێڕ بەمانا زمانییەکەی وەریبگێڕیت، نەك هیچ ناگەیەنێ، بەڵکودەبێ بە گەپجاڕیش.. وەرگێڕ دەبێ پابەندی یاساو ڕیسای زمانی ئەو خەڵکە بێ کە کارەکەیان بۆ وەردەگێڕێت وبە زمانی خۆیان بیان دوێنێ..

پ٦/ شارەزا بوون لەشێوازی نووسینی نووسەر تاچەندە پێشمەرجێکی گرنگە بۆ وەرگێڕان؟

وەرگێڕان پرۆسەیەکی یەکجار هەستیاری گوێزانەوەیەکی نووسەرانەی هونەرمەندانەی دەقێکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچە، بە تێکڕای ڕەگەز وتوخم وکەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی جیاواز، جاشێواز نەك هەر ڕەگەزێکی دەقە، بەڵکو تان وپۆی تێکڕای دەقەکەشی تەنیوە، ئەمەش زەرورەتی شارەزابوونی وەرگێڕ لە شێوازی دەقەکە دەگەیەنێ، بۆیە وەرگێڕ مامەڵە دەگەڵ زماندا وەك شتێکی موجەڕەدو ئەبستراکت ناکات، بەڵکو سەرو سەختی دەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانی زمانیشدایە، دەقەکە بەجۆرێ لە زمانی دووەمدا دەخوڵقێنیتەوە کە هەمان کاریگەری یان نزیکترین کاریگەریی ورۆڵی دەقی یەکەم بدینێ.بۆیە مەسەلەی ئەمانەتداریی وپاراستنی شێوازی دەقی یەکەم لە زمانی دووەمدا یەکێکە لە مەرجە گرینگەکانی وەرگێڕان. چونکە خوێنەر حەقی خۆیەتی هەر بەوە قایل نەبێت کە بزانێ نووسەر چی گوتووە، بەڵکو پێویستە ئەوەش بزانێ کە چۆنی گوتووە..بە تایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا..

هەڵبەتە لێرەدا نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت کە وەرگێڕ لە کاری وەرگێڕاندا گوزارشت لە بیروبۆچون وهزرینی خۆی ناکات. ناتوانێت لەو هزروبیرانە دەربچێت کە لەخودی دەقەکەدان، چونکە پابەندە بەودەقەوە کە کەسێکی دی بەرهەمی هێناوە، واتە چەندێتی وچۆنێتی دەقەکە لەزمانی دووەمدا، بە گویرەی یاساوڕێسای زمانی دووەم بخوڵقێنیتەوەو دەقایەتی دەقەکە بپارێزێت..

پ٧/ بۆ کۆی ژانرەکان یەك یاساو میتۆد بە کاردەبەین لە وەرگێڕاندا یاخود بە پێی جیاوازیان دەبێت دەستکاریی یاساو میتۆدەکان بکەین؟

پێموایە لە وەرگێڕاندا یەك یاساومیتۆد نیە کە هەر وەرگێڕێك پێوەی پا بەندبێت.ڕەنگە هێڵەگشتی وخەسڵەتە گشتییەکانی کاری وەرگێڕان کەم دابێژێك بشوبهێنە سەریەك ولێکدی بچن، بەڵام هیچ پێوەرو پێوانەیەکی ڕەهاو بنجبڕ بۆ وەرگێڕان نییە. جا وەرگێر لە دنیایەکدا کاردەکات کەلە لایەن کەسێکی ترەوە خولٌقێنراوە، قاڵب وفۆڕمی تایبەتی پێدراوە، تیمەو نیوەڕۆك وپەیامی دڵخوازی نووسەری لێ بارکراوە. ئیدی وەرگێڕ، چاری ناچارە دەبێ مامەڵە دەگەڵ ئەو واقیعەدا بکات وشارەزایانە ئەو دنیا پیشوەختە خولٌقێنراوە هەڵوەشێنیتەوەو بە هەمان کەرەستەوداروپەردوو لە زمانی دووەمدا، هونەرمەندانە وبە جۆرێ بیخولٌقێنیتەوەکە لەڕووی تەکنیك و وردەکاری وهونەرکارییەوە هاوتای دەقی یەکەم بکاتەوە. واتە وەرگێڕ، خۆ بە خۆ دەبێ بە پەیڤداری نووسەری دەقەکەو ئەمانەتداری کار وای لێدەکات لە دەق لا نەدات..کەواتە دەقەکە یاساو ڕێسای چۆنێتی کارکردنی وەرگێڕەکە دەسەپێنێ، هەڵبەتە دەقیش ، تەنانەت ئەو دەقانەش کە ڕسکاوی هەمان ژینگەو زەمینەی شارستانیەت وکۆمەڵایەتین ، ئەگەر لە خەسڵەتە گشتیەکاندا کەمۆکەیەك لێکدی بچن ، ئەوا لە هونەرکاری ووردەکاریدا لە هیچ دەقێکی دیکە ناچێت، بۆیە لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕ ناچارە ئەو تایبەتمەندییەی هەر دەقێك ڕەچاوبکات وتا دەکرێت پابەندی ببێت..بۆ نموونە ئەگەر دەقێك لەلایەن دەکەسەوە بێتە وەرگێڕان، ئەگەر لە خەسڵەتەگشتیەکاندا لێك بچن ئەوا لە وردەکاری وتایبەتمەندییەکاندا جیادەبنەوە. هەرچەندە ئەمە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە جیاوازی توانای وەرگێڕەکانەوە هەیەو مەحاڵە هەموویان بە هەمان ئەندازە بچنە پێست وخووی دەقەکەوەو هەمان خوێندنەوەیان بۆ دەقەکە هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە یەك یاساو میتۆدو چۆنێتی وەرگێڕان نییە کە وەرگێڕ بۆ هەر ژانرێك بەکاری بێنێ. جا وەرگێڕان کارێکی پراکتیکیە، وەك چۆن لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی دەگۆڕێت بەو ئاوایەش لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێکی دی دەگۆڕێت و لەگینە هەر وەرگێڕێکی دڵسۆزی کاری خۆی ، بەدەم کارکردنەوە ولەمیانەی ئەزموونی خۆیەوە میتۆدو ڕێبازو ڕێچکەی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە.

پ٨/ وەرگێڕان دەتوانێت چی ببەخشێت بە زمان وکلتوورو فەرهەنگی بۆ وەرگێڕاو لەبەرامبەردا چی وەر دەگرێتەوە؟

وەرگێڕان بۆخۆی جۆرە گفتوگۆیەکی شارستانیانەیە لەلایەن دوولایەنی هاوکێشەیەکدا، ئیدی دووکەس بێ ، دووشارستانییەت بێ، دوودنیای ئەبستمۆلۆجیاو کەلتوورو هونەرو زانست بێ، دووزمان بێ، دووئەزموون بێ..یانی دیالۆگێکی ئامانجدارو بەرنامەدارە.دیالۆگیش، ئەگەر دیالۆگ بێ، لە بوارە پراکتیکیەکەیدا دەکاتە پێشوازی لەجیاوازی. ئەمەش بۆخۆی دەکاتە کرانەوە، هەم بۆ دەرەوەو هەم بۆ ناوەوە.بۆیە وەگێڕانی باش وبەرنامەدارو بەردەوام وەرچەرخانی گەورە لە بیروهزرینی میللەتدا چێدەکات وزەمینە بۆ بزافێکی ئەبستمۆلۆجی ورۆشنبیری ڕەسەن خۆشدەکات وەك چۆن پاچڤەوان لەرێگەی پاچڤەی باشەوە لە زمانی دووەمدا دەبێ بەشەریك یان نیمچە شەریکی نووسەر بەوئاوایەش میللەتان دەبن بەشەریکی فیکروفەلسەفەو هونەری یەکترو دکارن یەکتر بخوێننەوەو هاماج وئوتموسفیرێکی لە باری لێکدی حالی بوون بسازێنن وپەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ڕیشاژۆ بکەن ئەمە جگە لەوەی بۆئێمەی کوردی قڕەی میللەتانی دونیا، پاچڤەی ئەزموونی ڕۆشنبیری وفیکری وفەلسەفی وهونەری وژیانی تۆمارکراوی میللەتان هەم زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکات وسەدان زاراوە و وشەی هاوچەرخ دەڕژێتە زمانەکەمانەوە وهەم بیروهزرینی خۆمان بە ئەزموونی پێشکەوتوانەی میللەتان موتوربە دەکەین. بەڕاستی وەرگێڕان بۆ ئێمە لە ڕووی زمانەوە، دەکاتە پیتاندنی زمانەکەمان وکەشفکردن و وەگەڕخستنی ئیمکانیات و وزەنهێنییەکانی زمانەکەمان ودەبێتە هۆی تەقاندنەوەی سەرچاوەخۆماڵییەکانی داهێنان، و تواناو بەهرەی نووسەران وخوێنەرانمان دەخەملێ، بەهرەوسەلیقەو توانای بەراوردکاری وجیاکردنەوەی بەرهەمی ڕەسەن لە بەرهەمی جەڵەبی وبازاڕی دەڕسکێ، نە خوێنەر وەکو لایەنێکی زۆر گرینگی هاوکێشەی پرۆسەی نووسین، بەرهەمی جەڵەبی قبوڵ دەکات ونە نووسەر پڕکێشی ئەوەدەکات بەرهەمی کاڵ و کرچ ڕەنگماڵ بکات و بەنرخی شاکاری ئەبستمۆلۆجی وهونەری بەخوێنەری بفرۆشێت. یانی وەرگێران ڕێگەیەکی قەدبڕی شارستانییە بۆ پێك گەیاندنی قەڵەمڕەوین ئەزموونە جیاوازەکان..

پ٩/ لە ناساندنی وەرگێڕاندا هەندێکجار دەگوترێت:گواستنەوەی مانایە لە زمانێکەوە بۆزمانێکی تر ئایا گوا ستنەوەی مانا جەوهەری وەرگێڕانە یان بەشێکە لەپرۆسەی وەرگێڕان؟ڕونکردنەوەی ئێوە چییە؟

دیارە سەبارەت بە وەرگێڕان وپێناسە و گرینگی وبایەخ و زەرورەتی وەرگێڕان بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، وەکو چۆن زۆر جۆرە وەرگێران هەیە، بەو ئاوایەش پێناسەی جیاوازو هەمە جۆری بۆکراوە.جا ئەو پێناسەیەی تۆ کردوتە بە ناواخنی پرسیارەکەت، ڕەنگە یەکێك بێ لە و پێناسە زۆرو زەوەندانە، کە دەشێت بۆ هەندێ دەق شیاوبێ ، بۆ هەندێکی دی ڕاست نەبێت..هەڵبەتە مانا بە تەنیا ناکاتە هەموو دەقەکە، ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی دەق ، ئەم ڕەگەزە چۆن لە ڕەگەزو توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی دەق جیادەکرێتەوە ؟!هەڵبەتە دەق لە شێوازێکی تایبەتیدا بەرجەستەدەبێت، شێواز دەکاتە چۆنێتی نووسین وداڕشتنی تیمەو، تیمە لە ناو دەقدا دەگۆڕێت بۆ نێوەڕۆك ولە ئەنجامی کارلێکی تێکڕای ڕەگەزەکانەوە دەقایەتی وەردەگرێت .دیارە شێواز سەراپای ڕەگەزو توخم وتۆو پێکهاتەکانی دەق بە نێوەڕۆك و فۆرمیشەوە دەگرێتەوەو فۆرم ونێوەڕۆك بە تایبەتی لە کارێن فلیڤانی ئیبداعیدا، لێکدی نایەنە جیاکردنەوەو وەکو دووڕووی یەك پارچە دراون وبەلابردنی هەر یەکێکیان دراوەکە لە بەهاو بایەخ دەکەوێت و لە هیچ بازاڕێکدا ناچێت. جا وەرگێڕی شارەزا وەکو یەکەیەکی یەکپارچە مامەڵە لەتەك دەقدا دەکات. یانی وەرگێڕان لێرەدا دەکاتە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتای دەقەکە لە زمانی دووەمدا.هەڵبەتە نزیکترین هاوتا تەنیا وشەو پەیڤ وتیمەو ناوەڕۆك وچەمك ومانا ناگرێتەوە، بەڵکو شێوازیش دەگرێتەوە، هەموو لایەنێکی فەساحەت وبەلاغەتی دەقەکە دەگرێتەوە. کەواتە وەرگێڕان دەکاتە ئەفراندنەوەی نزیکترین هاوتای پەیامی زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا هەم لە ڕووی ماناوە هەم لە ڕووی شێوازو ستایلەوە.

پ١٠/ خوێنەر دەکەوێتە کوێی پرۆسەی وەرگێڕانە وە ؟

پرۆسەی وەرگێڕان، لە ناودەقدا کاردەکات، ئیدی دەقی فیکری یان فەلسەفی ، یان هونەری یان هەرکایەیەکی ئەبستمۆلۆژی بێت، زندوویەتی دەقیش چ

لەزمانی ئەسڵدا چ لەزمانی وەرگێڕاندا، تا ڕادەیەکی زۆر وەستاوەتە سەرخوێنەر. لە پرۆسەی نووسیندا نووسەر، گوتار، خوێنەر هەیە، کە نووسین دەقایەتی خۆی وەرگرت ، ئیدی نووسەر دەچێتە خانەی نەبوانەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە گوتار(دەق) وخوێنەرە. هەڵبەتە کۆدی کردنەوەی ڕازو ڕەمزەکانی دەق بە خوێنەرە، کە خوێنەر کەوتە ناوپرۆسەی کەشفکاری دەقەکەوەو هیچی تازەی نەدۆزییەوە هیچ لەزەتێکی ئیستاتیکی وەرنەگرت، خۆ بە خۆ لە دەقەکە دەتۆرێت..جا وەرگێڕ وەکو پەیڤداری نووسەر ئیدی پەیڤداری خۆبەخش یان فەرمی ، دەبێ بەدەم پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەمیشە خوێنەری لە بیربێت وبەڕادەیەك نووسەرو خوێنەر لە یەکدی نزیك بکاتەوەو بەیەکتریان ئاشنابکات کە هەردوولایان متمانەی پێبکەن. واتە کاتێ وەرگێر لەزمانی دووەمدا کاردەکات دەبێ خۆی لە جێی خوێنەر دابنێ وبزانێ ئاخۆ توانیویەتی وەستایانە وبەزمانێکی ڕەوان وخۆیا پەیوەندی لە نێوان دەقەکەو خوێنەردا چێبکات، ئیدی چ دەقی زانستی ، هونەری ، فیکری، فەلسەفی ورۆشنبیری بێ وچ دەقی ئەدەبی..هەڵبەتە وەرگێر کە دەقێك وەردەگێڕێت، دەبێ دەقاودەق بە زمانی ئەوخوێنەرانەی وەربگێڕیت کە کارەکەیان ئاراستە دەکات. بۆ نموونە وەرگێڕێکی کورد کە دەقێك وەردەگێڕێت بۆ کوردی، کە دێتە سەر زمانی کوردی کە لێرەدا دەکاتە زمانی دووەمی کارەکەی دەبێ تا دەتوانێ خۆی لە باندۆرو کاریگەری داڕشتن وڕستەبەندی زمانی یەکەم دووربگیریێت وسەدی سەد بەکوردی بیربکاتەوە...

پ ۱۱/ وەرگێڕان ئەگەر لە دەقە ئۆرجینالەکەوە نەبێت لە زمانی دووەم و سێیەمەوە بێت لاوازییەکانی چین و چ گرفتێك بۆ دڵنیایی وەرگێڕان دروست دە کەن؟

وەکو گوتمان وەرگێڕان، بۆخۆی جۆرە گفتوگۆیەکەو شەقڵێکی دیالۆگی پێوەیە، جا ئەگەر وەرگێڕان لە زمانی دووەم وسێیەمەوە بێت، هەنگێ گفتوگۆیەکە دەکاتە گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ، وەکوئەوەیە دوولایەنی کێشەیەك ، بێن لەڕێگەی میانچییەوەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆبکەن، کە هەرگیز جێی گفتوگۆی ڕاستەوخۆو زیندو ناگریتەوەو

سەرکەوتنیشی دووره..جا سەبارەت بە وەرگێڕان لە زمانی دووەم وسێیەمەوە چاوەڕوانی وردی وئەمانەتدارییەکی ئەوتۆی لێناکرێت کەجێی متمانەبێت. ئەوجۆرە وەرگێڕانە وەکو کەلوپەلی دەستی دووەمەو نە ڕەونەق و نموود و نە بایەخ ولەزەتی کەلوپەلی دەستی یەکەمی هەس. چونکە لە حاڵەتی وادا وەرگێڕ چەند بەتواناش بێ ، ناتوانێ وێنەی دەقە ئۆرجیناڵەکەمان نیشان بدات، ئەوپەڕی جامێکی شێواوی دەقەکەمان دەخاتە بەردەست. مخابن بەشێکی زۆری کاری وەرگێڕان لەلای ئێمە لە زمانی دووەمەوەو برێ جار لە زمانی سێیەمەوە دەکرێ کە تادەستی زیاتربکات، پتر کاڵ دەبێتەوەو وەختێ دەگاتە لای ئێمە کاڵی کاڵ بووەتەوەو پێموایە یەکێك لە هۆیەکانی کەم ئەسەری کاری وەرگێڕان لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا ئەوەیە.بێگومان وەرگێڕان لە دەقی ئەسڵەوە بکرێت زۆر باشترە..بەڵام ئەگەر لە ڕووی ناچارییەوە لە زمانی دووەمەوە بکرێت، ئەوا حەقە وەرگێڕ هەم بۆ ئاسودەیی دەروونی و ویژدانی خۆی وهەم بۆ دەستەبەرکردنی متمانەی خوێنەر، دەگەڵ چەند وەرگێڕانێکی دیدا- ئەگەر هەبێ- بەراوردی بکات وئەو ڕەخنەو وتارانە بخوێنیتەوە کە لەسەر ئەو دەقە نووسراون وپێشەکی و ڕوونکردنەوەو پەراوێزێش بۆ وەرگێڕانەکەی خۆی بنووسێت...

پ١٢/ هەندێك جار چەمکی خیانەت لە گەڵ پرۆسەی وەرگێراندا بە کار دەبرێت چ پەیوەندییەك لە نێوان خیانەت و وەرگێڕاندا هەیە ؟

لێرەدا زاراوەی خیانەت بە ماناو چەمکە مەجازییەکەی بەکاردێت نەك بەچەمك ومانا ئەبستراکت ومجەڕەدەکەی. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئاگادارکردنەوەی وەرگێڕە کە ئەو کارەی دەستی داوەتێ کارێکی زۆر هەستیارو قورس ودژوارو پڕمەسئولیەتە..وەرگێڕ دێت بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی دیاریکراو بۆ بیرکردنەوەیەکی زمانەوانی جیاواز دەگۆڕێت.لە سیستەمێکی زمانەوانی ئاڵۆزەوە بۆ سیستەمێکی ئاڵۆزی دیکەی دەگوازێتەوە.هەڵبەتە وەرگێڕان تەنیا گوێزانەوەی چەمك ومانای ورد نییە، بەڵکو گوێزانەوەی تۆن وڕیتم وشێوازو ئاوازیشە، واتە گوێزانەوەی شەقڵی چڕو فۆرم ونێوەڕۆك وڕۆحی بەرهەمێکە بە زمان و بۆ زمان ولە ناو زماندا.

دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمان تورەکەیەکی پڕە لە وشەو هەرکە دەستدایە وەرگێڕان لە تەنیشت خۆتەوە دایدەنەیت ودەستی پێدا دەکەیت وبە کەیفی خۆت و بە کەماڵی ئیسراحەت وشەی لێدەردێنی وبە شێوەیەکی میکانیکی لەجیاتی وشەی زمانی دەقەکە دایدەنێیت ودەبڕێتەوە.نەخێر وشە لە زمانە جیاوازەکاندا چەند هاوتای یەکدی بکاتەوە هێشتا هەمان ڕووبەری گوزارەیی ومانایی پڕناکاتەوە.چونکە ئەو هەلومەرج وفاکتەرانەی مانای وشەیان دروست کردووە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی جیاوازە..واتە لەمپەروکۆسپی زوبان فاکتەرێکی هەرە گرنگی کاری وەرگێڕە..چونکە وشە خودی شت نییە، بەڵکو ڕەمزی ئەوشتەیە کە دەویسترێ نیشانبدرێ. یانی وشە خودی هزرو مەبەست نییە بەڵکو ڕەمزیەتی .وشە لە ناودەقداخودی شت نییە،ڕەمزی شتەکەیە ، ڕەمزیەتی وشەش لە ناودەقدا هەمان ڕەمزیەت نییە کە وشە لە دەرێی دەقدا هەیەتی. جا وەرە وەرگێڕ بتوانێ لەم مینجارە ترسناکە بەسەلامەتی دەربچێ!جا گرفتی وەرگێڕ هەر لەمپەروکۆسپی زمانەوانی نیە، وەرگێڕ سەروسەختی دەگەڵ دنیایەکدایە کە لە لایەن کەسێکی دیکەوە خوڵقێنراوە، بۆیەچاری ناچارە دەبێ بچێتە پێست وکڵێشەی نووسەرەکەوە، بەزەبری شارەزایی ولێهاتووی، دەقەکە لە زمانی یەکەمدا هەڵوەشێنێتەوەو بە هەمان کەرەستەوداروپەردوو، لە زمانی دووەمدا بیخوڵقێنیتەوە، بەڵام بەناسنامەی وەرگێڕان..جا ئەم پرۆسەی دۆنایدۆنە، ئەگەر ئەشق ولەزەتێکی لەپشتەوە نەبێت، بە کەس تەحەموول ناکرێت..واتە وەرگێڕلە سەریەتی لە لایەکەوە لە دەقەکە دەرنەچێت ولە لایەکی ترەوە ڕەچاوی وردی وئەمانەتداری لە کاری وەرگێڕاندا بکات. بەمەش دەکەوێتە نێوان بەرداشی وەرگێڕانی ئازادی فرەخوێنەرو وەرگێڕانی وشە بە وشەی کەم خوێنەر.دیارە خوێنەر بەشێکی گرینگی هاوکیشەی نووسەرو نوسینە. بۆیە وەرگێڕ ناتوانێ ونابێت فەرامۆشی بکات ، جا وەرگێڕانی ئازاد گەر لە لایەکەوە خوێنەر رازی بکات، ئەوا لەلایەکی ترەوە جۆرە لادانێکە لە ئەمانەتداری کاری وەرگێڕان.وەرگێڕانی وشە بە وشە و موو بە مووش ئەگەر لەلایەکەوە پابەندی بێ بە ئەمانەتداری وەرگێڕانەوە، لەلایەکی دییەوە تەرەکردن وتەوەلاکردنی خوێنەرە. خۆ هاوکێشەکەش بەبێ خوێنەر تەواو نابێت ، ئیدی وەرگێڕ ناچارە

میکانیزمیکی مامناوەندی بدۆزێتەوە  کە هەم  لایەنی کەمی ئەمانەتداری وپابەندی بە دەقەوە  بپارێزیت و هەم خوێنەر رازی بکات ولە زمانی دووەمدا  دەقێکی هاوتای دەقی زمانی یەکەم بخولْقێنیتەوەو  ئەوجاش لە تۆمەتی خیانەت تەبرێ نابێت، بەڵام ئەمە خیانەتێکی حەڵاڵە و ناچاری حەرام حەڵاڵ دەکات..

پ١٣/ گرفتەکانی زمانی کوردی لە بەردەم پرۆسەی وەرگێڕاندا  چین؟ئایا بوون ونە بوونی  زمانێکی ستانداردچ کاریگەرییەکی بە باش و خراپی لە سەر وەرگێڕان هەیە؟

زمان وەکو  ژیان هەمیشە لە  گۆڕاندایەو بەدەم گۆڕانکاری ژیانەوە  وشەو زاراوەی لێهەڵدەوەرێ وپەیڤ وتێرم وچەمك ومانای تازەی دێتە ناو، واتە لە زاوزێ ولەحاڵی خۆتازە کردنەوەی بەردەوامدایە.بۆیە  هەموو  ئەوانەی سەروسەختیان دەگەڵ زمان وبەکارهێنانی زماندایە، بۆ ئەوەی لە دیاردەی زاوزێی تازەی زمان غافڵ و بێئاگا نەبن ، دەبێ بە بەردەوامی پەیگیری دیاردەو پرۆسەی نۆزایی زمان بکەن، بە تایبەتی  وەرگێڕ  کە مەرجە کەسێکی جووت زمانەی زەبەردەست ولێهاتوو بەتوانا بێت ،  واتە شارەزاییەکی باشی چۆنیەتی خویندنەوەوشرۆڤەو بەکارهێنانی جووت زمانەکە بێت..جا زمانی کوردی  هێشتا  زمانێکی نیمچە کێوییەو لە زۆر ڕووەوە  گۆشەگیرو ڕەنگە نەزۆکیش بێت، ئەمەش زۆر  هۆی هەیەو لەوەڵامی پرسارەکانی پێشوتردا ئاماژەم بۆ هەندێکیان کردووە. هەڵبەتە وەرگێڕی کورد،دەبێ شارەزاییەکی فرەخاسی لە زمانی کوردیدا هەبێت.لە دەقە کۆنە ڕەسەنەکان ورد ببێتەوە، سەرنجی چۆنێتی داڕشتن ودەربڕینیان بدات، وشەو ڕستەو دەستەواژەیان لێ هەڵگوێزی ولەبەر بکات،  فەرهەنگی زمانەوانی خۆی پێ دەوڵەمەند  بکات، چونکە چ نووسەر و چ وەرگێڕ  بەمە توانای ئەوەی لاچێدەبێت ، کە لەکاری خۆدا  بۆ وشەی پێویست دانەمێنێ وتەنانەت بەهرەی ئەوەشی لا دەڕسکێ کە وشەو زاراوەی تازەش بە گوێرەی بنەما دەستوورییەکانی زمانی کوردی دابتاشێت وسەلامەتی زمانەکەش بپارێزیت،یانی دەکارێت تواناو وزە پەنهانەکانی زمانی کوردی کەشف بکات وبتەقێنیتەوەو  دەوڵەمەندی بکات.جا شارەزایی لە زمان وئەدەبیات

وکەلەپووری کوردی یارمەتی وەرگێڕ دەدات مەبەست وچەمکەکانی خۆی لە قاڵبی وشەو دەستەواژەی پەسەندو باو وئاسان ومەفهوومدا دەببڕێت..هەروەها پاچڤەوان لەسەرێتی خۆی لەزمانی پەتی بپارێزێت ونەچێت ئەو وشەو زاراوانەی بۆ نموونە سەدان ساڵە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو لای هەموو کوردێك ئاشناو مەفهوومن ، بە بیانوی زمانی کوردی پەتییەوە لە زمانەکەمان وەدەربنێ و کۆمەڵێك وشەی نەباوی تازەی بێ بنج وبناوانی زانستی دابتاشێت. هەروەها بەکارهێنانی فەرهەنگ سەرچاوەیەکی پێویست وگرینگە بۆ وەرگێڕان کە مخابن لەو ڕووەشەوە هەر قڕەی میللەتانی دنیاین، فەرهەنگ وقاموس لە کتێبخانەی کوردیدا یەکجار کەمە، لە زۆربەی بوارە ئەبستمۆلۆجییەکاندا فەرهەنگمان هەرنییە ،فەرهەنگی زاراوە مۆدێرنەکانی سەرانسەری بوارەکانی ژیانمان یا هەرنییە، یا زۆرکاڵوکرچ وبێکەڵکن ..جا با بێینە سەر زمانی ستاندارد، ئەگەر سەرنجێکی خێرای ئەو کارە وەرگێڕدراوانەی بازاڕی چاپ و پەخشی کوردی بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی وەرگێڕەکان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوە چڵی و بە سەقەتی دەزانن، هەر بۆیەش ئەو لێشاوی وەرگێڕانە نەیتوانیوە بزاڤێکی رۆشنبیریی رەسەن بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا دروست بکات و بخاتە سەر سکە.. جا بەم پێیە ئێمە ئەمڕۆکە نە زمانی ستانداردی خوێندن ونووسینی نەتەوەییمان هەیە، نە گوتاری ڕۆشنبیری یەکگرتووی نەتەوەیمان هەیە. دیارە ئەم دیاردەو حاڵەتە نەرێنییە، کار لە ڕێژەی ژمارەی خوێنەران دەکات وسنوری بڵاوبوونەوەی دەقەکە کەم دەکاتەوەو ئەمەش کاریگەری ڕۆشنبیری دەقەکە کەم دەکاتەوە.چونکە زیندوێتی وکاریگەری ڕۆشنبیریی دەق بەخوێنەرەوە بەندەو بەخوێنەرو لەخوێنەردا زیندووە. بۆ نموونە زۆردەق هەیە کە لە مێژە نووسەرەکانیان لە ژیاندا نەماون ، بەڵام بە خۆیان لە جاران زیندووترن و لە مەودایەکی بەربڵاودا دەخوێنرێنەوەو دەستاودەست دەکەن..

جا لە هەموو ئەمەش نەگبەتی تر، ئەوەیە ئەمڕۆ لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، بەدوو شێوەزار دەخوێنرێت !! ئەمە جۆرە قاییل بوونێکی ژێرا وژێرو پەنامەکییە کە ئێمە لە ڕووی زمانی ستانداردی خوێندن ونوسینەوە نە یەکێتیی نەتەوە ییمان هەیەو نە ئەو

یەکێتییەشمان گەرەکە. وا ( سیاسەتنەدارانی) کورد  لە بەر فڕان فڕانی گیرفان و بەرك پڕکردن نایان پەرژێ خۆ لەمە بکەن بەساحێب،ئەدی ئەهلی قەڵەم ونووسەران بۆچی قورقەپیان لێکردووە ؟!یا دەبێ لە  بازاڕی (نۆسەرایەتیدا) قەڵەمەکانیان هەرزان فرۆش کردبێت ، یان دەبێ گەمەکەی منداڵییان دەگەڵ کرابێ کە دەڵێت:( مەلانوێژ دەکات هین درێژ دەکات بە هینی دایکی ئەوەی قسان دەکات )ونایانەوێ ئەو جنێوە مزرە بەر دایکیان بکەوێ..گەلۆ زمان بەتەبیعەت لق و پۆ دەهاوێ وئەو لقانە  هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیبوونی خۆ  وەربگرن ولە ئەنجامدا  تایبەتمەندی خۆیان پەیدا بکەن ، با لەڕەگ وریشەشدا  یەك بن ، دەبن بە زمانی سەربەخۆ وجیا  لە دایکە زمانەکە، جا وەرە  تۆ  بەدەستی خۆت ئیش بۆ ئەمە بکەیت وخێرایی پێببەخشیت !! جا  بۆ  ئەوەی وەرگێڕی کورد ، نەگاتە  ئەو ڕۆژەی لە بادینییەوە بۆسۆرانی ولە سۆرانیەوە بۆ بادینی کاری وەرگێڕان بکات ،پێشنیاز دەکەمبا لە ئێستاوە زمانی ئینگلیزی لە هەرێمدا بکەین بەزمانی ستانداردو لە سەرانسەری قوتابخانەکانی هەرێمدا وەکو زمانی یەکەم بخوێنرێ و لە شەڕو گێچەڵی دیالێکتان ڕزگارببین!! عال کوڵیوە شێلم ، بژی کورد، بژی کوردستان!!

پ١٤/ لاوازی ودەوڵەمەندی زمان وفەرهەنگی زمان دەتوانێت چ کاریگەری وگۆڕانێك لە سەر وەرگێڕان دروست بکات؟زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی لە کوێی ئەم کاریگەری و گۆڕانە دایە؟

هەڵبەتە هیچ زمانێك لەخودی خۆیداو بەتەبیعەت وخۆڕسکانە هەژار یان دەوڵەمەند نییە.هیچ زمانێك لە زمانە زیندووەکانی ئەمڕۆی جیهان ، لە سەرەتادا بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە..ئەسەحیشە پەیدابوون وسەرهەڵدانی زمان، بویەڕ و ڕووداوێکی کۆت وپڕ نەبووە، بەڵکو گوێ بە گوێی پەرەسەندن وپێشکەوتنی کۆمەڵگە بەشەرییەکان ، ئەویش پەرەی سەندووەو گەشەی کردووە وگۆڕانی بەسەردا  هاتووە.یانی زمان وەك هەر دیاردەیەکی زیندوو لە زاوزێ وگەشەگردن ومردندایە، یانی لە گۆڕانی بەردەوامدایەو  قەت لە پێستێکا نەماوەتەوەو نامێنیتەوە، زمانیش کە زادەو بەرەنجامی پێداویستییە مادی ومەعنەوییەکانی مرۆڤە ، دەبێ  وەکو هەموو  شتە

مێژوویيەكانی دیكەی بەشەر، لەداب ونەریت و خوو خدەو ڕێوڕەسم وجلوبەرگان وهزرین وبیركردنەوە، بە گوێرەی كات وشوێن بگۆڕیت. دیارە ئەو فاكتەرانەی بەشداری لە گۆڕان وگۆڕینی زمان دەكەن زۆرن، لەوانەگۆڕانی پێداویستیە مادی ومەعنەوییەكانی تیرەی بەشەر، واتا زمان ڕەنگدانەوەی ژینگەی سروشتی وسایكۆلۆژی وكۆمەڵایەتی وفیكریوفەلسەفی وهونەری وزانستی كۆمەڵگەیە.زمان بەنووسین ولە ناو پرۆسەی نووسیندا گەشەدەكات ودەوڵەمەند دەبێت بە وشەو نووسین دەستكەوتە فیكری و فەلسەفی وهونەری و زانستیەكانی خۆی لە كاروانی بەرهەمهێنانی مێژووی بەشەردا تۆماردەكات و بەرە بەرە دەبێت بە خودانی بەخششی فیكری و فەلسەفی و هونەری و زانستی و سەنگ و ئیحتوبار پەیدا دەكات..جا لەم پێودانگەوە دەتوانم بێ چەندوچوون بڵێم تا زمان پوختەو خزمەتكراو و دەوڵەمەندتر بێت ، پرۆسەی نووسین و وەرگێڕان خۆشترو ئاسانتر دێتە دەست، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە هەر زمانێكش بگریت تواناوئیمكانیات و وزەی خۆی هەیە، لە سەر ئەهلی قەڵەمە كەشفی بكات وبیتەقێنیتەوەو بەكاری بێنێ ، نەك بێت بێ توانایی زمانەوانی خۆی بدات بەملی زمانەكەدا..

سەبارەت بە زمان وفەرهەنگی زمانی كوردی وپرۆسەی وەرگێڕان، دەبێ ئەوە بڵێین كە زمانی نووسین زۆرلە سەرەتادایە، ئەگەر لە هەندێ بواری حەیاتی و ژیاریداو لە سەرئاستی ناوخۆیی ولۆكاڵی وناوچەییدا سووكە بەخششێكی هەبێت، ئەوا لە زۆر بواری هەستیاری دیدا، لە سەرەتاشدا نییە. خۆ ئەگەر سەرەتای زمانی نووسین بە كوردی بگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەم. ئەوا زیاتر زمانی شیعر بووە، ناو بە ناو، جاری واهەبووە بە پەنجا سەد ساڵێك جارێ شاعیرێك لەم ناوچەیە یا لەو دەڤەرە، بەم لەهجەیە یان بەولەهجەیە پەیدابووەو گوتارە شیعرییەكەی هێندە كەم بورد بووە سنوورو ئاقاری دەڤەرە تەنگەكەی خۆی نە بەزاندووە، ئەمجاش ژمارەی ئەوشاعیرانە تا ئاخروئۆخری سەدەی هەژدەو سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەیەم ئەوەندەكەم بووە، ڕەنگە زۆر لە ژمارەی قامكی دوودەستان تێ نەپەڕی بووبێ..ئەمە جگە لەوەی ئەو شیعرەكوردییەی لە هەندێ قۆناغی سەدەی نۆزدەو بیستەمدا هەبووە، بە زۆری شیعری بەرخۆدان ومقاوەمەت بووە، كە

وای خواستووە بە زمانێکی خوڕ و ڕاستەوخۆی ئەوتۆ بەرهەم بێت کە بە ئاستەم لە زمانی زارەکی هێوەتر رۆییوەو وەکو پێویست مەنگی و مەندی بەلاغەت وفەساحەتی زمانی ئەدەبی ونووسینی وەرنەگرتووە . زمانی پەخشانیش کە لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە، ئەویش وەکو مێژووی کورد نیمچە وەستاو وپچڕپچڕ وپەراگەندە بووەو وەکو گوتاریش زیاتر دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی ناوچەیی هەبووە تا سەرانسەری...جا لە بەر ڕۆشنایی ئەم حەقیقەتانە، تا چاو بڕەکات تەماشابکەو بەخۆت حوکم بدە کە ئەرکی ئەهلی قەڵەم ، کە وەرگێڕ یەکێکە لەوان چەند قورس و دژوارە..

پ١٥/ ئەزمونی ئێوە لە کاری وەرگێڕندا چ شتێکی بۆ کەشفکردون لە دەرەوەی باسکردن لەومیتۆدو یاسایانەی دەربارەی وەرگێڕان دەگوترێن؟

من بەگوێرەی ئەزموونی خۆم لە بواری وەرگێڕاندا ئەوەم بۆ دەرکەوتوە، کە هیچ زمانێك لە خودی خۆیدا، بەتەبیعەت وخۆڕسك ،هەژار یان دەوڵەمەند نییە ، هەموو زمانێك وزەوتوانای گوزارشتەوانی پەنهانی خۆی هەیە کە ئەرکی ئەهلی قەڵەمە کەشفی بکات وبێداری بکاتەوەو بیخاتە سەرسکەی کارلێکی گوزارشتەوانی لە بوارە جیاجیاکانی بەرهەمهێنانی ئەبستمۆلۆژیدا..هەر وەها وەرگێڕ بۆ ئەوەی جێدەستی لە بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی خۆیدا دیاربێ ، یەك بواری کاری قەڵەمڕانی بگرێت کە هەم کاریگەریی ڕۆشنبیریی زیاتر دەبێت وهەم لە ڕووی زمان و گوزارشتی زمانەوانییەوە پتر لە زمانی ئەو بوارەدا قاڵ دەبێتەوەو تواناو وزە گوزارشتەوانییەپەنهانەکانی کەشف دەکات ، بە کورتی وەرگێڕ لەوە دەردەچێتتەنها وشەدانێکی وشکی پەیڤان بێت ، بەڵکو لە بواری خۆیدا داهێنان دەکات...

پ١٦/ گەڕانەوە بۆ مێژووی وەرگێڕان جگە لە بینین و کە شفکردنی ڕەهەندی مێژووی وەرگێڕان دەتوانێت چی ترمان بۆ بکات؟

گەڕانەوە بۆ مێژوو ودەورکردنەوەی مێژوو بۆ ئەوەیە ئێستای پێ دەوڵەمەند بکرێت وسودێك بە ئاینده بگەیەنێ،دەنا مێژوو تەنیا وەکومێژووی ڕووت بخوێنرێتەوەو نەبێ بە فاکتەرێکی کاراو کاریگەر بۆ دەوڵەمەندکردن وجوڵاندنی ئێستا بە ئاڕاستەی ئایندەدا تەنیا کات بەفیرۆدانەو هیچی دی، دەنا ئەوەی کەمێك بفامێ، دەزانێت هەرسەردەمێك ئەوزاری هزرینی خۆی گەرەکە..هەر کەسێك لە ئەوزاری هزرینی سەردەمی خۆی مەحروم بکرێ تەنیا پاشڤەڕۆییدەدورێتەوەو دەبێ بە بار بەسەر ژیان وکۆمەڵگەوە.چونکە ناکرێ وناشێت خەڵکی ئەم سەردەمە بە کەرەستەو ئەوزاری ڕابردوو بیربکاتەوەو بتوانێ مامەڵە لەتەك دیاردەو ڕووداو وپێداویستیە مادی ومەعنەوییەکانی ئەمڕۆدا بکات. دەورکردنەوەو خوێندنەوەی مێژوو بۆ هەڵێنجانی ئەو پەندو دەرسە زۆرانەیە کەلە هەزار توێیەکانی خۆیدا هەڵیگرتوون..جاگەڕانەوە بۆ مێژووی وەرگێڕان یارمەتی ئەوەمان دەدات لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەوان وردببینەوە تا بزانین هۆکاری شکست وفاکتەری سەرکەوتنیان چی بووە، تا ئێمەش بەسود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان، وبە ئەوزاری مۆدێرن ،میکانیزمێکی سەردەمیانەی ئەوتۆ بدۆزینەوە کە خۆ لە شکست وناکامیان بپارێزێن وسەرکەوتن بە ئاراستەی ئایندەدا مسۆگەربکەین..

پ١٧/ وەرگێڕان لە نێوان کاری فەردی و گروپیدا چ جیاوازیی و لێکچونێك هەیە لە نێوانیانداودەکرێت کامیان بە بنەما بگیرێت لە کاری وەرگێڕاندا؟

بەندە پێموایە تاکپەروەری وخوددۆستی ڕەگی لە قوڵایی تەبیعەت وناخی هەرتاکێکی بەشەردایەو گروپ وگۆمەڵگە بەشەرییەکانیش بەدەرەجەی یەکەم زادەوبەرەنجامی خوددۆستی تاك بووە، تاك بەتەنیا دەرەقەتی دیاردەو ڕووداوە سروشتی وگەردوونییەکان نەهاتووەو لەسەرەتاوە لەترساندا پێویستی بەگروپ وکۆمەڵ بووەو پاشان کەفامی کردووەتەوە، بۆ خۆنواندن وخودسەلماندن و شەرعیەت بەخشین بەخوددۆستی خۆی ، پێویستی بە گرووپ وکۆمەڵ وکۆمەڵگە بووە، واتە مێگەلایەتی ئەگەر لە ڕووی ناچارییەوە لە هەندی قۆناغی مێژووی تیرەی بەشەردا باوبووبێ، ئەوا تاك لە هەڕەتی قەرەباڵغیدا، هەستی بە تەنیایی خۆی کردووەو بەو

ئاواتەوە بووە، ڕۆژێ لەڕۆژان، تاکپەروەری وخوددۆستی خۆی بەدەست بهێنیتەوەو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بەر قەراربکات کە گەورەترین ڕووبەر بۆ مومارەسەی تاکپەروەری وخوددۆستی دابین بکات. هەر بۆیەش ئەمڕۆکە، لە کۆمەڵگە مۆدێرن وپێشکەوتووەکانی دنیادا، تاکپەروەری وخوددۆستی یەکێکە لە دیاردە زەق ودیارەکان.واتە مرۆڤ بە ئاسانی وخۆبەخۆو خۆبەخش دەستبەرداری تاکایەتی خۆی نابێت وئەمەش لە ژیان وکاروکردە وچالاکییە حەیاتی وفیکری و فەلسەفی و هونەری و ڕۆشنبیرییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، کە وەرگێڕان  یەکێکە لە کارە ڕۆشنبیرییە هونەرییەکانی.بەندە پێموایەگرینگترین خاڵی لێکچوونی پرۆسەی وەرگێڕان لە نێوان کاری فەردی وکاری گروپیدا ئەمەیە کە هەردوولایان، سەرو سەختیان دەگەڵ دوو زمانی جیاوازدایە، بەو مەبەستەی دوو قەڵەمڕەوی جیاوازیزمانەوانی ، لە پرۆسەیەکی کارلێکی ئیجابی ڕۆشنبیریی هونەریدا، تەواو لە یەکتر نزیك بکەونەوە  یان بگەیەننە یەکدی. بەڵام گومان لەوەدا نییە خوێندنەوەیان بۆ دەقی یەکەم وەکو یەکەیەکی یەکپارچە جیاوازەو چۆنیەتی بەکاربردنی زمانیش لە تاکەوە بۆ گروپ جیاوازە. شێوازی کارکردنی تاك بە پێچەوانەی کارکردنی گرووپەوە یەك دەست ویەك تۆن و یەك ڕەنگە و جۆرە هاونەواییەك لە نێوان دەقە ئەسڵەکەودەقە وەرگێڕدراوەکەدا هەیە، لە کارکردنی تاکدا ، تاك بە مەسئولیەتێکی زیاترەوە  مامەڵە لە تەك گوێزانەوەی ورد و ئەمین دەکات وهەمیشە خوێنەری گریمانەیی وئیحتیمالی خۆی لە بەرچاوە. واتە هەر گلەییەکی بێتەسەر هەرخۆی بەرپرسەو ناتوانێ خەتایەکە بەکۆڵی هیچ کەسێکی تردا بدات، بۆیە ئامادە نییە خۆی بکاتە نیشانەیەکی خۆشئەنگافتەی بەر سێرەی هەموو کەسێك. بەڵام لەکاری گروپیدا لەگینە هەر یەکێك لە ئەندامانی گروپەکە، بۆ خۆ پەڕاندنەوە خەتایەکان بدات بەملی ئەوانی دیدا.ڕەنگە یەکێك لەئیجابیاتەکانی کاری گروپی ئەوەبێ کە لەگینە کارەکە  لە ماوەیەکی زووتر لە کاری تاك، تەواوببێت. بە هەرحاڵ هەردوو جۆرەکە لایەنی نەرێنی وئەرێنی خۆیان هەیە. بەڵام من کاری فەردیم بەلاوە پەسەندترە، چونکە بواری خۆنوێنی وخودسەلماندن وخوددۆستی زیاتر تیایەو لە ئەنجامدا بە قازانجی کارەکە دەشکێتەوە...

پ١٨/ زمان لە پرۆسەی وەرگێڕاندا یەك وەزیفە و ڕۆڵ دە بینیت یان وەزیفە و رۆڵی جیاوازیی هەیە ؟

ئەگەر بگوترێ هیچ شتێك لە دەرییێ زماندا نییە نابێت بەزێدەڕۆیی..زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان وهەرچی شارستانیەت ومەدەنییەت ودەستکەوتی مرۆڤایەتی هەیە قەرزارباری زمانن، چونکە زمان وبیرکردنەوە دووڕووی یەك دراون وهەرگیز لێکدی جودا ناکرێنەوەو هەرکە جیاکرانەوە ئیدی بایەخ وکاریگەری خۆیان لە دەست دەدەن ، دراوەکە دەبێت بە سکەیەکی قەڵب ولە هیچ بازاڕێکدا ناچێت..دیارەلێرەدامەبەست لە زمان ،زمانی نووسینە، نووسینوبەکارهێنانی لە بوارە ئەپستمۆلۆژییەکاندا، لە بنەڕەتدا هاوتای ژیانە.کە تیرەی بەشەرکەوتە بەکارهێنانی زمان وگێڕانەوەی سەربووردەکانی خۆی ، بەمە درێژەی بەشەریی پەیداکرد.خۆی وژینگەی خۆی ودیاردەو بویەرەکانی تۆمارکرد.ئیدی لەوێندەرەوە کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەرکە بە زەبری زمان خۆی ومرۆڤایەتی خۆی تۆماربکات ، بەردەوامی بە پەیوەندییە زەمەنی وشوێنیەکانی خۆی ببەخشێت. دیارە زمان وەختێك لەوە دەردەچێت کە تەنیا هۆیەك بێت لەهۆیەکانی لێکدی گەیشتن کە پێی بنووسرێت ، کە پێی نووسرا دەبێت بە کەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی ئەپستمۆلۆجیاودەرککردن وفامین. هەڵبەتە زۆرجار نووسین وبەرهەمی قەڵەم بە ڕادەیەك چرو وخەست دەبێتەوە، بە تایبەتی لە دەقێن فلیڤانی بەرزدا، هەر بەوە قایبل نابێت لە بازنەی کەرەستەی مەعریفەت ودەرککردندا بمێنێتەوە،بەڵکو بۆ خۆی دەبێت بە بابەتی مەعریفەت وئیدراك.دەبێ بەخودی مەعریفەت وئیدراك..بەم پێیە زمان لە ناودەقی نووسیندا، یان دەقی نووسین لە ناو زماندا، بەتایبەتی دەقی هونەریی فلیڤانی بە جۆری ئاوێتەی یەکدی دەبن ولە بۆتەی یەکتردا قاڵ دەبنەوەو گەشەدەکەن ولە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستە دەبن، مەگەر هەر زاراوەی دەق پڕ بە پێستی بێت.جا بۆگەیشتن بەو ئاستە هونەرییە باڵایە، واتە لە پرۆسەی بەدەق بووندا،دەق نەك هەرخۆی بەڵکو زمانیش بەرهەم دێنێ ، یانی بەدەم پرۆسەی بەدەق بوونەوە، دەق زمان دەگرێت وزمان دەقایەتی وەردەگرێت ، واتە دەقاودەق دەکەون، دەبن بە هەڤدەقی

یەکتری. ئیدی لێرەوە زمان دەبێت بەخودی هەموو وەزیفەکان ، بۆیە هیچ نابێ بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ" هیچ شتێك لەدەریی زماندانییە."

پ١٩/ چۆنیتی بە کاربردنی زمان وەك ڕەگەزێکی بالآی وەرگێڕان دەبینرێت خویندنەوەی ئێوە چییە؟

دژواری وەرگێڕان لەوە دایە کە لە نێوان دووکەلتوور، دوودنیای هزرین ودوودنیای دەرك وتێگەیشتنی جیاوازدا ئەنجام دەدرێت کە وەرگێڕ لە سەریەتی بەجدی ڕەچاوی بکات وهەمیشە ئەم خاڵەشی لە بیرو لە خەیاڵ بێ ، هەرچەندە سەرو سەختی دەگەڵ تێکڕای دەقدایە وەکو یەکەیەکی یەکپارچە، بەڵام بۆ ئەوەی دەرەقەتی پاچڤەی دەق بێت، لە سەرێتی چۆنیەتی وەرگێڕانی دروستی زمانیش فێربێت. چونکە زاڵی بە سەر زماندا، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پرۆسەی وەرگێڕان. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ دەبێت زمانەوان بێت یان زانای بواری زمان بێت ،بەڵکو پێوستە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بزانێت. هەڵبەتە وەرگێڕان جۆرە شەقڵ ومۆرکێکی دیالۆگی پێوەیە، دیارە دیالۆگ بە زمان ولە ناو زماندا دەکرێت ، زمان دەکاتە وشە(نیشانە)، ڕستە،دەق (گوتار).هەر وشەیەکیش چەند سادەوسەرەتایی بێت لە مانایەك پتری هەیەوبە چەمکێك پتر بارگاوییە یانی بە فرەمانایی ئاوسە.واتا مانا لە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی وشەدا، بە گوێرەی ڕستەو بەپێی دەق وگوتار دەگۆڕێت ..وەرگێڕ لە سەرێتی لە میانەی زمانی یەکەمەوە ڕۆحی دەقەکە کەشف بکات وبەجۆرێکی داهینەرانەی ئەوتۆ بیکات بە بەری زمانی دووەمدا، کە هەمان تام وبۆی دەقە ئۆرجینالەکە، بەڵام بە ناسنامەی وەرگێڕانەوە بدات..دیارە ئەم نەشتەرگەرییە هەستیارە تەنیا بە زمان ولە ناو زماندا دەکرێت وجا لێرەدا مەبەست لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانە، کە زەمانەتی دەقایەتی دەقەکە لە زمانی دووەمدا دەکات..

پ٢٠/ وەرگێڕان وەك پرۆسەیەکی زمانەوانی کە زماننا‌سەکان ئاماژەی بۆ دەکەن یاخود وەك پرۆسەی راڤەولێکدانەوە دەناسێنرێت، سەرنجی ئێوە چییە؟

وەك چۆن دووبەشەری سەدی سەد چوونیەك نییە، ئەگەرجمكانەش بن، بەو ئاوایەش دووزمانی سەدی سەد وەك یەك لە دنیادا نییە، بەڵكو یەكێك لە سەرچاوەو ئەنگیزەكانی پەیدابوون وسەرهەڵدانی كاری وەرگێڕانیش جیاوازی ولەمپەری زمان بووە. واتە زۆر ئەستەمە وشەی زمانی یەكەم ودووەمی ئەو بەرهەمەی كاری لەسەر دەكرێت لە ماناوقاڵب وچەمك وبونیادو ڕەمزیەتدا یەكسان بن وهەمان بارگەو وزەو توانای گوزارشتەوانی وگەیاندنیان هەبێت. ئیدی وەرگێڕ لەسەریێتی بگەڕێت نزیكترین هاوتاو هاوماناو وشەودەستەواژەكانی زمانی یەكەم لە زمانی دووەمدا پەیدابكات وبەنزیكترین شێوازو ستایلی زمانی یەكەم دای بڕێژێتەوە..یانی وەرگێڕ دەبێ بتوانێت لە گوتاری ئەو دەق وبەرهەمە حاڵی بێت كە دەیەوێ كاری لەسەربكات. چونكە وەرگێڕ بە پێچەوانەی زمانەوانەوە كە وشەو ڕستە لە چوارچێوەی وشەو ڕستەداو لەپێناوی خودی وشەوڕستەدا شیدەكاتەوە، دەق لە ئاستێكی باڵاترداو هێوەتر لە وشەو ڕستەوگوتاری سەربەخۆ، شیدەكاتەوە. چونكە ئاشكرایە كە مەبەست لە وەرگێڕان تەنیا پاچڤەی زنجیرە ڕستەیەكی سەربەخۆ نییە، بەڵكوپاچڤەی تەواوی دەقەكەیە، پاچڤەو گوێزانەوەی دەقایەتی دەقەكەیە.واتە پاچڤە ئەوكارە میكانیكییە نییە كە وشەیەك لەجێی وشەیەك دابنرێت وتەواو، بەڵكو هەڵهێنجان وشرۆڤەی مانایە بە مەبەستی وەرگێڕانی دەق وەكو یەكەیەكی یەكپارچە.جا مانای وشەو ڕستەو سەرانسەری دەق پترلە ڕێگەی ڕاڤەو شرۆڤەوە دێتەحاڵی بوون وفامین وفامكردن.بۆیە وەرگێڕ دەبێ سود لە شرۆڤە، واتە شیكردنەوەو وردكردنەوەی هۆشمەندانەی هەموودەقەكە وەربگرێت، چونكە بەبێ پەیبردن بەڕازو ڕەمزو نهێنی وتان وپۆی دەق، زەحمەتە پەی بەشرۆڤەی ڕستەی ئەسڵی ببرێت..واتە شیكردنەوەو لێكدانەوەی شرۆڤەكاریانە، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا بەردی بناغەیەو بەبێ ئەمە هیچ وەرگێڕانێك مەیسەر نابێت..جا وەرگێڕ لە بەر ئەو هۆیانەی كە لە سەرێرا ئاماژەمان كردنێ مامەڵە دەگەڵ زماندا وەك شتێكی مجەڕەرد ناكات، بەڵكو سەروساختی دەگەڵ چۆنیەتی بەكارهێنانی زماندایە.وەرگێڕ زەمینە بۆ بەرجەستەكردنەوەی دەقی یەكەم بە هەمان تین و تاو و كاریگەریی خودی دەقەكەوە ، لە زمانی دووەمدا خۆشدەكات..هەڵبەتە جیاوازی زمان ولەمپەری زمان وادەخوازێت كە هیچ

وەرگێڕانێك لە وردەدەستكاریی بەدەر نەبێت، وباشترین وەرگێڕان ئەوەیە نە ئەوەندە ئازادبێت، کە ناسنامەی دەقە ئەسڵەکەی تیا بزربێت ونە ئەوەندە وشك و وشە بە وشە بێت کە دەقەکە لە دەقایەتی بخات وخوێنەر بتارێنێ..

پ٢١/ وەرگێڕان وەك نزیکی و تەبایی بە فیکرو ڕوانین وسەلیقەی وەرگێرەوە بۆ دەقەکە و وەرگێڕان وەك پیشەیەك بۆپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کولتوریی و فەرهەنگییەی کە هەیە چ جیاوازیی و پەیوە ندییەکیا ن هەیە؟

هەڵبەتە سەرچاوەی سەرکەوتنی هەر کارێك ئاشقێنییە دەگەڵ ئەو کارەدا.بۆیە وەرگێڕ دەبێت پشوودرێژ، کۆڵنەدەربێت، ئاشقێنی دەگەڵ کارەکەیدا بکات، پیشانی خەڵکانی لە خۆی شارەزاتری بدات، پرسیاربکات، وەك دەڵێن پرسا و دانا بێت ،بەرهەمێك یا کتێبێك هەڵبژێرێت کە دەگەڵ زەوق وسەلیقەو تەبیعەتی خۆیدا بگونجێت. وەکو چۆن مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا ناتوانی هاوڕێیاتی هەموو کەسێك بکات و زیاتر کەسانێك بۆ هاوڕێتی هەڵدەبژێرێ کە لە ڕووی ئاکارو ڕەفتارو تەبیعەتەوە لێوەی نزیکن ودەگەڵی دەگونجێن، دەبێ بەو ئاوایەش کتێبێ هەڵبژێریت کە پڕ بە پێستی زەوق وسەلیقەی خۆی بێت..چونکە لەوەیە وەرگێڕانی بەرهەمێك چەند مانگێك وهەندێجار چەند ساڵێك بخایەنی، ئەگەر کارەکە هەڵبژێردراوی زەوق وسەلیقەی خۆت نەبێت چۆن ئەو هەموو وەختەی دەگەڵدا بە سەر دەبەیت!!..هەڵبەتە پڕکردنەوەی بۆشایی کەلتوورییش بۆ خۆی مەسەلەیەکە. بە تایبەتی بۆ میللەتێك خودانی کتێبخانەی هەژارو پڕ کەلێن وبۆشایی بێت .بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە وەرگێڕ هەر کتێبکی بە دەستەوە هات خێرا پڕی بداتێ وبەگژ وەرگێڕانیدا بچێت. چونکە هیچ وەرگێڕێك نییە بتوانێ لە هەموو کایە ئەبستمۆلۆجیەکاندا کاربکات، بۆیە تواناو ئیمکانیات وسەلیقەو بەهرەی هەر وەرگێڕێك دەبێت بە ڕێنوێنی هەڵبژداردنەکانی وەرگێڕ، کە تواناو سەلیقەو بەهرەی هەر وەگێڕێك ڕەچاو نەکرا هەنگێ کارەکەی دەبێت بە بێگارو سوخرە وسوخرەکێشی وبە پەلەپڕوزێ وبەشێوەیەکی جەڵەبی وبازاڕی لە کۆڵی دەکاتەوە، جا لەم حاڵەتەدا نەکردنی زۆر باشترە. هەڵبەتە کە باسی پیشەو وەرگێڕی

پیشەیەی دەکرێت، ئەمە بەو مانایە نییە وەرگێڕ هەرکارێکی وەرگێڕانی هاتە بەردەست یان پێی سپێردرا، بیّ چەندوچوون بیکات، نەخێر، وەرگێڕی پیشەیی کەسێکە بە کاری وەرگێڕان- نەك هەموو بوارێکی پاچڤەوانی- بژی ولە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ژیان وبژێوی خۆی دابین بکات و هەموو ژیانی خۆی بۆ وەرگێڕان تەرخان بکات ودەرامەتێکی ئەوتۆی دەست بکەویّ کە پێویستی بە هیچ کارودەرامەتێکی دیکە نەبێت، یانی بە کارەکەی وبۆ کارەکەی بژی. جا بەم گەزو پێوانەیە ئێمە نەك وەرگێڕی پیشەییمان نییە، بەڵکو نووسەری پیشەیشمان نییە...

پ۲۲/ سیاسەتی وەرگیران لە پەیوەندی بە دامەزراو ودەزگاکانی حکومەتەوە چۆن دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت وهەنگاوی دروست بنێت؟

لە پاش ڕاپەڕینی ۱۹۹۱وە لە کوردستانی بندەستی عێراقدا جۆرە ئازادییەکی هەڕەمەکی بەرپابوو، بازاڕی سیاسەت برێك گەرم بوو، کەونە حیزبان بوژانەوە، تێکۆشەرێن ناو ئوتێلان لە ئاوارەیی ودەربەدەری گەڕانەوە، دوکانچەی حیزبی لە قەیسەری سیاسەتدا بە سەرقفلانە گیران وکەوتنە چالاکی وئیدی بازاڕی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوگۆڤارو بلاڤۆك وتەلەفزیۆن وسەتەلایت بە شێوەیەکی بێپیشینە گەرم بوو.بەرەبەرە چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێبان مۆدی پەیداکرد.دام ودەزگای چاپ وپەخش دانرا، هەندێکیان لەپڕ هاتن ولە ناکاو چوون، هەندێکان مان وجێدەستیان دیارە، لەوانە دەزگای موکریانی، سەردەم ، خانەی وەرگێڕان، ئاراس..کە هەموو ئەم دەزگایانە جگە لە خانەی وەرگێڕان دەزگای نیمچەفەرمی حیزبی وحوکمەتین...بە هەرحاڵ ڕۆمان وچیرۆك و کتێبێن دی چاپ وبڵاوکرانەوە، پاچڤە بەتایبەتی هی ئەدەبیات بەرە بەرە ڕەواجی پەیداکرد .زۆر ڕۆمانی جیهانی هاتنەچاپ و وەشاندن، کاری ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی ڕۆژنامەوانی حیزبی وسیاسی لەڕادە بەدەر پەرەی سەند، یانی میدیا، ئەگەرچی میدیای بیّ لایەنمان نییە، زۆر بڵاوبووەتەوە...

بە هەرحاڵ دەزگا فەرمی ونیمچە فەرمییەکان کە زیاترحیزب یان حکوومەتیان لەپشتەو، زۆر نیگەرانی فرۆشی بەرهەمەکانیان نین، دەتوانن دەست لە سەربڵاوکردنەوەی کتێبانی بژاردەو باش دابگرن وچلۆنایەتی

بالآیان بەلاوەگرنگ بێت و هەقدەستی باش بە نووسەران وپاچڤەوانان بدەن زیاتر بەدووی کتێبی باش ونووسەرو وەرگێڕی چاکدا بگەڕێن وهەوڵبدەن بەرنامەی بڵاوکردنەوەیان هەبێ وبە هەماهەنگی یەکدی ئەو کتێب و دەقە بیانیانە وەربگێڕن کە ڕۆڵی پیشڕەوانانەیان هەیەو خێرایی بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیری وئەدەبی وهونەری وزانستی خۆماڵی دەبەخشن، نەك بەگوێرەی ڕێکەوتان وبەپێی حەزی وەرگێڕ کتێبان چاپبکەن، یانی زیاتر بایەخ بەنەوعیەت وچلۆنایەتی بدەن تا بە کەمیەت وچەندایەتی، دەقە وەرگێڕدراوەکان هەڵبسەنگێنن، پێداچوونەوەیان بۆبکەن، گرنگیەکی زۆر بە دابەشکردنی بەرهەمەکانیان بدەن، یانی ناوبانگێکی ڕۆشنبیری ئەوتۆ بۆ خۆیان پەیدابکەن کە ببنە جێگەی متمانەی خوێنەران وناوەندە ڕۆشنبیریەکەو،مۆرو ئارمی ئەوان بەسەر هەر کتیبێکەوە بێت بۆی ببێت بە پەساپۆرت وگوزەرنامەی ڕۆشنبیریی وشایەتی وگەواهی بۆ باشی کتێبەکە..ئەمەش بەوە دێتەدی کە بڵاوکراوەکانیان هەڵبژاردە بێت، پشت بە وەرگێڕی دەرجە یەك وکارامە و زەبەر دەست ببەستن وهەقدەستی باش بە وەرگێڕ بدەن وکارێکی وەها بکەن وەرگێڕ پێویستی بە هیچ دەرامەتێکی دیکە نەبێت، بە کارەکەی خۆی کە وەرگێڕانە بژی.یانی پشت بەوپاچڤەوانانە ببەستن کە کارەکانیان پوختەبێ وپێداچوونەوەی نەوێت ومەسرەفی پێداچوونەوەیان لە کۆڵ ببێتەوە، تا دەتوانن نرخی زۆرکەم وگونجاویدەگەڵگیرفانی خوێنەردا، لە سەر بەرهەمەکانیان دابنێن، بەڕێکوپێکی، بەسەرکتێبفرۆشییەکانی نا وولآت ودەرێی ولآتدا دابەشی بکەن.. لەکەناڵە میدیاییەکانداڕیکلامی بۆبکەن ، لەگۆڤارورۆژنامەکاندابانگەشەی خوێندنەوەی بۆبکەن.. لە کەناڵە میدیاییەکاندا ریکلامی بۆ بکەن، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بانگەشەو خوێندنەوەی بۆ بکەن تا دەکرێت خۆیان لە پاچڤەی دووبارەو سێ بارە بپارێزن بە تایبەتی پاچڤەی دووبارەی ئەو بەرهەمانەی کە هەموومەرجێکی پاچڤەی باشیان تێدایە، چونکە ئەم کارە خۆی لە خۆیدا پاشەکەوتی وەختی وەرگێڕو وەختی دەزگاکەشە، پاشەکەوتی پارەی تێچوونی چاپ وبڵاوکردنەوەی کتێبەکەیە، لە هەمان کاتدا کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی فرۆختی کتیبەکەیە، لە جیاتی ڕیژەی فرۆختی کتێبەکە بەسەر دوو یان سێ پاچڤەدا

دابەش ببێت، بۆ یەك پاچڤەی باش بێت زۆر باشترەوخوێنەریش تووشی سەرەگێژکێ نابێت.خۆ ئەگەرداواکاری لە سەر بووو لە بازاڕدا نەمابوو دەشێت چاپ بکرێتەوە. بۆ نمونە من کاتی خۆی بەدەم ژیانی پێشمەرگایەتییەوە چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگیم پاچڤەکردوون، چەند جارێك لەشاخ چاپ بوون ولە ساڵی ٢٠٠٤دا لە لایەن کتێبخانەی ئاویەریشەوە بەیەك بەرگی ٢٤٠ لاپەڕەیی بڵاوکرایەوە، کەچی تازە لەلایەن دەزگای موکریانیەوە پاچڤەیەکی تری چاپ وبڵاوکراوەتەوە کە بەمتمانەوە دەڵێم پاچڤەکەی بەندە لە زۆر ڕووەوە لە پاچڤەی دووەم باشترە، هەرهەمان دەزگا، پاچڤەی دووەمی کارێکی دیکەی بەندەیان، کە ڕۆمانێکی فەریبا وەفی یە، چاپ وبڵاوکردۆتەوەو پاچڤەکەی بەندە لە زۆر ڕووەوە لە پاچڤەی دووەم باشترە..هەڵبەتە پاچڤە بەوپێیەی ئەوزاری گفتوگۆی خەڵکان وشارستانیانی جیاوازی زمانە ، دەبێ دەزگاکان بایەخ بە وەرگێڕانی خۆماڵیش بۆ زمانانی بیانی بدەن، تا هاوکێشەی دیالۆگەکە بێتەدی..

پ٢٣/ بە ئەندازەی خویندنەوە وچاودێری ئێوە بۆ ئەو وەرگێڕانانەی کە دەکرێن لاوازی وکەم وکوڕییە کانیان چین؟

دیارە بەندە پێموایە کە لە هیچ شوێنێکی دنیادا وەرگێڕانی سەدی سەد ئایدیالی نییە، بەڵام وەرگێڕانی زۆرباش، کە تامی دەقە ئەسڵیەکە بدات زۆرە..بزوتنەوەی پاچڤەوانی کوردییش لەم دیاردەیە بەدەر نییە..هەڵبەتە وەرگێڕ لە سەرێتی لە ڕێگەی هەڵبژاردن وداڕشتی گونجاوی وشانەوە هەمان کاریگەریی وڕوونی و ڕەوانی دەقە ئۆرجیناڵەکە بە وەرگێڕانەکەی خۆی ببەخشێت ..ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەو مانایەیە کە وەرگێڕ پێویستە خۆی لە وەرگێڕانی وشە بە وشە بپارێزێت، چونکە وەرگێڕانی وشە بە وشە هەم چەمکی دەقە ئەسڵیەکە زەدەدار دەکات وهەم جوانی گوزارشت ودەربڕینەکەی دەشێوێنێ..بۆیە وەرگێڕ دەبێ ئەوەی لە لا عەیان بێ وەختێ لە پرۆسەی وەرگێڕاندا مامەڵە دەگەڵ دوو زماندا دەکرێت ، ئەم دوو زمانەدەکەونە کارلێکی ڕۆشنبیری وهونەرییەوە، بۆیە ئاسیو بە یەکدی دەگەیەنن، هەریەکەیان بەلای ئەویتردا دەکشێت، دەستورو پێکهاتەو بونیاد ورستەسازی وتایبەتمەندیانی دیکەی یەکتر وەردەگرن، خۆ ئەگەر وەرگێڕ

کەسێکی زۆر شارەزای هەردووزمانی یەکەم ودووەم نەبێت ، ئەوا یەکێك لەودوو زمانە ئەویتر غەزوو دەکات وڕیسەکەی دەبێتەوە بەخوری ولەو سەرەوە ڕەنج بەخەسار دەردەچێت، کە مخابن ئەم حاڵەتە لە بەشێکی زۆری ئەو وەرگێڕانانەدا دەبینم کە خوێندومنەتەوەو گەلێك لەو وەرگێڕانانەی لە بازاڕدان ئەوە دەسەلمێنن کە گەلێك لە پاچڤەوانەکانمان تەنیا زمانی گەڕەکەکەی خۆیان بە نیوەچڵی وبەسەقەتی دەزانن وزۆر دوورن لە کەلەپووری زمانی کوردییەوە و لە کاتی وەرگێڕاندا بە کوردی بیرناکەنەوە هەر بۆیەش ئەولێشاوی وەرگێڕانە، نەیتوانیوە بزافێکی ڕۆشنبیریی ڕەسەن بە ئاڕاستە نەتەوەییەکەدا چێبکات. هۆیەکی تری شپرزەیی وپەشێوی ئەو وەرگێڕانانەدەگەڕێتەوە بۆ پابەندی هەندێ لە وەرگێڕەکان، بە تایبەتی کەم ئەزموونەکانیان بەوە رگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕ کە کار لەسەر دەقێك دەکات ودەیەوێ بۆ زمانی دووەمی بگوازێتەوە، دێت بەپێی یاساوڕێسای زمانی یەکەم ، لە ناو زمانی دووەمدا بیردەکاتەوە، بە شێوەیەکی میکانیکی وشە ودەستەواژە وبونیادی دەستوری و زمانەوانی دەقە ئەسڵەکە دەگوازێتەوەو بەو جۆرە دەقایەتی دەقە ئەسڵەکە، لە زمانی دووەمدا نەك هەر بەرجەستە نابێت ، بەڵکو لە باردەچێت. ئەمە بۆ نەشارەزایی وکەم ئەزموونی وتێنەگەیشتنی وەرگێر لەبابەتی دەقەکەو، تەمەڵی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە.وەرگێڕانی وشە بە وشە زۆرجار لە کۆڵ کردنەوەیە، وەرگێڕ بە بەردێك دووکێشکان دەکوژێت، هەم تێنەگەیشتنی خۆی لە دەقەکە، لە خوێنەر دەشارێتەوەو هەم لاف وگەزافی ئەمانەتداریش لێدەدا، لە کاتێکدا ئەمانەتداری بەومانایە نییە کە نابێ تاقە وشەیەك لە دەقی زمانی یەکەمدا بەبێ وەرگێڕان بمینێتەوە یان چ وشەیەك نەهێنرێتە ناو زمانی دەقە وەرگێڕدراوەکەوە کە هاوتایەکی لە دەقە ئەسڵەکەدا نەبێت، بەڵکو وەرگێڕ دەبێ قاڵب وسیستەمی ڕستەبەندی زمانی یەکەمی دەقەکە تێکبشکێنێ ولە قاڵب وسیستەمی ڕستەبەندی زمانی دووەمدا دای بڕژێتەوەو دەقایەتی دەقەکەش بپارێزیت کە ئەمە بەبێ وردەدەسکاریی زۆر وەستایانە هەرگێز نایەتە دی..خۆ جاری وا هەیە ئیدیۆمێك یان زاراوەیەك لە زمانێکدا جێگەی ڕستەیەکی تەواوی زمانێکی تر دەگرێتەوە، خۆ ناکرێت بە ناوی ئەمانەتداریەوە بە کارنەبرێ وبکرێ بە قوربانی

پاچڤەی وشە بە وشە!.ئەمە هەندێ لەوکەم وکوڕیانەن کە لە هەندێ کاری وەرگێڕانی کوردیدا سەرنجیان ڕاکێشاوم...

پ ٢٤/ ڕاسپاردەوڕینمایی ئێوە چیە بۆ بەرەوپێشبرن وباشترکردنی ڕەوشی وەرگێران و بە کولتوورکردنی وەرگێڕان؟

ڕاسپاردەوڕێنمایی؟!نا تۆ بڵێ پێشنیاز.پێشنیازی ئەوە دەکەم پاچڤەخانەیەکی(بیت الترجمە) ستراتیژی نەتەوەیی هاوشێوەی (بیت الحکمە)کەی سەردەمی عەباسیان،بە ئە قڵیەت وشێوازی ڕۆژگاری ئەمڕۆ بێتە دامەزراندن وکۆمەڵێك پسپۆڕی بواری فیکری وفەلسەفی وهونەری وزانستی شارەزا لە زمانانی زیندووی تیا دابمەزرێت وهەر یەکەیان بەلای کەمەوە ئەزموونی وەرگێڕانی یەك دوو کتێبی گرنگیان هەبێت. مووچەیەکی ئەوتۆیان بۆ ببڕێتەوە کە بەباشی پێی بژین وچاویان لە هیچ کاروکاسبییەکی دیکە نەبێت ..ئیدی ئەمانە بەپێی بەرنامەیەکی ئەکادیمی وبە پێی پێویستیە حەیاتیە مادی ومەعنەوییەکانی ئەمڕۆی خۆمان، دەست بکەن بە وەرگێڕانی شا کارە فیکری وفەلسەفی وهونەری و فلیڤانی وزانستیەکانی جیهان وبەرهەمەکانیان لە لایەن کوردی زانانی کارامەو پڕ ئەزموونەوە پێداچوونەوەو داڕشتنەوەیان بۆ بکرێت.دیارە هەر پارەیەك لەم بوارەدا وبۆ ئەم مەیدانە خەرج بکرێت بە فیڕۆناچێت.ئەگەر ئەمە بکەین بزانە چۆن دەکەوینە سەرسکەو لەماوەیەکی پێوانەییدا ڕێگاکان قەدبڕ دەکەین و بەلای کەمەوە بۆشاییە ئەبستمۆلۆژی وشارستانییەکان پڕ دەکەینەوە وڕووی مەجلیسی میللەتانی پێشکەوتوومان دەبێت..دەشێت میللەت حکومەت وپەرلەمانی نەبێت، بەڵام میللەتی بێ کتێب نابێت وقەپانی میژوو، میللەتی بێ کتێب ناخوێنێتەوە..سەیرە لەم وڵاتەدا هەرچەند ساڵێك جارێ بە ناوی دیموکراتییەتەوە گەمەیەکی بازهەڵدان بەرپادەکرێت وبازی حیزب بەسەر هەرکەسێکەوە نیشتەوە ئیدی دەبێ بە ئەندام پەرلەمان بۆ خۆی خەنی دەبێت ومانگانە گەڵابەیەك دیناری دەدرێتێ، بەڵام کەس ئامادە نییە پارەی چاپ کردنی کتێبێك بەباشترین وەرگێڕ بدات..

٢٠١٣/٤/٥

## پاژی سێیەم

## مەرگی زمان = مەرگی نەتەوە

((١))

زمان، فاکتەرێکی هەرە گرینگی یەکخستن و پێکەوە گرێدانی ئەندامانی هەر کۆمەڵێکە و لە ئەنجامی ئەمەوە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە... واتە زمان بنەمایەکی سەرەکی پێکهاتەی بوونی نەتەوەیی وەکو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت.

ساطعالحصری لە کتێبی (چەند وانەیەك لەمەڕ سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی)دا دەڵێ:(زمان روح و ژیانی نەتەوەیە، زمان لە بڕی تەوەری نەتەوەیی و بڕبڕەی پشتییەتی)ل٢٦ دیارە کە ئەمە بایەخی زمان بێ لە پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵایەتیدا، مانای وایە بایەخ دان بە زمان، بەتایبەتی بۆ نەتەوەی بندەست-نەك هەر ئەرکێکی ئاساییە بەڵکو دەچێتە خانەی

خەباتی هەرە جددییەوە و فەرامۆش کردنی یەکجار خەتەرە.چونکە هەر نەتەوەیەك زمانەکەی بمرێ بە خۆیشی دەمرێ. هەر لەم پێودانگەوە، گەلێك لەو گەل و میللەتانەی کە چەپۆکی ڕۆژگار، یان هەر هۆیەکی دی دەربەدەر و مشەختی کردوون بە مەبەستی پاراستنی بوونی نەتەوەیی خۆیان و پابەندی بە هەستی نەتەوەییانەوە، دەستبەرداری زمانی خۆیان نابن و لە جاران پتر خۆیانی پێوە خەریك دەکەن. دەیکەن بە سەنگەری بەڕەڤانی و مانەوەی نەتەوەیی.

دیارە لێرەدا هیچ هاندەرێکی ناسیونالیستانەی کۆنەپەرستانە ڕێنوێنی ئەم وتانەی نەکردوم، چونکە پێم وایە ناسیونالیستی بندەست و نەتەوەی بندەست، بە حوکمی جەوهەر و کرۆکی پێشکەوتووانەی دۆزەکەی ناتوانێ کۆنەپەرست و بەرچاوتەنگ بێ.

راستە ئەمرۆ دنیا زۆر بچووك بۆتەوەو مرۆڤی ئەم سەر زەمینە، وەکو ئەوە وان لە یەك ماڵدا بژین، بەڵام پێوەندی کردن بە جیهانەوە و بوون بە ئەندام لەم جیهانەدا، لە ڕێگەی گەلێکی دیاریکراوو خاکێکی نەتەوەیی دیاری کراوەوە دروست دەبێ. بەمەش جارێکی دی بایەخی زمان بە دیار دەکەوێتەوە و بێگومان زمانی نەتەوەییش(زمانی خوێندن و نووسین) ئەهلی ئەدەب و قەڵەم جڵەوداری دەکەن، ئەهلی ئەدەب و قەڵەمیش، کە بابەتی بەر و دوایان، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، وێرای ئەوەی کە لە سەریانە خۆ لە قەرەی ماڵیجەی گرفتە جیهانی و کەونی و ئینسانییەکان بدەن، دەبێ ئەوەشیان لە بیر نەچێت کە جەماوەرێکی تایبەتی و دیاریکراو بە زمانێکی تایبەتی و دیاریکراو دەدوێنن و ئەم دوو تایبەتمەندییە دەلالەتی کارە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانیان دیاری دەکات، بەر لەوەی نێوەرۆکی جیهانی دیاری بکات(بروانە الادب من الداخل، جورج طرابیشی.)

((٢))

هەر میللەتێك، زمانی نەتەوەیی(زمانی خوێندن و نووسینی یەکگرتووی نەبێ، بە تایبەتی کە بندەست بێ و دەوڵەتی سیاسی نەبێ، ئەوا یەکێك لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانی مقاوەمەت و بەڕەڤانی لە خۆ، لەدەست دەدات و ئەگەری پارچە پارچە کردن و بە چەند نەتەوە کردنی زۆر زیاد دەبێ.

ئەگەری مەرگی نەتەوەی دایك و لە دایكبوونی چەند وردە نەتەوەیەكی بێ شەخسیەت و لاواز دێتە ئاراوە. ڕەنگە هەندێ لەو وردە نەتەوانەش بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بە یەكجارەكی زمانی زكماكی خۆی تەرك بكا و زمانی نەتەوەیەكی دی وەربگرێ و بەمەش خۆی دەدۆڕێنێ و لە نێو ئەو نەتەوەیەدا دەتوێتەوە كە پێشتر زمانەكەی وەرگرتووە...هەموو دەزانین كە پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەی كورد چ لەباری فیزیایی و چ لە باری مەعنەوییەوە ژمێژە لە گەڕدایە و لێرە و لەوێش، كەم و زۆر سەری گرتووە، دیارە ئەم هەوڵ و پرۆسانەی دوژمنان و داگیركەرانی كورد خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ كە بایەخ و گرنگی زمانی نەتەوەیی(زمانی خوێندن و نووسینی یەكگرتووی كوردی) بە ئەندازەی بایەخی قەوارەی سیاسی گرینگەو هەندێ جار گرینگتریشە... واتا ڕەنگە هەندێ جار نەبوونی قەوارەی سیاسی وەكو ئەمری واقیع بە تۆبزی بسەپێنرێ و ئاسایی بنوێنێ، بەلام نەبوونی قەوارەی زمانەوانی(لغوی) ئاسایی نییە و ئەگەر خۆمان، خۆمان بین و خاوەنمان هەبێ، وەكو ئەمری واقیع نایەتە سەپاندن. هەر بۆیە پابەند بوون و خۆبەستنەوە بە زمانی نەتەوەییەوە، خۆی لە خۆیدا سەنگەرێكە بۆ بە گژا چوونی پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوەی كورد، بۆیە هەر هەوڵدانێكی نووسین بۆ ئەوەی زمانی ناوچەیی لە ناوچەیەكی تەسكدا بمێنێ كارێكی گەلێك نابەجێیە و ئاوەو لە ئاشی دوژمن دەكرێ... پێویستە زاراوەكانی زمانی نووسینمان یەك بخەین و گیروگرفتی زمانەوانی ناپێویست بۆ خۆمان دروست نەكەین و لە مەنهەجییەت دوور نەكەوینەوە و ئەنارشیزمی حیزبایەتی تەسك بۆ نێو زمانەكەمان نەهێنین و با هاوسەنگی زمانەكەشمان لە دەست نەچێ.

((٣))

بێگومان، زمانی كوردی لە هەر هەموو ئەو وڵاتانەدا كە بەناهەق كوردیان پێوە لكێنراوە، سەركوت كراوە و دەكرێ و بە دەیان پرۆسەی تووانەوە و شێواندن و گەشە نەكردنی یەكجار خەتەری بۆ وەگەڕ خراوەو نەك هەر ناهێڵرێ ڕەواج پەیدا بكات، بەڵكو زۆر بە وردی هەوڵ دەدرێ لەبەر چاوی ڕۆڵەكانی نەتەوەی كورد بخرێ و وابێتە بەرچاو كە زمانی كوردی زمانێك

نییە بتوانێ گوزارشت لە بابەتە ئینسانی و زانستییەکان بکات!. بۆ وێنە بەرنامەی خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکانی باشووری بە عێراقەوە لکێنراوە هێندە سەقەت و نا کوردییە مەگەر هەر بڵێین شا بە تاقەتی قوتابی داماو.

بڕۆ سەیری وەرگێرانی کیمیا و فیزیا و بیرکاری و تەنانەت دەرسە ئەدەبیەکانیش بکە. ئەوجا تێدەگەین لە دیوەخانان چ باسە.ئەمە جگە لە خودی دەرسی زمان و ئەدەبی کوردی کە لە تۆ وایە ئەمە زمانێکی بێگانەی بێکەڵکە و بە پلەی سێیەم و چوارەم لە رووی بایەخی مەنهەجی قوتابخانەکانەوە دێ.. ئەویش هێندە بە بێ سەر و بەری دەوترێتەوە، لەبری ئەوەی قوتابی رموودەی ببن و هەوەسیان بچێتە سەر،لێی تەوەللا دەبن و لە شانیان قورسە...دیارە ئەمە زۆر ناخایەنێ تا لەبەر چاوی قوتابی دەکەوێ.. لە لایەکی دییەوە، زمانی کوردی لەو وڵاتانەدا نە زمانی نان پەیدا کردنە نە زمانی ژیانە، نە زمانی کارو کاسبییە نە زمانی رۆشنبیرییەو نە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێ...لە کاتێکدا ئەم واقیعە بە چاوی خۆمان دەبینین و زۆر چاك دەزانین کە زمان کۆڵەکەیەکی هەرە سەرەکی پێکهاتەی بوونی نەتەوەییەو وەکو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی، دەبێ حیکمەت و فەلسەفە چی بێ لەوەی کە١٧ ساڵە دەستەوەستان دانیشتووین و هیچمان لەم بارەیەوە نەکردووە؟!

بێگومان، ئەوانەی کە خۆ لە مەسئولییەت دەدزنەوە ئۆباڵی ئەمەش دەخەنە ئەستۆی فاکتەری ناوخۆو دەرەکی ناواقیعی! هەر میللەتێك خاوەنی دڵسۆزی هەبێ، بە هەڤدە ساڵ زۆر شت دەکرێ.

((٤))

(١٧) ساڵە!.. گلەیی لە کێ بکەین، بە گژ کێدا بچین، کێ خەتابارە، خەتای کێ بگرین کێ گوێ دەگرێ کێ بە تەنگەوە دێ؟!.. ئەوە حاڵی زمانی نەتەوەییمانە و لەم باشورە حەیاتەدا، ئۆرگانی حزبە سەرەکییەکان بە زمانی عەرەبی دەردەچن لە رۆژنامە کوردییەکان پتر بایەخیان پێدەدرێ و بودجەیان بۆ تەرخان دەکرێ، بۆ؟! ئاخر ئێمە چ پێویستمان بەوەیە بە زمانی عەرەبی رۆژنامە دەربکەین!. یا کار گەیوەتە رادەیەك هەندێ جار شانازی

بەوەوە بکرێ، کە یارۆ زمانی عەرەبی لە زمانی کوردی باشتر دەزانێ!.. لە کاتێکدا زۆر ئاساییە کوردێك لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت عەرەبی باش نەزانێ، وەکو چۆن عەرەبێك کوردی نەزانێ یان باش نەیزانێ..ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا ناچار کرابین و دەسەلاتی مەرکەزی عێراق بۆ وەی لێمان حالّی ببێ کە چی دەلێین و چی دەکەین، داوایان لێکردبین بە زمانی عەرەبی بنووسین، ئەوا بۆ ئەو قۆناغە ئەو داوا نابەجێیەی حکومەتی مەرکەزی رەنگە پاکانەی خۆی هەبووبێ، چ قەیدییە، دۆزی نەتەوەکەمان بە برایانی عەرەربیش دەناسێنین... ئەوا بۆ ئێستا قۆناغی ئەمرۆی ئێمە ئاشکرایە رۆژنامە ئاراستەی خەڵکی خوێندەوار دەکرێ وخوێندەواری عەرەبی ئەمرۆ گیروگرفت و خەمەکانی خۆی هێندە کەم نین و هێندەش دەست بەتاڵ نییە، بێ لەم رۆژگارە تیژ تێپەڕەدا، کاتی خۆی بە خوێندنەوەی شرە رۆژنامەی عەرەبی، بەسەرپەرشتی کوردان بەفیرۆ بدات و لەوێندەرەوە دۆزی کورد بناسێت. کەواتە ئێمە دەمانەوێ بەم کارەمان کێ بدوێنین؟! چی بلێین خۆ لە رێگەی بەرنامەیەکی یەك سەعاتی رۆژانەی ئاراستەی کراوی رادیۆوەیان تەلەفزیۆنەوە ئەم کارە دەکرێ و جەماوەرێکی زۆر بەرینتر لە جەماوەری رۆژنامەش دێنە دوواندن. خۆ ئەگەر مەسەلە ناساندنی دۆزی کورد بە عەرەب بێ و ئەم کارە زۆر زەروری بێ، ئەوا بە هەمان ئەندازە و بگرە پتریش زەروورییە کە دۆزی کورد. بۆ وێنە بە ئینگلیز و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئەمریکی و...هتد بێتە ناساندن..

((٥))

بە نیسبەت زمانی کوردییەوە مەخابن تا نهوژی زمانی نەتەوەییمان نییە، واتا نووسینی کوردێکی باشووری کوردستان لە زێی گەورە هێوەتر ناچێ، دیارە نووسینی کوردێکی باکووری کوردستانیش لە زێی گەورە هێروەتر نایەت! کەواتە قەوارەیەکی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە کە کورد لەهەر شوێنێ بێ یەکیان بخات.هەموو دەزانین زمان دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ئالۆزە و هەموو گەشەکردنێکی کۆمەلایەتیش هەندێك سست و خاوەو ماوەیەکی تا رادەیەك زۆری گەرەکە تا ئەنجام بە دەستەوە دەدات، ئێمە نالێین زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو بە قەرار دروست دەبێ.. نەخێر

بەڵکو بەجۆرێکی خۆرسك و لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئاسایی خۆیەوەو بە پشتیوانی و ئاراستەکاری گەلەك فاکتەری رامیاری و ئابووری و رۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردنەوە ئەو قەوارەیە بەرە بەرە چێدەبێ. پێم وایە ئەم قەوارەیە بۆ کورد ئەگەر لە قەوارەی سیاسی گرنگتر نەبێ ئەوا هاوتای قەوارەی سیاسییە، چونکە ئەگەری دروست بوون و دروست کردنی چەند وردە قەوارەیەکی سیاسی بۆ کورد، زۆر دوور نییە، جا ئەم وردە قەوارە سیاسیانە گەر قەوارەی زمانی نەتەوەیی یەکگرتوو بەیەکەوەیان گرێ نەدا، ئەوا ئەگەری ئەوە پەیدا دەبێ کە کورد بکرێ بە چەند وردە نەتەوەیەکی وەك: گەرمیانی، سۆرانی، هەورامانی، بادینانی..هتد.

((٦))

یەکێتی زمانی نەتەوەیی فاکتەرێکی گەورەیە بۆ هاریکاری نێوان رۆڵەکانی نەتەوە، هەڵبەتە ئەم دەورە لە چوارچێوەی مەرجە مێژووییەکاندا دەبینێ، بۆیە لەسەرمانە مەودای نەتەوەیی زمان کەشف بکەین و لەناو مێژوودا وەگەری بخەین و لەوەی پتر فەرامۆشی نەکەین. دەبێ بایەخی رۆشنبیری و سیاسی فاکتەری زمان، لەپاڵ فاکتەرە پێکهێنەرەکانی تری بوونی نەتەوەییدا وەگەر بخەین.ئەوەی لێرەدا مەبەستمە زمانی قسەکردن نییە، چونکە زمانی قسە کردن،لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی رۆژانەدا بەکار دێت و هۆیەکە لە هۆیەکانی لێکدی گەیشتن، بەڵکو مەبەست زمانی خوێندن و نووسینە کە دەوری هەرە سەرەکی و قورس لە رێکخستنی فیکر و هۆشدا دەبینێ. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە سڵ لە بەکارهێنانی زمانی کوردی نەکەینەوە و دەبێ لە هەموو بوارە رۆشنبیری و زانستی و ئەدەبی و هونەرییەکاندا زۆر جددیانە بەکاری بهێنین و چالاکانە وەگەڕی بخەین و بکەوێتە سەر سکەی ئاسایی خۆی و رۆڵی مێژوویی خۆی لە چوارچێوەی هەر قۆناغێکی مێژووییدا بگێرێ، دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێ خۆ لە بەکارهێنانی وشەی ناوچەیی دوور بگرین و ئەو وشە و زاراوانە بەکاربهێنین کەلە تێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری کوردەوە نزیکن و پێویستە زۆر جدیانە کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو دوو هێڵە هاوتەرییەی کە ئێستا بە هەردوو شێوەی کرمانجی سەروو،و خواروو بەرهەمیان پێ دێتە نووسین، تەواو لەیەك دی

نزيك بخرێنەوەو تا لە ئەنجامدا دەبن بە یەك هێڵ و زمانی نەتەوەییمان پێكدەهێنن.

((٧))

گوتمان زمان رۆڵێكی مەزن لە یەكخستنی نەتەوەییدا دەبینێ و فەراموشكردنی ئەم فاكتەرە، دوژمنانی كورد رژدتر دەكات لەسەر بەگژدا چوونمان و نابێ ئەم سەنگەرە بە چۆڵی بمێنێتەوە. هەڵبەتە هەر نەتەوەیەك زمانی نەتەوەیی یەكگرتووی نەبێ، كەلتووری یەكگرتووی نابێ و ئاسانتر داگیر دەكرێ و بەرەبەرە زمانەكەی دێتە كوشتن و جۆگەلەی هزر و بیر و بەهرەی زانا و دانا و نووسەر و هونەرمەندانی دەخرێتە سەر باخی رۆشنبیری داگیركەر و بە زمانی داگیركەر، مەرگی زمانی زكماكی خۆی رادەگەیەنێت، دیارە مەرگی زمانیش دەكاتە مەرگی نەتەوە.

((٨))

خەڵكی كورد هەقی خۆیەتی هەر ڕێگەیەكی بەرەڤانی لە بوونی بەشەری و سیاسی و رۆشنبیری ومێژوویی و جوگرافیایی خۆی بگرێتە بەر، شارستانیانەو واقیعبینانە مامەڵەی لە تەكدا بكات و لە ناوجەرگەی مێژوودا دەوری خۆی بدینێ وهەرگیز بەوە قایبل نەبێ بخرێتە دەرێی بازنەی مێژوو یا لە پەراوێزان بخرێ. یەكێك لەو رێگایانە نووسین و بەكارهێنانی زمانە.

نووسین و بەكارهێنانی لە بوارە مەعریفییەكاندا، لە بنەڕەتدا، بەتایبەتی بۆ خەڵكی چەوساوەو بن دەستی وەكو كورد، كە سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ زمانەكەشیدا دەكرێت، هاوتای ژیانە. كە تیرەی بەشەر كەوتە بەكارهێنانی زمان و گێڕانەوەی سەربردەكانی خۆی، بەمە درێژەی بەشەری پەیدا كرد. خۆی و دەورو بەری خۆی و دیاردەو رووداوەكانی تۆمار كرد.ئیدی لەوێندەرەوە كەڵكەڵەی ئەوەی كەوتە سەر كە بەزەبری زمان خۆی و مرۆڤایەتی خۆی تۆمار بكات و بكاتەوە، بەردەوامی بە پەیوەندییە زەمەنی و شوێنییەكانی خۆی ببەخشێت.دیارە زمان كاتێك لەوە دەردەچێت كە تەنیا هۆیەك لە هۆیەكانی لێكدی گەییشتن بێ و دەبێت بە كەرەستەو ئەوزاری

بەرهەمهێنانی مەعریفەت ودەرککردن کە پێی بنووسرێت. هەڵبەتە لەو حاڵەتەدا نووسین دەبیت بە پارسەنگی بوونی هەرگەل و نەتەوەیەك، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە زۆرجار نووسین و بەرهەمی قەڵەم بەڕادەیەك چڕو خەست دەبێتەوە، بەتایبەتی لە دەقە داهێنراوەکاندا، هەر بەوە قایبیل نابێت لە بازنەی کەرەستەی مەعریفەت و دەرك کردنا بمێنێتەوەو قەتیس بمێنێ، بەڵکو بۆخۆی دەبێت بە بابەتی مەعریفەت و ئیدراك.

دیارە زمان پەیوەندی بە چاپ و بڵاوکردنەوەشەوە هەیە، هەموو دەزانین بزاڤی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە باشوری کوردستانا ولە پاش ڕاپەڕینەوە گوڕو تینێکی چەندی و چۆنی وەهای بەخۆوە بینیوە کە لە هیچ قۆناغێکی مێژووی بزاڤی رۆشنبیری کوردیدا وێنەی نەبووە، دیارە هەر بزاڤێکی وەها لە جۆرە پاشاگەردانییەك بەدەر نابێ، کە ماکی سروشتی خودی بزاڤەکەیە و درەنگ یا زوو بندەنێتەوەو دەنیشێتەوە... بەهەرحاڵ ئێمەی کورد زۆر بەکەمی خودانی خۆمان بووین و تەنانەت لەو قۆناغانەشدا کە خودانی خۆ بووبین، بەجۆرێ گوشارمان خراوەتە سەرو لە هەموو روویەکەوە گەمارۆ دراوین، کە نەپەرژاوینەتە سەر ئەوەی لە ڕێگەی نووسینەوەو بە بەرنامە گەشە بە زمانەکەمان بدەین و نووسین بکەینە فاکتەرێکی کاراو گرنگی سەلماندنی لایەنێکی هەرە گرنگی بوونی بەشەریمان.

داگیرکەرانیش لە پێودانگی سیاسییەوەو لە روانگەی گرنگیی ئەم مەسەلەیەوە، خێرا پەلاماری زمانیان داوین و بە تۆبزی لێیان قەدەغە کردووین و زمانی خۆیان، ئیملاو ڕێنووسی خۆیان بەسەرا سەپاندووین و تا بۆیان کراوە بوونی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیان شێواندووین و مەسخیان کردووین. کارێکی وەهایان کردووە کە ئەگەر نووسەرو هزرڤان و رۆشنبیرانمان تێدا هەڵکەوتبن بەزمانی ئەوان کار بکەن، بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانیان هەر هیچ نەبێ لە رووی شێوەوە- کە لێرەدا مەبەست زمانە- ببێت بەموڵکی داگیر کەرانمان و زمان و فەرهەنگ و کتێبخانەی ئەوان دەوڵەمەند بکات.هەڵبەتە ئەم دیاردەیە لە هەندێ پارچەی کوردستانا زۆر زەق ودیارەو لە هەندێ پارچەی دیدا کەمتر دیارە.

هەڵبەت ئەم حاڵەتە ئەگەر هەندێکی بۆ خەمساردی و بێ موبالاتی خۆمان بگەڕێتەوە ئەوا خەتاو تاوانە هەرە گەورەکەی لە ئەستۆی داگیرکەرانماندایە و ئەمە پێشێلکردنێکی زۆر زەقی سەرەتایی ترین مافی مرۆڤانی ئێمەیە لەلایەن ئەوانەوە.

نەزانینی زمانی کوردی لەلایەن هەندێك نووسەری کوردەوەو لە هەندێ پارچەی کوردستاندا بەو ڕادەیەی کە نەتوانێ بابەتی هزری و هونەری و فەلسەفی و زانستی پێ بەرهەم بێنێ ئەگەرچی لە روویەکەوە نیشانەی مەزلومیەتی مرۆڤی کوردە کە ڕێگەی زمانی زکماکی خۆی پێنەدراوە، لە روویەکی ترەوە کە بەزمانانی دیکەش کاری رۆشنبیریی کردبێ، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا وەکو کوردێکی عەربی زمان یا فارسی زمان یا تورك زمان مەعەڕەفی کراوە.

بەهەرحاڵ ئەمڕۆ لە بەشی باشوری کوردستاناو لە ئەنجامی خەباتی بێ پسانەوەی رۆڵەکانی کوردەوە، خودانی جۆرە سەروەرییەکین، لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا خۆمان تاقیدەکەینەوەو دەمانەوێت ڕێگاکان قەدبڕبکەین و لە کاروانی ژیارو شارستانییەت دانەبڕێین.یەکێك لەو مەیدانانە، مەیدانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبانە. ئەگەرچی ئەمە کارێکی فرە گرنگەو کاریگەریی رۆشنبیری و بایەخی مێژوویی زۆر مەزنی هەیە، بەڵام لە سەرووی باری سەرنج و رەخنەوە نییە. بەخۆمان دەبینین زۆر کتێبی بە ناوەرۆك و بە بابەت کوردی، بەشێوەی عەرەبی واتە بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە کە بە قەناعەتی بەندە هەڵوەستەیەك هەڵدەگرێت. ئەگەر چاپکردنی ئەو کتێبانە بۆ ناردنە دەرەوە بێت و بەو مەبەستە بێ دۆزی کورد بە عەرەب بناسرێنرێ ، ئەمەیان رەنگە پاکانەیەکی بۆ بکرێ، بەڵام ئەگەر بۆ ناو کوردستان بێ ئەوا بێگومان لەرووی شێوەوە- مەبەست زمانە- لەسەر حەساوی زمانی کوردییە.. خۆئەگەر وابێ ئەوا دەبێ بە زمانانی دیکەش هەمان ئەو کارە بکرێ!! بەتایبەتی زمانانی دەوڵەمەندترو بەربڵاوتر لە عەرەبی و کاریگەرتر لەرووی سیاسییەوە کە ئێمە تا ئەمڕۆ زورمان پێویست پێیەتی. من لێرەدا رووی گلەییم زۆر لە نووسەرەکە نییە کە کوردی نازانێ، یان بە هەرمەبەستێکی دیکە بە عەرەبی دەنووسێت، بەڵکو

گلەیی لە دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوەیە  کە دەتوانن هەمان ئەو کتێبانە بکەن بە کوردی و بڵاوی بکەنەوەو بەمەش هەزاران وشەو زاراوە دەڕژێتە نا زمانەکەمان و ئیدی دەبێت بە زمانی نووسین و بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا... خۆ ئەگەر قەراربێ بە بیانوی مێژووی هاوبەش و کۆمەڵێك پەیوەندی و نیمچە پەیوەندی هاوبەش وهەندێك جار پەیوەندی ناچاری و بەتۆبزی، ئەم نەتەوە یا ئەو نەتەوەی سەردەست، بە زمانی خۆیان بدوێنین، ئەوا بەهیچ کلۆجێك نامانپەرژێتە سەرزمانی کوردی و دەبێت لەبەر خاتری ئەوان ئارەزوومەندانە زمانی خۆمان تەرك بکەین.

خۆ ئەگەر کاریش بگاتە سەر ئەوەی زمانی خۆمان ترك بکەین، ئەوا باشتر وایە خوو بدەینە زمانی دەوڵەمەندتر و پڕ بەخششتر و بەرینتر لە زمانی داگیرکەرەڕاستەو خۆکانمان، هەنگینێ دۆزەکەمان بە خەڵکانێکی زۆرترو بەدەسەڵاتترو قەرارسازتر دەناسێنین.. وگومانیش لەوەدا نییە کە مێژووی هاوبەش و پەیوەندی و نیمچە پەیوەندی هاوبەش لە نێوان سەرلەبەری تیرەی بەشەردا هەبووەو هەیە. .

جارەکی دی دەیڵێمەوە کە ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی وەکو زمانێکی زندوو ببێت بەکەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی مەعریفەو ئیدراك، دەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بێتە جەڕباندن و پێی بنووسین.

((٩))

زمان یەکێکە لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەرچی شارستانیەت و مەدەنییەت و دەسکەوتی مرۆڤایەتی هەیە قەرزاربارى زمانن. چونکە زمان و بیرکردنەوە، دوو رووی یەك دراون و هەرگیز لێکدی جودا ناکرێنەوە و هەرکە جیاکرانەوە ئیدی بایەخ و کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن، ئەو دراوە دەبێ بە پارچە دراوێکی قەڵب و لە هیچ بازاڕێکدا ناچێت..ئەگەر رۆڵەی میللەت و نەتەوەی پێ گەیشتوو و تێگەیشتوو بێتە سەر حازرەکی و لە نێو زمانی دەوڵەمەند و خزمەتکراو و گەشەکردوودا چاو بکاتەوە و باب و باپیرانی، لە نووسەرو ئەدیب و شاعیر و هزرڤان و زمانەوان و فەیلەسوفان، رێگەیان بۆ تەخت کردبێ و کۆسپە سەرەکییەکانیان لابردبێ، کەرەستەی

تەواوی دەربرین و گوزارشتکردنیان بۆ فەراهەمکردبێ و تەنیا ئەوەی لەسەربێ ئاڵاکەی دەستی ئەوان هەڵگرێ و بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وەخت، بەشداری خۆی وەکو نوێنەری قۆناغ و ڕۆژگارو سەردەمی خۆی لە مێژوودا تۆمار بکات، ئەوا بۆ ڕۆڵەی نەتەوەی بێخودان و پێنەگەیشتوو و سانسۆرزەدە و زمان لێ قەدەغە کراوی بێ دەوڵەتی وەکوکورد، کادیرانی هەموو بوارانی نووسین، ئەرکی بەشداری کردن لە بونیادنانی زمانەکەشیان دەستۆ دەکەوێت. ئەمەش گەر نەخرێتە چوارچێوەی جۆرە بەرنامەدارییەکەوە، ئەوا چەشنە پاشاگەردانییەکی زمانەوانی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە رووی زاراوەسازییەوە، کە رەنگە کەسمان دەفتەری کەسمان نەخوێنینەوە، بە هەرحاڵ نووسەر و هزرڤان کە دەست بۆ نووسین دەبات، بە بێ زمان هیچی پێناکرێ و ناچارە ئەو وشەو زاراوە و چەمکانە دابتاشێت کە بۆ نووسینەکەی پێویستی پێیانە. بێگومان زمانی کوردی ئەمرۆکە بە قۆناغێکی وەهادا تێدەپەڕێ و لە هەموو کاتێ پتر پێویستی بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەی کادیرانی گشت بوارەکانی نووسینە، چونکە بە راستی لە قۆناغی دروست بوونی تەواوەتی دایە.

جا چ بکرێ تا ببین بە خودانی زمانی ستانداردی یەکگرتووی خوێندن و نووسین؟! رەنگە زۆر بیروبۆچوونی جیاواز هەبن. بەڵام بەرای من پێویستە لە رای ئەمەدا پشتیوانی لە دام و دەزگای رۆشنبیری و چاپەمەنی ودامەزراندنی چاپخانانی مەدەنی و رەسمی بکرێ وهانبدرێن، نرخی فرۆشتنی چاپەمەنییەکان، بە تایبەتی هی دام و دەزگا رۆشنبیرییە رەسمییەکان زۆر هەرزان بکرێ. لەو وەزارەتخانانەی کە پەیوەندییان بە چالاکییە رۆشنبیرییەکانەوە هەیە، لیژنەی تایبەتی زمان هەبێ بۆ بژارکردنی زمانەکەو یەکخستنی زاراوەکان... ئەهلی نووسین خووبدەنە بەکارهێنانی ئەو وشەو زاراوە و چەمکانەی کە لە تێگەیشتنی زۆربەی هەرەزۆری رۆڵەکانی کوردستانی گەورەوە نزیکن و بەمەش بازنەی جەماوەری خوێنەریان زیاد دەکات و نێو و شۆرەتیان پتر دەروات و بیانەوێ و نەیانەوێ لە رووی زمانەوە ئەرکێکی نەتەوەیی گرنگ ئەنجام دەدەن. کتێبە دەرسییەکانی خوێندنی قوتابخانەکان، پێویستە لە روحی کوردەوە نزیك بێ و بە زمانێك بنووسرێن کە بۆ خەڵکی سەرتاسەری کوردستانی

گەورە دەست بدات... دانان و نووسینی فەرهەنگ و قاموسانی جۆراوجۆر هانبدرێ و خوێنەوار و رۆشنبیری کورد سوودیان لێوەربگرێ، بەمجۆرە زمانی کوردی دەبێ بە زمانی بژێوی و نان پەیدا کردن و کار و کاسبی و هەموو بوارە رۆشنبیری و زانستی و هونەرییەکان .. بەرە بەرە شێوەزارەکان لاواز دەبن و دەرژێنە نێو زمانی ستانداردەوە و قەوارەیەکی زمانەوانی یەکگرتووی یەکخەرمان بۆ دروست دەبێ، کە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی یەکجار گەورەی هەیەو زەمینە بۆ قەوارەی سیاسیش خۆش دەکات... دیارە نابێ لێرەدا یەکخستنی ئەلفبێی نووسینیش فەرامۆش بکەین، هەڵبەتە بە پێی توانا.مرۆڤ وەختێ دێتە ناو زانستە تازە و هاوچەرخەکانەوە، هەنگێنی پێ دحەسێت، کە زمانی کوردی لە رووی زاراوەی زانستی و تەنانەت هونەری و ئەدەبی و سیاسییەوە چەند هەژارە... دەوڵەمەندی و هەژاری زمان بەوەدا دەردەکەوێ کە تاچ ئەندازەیەك زمانی بەخششە، بەخشش لە هەموو ڕویەکی زانستی و ئەدەبی و هونەری و شارستانی و رۆشنبیرییەوە. تا چ ئەندازەیەك وەڵامدانەوەی پرسیار و پێداویستییە روحی و مادییەکانمانی پێیە و تا چەند توانای گوزارشت کردنی هەیە لەو ماناو مەبەست و کەڵکەڵەو ئارەزوو و چەمکانەی بە هزرو بیروهۆش و ویژدانمانا دێن و دەچن. گومان لەوەدانییە زمانی کوردی لەم روەوە لە گڕوگاڵدایە و بە ئاشکرا هەژاری و کەم خوێنی پێوە دیارە و ئەمەش زۆر هۆی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و مێژوویی هەیە.

پێ ناچێت ئەم زمانە رۆژێك لە رۆژان زمانی بەخششی زانستی و فیکری، بە مانای تەواوی بەخشش، بوو بێ... هەڵبەتە داگیرکەر و ناحەزانی کوردیش هەستیان بە گرینگی ڕۆڵی زمان کردوە و پەیان بەوە بردوە کە میللەتان تەنیا لە ریگەی زمانەوە دەکەونە سەر راستەرێگەی بیرکردنەوە و بە زمان بیری خۆیان تۆمار دەکەن و هەر میللەتێکیش گەییە ئەم ئاستە ئیدی کۆیلاندن و چەوساندنەوە و داگیرکردنی ئەگەر مەحاڵ نەبێ، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت... ئەگەر زمانی کوردی رۆژێك لە رۆژان زمانی بەخششی زانستی و هونەری بوایە، بێگومان وەکو چۆن دەیان کورد بە زمانانی غەیرە بەرهەمی فیکری و هونەری و زانستیان بەرهەم هێناوە، ئەوا بێگانانێکیش پەیدا دەبوون کە ئارەزوومەندانە فێری زمانی کوردی بوایەن و بەرهەمیان

پێ تۆمار بکردایە و بنووسیایە. ئەگەر زمانی بەخشش بوایە، زانستگە گەورەکانی دنیا بەمەمنونیەوە دەیانکرد بە زمانی خوێندن و کەناڵێك بۆ تێگەیشتن لەو زانست و هونەرەی کە بەم زمانە بەرهەم هاتووە. دەیان زاراوەی دەبوون بە زاراوەی جیهانی و میللەتانی جیهان بەکاریان دەهێنان وەکو چۆن ئێمە ئێستا ئەوە دەکەین و دەیان نێوداری دنیای چالاکی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبیمان بە زمانانی غەیرە هەن.

بەڵام بەم حاڵەشەوە، ئەو کارو بەرهەمە کەمانەی لە بواری چالاکی رۆشنبیریدا هەمانن، خۆیان لە خۆیاندا، نیشانەی زندوێتی ئەم زمانەن وئەوە دەسەلمێنن کە ئەم زمانە تەژی توانای شاراوە و پەنامەکییە و چاوەروانی ئەوەیە لەلایەن زانا و ئەدیب و هونەرمەندانەوە بتەقێنرێتەوە و بخرێتە سەر راستە رێگەی گەشەکردن و پەرەسەندن تا لەگەڵ پێداویستییەکانی رۆژگاری ئەمڕۆدا خۆی بسازێنێ... و روو بکاتە هەموو مەیدانەکانی چالاکییە زانستی و هونەری و رۆشنبیرییەکان و لە هەر بوارێکدا پسپۆری تایبەتی هەڵبکەون و پێداویستییە زمانییەکانی خۆیان دابین بکەن و ئەو زاراوانە بدۆزنەوەو دابهێنن کە پێداویستیەکانیان دابین دەکات. بەڵام دەبێ ئەم کارە بە بەرنامەی تایبەتی ئاراستە بکرێ و لە پاشاگەردانی دوور بخرێتەوەو بەرپرسیارێتی ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی دەزگا رۆشنبیری و زانستییە پەیوەندارەکان... هەڵبەتە ئەم چەشنە پاشاگەردانییەش تا رادەیەك ئاساییە و جێگەی ئەو ترس نیگەرانییە گەورەیە نییە کە لە مالیجەکردن نەیات: چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ رۆژگار داوەرێکی گەورەیە وئەم زاراوانە لە بێژنگ دەدات و تەتەڵەی دەکات و ئەوەی هەوێنی ژیان و مانی تێدابێ دەمێنێ و جێگیر دەبێت و پێچەوانەش پێچەوانەیە... بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئێمە پشتی لێ بکەینەوە و چاوەروان بین رۆژگار خۆبەخۆ ئەمە بۆ ئێمە بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا زووتر بکەوینە خۆو، هەوڵ و کۆششمان زوتر یەك بخەین، هێشتا بۆ ئێمەی قڕەی میللەتانی دنیا درەنگە.

بە هەر حاڵ وشەی زمان لە هەموو کات و قۆناغێکدا لەوە کەمترە کە پێداویستییەکانی دەربڕینی بیر و بیرکردنەوەی مرۆڤ دابین بکات، بۆیە

زمان چەند ئاوس بێ بە وشە و زاراوە و لە زاوزێی بەردەوامیش دا بێ، هەر ناتوانێ هەموو واتا و چەمکە ئەقڵییەکانی مرۆڤ بگرێتە خۆ، بۆیە بە ناچاری دەبێ پەنا وەبەر وەرگرتن و داتاشینی وشە و چەمك و زاراوان ببرێ و ئەم کارەش دەبێ بە بەرنامە و بە جۆرێك ئەنجامبدرێ کە لەگەڵ تەبیعەتی خودی زمانەکەدا بگونجێت و دەوڵەمەندی بکات و لە هەرسێ باری پانی و درێژی و قوڵیدا ریشاژۆی بکات ، بەمەش کەمتر پەنا وەبەر بەکارهێنانی وشەو زاراوەی زمانانی بێگانە دەبەین، کە ئەگەر بە وریایی نەکرێ،زمانەکەمان دەشێوێنێ، بە تایبەتی کە زمانی ئێمە تاکو نهو زمانی بەخششی زانستی و هونەری گەورە نییە... هەڵبەتە وشە داتاشین تا کورت و ریتمدار بێ، مانا و مەبەستەکەی بنجبڕ و یەك مانا بێ، زووتر و ئاسانتر دەکەوێتە ناو ناوان و سەرزاران و دنیای نووسین.

دەبێ ئەو راستییەش بگوترێ کە ناکرێ بە تەواوەتی ڕێ لە وشەو زاراوەی غەیرە بگیرێ، چونکە تا پەیوەندی هەبێ، ئەم دیاردەیەش دەبێ و ئەمەش بەندە بە جۆر و چۆنیەتی و چەندێتی ئەو پەیوەندییە بازرگانی و دەسەڵاتە زانستی و داگیرکارییە سیاسییانەوە کە لە نێو خاوەنانی دوو زمان یان چەند زمانێکدا هەن.

بە هەرحاڵ لەم بۆچونانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەرکی سەرشانی ئەهلی قەڵەم و هونەر و زانست، بەتایبەتی ئەوانەی کە راستەوخۆ سەروساختیان لەگەڵ زماندایە، ئەرکێکی یەکجار قورس و گەورەیە... بیانەوێ و نەیانەوێ ئەو زمانەی پێی دەنووسن، تا دەوڵەمەندتر و زیندووتر بێ، مەودای بڕکردنی بەرهەمەکانیان پتر دەکات و بەهەر زمانێك بنووسن، راستەوخۆ و بەر لە هەر کەسێکی دی، خەڵکانی سەر بەو زمانە دەدوێن، جا لەم پێودانگەوە ئەهلی نووسین بەر لە خەڵکی دی هەست بە پێداویستی زمانێکی یەکگرتووی یەکخەری نەتەوەیی دەکەن و پەی بە زەرەر و زیانی ناوچە گەرێتی دەبەن... بۆیە لەم روەوە و لە چوارچێوەی پرۆسەی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی یەکخەردا، لە هەموو کەسێك نەتەوەیی ترن و لە سەریانە هەموو بەهرەوتواناکانیان بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد وەگەڕ بخەن..

زمان لەناو دەقی ئەدەبیدا، یان دەقی ئەدەبی لە چوارچێوەی زماندا، بەجۆرێ ئاوێتەی یەکدی دەبن و لەبۆتەی یەکدیدا قاڵدەبنەوەو گەشە دەکەن و لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستە دەبن مەگەرهەر زاراوەی دەق پڕ بەپێستی بێت. جا بۆگەییشتن بەو ئاستە هونەرییە بالآیە، واتە لە پرۆسەی بەدەقبووندا، دەق نەك هەرخۆی بەڵکو زمانیش لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێ. دیارە ئەم حاڵەتە بۆ رۆمان و لە دنیای رۆماندا یەجگار فراوانترو بەرینتر دەبێتەوە. جا ئەو رۆماننووسە کوردنەژادانەی کە بەزمانی غەیرە کوردی دەنووسن، دیارە لە بنچینەدا خەڵکانێکی بەهرەمەندن، بەهرەش کە تافی هات ئیدی خۆی پێناگیرێت و دەبێت خۆی بنوێنێ، ئەگەرچی هەندێ لەو رۆماننووسانە رەمزی مەزلۆمییەتی نەتەوەیین و کۆنەپەرستیەتی سیاسی و ڕەگەزپەرستی نەژادی، زمانی زکماکی خۆیانی لێحەرام کردوون، بەلآم بەهرەدارن و کە بەهرەیان سەریکرد ناچار دەبن بە زمانی داگیرکەر، کە بەتۆبزی فێری کراون و بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەو بەهرەیەیان بهونەرێنن و وەکو زمان خزمەت بەداگیرکەری خۆیان بکەن-هەڵبەتە ئەم بابەتە گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێت- زۆر جاریش بۆ سەلماندنی تواناو بەهرەی خۆیان، هەندێك لە کەلەپوری کەلتووری نەتەوەیی خۆیان دەرێژنە ناو دەقەکەوەو بەمەش هەڤرکیی رۆڵەکانی نەتەوەی سەردەست دەکەن، دیارە بەمەش بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پاژێك لە کەلتوری خۆیان دەخەنە سەردەفری هونەرو پێشکەش بە داگیرکەری خۆیانی دەکەن و.. بەرەبەرە ئاوێتەی کەلتووری عەرەبی و فارسی و تورکی دەبێت و بەئاسانی بۆمان وەرناگیرێتەوە، وەکو هەموو ئەو ئاوازە کوردییە رەسەنانەی کە هونەرمەندێکی وەکو ئیبراهیم تاتلیساز، ئارەزوومەندانە پیشکەش بە دنیای گۆرانی و ئاوازی تورکی کردووە. هەڵبەتە زمان و کەلتوری کوردی لەلایەن داگیرکەرانی کوردەوە مامەڵەیەکی سیاسی کۆنەپەرستانەی لەگەڵدا کراوە، بۆیە بوژاندنەوەوبەکارهێنانی ئەم زمانە بووە بەلایەنێکی گرنگی ئەرکیخەباتی رۆڵەکانی کورد،وهونەراندنی زمانی کوردی لەلایەن رۆڵەکانییەوە شێوازێکی

هەرەپەسەندی خەبتینە لە پێناوی ئازادیدا،کە خەڵکی کۆیلە ڕەنگە لەباری مەبدەئی ئەخلاقییەوە بەمرۆڤ حەساو نەکرێت!

.. جا بەندە پێموایە چەند رۆمانی نامۆی ئەلبێرکامۆی ئەدیبی فەرەنسیلە ڕووی زمانەوە بە بەشێك لە کەلەپوری ئەدەبی عەرەبی دەژمێردرێ، دەقی ئەو رۆماننووسە کوردانەش بەزمانانی تورکی و عەرەبی و فارسی، هەر ئەوەندە بە ئەدەبی کوردی حەساو دەکرێت..بۆ نموونە ئەگەر منی کورد بمەوێ قاموسێك بە زمانی کوردی دابنەم، هەرگیز ناتوانم پشت بەرۆمانە عەرەبی زمانەکانی سەلیم بەرەکاتی کورد یان رۆمانە تورکییەکانی یەشار کەمال ببەستم. بەڵام عەرەب و تورك بێ چەندوچوون دەتوانن ئەمە بکەن.

بەندە وێڕای رێزم بۆ ئەو کوردانەی چ وەکو خەڵکانی مەزڵومی مەحرومکراو لە زمانی زکماکی خۆیان و چ وەکو بەهرەمەندانێك کە ناچارن تواناو بەهرەی خۆیان بنوێنن و بۆ ئەمەش تەنیا زمانی داگیرکەری خۆیان شك دەبەن.. بەڵام دەبێ ئەو حەقیقەتەش بگوترێ کە وەکو چۆن داگیرکەرانی کورد مامەڵەیەکی سیاسی رەگەزپەرستانەیان لەگەڵ زمانی کوردیدا کردووە، زمانی کوردیش بۆ کورد نیشتمانێکی مەعنەوییەو لە پاڵ بایەخە رۆشنبیریی و هونەری و ئەدەبییەکەیدا بایەخێکی سیاسی گەورەی هەبووەو هەیەو تا ئێستاش ئامرازێکی گرینگی داکۆکییە لە بوونی نەتەوەیی وسیاسی وتەنانەت کۆمەڵایەتیشمان..بۆیە کاری ئەو رۆماننووسە کوردانە، وەکو هونەر موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە بە کوردیشەوە، بەڵام وەکو زمان خزمەتی زمانی بێگانەیەو خەسارەتێکی گەورەیە بۆ زمانی کوردی، لاشموایە هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە..

## ناسنامەی نەتەوەیی

((١))

هەڵبەتە ناسنامەی نەتەوەیی شتێك نییە لە ئەزەڵەوە بە باڵای ئەم یا ئەو نەتەوەدا بڕابێ‌و لە دەرێی واقیعدا چێ بووبێ و پشتاو پشت بە میرات هاتبێ، بەڵكو شتێكی رێژەییەو لە نێو پرۆسەی مێژوودا چێ بووەو چێ دەبێت.وەكو چۆن هیچ دیاردەو رووداوێك لە مێژووییەت بەدەر نییەو لە دەرێی مێژوودا نییە، ناسنامەی نەتەوەییش لە دەرێی مێژوودا نییە، بەڵكو بۆ خۆی ناسنامەیەكی رێژەیی مێژووكردەو هەر نەتەوەیەك لە رێگەی كارلێكی خۆی‌و پەیوەندییە دیالیكتیكیەكانیەوە دەگەڵ مێژووداو لە ناو مێژوودا بە دەستی دێنێ‌و هەرگیزو لە هیچ سەرچاوەو جەوهەرێكەوە بە میرات بۆی نەماوەتەوەو شتێكی جێگیرو نەگۆڕ نیە.بەڵكو وەكو هەر دیاردەو واقیعێكی دی پابەندی گۆڕانەو بە گوێرەی گۆڕانی بارو دۆخی كۆمەڵایەتی مێژوویی دەگۆڕێت..كە دەڵێین مێژوو تەنیا رابردوومان مەبەست نییە،بەڵكو ئیستاو داهاتووشمان مەبەستە. ئەو زەمەنانە بە جۆرێ ئاوێتە بوون‌و لە

حاڵی کارلێکدان، ئەگەر جیاکردنەوەیان مەحاڵ نەبێت، ئەوا یەکجار ئەستەمە،چونکە مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوامەو لە گەشەکردنو گۆڕانی هەمیشەییدایەو زندوویەتی لە رووداوودیاردە زندووەکانی شوێنو زەمەنانەوە وەردەگرێتو تاریخییەتی پێدەبەخشێت..هەڵبەتە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی یەجگار بەربڵاوە، راستەوخۆوناراستەوخۆ لە کاری هەموو ئەهلی مێژوو، فەلسەفە، ئەدەب، کۆمەڵناسی،و دەروونناسیو...هتد دەبینرێ،بۆیە دەشێت بگوترێ دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەلێك بە شێوەیەکی بابەتیو بە میتۆدێکی زانستیانە، رەنگە بکاتە هاوتای خوێندنەوەیەکی واقیعی مێژووی ئەو گەلو میللەتە..چونکە نەتەوە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزو کارا، لە رێگەی سیاسەتو چالاکییەکانی خۆیەوە رەوتی مێژوو دیاریو ئاراستە دەکات..کەواتە ناسنامەی نەتەوەییش لە حاڵی گۆڕاندایە، هەرنەتەوەیەکیش ماكو تۆوی گۆڕانی لە خۆیدا هەڵگرتووەو زۆر جار کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەڕوات بە ناچاری دووچاری جۆرە پەشێویو ئەنارشیزمێك دەبێت، چونکە بە قۆناغێکی گۆرانکاری رەوتەنیو ڕاگوزاری ڕیشەییدا دەروات. هەڵبەتە ئەنارشیزم زادەو بەرەنجامی هەر گۆڕانێکی ریشەییو رەسەنە،ئەم قۆناغە قۆناغی گوێزانەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییەوە، کە لە هەموو ئاستە ئایدۆلۆجیو ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانەوە داوەشیوەو لە بەر یەك هەڵوەشاتەوەو لە حاڵی پاشەکشەو راگەیاندنی بەزینی یەکجارەکی خۆی و چۆڵکردنی مەیدانە بۆ کۆمەڵگەیەکی تازەی ئەوتۆ کە دەگەڵ هەلومەرجە تازەکاندا بگونجێت جا لەم حاڵەتانەدا ناسنامەی نەتەوەییش دەبێ بگۆرێو شەقڵو مۆرکی هەلومەرجو کۆمەڵگە تازەکە وەربگرێ..بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ناسنامە رەنگە فاکتەرێکی یاریدەدەری جۆرە یەکێتییەکی فشەڵ بێ، بەڵام بە تەنێ هەموو شتێك نییە، چونکە سیما هاوبەشەکانی ئەم ناسنامەیە سنووردارو رێژەییە لە حاڵی گۆڕاندایە..بۆیە دەورەکەشی سنووردارو رێژەییو لە حاڵی گۆڕاندا دەبێت.لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابوری، مێژوویی، هزریو کەلتووری بەدەر نابێ. بۆیە لە گۆشەنیگای سۆسیۆ مێژووییەوە ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتە کۆی شێوازی هزرینو هەستو رەفتاری هاوشێوەو تا رادەیەك زاڵ،و

دەگەڵ بزاوتی مێژووو گۆڕانە ریشەییەکاندا دەگۆڕێت.کەواتە ناسنامەی نەتەوەیی وەکو ئاماژەمان کردێ ،ناسنامەیەکی رێژەییەو بەرەنجامو زادەی کارلێكو مامەڵەی دیالێکتیکی هەر گەلێکە دەگەڵ مێژوواو شتێك نییە بە میراتو پشتاوپشت مابێتەوەو هاتبێ.چونکە خەسڵەتو تایبەتمەندی هەر گەلێك بەرەنجامی فاکتەرە مێژووییە دینامیکیەکانی وەکو تەماسی کەلتوری و شەڕوشۆڕ،کۆچو کۆچبەری،داهێنان، قەیرانو ئاستەنگان، کێشەێن کۆمەڵایەتی، هەورازو نشێوی سیاسی، سەرکەوتنو نوشستی و هەورازو نشێوییەکانی ژیانو چۆنیەتی هزرین..هتد.ئەم فاکتەرانە ناسنامەی نەتەوەو کەلتورو شارستانیەتی نەتەوە دیاری دەکەن، نەك هەندێ فاکتەری جێگیرو نەگۆڕی وەك جوگرافیاو سروشتی مرۆڤانیو رەگەزو نەژاد. جا مادامێکی ئەم فاکتەرە دینامیکیانە دەگەڵ رەورەوەی چەرخی مێژوودا دەگۆڕێن، کەواتە ناسنامەی نەتەوەییش لە حاڵی گۆڕاندایە، لە کارلێکی بەردەوامدایە لە ناو پرۆسەی گۆڕانو گۆڕیندا..بۆیە بۆ دیاریکردنو ناسینو دەست نیشان کردنی ناسنامەی هەر میللەتو گەلو نەتەوەیەك پێویستە بە گوێرەی میتۆدێکی زانستی تەواو، سیستەمو بەهاو کەلەپورو دابو نەریتی ئەو کۆمەڵگەیە بخرێتە بەر وردەبینی شیکردنەوەو تۆژینەوەو پۆلێن بکرێ، تا لەبەر رۆشنایی ئەوە، نەك ناسنامەیەکی جێگیری نەگۆڕی ئەو گەلە دیاری بکرێ، بەڵکو ئەو ئاراستەو خەسڵەتە گشتیو هاوشێوانە دیاری بکرێ کە لە خەڵکانی تری جیا دەکاتەوەوکەسایەتی قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوویی بنوێنێو نیشان بدات..هەڵبەتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە زۆربەی ئەو خەسڵەتانەی میللەتێك پێکەوە گرێ دەدەن، خەسڵەتی رێژەیینو مەرج نییە ئەوەی میللەتێك لە قۆناغێکی مێژووییدا لە میللەتانی دی جیا دەکاتەوە، لە قۆناغانی تردا جیای بکاتەوە یان هەمان دەوری جیاکەرەوە بدێنێوبگێڕێ..چونکە ناسنامەی نەتەوەیی، ناسنامەیەکی مێژووییەو مێژوو گەڵاڵەی دەکات و لە بۆتەی مێژوودا قاڵ دەبێتەوە. هەڵبەتە هەندێ وێناو هەستی هاوبەشی دەستەجەمی هەن لە چوارچێوەی زمان، سیستەمو دابو نەریتو بەهاو کەلتوردا دەگیرسێنەوەو دەشێت لە دیاریکردنی ناسنامەی گەلاندا پەنای بۆ ببرێو سوودی لێوەربگیرێ، بەڵام

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نەگۆڕن و لە قالوبەلاوە واهاتووەو وابووەو هەر وا دەمێنێ...

((٢))

دەشێت ناسنامەی نەتەوەیی لە گۆشەنیگای سۆسیۆلۆجییەوە بەمجۆرە پێناسەبکرێ کە بریتییە لەو خەسڵەتو تایبەتمەندییە گشتیانەی کە گەلێك یان نەتەوەیەك لە قۆناغێکی مێژووییدا جیا دەکاتەوە..بەڵام هەرکاتێ ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندیانە بەو چاوە سەیر کرا کە لە قالوبەلاوە هاتووەو هەروابووەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو لە پێکهاتەی ئەقڵی – سایکۆلۆجیدا رەگی داکوتاو چەسپیو کەوتە سەرووی پرۆسەی گۆڕانەوە، ئەوا ماناو چەمکێکی میتافیزیکی وەردەگرێتو لە عیلمییەت دەکەوێ...چونکە ناسنامەی نەتەوەیی خەسڵەتو چەمکێکی سەیرورەویە نەك ئەنتۆلۆجیو کەینونەوی..واتە ناسنامەی نەتەوەیی لە تاریخیەت بەدەر نییەو مێژووکردە.ئاشکراشە کە نێوەرۆکی مێژوو یان تیمەو بابەتو کەرەستەی مێژوو لەو شتانە پێکدێ کە روودەدەن، نەك لە شتی چەسپاوو نەگۆڕ..جا قایبل بوون بە چەمکی میتافیزیکی سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی، بمانەوێو نەمانەوێ، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەکاتە رەفزکردنی کۆمەڵگە یان نەتەوە وەکو بوونێکی مێژوویی..ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە نکوڵی کردنێکە لە زەمان یان کەمکردنەوەیەکی زەقاو زەقی رۆڵی زەمانە.. ئەمەش بۆ خۆی دژایەتی مێژووە، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك لە ئیستایەکی بێ زەماندا ناژی..هەڵبەتە سەردەمی نوێ ئەم تەرزە هزرینە رەتدەکاتەوەو بە زەبری زانستو میتۆدی زانستی ئەو شرۆڤەو لێکدانەوە وردو تایبەتیانە پەسند دەکات کە پەیوەندییەکانی نێوان هۆو ئەنجام کەشف دەکات.. جا ناسنامەی نەتەوەییش بابەتێکی مێژووییە نەك بابەتێکی میتافیزیکی، بۆیە دەبێ وەکو بەشێك لە مێژوو وبارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە وردبکرێتەوەو شیبکرێتەوە کە دەمانەوێ ناسنامەکەی دەست نیشان بکەین. هەموو کۆمەڵگەیەك بریتییە لە دنیایەك پەیوەندی کە لە حاڵی گۆڕانی بەردەوامدایەو هیچ شتێکی چەسپاوو نەگۆڕ لە ئارادا نییە. دیارە ژیانی کۆمەلایەتی بەبێ کۆمەڵێك بەهاو رێساو دابو نەریتو رەفتاری هاوبەش

نابێت، کۆی ئەوانە شەقڵو مۆرکێکی تایبەتی ئەوتۆی دەداتێ کە لە قۆناغێکی مێژووییدا پێی بناسرێو جیا بکرێتەوە..دیارە هیچ میللەتێك بەو خەسڵەتو تایبەتمەندیانەی ئیستایەوە لە دایك نەبووەو دروست نەبووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەنجامو زادەی مێژووە، بەدەم سەیرورەتێکی هەمیشەییەوە لە حاڵی گۆڕاندایە، دیارە بەهاو ڕێساو دابو ڕەفتاری هاوبەشی کۆمەڵایەتی هەر میللەتێکیش نە لە پڕو نە لە خۆڕاو نە لە دەرێی دیاردەو ڕووداوەکانی ژیاندا هەڵدەتۆقێو نە لە کوتوپڕێکدا لە ناو دەچێتو شوێنەواری نامێنێ..پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەکی سستو خاوە، خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانیش چوون یەك نین، هەندێکیان خێراتر لە هەندێکیان دەگۆڕێنو نامێنن..جا هەرچەندە ناسنامەیەکی جێگیرو گونجاوی تەواو نییە، بەڵام زۆربەی ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو لەباری دەروونی، هزری، و کۆمەڵایەتییەوە بە رادەیەك لە یەك دەچن کە بشێت بکرێ بە بەڵگەی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتی لە چوارچێوەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا..هەڵبەتە ناسنامەی نەتەوەیی بە درێژایی ڕۆژگارانو لە ئەنجامی کارلێکی بەردەوامی تاكو کۆدا دروست دەبێت..

کەواتە نابێ بە تەمای ناسنامەیەکی نەتەوەیی تۆکمەو یەك دەست بین کە بە درێژایی مێژوو بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە وامان لێدەکات دوای کڵاوی بابردوو بکەوینو نەتوانین بە شێوەیەکی ئەکتیڤو کارا، بە جۆرێکی داهێنەرانە لەگەڵ مێژووی تازەدا بکەوینە کارلێکەوە... گومانی تیا نییە میللەتان بە درێژایی ڕۆژگارو مێژوو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانیەتانی تیرەی بەشەردا کردووەو ئەمەش شەقڵێکی جیهانیو ئینسانی، کاڵ یان تۆخی، بە گوێرەی بەشداری هەر میللەتێك، بە ناسنامەی ئەو میللەتە بەخشیوە. بۆیە دەبێ میللەتان ، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارە لەزوبەزو گلۆبالیزەیەدا، کە تەواو دنیا بچووك بووەتەوەو میللەتان نەك هەر لە یەکتر نزیك بوونەتەوە، بەڵکو لە زۆر شتدا بوون بە شەریك، دەبێ خۆ لە هەر جۆرە تەعەسوبێکی نەتەوەیی دوور بگرن ، بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندووەو کەڵکەڵە نەتەوەییەکانیان هاتووەتە دیو پێویستیان بەوە

نەماوە لە رای دامەزراندنی دەوڵەتێكی یەكگرتوودا بخەبتن كە گوزارشت لە بوونی نەتەوەیی یەكگرتوویان بكات. چونكە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەنجامی دوو فاكتەری ناوخۆو دەرەكیە، فاكتەرە ناوخۆكان ئەو دابو نەریتو رەفتارە هاوبەشانەن كە لە چوارچێوەی مێژوودا دروست بوونو گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو بگرە هەندێكیان هەر نەماون، فاكتەرە دەرەكیەكەش بریتییە لە تەماسو كارلێكی هەر میللەتێك دەگەڵ ئەو بارودۆخو هەلو مەرجە جیهانییە پڕ گۆڕانانەی كە شەپۆلانی كەلتوریو نموونەی شارستانیەتو ژیاریی یەك لە دووی یەك دەگەڵ خۆدا دێنێ، و جۆرە كاردانەوەیەكی ناوخۆ چێدەكات كە خۆ لە دابو نەریتە كۆنەكان رزگار بكەن یان بیگۆڕن..جا لێرەدا هەردووك ناسنامەی نەتەوەییو مرۆڤانی تێكدەكەنەوە..واتە هەر ناسنامەیەكی نەتەوەیی دەكاتە نموونەیەكی بچووككراوەی ناسنامەی مرۆڤانیو لێكچوونێكی زۆریان دەكەوێتە نێوان..كەواتە هەر ناسنامەیەكی نەتەوەیی بەرەنجامی فاكتەرە ناوخۆییەكانو فاكتەرە جیهانییەكانیشە. ئەم پێكهاتە ئەنتۆلۆجییەی ئیستای بە تەنیا بەرەنجامی ئەو رووداوانە نییە كە لە وڵاتەكەی خۆیدا، لە كۆمەڵگەكەی خۆیدا روویان داوە بەڵكو بەرەنجامی ئەو رووداوانەشە كە لە وڵاتو ژیارو شارستانیەتو كەلتوری نەتەوەو میللەتانی دیكەشدا روویان داوە.. ئەمەش كرانەوەیەكی مرۆڤانییە لە نێوان گەلانی جیهانو كەلتورو شارستانییەتی گەلانی جیهاندا، كە رەنگە خۆی لە خۆیدا مەرجو پێویست بێ بۆ بەردەوامی مانی مرۆڤانی...

((٣))

زۆرجار دەبینین میتۆدی میتافیزیكی بۆ دیاریكردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوە جیاوازەكان بەكار دەبرێتو خەڵكانێكی زۆری پێ چەواشە دەكرێت، ئیدی ئەو پۆلێنە میتافیزیكیە یان لە رووی نەزانینەوەیە یان بە ئانقەستەو غەرەزو مەبەستی خۆی لە پشتەوەیە. بۆ نموونە لە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەدا راوبۆچوونێكی وا هەبوو كە مەحاڵە ئەڵمانیا ببێ بە دەوڵەتێكی پیشەسازی، چونكە رۆحوتەبیعەتی ئەڵمانی زیاتر بە فەلسەفەو ئەدەبیاتو هونەر گوزارشت لە خۆی دەكاتو دەگەڵ زانستو تەكنۆلۆجیادا نایكرێ یا

کەمتر دەسازێ.کەچی دوای چەند ساڵێك ئەڵمانیا بوو بە یەکێك لە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشەنگەکان.یا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەما واباو بوو کە عارەب ئەهلی غیرەتو قارەمنیەتیو جەنگاوەرینو وڵاتگیریو خۆراگریوسەرکەوتن لە رۆحیاندا رەگی داکوتاوەو بەزینیان لە مەزەبدا نییە و جولەکە ترسنۆكو بودەڵەو سەرکزوخاکەسەرن، کەچی لە شەڕی شەش رۆژەدا ئەم هاوکێشەیە بە جۆرێ ئاوەژوو بووەوە و داغێکی وای بە عارەبەوە نا کە ئیستاش پێوەی دەناڵن..

ئەم دوو نموونەیە ئەوە نیشان دەدەن کە هیچ دیاردەو واقیعێك قەدەرو چارەنووس نییە کە لە قالوبەلاوە بە باڵای ئەم کۆمەڵگە یان ئەو میللەت یا ئەو نەتەوەدا بڕابێ و بە ئامانو زامان لێی نەبێتەوە.هەردیاردەو رووداوواقیعێك زادەو بەرەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئابوریوئایدۆلۆجیو..قۆناغی مێژوویی خۆیەتیو مێژووش لە گۆڕانی بەردەوامدایەوسەرلەبەری ژیانی شەخسیو گشتیو ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئایدۆلۆژیو کەلتوریو مێژوویی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێتو چۆنیەتی کارلێکە ئەرێتیو نەرێتیەکان دەگۆڕێت، ئیدی گۆڕان ریشەی بوونەو هیچ دیاردەو رووداوو واقیعێك لێی ناخەلەسێت، بۆیە لەباری سەرنجی زانستییەوە هەرگیز ناشێت قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی کۆمەلگەیەك یان نەتەوەو میللەتێ وەربگرینو بە باڵای سەر لەبەری مێژووی ئەو کۆمەڵگە یا میللەتەیدا ببڕین .هیچ شتێکی جێگیرونەگۆڕ لە بووندا نییە، تەنانەت سروشتو تەبیعەتی بەشەریش دەگەڵ گۆڕانی بارودۆخو هەلومەرجی مێژووییدا دەگۆڕێت..بۆ نمونە تاوەکو ناوەراستی سەدەی بیستەمیش لە هزری رۆژاواییدا وا باوبوو کە گەلی ژاپۆنی بە تەبیعەتو لە جەوهەردا گەلێکی لاسایی کەرەوەیەو توانایەکی گەورەی لاسایی کردنەوەی هەیە، بەڵام بەهرەی ئەفراندنو داهێنانی نییە، ئایا کێ دەتوانێ ئیستا قسەی وەها بکات؟ژاپۆن ئیستا نموونەی زاکونیو تەناهیو نیزامە..کەواتە هیچ ناسنامەیەك نەهەمیشەییو جێگیرەو نە لەسەرووی ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییەوەیە کە تیایا دەڕسکێو بەرجەستە دەبێت .لێرەدا فاکتەری کۆمەڵایەتی لە هەمان کاتدا هەموو فاکتەرە ئابوریو رامیاریو رۆشنبیریو ئایدۆلۆجیو مێژووییەکان دەگرێتەوە..بۆ نموونە عارەب هەر عارەبە، بەڵام

عارەبی سەردەمی زێڕینی بەغداو دیمەشقو ئەسپانیا لە کوێو عارەبی ئەمرۆ لە کوێ؟! هەروەها یونانو رۆمانیش...

"٤"

مێژووی تیرەی بەشەر پڕە لە نموونەی ئەو میللەتو گەلو کۆمەڵگانەی کە بە دەیان ساڵو پتریش لە سایەی ملکەچیوگوێڕایەڵی ناچاریو چەوسانەوەو سەرکوتکاریدا ژیاون،دیارە ئەمە هەرگیز نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو میللەتانە بە تەبیعەت حەز لە چەوسانەوە دەکەنو میللەتی مازۆخین و لەزەت لە ئازاری خۆیان دەبینن، بەڵکو ئەمە زادەی بارودۆخو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیو ئابوریو ئایدۆلۆجیو سیاسییەکانە کە رژێمو سیستەمێکی سەرکوتکاری لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لێدەکەوێتەوە، جا تا گۆڕانی بنەرەتی لەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا روو نەدات وزەمینە بۆ یاخی بوونو شۆڕش خۆش نەبێت، تەسەورو وێنای ژیانێکی ترو لەبارتر لە لای گەل پەیدا نەبێت، بارگرژی کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی نەخەملێ شۆڕش بەرپا نابێت، خۆ ئەگەر شتێکیش چێ ببێ، زیاتر کاردانەویەکی بێ ئاکام دەبێت تا پرۆسەیەکی کارامەی بەرنامەداری زادەی تەخەمورێکی فەلسەفی دەروونیو پشوودرێژی درێژخایەنی ئەنجام روون.

**

هەڵبەتە دەسەڵاتی ئاینیو زاڵی وێنای ئاینی بەسەر هزرینی گەلاندا کردوویەتیە کارێك بۆ ماوەیەکی زۆر لە عیلمیەتو واقیعبینی دوور بکەونەوە .بۆ نموونە لە سەدەکانی ناڤیندا زیاتر چەمکی غەیبانیو رۆحی بەسەر ئەقڵیەتی ئەوروپیدا زاڵ بووە، خەڵکی باوەڕیان وابووە کە هەموو دیاردە سروشتیو کۆمەڵایەتییەکان، وەکو گرانیو قاتو قڕی، لافاوو گڕکانو بوومە لەرزە، رۆژمانگ گیرانو...زادەی هێزە روحانیو غەیبانییەکان بووە، نەك زادەی یاساکانی تەبیعەتو سروشت ،ئەمە کردویەتیە کارێك کە بێ چەندوچوون چارەنووسی خۆیان بەو هێزە غەیبانیانە بسپێرنوئەم دنیا بە پرۆڤەیەك بۆ ئەو دنیا بزاننو دژی هەر ئەقڵیەتو راوبۆچوونێکی زانستانەو پێچەوانەی ئەمە بوەستن، بۆیە مرۆڤی نموونەیی کەسێك بووە خۆی لە هەموو هەستو پەیوەندییەکی دنیایی دوور بگرێ.هەر بۆیەش مێژووی

بالادەستی کاتۆلیکییەت، بە قاقڕترین قۆناغی مێژووی مەسیحییەت دادەنرێ، کۆمەڵگەی ئەوروپی ئەو کاتە دەستی بە پێشکەوتن کرد کە خۆی لە ئەقڵییەتو هزرینی ئاینی رزگار کرد، ئەمەش زەمینەی بۆ ئەقڵییەتو هزرینی زانستی خۆشکردوپێشکەوتنی نەتەوەییو ئابوریو بازرگانیو ئیکتیشافاتی لێکەوتەوە. واتە جیاکردنەوەی ئەقڵی ئاسایی لە ئەقڵی ئاینی، وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی ئەوروپا بە تایبەتیو جیهان بە گشتی دروستکرد.چونکە کاتێ کە ئاین دەبێ بە فەلسەفەی ژیانو دەستور بۆ دیاریکردنی پەیوەندی مرۆڤ بە گەردوونەوەوبۆ ئاراستەکردنی مێژوو وکۆمەڵگەورێکخستنی هەموو چەلەنگییەکانی کۆمەڵگە، ئیدی لاهوت جێی فەلسەفە وەکو چالاکییەکی هزری سەربەخۆ دەگرێتەوە، ئیدی هزرینی فەلسەفی دەبێتە ئالەتێك بە دەستی لاهوتەوە. جا مەندیو بێ جوڵەیی یان کەم جوڵەیی ئەوروپای سەدەکانی ناڤین، لە سەرێکییەوە دەگەرێتەوە بۆ زاڵی جیهانبینی ئاینی، هەموو شتێك لە ژێر کۆنترۆڵی باوەڕی کاتۆلیکیەتدا بوو،ودەبوایە گوزارشت لە کاتۆلیکیەت بکاتو فەلسەفە لە ئارادا نەبوو، چونکە بەشێك بوو لە لاهوت یان ئالەتی دەستی لاهوت بوو، بە کورتیو کرمانجی جیهابینی ئاینی، لاوازیو سستی هزری، شەقڵی گشتی ناسنامەی ئەو قۆناغە بوو. بەڵام لە قۆناغی پاشتردا دوای ئەوەی ئەوروپی ئەوەیان کەشف کرد کە لە دایکبوونوگەشەکردنو مردنی هەر دیاردەو رووداوێك، کۆمەڵێك هۆکارو سۆنگەو فاکتەری کۆمەڵایەتیو مێژوویی بابەتی لە پشتەوەیە، ئیدی بەرەبەرە خۆی لە جیهانبینیو هزرینی ئاینی رزگار کردو چەمکە میتافیزیکییەکانی لەلا ڕەوییەوەو هزرینی ئەقڵیو زانستی لا چێبوو،و بۆی دەرکەوت کە هیچ ماهیەتێکی نەگۆڕو جێگیرو میتافیزیکی لە ئارادا نییەو هیچ دیاردەو ئەقڵییەتو هزرینێك لە بارودۆخو هەلومەرجو ژینگەی کۆمەڵایەتیو ئابوری، جوگرافی، رۆشنبیریو مێژوویی...سەردەمی خۆی بەدەر نییەو هیچ ناسنامەیەکی نەتەوەیی یان رۆشنبیری لە مۆرکی ئەو بارو دۆخو ژینگەو سەردەمە مێژووییە ناخەلەسێت، هیچ ناسنامەیەکی نەگۆڕ لە ئارادا نییەو لەگەڵ گۆڕانی ژینگەو قۆناغە مێژووییەکەدا دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتێ کۆمەڵگە دەچێتە قۆناغی پیشەسازی-تەکنۆلۆژییەوە، هەر هەموو ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییە کەلتوریو

نەتەوەییانەی کە وادەهاتە بەرچاو جێگیرو نەگۆڕن، لە رەگو ریشەوە دەگۆڕێن. مادیەت بەسەر رۆحیەتدا،بەرژەوەندخوازی بەسەر قارەمانیەتی، جیهانبینی عەلمانی بەسەر جیهانبینی ئاینی، پراگماتیکیەت بەسەر ئایدۆلۆژیەتداو ئەقڵیەتو هزرینی زانستی بەسەر ئەقڵیەتو هزرینی میتافیزیکی غەیبانیدا زاڵ دەبێتو شەقڵی ناسنامەی قۆناغەکە دیاری دەکەن. کەواتە هیچ خەسڵەتو شەقڵو تایبەتمەندییەکی جێگیرو نەگۆڕو هەمیشەیی نییە کە حەتمیەتێکی دیاریکراو، چ سەلبیو چ ئیجابی، بەسەر میللەت یان نەتەوەیەکدا بسەپێنێ،وئەم خەسڵەتو تایبەتمەندیو مۆرکانە هەمیشە زادەو بەرەنجامی بارودۆخو هەلومەرجی مێژوویی، رۆشنبیری، رامیاریو ئابوری...نو لەگەڵ گۆڕانی ئەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا دەگۆڕێن.

"٥"

بێگومان جیاوازیو ناکۆکیو هەڤدژی لە نێوان کەلتورانو لە مابێنی قۆناغە جیاوازەکانی خودی مێژووشدا هەیە، وەکو چۆن ئەمە لە مێژووی هەموو کەلتورو گشت گەلێکیشدا هەیە..ئەمەش وا دەخوازێ لە گۆشەنیگاو جیهانبینی جیاوازەوە تاوتوێ بکرێو هەڵسەنگێنرێو هێڵە گشتییەکانی دیاری بکرێ،وئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە هیچ نەتەوەو کۆمەڵگەیەك،تایبەتمەندیو خەسڵەتی نەگۆڕو جێگیری ئەوتۆی نیە کە حەتمیەتێکی دیاریکراوی، چ سەلبیو چ ئیجابی بەسەرا بسەپێنێ .خۆ ئەگەر تایبەتمەندیو خەسڵەتانی لەوجۆرە- ئەگەر هەبێ- ئەوا بەرەنجامو زادەی بارودۆخو هەلومەرجێن مێژوویی، ئایدۆلۆژی، کەلتوری، ئابوری ناجێگیرەو پێ بە پێی گۆڕانی ئەو هەلومەرجو بارودۆخانە دەگۆڕێت..بۆیە لە باری سەنجی زانستییەوە باشترودروستتر وایە لە لایەنە دینامیکییەکەوە ناسنامەی نەتەوەیی شرۆڤە بکرێ نەك لە لایەنە میتافیزیکیە وەستاوەکەوە، کە بە هەڵەمان دەباتو وامان لێدەکات حاڵەتێکی دەروونیو ئەقڵی رێژەییو مێژوویی، بە حاڵەتێکی نەگۆڕو چەسپاو بزانینو لەو پێودانگەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەین. لە کاتێکا ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتە کۆمەڵە شێوازێکی هزرینو هەستو رەفتاری چوونیەکی رێژەیی، کە لە قۆناغێکی مێژوویی

دیاریکراودا مۆرکی خۆی بە رادیەکی سنووورداری رێژەیی بە قۆناغەکەوە دەنێ.

کەواتە جیاوازی نێوان کۆمەڵگە بەشەرییەکان دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی رووداو دیاردەو بارە کۆمەڵایەتیو ژیاریو شارستانیەکانو پەیوەندی بە بارو لایەنی بایۆلۆژییەوە نییە..چونکە ئادەمیزاد بە ئەقڵییەت یان سایکۆلۆژیایەکی تایبەتیو دیاری کراوەوە لە دایك نابێ، بەڵکو بە کۆمەڵە ئیمکاناتو ئەگەرێکی کراوەوە لە دایك دەبێت کە وەدیهاتنیان بەندە بەو بارو دۆخو ژینگە دەرەکییەوە کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات. بۆیە زیاتر گوزارشت لە مەیلو کەڵکەڵە گشتیەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە تیایدا پەروەردە دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەنجامی سۆنگەو هۆی ناوخۆ یان دەرەکییەوە دووچاری ئاستەنگوگوشارو قەیرانی ئەوتۆ نەیەت کە لە راستە رێی رەوتی ئاسایی پێشڤەچوونی خۆی دەری نەکات. چونکە تاك ئافەریدەی دابو نەریتەو لاسایی ژینگەو ناوەندەکەی خۆی دەکاتەوە، یان هەر لە منالیەوە ناچار دەکرێتو رادەهێنرێ لەسەر ئەوەی لاسایی ژینگەو ناوەندەکەی خۆی بکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بە هیچ حەتمیەتێکی دەروونی – ئەقلیەوە لە دایك نابێت، بەڵکو سروشتی ئینسانی بریتیە لە کۆمەڵێك ئەگەرو ئیمکانات، کەشف بوونو هاتنەدی ئەم ئەگەرو ئیمکاناتە پەیوەستە بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ژیارییو شارستانیانەی کە تەفاعولی لە گەڵدا دەکات. جا بۆیە ئەگەر تاك یان کۆمەڵ لە ناسنامەدا لە یەکتر جیاواز بن ئەمە دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی پاشخانی مێژوویيان نەك بۆ (جەوهەرو رۆحێك)یان (ئەقلێکی) تایبەت بە رەگەزێك یان میللەتێك کە خۆی لەو ناسنامەیەدا بنوێنێ..کەواتە ناسنامەی نەتەوەیی یان هەر رەفتارێکی مرۆڤانی دەچێتەوە سەر دوو سەرچاوە، یەکەمیان تەبیعەتی ئینسانیە کە دەکاتە کۆمەڵێك ئەگەرو ئیمکاناتی گشتیو کراوە، دووەمیان ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایەتیو مێژووییە کە زەمینە بۆ کەشف بوونو وەدی هاتنی ئەو ئەگەرو ئیمکاناتە، ئەو ئاراستەو رەوتەی کە وەری دەگرێت، خۆشدەکات.مرۆڤ بە تەبیعەت ئافەریدەیەکی زەمانسازە، خۆی دەگەڵ شوێنو رۆژگاردا، بە

گوێرەی پێداویستیە جۆراو جۆرەكانی ژیان، لە كۆمەڵگە جیاوازو جۆراوجۆرەكاندا خۆی دەگۆڕێو دەسازێنێ.

"٦"

مرۆڤ بە تەبیعەت پێویستی بە ئاسودەیی دەروونی هەیە، كە هاتووەتە ئەم گەردوونە تیژتێپەڕو پڕ لە گۆڕانو گۆرانكاریەوەو بەرانبەر بە دیاردەو رووداوەكان دەستە وەستان بووە، دووچاری ترسو نیگەرانیەكی فرە بووە، ئیدی كەوتووەتە خولیای دۆزینەوەی سەرچاوەكانی ئەم دیاردەو رووداوانەو گەییشتن بە ئاسودەیی دەروونی، كە رەنگە ئەم خولیاو هەوڵە یەكێك بێ لە سەرچاوە هەرەگرینگەكانی سەرهەڵدانی فەلسەفەو ئاینو ئایدۆلۆژیاكان..چونكە ئەم پێداویستییە، واتە ئاسودەیی دەروونی، مرۆڤ نەك هەر بۆ تێگەییشتن لە جیهان هاندەدا، بەڵكو هانی دەدا كە جیهان بگۆڕێت، مانای پێ ببەخشێت ،بە قازانجی خۆی ئاراسەی بكات، دەگەڵیدا بسازێو...واتە ئەو جیهانەی كە مرۆڤ روو بە رووی بووەتەوە، بریتیە لە بوونەوەرانو دیاردەو شتانی ناكامڵو نیوەچڵ، سنوردارو لە حاڵی گۆڕان، بوونی بەندە بە بوونی غەیری خۆیەوە..بۆیە مرۆڤ بە درێژایی رۆژگارو سەردەمان هەوڵی داوە لە رێگەی حەقیقەتانی كامڵو پوختە، رەهاو موتڵەق، نەگۆڕو نەمر، لە رێگەی حەقیقەتانێك كە بوونیان بەخودی خۆیانەوە بەند بێ مالیجەی بكەن..واتە بۆ ئەم مەبەستە رێك پەنای وەبەر هەڤدژەكەی جیهانی واقیعی خۆی بردووە. بۆیە دەشێت بگوترێ كە مێژووی فەلسەفیو ئایدۆلۆژی لە بناغەدا بەدەوری ئەم جووتە دژەدا سوڕاوەتەوە، كە لە زاراوەو چەمكێن كەینونەو سەیرورەدا خۆی نواندووە. جا مرۆڤ لە هەنبەر ئەو سەیرورەو گۆرانەدا كە سەرلەبەری ئەو بوونەوەرو شتو دیاردانەی كە جیهان پێكدێنن، دەگرێتەوە..لە ڕای ئاسودەیی دەروونی خۆیدا پەنای وەبەر شێوەیەك لە شێوەكانی كەینونە، واتە حەقیقەتی موتڵەق بردووە،كە بكەوێتە سەرووی بارودۆخە كۆمەڵایەتیە مێژووییە دینامیكیەكانەوە..جا ئەم واقیعە ئینسانیە مرۆڤی بۆ ئەم جۆرە داهێنانە ئایدۆلۆژیو ئەفراندنە هزریو فەلسەفیە هانداوە...

جا هەر کۆمەڵێك بۆ ئەوەی خۆی بناسێتو هەست بە خۆی بکات پێدەچێت پێویستی بە هەڤدژێك بێت، پێویستی بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەڤدژە تا ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بخاتە روو، کەو بەرانبەر کەو دەخوێنێ..بەبێ ئەم جۆرە هەڤدژە، یەکێتیی ناوخۆییو ناسنامە گشتیەکەی بەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەولەگرێژەنە دەرچوون دەکەوێ.ئەم پێویستیە لە کاتی هەڕەشەی دەرەکیدا زیاد دەبێتو رووبە رووبوونەوەی ئەو هەرەشەیەش پێویستی بە یەکێتییەکی ناوخۆی سایکۆلۆژیە..کاتێ مرۆڤ هەست بە وابەستەگی خۆی بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە دەکات، وهەست دەکات ناسنامەکەی بەندە بە ناسنامەی ئەو کۆمەڵەوە، ئەو کۆمەڵە بەو ژینگەیە دەزانێ کە مومارەسەی خودی خۆی تیادا دەکات، هەنگێ لە باری دەروونیەوە تەیارو ئامادە دەبێت بۆ هەرجۆرە تەعەسوبو وابەستەگیەکی توندرەوانەی جڤاکیو دەستەجەمی،چونکە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە باری دەروونییەوە پەسندەو هەستی وابەستەگیو پشت ئەستوریو متمانە لای خەڵکی دروست دەکات..کە خەڵکیش زیاتر پابەندی کۆمەڵگەی خۆ دەبن، لەبەر ئەوەیە ئەندامیەتی لەو کۆمەڵگەیەدا جۆرە ئاسودەییەکی دەرونی پێدەبەخشێت کە یەکێکە لە پێداویسیە دەروونیەکانی خەڵك، هەر ئەمەش وا لە تاك دەکات خۆ بە خۆ جۆرە بەهایەك بە کۆمەڵگەکەی خۆ بدات، کە لە کۆمەڵگەکانی تری جیا بکاتەوەو بە زیاتری بزانێ،وهەر جۆرە هەرەشەیەك بۆ سەر کۆمەڵگەکەی بە هەڕەشەی راستەوخۆ بۆ سەر خۆی بزانێت، بۆیە بوونی کۆمەڵگەیەك یا چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەکەی خۆی ، کافیە بۆ ئەوەی خۆبەخۆ جۆرە هەستێکی نیگەرانیو دڵە راوکێی لە لا دروست بکات، کە مەگەر هەر وابەستەگی جڤاکی کە خۆی لە ناسنامەی نەتەوەییدا دەنوێنێ، کەوی بکاتەوە.

وەکو دەردەکەوێ کاتێ کە گەل یان کۆمەڵگە دەبێت بەسەرچاوەی هێزو وابەستەگی تاك، ئامادەییەکی زیاتری بۆ دژایەتی کۆمەڵگە یان گەلانی تر لا دروست دەبێت، بۆ دەروویەك دەگەڕێ کە بەر بۆ هەستە متبووەکانی دژی کۆمەڵگەیەکی تر یان کەسێك کە نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بکات، بەر بدات. جا کاتێ کۆمەڵگەیەك بە گشتی بەم حاڵەتە بارگاوی ببێ و ئامادە بێ بۆ ئاراستەکردنی هەستە متبووە شەڕانییەکانی خۆی دژی کۆمەڵگەیەکی

دی ، ئەوا تەعەسوبی نەتەوەیی دەبێتە باشترین کەناڵ بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە هەستانە،ئەم تەعەسوبو وابەستەگییە توندە ڕێگە بۆ چەمکی میتافیزیکی ناسنامەی نەتەوەیی خۆش دەکاتو برەوی پێدەدات..لە کاتێکا خویایە کە ئەم جۆە هەستە دژمنکاریە لە خوێنی هیچ کەسوکۆمەڵگەیەکدا نییەو خووی شیری نییە، بەڵکو زادەو بەرەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتیو ئەو ژینگەو قۆناغە مێژووییەیە کە تاك یان کۆمەڵی تیا دەژی..واتە دیاردەیەکی جێگیرو نەگۆڕ نیە، ئەمە جگە لەوەی جیاوازییەکی فرە هەیە لە نێوان وەلای نەتەوەییو تەعەسوبو توندرەوی نەتەوەییدا، مرۆڤی ژیرو پوختە نەك هەر توندرەوی نەتەوەیی پێ پەسند نیە ، بەڵکو هیچ جۆرە توندرەوییەك قەبوڵ ناکات..

"٧"

ئەگەر لە باری سەرنجی سۆسیۆلۆژییەوە سەرنجی پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی بدەین دەبینین گرینگترین رەگەزی پێکهاتەی ناسنامەی نێوبراو پاشخانی مێژووییە. جیاوازی رۆشنبیرییوناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان کۆمەڵگەو میللەتاندا دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی مێژوو و ئەزموونی هەر کۆمەڵگە یا نەتەوەیەك.. واتە هەڵسەنگاندنی رۆشنبیرییو ناسنامەێن نەتەوەیی دەبێ لە چوارچێوەی پاشخانە مێژووییەکەیدا ئەنجام بدرێت نەك لە بەر رۆشنایی کۆمەڵێك مەحەكو پێوەرو پێوانەی موتڵقو رەهادا. بیروبۆچوونو جیهانبینیو چەمكو بەهاو سیستەمان دەگەڵ رۆژگارو بەگوێرەی شوێنان دەگۆڕێ، بۆیە دەبێ لە کاتی هەڵسەنگاندنیاندا ئەو چوارچێوە مێژووییە رەچاو بکرێ کە تیایا رسکاوەو سەری هەڵداوە..هەرچەندە هەر پاشخانێکی مێژوویی بنەمای تایبەتیو دیالیکتیکی تایبەتی خۆی هەیە..بەڵام هەندێ خاڵی هاوبەش یان لێکچووش لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە گۆڕانو رەوتی ناسنامەی نەتەوەیی، لە هەموو شوێنێکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەماسی رۆشنبیریی دەرەکیو ئەو کارلێكو گوشارەی ئەم تەماسە دروستی دەکات.بەبێ توێژینەوەو تاوتوێ کردنی مێژووی ئەم تەماسە ناتوانین بە ئاسانی پەی بە تەبیعەتو سروشتی ناسنامەی نەتەوەییو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا دێت، بەرین..تەماسی

دەرەکی یەکێکە لە فاکتەرە بنەرەتیەکانی گۆڕانو هیچ شارستانیەتێکی گەورەو ئاڵۆزو فرە لایەن بە بێ تەماسی دەرەکی دروست نەبووە..واتە هیچ شارستانیەتێکی گەورەو ئاڵۆز، بەری هەوڵو تەقەللای راستەوخۆی یەك میللەت یان کۆمەڵگە نیە، بەڵکو کۆمەڵگەو میللەتانی دیکەش راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشداریان لە بەرهەمهێنانیدا کردووە. چونکە هەر تەماسێکی شارستانی ئیجابی لە مێژوودا بگری، لە ئەنجامدا بووەتە مایەی داڕوخانو هەرەسهێنانی کۆمەڵێك سیستەمو چەمکی چەقبەستوو، چاوی خەڵکی کردووەتەوەو رێگەی گۆڕانی خۆشکردووە، بەم پێیە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە گۆڕان داینەمۆی بوونو ژیانەو هیچ شتێك لە دەرێی گۆڕاندا نییە، بۆیە دەبێ مێشکی خۆمان لە هەر بۆچوونو هزرینێکی میتافیزیکی رزگار بکەین...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:


١-حدود الهویە القومیە، د.ندیم البیطار- ٢٠٠٢

٢-الفکر الواقعی عند ابن خلدون، ناصیفنصار- ١٩٨١

٣-ساطعالحصری رائد المنحی العلمانی فی الفکر القومی العربی، تیخونوفا-١٩٨٧

## ناسنامەی نەتەوەیی وناسنامەی کەلتووری

دۆزینەوەی سەرەتای پەیدابوون و بەکارهێنانی ئەم زاراوانە کارێکی زۆر ئەستەمە و هەوڵی فەرهادانەی دەوێ..با جارێ لێرەدا هەڵوەستەیەك لە ئاستی زاراوەی ناسنامەی نەتەوەیی بکەین و، ئەگەر کراو دەرەقەت هاتین، سووکە شەن وکەوێکی بلەزی بکەین. هەڵبەتە ئەگەر لە روانگەی لۆژیکییەوە تەمەشا بکەین رەنگە بشێت بڵێین، دەبێ زاراوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە سەردەم و رۆژگارێکدا پەیدا بووبێ و هاتبێتە بەکارهێنان کە میللەت بە مانای ڕاستەقینەی میللەت واتە nation پەیدا بووەو برەوی پەیدا کردووە..جا لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە زاراوەی گۆرین بە چ مەبەست و چەمك و مانایەك بەکارهاتووە، بە چەمك و مانایەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی بەکاربراوە یان بەمانا و چەمکی کەلتووری و رۆشنبیریی یان بە ماناو مەبەستێکی تێکەڵ لە هەردوو چەمکەکە ؟ دیارە ئەمە بابەتێکە گەنگەشەو موناقەشەی زۆر هەڵدەگرێت و کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت و ڕابۆچوونی جیاواز و هەڤدژ هەڵدەگرێت.. پێدەچێت تای تەرازووەکە بەولایەدا قورس بێت کە زاراوەی ناڤبری (ناسنامەی نەتەوەیی) لە سەرەتادا، زیاتر ماناو مەبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەبووبێت و دووریش نییە لە هەمان کاتدا مانای کەلتووری و شارستانیشی هەبووبێت. چونکە ئەو دوو چەمك و مانایە، ئەو هەڤدژە نین کە یەك نەگرنەوە..بەلام کە دەگوترێ پێدەچێت تای تەرازووی ماناو چەمکە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکە قورستر بێت، لەبەر ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی یەکگرتوو و یەکپارچە، گرینگترین هۆیە بۆ شەرعییەت بەخشین بە سیستەمی سیاسی و ڕامیاری، واتە سیستەمی سیاسی لە زەمینەو چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەییدا گەشە دەکات و پەرەدەسەنێت و شەرعییەتی خۆی وەردەگرێت..ناسنامەی نەتەوەیی بۆیە دروست کراوەو رەواجی پێدراوە، تا بگوترێ ئەمە ناسنامەی فلان نەتەوەیە، کەواتە میللەتێکی یەکگرتووە..چونکە ناسنامەی دیارو تایبەتی، فاکتەری یەکخستنی میللەتە، و تیرەو تایفەکانی میللەت لە سایەو سێبەری خۆیدا کۆدەکاتەوەو

یەکدەخات و یەکێتیی و یەکپارچەیی بە ئەندامانی میللەت و نەتەوە دەبەخشێت، واتە فاکتەری یەکبوون و یەکخستنە..ئیدی لێرەوە زەروورەتی هەبوونی ناسنامەی کەلتووری و شارستانی سەر هەڵدەدات، چونکە ناسنامەی نەتەوەیی بە تەنیاو بەبێ پشتیوانەیەکی کاراو کاریگەریی ناسنامەی کەلتووری و شارستانی، خۆی لەبەر چەپۆك و هەوراز و نشێوی رۆژگار ناگرێت..بۆیە ناسنامەی نەتەوەیی ئەگەر چەمك و مانای کەلتووری و شارستانیش لە خۆیدا هەڵبگرێت، ئەوا لە بنچینەدا، زیاتر سیاسی و ئایدۆلۆژییە،و لە چەمك و مانای رێکخراوی سیاسی دەوڵەتەوە نزیکە، رێکخراوی سیاسیش هەرچەندە لافی دامەزراندنی میللەت و نەتەوەیەکی یەکگرتووی یەکپارچە لێبدات، ناتوانێت بە ئاسانی ناسنامەیەکی یەکگرتووی یەکخەری نەتەوەیی بە دەست بێنێ، بۆیە بە ناچاری پەنا وەبەر ئایدۆلۆژیا دەبات و کۆمەك لە ئایدۆلۆژیاوە وەردەگرێت. چونکە ئایدۆلۆژیا، لە باری هەست و هۆشی دەروونی و وێژدانییەوە، پەیوەندی زۆر نزیکی بەکاری سیاسییەوە هەیە و لۆژیکێکە پەیوەست بە کارو چالاکی سیاسییەوە هەیە و کرۆك و جەوهەری سیاسەتیش زادەو بەرەنجامی کێشماکێش و ململانێیە.چونکە شەڕی سیاسی، لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات و دەسەڵاتڕانیە. بۆیە ئایدۆلۆژیا بۆ بەرقەراری و پاراستن و یەکخستنی کۆمەڵگە پێویستە. بە تایبەتی بۆ کۆمەڵگەیەك کە پەیوەندی و تەبایی کۆمەڵایەتی تیا نەبێت یان سست و لاواز بێت، کێشماکێش و ململانێی سیاسی تیادا توند بێت، شەڕ و دژمنایەتی سیاسی تیا لە برەودا بێت..

بەڵام ئەگەر ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای کەلتووری و شارستانی لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە بگوترێ فلان نەتەوە، ئاینییە، غەیبانی باوەڕە، یان جوانپەرستە، یان دوالیستیە،ئەمە دەکاتە ناسنامەی کەلتووری ئەو نەتەوەیە.لێرەدا ناسنامەی نەتەوەیی لە ناسنامەی کەلتووریەوە هەڵدەهێنجرێ و هەردوو ناسنامەکە ئاوێتە دەبن و یەك چەمك و مانا دەگەیەنن..جا ئەگەر دیرۆك و مێژووی زاراوەی ناسنامەی نەتەوەیی بگەڕێتەوە بۆ سەردەم و رۆژگاری پەیدابوونی ناسیونالیزم، و یەکێك بووبێ لە دەرهاویشتەکانی کەڵکەڵەو ئەڵهای یەکخستنی نەتەوەیی، ئەدی پێشتر ناسنامە چ ماناو چەمکێکی هەبووە، دامەزرێنەران و بونیاتنەرانی یەکێتیی

نەتەوەیی، چۆن کاریان لەسەر کردووە، چۆنیان پێناسە کردووە، بە چ چەمك و مانایەك بەکاریان هێناوە، ئایا سوودیان لە کەلتوور وەکو نیمچە ئایدۆلۆژیایەك وەرگرتووە، بۆ گەییشتن بە مەرام و ئامانجی سیاسی خۆیان؟

دیارە لە کۆندا و بەر لە سەردەمی رینیسانس مەسەلەی ناسنامەی ئینسان لە ئاراد بووە نەك ناسنامەی نەتەوە. بۆ نموونە لە مەسیحیەتدا و پاشان لە ئیسلامدا،رووی دەمی بانگەوازو گوتاران لە گشت تیرەی بەشەر بووە نەك لە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو وفاکتەری یەکێتیش باوەڕ بووەو ناسنامەی ئومەت لە جیاتی ناسنامەی نەتەوە بەکاربراوە، بۆ نموونە گوتراوە: ئومەتی مەسیحی و ئومەتی ئیسلامی..ولەسەردەمی ئاین سالاریدا، زمانی باوی خەڵکی، زمانی ئاین بووەو هەموو پرس و کێشە دینی و دنیاییەکان، لە قاڵب و چوارچێوەی ماناو چەمکە ئاینییەکاندا بە زمانی ئاین و ئۆل هاتووەتە دەربڕین و تاوتوێکردن و چارەسەرکردن. بەڵام کاتێ چەمك و ماناو پێوەرو پێوانە ئاینییەکان کەوتنە بەر گومان و دوودڵی و ڕامان و وردکردنەوەو وەکو مەسەلەیەکی شەخسی و تایبەتی و ڕۆحی هاتە ژماردن و حیسابکردن و هێزو تواناو دەسەڵاتی یەکخستنی کۆمەڵگەی لە دەست داو، لەوە دەرچوو کە وەڵامدەرەوەی هەموو پێویستیە مەعنەوی و مادیەکانی تیرەی بەشەر بێت، کەوتە پاشەکشە، ئیدی مەسەلەی سیکولاریزم وجیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت سەری هەڵدا و سیستەمێن ئایدۆلۆژی گەشەی کرد و پەرەی سەند، واتە سەردەمی نوێبوونەوە دەستی پێکرد، نوێبوونەوەش لە جەوهەر و کرۆکدا هاوتای فرەییە pluralisme هاوتای هەمەجۆری و فرە حزبی و فرە مەرام و ئامانجی ڕامیارییە.بە کورتی و بە کوردی هەمەجۆری و فرەیی لەگشت بوارەکانی ژیاندا، یەکێکە لە دەرهاویشتە و تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نوێبوونەوەو رینیسانس..ئیدی لێرەوە ئاین وەکو لە سەرێ ڕا ئاماژەمان کردێ دەکەوێتە پاشەکشێ، مەسەلەی جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، واتە سیکۆلاریزم دێتە پێشێ کە لە دەرهاویشتەو تایبەتمەندییەکانی دیکەی سەردەمی ڕاپەرین و رینیسانسە و، ئیدی لێرەوە ئاین لە سەنتەرەوە بۆ پەراوێز پاشەکشەی کرد و بوو بە مەسەلەیەکی ڕۆحی شەخسی و، ئیدی پیرۆزی و پیرۆزاندن وەکو دیاردەی جڤاکی و ئەوزاری حوکمڕانی، سەردەمی بەسەرچوو، تاك ئازادی خۆی

وەرگرت و هیچ دیاردەو ڕووداوێك لە سەرووی ڕەخنەوە نەما. مرۆڤ لەوە دەرچووو خێرو چاكە یان شەڕو خراپەی ڕەها بێت، بەڵكو هەڵگری هەردوو لایەنە هەڤدژەكەیە...

بەڵام خۆ بەر لەم مێژووەش و پێش پەیدابوون و سەرهەڵدانی مەسیحیەت و ئیسلامیش كە ئومەتی مەسیحی و ئومەتی موسوڵمانانیان بەرهەم هێناوە، میللەت و كۆمەڵگەو نیشتمان هەبووە، ئاخۆ ئەو سەردەمە یەكێتیی نەتەوەیی و ناسنامەی نەتەوەیی لە ئارادا نەبووە، ئەگەر لە ئارادا بووبێ، بە چ ماناو چەمكێك بەكاربراوە ؟بە بۆچوونی گەلێك لە شارەزایان، لەو سەردەم و رۆژگارانەدا بەلای كەمەوە كۆمەڵێك شانشین و ئیمپراتۆریەتی فرە ئیتنی و تیرەوقەوم و نەتەوە هەبوونە، بۆ پاراستنی یەكێتی و یەكپارچەیی قەڵەمرەوی حكوومەت و مانەوەی دەسەڵات و دەسەڵاتڕانی خۆیان، ناچار بوون، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بووبێ، رێزو حورمەتی داب و نەریت و بیرو باوەڕی نەتەوەو گەلە جیاوازەكانی سایەی دەسەڵاتی خۆیان بگرن و رێگەیان بدەن كە بە ئازادی مومارەسەی داب و نەریتی خۆیان بكەن، جەژن و بۆنە ئاینیەكانیان بگێڕن و رێورەسمی نەتەوەیی خۆیان بەرێوە ببەن. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا سیاسەتێكی لەبار و باش بووەو پێی گوتراوە سیاسەتی مداراو نەرمكێشی و جۆرە ئیعتراف كردنێكی ناچاری بووە بە ناسنامەی ئەو تیرەو تایفە ونەتەوەو گەلانەی لە سایەی ئەو ئیمپراتوریەت و شانشینانەدا ژیاون..هەرچەندە ئەم سیاسەتی مداراو نەرمكێشییە لەبەر خاتری چاوی كاڵی ئەو نەتەوانە نەبووەو زادەو بەرەنجامی كارلێكی جڤاكی و سیاسی ڕەسەن و ستراتیژی نەبووە، بەڵام تاكتیك و فاكتەرێكی زۆر گرینگ بووە نەك هەر بۆ پاراستن و درێژەدان بە تەمەن و مانەوەو بەردەوام بوونی ئەو ئیمپراتۆریەتانە بە درێژایی چەندین سەدە، بەڵكو هۆیەكیش بووە بۆ ریشاژۆكردنی هەڤبەندی جڤاكی نێوان تیرەو گەلانی جیاوازی سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی، لە چوارچێوەی یەك ئیمپراتۆریەتدا.

جا با بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی بابەت و مەبەستەكەمان كە ناسنامەی نەتەوەیی بوو. ناسنامەی نەتەوەیی وەكو زۆر زاراوەی دیكە، بە ئاسانی مل

بۆ پێناسەیەکی بنجبڕی نەگۆڕ نادات، بە تایبەتی ئەگەر لەبەر رۆشنایی نۆڕین و جیهانبینی و هزرین و بەرژەوەندی سیاسیدا پێناسە بکرێت، چونکە سیاسەت لە جەوهەردا پرۆسەی دەسەڵاتخوازییە، دەسەڵاتیش بە تەبیعەتی خۆی جێگیرو پایەدار نییەو، ڕەگی لە گۆڕاندایە و بە گوێرەی پێویستییەکانی زەمانە دەگۆڕێت. واتە لە ئەنجامدا ئەو کرۆك و جەوهەرەی کە بۆ هەوێن و ئامیانی مانا بەخشین بە ناسنامەی نەتەوەیی هاتووەتە هەڵبژاردن و بە ناوەرۆکی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ بگۆڕێت. بۆیە ناسنامەی نەتەوەیی ڕەنگە پێناسەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت و لە قۆناغ و سەردەمێکەوە بۆ قۆناغ و سەردەمێکی دیکە بگۆڕێت و تەنانەت ئەگەر لە ناوەرۆکیشدا کەلتووری بێ و ڕەگی بچێتەوە سەر ناسنامەی کەلتووری، هەر شەقڵ و مۆرکی سیاسی وەردەگرێت وسەرچۆپیش بدرێتە دەست سیاسەت دیارە بۆ لای دەسەڵات و دەسەڵاتداریی ڕادەکێشێت و ڕەنگی ئایدۆلۆژیا دەگرێت و ئایدۆلۆژیاش، هزرو بیرێکی لە قاڵبدراوەو هەرگیز لە نیازو مەرامی سیاسی بە دەر نییە، بۆیە جێبەجێکردنی لە واقیعی پراکتیکیدا ئەوەندەش ئاسان و بێ سەریەشە نییە.چونکە ئایدۆلۆژیا چەندیش پوختە بێت بە دڵی هەموو کەس نابێت، لە گشت سەردەم و رۆژگارێکدا بە هەمان ئەندازە نابێت بە فاکتەری یەکێتیی و یەکخستنی ناسنامەی نەتەوەیی. دیارە ناسنامەی نەتەوەیی ، ئەگەر لە سەردەم و رۆژگارێکدا زۆر بە وردی و بەوپەڕی رۆشنبینی بە نێوەرۆکی رۆشنبیریی و کەلتووری موتوربە و ئارایشت بکرێت، لەوەیە لە سەردەم و رۆژگارێکی تردا، سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسی بە رادەیەك بەسەریا زاڵ بێ کە بڕستی لەبەر ببڕێت و ئەگەری بەردەوامبوونی نەك هەر کەم بکاتەوە بەڵکو بیخاتە مەترسیشەوە. دیارە هیچ ئایدۆلۆژیایەك نیە وەکو مەسەلە و هاوکێشەیەکی بیرکاری مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و بێتە سەلماندن، ناسنامەی نەتەوەییش بە زۆری نیازو مەرامی سیاسی لە پشتە و لە ئایدۆلۆژیای باوی رۆژ و وەختەوە نزیکە، بۆیە زۆر جێگیر و پایەدار نابێت، گۆڕانی بەسەردا دێت و تازە دەبێتەوە. جا لە هەنبەر ئەم چەمکی ناسنامەی نەتەوەییەدا چەمکی ناسنامەی کەلتووری و شارستانی هەیە، کە زۆرجار پێناسەی نەتەوەییشی لێوە هەڵدەهێنجرێ، ئەم چەمکی کەلتووریە

ڕەگ و ڕیشەی بە جۆرێ لە قووڵایی ڕۆح و گیان و دڵ و دەروونی میللەتدا داکوتیوەو پایەداری و جێگیرییەکی ئەوتۆی پەیداکردووە کە بووە بە بەشێك لە داب و نەریت و خوو خدەی خەڵکی.. جا ئەگەر ڕووە ئایدۆلۆژییەکەی ناسنامەی نەتەوەیی هەندێجار وەکو چەکێك، وەکو ئەوزارێك بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگە بەکار ببرێت و بە ڕواڵەت هەر جۆرە جیاوازی و ناکۆکیەك بسڕێتەوەو لە لایەن رژێمانی دکتاتۆر و ستەمکارەوە وەکو کۆت و زنجیر لە دەست و پێی هزرو بیر و زمانی خەڵکی بکرێت و ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بووە ببێت بە ئەلتەرناتیفی بیرکردنەوەو رەخنەگرتن و پرسیارکردن،ئەوا ناسنامەی کەلتووری وەکو ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشە و بە شنەبایەك دەگەشێتەوە.چونکە نیشانەو رەمزە، میللەتێکی پێ لە میللەتێکی دی دەناسرێتەوەو جیادەکرێتەوەو فاکتەری مان و بەردەوامبوونیەتی لە مێژوودا، بەشداری رۆشنبیریی و شارستانی ئەوە، لەبەرهەمهێنانی مێژوو و شارستانیەتی تیرەی بەشەردا. کەواتە ڕووە ئایدۆلۆژییەکەی ناسنامەی نەتەوەیی، توێکڵەو ناسنامەی کەلتووری کاکڵە. یەکەمیان بە زۆری مەرام و ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی لە پشتەوەیە و وەکو ئەوزارێك بە مەبەستی مکوم کردنی یەکێتیی سیاسی بەکار دەبرێت، بەڵام دووەمیان، ناسنامەی کەلتووری، کۆڵەکەیەکی گرینگە و فاکتەری مان و بەردەوامبوونی میللەت و نەتەوەیە. هەڵبەتە ئەم ناسنامەی کەلتووریە کە گرینگترین فاکتەری یەکێتیی دەروونی و سایکۆلۆژی میللەتە، زۆرجار لە نەستی جەماوەری خەڵکیدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوەو بووە بە بەشێك لە پێکهاتەی دەروونیان و خۆبەخۆ شانازی پێوە دەکەن، وڕەنگینی و زەنگینی کەلتوورو شارستانیەتی تیرەی بەشەریش لەم هەمە جۆری و فرەیییەوە سەرچاوە دەگرێت.. جا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا فرەناسنامەیی، چ کەلتووری و چ نەتەوەیی، لە سایەی وڵاتانی فرە نەتەوەو تیرەو تایفەدا، نابێتە مایەی سستی و لاوازی یەکێتیی نیشتمانی ئەو جۆرە وڵاتانە ؟؟ هەڵبەتە قەومیەت و فرە نەتەوەیی ، ئەگەر کەلتوور و نەتەوەو لایەنێکی ئاینی و سیاسی و ئایدۆلۆژی و توێژو چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی، بە تەنیا دەسەڵات قۆرخ نەکات و بە ملهووڕی و زۆردارەکی و ستەمکاری وخۆ داسەپاندن، ئازادی و هەستی هاوسۆزی و هەڤبەندی و هاوسێیەتی و هاوکاری و هەڤژینی لە نێوان خەڵکانی وڵاتدا

نەسڕێتەوە، نەك نابێتە مایەی سستی و لاوازی یەکێتیی نیشتمانی بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی بتەوی یەکێتیی نیشتمانی. بۆیە یەکێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی بە بێ ڕەچاوکردن و دابینکردنی بێ چەند چوونی ئازادی مەیسەر نابێت و چارەنووسی وڵات درەنگ یان زوو پارچەپارچە بوون و جیابوونەوەیە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- هویت ملی و هویت فرهنگی/ نوشتەو ترجمەی جلال ستاری/چاپ سوم۱۳۸۷/نشر مرکز

*- سفرەی فەقیران/ حەمەکەریم عارف/چاپی یەکەم ۲۰۱۲/دەزگای سەردەم/ل ۱۸۲-۱۹۸/ناسنامەی نەتەوەیی

## دەربارەی

## نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروری

"۱"

مرۆڤ یەکێکە لەو بوونەوەرانەی کە لە دەرێی خولیاو کەڵکەڵە زۆر وزەبەندەکانی خۆیدا هەڵناکات. یەکێك لەو خولیاو کەڵکەڵانەش

وابەستەگی نیشتمانی ونەتەوەییە. واتە نیتشمانپەروەری و نەتەوەپەروەرییە،یانی وابەستەگی بە خاك و خەڵکەوە لە خولیا ڕەسەنەکانی مرۆڤە. ئەم خولیایەش یەکێکە لە فاکتەرەکانی چێکردنی وابەستەگی جفاکی، بەو ڕادەیەی کە مرۆڤ شانازی بە کۆمەڵی خۆیەوە بکات و لە کاتی پێویستدا فیداکاریشی لە پێناودا بکات.

نیشتمانپەروەری بە مانا ڕوون و ڕەوانەکەی، بە مانا سادەکەی ئەوەیە کە ئینسان نیشتمان و زێدی خۆی خۆشبوێت و لە ناخی خۆیدا هەست بەوە بکات کە بەو خاکەوە بەندو وابەستەیە. نەتەوەپەروەریش، دیوە جفاکییەکەی نیشتمانپەروەرییە، واتە تاك نەتەوەی خۆی خۆشدەوێت و لە ناخا هەست بەوە دەکات کە وابەستەی ئەو نەتەوەیەیە. نیشتمان لە بنەڕەتدا خاك وئاقارێکی دیاریکراوە، نەتەوەش کۆمەڵێك بەشەرە..بەم پێودانگە نیشتمانپەروەی و نەتەوە پەروەری بریتییە لە وابەستەگی تاك بە خاك و خەڵکەوە، خاکەکە دەکاتە نیشتمان و خەڵکەکە دەکاتە نەتەوە. هەڵبەتە ئەم دوو چەمکە زۆر لە یەکترەوە نزیکن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە.چونکە خۆشەویستی نیشتمان، خۆی لە خۆیدا، ئاوسە بە خۆشەویستی هاونیشمانانی ئەو خاکەوە، خۆشەویستی هاونیشتمانانیش بارگاویە بە خۆشەویستی ئەو خاکەوە کە لەسەری دەژین. دیارە ئەم دوو زاراوەیە پەیوەندییەکی نزیکان بە زاراوەو چەمکێکی دیکەشەوە هەیە کە ئەویش چەمکی دەوڵەتە.دەوڵەت بە گوێرەی بۆچوون و پێناسەی زانایانی مافناسی و جفاکی دەکاتە: "کۆمەڵە بەشەرێك، کە لەسەر خاکێکی دیاریکراوی هاوبەش دەژین و دام ودەزگایەکی سیاسی و سەربەخۆ و خودان سەروەری پێکدێنن."

بەم پێودانگە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوون و پێناسە زۆر سادەیەدا، ئەوە بە دیاردەکەوێ کە چەمکی دەوڵەت لەسەرێکەوە پەیوەندی بە نیشتمانەوە هەیە و لەسەرێکی ترەوە پەیوەندی بە نەتەوەوە هەیە. واتە هەم پەیوەندی بە خاکەوە(نیشتمان) و هەم پەیوەندی بە خەڵکەوە(نەتەوە) هەیە. دیارە ئەم پەیوەندییە لە هەموو قۆناغێك و لە هەموو وڵات و نەتەوەیەکدا وەکو یەك نییە، واتە بە گوێرەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و قۆناغە مێژووییەکان دەگۆڕێت و دەشێت زۆر بەکورتی لەم شێوانەدا پۆلێن بکرێت:

١-هەندێجار نەتەوە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن ئاڵاو سەروەری و حكوومەت و سوپای تایبەتیدا كۆدەبێتەوە و تێكڕای ئەندامانی نەتەوەكە و هاووڵاتیانی قەڵەمڕەوی دەوڵەتەكە، بەشداری لە خۆشەویستی و خزمەتی نیشتمانەكەیاندا دەكەن. لێرەدا نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری بە ڕادەیەك لێكدی نزیك دەبنەوە كە ڕەنگە لێكدی جیانەكرێنەوەو بە تەواوكەری یەكدی دابنرێن. لێرەدا نیشتمان دەكاتە ئەو خاك و قەڵەمڕەوەی تێكڕای نەتەوەیەك لەسەری دەژین و یەك دەوڵەت كاروباری سیاسی ئەو خاك و قەڵەمڕەوە بەڕێوە دەبات. بەڕێوەبردنی ئەمجۆرە دەوڵەتە ئاسانترە لە جۆرەكانی دی.

٢- جاری واهەیە نەتەوەیەك، لە چوارچێوەی چەند دەوڵەتێكی سەربەخۆدا كۆدەبێتەوە.لەم حاڵەدا هەریەكێك لەو دەوڵەتە سەربەخۆیانە، كار بۆ بەرهەمهێنانی نیشتمانپەروەری تایبەتی خۆی دەكات،بە هەموو شێوەیەك كار بۆ ئەم نیشتمانپەروەرییە تایبەتیە دەكات..دیارە نەتەوەپەروەری لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیانەدا ناوەستێ، بەڵكو كار بۆ ئەوە دەكات، ئەگەر بە واقیعیش نەتوانێت یەكیان بخات ئەوا لە چوارچێوەیەكی مەعنەوی گشتیدا یەكیان بخات. لەم حاڵەتەدا جۆرە هەڤدژی و ناكۆكییەك دەكەوێتە نێوان نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەوە.نەتەوەپەروەری، كار بۆ ئەوە دەكات، ئەو دەوڵەتە جیاوازانە بەهەر شێوەیەك بووە یەكبخات و لە جیاتی ئەو نیشتمانپەروەریە تەسكانە، نیشتمانپەروەرییەكی گەورەتر بەرهەم بێنێت و برەوی پێبدات..یانی لەم حاڵەتەدا كەڵكەڵەی نەتەوەیی و نەتەوەپەروەری، بیرۆكەی نیشتمانێكی مەعنەوی و ئایدیالی فراوانتر وبەرزتر بەرهەم دێنێت كە تەنیا لە سنووری خۆزیاو ئاواتا قەتیس نامێنێت و بەڵكو كار بۆ وەدیهاتنی واقیعیانەی دەكات.لەم حاڵەدا نەتەوەپەرەری دەگەڵ ئەو جۆرە نیشتمانپەروەریە ناوچەیی و لۆكاڵیەدا یەك ناگرنەوە، چونكە لێرەدا نەتەوەپەروەری، وادەخوازێت كە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی بخرێتە سەرووی بەرژەوەندی نیشتمانی ناوچەییەوە، كار بۆ نیشتمانێكی گشتی یەكگرتوو دەكرێت، كە ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی بەڕێوەبردنی سیاسی ئەو جۆرە نیشتمانە ناوچەییانە زۆر ئاسان و بێ كێشە نەبێت..

٣-جاری واهەیە نەتەوەیەك لەبەر هەر هۆیەك بێ ، لە دەوڵەتی تایبەتی خۆی مەحرووم دەبێت و دەخرێتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی بێگانەوە، وەکو کوردستانی لەمەڕ ئێمە.لەم حاڵەدا دەوڵەتی فەرمانڕەوا زیاتر بەلای جۆرە نیشتمانپەروەرییەکی گشتیدا دایدەشکێنێت و هەوڵدەدات بە هەر شێوەیەك بووە، بە خوایشت بێت یان بە تۆپزی ئەو جۆرە نیشتمانپەروەرییە بەسەر هەموو ئەندامانی نەتەوەو گەلانی ژێر دەستی خۆیدا بسەپێنێت. هەڵبەتە دەوڵەتی فەرمانرەوا لەم حاڵەتەدا هەتا بۆی بکرێت، بە هەموو شێوەیەك، هەوڵدەدات هەست و نەستی نەتەوەیی ونەتەوەپەروەری لای نەتەوەو گەلانی بندەستی خۆی خەفەو کزبکات، چونکە هەستی نەتەوەپەروەری کەڵکەڵەی سەربەخۆیی و خۆیبوون لای ئەو گەل و نەتەوانە چێدەکات و بیر لەوە دەکەنەوە لە نەتەوەی سەردەست و فەرمانڕەوا جیا ببنەوەو وەکو هەموو گەلانی دنیا دەوڵەتی تایبەتی و نەتەوەیی خۆیان دروست بکەن.جا لە ئەنجامی ئەمەوە هەڤدژی و دژایەتی دەکەوێتە نێوان ئەو نیشتمتانپەروەریەی دەوڵەتی فەرمانڕەوا بە خۆرتی دەیسەپێنێت و ئەو نەتەوەپەروەرییەی کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی بندەست هەستی پێدەکەن. لێرەدا نەتەوەی بندەست بەو نیشتمانپەروەرییە ڕازی نابێت کە دەوڵەتی فەرمانڕەوا دەیسەپێنێت..تەنیا ئەو بەشەی دەوڵەتی فەرمانڕەوا، بە نیشتمانی خۆی دەزانێت کە لە بنەڕەتدا خاك و نیشتمانی خۆیەتی، یانی نەتەوەی بندەست لەم حاڵەدا کار بۆ بەرهەمهێنانی نەتەوەپەروەرییەکی تایبەت بە خۆی دەکات. بۆ نموونە کورد لە عێراق و تورکیا و ئێران و سوریادا خۆی بە عێراقی یان تورکیایی یان ئێرانی یان سوریایی نازانێت ، بەڵکو زیاتر خۆ بە کورد و کوردستانی دەزانن..بەبێ پرس و خوایشتی خۆی، بە خۆرتی و لە ئەنجامی تەقسیمبەندی سیاسی ئیمپریالیستیەوە بە وڵاتانی ناقبرییەوە لێکێنراون و کراون بە قارەمانی ناو غەدرنامەکانی جیهان..دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش هەستیان بەمە کردووەو هەمیشە کاریان بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی کوردستان کردووەو بەنەفەسی کۆلۆنیالی مامەڵەیان دەگەڵ کورد و کوردستاندا کردووە..هەر بۆیەش بۆ نموونە کورد لە عێراقا بە درێژایی مێژووی سیاسی عێراق یەکێك بووە لە فاکتەرەکانی روخانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق .

هەڵبەتە هەقی خۆیشی بووە، چونکە دەوڵەت و حکومەتێك ڕێگەی نەتەوەیەك نەدات بە ئەزموونی خۆی مومارەسەی ژیان بکات، ئەویش هەقی خۆیەتی ژیان لەو دەوڵەت و حکومەتە تاڵ بکات..جا کێشەو نەگبەتی کورد هەر ئەوە نییە کە لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی، خۆی بێبەش کرابێت و بە خورتی خرابێتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی یەك دەوڵەتی بێگانەوە، بەڵکو بە نەهەق بەسەر چەندین دەوڵەتی بێگانەدا دابەشکراوەو بەشێوەیەکی هێندە ئەهریمەنانە دابەشکراوە کە لە هەموو ئەو دەوڵەتانەدا کەمێنیە و وەکو پێویست خێر لە سیستەمی دیموکراسیش-ئەگەر هەبێت- نابینێت. هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا، هەر یەکێك لەو دەوڵەتە فەرمانڕەوایانە، هەوڵدەدات ئەو بەشە نەتەوەیەی بندەستی خۆی، لە قاڵبی ئەو نیشتمانپەروەریە بدات کە خۆی دەیەوێت. یانی نیشتمانپەروەرییەکی پێشوەختە دیاری کراوی بەسەردا دەسەپێنێت ،کە مەسەلە نەتەوەییەکانی لەلا کزو لاوازو خەفە بکات.بەڵام گیانی نەتەوەیی ونەتەوەپەروەری ئەو نەتەوە دابەشکراوە، ئەمەی پێ قووت ناچێت، بە هەموو شێوەیەك بە گژیا دەچێتەوە، دیارە هەمان هەستی نەتەوەیی لای بەشەکانی دیکەی ئەم نەتەوە دابەشکراوە، جۆش دەسەنێت و بە گوێرەی هەلومەرجی خودی و بابەتی کار بۆ ئەوە دەکەن لە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی داگیرکەر و فەرمانڕەوا بێنە دەرێ و یەك بگرنەوە و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆ دامەزرێنن و هەموو بەشەکانی نەتەوەکەیان، لە چوارچێوەی خۆیدا کۆبکاتەوەو یەکبخات..کە ئەمە بە زەقی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا هەست پێدەکرێت و دیارە مەسەلەی کورد لە بنەڕەتدا مەسەلەی یەکگرتنەوەی سیاسی نەتەوەیەکە، کە قابیل نییە بە زەبری سنووری دەستکرد و جبەخانەی داگیرکەر لێکدی داببڕێت.

"٢"

بەم پێودانگە هەندێجار هەردوو چەمکی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری تێکدەکەنەوەو بە ڕادەیەك ئاوێتە دەبن و دەکەونە کارلێکی ئەرێنییەوە کە نەتەوەپەروەرییەکە، هەستی نیشتمانپەروەرییەکە زیاتر لە دڵ و دەروون وبیرو هزرینی هاووڵاتیاندا ڕیشاژۆ دەکات.هەڵبەتە هەندێجاریش

پێچەوانەیە، نەك هەر تێكناكەنەوە، بەڵكو دژی یەكتر دەوەستنەوە..بە هەرحاڵ نەتەوەپەروەری لە سەرەتاكانی سەدەی نۆزدەیەمەوە یەكێك بووە لە فاكتەرە كاراو كاریگەرەكانی پەرەسەندنی دەوڵەتان و سەرهەڵدان و درستبوونی نیشتمانان..بەڵام پێشتر، بە تایبەتی لە سەدەكانی ناڤیندا، هەردوو چەمكی نیشتمان و دەوڵەت، بە یەك مانا و مەبەست بەكاربراوەو زۆرجاریش بەستراوەتەوە بە شەخسی پاشاوە.یانی پێوەرو پێوانەی نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە ئەوە بووە كە هاووڵاتی چەند وابەستەی پاشا و مەملەكەتەكەی پاشا بووە، تا چەند ئامادە بووە خۆی و سەروەت و سامانی لە ڕای سەربەرزی پاشاو سام و هەیبەتی مەملەكەتەكەیدا بەخت بكات. یانی پاشا، بۆ خۆی كۆڵەكەی دەوڵەت و نیشتمانە، سێبەری خوایە و نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری بە دەوری ئەودا دەسوڕێنەوە.زۆرجار وڵات و شارێن گەورە، لە مەملەكەتێكەوە دەچووە سەر مەملەكەت و شانشینێكی دی، بۆ نموونە هەرێمێك بە هۆی سیاسی یان كۆمەڵایەتی وەك ژن و ژنخوازی و خزمایەتیكردنی تازەوە دەچووە سەر مەملەكەتێكی دی، ئیدی دەبوایە خەڵكی ئەو هەرێمە گوێڕایەڵی پاشای تازە بن و پەیوەست بن بە مەملەكەتی تازەوە، یانی دەبوایە خۆ دەگەڵ نیشتمانپەروەری تازەدا ڕابێنن، نیشتمانپەروەرییەكی جیاواز لەوەی پێشوویان، هۆی بنەڕەتی ئەم حاڵەتانەش ئەوەبوو كە بیرو باوەڕی ئەو سەردەم و ڕۆژگارانە، ئەوە بوو كە حوكمڕانی پاشا، مافێكی ڕەوای خوادادیە، پاشا سێبەری خوایە لەسەر زەوی و بە خواست و مەشیەتی خواوەند كارو باری دەوڵەت و ڕەعیەت دەبات بە ڕێوە.

دیارە هیچ دیاردەو ڕووداو و حاڵەت و ڕۆژو ڕۆژگارێك، هیچ بارودۆخێك، بە دەقی خۆیەوە نامێنێت و وەكو دەڵێن لە پێستی خۆیدا نامێنێت و لە یاسا و ڕێسای گۆڕان ناخەلەسێت و،بە گوێرەی هەل و مەرجێن كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هزری و فەلسەفی و قۆناغی مێژوویی دەگۆڕێت و بارودۆخی تازە جێی دەگرێتەوەو تا ئەو ڕۆژەی وەڵامی پێداویستییە مەعنەوی و مادیەكانی تیرەی بەشەری پێبێت، بەدەم سووكە گۆڕانەوە بەردەوام دەبێت..جا كە بیروباوەڕی (پاشا ،سێبەری خوایە لەسەر زەوی) لەق بوو و بەرەبەرە بە یەكجارەكی ئاوا بوو، ئیدی ئەو سیستەمەش بە

هەموو لایەنەکانییەوە ئاوابوو و بیرۆکەی نەتەوەو نەتەوەپەروەری برەوی سەندو ڕۆڵی گەورەی لە چێبوونی دەوڵەت و دیاریکردنی نیشتماندا بینی، ئیدی لەسایەی کەڵکەڵەو بیرۆکەی نەتەوەو نەتەوەپەروەریدا زۆر دەوڵەتان هەڵوەشانەوەو و زۆر نەتەوەێن دابەشکراو یەکیان گرتەوەو ئەو مافە دینی و دنیاییانەی جاران پەیوەندییان بە پاشاوە هەبوو، هەڵوەشانەوەو مافی نەتەوە زاڵ بوو بەسەر ئەو مافانەدا کە جاران دەدرایە پاشا.

دیارە نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری، لە کەڵکەڵە کۆمەڵایەتی و جفاکییەکانی تیرەی بەشەرن و وەکو هەر خولیاو کەڵکەڵەیەکی دیکەی سایکۆلۆژی، هەندێك سۆزو گودازو سۆزداری لێدەکەوێتەوەو دەبێتە مایەی هەندێ کار و هەڵوێستگیری،یانی بەشەر لە سایەی باندۆر و کاریگەریی نەتەوەپەروەریدا، نەتەوەی خۆی خۆشدەوێت، لە ناخی دڵەوە خۆی بە یەکێك لەو نەتەوەیە دەزانێت ،بە سەرکەوتن و دەسکەوتە مادی و مەعنەوییەکانی شاد دەبێت و شانازی پێوە دەکات. بە هەر شکستێکی نیگەران دەبێتو،ئامادەیە بە ڕۆح و بە گیان بەرگری لێبکات.دیارە لە سایەی خولیا و کەڵکەڵەی نیشتمانپەروەریدا، هەمان هەڵوێستی دەربارەی نیشتمانەکەشی دەبێت.خۆ ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی هەردوو کەڵکەڵەی نەتەوەو نیشتمانپەروەری، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت لە بنەڕەتدا بریتی بووە لە خۆشەویستی زێدو کەسوکارو، پاشان لە ئاستێکی فراوان و فراوانتردا بەرجەستە بووە. یانی ئەو پەیوەندییە مەعنەوییەی لە دڵ و دەروونی منداڵدا سەبارەت بە کەسوکار و زاگە دروست دەبێت، بەرەبەرە فراژی دەبێت و پەل و پۆ بۆ گەڕەك و گوند و شارو هەرێم و نیشتمان و خەڵکی گەڕەك و گوند و شارو هەرێم و نیشتمان داوێت. ئەم پەیوەندییە مەعنەوی و سایکۆلۆژییەش زیاتر لە ئاوارەیی و غوربەتا دەردەکەوێت، بە ڕادەیەك هەندێجار خەڵکانێك لە دەرێی نیشتمان و لە دووری کەسوکار هەڵناکەن و تووشی جۆرە نۆستالیژایەك دەبن، هەرچەندە لەم سەردەمی گلۆبالیزەیەدا ئەم حاڵەتی نۆستالیژایە، بە هۆی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی کردن و ئاسانبوونی پەیوەندی کردنەوە زۆر کەم بووەتەوە. بە کورتیەکەی خۆشەویستی نیشتمان هەمان خۆشەویستی زاگەیە لە بازنەیەکی زۆر بەرینتردا، خۆشەویستی نەتەوە هەمان خۆشەویستی

کەسوکارە لە بازنەیەکی بەرینترا.. بە هەرحاڵ پەیوەندی مرۆڤ بە نیشتمان و نەتەوەی خۆیەوە تەنیا زادەی کارلێك و تەماسی مادی هەست پێکراو نییە، بەڵکو زادەی کۆمەڵێك فاکتەرێن فیکری و مەعنەویشن. واتا ئەو فاکتەرانەی کە تاکی کۆمەڵ لێکدی نزیك دەکەنەوە و دەکەنە کارێك کە یەکیان خۆشبوێ و لەگەڵ یەکا هەڵبکەن و لە چوارچێوەی یەك نەتەوەدا کۆیان بکاتەوە زۆرن ، لەوانە  باوەڕبوون بە یەکێتیی ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆیان، یەکێتیی زمان و مێژوو، کە بە ڕای هەندێ لە پسپۆران و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی، لە هەر پەیوەندییەکی مەعنەوی دیکە قووڵتر و کاریگەرترە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا خولیاو کەڵکەڵەی نەتەوەیی برەوی پەیدا کرد و بەرەبەرە پەرەی سەند و بەهێز بوو و خۆی بەسەر ڕەوت و ڕێبازە سیاسیەکاندا سەپاندو،زۆر کودەتای سیاسی لە سیستەمی باوی سیاسی رۆژگاری خۆیدا بەرپاکرد و بەسەر ڕێڕەوی مێژوودا زاڵ بوو. زۆر نەتەوەی چەوساوەو بەشخوراو، لە خەوی غەفڵەت بێداربوونەوەو کەوتنە سەر ڕاستە ڕێگای خۆ ناسین وهەستکردن بە بوونی قەوارەی تایبەتی خۆیان و کەوتنە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕیشازۆکردنی ئەم قەوارەو کیانە لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی و خودموختاری لەسەرەتاداو، پاشان جیابوونەوە و سەربەخۆیی یەکجارەکی..دیارە ئەمە لەسەر حیسابی پاشەکشەی بەرەبەرەی شانشینەکانی پێشووتر بوو کە پاشان ئەستێرەیان بە یەکجارەکی ئاوا بوو و جێگەیان بۆ دەوڵەتانی نەتەوەیی چۆڵکرد..جا لێرەدا پێویستە بە چڕی باسێك لەو ڕەگەزو فاکتەرانە بکرێت کە دەکەنە سەرچاوەی دروستبوونی نەتەوە. یەکەم شتێك کە لەمبارەیەوە بە بیرو خەیاڵدا دێت، یەکێتیی ڕەگ و ڕەچەڵەکە.

ئەوەی باوە خەڵکی وادەزانن، هەر نەتەوەیەك بگریت، لە یەك ئەسڵەوە هاتووە، لە یەك ڕەگ و ڕەچەڵەکن، بۆیە ئەندامانی ئەو نەتەوەیە وەکو برای دایك و باوکی یەکترن. بۆیە زۆرجار گەلێك زاراوەی وەکو: (باب و باپیرانمان، برایانمان) کە ماناو چەمکی ئەو بۆچوونەی سەرێ دەگەیەنن، لە زۆر بۆنەدا دووبارە دەکرێنەوە..دیارە ئەم مەزەندەو بۆچوونە، هیچ

بناغەیەکی دروستی نییە، چونکە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئیتنۆلۆژی و بەشەرناسی ئەوەیان ساغکردووەتەوە کە هیچ نەتەوەیەکی خالیسە لەسەر ڕووی زەوی نییە کە لە یەك ڕەگ و ڕەچەڵك بێ ، بەڵکو هەر نەتەوەیەك بگریت، بە درێژایی مێژوو، لە ئەنجامی تێکەڵبوونی جۆرەها ڕەگەزو نەژادی جیاوازەوە پێکهاتووە، تەنانەت ئەو خەڵکانەش کە لە پێش مێژوودا ژیاون، لە یەك ڕەگ و ڕەچەڵەکی خالیسە نەبوون و تێکەڵەیەك بوون لە نەژادێن جیاواز. بۆیە یەکێتیی ڕەچەڵەك و خوێن، یەکێتیی ڕەگەزو نەژاد، لەو خەیاڵپڵاوە نابەجێ و بێ بنج و بناوانەن کە بە نەهەق ئەقڵ و زەینی بەشەری مژوول کردووە. یانی هیچ نەتەوەیەکی خالیسە، کە لە یەك ڕەگ و ڕەچەڵەکەوە هاتبێ، لەسەر ڕووی زەوی نیە، کام نەتەوە لە پێش هەموو نەتەوەکانی دیکەوە دروست بووە و لاف و گەزافی ئەوە لێدەدات کە لە یەك ڕەگ و ڕەچەڵەك و نەژادە، نەتەوەیەکی خالیسەیە، بوختان بە خۆیدا دەکات، نەك دوو ڕەگ بەڵکو فرە ڕەگەو لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و کارلێکی جفاکی دەیان نەژادو ڕەچەڵەکی جیاوازەوە دروستبووە.مەگەر لە ڕووی پۆلێنی زمان و کەلتوور و کەلەپوورەوە، نەتەوە جیاوازەکان ببرێنەوە سەر فلان یان فیسار ڕەگەز، دەنا لە ڕووی ڕەچەڵەك و خوێنەوە، مەحاڵە کاری وابکرێت..

بە هەرحاڵ هەر نەتەوەیەك بگریت، بە تایبەتی نەتەوەی گەورە، وەکو چۆن ڕوبار لە دەیان سەرچاوەو جۆگەو جۆگەلەی جیاواز و فرە سەرچاوەوە دروست دەبێت، نەتەوەش بەو ئاوایە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و کارلێکی جفاکی، نەژادانی جیاوازەوە دروست دەبێت و مەحاڵە ببرێتەوە سەر یەك ڕەگ و ڕەچەڵەك. وەکو چۆن زنەو زۆنگاوو کانی و جۆگەو جۆگەلە و سەرچاوە ئاویە جیاوازەکانی دی هەموو دەڕژێنە یەك ئاوەڕۆوەو شتێك دروست دەکەن کە پێی دەگوترێ ڕوبار و کەس لە بنج و بناوانە تایبەتییەکەی ناپرسێت، نەتەوەش بەو ئاوایە دروست دەبێت و لە ڕەگەزو نەژادو پێکهاتەی جیاواز پێکدێ و بنج و بناوان و ڕەگ و ڕەچەڵەك وەکو حەقیقەت و واقیع دەورێکی ئەوتۆی نامێنێت.. بۆ نموونە ڕۆشنبیرێکی فارس نازانێت ئاخۆ بە خوێن و خزمایەتی، بە ڕەگ و ڕەچەڵەك دەگاتەوە سەر خەییام و حافزو سەعدی و فیردەوسی یان نا! بەڵام وێڕای ئەوەش ئەوانە بە

ئابادو ئەژداد و پێشینانی خۆی دەزانێت و ئەوەندەی شانازی بەوانەوە دەکات شانازی بە باپیرانی ڕاستەقینەی خۆیەوە ناکات. هەڵبەتە ڕۆشنبیرێکی روسیش سەبارەت بە پوشکینودۆستۆیفسکی وتۆلستۆی و چیخۆف..هتد..وابیردەکاتەوە، ئینگلیزێك دەربارەی شەکسپیر یان میڵتۆن وا دەهزرێت، فەرەنسییەك سەبارەت بە شارلمان یان فۆڵتیرو...هتد وابیردەکاتەوە و ئەوانە بە پێشینان و باوانی مەعنەوی خۆ دەزانن و زیاتر شانازی بە وانەوە دەکەن تا بە ماڵبات و بنەماڵە ڕاستەقینەکانی خۆیانەوە.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیروبۆچوونانەدا، ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەوێت کە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی خۆی لە خۆیدا گرینگ نییە، بەڵکو گرینگ باوەڕبوونە بەو پەیوەندی و خزمایەتییە،پەروەردەبوونە لەسەر ئەو پەیوەندی و خزمایەتییە، لە هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵدا، یانی باوەڕبوون بە یەکێتیی ڕەگ و ڕەچەڵەك و هەستی خزمایەتی هاوبەش، ئەگەر حەقیقەت بێت یان خەیاڵ، ڕۆڵێکی گرینگ لە چێبوونی نەتەوەدا دەبینێت،چونکە هەستی خزمایەتی و نزیکی و پەیوەندی نێوان تاکێن هەر نەتەوەیەك زیاتر خزمایەتی و پەیوەندییەکی سایکۆلۆژی مەعنەوییە، تا پەیوەندییەکی فیزیۆلۆژی مادی بێت..

"٣"

جا بابزانین ئەم پەیوەندی و خزمایەتییە مەعنەویە چۆن چێدەبێت، چ فاکتەرێکی لە پشتە؟ ئەگەر هەندێ بە وردی لەم خزمایەتییە مەعنەویە وردببینەوەو سووکە تاوتوێیەکی بکەین دەبینین فاکتەری سەرەکی چێبوونی بریتین لە زمان و مێژوو. یانی باوەڕبوون بە یەکێتیی ڕەگ و ڕەچەڵەك و ئەسڵ وفەسڵ ،لە بنج و بناواندا لە یەکێتیی زمان و هاوبەشی مێژووەوە چێدەبێت.

زمان: یەکێکە لەو فاکتەرە هەرە گرینگانەی کە ئەندامانی تیرەی بەشەر بەیەکەوە دەبەستێت، چونکە هۆیەکە لە هۆیەکانی تێگەیشتنی بەشەر لە یەکدی، ئامرازی هزرین و بیرکردنەوەیە، بە بۆچوونی هەندێ لە پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە، بیرکردنەوە و هزرین دەکاتە قسەکردن و پەیڤین لە دڵی خۆدا، پەیڤین بەدەنگی نزم. قسەکردن و پەیڤینش دەکاتە جۆرە

بیرکردنەوەیەك بە دەنگی بەرز. واتە هزرین، پەیڤینە بە دەنگی نزم یان بە بێدەنگی و، پەیڤین،هزرین و بیرکردنەوەیە بە دەنگەوە.یانی بەم پێیە زمان هۆیەکە بۆ گوێزانەوەی هزرین و دەسکەوتە هزرییەکانی باب و باپیران بۆ فرزەندو نەوەکانیان، لە پێشینانەوە بۆ پاشینان.

یانی دەشێت بگوترێ زمانی زکماکی مرۆڤ، چۆنیەتیەکی تایبەتی بە هزرین و بیرکردنەوەی دەبەخشێت، کار لە هەست و نەست و سۆزو خولیا و ئەڵهاکانی دەکات، یانی ئەو زمانەی مرۆڤ لە منداڵیەوە گوێی پێی ڕادێ، ئەو زمانەی دایکی لە هەوەڵ رۆژی لە دایکبوونیەوە پێی دەدوێنێت، زمانی لایلایە و گۆرانی، بمانەوێ و نەمانەوێ کار لە پێکهاتەی عاتیفی و سۆزداری ئەو کەسە دەکات. بۆیە سەیردەکەی یەکێتیی زمان، فاکتەرێکی هەرە گرینگی یەکخستن و پێکەوە گرێدانی هەر کۆمەڵێکەو لە ئەنجامی ئەمەوە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە ئاراوە..واتە زمان بنەمایەکی هەرە گرینگی پێکهاتەی بوونی نەتەوەیی وەکو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدێنێت. یانی زمان و یەکێتیی زمان، جۆرە یەکێتییەکی لە بواری هزرین و هەستکردندا لێدەکەوێتەوەو ئەندامانی کۆمەڵ بە زنجیرە پەیوەندیەکی دوورو درێژ و ئاڵۆزی فیکری و عاتیفی پێکەوە دەبەستێتەوە. واتە زمان بە هێزترین پردی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵە. جا بە حوکمی ئەوەی زمان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دی جیاوازە، هەر نەتەوەیەك زمانی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە سەیردەکەی ئەو خەڵکانەی یەك زمانی هاوبەشیان هەیە، زووترو زیاتر لە یەکدی نزیك دەبنەوەو لە بیرکردنەوەو سۆزداری و هاوسۆزیدا زیاتر لە یەکدی دەچن و بەمەش لە خەڵکانی دی جیادەکرێنەوە و نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دی چێدەکەن و پێکدەهێنن.

کەواتە زمان یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانی بوونی نەتەوە و، ژیانی نەتەوە ،بەر لە هەر شتێك بەندە بە زمانەکەیەوە، بۆیە هەرنەتەوەیەك زمانی خۆی تەرك بکات و،زمانی نەتەوەیەکی بێگانە وەربگرێت، بیەوێ و نەیەوێ لە ناو نەتەوە بێگانەکەدا دەتوێتەوەو بەمەش جاڕی مەرگی خۆی و زمانی خۆی دەدات.

زۆرجار لە مێژوودا ئەوە بووە کە نەتەوەیەك، نەتەوەیەکی دی داگیر کردووە،لە هەموو روویەکەوە خستوویەتیە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بە گوێرەی دڵی خۆی بەرێوەی بردووەو ڕەفتاری دەگەڵ کردووە. ڕاستە ئەم داگیرکاریە سەربەخۆیی لەو نەتەوەیە سەندووەتەوە، بەڵام ئەگەر نەتەوەی بندەست و داگیرکراو زمانە تایبەتیەکەی خۆی، ئەو زمانەی کە لە نەتەوەی سەردەست و داگیرکەری جیادەکاتەوە، پاراستبێت وبپارێزێت، مەترسییەکی ئەوتۆ لەسەر قەوارەی نەتەوەیی ئەو نەتەوەیە دروست نابێت.سەبارەت بە گرینگی ڕۆڵی زمان یەکێك لە هزرڤانەکان گوتوویەتی:"هەر نەتەوەیەکی داگیرکراوی بندەست، ئەگەر بتوانێت زمانی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت وەکو زندانییەك وایە کە کلیلی زندانەکەی بە دەستەوە بێت." واتە دەتوانێت ڕۆژێ لە ڕۆژان لە زندانەکەی هەڵێت و ئازادی و سەربەخۆیی خۆی وەربگرێتەوە، چونکە توانیویەتی لە ڕێگەی زمانەکەیەوە بمێنێت و پارێزگاری لە کیان و بوونی نەتەوەیی خۆی بکات، با کەسایەتی دەوڵتداری خۆیشی لە دەست دابێت.بەڵام هەر نەتەوەیەکی بندەست، ئەگەر بە درێژایی ڕۆژگار زمانی زکماکی خۆی فەرامۆش بکات و زمانی داگیرکەرەکەی وەربگرێت، بەمە جاڕی مەرگی یەکجارەکی خۆی دەدات و لە ناو نەتەوەی سەردەست و داگیرکەردا دەتوێتەوەو جارێکی دی ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بە دەست نایەنێتەوە.یانی ساتیع ئەلحوسەری گوتەنی:"زمان گیان و ژیانی نەتەوەیە، کۆڵەکەی بوونی نەتەوەو بربڕەی پشتیەتی، دیارترین بنەماو ناسنامەیەتی.."

بەڵام مێژوو: دەکاتە هەست و زاکیرە و یادگەی نەتەوە، هەرنەتەوەیەك، لە ڕێگەی مێژووی تایبەتی خۆیەوە هەست بە بوونی خۆی و کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەکات. هەڵبەتە مەبەست لە مێژوو، لێرەدا زیاتر ئەو مێژووە زندووەیە کە لە دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی نەتەوەدا هەیە، ئەوەی لە هزرو بیری خەڵکیدا باوەو لە تێکڕای کەلتوورو کەلەپوور و داب و نەریت و ژیانی ڕۆژانەی ڕۆڵەکانی نەتەوەدا ئامادەگی کاراو کاریگەری هەیە.دیارە ئەم یەکێتیی مێژووە، جۆرێك لە نزیکبوونەوەی عاتیفی و ئەڵهاو کەڵکەڵەی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە ئەندامانی نەتەوە بە هەمان شێوە یادی ڕابردووی پێشینانی خۆ بکەنەوە، شانازی بە دەسکەوت و شانازییەکانیانەوە بکەن،

بەڵاو شکستەکانیان دووبارە نەکەنەوەو تا ڕادەیەکی زۆر هیواو ئاوات و ئامانجەکانی ئایندەیان لێکدی بچێت. یانی یادەوەری مێژوویی جۆرە نزیکییەکی مەعنەوی گەورە، زۆر گەورەتر لە نزیکی و خزمایەتی مادی لە نێو ڕۆڵەکانی هەرنەتەوەیەکدا دروست دەکات. جا بەم پێودانگە نەتەوەی بندەست و داگیرکراو کە مێژووی خۆی فەرامۆش بکات، وەکو ئەوەیە زاکیرەوهۆشی خۆی لە دەست دابێت، تا ئەو مێژووەی بیر نەکەوێتەوەو نەگەرێتەوە سەری، زاکیرەو هۆشی بە دەست نایەنێتەوە.هەر بۆیەش سەیردەکەی نەتەوە داگیرکەرو فەرەمانڕەواکان، بەر لە هەر شتێك دەکەونە بەربەرەکانی و دژایەتی کردن و سڕینەوەی مێژووی نەتەوەی بندەست لە هزرو هزرینی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەدا. هەوڵدەدات ئەو مێژووە، بشێوێنێت، لە هەر ناوەرۆکێکی ئەرێنی بە تاڵی بکاتەوە،لەبەرچاوی ڕۆڵەکانی بخات، کەمترین ڕەونەق و کارایی پێوە نەیەڵێت و لە جیاتی ئەوە بە مێژووی خۆی و ئەرێنی و کارایی و گرینگی مێژووی سەردەستی خۆی تەلقینیان دابدات..

هەڵبەتە سەرەتای بێداربوونەوەی نەتەوەیی،چ لە کاتی بندەستیدا و چ لە دوای رزگاربوون لە حوکم و دەسەڵاتی بێگانە، بەوە دەست پێدەکات کە نەتەوەی بندەست، مێژووی خۆی وەبیردێنێتەوەو بایەخی پێدەدات.

بەم پێودانگە زمان و مێژوو دوو فاکتەرو مەرجی هەرە سەرەکی و گرینگی پێکهاتەی نەتەوەیین. هەر نەتەوەیەك مێژووی خۆی لە بیربکات، مانای وایە زاکیرەو هەست و هۆشی خۆی لە دەستداوە، ئەگەر نەشمردبێت، ئەوا چووەتە دەورەی متبوونەوە،جا لەم حاڵەتەدا تەنیا بەوە وەهۆش دێتەوە کە بۆ مێژووی نەتەوەیی خۆی بگەڕێتەوەو بەکردەوە بایەخی پێبدات، بەڵام ئەگەر زمانی خۆی لە دەس بدات، هەنگێ دەچێتە خانەی مردووانەوەو هێز نییە زندووی بکاتەوە. یانی لەم حاڵەدا مەرگی زمان دەکاتە مەرگی نەتەوە..

ڕاستە زمان و مێژوو، دوو فاکتەرو بنەماو مەرجی هەرە سەرەکی و گرینگی پێکهاتەی نەتەوەن، بەڵام زۆر فاکتەری دیکەش هەن کە دەورو ڕۆڵی زۆر گرینگیان هەیەو هەندێجار کارایی و کاریگەریی هەردوو فاکتەری ناڤبری بە هێزتر دەکەن و هەندێجاری دیکە بە پێچەوانەوە کاریگەرییان( کاریگەری زمان و مێژوو) لاوازدەکەن، لەوانە:

ئاین: بێگومان هەر ئاینێك جۆرە یەكێتیی و هاوسۆزی و هاوكارییەك لە نێو پەیڕەوانی خۆیدا چێدەكات،دیارە ئەم هاوئۆلییە(دین) لە كارو كردەوەو ڕەفتارو هەڵسوكەوتیانشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت، بۆیە ئاین یەكێكە لە فاكتەرە گرینگەكانی یەكخستنی جفاكی ئەندامانی كۆمەڵ و كار لە ڕەوت و ڕێڕەوی سیاسەت و مێژووشیان..دەكات. هەڵبەتە كاریگەری و باندۆری ئۆل و ئاین بەسەر ڕێڕەوی سیاسەت و مێژوو و،پێكهاتەی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، هەمیشە و هەموو كاتێك هەر بە یەك شێواز نەبووەو نیە، بەڵكۆ بە گوێرەی جیاوازی ئاینەكان و بە پێی قۆناغ و سەردەمانی مێژوویی دەگۆڕێت..یانی پێش هەمووشتێك دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت كە ئۆل و ئاین لە ڕوانگەی جفاكییەوە دوو جۆری بنەڕەتی هەیە، ئاینی نەتەوەیی و، ئاینی نێونەتەوەیی. ئاینی نەتەوەیی: ئاینی نەتەوەیی تایبەتە بە گەل،یان نەتەوە یان دەڤەرو ناوچەیەكی تایبەتییەوەو پەیڕەوانی ئەو ئاینە، سرووت و مومارەساتی ئاینی تایبەتی خۆیان هەیە و هەوڵی ئەوە نادەن ئاینەكەیان لە نێو خەڵكی بێگانەدا بڵاوبكەنەوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەرگای ئاینەكەیان لە هەركەسێكی بێگانە دادەخەن..جا ئاین لەم حاڵەتەدا وەكو فاكتەرێكی یەكخستنی جفاكی دەچێتە پاڵ هەردوو فاكتەری زمان و مێژوو و كاریگەری و باندۆری یەكخستنی جفاكیان هێندەی دی زیترو كاراتر دەكات.بۆیە ئاین یان بە گوتەیەكی دی ژیانی ئاینی ئەو نەتەوانە ڕاستەوخۆ تێكەڵاوی ژیانی سیاسیان دەبێت و هەرگیز لێی جیانابێتەوەو هێندەی دی یەكێتیی و تەبایی نەتەوەییان لە هەردوو ئاستی مەعنەوی و مادیەوە بەهێزتر دەكات و دەكرێت پەیوەندی ئاینی لای ئەو نەتەوانە بە بنەمایەكی سەرەكی نەتەوەپەروەری و پێكهاتەی نەتەوەیی دابنرێت. هەڵبەتە ئاینی جولەكەو گەلێك لە ئاینە زەمینی و بتپەرستییەكان لەم جۆرەن.

بەڵام شتەكان، لە سایەی ئاینە نێونەتەوییەكاندا زۆر جیاوازترن، چونكە ئەمجۆرە ئاینانە تایبەت نین بە یەك گەل یان نەتەوەوە. بەڵكو دەرگای بۆ هەموو كەسێك لە سەر گازی پشتە و داوا لە هەموو كەسێك، بە جیاوازی زمان و ڕەگەزو نەژادیانەوە دەكات كە باوەڕی پێ بێنن، یانی هەوڵی ئەوە دەدات لە نێو زۆرترین ژمارەی خەڵكا بە جیاوازی زمان و نەژادیانەوە بڵاو

ببێتەوەو کەش و هەوایەکی ئینترناسیونالی فەراهەم بکات و کار بۆ پەیوەندییەکی فراوانتر و گەورەتر لە پەیوەندی زمان و مێژوو دەکات، دیارە ڕابەرانی ئەمجۆرە ئاینانە نەك کەیفیان بە بیری ناسیونالیستی نایەت، بەڵکو هێندەی بۆیان بکرێت دژایەتیشی دەکەن.هەردوو ئاینی مەسیحیەت و ئیسلامیەت، لە جوملەی ئەو جۆرە ئاینە ئەنترناسیونالانەن کە دەورێکی یەجگار گرینگیان لە کاروانی مێژوودا دیتووە.

وەکو ئاماژەمان کردێ ئەمجۆرە ئاینانە هەوڵی ئەوە دەدەن جۆرە کەش و هەوایەکی ئینتەرناسیونالی بخولقێنن و زۆرترین گەل و نەتەوەی جیاواز لە ژێر ڕکێفی خۆدا کۆبکەنەوە، بەڵام پرسیار ئەمەیە کە ئاخۆ ئەوەیان بۆ چووەتە سەر ؟ توانیویانە پەیوەندییەکی بەهێزتر لە پەیوەندییە نەتەوەییەکان دروست بکەن ؟.ڕەنگە لە سنوورێکی تەسك و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەمەیان بۆ چووبێتە سەر، بەڵام هەرگیز نەیان توانیوە، نەتەوە جیاوازەکان لە یەکدا بتوێننەوەو جیاوازییە نەتەوەییەکانی نێوانیان بسڕنەوە، مەگەر لە ڕێگەی سەپاندنی زمانێکەوە ئەمەیان بۆ چووبێتە سەر.

بۆ نموونە ئاینی مەسیحیەت هەوڵێکی زۆری دا ببێت بە ئاینی هەموو تیرەی بەشەر، بەڵام ئەم هەوڵە نەیتوانی ڕێگە لە ناکۆکی و دابەشبوونی خودی مەسیحیەکان بەسەر چەندین نەتەوەو دەوڵەتدا،بگرێت. نەیتوانی ڕێگە لە دژمنایەتی و دژایەتی و هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئەم نەتەوەو دەوڵەتە مەسیحیانە بگرێت.

هەڵبەتە ئە حاڵەتە سەبارەت بە ئیسلامیش وەکو ئاینێکی جیهانی دروستە. ئیسلام ویستی هەموو تیرەی بەشەر لە سایەی قورئاندا کۆبکاتەوەو یەکبخات، بەڵام بە شایەدی مێژوو، ئەم هەوڵە تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو و هەرگیز نەیتوانی ڕێگە لە ناکۆکی و دابەشبوونی موسوڵمانان بەسەر نەتەوەو دەوڵەتانی جیاوازدا،بگرێت، یان ریگە لە دژمنایەتی و دژایەتی و شەڕی نێوان دەوڵەتە ئیسلامییەکان بگرێت، یان ڕێگە لە دابەشبوونی ئیسلام بەسەر ئاینزاو وردە ئاینزایانی جیاوازدا بگرێت. چونکە بە ڕاستی پرەنسیپێن تێۆری شتێکەو، هەقیقەتی واقیع شتێکی دیکەیە. ئەوەی پرەنسیپە ئاینیەکان بانگەشەی بۆ دەکەن شتێکەو

ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دێتە دی شتێکی ترە..ئاینە جیهانی و نێونەتەوەییەکان، لە هەرەتی دەسەڵات و برەوی خۆیاندا نەیان توانیوە نەتەوە جیاوازەکان یەك بخەن. هەڵبەتە ئەمە ئاساییە، چونکە ئاینەکان زۆرجار بە خۆیان بەسەر ئاینزای جیاوازدا دابەشبوون. نەتەوە جیاوازەکان زۆرجار ئەم جیاوازی ئاینزایانەیان بۆ پاراستنی کیان و قەوارەی نەتەوەیی خۆ بەکاربردووە، یانی هاتوون لە نێو ئاینزاکاندا ئاینزایەکی تایبەتیان هەڵبژاردووەو هەندێ مۆرك و شەقڵی کۆمەڵایەتی خۆیان پێبەخشیوە، چونکە هەرچەندە ئاین لە بنەرەتدا کارێکی ڕۆحانی باتینیە، بەڵام لە کاریگەریی یاساو ڕێسایێن ژیانی کۆمەڵایەتیش بەدەر نابێت. چونکە پەندو ئامۆژگارییە ئاینیەکان، عادەتەن لە کتێبێکەوە، لە کتێبێکی تایبەتیەوە هەڵدەهێنجرێت و ئەو کتێبەش بە زمانێك لە زمانان تۆمارکراوە، ئەم پەندو ڕێنمایی و ئامۆژگاری و پرەنسیپە ئاینیانەش هەندێ سرووت و نوێژو نزایان دەخوازێت کە ئەمەش بە زمانێك، دێتە پراکتیزە کردن، هەر ئاینێك چ ئاسمانی و چ زەمینی، وادەخوازێت پەرستگەو شوێنی عیبادەت و نوێژو نزای تایبەتی خۆی هەبێت تا مومارەسەی سرووتە ئاینییەکانی تیا بکرێت.خۆ دەبێت ئەم پەرستگایانە لە لایەن هەندێ کادرانی ڕۆحی و ئاینییەوە سەرپەرشتی بکرێت و بەڕێوە ببرێت، دیارە ئەم کادیرانش بە زمانێك لە زمانان قسان دەکەن و سەر بەنەتەوەیەکی تایبەتین.بەمەدا دەردەکەوێت کە ئاین پەیوەندییەکی بەتینی بە زمانەوە هەیە. واتە هەر ئاینێك بگریت، لە ڕێگەی زمانێکەوە خەڵکی دەدوێنێت و کار بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو زمانە دەکات. بۆ نموونە زمانی لاتینی زیاتر بە هۆی ئاینی مەسیحیەتەوە بڵاوبووەوە تا بە هۆی فتوحات و هێرشێن داگیرکاری ڕۆمانیەوە، زمانی عەرەبی زیاتر بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە بڵاوبووەوە تا بەهۆی سیاسەت و ئیدارەوە.ئەوەی زیتر پەیوەندی ئاین بە زمانەوە نیشان دەدات، ئەوەیە کاتێ کە ئەستێرەی زمانێك دەکەوێتە لێژی و زمانەکە بەرەو نەمان دەڕوات و جێگە بۆ شێوەزارێکی دیکەی خۆی یان بۆ زمانێکی بیانی داگیرکەر چۆڵ دەکات، پتر پەنا دەباتە بەر پەرستگاکان و ئەو نوێژو نزاو سرووتە ئاینیانە لە چوارچێوەی ئەو شوێنە تەنگ و سنووردارانەدا مومارەسە دەکرێت. بۆ نموونە زمانی لاتینی تا ئیستاش لە کڵێسا کاتۆلیکیەکاندا، لە بۆنەو

ئاهەنگ و سرووتە ئاینییەکاندا، بەکار دەبرێت، هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا بەکار نایەت و چووەتە خانەی زمانە مردووەکانی دنیاوە، سەبارەت بە زمانی سریانیش هەر وایە.

کەواتە هەرکاتێك ئاین دەگەڵ زمانێکدا یەکی گرت، لە هەر فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی دیکە، زیاتر ئەو زمانە ڕیشاژۆ دەکات و دەیپارێزێت. جا کە ئاینێك دابەش دەبێت بەسەر چەند ئاینزایەکدا، جاری وا هەیە هەندێ لەو ئاینزایانە دەگەڵ زمانێکدا تێکدەکەنەوەو ئیدی ئەو زمانە دەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینزایەکەدا بڵاودەبێتەوەو ئیدی دەسەڵاتی ئەو نەتەوەیەی کە خاوەنی ئەسڵی زمانی ناوبراوە، فراوان و زاڵ دەبێت. بۆ نموونە کاتێ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دابەش بوو و،بوو بە ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتی، هەر بەشێکیان ئاینزایەکی مەسیحی تایبەتیان هەڵبژارد و هەر ئاینزایەکیان زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی هەڵبژارد. ئیمپراتۆریەتی ڕۆژاوایی، کاتۆلیکیەتی هەڵبژارد و زمانی لاتینی کرد بە زمانی سیاسەت و دیانەتی خۆی. بەڵام ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی ئاینزای ئەرتەدۆکسی هەڵبژارد و زمانی یۆنانی کرد بە زمانی سیاسەت و دیانەتی خۆی. ئیدی پێگەو دەسەڵاتی زمانی لاتینی بە هۆی کاتۆلیکیەتەوە بە هێز بوو، زمانی یۆنانیش بە فەزڵی ئەرتەدۆکسیەتەوە بڵاوبووەوەو بە هێز بوو.

لە سەردەمی سەرهەڵدانی مەزەبی پرۆتستانیشدا شتێکی لەو بابەتە ڕووی دا. ئەو ریفۆرمە ئاینیەی کە لۆتەر داوای دەکرد،نەك هەر کودەتایەکی مەزەبی بەرپاکرد، بەڵکو کودەتایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەشی بەگەڵ کەوت.چونکە بە گوێرەی مەزەبی کاتۆلیکیەت، زمانی ئینجیل و نوێژو نزا دەبوایە هەر زمانی لاتینی بێت، بەڵام لۆتەر کە لە کاتۆلیکیەت و سیستەمی پاپایەت کە نوێنەرایەتی کاتۆلیکیەتی دەکرد، یاخی بوو، داوای کرد کە ئینجیل بۆ زمانە ناوچەیی و لۆکاڵیەکان پاچڤە بکرێت، تا خەڵکی بتوانن بیخوێننەوەو تێی بگەن. دیارە ئەم کودەتا ئاینییە خۆبەخۆ کودەتایەکی نەتەوەییشی بەگەڵ کەوت. چونکە لۆتەر بەمە سنوورێکی بۆ زاڵی زمانی لاتینی دانا کە لە سەرانسەری ئەوروپای ڕۆژاوادا بە هۆی ئینجیلەوە باو وزاڵ بوو.هەروەها دەسەڵاتی نەتەوە لاتینییەکانی، کە ئەو

دەسەڵاتەیان لە زمانی سرووتە ئاینیەکانەوە وەرگرتبوو، بە یەکجارەکی لە ناوبرد، بەم کارە زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی هەموو ئاینزاو کڵێساکان شەقڵی نەتەوەیی وەربگرن و لە ئەنجامیشدا کڵێسا پرۆتستانتیەکان لە هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکاندا شەقڵێکی تەواو نەتەوەیی وەرگرت..

جا بەم پێودانگە نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر هەوڵدەدات زمانی خۆی لە نێو ئەندامانی نەتەوەی بندەست و داگیرکراودا بڵاوبکاتەوەو هەرکاتێ ئەمەی بۆ بچێتە سەر دەتوانێت بە ئاسانی نەتەوە بندەستەکە لە خۆیدا بتوێنێتەوە، دیارە ئاین لەمبارەیەوە دەورێکی گرینگ دەگێڕێت، ئەگەر سەردەست و بندەست، یان داگیرکەر و داگیرکراو هاوئاین بن ئەوا کۆنترۆڵ کردنی نەتەوەی بندەست ئاسانتر دەبێت. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هاوئاین نەبن و لە زمانیشدا جیاوازبن، ئەوا کۆنترۆڵ کردن و تواندنەوەی زۆر قورس و ئەستەم دەبێت و هەرگیز بەو ئاسانیە نابێت کە هاوئاین بن. بۆ نموونە ئەو تورك و تاتارانەی کە لە سایەی حوکمی ئیمپراتۆریەتی رووسیدا دەژیان بە هۆی جیاوازی ئاینیان دەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕاندا، زمان و نەژادی خۆیان پاراست، بەڵام ئەوانەی بوون بە مەسیحی، زۆری پێنەچوو تێکەڵاوی ڕووسەکان بوون و بەرەبەرە لە ناویاندا توانەوەو بوون بە ڕووس.

کەواتە پەیوەندییە ئاینییەکان بمانەوێ نەمانەوێ کاریگەریان بەسەر پەیوەندییە نەتەوەییەکانەوە هەیەو دەبێت، هەندێجار دەگەڵ هەردوو فاکتەری زمان و مێژوودا یەکانگیر دەبێت و پەیوەندییە نەتەوەییەکان بە هێزدەکات، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.

بە هەرحاڵ پەیوەندی یان فاکتەری ئاینی بە تەنیا بەس نییە بۆ دروستکردنی نەتەوە، هەروەها کاریگەرییەکەشی لە بواری بەڕێوەبردنی سیاسەتدا، لە کاریگەری زمان ومێژوو زیاتر نیە.. کەواتە ئەم باندۆر و کاریگەرییە بەپێی پەرەسەندنی پەیوەندی ئاین بە زمانەوە، هەڵکشان و داکشان بە خۆوە دەبینێت و کاریگەری ئاین لە مەسەلەی پێکهاتەی نەتەوەدا لە چاو کاریگەری زمان و مێژوودا، فاکتەرێکی لاوەکیە. کەواتە زمان و مێژوو دوو مەرجی هەرە کاراو کاریگەری پێکهاتەو بوونی نەتەوەیە و هیچ فاکتەرێکی تری کۆمەڵایەتی و جفاکی لەمبارەیەوە ناگاتە فاکتەرێن

زمان و مێژوو، مەگەر فاکتەری پەیوەندێن جوگرافی هاوتایان بکاتەوە.چونکە نەمانی پەیوەندی جوگرافی، ڕۆڵەکانی نەتەوە لە یەکدی دادەبڕێت، با لە ڕووی زمان و مێژووشەوە یەك بن. خۆ ئەم دابڕانە جوگرافییە ڕەنگە بە درێژایی ڕۆژگار ببێتە هۆی دووركەوتنەوەو دابڕان و جیاوازی زمان و مێژووش..کە باشترین نموونە بۆ ئەم حاڵەتە نەتەوەی کوردە..بۆیە دۆزی سیاسی کوردی لە بنەڕەتدا، مەسەلەی یەکگرتنەوەی نەتەوەیەکە کە هەرگیز قابیل نییەو نەبووە بە زەبری سنووری دەستکرد و جبەخانەی داگیرکەر لێکدی داببڕێت، بە زەبری ئایدۆلۆژیای بە تۆبزی سەپێنراو ئەوەی لا بچەسپێنن کە یەکگرتنەوەی خەون و خەیاڵ و مەحاڵە..خۆ ئەگەر بیانوی ئەوە قوت بکرێتەوە کە گوایە کاودانی ناوچەیی و جیهانی لەبارنەبن بۆ وەدی هاتنی ئەو(حەقیقەتە خەونە) -دیارە کە کاری بۆ نەیەتە کردن هەرگیز لەبار نابێت- ئەوا کاتی ئەوە هاتووە کورد بە دەنگی بەرز وبێ ترس ئەو خەونە بگێڕێتەوەو کاری بۆ بکات، چونکە کورد ئەگەر خاتری دژمنەکەشی بگرێت و خەونەکەی نەگێڕێتەوە!!! ئەوا دژمنانی کورد پەی پێدەبەن و هەمیشەش لەو پێودانگەوە مامەڵەیان دەگەڵ کردووین ودەکەن..کەواتە با چیتر سنووری دەسکردمان لێنەکرێت بەو موقەدەساتەی کە قابیلی دەسکاری نەبێت، بەڵێ قابیلی دەسکارییەو ئەولاتریش، چونکە ئەم مەسەلە ڕەوایە لە هەست و نەستی هەرکوردێکدا هەیەو هەر هێندەمان زەحمەتە تا ئەم هەستە هەندێکی دی دەخەملێت و لە واری پراکتیکیدا وەکو واقیع و حەقیقەت بەکاردەبرێت. بۆیە هەستی نەتەوەیی فاکتەرێکی گرینگە و وەکو دژمنانی کورد هەوڵی سستکردن و پارچە پارچە کردنیان داوە، خۆیشمان بە داخەوە زۆر بە هەندمان وەرنەگرتووەو کارمان بۆ نەکردووە. بگرە هێندێ جار ئارەزوومەندانە وبە خۆڕایی ویستی ناڕەوای دژمنانمان بە جوانی جێبەجێکردووە، خەونی دژمنی خۆمان بەدی هێناوە!

بە هەرحاڵ خۆ ڕۆژگار لە یەك قاڵبا نامێنێت! ئەوەتا پاش کپی و بێدەنگییەکی زۆر، ڕووداوەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمی جیهان ئەوەیان سەلماندووە کە داگیرکەرانی کورد دەبێ بە پێوانەیەکی ئەخلاقی بە سیاسەتی خۆدا دەرهەق بە نەتەوەی کورد بچنەوە، چونکە سیاسەتی نا ئەخلاقی مەحکوم بە تێشکانە و داگیرکەرانی کوردیش لەوەی

پتر بۆیان ناچێته سەر کە بە پێچەوانەی دەستوورو قانوون ڕەفتار بکەن و پشت بە چەك و زانیاری عەوام خەڵەتێن ببەستن بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی خۆ و قانوونیەت بەخشین بە پێخوستکردنی مافی میللەتان.

هەڵبەتە سەربەخۆیی مافێکی قانوونی هەر میللەتێکە و ئەمەش لە کەش و هەوای دیموکراسی و لە مەیدانی ریفراندۆمی ئازادا بەرجەستە دەبێت.گەر زۆربەی ڕۆڵەکانی میللەتێك داوای سەربەخۆیی کرد، ئەوا دەبێ ڕێزی خواستی ئەو میللەتە بگیرێت و مافی تەواوی بدرێتێ..دەنا باوی ئەوە نەماوە میللەتێك لە ڕووی بێدەسەڵاتی و بێ پەناییەوە بکرێت بە قوربانی بۆچوونێك کە لە بنەڕەتدا پێی قاییل نییە.. دیارە هیچ سیاسەتێك، چەند فێڵبازانەو پەنامەکیانە چنرابێت، یان چەند لە سایەی دروشمی بریقەداری بە ناو پێشکەوتووخوازانەدا خۆی وەشاردبێت، ناتوانێت ئەو دیوارانە بپارێزێت کە بە تۆبزی، میللەتێك یان وڵاتێك دەکەن بە دوو بەش و چەند بەشەوە، ئەو دیوارانە بە بەردی بتەوی هەر ئایدۆلۆژیایەك یان بە زەبری هەر چەکێك ڕۆنرابێت، لە بەردەم ویست و هەستی یەکبوونی میللەتدا خۆی ڕاناگرێت و ئاشکرایە جوانترین هەستی ئینسانی، هەستی بە یەکدی گەیشتن و یەکبوونەو هیچ کۆسپ و لەمپەرێکیش خۆی لەبەر ناگرێت و هەر سیاسەتێك ئەم حەقیقەتە فەرامۆش بکات مەحکوم بە نەمانە، چونکە ئایندەی شکۆداری مرۆڤ بەندە بە سەربەخۆیی و یەکگرتن و ئازادی و دیموکراسییەوە، خەونی کوردیش کە دەوڵەتی کوردییە درەنگ یان زوو هەر دێتە دی...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- ابوخلدون/ ساطعالحصری/ارا ء واحادیث فی الوطنیة والقومیه/ دارالعلم للملاین/بیروت/ط/١٩٥٧

*- ساطعالحصری/محاضرات فی نشوء الفکره القومیه/ط١٩٥٩/٤/بیروت/ دارالعلم للملاین

*- ابو خلدون/ساطعالحصری/فی اللغه والادب و علاقتهما بالقومیه/ مرکز دراسات الوحده العربیه/ طبعه خاصه/ ط٢/ ١٩٨٥

*- ابوخلدون/ ساطعالحصری/ حول القومیه العربیه/ دارالعلم للملاین/ بیروت/ ط١/حزیران/١٩٦١

*- تیخۆنۆفا/ ساطعالحصری/ رائد المنحی العلمانی فی الفکر العربی/ دارالتقدم/مۆسکۆ/١٩٨٧

*- پەلکە ڕەنگینە/ حەمەکەریم عارف/چ ١/هەولێر/ل ٢٨٧-٢٨٨

*- پەیڤستانی من/ حەمەکەریم عارف/چ ٢٠٠٩/١/سلێمانی/ل ١١-٣٩

*- سفرەی فەقیران/ حەمەکەریم عارف/چ ٢٠١٢/١/دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/سلێمانی/ل ١٨٢-١٩٨

## لە پەراوێزی دیموکراسییەتدا

"١"

هەر کۆمەڵگەیەك پرساو فرە پرسیار نەبێت، یان بۆ هەر پرسیارێك کۆمەڵێك وەڵامی ئامادەو پێشوەختەی هەبێت، کۆمەڵگەیەکی وەستاوە، مردووە، هیچ بزوتنەوەیەکی فیکری و هزری نابێت و هەرگیز ناتوانێت شان بە شانی گۆڕانکارییەکانی دنیا خۆی تازە بکاتەوە و بە بێ منەت بەگەڵ کاروانی ژیارو شارستانیەتی تیرەی بەشەر بکەوێت و ببێت بە شەریکی بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەر، بەڵکو دەبێت بە مێمڵ بەسەر ژیانەوەو، ژیان تا سەر ئەمەی لێ قبووڵ ناکات..

هەڵبەتە پرسایی جگە لەوەی سیفەتێکی مرۆڤانییە، پەیوەندییەکی زۆریشی بە دیموکراسی و ئۆتمۆسفیری دیموکراسییەوە هەیە. بەم پێودانگە پرسیار نەك هەر داینەمۆی دیموکراسیەتە، بەڵکو داینەمۆی ژیانیشە. لە نەبوونی پرسیاردا ژیان دەوەستێت، دیموکراسییەت زندە بە چاڵ دەبێت، لە بار دەچێت..دیارە ئەگەر سەرنجی مێژووی دیموکراسییەت بدەین، دەبینین زۆر هەورازو نشێوانی تەی کردووە، دژمنان و لایەنگرانی هەبووە، شکست و سەرکەوتنی بە خۆوە دیتووە، رێگایەکی دوورو درێژی بڕیوەو تا هەنووکەش، لە دیموکراسیترین سیستەمی دیموکراسیدا بێ کەم و کوڕی و کێماسی نییە..ئەمەش ئاسیوی بە پرۆسەی دیموکراسی لە سەرانسەری جیهاندا گەیاندووەو دەگەیەنێت. بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە لە وڵاتێکا یاساو رێسای دیموکراتیك لەسەر کاغەز هەبێت، بەڵام دیموکراسی فەرمانڕەوا نەبێت..یان بە شێوەیەکی ئینتیقائی مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و دێوانگۆڕ (مسخ) بکرێت.

بە هەرحاڵ دیموکراسی دەسکەوتێکی مرۆڤایەتییەو، لەوە دەرچووە تایبەت بێت بەم کیشوەر یان بەو کیشوەر، ئەمرۆکە بووە بە دیاردەیەکی جیهانی و خەڵکانێکی زۆر لە هەر کۆمەڵگەیەکی بەشەری و سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە هەر ئاستێکی خوێنەواری و رۆشنبیریی و سەر بە ئۆل و ئاین و مەزەبە ئاسمانی و زەمینییە جیاوازەکان لایەنگری لێدەکەن و بە سیستەمێکی لەبارو پەسندی حوکمڕانی و فەرمانڕەوایی دەزانن..کەواتە دیمۆکراسی وەکو دەسکەوتێکی تیرەی بەشەر، دەبێ بێتە پاراستن، هەڵبەتە باشترین چەکی پاراستنی هەر دەسکەوتێکی ئەرێنی، ئەقڵ و ئەقڵانییەتە..بۆیە پێویستە لە گۆشەنیگاو روانگەیەکی ئەقڵانییەوە مامەڵە لەتەك دیموکراسیەتدا بکرێت، کە مخابن، زۆربەی خەڵکی، بە تایبەتی لەو شوێنانەدا کە ئەزموونێکی کەمیان لە بواری حوکمڕانی دیموکراسیدا هەیە، یان هیچ ئەزموونێکیان لەو بوارەدا نییە، زیاتر بە شێوەیەکی سۆزداری و عاتیفی مامەڵە لەتەك دیمۆکراسیەتدا دەکەن تا بە شێوەیەکی ئەقڵانی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە زەرەرو زیانی دیموکراسییەت دەشکێتەوە. هەڵبەتە سەرباری ئەوەی ئەمڕۆ دموکراسییەت، لە سەرانسەری دنیادا و لە کایەو بوارە جیاوازو جۆراوجۆرە فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی و

حەیاتییەکانی بەشەردا کەم تا زۆر ڕەنگی داوەتەوەو لە حاڵی خۆسەلماندندایەو هەڤڕکی سیستەمە حەیاتیەکانی دی دەکات، کەچی وێڕای ئەوەش ئەستەمە بتوانرێت پێناسەیەکی چڕوسخ و گشتگیرو بنجبڕی ئەکادیمیانەی دیمۆکراسییەت لە ڕووی چەمك و ماناوە بکرێت و، دیارە فرە لق و پۆپی دیموکراسییەت، بە خۆی یەکێکە لە فاکتەرو هۆکارەکانی ئەم پێناسە ناپەزێرییە.بۆیە پێناسەی دیموکراسییەت بە گوێرەی پرەنسیپە فەرهەنگییەکانی خۆی، بە پێی قۆناغی مێژوویی و بە گوێرەی جیهانبینی و نۆڕینی شەخسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگۆڕێت و پێناسەی جیاواز هەڵدەگرێت.. بەڵام وێڕای ئەم جیاوازی و گۆنگییەش، دەکرێت پرەنسیپ و بنەماو تایبەتمەندییە ڕیشەییەکانی سیستەمێن دیموکراتیك لە سیستەمێن نا دیموکراتیك جیابکەینەوە کە پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە لە سێ خاڵی سەرەکیدا چڕیان کردووەتەوە: یەکەم: وەرگرتن و بە دەستهێنانی پۆستی دەوڵەتی لە رێگەی هەڤڕکی و مونافەسەوە دەبێت. دووەم: بۆ وەرگرتنی پۆست و پایە،دەبێ بە دوور لە هەر تەزویرو ساختەکاری و گوشارو ناچارکردنێك، بێئەوەی هیچ گروپێکی کۆمەڵگە کەنار بخرێت وفەرامۆش بکرێت، بۆ هەر قۆناغێکی دیاریکراو، هەڵبژاردنێکی شەفاف وتیوارو دادپەروەرانە بکرێت. سێیەم: دەبێت ئازادییە مەدەنی و ڕامیارییەکان بەرقەراربێت، تا ڕاستی و دروستی بەشداریی و هەڤڕکی رامیاری زامن بێت و بە دیاربکەوێت..

"٢"

هەڵبەتە هزرو بیری سیاسی هەر کۆمەڵگەیەك کار لە ئابووری، بونیادی کۆمەڵایەتی، کەلتوور و ئۆل و ئاینی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات و پێچەوانەش پێچەوانەیە، واتە هزرو بیری سیاسی هیچ کۆمەڵگەیەك لە کاریگەریی و باندۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئاینی ئەو کۆمەڵگەیە بەدەر نابێت. بەم پێودانگە سەرهەڵدان و پەیدابوونی دیموکراسییەت، پەیوەندییەکی تەواوی بە هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رامیاریی کۆمەڵگەوە هەیە..و ماف و ئەرکی هاووڵاتی، ئازادی بەیان و گوزارشت، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی جڤاکی، بەشداریی خەڵکی لە قەرارێن سیاسی

چارەنووسسازدا، داکۆکی یاسایی لە مافێن تاك و کۆمەڵ لە بەرانبەر سەرکوتکارییەکانی دەوڵەتدا، هەر هەموو ئەمانەو زۆر ئازادی دی لە پێشمەرجەکانی دیموکراسیەتن. بێگومان ئەو فاکتەرە کاریگەرانەی کە زەمینە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسییەت خۆش دەکەن، فاکتەرێن نەگۆڕو ئەبەدی نین، هەروەها کۆسپەکانی بەردەم سەرهەڵدان و گەشەکرنی دیموکراسییەتیش نەگۆڕو ئەبەدی نین. ئەگەر هەندێ ورد لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی دیموکراسیەت بڕوانین، دەبینین بە درێژایی مێژووی خۆی، بە تایبەتی لە دوو سەدەی رابردوودا، بە زۆر هەورازو نشێواندا تێپەڕیوە. تازەترین شەپۆلی دیموکراسییەت، لە ناوەڕاستی سالآنی هەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێ دەستی پێکرد کە رژێمە سەرکوتکارەکانی پورتوگال، ئەسپانیاو یۆنان، هەرەسیان هێناو رژێمێن دیموکراتیك جێگەی گرتنەوە. شەپۆلێکی دیکەی دیموکراسییەت، لە سەرەتایەکانی دەیەی هەشتایەکانی سەدەی رابردوودا، لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و لە ئاسیادا سەری هەڵدا، لەوانە کۆریای باشوور، تایلاندو، فلیپین. ئەو دەوڵەتانەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەڵاتی و هەندێك لە دەوڵەتانی باشووری بیابانی ئەفریقیا جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، لە دەیەی هەشتایەکان و سەرەتای نەوەتەکاندا، رێگەیەکی دژوارو سەختیان بڕی تا لە دەسەڵات و رژێمی دکتاتۆرییەوە بەرەو دەسەڵات و رژێمی دیموکراسی بگوازنەوە. دیارە دیموکراسییەت تەنیا بە بڕیار بەرپا نابێت و رێگای دیموکراسییەت، رێگەیەکی هەموار و ئاسانیش نییە، دەستێ جلك نییە بچیت لە بازاڕ بە درووني بدەیت و لەبەری بکەیت و دیموکراسی هەی دیموکراسی!!..بەڵکو پرۆسەیەکی ئاڵۆزو درێژخایەنەو لە کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری هەرە گرینگی وەك: ئابووری، کەلتووری، رامیاری و جڤاکی و، ئاینی بەدەر نابێت.

هەڵبەتە ڕاوبۆچوونی جیاوازو هەمەجۆر دەربارەی هەڤبەندی پەرەسەندنی ئابووری و ، ئۆرگان ودامەزراوە دیموکراتیکەکان هەبووەو هەیە.هەندێك لە پسپۆڕانی ئەو بوارە پێیان وایە ئازادی تاك و تاکگەرایی، بەدەر لە پێگەی ئابووری تاکەکان، رۆڵێکی یەجگار گەورەی هەیەو فاکتەرێکی گرینگی زەمینە خۆشکردنە بۆ سەرهەڵدان و ریشاژۆبوونی دیموکراسیەت. هەندێکی

دیکە لە تیۆریسێنانی سیاسی، هەڤبەندییەکی بتەو لە نێوان ئابووری بازاڕی ئازاد و دیموکراسییەتدا دەبینن و، دیموکراسییەتی مۆدێرن بە زادەو بەروبوومی سەرمایەداری دەزانن، چونکە تا دیموکراسییەت زیاتر بێت بازاڕی ئازاد گەرمترو بە ڕمێنتر دەبێت و، پێچەوانەش پێچەوانەیە..دیارە بەڵگەشیان بۆ ئەو بۆچوونەی سەرێ، ئەوروپای باکوور و ئەمریکای باکوورە، کە مافێن ڕامیاری لەو کۆمەڵگانەدا، لە هەوەڵین قۆناغەکانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سەرمایەداریدا و لە ژێرگوشاری چینە چەوساوەو بێ نەواو نەدارەکانی کۆمەڵگەدا پەرەی سەند. لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی کۆمەڵگەدا، چینێکی مامناوەندی بۆرژوای سەربەخۆ پەیدا بوو. ئەم چینە بۆرژوایە، بە زەبری هێزی ئابووری خۆی، کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئەوتۆی هێنایە ئاراوە کە ئۆرگان و دامەزراوەی بەهێزی وەکو ئەنجوومەنان، سەندیکا ورێکخراو وحیزب و گروپی هەمەجۆری خودان بەرژەوندی گەورەی بەگەڵ کەوت و لێکەوتەوە، دیارە ئەم دامەزراوانە هێزو دەسەڵاتی حکوومەتی، کەم و سنووردار دەکرد. کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و حکوومەت، بووە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێزو حورمەتی مافی بەشەر و زاڵبوون و فەرمانڕەوایی یاسا، کە دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی و سەرەکی هەر حکوومەت و دەسەڵاتێکی دیموکراتیکن..بە کورتی و کرمانجی زیادبوونی دەسەڵات و توانای ئابووری هاووڵاتیان، هێزو دەسەڵاتی سیاسی کۆنترۆڵ کردو فەرمانڕەوایی و زاڵبوونی دیموکراسیەتی لێکەوتەوە.

بەڵام لە وڵاتانی پاشکەوتوودا، یان لەو وڵاتانەی کە تازە کەوتوونەتە سەر سکەو لە حاڵی گەشەکردن و پەرەسەندندان، بە زۆری هەردوو دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی لە دەستی یەك چینی بچووکی خەڵکیدایەو، سەرچاوەی دەرامەتی خەڵکی نائاسایی پڕ کەموکووڕی و کێماسییەو،سەروەت و سامانی وڵات قۆرخی کەمینەیەکی بچووکی میللەتە کە لە هەمان کاتدا خاوەنی دەسەڵاتە سیاسییەکەشن. عادەتەن دەوڵەت و حکومەت گرینگترین سەرچاوەی سەرمایە، دەرامەت، دەسەڵات و پایەیە.. دیارە لەمجۆرە وڵاتانەدا دیموکراسییەت بە ئاسانی نایەتە دی و هەزارو یەك کۆسپ و تەگەرەی دەخرێتە بەردەم و تەنانەت سەندووقی دەنگدانیش، ئەگەر

بەکارببرێ، زیاتر بۆ چاووڕاوەو لە بنەڕەتدا دژی پرۆسەی دیموکراسییەتە و بۆ ئەوەیە دیموکراسییەت لەبەرچاوی جەماوەری خەڵکی بخرێت.

دیارە قۆرخکردنی سەرچاوەو ئیمکاناتە دارایی و ئابووری و سیاسییەکان بۆ دەسەڵات و حکومەت، دەکاتە کارێك حکومەت ڕوو بە ڕووی گەندەڵی نەبێتەوە، کە بە زەرەرو زیانی جەماوەری ڕەش و رووتی خەڵك دەشکێتەوە. دیارە لەم جۆرە سیستەمەدا، کە حاڵی زۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانەیە کە تازە لە هەوەڵی ڕێگادان بەرەو دیموکراسییەت، پەیوەندییەکان زیاتر پەیوەندی شەخسی و تایبەتین، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەری گەندەڵییە، گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییە شەخسی و تایبەتی و حیزبیانەو، دۆزینەوەی میکانیزمێکی یاسایی دروست و ڕەوا بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵات، لەسەر بنەمای شایستەیی، ئەگەر مەحاڵ نەبێت نیمچە مەحاڵ و زۆر دژوارە، کە ئەمە بە زەقی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان دیارە.
لە کەلتوورو فەرهەنگی سیاسی دیمۆکراسیەتدا، دابەشکردنی دادپەروەرانەو بە ئینسافی ئەو سەرچاوەو دەسەڵاتانەی کە دەربەست لە دەستی دەوڵەت و حکوومەتدان، کارێکی ئیلزامییە. دەبێ سنووری فەرمی و یاسایی نەخش و رۆڵی دەوڵەت دیاری بکرێت، دەبێ کۆمەڵێك پێوەر بۆ عورف و ئەتەکێتی ئەخلاقی بەرپرسان دابنرێت و پرۆسەی ریفۆرم و ریفۆرمکاری بەردەوام بێت و پۆست و پایە ئیداری و سیاسییەکان بە گوێرەی شایستەیی دابەش بکرێت.دیارە ئەمەش کارو وەختی زۆری دەوێت تا دێتە بەرهەم و، بە کەفلەکونێك نایەتە دی..

"٣"

هەڵبەتە لێرەدا نابێت ڕۆڵی فاکتەرێن کەلتووری و فەرهەنگی لە بواری دیموکراسیەتدا فەرامۆش بکرێت، چونکە دەوری فاکتەرێن کەلتووری، ئەگەر لە دەوری فاکتەرێن ئابووری زیاتر نەبێت، ئەوا هیچی کەمتر نییە. یەکێك لە مەرجەکانی گەشەکردن و گەشانەوەی دیموکراسییەت ئەمەیە کە هاووڵاتیان و بژاردەێن سیاسی، ئازادی گوزارشت و بەیان، ئازادی جڤاکی، ئازادی ئاینی و، ئازادی چاپەمەنی و بڵاڤۆکیان قەبووڵ بێت و بەڕاستی

باوەڕیان پێی هەبێت.مەرجی لەمەش گرینگتر ئەمەیە کە ئۆرگان و دامودەزگاو دامەزراوە سیاسییەکان بەڕادەیەك جێگەی باوەڕو متمانەی خەڵکی بن، خەڵکی بە یاساو، بڕیارو سیاسەت و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان قاییل بێت و هەرچییەك و هەرچۆنێك بێت ملکەچی بێت.

بە هەرحاڵ، کەلتووری دیموکراسییەت تا ڕیشاژۆ دەبێت و دەبێت بە بەشێك لە پەروەردەی جڤاکی وشارستانیەتی خەڵك، ماوەیەکی زۆری دەوێت، بە بڕیارێکی کوتوپڕو لە کەفلەکونێکدا دروست نابێت، بۆ نموونە ئازادی، مافی ڕەئی و، فەرمانڕەوایی یاسا لە وڵاتێکا کەپێشتر هیچ داب و نەریتێکی دیموکراسیانەی بە خۆوە نەدیتبێت و فرە حیزبی و کێشماکێشی سیاسی و ململانێی مەبدەئی بە خۆوە نەدیتبێت، بە ئاسانی و لە شەو ورۆژێکدا نایەتە دی و وەختی دەوێت تا ڕیشاژۆ دەبێت و دەبێت بە بەشێك لە پەروەردەی شارستانیانەی جەماوەری خەڵك.. جا هەر لیرەوە پێویستە ئاماژەیەکی خێراش بە فاکتەری ئاین لەو بارەیەوە بکرێت، گەلێك لە شارەزاو پسپۆڕان پێیان وایە وڵاتانی پرۆتستان مەزەب ، بە زۆری لە وڵاتانی کاتۆلیك مەزەب دیموکراسی تربوون، یان بە وتەیەکی دی ئامادەگی بە دیموکراسی بوونیان زیاتربووە. ئەمەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە بونیادو پێکهاتەی دامودەزگای ڕۆحانییەت و دینی مەزەبی ناقبری لەسەر بناخەی زنجیرە مەراتبی دەسەڵاتە، واتە دەسەڵاتی ڕۆحانی بە زنجیرە لە سەرێڕا بۆ خوارێ دێت. ئەمەش وایکردووە کە گەلێك لە پەیرەوکارانی مەزەبی ناقبری مایل نەبن بەلای ئەو باوەڕو بۆچوونەدا کە باشترین شێوەی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتێك ئەوەیە حیساب بۆ جەماوەری خەڵك بکرێت و بەرژەوەندی زۆربەی خەڵکی ڕەچاوبکرێت و بکرێن بە شەریکی بەرێوەبردنی وڵات.مەزەبی پرۆتستان، بە پێچەوانەوە، پتر مەزەبێکی تاکگەرایانەی هاوبەشییەو، کەمتر زنجیرە مەراتبی دەسەڵاتی، تیادا پەیڕەو دەکرێت..هەڵبەتە کاروانی بزاڤی دیموکراسی پتر لە وڵاتانی کاتۆلیك مەزەبەوە، دەستی پێکردووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕیفۆرمە ڕیشەییانە بوو کە لە پرەنسیپ و ئاموچیارییەکانی کڵێساو گوتارێن سیاسی کڵێسادا لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم بە دواوە کرا. واتا ئەم گۆڕانکارییە لەلایەکەوە بە هۆی کەمبوونەوەی باندۆر و کاریگەریی بیرو بۆچوونی

(ڕاستی توندڕەو) یان فاشیزم بوو لە هەردوو گوتاری ئاینی و سیاسی کاتۆلیك و لەلایەکی دیکەشەوە زادەی کاریگەریی گەشەسەندنی بێ وێنەی ئابووری دوای دووەم جەنگی جیهانی بوو لە زۆر وڵاتانی گەورەی کاتۆلیك مەزەبی وەك ئیتاڵیا، بەرازیل و شیلی..

سەبارەت بە وڵاتە ئسلامییەکان، بە تایبەتی وڵاتە عەرەبییەکان و بە تایبەتتر عەرەبستانی سعوودی، هیچ بەشدارییەکیان لە کاروانی بزاڤی بەرەو دیموکراسی، نەبووە. زۆربەی رژێمە ئیسلامییە عەرەبییەکان،رژێمی دیکتاتۆری ئۆتۆکراسین، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت دیموکراسی و ئازادی سیاسی لەو وڵاتانەدا بە ئاسانی و لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرهەڵبدات.

مەزەبی ئەرسەدۆکسی مەسیحییەتیش، وەکو ئاینی ئیسلام، هەردوو بواری دیانەت و سیاسەت بە یەك شت دەزانێت، یان بە گوتەیەکی دی بە دوو دیوی یەکپارچە دراو دەزانێت، بۆیە لە رووی مێژووییەوە، بزووتنەوەی دیموکراسی لە وڵاتانی ئەرسەدۆکسی مەزەبدا، لاواز بووە.

هەڵبەتە سەبارەت بە کۆنفۆشیوسیەتیش لە چیندا، بەشێك بووە لە دەوڵەت و زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕان ڕایان وایە کە ئاینی تەقلیدی کۆنفۆشێوس یان نادیموکراسی بووە یان ئەنتی دیموکراسی بووەو کۆماری میللی چین تا هەنووکەش دەوڵەتێکی دکتاتۆری یان ئۆتۆکراسی وتاك حیزبییە،هەرچەندە گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابووری بازاڕی ئازاد، لەم ساڵانەی دواییدا، دەسەڵات و دەسەڵاتڕانی دەوڵەت یان حکومەتی کەم کردووەتەوە. لە نێو وڵاتانی کۆنفۆشیوسی مەزەبدا تەنیا ژاپۆن توانی لە ئاخرو ئۆخری سەدەی بیستەمدا، حکومەتێکی دیموکراسی دابمەزرێنێت، هۆی سەرەکی ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژاپۆن لە پاش دووەم جەنگی جیهان لە لایەن ئەمریکاوە هاتبووە داگیرکرن و سوودیان لە داب و نەریت و کەلتووری دیموکراسیانەی داگیرکەرەکەی خۆیان وەرگرت.دەنا هەموو وڵاتانی کۆنفۆشیوسی مەزەبی دیکەی وەك کۆریاو سەنگافورە، تایوان و ڤێتنام، ڕژێمێن دیکتاتۆری و ئۆتۆکراسی بەڕێوەیان بردوون، هەڵبەتە ئەوانیش لەو ساڵانەی دواییدا وەکو چین بە هۆی گەشەکردنی لەزی ئابووری

و هاتنە کایەی بازاڕی ئازادەوە، سیستەمی حوکمڕانییان گۆڕانکاری بەسەر هاتووەو ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی جارانیان نەماوە.

بەڵام هندوستان، بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی لەسەرێ ڕا ئاماژەمان کردنێ، کە زۆربەی خەڵکەکەی هندۆمەزەبن، بەر لەوەی ببێت بە وڵاتێکی پیشەسازی، بوو بە وڵاتێکی دیموکراسی.یەکێك لە هۆیەکانی ئەوەیە کە بندەستی ئیمپریالیزمی بەریتانی بوو کە خودانی باکڕاوندو کەلتوورو داب و نەریتی دیموکراسیانە بوو، کە کردیە کارێك هندییەکان چاویان لێبکەن یان بەلای کەمەوە سیستەمی دیموکراسییان بەلاوە غەریب و نامۆ نەبێت، هۆیەکی دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی خودی ئاینەکە، گروپە مەزەبی و سیاسییەکان لە هندوستاندا کەم تا زۆر جیاوازو هەمەجۆر بوون، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ گەشەکردن و گۆڕانکاری دیموکراسی و، گوتارو داب و نەریتی دێرینەی رۆشنگەریی و فەرهەنگی وڵات، نەبووە کۆسپی سەر ڕێگای دیموکراسییەت.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین کە واقیعی وڵات چ لە رووی ئابووری، کەلتووری سیاسی و جڤاکی و ئاینییەوە، بە قازانجی پرۆسەی دیموکراسی نییە، لە رووی ئابوورییەوە، یەجگار شێواو سیماگۆنگە و سەروەت و سامانی وڵات، قۆرخی کەمینەیەکی بچووکی خەڵکییە کە لە هەمان کاتدا خودانی دەسەڵاتی سیاسیشن و حکومەت بووە بەسەرچاوەی گرینگترین سەرمایە، دەرامەت، دەسەڵات و پایە. دیارە ئەمە جگە لە گەندەڵی هیچی تری لێ شین نابێت. لە ڕووی کەلتووری سیاسی جڤاکییەوە، زۆر دواکەوتووەو پەیوەندییەکان، پەیوەندی شوان و مێگەلە، پەیوەندی بت و بتپەرستە کە نە بتپەرست دەبێت بە خاوەنی ئەقڵیەتێکی تەحلیلی مۆدێرن و نە بتیش دەستبەرداری پایەی بتایەتی خۆی دەبێت، پەیوەندییەکان زیاتر خێڵەکییە تا پەیوەندییەکی مۆدێرن بێت و لەسەر بنەمای توانا و شایستەیی فەردی رۆنرابێت، هەموو دەزانین پەیوەندی خێڵەکی لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی دەستەجەمی، بە شێوەیەکی هەرەمی لە سەرێرا بۆ خوارێ ڕۆنراوە.. تەنانەت پێکهاتەی حیزبەکانیش پێکهاتەیەکی ئەستوونییە نەك ئاسۆیی.

له رووی ئاینییه‌وه، موسوڵمانی شافیعی مه‌زه‌بی داخراوه، که زیاتر لایه‌نگری ده‌سه‌ڵات و ده‌وڵه‌ته تا پارێزه‌ری جددی مافی به‌شه‌ر، ئازادی به‌یان، ئازادی جڤاکی، ئازادی مه‌زه‌ب بێت.بۆیه هیچ جێگه‌ی سه‌ر سوڕمان نییه ئه‌گه‌ر ئاسۆی دیموکراسیمان لێڵو تاری بێت!!به‌ڵام ئه‌مه به‌و مانایه نییه، تروسکه‌ی تیا به‌دی ناکرێت، چونکه پرۆسه‌ی دیموکراسییه‌ت، به تایبه‌تی له‌م بیست ساڵه‌ی رابردوودا، له زۆربه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ی که تازه بۆنی دیموکراسیه‌تیان تێگه‌ڕاوه‌و تازه که‌وتوونه‌ته سه‌ر سکه‌ی دیمۆکراسییه‌ت، جۆره پاشاگه‌ردانییه‌ك به‌دی ده‌کرێت. به‌ڵام وێڕای ئه‌وه‌ش شه‌پۆل و ته‌وژمی دیموکراسی به‌ڕێوه‌یه‌و رژێم و سیسته‌مه ئایدۆلۆژییه‌کان، که‌م تا زۆر ده‌گۆڕێن، سه‌رمایه‌داری و سه‌رهه‌ڵدانی چینی بۆرژوای نیشتمانی وه‌کو چینێکی شۆرشگێڕی گوڕانخوازی سه‌رده‌می خۆی ، وه‌کو چینێکی فره ئاوات و ئامانجی ئابووری و عه‌وداڵی بازاڕی ئازاد، سه‌رهه‌ڵدانی چینی کرێکار، به‌رزبوونه‌وه‌ی ئاستی ژیان و بژێوی، به‌رزبوونه‌وه‌ی ئاستی خوێنه‌واری ، هه‌ر هه‌موو ئه‌مانه زه‌مینه خۆشده‌که‌ن بۆ سه‌رهه‌ڵدان و په‌یدابوون و ریشاژۆبوونی ئۆرگان و دامه‌زراوه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی، که ته‌نیا له هاماج و ئۆتمۆسفیری دیموکراسیدا هه‌ڵده‌کات و گه‌شه ده‌کات، بۆیه چاری ناچاره له پێناوی مانه‌وه‌ی خۆیدا داکۆکی له دیموکراسییه‌ت بکات و هیچ پێشێلکارییه‌ك له ده‌سه‌ڵات قه‌بووڵ نه‌کات و رێگه‌ی نه‌دات سنووری ده‌سه‌ڵاته یاساییه‌کانی خۆی ببه‌زێنێت.

به‌م پێیه حکومه‌ت و ده‌سه‌ڵات دیموکراسی بێت یان نادیموکراسی، به ده‌ستی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکی دێته دامه‌زراندن و دروستکردن، شێوه‌و فۆرمی حکومه‌تان تا ڕاده‌یه‌کی زۆر به‌نده به فاکته‌رێن ئابووری، ڕامیاری، که‌لتووری و ئاینییه‌وه. به‌ڵام ئه‌م فاکته‌رانه‌ش ناتوانن شێوه‌ی یه‌کجاره‌کی حکومه‌ت دیاری بکه‌ن. مه‌رجی سه‌رکه‌وتنی دیموکراسییه‌ت له‌وه‌دایه که حکومه‌ت و ڕابه‌رانی حکومه‌ت هه‌وڵبده‌ن په‌یوه‌ندییه‌کی بته‌و له نێوان ئۆرگان و دامودەزگا حکومه‌تییه‌کان و جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکیدا دروست بکه‌ن و، هاووڵاتیان ئه‌و ئۆرگان و دامودەزگایانه به هی خۆ بزانن و پشتیوانی لێبکه‌ن. هه‌ر یاساو ریساو بڕیارو ڕێنماییه‌ك له‌و ئۆرگان و دامودەزگاو دامه‌زراوانه‌وه ده‌ربچێت، خه‌ڵکی باوه‌ڕی پێبکه‌ن و پابه‌ندو گوێڕایه‌ڵی ببن.یانی هه‌رکاتێ

دامودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتڕانی شەرعییەت و خۆیبوونی خۆی هەبوو، هاووڵاتیان لەسەریانە ڕێزی یاساکان بگرن و پابەندی ببن، ئەگەر جێبەجێکارانی یاساکانیانیش بە دڵ نەبێت. دیارە تا سەنگ و ئیحتوباری ئۆرگان ودەزگای دادڤانی زیاتر بێت، پابەندی بە یاساوە زیاتر دەبێت، بۆیە دەبێ تا دەکرێت دەزگای دادڤانی سەربەخۆ بێت.

هەڵبەتە هەر حکومەت و دەسەڵاتێك دەبێ مەشروعییەتی خۆی هەبێت، دیارە مەشروعییەتی حکومەت و دەسەڵاتیش بە گوێرەی ڕاوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕان، شێوەی جۆراوجۆریان هەیەو لە سیستەمێکی حوکمڕانییەوە بۆ سیستەمێکی دیکە دەگۆڕێت. بەڵام ئەوەی عەیانە لە سیستەمێن دیموکراسیدا، شەرعییەت لەسەر بنەمای زۆرداری و بە خورتی ڕۆنانرێت، بەڵکو یاسا فەرمانڕەوایە و ڕەگی یاساش دەچێتەوە سەر دەستوور، بۆیە سیستەمە دیموکراسییە نۆبونیادەکان ، لەسەریانە بۆ ئەوەی بناغەیەك بۆ شەرعییەتی خۆ فەراهەم بکەن و سنوورێك بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەت دیاری بکەن و مافە سیاسی و ئابوورییە گشتییەکان زامن بکەن. کەواتە دەشێت دیموکراسی بە یەکێك لە فاکتەرەکانی سەقامگیری و ئارامی بێتە ژماردن، ئارامی سیاسیش، زەمینە بۆ گەشەکردنی ئابووری و ئاوەدانی وڵات بە هەموو بوارە ژیاریی و شارستانییەتەکانەوە خۆشدەکات و هاووڵاتی جگە لە یاسا ملکەچی کەسی دی نابێت و هەرکاتێ حکومەت و دەسەڵاتی بەدڵ نەبێت، دەتوانێت لە ڕێگەی دەنگدانەوەو بە شێوەی یاسایی لای ببات یان بیگۆڕێت. واتە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی هاووڵاتیاندایە نەك لە دەستی حکومەت..یانی بەم پێودانگە یەکێك لە سەرچاوەکانی شەرعییەتی سیستەمی دیموکراسی، پشتیوانی جەماوەری خەڵکە، دەنگی خەڵکە..جا خەڵکانێك هەن ئەمە بە خاڵی لاوازی سیستەمی دیموکراسی دەزانن و پێیانوایە چونکە حکومەت بە پشتیوانی و دەنگی جەماوەری خەڵك هاتووەتە سەرکار، دەبێ هەمیشە بۆ پاراستنی ئەو پشتیوانییە جەماوەرییە لە ڕکابەریدا بێت و خەریکی شەڕی یاسایی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاران و هەڤڕکانی خۆی بێت. بەڵام ڕاوبۆچوونی پێچەوانەش هەیە کە پێی وایە جیاوازی بەرژەوەندی و هەڤدژی ویست و خواستان، خاڵی ئەرێنییە و دەبێتە مایەی جێگیری و بتەوی کۆڵەکەکانی دەسەڵات و حکومەت، چونکە سەرنجی خەڵکی

بۆ گرفت و کێشەکانی حکومەت و کۆمەڵگە ڕادەکێشێت و ئازادی ئۆپۆزیسیۆن ونەیاران، دەبێتە مایەی ئەوەی کە خەڵکی لە کەموکوڕییە کارگێڕی و سیاسی و ئابوورییەکانی وڵات بە ئاگا بن و حکومەت خۆی بناسێت و نەوێرێت و نەتوانێت ئەرکە یاساییە نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی فەرامۆش بکات، دەنا متمانەو پشتیوانی جەماوەری خەڵکی دەدۆڕێنێت.واتە لە سیستەمی دیموکراسیدا، لە سایەی ئازادی گوزارشت و بەیاندا، کە یەکێکە لە مەرجەکانی دیموکراسییەت، ئۆپۆزیسیۆن و هەڤڕکان، یان کەناڵە جۆراوجۆرە میدیاییەکان دەتوانن هەر پێشێلکارییەکی حکومەت و دەسەڵات لە چوارچێوەی یاسادا لە قاوبدەن، کە ئەمە لە سایەی رژێمی دکتاتۆری یان ئۆتۆکراسی تاك حیزبیدا مەحاڵە.. هەڵبەتە پێتڤییە لێرەدا ئاماژەیەکی بلەز بۆ ئەوەش بکرێت کە یەکێك لە هەوڵەکانی سیستەمی دیموکراسی، بۆ چەسپاندن و سەلماندنی شەرعییەتی خۆی ئەوەیە کە لە هەنبەر زۆرینەدا داکۆکی لە مافەکانی کەمینە بکات، بە تایبەتی کەمینەێن نەژادی و ناسیونالیستی و زمانەوانی و ئاینی و مەزەبی، چونکە ئەو کەمینانە ئەگەر هەست بکەن پەراوێز دەخرێن و ناتوانن لە دەسەڵاتدا شەریك و هاوبەش بن، لەگینە بکەونە بیری ئۆتۆنۆمی ناوچەیی و تەنانەت جیابوونەوەش لە دەوڵەت.دەکرێت یۆگسلاڤیاو یەکێتیی سۆڤییەتی جاران وەکو نموونەی ئەم حاڵەتە بهێنرێنەوە. هەڵبەتە یەکێك لە چارەسەرەکانی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە بنەمایەکی یاسایی ئەوتۆ هەبێت کە لە پرۆسەی سیاسی وڵاتدا مافی ڤیتۆ بە کەمینەکان بدات تا لەو رێگەیەوە داکۆکی لە مافی خۆ بکەن. سویسرا نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم چارەسەرەیە.هەڵبەتە ئەگەر ئەمە سەربگرێت، شەرعییەتێکی پتر بە حکومەت و دەسەڵاتی وەخت دەدات.

فیدرالیزمیش، کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی ناوەندی نیشتمانی و حکوومەتانی بچووکتری وەکو حکوومەتی هەرێم و شاران، رێگەیەکی دیکەیە بۆ رازیکردنی کەمینەکان و بەدەست هێنانی متمانەی زیاتریان بە شەرعییەتی حکومەت و دەسەڵات. هەڵبەتە فیدرالیزم، یەکێکە لە کۆنترین و، لە زۆر ڕووەوە، لەبارترین شێوە بۆ نەهێشتنی هەر ناکۆکی و هەڤدژییەك لە نێوان گروپە نەژادی و ناسیونالی و

ئاینییەکان..هەڵبەتە ئەم چارەسەرەش، چارەسەرێکی یەکجارەکی وبنجبڕی هەموو کێشەکان نییەو نابێت، خۆ ئەگەر بارودۆخی جیهانی و هەرێمایەتی و هەلومەرجی ئابووری، سیاسی جڤاکی، کەلتووری و ئاینی رێ بدەن و لەباربن چار هەر دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی-نەتەوەییە.

"٤"

گومان لەوەدا نییە ئەو حکومەت و دەسەڵاتانەی کە لە هاووڵاتیانەوە نزیکتربن و کار بۆ دابینکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانی زۆربەی هەرە زۆری میللەت دەکەن، شەرعییەتیان لە نك جەماوەری خەڵك زیاترە لەو حکومەت و دەسەڵاتانەی کە لە خەڵکی دادەبڕن و هیچ بایەخێك بە پێداویستی و داواکانیان نادەن..دیارە سیستەمی دیموکراتیش لە کەموکۆڕی و کێماسیان بەدەر نییە، وەکو هەر دیاردەیەکی سیاسی حوکمڕانی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە. بە درێژایی دوو سەد ساڵی ڕابردوو، دوو جۆرە حکومەت و دەسەڵاتی سەرەکی دیموکراسی دەرکەوتووەو لە دنیادا هاتووەتە جەڕباندن، یەکێکیان لەسەر بنەمای سەرۆکایەتی کۆماری و ئەویتریان لەسەر بنەمای پارلەمانی ڕۆنراوە. لە سیستەمی سەرۆکایەتی کۆماریدا (پریزیدێنسی) هەردوو سەرۆکایەتی دەوڵەت و حکومەت لە دەستی سەرۆکی وڵاتدایە، واتە هەردوو دەسەڵاتی رەمزی و پراکتیکی لە یەك کەسدا کۆدەبێتەوە. بەڵام لە سیستەمی پارلەمانیدا، دەسەڵاتی رەمزی و دەسەڵاتی واقیعی، بەسەر سەرۆکی دەوڵەت و، کە زیاتر پۆستێکی تەشریفاتییە(چ سەرکۆمار بێت و چ پاشا بێت) وسەرەك وەزیراندا ، کە پۆستێکی واقیعی گرینگ و هەستیارە، دابەش دەبێت. بەڵام لێرەدا دەبێت خەڵکەکە لە ئاستێکی هۆشیاریی ئەوتۆدا بن کە زیاتر مامەڵە دەگەڵ ئۆرگان و دامودەزگای حکومەتی و پۆست و پایەکاندا بکەن، تا لەگەڵ ئەو کەسێتیانەی بە شێوەی یاسایی دەگەنە ئەو پۆست و شوێنانە، یانی پایەو پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار گەورەترین و گرینگترە لەو کەسەی دەگاتە ئەو پۆست و پایەیە، شەرعییەتی پۆست و پایە دەگەرێتەوە بۆ شەرعییەتی ئۆرگان و دامودەزگاو دامەزرازە حکومەتییەکان، ڕەگی شەرعییەتی دامەزراوەکانیش دەچێتەوە سەر دەستووری وڵات.یەکێك لەو ئیرادانەی لە سیستەمی

پریزیدێنسی(سەرۆکایەتی) دەگیرێت ئەوەیە کە زۆربەی دەسەڵاتە سیاسییە هەستیارەکان لە دەستی یەك کەسدا کۆدەبێتەوە. بەڵام لە سیستەمی پارلەمانیدا، پاشای قانونی یان سەرۆکی هەڵبژێردراوی دەوڵەت، کە هەمان رۆڵی پاشای قانوونی دەگێڕێت، دەسەڵاتەکانی زیاتر رۆتینی و تەشریفاتییە.دەسەڵاتەکان زیاتر لە دەستی سەرۆك وەزیراندایە(سەرۆکی حکومەت)، کە ئەمە جۆرە سستی و سەنگەلاییەك دەخاتە ناو سیستەمی پارلەمانییەوە. خۆ سیستەمی پارلەمانیش خاڵی لاوازی خۆی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر پارلەمان (دەزگای یاسادانان) لە کۆمەڵێك حیزبی هەمەجۆر پێکهاتبێت، هەرکاتێ ئەگەر یەك حیزب زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمان بە دەست نەهێنێت ئەوا بەبێ هاوپەیمانی دوو حیزب یان زیاتر، ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. خۆ هاوپەیمانی بە تەبیعەتی خۆی ناپایەدارو ناجێگیرە و ئەگەر ژمارەیەك وردە حیزب نەسازێن و نەگەنە رێکەوتن و سازان ئەوا پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی حکومەت دەگاتە بنبەست و کوێرە کولان.ئەمەش ئەگەری هەڵوەشانەوەو هەرەسی سیستەمی پارلەمانی لێدەکەوێتەوە. نموونەی ئەمەش هەڵوەشانەوەی سیستەمە پارلەمانییەکانی ئەڵمانیا، ئیتاڵیا. ئەسپانیاو گەلێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی پێش دووەم جەنگی جیهانە کە بە هۆی ئەو بنبەستانەوە کە لە ئاکامی حیزبایەتی تەسکدا دروستبوون.هەڵبەتە تا ئەندامانی پارلەمان خەڵکی شایستەو کارامەو دڵسۆزو لێهاتووبن، حکومەت پایەدارترو کاراترو خزمەتگوزارتر دەبێت، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیەو ، پارلەمانی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی زندووی ئەو حاڵە نەرێنییەیە، کە مخابن، ئەندامانی پارلەمان، کەمترین شایستەگی ئەو شوێنەیان تێدایە، خەمی گەورەیان رازی کردنی وەلینیعمەتەکانی خۆیانە،مووچەی چەور، کە بەڕاستی پێیان حەرامە، ویژدانی سڕکردوون و زمانی لە گۆخستوون، ئەوەندەی نوێنەری حیزبن- کە حیزبەکانی لای ئێمە تێکڕا، بە دوکانە سیاسییەکانیشەوە، ڕادیکال بونیادن- نوێنەری گەل نین، وهەموو بوکەڵەی قوڕمیشکراوی دەستی حیزبن..بۆیە جەماوەری خەڵك نەهەقیان نییە کە دەڵێن پەڕلەمان پەردەیەکە بۆ داپۆشینی دکتاتۆریەتی حیزبانی ناو دەسەڵات!!

بەهەرحاڵ، بە شێوەیەکی گشتی تا دەسەڵات زیاتر دابەش بووبێت و زۆرترین دامودەزگاو ئۆرگان تیایدا شەریك بن، دیموکراسییەت پایەدارتر دەبێت و شەرعییەتی حکومەت بەهێزتر دەبێت. هەڵبەتە وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ ، لە سیستەمی پارلەمانیدا، دەسەڵاتی سەرکۆمار، لە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت کەمترە. لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا، دانانی یاسا،پەسندکردنی بودجە، تەرخانکردنی سەرچاوەی دارایی، دابەشکردنی پۆست و پایە بەرزەکان، لە نێوان سەرکۆمارو پەرلەماندا ( کە خۆ بەخۆ دەبێت بە دوو ئەنجوومەنی پیران و نوێنەران) دابەش دەبێت. لە سیستەمی پارلەمانیدا هەڵبژاردنی سەرۆکی حکومەت و کابینەی وەزاری لەلایەن پارلەمانەوە پەسند دەکرێت ومتمانەی پێدەبەخشرێت و تا ئەو کاتە لە سەرکار دەبێت کە متمانەی زۆرینەی پارلەمانی هەبێت.

"٥"

هەڵبەتە هەڵبژاردن، بە یەکێك لە کۆڵەکە گرینگەکانی سیستەمی دیموکراسییەت دادەنرێت، بۆیە پێویستە لێرەدا بە گوێرەی دەرفەتی ئەم نووسینە سووکە هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەین. هەڵبژاردن پرۆسەیەکە لە رێگایەوە خەڵکانێك، کاندیدێك یان زیاتر بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن. بە مانا تایبەتییە سیاسییەکەشی، بریتییە لە هەڵبژارنی نوێنەران بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی (پارلەمان) لەلایەن جەماوەری خەڵکەوە.

لەو وڵاتانەدا کە دەستوور فەرمانڕەوایە و جودایی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن ودادڤانی لە ئاردایە، پارلەمان، بە ڕای ئازاد، نهێنی و، ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵکی دێتە هەڵبژاردن. لەم جۆرە هەڵبژاردنەدا، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی مەرجی یاسایی دەنگدانیان تیادایە، دەرفەتی دەنگدانیان بۆ بڕەخسێت، رەسم وایە کە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ڕاگیری دیاری بکرێت کە لە رۆژێك کەمتر نەبێت. بەرپرسانی حکومەتی بنکەکانی دەنگدان، کە بەزۆری بریتین لە فێرگە و قوتابخانە و فەرمانگە حکومەتییەکان، دیاری دەکەن و دەنگدەران ( ئەو کەسانەی لە ڕووی تەمەن و لەباری ئەقڵی و سیاسی و مەدەنییەوە هەلومەرجی یاساییان

تێدایە، کارتی دەنگدان پڕ دەکەنەوەو دەنگەکان بە سەرپەرشتی و چاودێری لیژنەیەکی ئیعتراف پێکراو، دەنگەکان دەخەنە سەندوقێکی داخراوەوەو پاشان سەندوقەکان بە تەشریفاتێکی تایبەتییەوە دەکەنەوەو بە ئامادەبوونی کاندیدەکان یان نوێنەری کاندیدەکان دەنگەکان دەخوێنرێنەوەو ودێنە ژماردن.

هەڵبژاردن جۆری جیاوازی هەس، هەر دەنگدەرێك دەتوانێت دەنگ بە یەك کاندید یان چەند کاندیدێك بدات ( بە گویرەی ژمارەی کورسی نوێنەرایەتی) یان ناوی کاندیدەکان بە گویرەی شایستەیی لە لیستەکەدا دیاری بکات. لە هەندێ ولاتانی تۆتالیتاری (شمولی)دا جارجار هەڵبژاردنێکی فۆرمالی دێتەکردن کە تەنیا ناوی یەك کاندید لە کارتی دەنگداندا دێتە نووسین و تۆمارکردن، ئیدی لەم حاڵەتەدا دنگدەر یان دەبێت دەنگ بەو تاقە کاندیدە بدات یان دەنگ نەدات، دیارە ئەمجۆرە هەڵبژاردنە، لە سیستەمێن دیموکراسیدا بە دەنگدان حەساو ناکرێت.

لە سیستەمی فرە حیزبیدا، دەنگدەران، عادەتەن دەنگی خۆ بە کاندیدانی حیزبی دەدەن، لەبەر ئەمە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، لە ناو حیزبەکاندا لیژنەی تایبەتی پێکدەهێنرێت بۆ دیاریکردنی کاندیدانی حیزبی. لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە جووتە حیزبە گەورەکە جیاوازی ئایدۆلۆژییان نییە، لە هەڵبژاردندا، زیاتر جەخت لەسەر کاندیدانی هەڵبژاردنەکە دەکرێت. لەبەر ئەمە بەر لە دەسپێکردنی هەڵبژاردنی گشتی، بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار و یاریدەدەرەکەی، هەڵبژاردنێکی ناوخۆ لە نێو هەردوو حیزبدا دەکرێت کە گرینگییەکی زۆری پێدەدرێ و بایەخێکی زۆری دەدرێتێ..بەم پێیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی دیموکراسی هەڵبژاردن ، فرە حیزبییە، بەلای کەمەوە دەبێت دوو حیزبی سەرەکی بنکە فراوانی فرە ئەندام و پایەدار هەبن و بەبێ فرە حیزبی و ململانێ و کێشماکێشی حیزبی، دیموکراسییەت نابێت..جا لەبەر ئەوەی حیزبەکان و پایەداریی حیزبەکان بەندە بە جەماوەری خەڵك و دەنگدەرانەوە، ئەمە وادەخوازێت کە هاوولاتیان لە دەنگداندا شایستەیی و

مەشروعییەتی سیاسەتی حیزبی ڕەچاو بکەن و لە دەنگداندا، بە ئەقڵ و بە گوێرەی بەرژەوەندی گشتی وڵات بیربکەنەوە، نەك بە سۆز بیربکەنەوە.

هەڵبەتە سەروەری یاساو هەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆڕسك و زادەی زەرورەتە حەیاتییەکانی کۆمەڵگەش، یەکێکە لە پشتیوانە هەرە گرینگەکانی سیستەمی دیموکراسییەت..بە هەرحاڵ دیموکراسییەت ئەمڕۆکە بووە بە خولیاو ئامانجێکی نێونەتەوەیی و گەلێك لە حکومەت و حیزبێن دیموکرات وسەندیکاو رێکخراوێن ناحکومەتی کە خۆیان بۆ مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی نێونەتەوەیی تەرخان کردووە، لە هەوڵ و کۆششدان بۆ ڕیشاژۆکردنی دیموکراسییەت و گۆڕینی هێزە شمولی تۆتالیتارەکان لە سەرانسەری جیهاندا، هەڵبەتە سەرکەوتن یان شکستی دیموکراسی جگە لە تێکڕای ئەو فاکتەرانەی لە سەرانسەری ئەم نووسینەدا کەم و زۆر باسکراون یان ئاماژەیان بۆ کراوە تا ڕادەیەکی بەرچاویش پەیوەندی بە ڕێبازو ڕەفتاری ڕێبەران و گروپە سیاسییەکانەوە هەیە.

دیارە دیموکراسی کە لە کرۆك و جەوهەردا دەکاتە حوکمڕانی زۆرینەو بەندە بە دەنگی زۆرینەی دەنگدەرانەوەو هەرکاتێ متمانەی زۆرینەی پارلەمانی دۆڕاند، لە حوکم و دەسەڵات دەکەوێت، بۆیە دەبێ دەنگدەران سووربن لەسەر ئەوەی کە نابێ دیموکراسییەت تەنیا لە چوارچێوە سیاسی و دادڤانییەکەیدا قەتیس بکرێت، بەڵکو دەبێ کەوشەن و بازنەی هەردوو کایەی سیاسی و دادڤانی ببەزێنێت و کایە ئابوورییەکەش بگرێتەوە. چونکە بەبێ ئەمە دیموکراسییەت لە باڵاترین ئاستی خۆیدا، بە نیوەچڵی و نوقستانی دەمێنێتەوەو لە نزمترین ئاست و خراترین حاڵەتی خۆیدا دەکاتە پەردەیەکی شاردنەوەی گەندەڵی و دکتاتۆرییەتی دەسەڵات. دیموکراسییەت دەبێ بازنەی سیاسی خۆی ببەزێنێت، یەکسانی دەرفەت،بۆ تێکڕای هاووڵاتیان لە گشت کایەکانی ژیاندا دابین بکات. بۆیە ڕادەیەك لە خۆشگوزەرانی و سوودمەند بوون لە پەروەردەو خوێندن بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە، بەمەرجی پایەداریی دیموکراسییەت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دێتە ژماردن. تا جیاوازی و نایەکسانی دارایی، چینایەتی، نەژادی، جێندەری،

ڕەگەزی، ئاینی و...هتد کەمتربێت، دیموکراسییەت زیاتر ڕەونەق پەیدا دەکات و گەشەدەسەنێت و پایەدارتر دەبێت...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- دایره المعارف دموکراسی/زیر نظر سیمور مارتین لیپست/ ترجمه فارسی به سرپرستی: کامران فانی- نورالله مرادی. جلد اول: ا-ت/ کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجه/ تهران، بهار ۱۳۸۷

*- اولویت دموکراسی برفلسفه/ ریچارد رورتی/ ترجمه خشایار دیهیمی/ چاپ سوم/ ۱۳۸۸/ انتشارات طرح نو

*- تاریخ دموکراسی در اروپا/ مهدی رجبی/ چاپ اول/ ۱۳۸٦/ نشر دنیا نو

*- دانشنامەی سیاسی( فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی/ داریوش اشوری/ چاپ بیست و یکم/ ۱۳۹۱/ انتشارات مروارید

*- فرهنگ لغات/ دکتر علی شریعتی/ انتشارات قلم/ چاپ ششم ۱۳۹۱

*- پەیڤستانی من/ حەمەکەریم عارف/ چ۱/۲۰۰۹ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

*- سفرەی فەقیران/ حەمەکەریم عارف/ چ۱/ ۲۰۱۲ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

# ئیفلاسی سیاسی و قاتی سیاسەتوان

"١"

دیموکراتییەت، یەکێکە لە زاراوە سیاسی و مەدەنییە هەرەباوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ و کەم و زۆر لە ژیانی پراکتیکی کۆمەڵگە بەشەرییە جیاوازەکاندا و بە ڕێژەی جیاوازو، بە ڕاڤەو شرۆڤەی جیاوازەوە مومارەسە دەکرێت و زۆرجار وەکو مۆد بەکاردەبرێت و دکتاتۆریەتی ڕژێم ودەسەڵاتە نادیموکراتەکانی وەکو ڕژێمانی سیاسی پاشکەوتووی رۆژهەڵاتی، پێ پەردەپۆش دەکرێت و بە ڕادەیەك دەخرێتە سەرزاری جەماوەری خەڵکی، کە لە هەر ناوەرۆك و چەمکێکی خۆی بە تاڵ ببێتەوەو ئەوەیان لە بیربچێتەوە کە دیموکراتییەت، بۆ خۆی وبە تەنیا نە ئامانجە و نەچارەسەرە. بەڵکو ئەوزارێکە بۆ چوونە ناو دنیایەکی یەجگار ئاڵۆز و تیکرڕژاوەو کلیلە بۆ کردنەوەی دەرگا لەسەر  کێشەو دۆزە حەیاتییە ڕاستەقینەکانی ژیان بە هەموو کایەو ڕەهەندە ئاڵۆزو جیاوازەکانییەوە، بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی کێشە ڕاستەقینەکان، تا بە ڕوونی بیان بینین و لێیان تێبگەین و بە ئاڕاستەی چارەسەری ڕاستەقینەدا مامەڵەیان لە تەکدا بکەین..جا بە بێ ئەم ئەوزارە (ئەوزاری دیموکراتییەت) بێهوودە بە دەوری کێشەکاندا دەخولێینەوە، خۆمانی لێدەدزینەوە، هەواڵە بە گەواڵەی دەکەین، فێڵی لێدەکەین و خۆمان و خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنین و بە هەندێ بە ناو ڕیفۆرمی کلێشەیی سەرڤەسەرڤە، خۆمان لە چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکان دەدزینەوە..هەڵبەتە دیموکراتییەت ئەوزارو مەرجی سەرەکییە، نەك هەر بۆ تێگەییشتن لە مەسەلەکان، بەڵکو بۆ مامەڵە کردن دەگەڵ خودی دۆزو کێشەکانیشدا.جا ئەم ئەوزارە، واتە دیموکراتییەت، چ وەکو مومارەسەی ڕۆژانە، چ وەکو ڕێسا، چ وەکو داب و نەریت، تا حوزووری زیاتر بێت، زیاتر دەمانخاتە ژێر باری مەسئولییەتەوەو ناچارمان دەکات بە دووی چارەسەراندا بگەڕێین و لە پراکتیزە کردنی چارەسەرەکاندا شەریك و بەشدار ببین و بە ئەقڵییەتی کراوەو سینگی فراوانەوە، پێشوازی لە ڕاوبۆچوون و چارەسەرە جیاوازەکان بکەین و گەشەیان پێبدەین و لەو ڕێگایەوە بگەینە چارەسەری باشتر و شایستە تر..ئیدی بەمجۆرە،

دیموکراتییەت دەبێ بە مەرج و ئەوزاری پەرەسەندن و پێشکەوتن و بەمەرجی گواستنەوە، لە بارودۆخێکەوە بۆ بارو دۆخێکی باڵاترو شایستەتر و پێشکەوتووتر.یەکێکە لەو ڕێکارانەی کە کۆمەڵگە، لە هەر زەلزەلەو هەڵدێر و دابڕانێ دەپارێزێت و هەموو هێزە کاراو کاریگەرو تازەکانی کۆمەڵگە ناچار دەکات بێنە ژێرباری مەسئولییەتەوە. جا دیموکراتییەت، لەم ڕوانگەو پێودانگەوە، دەکاتە مەرجی گرینگ بۆ هەر گۆڕانێکی تازەو جدی. زەمینە خۆشدەکات بۆ گشت کارلێکەکان و گۆڕینەوەی ئەزموونانی جیاواز..بە کورتی و بە کوردی دیموکراتییەت دەکاتە کۆڵکەی هاوبەش دەگەڵ تێکڕای دۆزو دیاردەو مەسەلەکان، بە وردو درشتیانەوە..بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە دیموکراتییەت دارعاسای ئەفسووناوی بێت و هەرکە دەستت دایە، یەکسەر گرێی هەر هەموو کێشەکانت بۆ بکاتەوەو چارەسەریان بکات.چونکە دیموکراتییەت بە تەنیا و خۆ بەخۆ چارەسەر نییە، بەڵکو کلیلی چارەسەرەکانە..بۆیە دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی هەبوون و نەبوونی دیموکراتییەتدا، ئیستا و ئایندەی هەر کۆمەڵگەو ڕژێم و سیستەمێك بخوێنرێتەوەو پێشبینی بەردەوام بوون و پەرەسەندن و گەشەکردنی بکرێت، یان پێشبینی، خێرایی داڕوخان و هەرەسهێنانی بکرێت. دیارە دیموکراتییەت، کاڵایەك نییە، لە دەرێڕا هاوردەی بکەیت و بیخەیتە بازاڕەوەو ئیدی خۆ بە خۆ ڕەگ و ڕیشە باوێ و هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە بگرێتەوە. بەڵکو دەبێت جەماوەری خەڵك قەناعەتیان پێی هەبێت، لە ژیانی پراکتیکی و ڕۆژانەی خۆیاندا مومارەسەی بکەن و  بە کردەوە بۆیان دەربکەوێت کە چ پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان دیموکراتییەت و یەکێتیی نەتەوەیی و نیشتمانیدا هەیە، لە نێوان پێشکەوتن و دیموکراتییەتدا هەیە و بە بێ بوونی پەیوەندی ئۆرگانیکی لە نێوان دیموکراتییەت و هەموو دۆزە حەیاتییە جیاوازەکاندا، جەماوەری خەڵك هەر بە سەرگەردانی دەمێنێتەوەو لە گێژاوی وەهم و خەیاڵی بێهوودەدا دەژی و جگە لە ناکامی هیچی دی نادورێتەوەو بەرە بەرە متمانەی بە خۆی و بە توانا بەشەرییەکانی خۆی نامێنێت وناکامی لە لا دەبێت بە گرێی دەروونی.

هەڵبەتە وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ دیموکراتییەت نە دارعاسای ئەفسووناوی چارەسەری کێشەکانە، نە کاڵایەکی ئامادەیە و هاوردە بکرێت و

وەکو خۆی بخرێتە بازاڕەوەو خۆ بە خۆ ببێ بە مۆد، بەڵکو زیاتر زادەی زەرووڕەتی پەرەسەندنی کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان و تەبع و تەبیعەتی ئەزموونگەرانەی تیرەی بەشەرە..

هەرچەندە دیموکراتییەت بەم چەمکەی ئیستایەوە، لە ڕۆژاواو ئەورووپاشدا، کە خۆ بە بێشکەی دیموکراتییەت دەزانن، پڕە لە کەموکووڕی و نوقستانی و بە ملیۆنان خەڵکی هەژارو بێکار هەن و سیستەمی سەرمایەداری زاڵە بەسەر تێکڕای کایەکانی ژیاندا و یاساو ڕێسای خۆی دەسەپێنێ و بە باری بەرژەوەندی خۆیدا ئاڕاستەی دەکات. بەڵام بەو حاڵەشەوە دیموکراتییەت وەکو جەوهەر و ناوەرۆك وەڵامدەرەوەی پێداویستی و داخوازییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیە، بەو پێودانگەی دیموکراتییەت مومارەسەیەکی ڕۆژانەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتار و مامەڵەیە دەگەڵ کایەکانی ژیاندا، واتە تەنیا ڕواڵەت و ئیدیعا نییە، حاڵەتێکی کاتی نییە، خێرو بە خششی ئەم و ئەو نییە، بەڵکو مافێکی بنەڕەتی زۆرینەو کەمینەیە بە بێ جیاوازی و پێویستە مومارەسە بکرێت، زۆرینەو کەمینە، تاك و کۆمەڵ وەکو مافی ڕەوای خۆ بەرگری لێبکەن و کار بۆ ڕیشاژۆ کردنی بکەن و دەسبەرداری مافی خۆ نەبن و ئەرك و مافی خۆ بزانن. چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ئەرك و مافی خۆی زانی و بە دروستی مومارەسەی کرد، دەتوانێت ڕوو بە ڕووی کۆسپ و تەگەرەو تەحەداکان ببێتەوەو ئایندە دروست بکات و هەر جۆرە ملکەچی و کۆیلایەتییەك ڕەفز بکات و پرسیاری دروست بکات. پرسیاری دروست یەکەم هەنگاوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئەقلانی و دروست و، مرۆڤ کە کەوتە سەر ڕاستە ڕێگای دروستی ئەقلانییەت خۆ بە خۆ هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە لاوازو بەهێزەکانی خۆی دەدات. هزرینی خۆی لە بێژنگ دەدات، ئەولەویەت و بەرایی بۆ ئامانجەکانی خۆی دادەنێت و پەیوەندی بابەتی ناوخۆیی و دەرەکی چێدەکات و هەر جۆرە شکست و ناکامییەك ڕەتدەکاتەوەو خۆی لە کەس بە کەمتر یان زیاتر نازانێت و..شکستەکانی خۆی بە ملی کەسی دیدا نادات و مل بۆ ئەمری واقیع نادات و خۆی لە بەرپرسیارییەتی نادزێتەوەو، هەوڵدەدات، لە ئاستی دیاردەو ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیدا بێت و هیچ کێشەو گرفتێکی سەردەمی خۆی بۆ نەوەی دوای خۆی بە جێ نەهێڵێت و

باری قورس نەکات..هەڵبەتە کەڵەکە بوونی کێشەو گرفتان و، گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، یەکێکە لە هۆکارەکانی ئەو پاشا گەردانییەی کە لە ناو کۆمەڵگەو میللەتانی وڵاتانی سێیەمدا زۆر بە زەقی دیارەو یەکێك لەو میللەتانەی کە ئەم حاڵەت و واقیعەی زۆر پێوە دیارە، میللەتی کوردە کە لە کەمترین مافی خۆی بێبەشکراوەو کەمتر بە ئەزموونی خۆی ژیاوەو زیاتر بە تەجرەبەی داگیرکەرە فاشییەکانی ژیاوەو لە بێدەسەڵاتی خۆیدا هۆی ئەم بارو دۆخە نالەبارەی، دەخاتە ئەستۆی ڕۆژگاری نالەبارو خەڵکانی دیکە!!و مل بۆ ئەمری واقیع دەدات، واقیعێك کە زیاتر بە سەریا سەپێنراوە. ئیدی بە پێخاوسی بە ناوکێشەو گرفتە کەڵەکەبووەکان، بە کۆن و تازەیانەوە، کەوتووەو زۆرجار وا هەست دەکرێت، بەو واقیعە نالەبارە قایبلەو خووی پێوە گرتووە، دەگەڵیا دەژی، غافڵە لەوەی کە خۆی بەرپرسی یەکەمی ئەو واقیعە تاڵ ونەگبەتی و ماڵوێرانییەیە، چونکە هەر کەس و میللەتێك نەتوانێت یان هەوڵنەدات بەرگری لە خۆی بکات و میکانیزمێك نەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی داکۆکی و بەرگری لە خۆی بکات، شایستەی ئەوەیە وەکو کۆیلە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت و بە درێژایی مێژووش هەر وا کراوە.کە دیقەتی کورد دەدەیت زۆر جار دەبینی هێندە خوێنساردانەو بێموبالاتانە دەگەڵ واقیعی تاڵو پاشقەڕۆی خۆیدا هەڵدەکات و دەژی وەکو ئەوەی قەدەر و چارەنووس بێت، یان زادەی تەبیعەت بێت و لە سەرووی فام و تێگەیشتنەوە بێ، دیارە ئەمە خۆدزینەوەیە لە هەر مەسئولیەتێك و ڕاکردنە لە هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێکی دروستی ڕوو بە ڕووبوونەوەی واقیعی تاڵ و ڕۆژگاری نالەبار!! لە دوا ئەنجامدا دەکاتە قاییل بوون بە پاشکەوتن، بە غیابی ئەقڵانییەت و بە غیابی دیموکراتییەت. کە هەموو ئەمانە دەبنە کۆسپ لە بەردەم کەڵەکە بوونی ئەزموونێکی مێژوویی ئەوتۆ کە زۆربەی خەڵکی بە ئاراستەو سەمتی ئایندەدا بەشداری تیا بکەن و بگەنە واقیعێکی باشتر..

"٢"

هەڵبەتە واقیعی تاڵ و پاشقەڕۆ، حاڵەتە نەك چارەنووس و قەدەر،دیارە ئەم حاڵەتە نالەبارو خراپ و پاشقەڕۆیە یەك دنیا دەرهاویشتەی خۆی هەیە و

ئەم دەرهاویشتانە بە ڕادەیەك بە ناو یەکا چوون و تێکرژاون، کە زۆرجار هۆکار و ئەنجام بە جۆرێ تێکەڵ دەبن کە بە ئاسانی بۆ خەڵکی لێکدی جیا نەکرێنەوە..جا بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دۆخی خراپ، دەبێ پێش هەموو شتێك دان بەوەدا بنرێت کە ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی واقیعە، نەك قەدەر، یان خەسڵەتی جێگیر و هەمیشەیی و بۆماوەیی ئەم کۆمەڵگە یان ئەو کۆمەڵگە بێت.واتە قابیلی گۆڕانەو دەبێ بگۆڕدرێت، دیارە پرۆسەی گوێزانەوە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی باشتر و مرۆڤانی تر پەیوەستە بە کۆمەڵێك فاکتەرێن بابەتی و خودییەوە، ئەم فاکتەرانەش لە هەلو مەرجێن کۆمەلایەتی و قۆناغێن مێژووییدا چێدەبن و سەر هەڵدەدەن و کەڵەکە دەبن ،بەلام هەمیشە ئیرادەو ویستی بەشەر ڕۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی لە بەزاندن و ئاسانکردن و خستنە سەر سکەی پرۆسەی گوێزانەوەو قۆناغەگۆڕکێدا دەبینێ و، ئەمەش پەیوەندی بە هۆشمەندی بەشەرەوە هەیە، هۆشمەندیش لێرەدا دەکاتە تێگەییشتن لەو حاڵەت یان دۆخەی کە تیایدا دەژی،هەڵبەتە بەدەر لە هەر گەشبینییەکی درۆینە یان ڕەشبینییەکی ورە ڕوخێن..دیارە تێگەییشتن بەرە بەرە گوتاری لێدەکەوێتەوەو گوتار پەیوەندی دروستدەکات و پەیوەندی بزوتنەوەی لێدەکەوێتەوە، بزوتنەوەش ڕێگا بەرەو ئایندە دەکاتەوە.هەڵبەتە ڕۆشنبیریی ، لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ و گرینگی دەورو ئەرکی ڕۆشنبیر چ بەرانبەر بە خۆی و چ بەرانبەر بە خەڵکی دەردەکەوێت.دیارە کەلتوورو ڕۆشنبیریی بێلایەن نییە،جا رۆشنبیریش بەو حوکمەی کە سەرو سەختی دەگەڵ رۆشنبیرییدایە، یان لەگەڵ پێشکەوتندا دەبێت یان دژی.یان بە نەفەسێکی شۆڕشگێڕانەی قاڵب شکێنییەوە کار بۆ لابردنی کۆسپ و تەگەرەکان دەکات و خۆی بە ناوجەرگەی دۆز و مەسەلە حەیاتییەکاندا دەکات، یان هەلپەرستانە، خۆی لە گێلی دەدات و حەقیقەتەکان فەرامۆش دەکات و هەندێ دۆزی لاوەکی و پەراوێزی دەهاڕوژێنێت وخەڵکی پێوە مژوول دەکات و پێبزانێت یان نەزانێت بەشداری لە هێشتنەوەو ڕیشازۆکردنی حاڵەتی پاشکەوتن دەکات، کە ئەمە زۆر بە زەقی لە ناوەندە ڕۆشنبیرییە ناچیزەکەی کوردەواریدا بەدی دەکرێت.بەلام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ڕۆشنبیر هێزێکی ئەفسانەیی بالاتر لە هێزەکانی دی نییە.هێزی ڕۆۆشنبیر لەو کەلتوورو ڕۆشنبیرییەدایە، کە نوێنەرایەتی

دەکات، لەو هەڵوێستانەیدایە کە گوزارشت لەم کەلتووره دەکات. یانی گرینگی رۆشنبیر، وەستاوەتە سەر ئەو ڕۆڵەی کە ڕۆشنبیر لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا وەکو رۆشنبیرو مرۆڤ دەیگێڕێت.بۆ نموونە لە کوردەواری خۆماندا، لە هەرێمی کوردستاندا، لەم قۆناغەدا، قۆناغی گومڕایی و پاشاگەردانی، قۆناغی ژان و ژار و قۆناغی هەرەسهێنان و ئیفلاسی هەمیوو بەهاو چەمکە سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، قۆناغی دزیی و دوکانداریی سیاسی و قاتی سیاسەتوانانی ڕاستەقینەو ڕاستگۆ ودڵسۆز، ئایا ڕۆشنبیر لە ئاستی مەسئولییەتی ڕۆشنبیریی خۆیدایە؟!ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارانەو زۆر پرسیاری دی بە ئاینده بێت، چونکە قۆناغەکە تەواو نەبووەو هێشتا بەردەوامە، بە تەواوەتی لە ڕووی شێوەو ناوەرۆکەوە نەمەییوەو روون نەبووەتەوەو قاڵبی یەکجارەکی خۆی وەرنەگرتووە،ماهیەتی تەواوەتی خۆی پەیدا نەکردووە.بێگومان زۆر هەورازو نشێوی دی بە خۆوە دەبێنێت، هەڵوێسەکان قابیلی پێداچوونەوەو گۆڕانن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، هیچ سەرنجێك دەربارەی دەورو ڕۆڵی کەلتوورو ڕۆشنبیر نەیەتە دەربڕین. پێشتر گوترا کە کەلتوور بێلایەن نییە، یان دەگەڵ پێشکەوتندایە یان دژیەتی، بەڵام دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە جیاوازی لە نێوان کەلتوورو ڕاگەیاندندا زۆرە.کەلتوور پشت بە کۆمەڵێك بنەماو چەمك و زاراوە، دەکارێت، دیالۆگێکی قووڵ و فرەلایەن لە نێو کۆمەڵگەدا چێبکات،تا میکانیزمێك بدۆزێتە بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن دەگەڵ دیاردەو رووداوەکاندا.بەڵام دەوری ڕاگەیاندن، زیاتر دەورێکی ڕەوتەنی هەنووکەییە و هێندە بایەخ بە شتە هەنووکەیی و پەلەکان دەدات کە لە ماوەیەکی کەمدا لە پەلو پۆ دەکەوێت و تەواو دەسوێ و خۆی کاوێژدەکاتەوە، کە ئەمە زۆر بە زەقی بە کەناڵە ڕاگەیاندنەوانێکانی هەرێمی کوردستانەوە (بە حیزبییەکان و حیزباوییەکانەوە) دیارە...بۆیە هیچ نابێتە زێدەڕۆیی ئەگەر بگوترێ بە بێ پاشخان و زەمینەیەکی ڕۆشنبیریی بتەو ودەوڵەمەند دەسکەوتی میدیایی هەنووکەیی ناکاتە هیچ و وەکو هەر کەف و کوڵێکی دیکە زوو دەنیشێتەوەو هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆ بەجێ ناهێڵێت..

ئەوەی مایەی سەرنجە، لە سایەی ئەم لێشاوە میدیاییەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا باوە ،لە واری ڕۆشنبیریی و کەلتووریدا، ئەقڵانییەت

داویەتیە کزییەکی تەواو و خەڵکی بەوە گۆش دەکەن بە سۆزو عاتیفە بیربکەنەوە، لە کاتێکا ئەقڵ ئەوزاری بیرکردنەوەیە نەك سۆزو عاتیفە، کارێکی واکراوە خەڵکی دەسبەرداری وابەستەگییە گەورەکان ببن و خۆ بە وابەستەگی بچووك و دەسکەوتی شەخسی و هەنووکەییەوە هەڵواسن!.خەڵکی بە جۆرێ حیزباوی کراون (حیزبی ئەهوەنترە لە حیزباوی) وابەستەگییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەیان بە جۆرێ لە بیر براوەتەوە،کە بە حیزبچیاتی و ناوچەگەرێتی قاییل ببن، جا ئەم حیزبە سکراب و بونیاد دکتاتۆریانەش!!کە ئەمە بۆ خۆی پاشەکشەیەکی زەقەو لە واری رۆشنبیرییدا دەکاتە پشتیوانی لە پاشڤەڕۆیی و پاشکەوتن، دەکاتە دەسبەرداربوونی وابەستەگییە گەورەکان و قاییل بوون بە وابەستەگی بچووك!!جا ئەگەر دەسەڵات، بە مەبەستی پاراستنی خۆی و بەردەوامانندنی بوونی خۆی، هەوڵبدات رۆشنبیریی تایبەت بە خۆی بەرهەمبێنێت ، کۆڵەکەو ڕەمزێن ڕۆشنبیریی چێبکات و گوتاری ڕۆشنبیریی خۆی هەبێت ، کە ئەمە زۆر بە زەقی لە تێکڕای کەناڵە میدیاییە حیزبی و حیزباوییەکانەوە دیارە، کە کار بۆ شەرعییەت بەخشین بە دەسەڵات و بەردەوامانندنی دەسەڵات دەکەن و پێ بحەسن یان نەحەسن، دەوری دەڵاڵ و پەیڤداری دەسەڵات دەگێڕن..

ڕۆشنبیر، نابێ دەسبەرداری پەیامی رۆشنبیریی خۆی ببێت کە بریتییە لە قاڵبشکێنی و هەڵگرتنی ئاڵای گۆڕانکاری بە ئاڕاستەی ژیان و ئایندەیەکی مرۆڤانیتر و باشتر و گەشتردا. خۆ ئەگەر دەسەڵات و دەوڵەتی ئێستا وەکو جاران نەبێت و لەوە بەهێزتر بێت کە رۆشنبیر بەرگەی هەڕەشەو تەماحی بگرێت و، نەشێت داوای ئەوەی لێبکرێت بە تەنیا ڕوو بە ڕووی ببێتەوەو بە گژیا بچێتەوە، ئەوا بەلای کەمەوە داوای ئەوەی لێدەکرێت سەربەخۆیی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیر بپارێزێت و نەبێت بە زۆڕناژەن و پەیڤداری خۆڕایی دەسەڵات و بە هەق و بە نەهەق شەرعییەت بە بوون و بە زەرورەتی بەردەوامبوونی ببەخشێت و خۆی لە گێلی بدات و ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکات، کە غیابی گوتاری ڕۆشنبیریی دەکاتە گۆڕستانی پرسیارو،دیارە غیابی پرسیار دەکاتە خۆ دزینەوە و ڕاکردن لە ئیستاو کێشەکانی ئیستا بە ئاڕاستەی ڕابردوودا نەك بە ئاراستەی ئایندەدا.ئیدی لێرەوە زەمینە بۆ کۆڵکە حیزبی و زڕەسیاسی وسیاسەتنەدار!! خۆش دەبێت، بە کەماڵی

ئارەزوو،بێهیچ ترس و دوودڵییەك، گەمە بە چارەنووسی میللەت بکەن و لە مەزاتخانە سیاسیە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، سووکترین مامەڵەی پێوە بکەن...

"٣"

هەڵبەتە هەر قۆناغەو پرسیاری خۆی هەیە و هەر پرسیارەش بۆ وەڵامی خۆی دەگەڕێت، وەڵامیش لە هەمان ژینگەدا پەنهانە کە ئەو پرسیارانەی تیا دروست دەبن و پێویستە لە ڕێگەی ئەقڵ و ئەقلانییەتەوە بێتە دۆزینەوەو کەشفکردن. چونکە ئەقڵ سەرچاوەی هەر زانست و زانیارییەکەو هەموو حەقیقەتەکان بە ئەقڵ دەناسرێنەوە..جا لەم حاڵەتەدا نە ڕێکەوت و نە غەیبانییەت جێیان نابێتەوە، ئیدی ئەقڵگەرایی دەبێت بە سەرەتایەك بۆ پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەلسەفە..هەنگێ مرۆڤ لە هەر پابەندییەك جگە لە پابەندی ئەقڵ، ڕزگار دەبێت و مرۆڤ دەبێت بە بوونەوەرێکی ئەزموونگەراو لەوێوە هزرو بیری خۆی هەڵدەهێنجێ و ئەقڵ لە جیهانی واقیعدا گەشە دەکات و دەخەملێ و ئیدی هەموو مومارەسەیەکی مرۆڤانی بە پشتیوانی ئەقڵ ئەنجام دەدرێت..کە ئەقڵ بوو بە تەوەری ژیان ، ئیدی میکانیزمی پێشکەوتن و پەرەسەندن ڕەوتی خۆی وەردەگرێت و مرۆڤ دەبێت بە چەقی گەردوون و هیچ بیرێکی ئامادە و کلێشەیی قەبووڵ ناکات، واتە مرۆڤ خۆی ،خۆی بەدی دێنێت و هەنگێ دەبێت بە کانگای ناکۆکیان چ لەگەڵ خۆیدا و چ لەگەڵ خەڵکانی دیکەو ژینگە و دەوروبەردا، چونکە هەر کاتێك مرۆڤ لە ناکۆکییەکانی خۆی پاك بووەوە دەبێ بە بووکەڵەیەکی بێدەسەڵات و جاڕی مەرگی خۆی دەدات..ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناکۆکییەکان داینەمۆی پێشڤە چوون و پێشکەوتنە و هزریش لە ئەنجامی ناکۆکیدا زاوزێ دەکات و پەرە دەسەنێت و گەشە دەکات و ڕێگەی ئایندە ڕوناك دەکاتەوەو بەسەر ئایندەدا دەکرێتەوەو هێزی مرۆڤ و بەهرەو توانا فلیڤانییەکانی کەشف دەکات..

هەڵبەتە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕۆشنبیریی میللەتان و شارستانیانی پێشکەوتوو، کارێکی ئەرێنییەو ئەزموونی رۆشنبیریی خۆماڵی دەوڵەمەند دەکات و جۆرە پەیوەندییەکی ڕۆشنبیریی دروست دەکات و میللەتان لێکدی

نزيك دەكاتەوەو زياتر يەكدى دەناسن.بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسەيە، تەنيا لاسايى كردنەوەيەكى سەرڤەسەرڤە بێت و بۆ خۆ نواندن بێت، هەنگێ هيچ پەيوەندييەكى ڕۆشنبيريى يەكسان و هاوسەنگى لێناكەوێتەوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە تەنيا پەيوەندييەكى نايەكسان و ئيستهلاكى و سەرسامى لێدەكەوێتەوە..

جا بۆ ئەوەى زۆريش غەدر لە ڕۆشنبير نەكەين، هەقە ئاماژە بەوەش بكرێ، كە ڕۆشنبير، بە تايبەتى لەم عەسرە تێكڕژاو و جەنجاڵەى گلۆباليزەدا، سوپەرمان نييە و دارعاساى جادوويى پێ نييە كە بكارێت، لە جياتى خەڵكى ڕوو بە ڕووى كێشەو تەگەرەكان ببێتەوەو لە كەفلە كونێكدا چارەسەريان بكات.بەڵام وێڕاى ئەوەش، ڕۆشنبير وەكو كەسێكى هۆشمەند، كە خاوەنى گوتارو بۆچوون و قەناعەتى تايبەتييە، دەكارێت لەو ڕێگايەوە تەماس دەگەڵ خەڵكيدا بگرێت و بياندوێنێ، لەسەرێتى لە گازى(ندا)و بانگەوازو گوتارە ڕۆشنبيرييەكانيا، دڵسۆزو ڕاستگۆ بێت و متمانەى دوێنراوانى خۆى لە دەست نەدات و لەبەر خاترى بڕێك ئيمتيازات خيانەت لە پەيامى خۆى نەكات و نەبێت بە كەوا سوورى بەر لەشكرى دەسەڵات، يان دێوجامەى ڕاوە جەماوەر،يان دژايەتى ئەو ڕۆشنبيرانە بكەن كە وەكو ئەم بيرناكەنەوە، بە كورتى و بە كرمانجى هەق نييە ببن بە دەلاڵى دەسەڵات و ڕووى دزێوى مكياج و جوان بكەن و پاكانەى جۆراو جۆرى بۆ بكەن.بە هەرحاڵ كەس داواى ئەوە ناكات كە ڕۆشنبير سوپەرمان بێت، يان هەڵگرى دارعاساى سيحرى بێت و پەرجووان بنوێنێت، بەڵام بە حوكمى ئەوەى خاوەن گوتارە، خۆ دەبێت شايەدى راستگۆى سەردەمى خۆى بێت وسبەێنێ خەڵكى نەڵێن، ئەرێ ڕۆشنبيرەكان بۆ بێدەنگ بوون؟!لە گوێى چ گايەكدا نوستبوون، بۆچى نيشتمان بووبوو بە گۆڕستان و لەو بێدەنگييە سامناك و كوشندەيەدا نقووم بوو بوو؟!جا ڕۆشنبير بۆ ئەوەى مەسئولييەتى بێ وەڵاميى ئەو پرسيارەى بە ملدا نەيەت، لە سەرێتى، ڕاستگۆيانە قسە بكات، ڕاستگۆيانە، ئەو قسەيە بكات كە پێويستە بكرێت.

یەکێك لە دیاردە هەرە زەق ودیارەکانی کوردەواری، ناتەبایی و هەڤدژی و هەڤڕکی و لێکدووریە، بیرکردنەوەی خێڵەکیانەیە. دیارە دیاردەی خێڵایەتی بە گشت تان و پۆیەکانییەوە، دیاردەیەکی ئەزەلی نییە کە لە چارەی خەڵکانێك نووسرابێ ولە چارەی خەڵکانێکی دی نەنووسرابێت،بەڵام بەرەنجام و زادەی قۆناغی مێژووییەو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو خێڵەوە هەیە، بە کورتیەکەی لە بۆشاییەوە هەڵنەقولاوە، بەڵکو بەرەنجامی کۆمەڵێك هۆو فاکتەرێن کەڵکە بووی پێش خۆیەتی..بە هەرحاڵ دیاردەی خێڵایەتی چەند مکووم و بتەویش بێت، هەر دەگاتە قۆناغی پیربوون و مردن و ئیدی قۆناغی دوای خۆی دەرنگ یان زوو، دەینێژێت..گەورەترین فاکتەری داوەشین و هەڵوەشانەوەی سیستەمی خێڵایەتی سەرهەڵدان و پەیدابوونی پەیوەندییانی بەرهەمهێنانە.بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە کاتێ پێکهاتەو بونیادی سیستەمی خێڵایەتی هەرەس دێنێت، ئاسەوارەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەردەمێنێت و کەم و زۆر لە سیستەمی پاش خۆیدا ڕەنگدەداتەوە،بە تایبەتی بۆ میللەتێکی بندەستی کۆلۆنی وڵات، کە ڕێگەی نەدرابێ بە ئەزموونی خۆی بژی و ژیان بجەڕبێنێ و وەکو پێویست لە بەرهەمهێنانی مێژوودا بەشدار نەبووبێ..بۆیە کوردەواری لە هەرێمی کوردستاندا،لە پاشاگەردانی پاش هەرەسی سیستەمی خێڵایەتیدا، سەراسیمە و سەرگەردان،بە دیار کێشە مۆدێرنەکانی سەردەمی گلۆبالیزەوە دۆش داماوەو غافڵە لەوەی کە ئەم کێشانە، بە ئەوزارو ئەقڵیەتی خێڵەکیانە ،کە مخابن بەسەر تێکڕای حیزبەکانی هەرێمی کوردستاندا، بە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتیانەوە زاڵە، نایەتە چارەسەرکردن.بۆیە ئەمڕۆکە لە گێژاوێکدا دەژین، خۆیشمان نازانین بەرەو کوێ دەمانبات، وێڵ و گومڕا، نە هۆمان لێ مەعلوومە نە ئەنجام، لە جیاتی پرسیار بکەین و لە وەڵام بگەڕێین، نائومێد و سەرگەردان، مەسئولیەتی ئەم هەمووشکست و هەرەس و داڕووخانە بە ملی خەڵکی دیدا دەدەین کە ئەمە تەنیا لە بیرکردنەوەی خێڵەکیانە دەوەشێتەوە.لە بیرکردنەوەی خێڵەکیانەدا کەمترین پەراوێزو دەرفەت بۆ دیالۆگ هەیە، کە دەشێت بە یەکەمین هەنگاوی ئەقڵانی دروست بەرەو دۆزینەوەو کەشفکردنی هۆی تێکڕای کێشەکانی ژیان دابنرێت.لە دیالۆگی دروست و ڕاستەقینەدا، مەرجە

لایەنەکانی دیالۆگ ئیعتراف بە یەکدی بکەن، دیارە ئەم ئیعترافە خۆی لە خۆیدا، ئەوە دەگەیەنێت کە هەر یەکێك لە لایەنەکانی دیالۆگ بەشێکە لە بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵگە و دەبێ دەگەڵیا بژی و مامەڵەی لە گەڵدا بکەیت..واتە چەند تۆ هەیت و ئەم بوونەت هەق و مافێکی بێ چەند چوونە، بەرانبەرەکەشت هەمان بوون ومافی هەبوونی هەیە..یەکێك لە مەرجە گەوهەرییەکانی دیکەی دیالۆگ ئەوەیە کە لایەنەکانی دیالۆگ، زەمینە بۆ یەکدی خۆشبکەن کە خۆیان بکەنەوەو چ حەقیقەتێکیان پێیە بیخەنە ڕوو، چونکە هەموو حەقیقەتەکان لای یەك لایەن نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕێژەیی دابەش بووە بەسەر هەموو لایەنەکاندا، واتە دیالۆگ ڕێگە خۆشدەکات بۆ گەییشتن بە حەقیقەت و کاری ئەقڵانی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ڕیشەیی هەمەلایەنەی کێشەو گرفتەکانی قۆناغە قەیراناوییەکان، کە ئەمە تەنیا لە هاماج و کەش و هەوای دیموکراتیانەدا مەیسەر دەبێت، واتە دیموکراتییەت کلیلی کردنەوەی دەرگای گشت کێشەکانە، دیارە دیموکراتییەتش وەکو ئاماژەمان کردێ کاڵایەك نییە لە هەندەرانەوە هاوردە بکرێت و بخرێتە بازاڕەوەو ئیدی تەواو ،خۆ بە خۆ بڵاوببێتەوە،بەڵکو شێوازێکی مامەڵە کردنە دەگەڵ هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ژیاندا، دەگەڵ تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەدا، بە وردو درشتەوە،دەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا،لە نێو هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکاری و دادڤانیدا،پێویستە ڕۆژانە مومارەسە بکرێت و ببێ بە بەشێك لە تەربیەت و پەروەردەی جەماوەری خەڵك، هەنگێ دەشێت ببێ بە سەرەتایەك بۆ چارەسەری دوز و کێشەکان، بۆ دۆزینەوەو هەڵێنجانی کۆمەڵێك ڕێساو میکانیزمی چۆنیەتی مامەڵەکردنی خەڵکی لە نێوان خۆیاندا، لە گەڵ دەسەڵاتدا، لە گەڵ خەڵکی دیدا، لەگەڵ تێکڕای دیاردەو ڕووداوەکاندا.

جا بەم پێودانگە، دیموکراتییەت نە خواستێکی ئاسان و خۆشدەستە و نە لە شەو و ڕۆژێکدا دێتە دی. وەکو گوترا کلیلی ئەفسووناوی و چارەسەری تەواویش نییە، بەڵکو سەرەتایە بۆ چارەسەران..هەڵبەتە کۆسپ و تەگەرەو نەیارانی ناوخۆ و دەرەکیشی زۆرە،چونکە هەموو دیاردەو ڕووداوێك هەم هەوادارانی هەن هەم دژمنان.. بەڵام دژمنی هەرە سەرەکی دیموکراتییەت

ئەوانەن کە بە درۆوە بانگەوازی بۆ دەکەن و وەکو پێویست باوەڕو قەناعەتیان پێی نییەو لە واری پراکتیکیدا، بە شێوەیەکی ڕواڵەتی سەرقە سەرقە، لە چوارچێوەیەکی فۆرمالی نێوەرۆك پوچەڵدا مومارەسەی دەکەن و دکتاتۆریەتی خۆیانی پێدەشارنەوە، یان ئەگەر بە مەبەستی کەمکردنەوەی ناڕەزایی خەڵکی و لە ژێر گوشاری دەرەکیدا ناچار ببن، هەندێ لایەنی فۆرمالی ناوەرۆك بەتاڵی، یەکپارچە ساختەو تەزویری وەکو هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگا و شاراندا مومارەسەی بکەن، ئەوا تەنیا بە خۆیانی ڕەوا دەبینن و بەجۆرێ سەرەکەی بادەدەنەوەو دەیدکتاتۆرێنن جەماوەری تیا قەرزاربار دەکەن، وای دەحیزبێنن هەزار خۆزگە بە دکتاتۆریەت!! بۆیە هیچ سەیر نییە کە خەڵکی داوای جیابوونەوەی حیزب لە حکوومەت دەکەن!! پتر لە بیست ساڵە بەو ئاوایە جەماوەری خەڵکی هەرێمی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە، لە مافی دیموکراتییەت بێبەش دەکرێت..و بە جۆرێ حیزباوی دەکرێت ،ئەوەی لەبیربراوەتەوە، کە دیموکراتییەت مافە، خێرو منەت و بەخششی هیچ کەس و لایەنێك نییە، مافەو دەبێت ڕۆژانە و لە هەموو وارەکانی ژیاندا مومارەسە بکرێت، هیچ کەس و دەسەڵاتێ بۆی نییە بە هیچ هەنجەت و بیانوویەك لەو مافەی بێبەش بکات.بۆیە جەماوەری خەڵك لە سەرێتی، جورئەت و زاتی پرسیارو ڕەخنەی هەبێت، پێداچوونەوەیەکی وردو ئەقلانی بە قۆناغەکانی پێشوودا بکات، هەموو لایەنە نەرێنی و ئەرێنییەکانی شەن و کەو بکات، دان بە فەشەل و ناکامی ئەو بیرو دروشم پرۆژانەدا بنێت کە خراونەتە ڕوو و نەهاتوونەتە دی، بە دوای هۆ و سەبەبکاری هەموو ناکامییەکاندا بگەڕێت و بەهای تێچوونی ئەو پرۆژە ناکامانە دیاری بکات، لێپێچینەوە دەگەڵ خۆی و هەموو لایەنە پەیوەندارەکاندا بکات و،مەسئولیەتی هەموو لایەك، بەهەمان پێوەر دیاری بکات، تا لە قۆناغی دواتردا، هەمان ناکامی دووبارە نەبێتەوە.

"٥"

هەڵبەتە ڕێگای دیموکراتییەت، ڕێگایەکی دوورو درێژ و پڕ هەورازو نشێوە، وەکو گوترا دیموکراتییەت مافەو دەبێ ڕۆژانە و لە هەموو وارە جیاوازەکانی ژیاندا مومارەسە بکرێت تا ببێت بە بەشێك لە تەربێت و پەروەردەی خەڵکی

و خەڵکی پێی ڕابێن و دەسبەرداری ئەم مافەی خۆ نەبن و بەرگریی لێبکەن، بە تایبەتی بۆ گەلی کوردی بندەستی دکتاتۆریەت زەدە، کە دەیان وبگرە سەدان ساڵە لەم مافە بێبەش کراون و داگیرکەرانی تەنیا خۆیان بە شایستەی ئەو مافە زانیوەو و بەو نەفسە مامەڵەیان دەگەڵ کوردا کردووە،کە لەو ئاستەدا نییە ئەو مافەی پێ ڕوا ببینرێ و بە هەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە، ئەمە بکەن بە قەناعەت لەلای خودی کوردیش و گرێی کێماسی لا دروست ببێت!! بۆیە دەبینین کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر بە خەمی مومارەسەی ئەم مافە ڕەوایەی خۆیەوە نییە، کە ئەمە بە زەرەری خۆی و قازانجی دەسەڵاتەو هێندەی دیکە ڕێگای دیموکراتییەت دوور دەخاتەوەو ئەوە لە بیر جەماوەری خەڵك دەباتەوە کە ئەمە مافەو، ماف بە ئاسانی نادرێت، بەڵکو دەسەندرێت و دەبێ خەباتی بەردەوامی لە پێناودا بکرێت و ڕۆژانە لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی ژیاندا مومارەسە بکرێت، تا دەبێت بە بەشێك لە تەربیەت و پەروەردەی خەڵکی و هیچ جۆرە سازشێکی لەسەر نەکرێت، بەڵکو دەکرێت بە ئەوزارو فاکتەری کارا بۆ دیموکراتیزەکردنی ڕژێمی دەسەڵات و تێکڕای دام ودەزگا سیاسی و پیشەیی ونیشتمانی ونەتەوەییەکان.

هەڵبەتەوەکو ئاماژەمان کردێ، دیموکراتییەت چارەسەری ئەفسووناوی تێکڕای کێشەکان نیە،کە لە کەفلە کونێکدا، هەموو کێشەکان تەخت بکات و دنیامان بۆ بکات بە شامی شەریف و مەڕ و گورگ پێکڤە ئاو بخۆنەوە.هەروەها دیموکراتییەت تەنیا قسەی ڕووت و دروشم و ڕاپرسی وهەڵبژاردنی ئەنجوومەنانی ساختە نییە، چونکە کەسێك لە ناخی خۆیدا، لە تەربیەت و پەروەردەیدا، لە ئەقڵیەت و پێکهاتەی دەروونیدا، دیموکرات نەبێ، کە ئەمە تەنیا بە مومارەسەی ڕۆژانە و بەردەوام دێتە دی، ڕۆژ تا ئێوارە لاف و گەزافی دیموکراتییەت لێبدات، فری بە دیموکراتییەتەوە نییەو نابێت بە دیموکرات.. دیموکراتییەت شێوەو قاڵبێکی نەگۆڕو کلێشەو کەتەلۆکێکی ئامادە نییە کە لە سەرانسەری دنیادا بە یەك شێواز و میکانیزم پراکتیزە بکرێت، بەڵکو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێك دەگۆڕێت، بەڵام لە ڕووی نێوەرۆك و جەوهەری سیاسییەوە دەکاتە ((حكم الشعب بالشعب وللشعب)) کە ئەمە دەکاتە مافی ئازادی و

یەکسانی و مافی گوزارشت و دەربڕین بۆ تاك و بۆ كۆمەڵ، دەكاتە مافی هەڵبژاردنی جۆری ڕژێم و ڕەمزەكانی ڕژێم، دەكاتە مافی دەسكاری و گۆڕینی ڕژێم و شێوەی دەسەڵات.

دیارە ئەم مافانە، لە خۆوەو خۆڕسك نە هاتوونەتە ئاراوە، بەڵكو بەرەنجامی هەوڵ و خەباتی دوور و درێژی كۆمەڵگەیە و لە زۆر وڵاتی مۆدێرندا یاساو ڕیسای پێدەركراوەو وەكو مافی بنەڕەتی و ئاسایی مامەڵەو بەرخوردی دەگەڵدا دەكرێت، ڕۆژانەو لە هەموو ئاستە جیاوازەكانی ژیاندا مومارەسە دەكرێت و لە هیچ كەس و دام و دەزگایەك قەبووڵ ناكرێت پێشێلی بكات، حكومەت ودەسەڵات بۆی نییە لێی پاشگەز ببێتەوە، چونكە حكومەت ودەسەڵات بە خۆیشی لەم وڵاتە مۆدێرنانەدا لە سەر بنەمای هەمان ماف هەڵبژێردراوەو گەر لێی پاشگەز ببێتەوە دەڕوخێت و دەڕوخێنرێت..

هەڵبەتە وەكو گوترا دیموكراتییەت خۆ بە خۆ نایەتە دی، هەروەها كاڵایەك نییە هاوردە بكرێت و بخرێتە بازاڕەوە و بڵاو ببێتەوە. بەڵكو خەباتی لە پەستاو بێ پسانەوەی دەوێ، دەبێ جەماوەری خەڵك قەناعەتی تەواویان پێی هەبێت، ڕۆژانەو لە هەموو كایەكانی ژیاندا مومارەسە بكرێت و بە هەموو شێوەیەك زەمینەی بۆ خۆشبكرێت، تا دەبێت بە بەشێكی لە جیابوونەوە نەهاتووی تەربیەت و پەروەردەی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیریی و سایكۆلۆژی خەڵكی. گەییشتن بەم حاڵەتە دەكاتە ئیعترافكردن بە بەرانبەر، دەكاتە مامەڵەكردن دەگەڵیا.هەڵبەتە ئیعتراف كردن بە بەرانبەر و بەرخورد و مامەڵە كردن و دیالۆگ كردن دەگەڵیدا، خۆی لە خۆیدا، هاماج و زەمینە خۆشدەكات بۆ گەنگەشەو چارەسەری هەموو پێویستیە تازەكانی مرۆڤ. ئیدی بەم پێودانگە، دیموكراتیەت دەكاتە باشترین بنەما بۆ دابینكردنی پێویستییەكانی مرۆڤ و بۆ هەڤژینی ئاشتیانەی گشت توێژو چینەكانی كۆمەڵگە، بە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەوە، بە داراو نەدارەوە، بە هێزدارو بێهێزەوە، چونكە ئیعترافكردن بە بەرانبەر و دیالۆگ و مامەڵە كردن دەگەڵیدا، خۆی لە خۆیدا، ئامادەگی و زەمینە سازییە بۆ پێكەوە هەڵكردن.

بەڵام مخابن، دیموکراتیەت لە هەرێمی کوردستاندا، ساڵ بە ساڵ لە پاشەکشەدایە، ئینسانی کورد برسی دەکرێت، بێ ئیش و کارە، دەرفەتی کاری بۆ نارەخسێنرێ، کەس گوێی لێناگرێت، حیزباوی دەکرێت، تاکید لەسەر بە موالی کردنی دەکرێت و،هاووڵاتیەت و مافی هاووڵاتیەتی لە بیر دەبرێتەو و لێی زەوت دەکرێت..سیاسەت وئەخلاق لە داڕوخان و هەرەسی ترسناکدایە، وڵات پڕبووە لە بزووتنەوەی غەیبانی و کۆنەپەرستانە، کە لە ئەنجامدا وڵات لە خەڵکی دەکات بە دۆزەخ..ئەو سەرکردەو سیاسەتوانانەی کە خەڵکی ڕێزی خەبات و تێکۆشانی دەگرتن و وەکو ڕەمز تەمەشای دەکردن، فڕان فڕانیانە بۆ ئەوەی بگەنە لوتکەی دەوڵەمەندی و سامانداری،بێئەوەی هیچ حیسابێك بۆ میللەت بکەن!!کە ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی ئیفلاسی سیاسییە.. گەندەڵی بە ڕادەیەك ڕیشاژۆ بووەو تەرزی هاویشتووە کە بە ڕێژەیەکی زۆر ئەهلی قەڵەمیشی، لە ئەدیب و نووسەرو ڕۆژنامەنووسان گرتووەتەوە، کە گوێیان لێدەگریت وا هەستدەکەیت پەیڤداری بەکرێ گیراون و بەرگری لە گەندەڵی و گەندەڵسازان دەکەن!! غافڵن لەوەی پەیامی ڕۆشنبیریی ئەوەیە کە خەڵکی بخاتە گومانی ئەرێنی و کونجکاوی بەردەوامەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەنی پرسیار ،لە ئیستاو بە ئاراستەی ئایندەدا، بۆ ئەوەی بە جورئەتەوە مومارەسەی ئەو مافە سەرەتاییەی خۆی بکات کە پێویستە لە تێکڕای ئەو قەرارانەدا بەشداری بکات کە پەیوەندییان بە ژیان و گوزەران و چارەنووسییەوە هەیە.. بۆ ئەوەی فام و خوێندنەوەی تازەی بۆ مێژوو ودیاردەو ڕووداوەکان هەبێت..لە چوارچێوەی مافە دیموکراتییەکاندا، بە شێوەیەکی ئەقلانی، گەنگەشەی هەر هەموو دۆزو کێشەکان بکات، بۆ ئەوەی بگەنە باشترین چارەسەر و هیچ هێزو لایەنێك بیر لە سڕینەوەو پەراوێزاندنی هێزو لایەنەکانی بەرانبەری نەکات و..دیموکراتییەت لە نێوەرۆکە ئەرێنییەکەی خۆی بەتاڵ نەکرێتەوەو لە ڕێگای هەندێ ئیجرائاتی بە ڕواڵەت دیموکراتییەوە گەندەڵی و دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی پێ پەردەپۆش بکرێت، کە بە گوێرەی پرەنسیپەکانی دیموکراتییەت، هەڵبژاردنی هەر ڕژێم و دەسەڵاتێك، هەڵبژاردنی ڕەمزەکانی دەسەڵات، هەمووارکردنەوەو گۆڕینی ڕژێم و

دەسەڵات، مافی بێ چەند وچوونی جەماوەری خەڵکە بە هەموو چین و توێژەکانییەوە..

دیارە لەم حاڵەتەدا، مومارەسە کردنی دەسەڵاتیش دەبێ لە چوارچێوەی دیموکراتییەتدا بێت،دەبێ دەسەڵاتداران ئەوەیان لە بیربێت و چاك بزانن و مێژوو شایەدە کە نەدەسەڵات، نە سەروەت و سامان، نەهێز، تا سەر نامێنێ و دەگۆڕێت وزۆرجار هێز لە خاوەنەکەی هەڵدەگەڕێتەوەو سەری ساحێبی دەخوات...هەڵبەتە ڕەوڕەوی مێژوو بە کەس ڕاناگیرێت و ئەوەی ڕێزی مێژوو نەگرێت ڕیسوایی دەدورێتەوە..

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە دووپات بکرێتەوە: ڕاستە دیموکراتییەت چارەسەری ئەفسووناوی نییە، بەڵام لەبارترین، زەمینەیە بۆ ڕیشاژۆ بوونی ئەقڵانییەت. هەر میللەتێکیش کەوتە سەر ڕاستە ڕێگای ئەقڵانییەت، ئیدی دەبێ بە خاوەنی خۆی و بە ئاسانی کۆیلە ناکرێت..

٢٠١٦/١

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- دایره المعارف دموکراسی/زیر نظر سیمور مارتین لیپست/ ترجمه فارسی به سرپرستی: کامران فانی- نورالله مرادی. جلد اول: ا-ت/ کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجه/ تهران، بهار ١٣٨٧

*- اولویت دموکراسی برفلسفه/ ریچارد رورتی/ ترجمه خشایار دیهیمی/ چاپ سوم/ ١٣٨٨/ انتشارات طرح نو

*- عبدالرحمن منیف/ الدیمقراطیة اولا..الدیمقراطیة دائما/ الطبعه الخامسه/الموسسه العربیه للدراسات والنشر/المرکز الثقافی العربی

*- تاریخ دموکراسی در اروپا/ مهدی رجبی/ چاپ اول/ ١٣٨٦/ نشر دنیا نو

*- سلامه موسی و ازمه الضمیرالعربی/ غالی شکری/مکتبه الخانجی بمصر/١٩٦٢

*- دانشنامەی سیاسی( فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی/ داریوش اشوری/ چاپ بیست و یکم/ ۱۳۹۱/ انتشارات مروارید

*- فرهنگ لغات/ دکتر علی شریعتی/ انتشارات قلم/ چاپ ششم ۱۳۹۱

*- پەیڤستانی من/ حەمەکەریم عارف/ چ۱/۲۰۰۹ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

*- سفرەی فەقیران/ حەمەکەریم عارف/ چ۱/ ۲۰۱۲ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

## کوردێنی و.. نەعلەتی حزب

۲۰۱٦/۱۰/۱۰

"۱"

دیارە شکست و هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە دوای یەکەم جەنگی جیهان، گۆڕانێکی گەورە و کاریگەری لە ناوچەی ڕۆژهەڵات و بگرە لە دنیادا بە دوودا هات، گەلێك لە میللەتانی بندەستی تورکان جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندو بە گوێرەی سەردەم و قۆناغەکە کەوتنە خەبات بۆ وەدەست هێنانی خۆبیوونی ڕاستەقینەی هەمەلایەنەی نەتەوەیی و سیاسی و ئابوری، دیارە وڵاتانی ئیمپریالی و سەرکەوتووی جەنگەکە، کە خۆیان لە قەیرانی ئابووریدا دەژیان، ئەمەیان پێ قبووڵ نەبوو، بە بیانووی دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دۆڕاوی جەنگەکەو، بە تەماحی نەوت و دەربازبوون لە قەیرانی ئابووری خۆیان، ناوچەکەیان بە خەڵك و خاکەوە لەبەینی خۆدا دابەش کرد، ئیدی خەڵك و خاکی دەڤەرەکە، کورد گوتەنی لە دەم سەگ بەربوون کەوتنە دەم گورگ.

ئیدی خەبات و بەرخودان دەست پێدەکات و ئیمپریالیزمی ڕۆژاوایی، بە تەماحی نەوت و بایەخی ئابووریی ناوچەکە، دەکەوێتە سەرکوتکردن و قەدەغەکردن و بە لاڕێدابردنی ڕاپەڕینی گەلان و دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی نەوت و سامانی سرووشتی ناوچەکە، دەکەوێتە پشتیوانی لە ڕەوت و هێزە کۆنەپەرست و گۆشەگیرەکان، بە مەبەستی لاوازکردن و پەرتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە.. دیارە ئەم پرۆسەیە زیاتر لە دوای دووەم جەنگی جیهانەوە زەق دەبێتەوە و دەگەڵ بێتوانایی و نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوونی هێزە سیاسییەکاندا یەك دەگرێتەوە، هێزە

سیاسییەکان سەرباری نەبوونی دنیابینییەکی ڕوون سەبارەت بە دیاردە و ڕووداوەکان، لە کێشماکێش و ململانێی ناوخۆوە دەئاڵێنرێن.. ئیدی ململانێی نێوان هێزە ناسیۆنالی و هێزە مارکسیستیەکان و ململانێی نێوان ئەم هێزانە و ڕەوتە ئایینییەکان، تێکڕای خەباتی سیاسی ، پەرت و پارچە پارچە دەکات و دووچاری کەچڕەوی و ڕیڤیژنیزم دەبێت و لە هەردوو ئاستی فیکری و ئاستی پراکتیکییەوە زەرەری گەورە بە ڕاستە بزووتنەوە نەتەوەییەکە دەگەیەنێت، بۆ نموونە لە ئاستی هزریدا،ڕەوتی عەلمانی وئەقلانی دەداتە پاش ، لە ئاستی پراکتیکییەوە ، بزووتنەوە سیاسییەکە ، شەقڵ و مۆرکی چەکدارییی وەرگرت و ئەمە کردییە کارێك جلەوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە شڕە سوپایەکیان پێکەوەنا، بکەوێتە دەست سوپا و هێزی سوپایی، کە ئەمەش زیاتر توند و تیژی بەرهەم دەهێناو، لایەنی سیاسی و هزری بزووتنەوەکە دەکەوتە پەراوێزەوە.. لە کاتێکا هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسی، بە بێ فکری ڕوون، ناوەڕۆکی ڕوون و زانستی پەیدا ناکات.. ڕاستە کورد لە کۆنەوە مەرجە سەرەکییەکانی نەتەوەیی وەکو خاك ومیژوو زمان و خەسڵەتێن دەروونی هاوبەشیان هەبووە و نەتەوە بوون، بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتی لە ناو ئەم نەتەوەیەدا،، لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە دەستی پێکردووە و زیاتر کاردانەوە بووە، تا زادەی خەملین و گەشەکردنێکی فیکری و گەلالە بوونێکی فەلسەفی بێ.

ئیدی بزووتنەوەی کوردایەتی بە لاسەنگی و هەنگەشەلێ بەردەوام بووە، بە پێی قۆناغ و پێشهاتە سیاسییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە دیتووە، دامرکانەوە و هەلگیرسانەوەی بەخۆوە دیتووە.. داگیرکەرانی کورد هەوڵیان داوە و زۆر جار توانیویانە بزوتنەوەکانی کورد کە لە ڕووی ناوەرۆك وگەوهەرەوە، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی پێشکەوتوخوازە.. لە شۆڕشگێڕیەتی بخەن و بیگۆڕن بۆ شەڕ، کە شەڕ لە ماڵویرانی ماددی و مەعنەوی زیاتر هیچی لێناکەویتەوە.

بە هەرحاڵ لە کۆتایی نیوەی یەکەم و سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، گوێ بە گوێی گۆڕانە گەورە پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و ئابووری

سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی دنیا، کە کەم و زۆر کاریگەری بەسەر ئەم دەڤەرەشەوە هەبووە، بزوتنەوەی کوردایەتیش پیی نایە قۆناغێکی تازەوە و پێویستی بەوە بوو لە قالب و شێوەیەکی تازەدا خۆی ڕێکبخات و گوزارشت لە مەرام و داخوازییە سیاسییەکانی خۆی بکات و لە پێناویاندا بخەبتێ، ئەوە بوو ڕێکخراو و حزبی سیاسی مۆدێرن دامەزرا، بەلام مخابن کورد کە هەموو مەرجێکی نەتەوەی تیا بوو، لە ئەنجامی تەقسیمبەندییە ئیمپریالیەکانی پاش هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، بوو بە چوار پارچەوە و بە بێ ویستی خۆی بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکرا، لە جیاتی ئەوەی خەبات لە پێناوی رزگاری لە ژێر دەسەڵاتی یەك داگیرکەردا بکات، دەبوایە لە پێناوی ڕزگاری لە ژێر دەسەڵاتی چوار داگیرکەردا بخەبتێ، کە کەمترین مافیان بە نەتەوەی کورد ڕەوا نەدەبینی و چوار دەسەڵاتی یەك لە یەك دکتاتۆرتربوون سەبارەت بە کورد، ئەمە جگە لەوەی، لە زۆربەی هەڵوێستە سیاسییەکاندا ناکۆك و هەڤڕکی یەکدی بوون، لێ لە هەنبەر کێشەی کورد و سەرکوتکردنی نەتەوەی کوردا، موو بە بەینیانەوە نەدەچوو وهاوکاری یەکیشیان دەکرد و ئەم واقیعە تاڵە تاکو ئیستاش بەردەوامە.

جا بۆ نەگبەتی کورد، لەو دابەشکردنە ئیمپریالیستیانەدا کورد بە جۆرێك دابەش کراوە، کە لە هەر چوارپارچەکەدا کەمینەیە و تەنانەت وەکو پێویست ناتوانێ سوود لە دیموکراتییەتش ببینێ، ئەگەر دیموکراتیەت هەبێت!! یانی کورد بە تۆپزی لە قالبی چوار سیستەمی حوکمڕانی جیاواز درابوو و تا ئێستاش بەردەوامە، کە کوردی لە ڕووی جوگرافیی و ئابووری و کەلتوورییەوە بە تەواوەتی لێکدی دابڕی و دوورخستەوە، کە ئەمە ئەرکی بزوتنەوەی کوردایەتی هێندەی دی گران کرد، دەبوا کورد لە پێناوی هەم یەکگرتنەوە و هەم ڕزگاری نەتەوەییدا بخەبتێ و، یەکخستنی ئەم دوو سەنگەرەش هەروا ئاسان نەبوو، بەلای کەمەوە، ناچاری دەکردیت ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بووە، خەباتی چینایەتی پەراویز بخرێت، کە ئەمەش لایەنی نەرێنی خۆی هەبوو و یەکیك لە نەرێنییەکانی ئەوەبوو خەڵکانێکی ناشۆرشگێر وناشایستە لە کەناڵی جیاوازەوە دەگەیەنرانە سەرکردایەتی بزوتنەوەکان و.. بە هەرحاڵ، کوردایەتی یا خەباتی کوردێنی خەباتێکی یەجگار دژوار و سەخت و ئاڵۆز بووە، خەبات بووە دژی توانەوەی نەتەوەیی،

خەبات بووە لە پێناوی ئازادی و یەکسانی ودادوەری، لە ڕای یەکگرتنەوەی نەتەوەیی، لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەیی.. خەبات بووە لە پێناوی ماندا.

ئیدی کوردێنی بەو بارە گرانەشەوە، هەندێ قۆناغی بڕیوە و حالی حازر بە گویرەی قۆناغە تازەکان، دەبێت لە خەمی خۆ تازەکردنەوەدا بێ و هەقی خۆیەتی بە دەنگی بەرز بیربکاتەوە و ئەوە بە گوێی داگیرکەرانی کورددا بدات، کە دەوڵەتەکانی ئەوان بەم شێوەیەی ئێستا لە سەر حیسابی دەوڵەتی کوردییە! ئەگەر لە سەر ئەم عەقلیەتە پاشڤەڕۆ و تۆرانیزم و پان ئیرانیزم و عەرەبچیاتیە بڕۆن، بیانەوێ و نەیانەوێ کورد ناچار دەکەن، ڕێگای جیابوونەوە بگرێتە بەر و داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بکات،کە لە دوا ئەنجامدا دەکاتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.

"٢"

دیارە کورد زۆر جار بە نێوی برایەتی دینییەوە لە خشتە براوە و کێشە نەتەوەییەکەی لە بیر براوەتەوە و لەوە غافڵ بووە کە مەسەلەی کورد، کەم و زۆر، نە لە دوور و نە لە نزیك مەسەلەیەکی ئاینی نەبووە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسیی بووە، هەرچی ولاتی ئیسلامی هەیە، ئاینیان خستووەتە خزمەتی ئامانج و مەرامە سیاسییە نەتەوەییەکانی خۆیانەوە، کورد بە پێچەوانەی هەموو نەتەوە موسوڵمانەکانەوە، مەسەلە نەتەوەییەکەی کردووە بە قوربانی مەسەلە ئاینییەکە، لە کاتێکدا کە مەسەلەی کورد لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسی بووە نەك مەسەلەیەکی ئاینی، ئیدی ئەمەش ئامانجە نەتەوەییەکەی دواخستووەو لە نێوەرۆکە ڕەوا و پێشکەوتوخوازەکەی بەتاڵ کردووەتەوەو هێندەی دیکە خەباتی یەکگرتنەو و رزگاری نەتەوەیی دژوار کردووە و لە هەر بەشێکی کوردستاندا و بە گوێرەی واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕژێمی داگیرکەر و میللەتی سەردەست شێوازیك وەربگرێت و لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا لە کاتێکی جیاوازدا دەست پێبکات و ڕابەرایەتییەکی یەکگرتوو ڕێبەری نەکات، ئەمە جگە لەوەی، کە فیکری کوردی لەوە لاوازتر و پەراگەندەتر بووە کە وەڵامی قەناعەتبەخشی پرسیارەکانی پێ بێ و ببێت بە داینەمۆی خەباتی سەرانسەری، کە ئەمە وای کردووە ئەم خەباتە زیاتر لە بەشێك لە

بەشەکانی کوردستاندا قەتیس بمێنێ و زیاتر کاردانەوە بێ، تا پرۆژەیەکی بەرنامەداری ستراتیژی نەتەوەیی بێ، کە لە دوا ئەنجامدا گۆڕانی ڕیشەیی گەورەی چ لە ئاستی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر و چ لە ئاستی زەمینەخۆشکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، چێنەکردووە و ئیدی یەکیتیی نەتەوەیی بووە بە دروشمێکی دوورە دەست و لە سایەی ناوچەگەرێتی و حزب حزبێنە و خۆپەرستی و ملهوڕی و نۆکەریی سەرانی حزبییەوە، لە خەڵکی کورد کراوە بە خەونی شاعیرانە و مەحاڵ!! لە کاتێکدا ئەگەر لە پاڵ سەرکردایەتی ناوچەییدا ، سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی ڕاوێژکاری کارا و کارامە، هەبوایە، دوور و نزیك چاودێری سەرکردایەتییە ناوچەییەکانی بکردبایە و ڕێنمایی پێویستی بکردنایە، لە هەڵوێستە هەستیار و ستراتیژییەکاندا ڕاوێژ و تەگبیریان بەیەکدی بکردایە و بەرژەوەندی نەتەوەیی بخرایەتە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە، بێگومان ئەم واقیعەی ئێستا بە شێوەیەکی دی دەکەوتەوە و ئەو بۆشاییە فیکرییە دروست نەدەبوو کە بزووتنەوە و ڕەوتێن ئیسلامی نامۆ بە کوردەواری بەم ئاسانییە پڕی بکاتەوە و بیری نەتەوەیی بشێوێنێ و دروشمی یەکێتیی نەتەوەیی لەبەر چاوی خەڵکانێکی زۆر بخات.. دیارە هەبوونی سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی ئەگەر لە سەردەمانی داخراوی دنیادا بڕێك ئەستەم بووبێ، ئەوا لەم سەردەمی گلۆبالیزەیەدا، کە کوردانێکی زۆر و شارەزا و بە توانا لە ئەوروپادا هەن، کارێکی زۆر ئاسانە و دەکرێت زەمینە بۆ چێبوونی لۆبییەکی کوردی کارا و کارامە خۆش بکرێت.

بە هەرحال کورد لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، نە لە ئاستی فیکری و نە لە ئاستی پراکتیکیدا وێڕای قوربانیدانی زۆر و ئامادەگی میللەت بۆ دانی هەر قوربانییەك ،نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی گەورە و  گرینگ و جدی بە دەست بهێنێ، هۆی هەرە سەرەکی ئەم ناکامییەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ غیابی بیری پێشەنگ و سەرکردایەتیەکی بە توانا و کارامە و لێهاتوو.

هەڵبەتە کورد لە دوای دووەم جەنگی جیهان و، گۆڕانی پێوەرو پەیوەندییە نێودەولەتییەکان، هەستی کرد، نەك هەڕەشەکانی لە سەر کەم نەبووەتەوە،

بگرە زیادیشی کردووە، بۆیە بە پێویستی زانی زیاتر ڕیزەکانی خۆی یەکبخات و، ڕێکخراوە سیاسی و حزبە چکۆلەکان یەکیان گرت، تا لە یەك مینبەرەوە گوزارشت لە کەڵکەڵە و ئەڵها ئازادیخوازییەکانی خۆی بکات و بە گوێرەی توانا و لە پەراوێزی ئەو واقیعە فشەڵەوە کە لە ئاکامی جەنگی جیهانییەوە هاتبووە ئاراوە و بە حوکمی ئەو هەڕەشەیەی بە هەمان نەفەسەوە لە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان دەکرا، خەباتی بۆ بکەن. ئیدی بیری نەتەوە پەروەریی کورد جۆرە هەڵکشانێکی بە خۆوە بینی، بۆ ماوەیەکی کەمیش لە واری پراکتیکیدا، پراکتیزە کرا، بەڵام چونکە ئەم هەڵکشانە زیاتر کاردانەوە بوو و، بە هۆی پاشکەوتوویی ئەو دامودەزگا و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە گوزارشتیان لەو بیر وخویندنەوەیە دەکرد، ئیدی کورد نەیتوانی لە تاقیکردنەوە سەخت و دژوارەکەی ساڵی ١٩٤٧ دەربچێت ، ئەگەرچی بزوتنەوەی کوردایەتی بەم شکستە هەندیك کز بوو، بەڵام کورد کۆڵی نەدا و خۆی بۆ دەرفەتێکی دیکە ئامادە دەکرد، سوور بوو لە سەر ئەوەی بە خوێنی ڕۆڵەکانی باجی ئازادی بدات و بە هەر نرخێ بووە بیگاتێ، بەڵام ڕێگای کوردایەتی وەکو دەڵین بە گوڵ ڕانەخرابوو، جۆرەها هەوراز و کۆسپ و تەگەرەی لە بەردەمدا بوو، زۆربەی ڕابەران و بانگخوازانی بیری ئایینی، نکوڵی تەواویان لە ڕەوایی بانگەوازی نەتەوەیی دەکرد، بە جۆرە دەرچونێك لە ئیسلامەتییان دەزانی و بە چاولێکەری فەڕەنگییان لە قەڵەم دەدا و ، کە گوایە بۆ میللەتانی موسڵمان دەست نادات و دەگەڵ کەلەپووری ئیسلامەتیدا تێکناکاتەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە، چونکە بیری نەتەوەیی لە بنەرەتدا و لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، بیرێکی سیاسی بوو، لە هەر ڕەهەند و مەودایەکی ڕوون و ڕەوانی کۆمەڵایەتی و جڤاکی بەدەر و بە دوور بوو، و بۆ ئەوەی ڕکابەری و هەڤڕکی ئەو بیر و هێزانە بکاتەوە کە لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستدا سەریان هەڵدا و پەیدا بوون، بایەخی سەرەکیان بە لایەنە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکان دەدا، بۆیە بیری نەتەوەیی نەك هەر لای کورد، بەڵکو لای نەتەوە بندەستەکانی دیکەش، وەکو عەرەب، کەوتە ڕکابەری ئەو بیرانە و هەڵویستی نەرێنییان لە هەنبەریا وەرگرت، کە ئەم هەڵویستە نەرێنیانە هەندێجار شەقڵ و مۆرکی دوژمنایەتی وەر دەگرت، دیارە ئەو بیر و

هێزانەش، هەمان هەڵویستیان بەرانبەر بە بیر و هێزی نەتەوەیی وەردەگرت، بە کورتی و کرمانجی ململانێ وکێشماکێشێکی توند لە نێوان هێزە مارکسییە ئینتەرناسیۆناڵەکان وهێزە نەتەوەییە ناسیۆنالستییەکاندا هەبوو، کە هێندەی دی چەمك و مەفهومی بیری نەتەوەیی لە جەماوەری خەڵکی کورد ئالۆزاند.

ئەمە جگە لەوەی کە بیری نەتەوەیی کورد، چونکە تیورییەکی جێگیر و پوختەی لە پشتەوە نەبوو، بۆیە هەڵویستێکی تیۆری پوختەی بەرانبەر بە دیاردە و ڕووداوەکانی وەخت نەبوو، زۆربەی کات هەر کاردانەوەیەکی سادە و ئاسایی بووە، کە ئەمە تا ئەمڕۆش خاڵی زۆر لاوازی بزافی کوردێنییە.. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە بمانەوێ بزووتنەوەی کوردایەتی کەڕەتی سفر بکەین، یان لە بایەخی کەم بکەینەوە، بەڵکو بەو مەبەستەیە سوود لە ئەزموونی رابردوو وەربگرێت و بتوانێ ڕوو بە ڕووی کۆسپ و تەگەرەکانی ئێستا و ئایندە ببێتەوە و زاتی وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکانی قۆناغی ئێستا و ئایندەی هەبێت و خۆی لە هیچ وەڵامێك نەدزێتەوە.

"٣"

جا با بێینە سەر پێناسەی نەتەوە، نەتەوە دەکاتە کۆمەڵێك خەڵك کە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی جوگرافیایدا، زمان و مێژوو وخەسلەتی دەروونی و بەرژەوەندی هاوبەش یەکیان دەخات، نەتەوەپەروەری لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا، دەکاتە بزووتنەوە و تەڤگەرێکی ئازادیخوازی نیشتمانی و گۆڕانی شارستانی، کار بۆ یەکێتی گەل و تواناکانی گەل، بۆ ئازادی و ڕزگاری خاك و خەلك، بۆ بونیاتنانی کۆمەڵێك پەیوەندی تازەی ناوخۆ و دەرەکی لە سەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و داد دەکات.کار بۆ دنیایەکی باشتر ومرۆڤانی تر دەکات.

بەمەش لە هەر شەقڵ و مۆرکێکی نەژادی و نەژاد پەرستی دوور دەکەویتەوە، چونکە لەم پەیوەندییەدا پشت بە ڕەگەز یان خوین نابەسترێت، بەڵکو هەرکەسێك لەم خاکەدا دانیشێت و وابەستەی ئەم خاکە بێت، ئیدی لە هەر نەژاد و رەگەزێك بێت، هەمان ئەرك و مافی هەر

هاووڵاتییەکی ئەم خاکەی هەیە، واتە دوورە لە هەر رەگەزپەرستییەك و بە یەك چاو دەڕوانێتە هاووڵاتیان.

هەروەها بە چاوی یەکسانی و مرۆڤانی دەڕوانێتە گەلانی دیکە و بە مەبەستی دنیایەکی باشتر و مرۆڤانیتر و دوور لە هەر چەوساندنەوە و رەگەزپەرستییەك مامەڵە دەگەڵ گەلانی دیدا دەکات، پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بە مافی بێ چەند و چوونی هەموو گەلان دەزانێ و ژیار و شارستانییەت بە زادەی کارلێك و هاوکاری هەموو گەلان دەزانێ، واتە نەتەوەپەروەری وابەستەگییەکی خۆڕسکە، دوور لە هەر سەپاندنێکی دەرەکییە، زادەی ویست و خوایشتێکی ئازاد و ئارەزوومەندانەیە کە ڕەگی دەچێتەوە سەر کۆمەڵێك فاکتەری وەکو زمان و مێژوو، خەسڵەتێن دەروونی و بەرژەوەندی هاوبەش.. جا ئەم فاکتەرانە هەندێك تایبەتمەندی بە هەر گەل و نەتەوەیەك دەبەخشن کە بە هۆیەوە دەناسرێتەوە و لە گەلانی دی جیای دەکەنەوە.

نەتەوەی کورد هەموو مەرجەکانی نەتەوەی بە زیادەوە تیایە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانییە، لە ڕای گۆڕانی شارستانیانەدا دەخەبتێ و دەیەوێ لە هەر بندەستی و پاشکۆیاتییەك ڕزگار بێت، بە پشتیوانی توانا خودییەکانی خۆی و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونە مێژووییەکانی خۆی و کەلەپووری شارستانییەتی تیرەی بەشەر، نموونەیەکی شارستانیانە دابمەزرینێ و لەگەڵ گەلانی دیدا بەشداری لە چێکردنی پەیوەندییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هاوتاو، بە قازانجی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی تیرەی بەشەر بکات، کەواتە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، بزووتنەوەی کوردێنی، لە پێناو یەکگرتنەوە و یەکخستنی نیشتمان و نەتەوەدا بووە، لە ڕای هاندانی جەماوەی خەڵکیدا بووە، کە چالاکانە بەشداری لە پرۆسەی بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تازەدا بکەن، لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازاد و دیموکراتتدا بووە، دیارە جگە لەوەی کە میللەتانی سەردەست و ڕژێمانی داگیرکەری کورد هەرگیز ئەم مافەیا ن بە کورد ڕەوا نەدیتووە و وەکو هاووڵاتی پلە دوو وکەمتر مامەڵەیان لە گەڵ کوردا کردووەو لە ڕوانگەیەکی شۆڤینییەوە تەماشای کوردیان کردووە،

بزووتنەوەی کوردایەتی بە خۆیشی زۆر جار کاردانەوە بووە و بەرنامەیەکی دیار و ڕوون و ستراتیژی نەبووە، نەیتوانیوە لە ڕێگای خەباتی جێگیر و بەردەوامەوە، جەماوەری خەڵك ئامادە بکات کە بە کردەوە و بە جدی لە بزووتنەوەکەدا بەشداری بکەن و داخوازییەکانی جەماوەری خەڵك بێنیتە دی، دیارە یەکخستنی کۆمەڵگە ناکاتە یەکخستنی ڕاستەوخۆی سیاسی، چونکە یەکخستنی سیاسی زیاتر لە یەکێتی سایکۆلۆژی و سوسیۆلۆژی، لە یەکێتی بەرژەوەندییەوە وەکو ئەوزارێك بۆ بەرگری و داکۆکی لە خۆ بەرامبەر بە هەڕەشە و مەترسییە چارەنووس سازەکانەوە هەڵدەقولێت، جا کوردێنی وەکو پێشتریش وتمان لە سەرەتاوە بیرێکی سیاسی بووە، لە هەر ڕەهەند و مەودایەکی ڕوون و ڕەوانی کۆمەلایەتی و جفاکی بەدەر ودوور بووە، کە یەکێکە لەو مەرجانەی زەمینە بۆ گەیشتن بە یەکێتیی سیاسی خۆش دەکات، جا ئەم یەکێتییە وا دەخوازیت ڕزگارکردنی خاك و خەڵك لە ئامانجە سەرەکی و جێگیر و بەردەوامەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بێت، ڕزگارکردنی خاك لە داگیرکەر، ڕزگارکردنی خەڵك لە بندەستی و هەژاری و زامن کردنی ئازادی و کەرامەت و کار و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك، جا ئەمەش بەوە دێتە دی، کە لە چوارچێوەی بەرنامە و نەخشەیەکی ڕوون و ئاشکرادا هەموو هێز و ئیمکاناتەکان لە پێناوی رزگاریدا ئامادە و تەیار بکرێت، هەروەها پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستیانەی قۆناغەکە هەیە، بە گوێرەی توانا خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی  فەراهەم بکرێت و زەمینە خۆش بکرێت تا هاوولاتیان چالاکانە بەشداری لە پرۆسەی ڕزگاری و لە پرۆسەی بونیاتناندا بکەن، کە ئەمە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا ( زیاتر مۆدێلەکەی کوردستانی باشوورمان مەبەستە) یا نییە یان ئەوەندە کەمە لە نرخی نەبواندایە.

هەڵبەتە یەکگرتنەوەی خاك و خەلکی کوردستان، مافێکی ڕەوای کوردە و لە سەر حسابی هیچ میللەت و دەوڵەتێکی دیکە نییە و گەرانەوەی حەقە بۆ حەقداران، گەڕانەوەی هاوسەنگی سیاسییە بۆ ناوچەکە  و ڕژێمانی داگیرکەری کوردستانیش لە ترس و دڵەڕاوکە و دڵە خورپەی، خۆیان گوتەنی جیابوونەوە خوازی کورد !! دەخەلەسێن.

هەر پارچەیەکی کوردستان وەربگری، هەندیك کەمینەی ئایینی یان ئیتنی تێدایە، ئیدی ئەمانە لە بنەرەتدا کوردستانی بوون، یان بە هۆی گۆڕینی دیموگرافییەوە هێنراونەتە کوردستان، لە کوردستاندا ئاکنجی بوون.. و لە کوردستاندا ژیاون و هەمە جۆری و چەشنە دەوڵەمەندییەکی مرۆڤانییان پێبەخشیوە و بە ئاشتی و برایەتی لە گەڵ یەکدیدا ژیاون و پێکەوە بەشدارییان لە بونیاتنانی نیشتمان و دەوڵەمەند کردنی کەلەپوور و کەلتووری وڵاتدا کردووە، بە دەگمەن ئەم هەڤژینییە سەنگەلابووە ، کە جار جارە شتی لەو بابەتە ڕووی دابێ، یا بە فیت و دەسیسە و هاندانی لایەنێکی دەرەکییەوە بووە، یا بە هۆی زوڵم و غەدری خەڵکانێکی سەر بە میللەتی زۆرینە، لەم کەمینە یان لەو کەمینە ڕووی داوە، هەڵبەتە دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە کورد، هەرچەندە زۆرینەش بوو بێ ، چونکە خۆی لە لایەنی ڕژێمی داگیرکەر و میللەتی سەردەستەوە، غەدری لێکراوە، بە پراکتیکی چەوسێنراوەتەوە، کەمتر غەدری لەو کەمینە ئاینی و ئیتنییانە کردووە کە لە کوردستاندا بوون، بە تایبەتی کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی ئاینی نەبووە ، بۆیە ئەو هەستیارییە ئاینییەی نەبووە کە تەحەمولی کەمینە ئاینییەکانی کوردستان نەکات...!

لە کوردستاندا زۆر کەمینەی ئاینی وئیتنی هەبوون لەوانە: فەڵە و دیان، ئەرمەنی، جوولەکە، زەردەشتی، ئێزدی، شەبەك، عەلەوی، شیعە، ئاشووری، کلدانی، تورکمان و کاکەیی، کە هەندێك لەم کەمینانە بە ڕەگەز کوردن و خۆ بە کورد دەزانن و هەندێکی دیکەیان ئەگەر خۆ بە کوردیش نەزانن، خۆیان بە هاونیشتمانی کورد و بە کوردستانی دەزانن، خۆ ئەگەر لە قۆناغێکدا جۆرە سووکە بەد حاڵیبوونێك لە نێوان کورد و یەکێك لەو کەمینە ئاینی یان ئیتنیانە چێ بووبێت، زیاتر بە فیت و دەسیسەی دەرەکی و بێگانە بووە، یان بە هۆی بەد حاڵیبوونێکی ڕەوتەنییەوە بووە و زوو کۆنترۆڵ کراوە و نەهێڵراوە زۆر قووڵ بێتەوە و ریشە دابکوتێ و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ڕەنگ بداتەوە.

لێ مخابن، لەم دواییانەدا لە ئاخر و ئۆخری سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا، واتە دوای راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ بەهۆی لە پاشدانی خەباتی نیشتمانی و دەستەوەسانی بزووتنەوەی نەتەوەیی ، بەرامبەر بە وەڵامی پرسیارە چارەنووس سازەکان. هەندێ ڕەوتی ئیسلامی سیاسی نامۆ بە کوردەواری، بە شێوەیەکی نائاسایی و جێگەی گومان لە کوردستانی باشووردا سەریان هەڵدا، هەرچەندە هەندێك لەم ڕەوتانە لە دەرێڕا پشتیوانی دەکرێن، بەڵام پێویستە ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە بکرێت کە سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕەوتێن مەزەبی و تایفی، پەیوەندییەکی پێچەوانەی لە گەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی ڕەوتی نیشتمانی نەتەوەییدا هەیە، کە ڕەوتی نیشتمانی نەتەوەیی لە برەو و هەڵکشاندا بێت، ڕەوتە ئاینییەکان لە پاش دەدەن و ڕوو لە سەرەولیژی دەکەن، جا بزووتنەوەی کوردایەتی، لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا، بە تەواوەتی دایە پاش، کەمترین وەڵامی بۆ هیچ پرسیارێکی چارەنووسساز نەبووە، فڕان فڕانە، زۆردار لە بێ زۆری دەفڕێنێ، کوڕ ئەو کوڕەیە خۆی دەوڵەمەند بکات، حزب بووە بە ئامانج و میللەت بووە بە ئەوزار!! کا لە بەر سەگ دەکرێ و ئیسقان لەبەر ئەسپ، ئەمە جگە لەوەی ئەو حزبانەی گوایە نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کوردێنی دەکەن، خاوەنی میتۆدیکی عیلمانی بەهێز وڕوونی ئەوتۆ نین کە وەلامی پرسیارە جارەنووسسازەکان بدەنەوە، جا بە هۆی ئەمەوە بۆشاییەکی سیاسی سایکۆلۆژی ترسناك چێبووە و ڕەوتە مەزەبی و تایفییەکان بە ئارەزووی خۆیان پڕی دەکەنەوە و دوور نییە ئەمە ببێ بە بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەرگیز بە قازانجی بزووتنەوەی کورد ناشکیتەوە.

جا زیندوێتی و بە هێزی ڕەوتی نەتەوەیی، بگاتە ڕادەیەك کە هەموان بگرێتەوە، زاڵبوونی میتۆدی عیلمانییەت، هەڵکشانی ڕێنیسانسی نیشتمانی و نەتەوەیی لە پێناوی بونیاتنان و ڕزگاریدا، لێبووردەیی و سینگفراوانی و ئەقڵانییەتی زۆرینە، مەرج و فاکتەری یەکخستنی ڕیزەکانی گەلن و ولات لە هەر توندڕەوی و پەراگەندەییەك ڕزگاردەکەن، هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە جیاوازی و هەمەجۆری ڕەسەنی مێژوویی دانیشتوانی وڵات، ئەگەر بە شێوەیەکی واقیعبینانە و دیموکراتیانە مامەلەی

لەتەکدا بکرێت، دەکاتە سەرچاوەی دوڵەمەندی نەك بە پێچەوانەوە، بۆیە پێویستە لایەنە زیندووەکانی کەلەپوور، لە فۆلکلۆر و دابونەریت و کەلتووری ناوچەیی، بپارێزرێت و هانبدرێت، نەك بە خورتی دژایەتی بکرێت و هەوڵی سڕینەوەی بدرێت.. واتە ئەوەی داگیرکەر، بەرانبەر بە کەلەپوور و دابونەریت و کەلتووری ئێمەی کورد کردوویانە، ئێمە لەگەڵ کەمینە ئاینی وئیتنییەکانی کوردستاندا نەیکەین و بە نەفەسیکی نیشتمانی و بە میتۆدێکی عیلمانی و دیموکراتی ئەوتۆ مامەڵەیان لە تەکدا بکەین، کە هەست بە کوردستانیەتی خۆیان بکەن، وەکو هەر هاونیشتمانییەکی ئەم وڵاتە بەوپەڕی ئازادی و بە ئەزموونی خۆیان مومارەسەی ژیانی تیا بکەن و هەل ومەرجی دیموکراتیانەی هەڤژینی تەواویان بۆ فەراهەم بکرێت، دیموکراتییەت مەرجی سەرەکی و بەردەوامادنی هەر جۆرە سیستەمێکی هاوژینییە، نەك تەنیا بۆ کەمینە، بەڵکو بۆ سەرانسەری کۆمەڵگە، چونکە دیموکراتییەت فۆڕمولەیەکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی زۆرینە و کەمینە، چ لە ناو خۆیاندا چ بەرانبەر بە یەکدی، واتە زامنی دیموکراتییەتی گشتی، ئەوەیە کە سەرانسەری بێت و بۆ زۆرینە و کەمینە وەکو یەك بێت.

هەڵبەتە کێشەی کەمینە لە میانەی چارەسەری کێشەی زۆرینەوە دێتە چارەسەر، ئەگەر زۆرینە بۆ خۆی کێشەی هەبێت، لە کوێ فریای چارەسەری کێشەی کەمینە دەکەوێ، ئەگەر کەچەڵ دکتۆر بێ، سەری خۆی تیمار دەکات! بۆیە هەر هەوڵیکی چارەسەری کێشەی کەمینە، بە جیا لە کێشەی زۆرینە، لە خەیاڵ پڵاو بەولاوە هیچی دیکە نییە.

جا لێرەدا پێویستە جیاوازی نێوان ئاین و بزووتنەوەو ڕەوتی ئاینی بکرێت، ئایین کە بوو بە بزووتنەوەیەکی ئاینی سیاسی، هەوڵی ئەوە دەدات دەسەلات وەربگرێت، کە دەسەڵاتی وەرگرت ناتوانێ بەو لۆژیکە ئاینییەوە کە پەیڕەوەی دەکات، کۆمەڵگە لەسەر بناغەیەکی مۆدێرن، ڕۆبنێتەوە، ناچارە هەڵویستی توندڕەوانە و کۆنەپەرستانە وەربگرێت و دیارە هیچ وەلامیکی بۆ کێشە هاوچەرخەکان پێ نابێت..

وەکو پێشتر ئامازەمان کردووەتێ ، بزووتنەوە ئاینییەکان هێزی خۆ لە لاوازی بزووتنەوە نیشتمانی نەتەوەییەکانەوە وەردەگرێت، کە ئەمە لە کوردستانی

باشووردا زۆر بە زەقی دیارە، ئیدی لە بارترین ڕێگا بۆ چارەسەر و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەم کێشەیە، عەلمانییەتە، بە مانای جیا کردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و دەوڵەتداری، واتە هاووڵاتی یەکسانن و نابێ بە هۆی وابەستەگی ئاینی و مەزهەبییەوە جیاوازییان لە نێواندا بکرێت و پلە و پۆستی دەوڵەتیش دەبێ بەگوێرەی توانا و بەهرەداری و وابەستەگی نیشتمانی، بدرێت بە هاووڵاتیان..

"٥"

دیارە هەر نەتەوەیەك بگری مێژووی خۆی هەیە، کەلەپووری خۆی هەیە، مێژوو و کەلەپوور لە کارلێکی بەردەوامدا بووە دەگەڵ باری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی ڕۆڵەکانی نەتەوەدا و شەقڵێکی وای داوەتێ کە پێی بناسرێتەوە و لە نەتەوەکانی دیکەی جیا بکاتەوە، دیارە هەر گروپ و ڕەوتێك بە جۆرێك دەڕوانێتە مێژوو و کەلەپوور و مامەڵەی لەتەکدا دەکات، بە تایبەتی گروپێن سەلەفی کۆنەپارێز، مێژوو و کەلەپوور بە مەرجەع دەزانن و مێژوو لە دید و بۆچوونی ئەواندا، نەك هەر لاپەرەیەکی سپی و بێگەردە و لەیەك خویندنەوە پتر هەڵناگرێت، ئەویش خوێندنەوەی ئەوانە، یانی کار بۆ پیرۆزاندنی ڕابردوو دەکەن و بەو حەقیقەتە ڕەها و نموونەییەی دەزانن کە لەبەری بگیرێتەوە و کۆپی بکرێتەوە، بکرێت بە چەکێك بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئێستای پڕ لە زولم و زۆر و چەوساندنەوە و نەهامەتی.. کە ئەم بۆچوونە نەك هەر بۆچوونێکی هەڵە و ناواقیعییە، بەڵکو مەحاڵیشە بێتە دی، هەڵبەتە رابردوش حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، نە بە جارێ ڕووناکی و چراخان و پڕ دەستکەوتی ئەرێنییە، وەکو گروپە سەلەفییەکان وێنای دەکەن و نە تاریکستان و ویرانە و پڕ لە زوڵم و هۆڤیگەرییە . سەبارەت بە زیندووکردنەوە و کۆپی کردنەوەی رابردووش، دەکاتە ئاو لە دنگا کوتان ، چونکە هەلومەرجی بابەتی چ لە ئاستی ناوچەیی چ لە ئاستی جیهانیدا ئەو سەردەمانەی بەزاندووە و بارودۆخێن تازە و جیاواز هاتوونەتە ئاراوە بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی کێشەکانی ئێستا و ئایندە، کێشەی تازە بە ئەوزاری تازە دێتە چارەسەرکردن، لە بەرامبەر دید و بۆچوونی سەلەفیانەدا کە ڕابردوو دەپیرۆزێنێ و بە مەرجەع و سەرچاوەی

هەڵویستەکانی خۆی، سەبارەت بە دیاردە و ڕووداوەکانی ژیانی دەزانێ، جۆرە نۆڕینێکی مۆدیرن و زانستیانەش هەیە، کە هیچ جۆرە ئەرێنییەك لە رابردوودا نابینێ و ڕابردوو بە بار بەسەر ئێستاوە دەزانێ، بە کۆسپ و تەگەرەی دەزانێ لە بەردەم پێشڤە چوون بەرەو ئاییندەیەکی باشتر، بۆیە ڕابردوو بە تەواوەتی ڕەفز دەکات..

دیارە ئەم دوو نۆڕینە هەردووکیان هەڵە و ناواقیعین، بۆچوونە سەلەفییەکە ڕابردووی بە هەموو نەرێنییەکانیشەوە بەلاوە پیرۆزە ، وەکو خۆی کاوێژی دەکاتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات و کۆپی دەکاتەوە و پێی وایە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، هەموو دەردێکی میللەت چارەسەر دەکات، دیارە ئەم بۆچوون و هەڵویستە دەکاتە خۆ دزینەوە لە چارەسەری کێشەکانی ئێستا، دەکاتە پشتگوێ خستنی ئەو پەرەسەندن وگەشەو نەشەو گۆڕانە گەورە و گۆنگ وئاڵۆزانەی کە لە واقیعی ئیستادا چێبووە، یانی دەکاتە فەرامۆش کردنی ئەو واقیعە تازەیەی کە هاتووەتە ئاراوە، هەڵبەتە هەر واقیعێکی تازەش کێشەی تازەی خۆی هەیە، بە ئەوزار و ئەداتی تازە دێتە چارەسەر کردن نەك بە ئەوزاری ڕابردوو، بۆچوونی دووەمیش، کە ئیدیعای عیلمانییەت دەکات، بۆچوونێکی نەرێنی و نەزۆکە وناتوانێ هیچ پەیوەندییەك دەگەڵ واقیعدا چێبکات، لەو ئەنگێزە و هاندەرە ڕاسەقینانە بگات کە جەماوەری خەڵك دەجوڵینن.. جا بەم پێودانگە پێویستە مێژوو بە یادگەی نەتەوە دابنرێت، تا ئەم یادگەیە پڕتر و دەوڵەمەندتر و چالاك تر بێ و بتوانرێ چاك و خراپی ڕابردوو لێکدی هەڵاوێردرێ و سوود لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگیرێت وخۆ لە هەڵە و ناکامییەکانی ڕابردوو ببوێری باشترە، هەڵبەتە نابێ بۆ ساتێکیش وا وێنا بکرێت کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، ڕووداو و دیاردەکان دەقا و دەق وەکو خۆ دووبارە دەبنەوە.. چونکە ڕەوتی مێژوو هەمیشە بۆ پێشەوەیە، وەکو ژیانە، ناگەڕێتەوە، خۆ ئەگەر ڕووداوەکان لە هەندێ ڕواڵەتدا لێکدی بچن، یان بشوبهێنە سەر یەکدی، ئەمە ناکاتە دووبارە بوونەوە، چونکە زادەی هەلومەرجی تازە و جیاوازن، دیاردە و ڕووداوان لە دەرەوەی هەلومەرجی خۆدا، پەیدا نابن و نایەنە ئاراوە، جا بەم پێودانگە، حاڵەتە تازەکان و هێزە تازەکان چارەسەری تازە دەخوازن، هەر حاڵەتێکی تازە ، ئەوزاری تازەی چارەسەری دەوێت، کە باسی مێژوو

دەکرێت بەو مانایە نییە کە دەشێت مێژوو دووبارە ببێتەوە، بەڵکو دەشێت سوودی لێوەربگیرێت .

کەواتە مێژوو شتێکی پیرۆز نییە کە نەشێت موناقەشە بکرێت، یان خوێندنەوە و ڕاڤە و شرۆڤەی جیاوازی بۆ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە مێژوو وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆی پێ نییە، تەنیا یادگەیەکە، دەشێت سوودی لێوەربگیرێت، بەم پێیە مێژوو دووبارە نابێتەوە و دەستکاری ڕووداوەکانی ڕابردوو ناکرێت، بەڵام دەشێت خوێندنەوەی جیاواز بۆ مێژوو بکرێت.. کەواتە مێژوو نە بتە بپەرسترێت، نە دووبارە دەبێتەوە، بەڵکو دەشێت سوودی لێوەربگیرێت و هاندەرێك بێت بۆ پێشڤەچوون.

سەبارەت بە کەلەپووریش دەکاتە کۆی ئەو زانیاریی و زانست و هونەر و داب و نەریت و بەرهەمە مادیانەی بە درێژایی مێژوو ولە ناو مێژوودا درووست بووە، دیارە بەرهەم و بەرەنجامی هەوڵ و کۆششی هاوبەش و بەردەوامی تێکڕای نەتەوە بووە، هەموو ، یا هەندێ بەشی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی ماوەتەوە و لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و پەیوەندی و شێوازی مامەڵە و زەوق و سەلیقەی خەڵکەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەڵبەتە کەلەپووریش کە بەرەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونانی ڕابردووە ، کاتێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی هاتووە و ماوەتەوە، دەقا و دەق وەکو خۆی نەهاتووە، دەستکاری و گۆڕانکاری تیا کراوە، ئەو بەشەی ماوەتەوە کە توانای ژیان و بەردەوامی تیا بووە، بۆیە پێویستە لەو ڕوانگەیەوە مامەڵە دەگەڵ کەلەپووردا بکرێت کە چەند ئێستا و ئایندە دەوڵەمەند دەکات، چەند ئەزموون و زانیاری نەوەکانی ئێستا و ئایندە دەوڵەمەند دەکات، واتە کەلەپووریش قابیلی ئەوەیە دەستکاری بکرێت، بگۆڕدرێت وخوێندنەوەی جۆراوجۆرو تازەی بۆ بکرێت و نابێ بەو بیانووەی کە لە ڕابردووەوە هاتووە و ماوەتەوە، هیچ مۆرك و شەقڵێکی پیرۆزی و پیرۆزاندنی پێوە بنرێت.. هەروەها نابێ بە لوتکەی داهێنان و باڵاترین شێوەی شارستانییەت بزانرێ ودابنرێت، کەواتە دەبێت لە ڕوانگەیەکی بابەتیانەوە مامەڵە لەگەڵ کەلەپووردا بکرێت و ئەو لایەنە ئەرێنیانەی وەربگیرێت کە زیندوێتی و ژیانی تێدایە ودەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا تێکدەکاتەوە.. هەڵبەتە

ڕابردووش لایەنی نەرێنی و ئەرێنی خۆی هەیە و دەبێت لە ڕوانگەیەکی بابەتیانەوە مامەڵەی دەگەڵدا بکرێت و گێژە و بێژە بکرێت و سەربێژنگ و بن بێژنگی لێك جودا بکرێتەوە.

"٦"

وەکو پێشتر ئاماژەمان کردووەتێ، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە ڕووی کرۆك و جەوهەرەوە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوخواز و ڕزگاریخواز بووە، کە ئەمە بە خاڵێکی ئەرێنی حساب دەکرێت و بۆ ئەوەی بەردەوام بێت ، دەبێت لە هەر قۆناغێکدا هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی خۆی هەبێت و ئەم بزووتنەوەیە ببێت بە چەکی دەستی جەماوەر و کارتی گوشار بۆ وەدەستهێنانی ئامانج و داواکانی.

جا لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك لەسەر کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵگە بکەین، کۆمەڵگە لە چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکهاتووە، ئیدی ئەم چینانە لە کێشماکێش و ململانێی بەردەوامدان، کە ئەم کێشماکێشانە هەندێجار سووکن یان شەقلێکی ئاشتیانە یان پەنهان وەردەگرن و زۆر زەق نابنەوە، بەڵام تا چەوساندنەوە هەبێت و بمێنێت هەر دەمێنێت، بۆیە ناکرێ لە ژێر پەردەی نەتەوە پەروەریدا وەیشێرین، یان وا وێنا بکەین شتی وەها نییە. یان وا لە خەڵکی حاڵی بکەین کە نەتەوە پەروەریی و ناسیۆنالیزم لە سەرووی ئەم کێشماکێش و ململانێیانەوەیە و بێهودە هەوڵی ئەوە بدەین ئاشتەواییەکی خەیاڵی چینایەتی درووست بکەین، کە ئەم دیاردەیە بە زەقی بە بزووتنەوەی کوردەوە دیارە ، بەتایبەتی لەم بیست و پێنج ساڵەی دواییدا و لە کوردستانی باشووردا.. هەڵبەتە پێویستە ئاماژەیەکیش بەوە بکرێت کە نەتەوەی کورد بە حوکمی ئەوەی نەتەوەیەکی بندەست و داگیرکراوە، وەکو نەتەوە چەوسێنراوەتەوە و بە هەموو جۆرێ هەوڵی تواندنەوەی دراوەو نەهێڵراوە وەکو پێویست و بە شێوەی ئاسایی نەشونما بکات و پەرە بسەنێت، بۆیە لە ڕووی گەشە و نەشەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیشەوە پەشێوی و شپرزەیی تەواوی پێوە دیاربووە و جۆرە تێکەڵاوییەك لە نێو چینەکاندا هەبووە و نەتوانراوە بە ئاسانی لێکدی جودا بکرێنەوە، بە هەمان پێوەر و تەقسیمبەندی چینایەتی کۆمەڵگە

پیشەسازییەکان پۆلێن بکرێن، کورد ئەگەر دەوڵەمەندی تیا هەڵکەوتبێ بە هۆی نائارامی سیاسی و ناجێگریی ڕەوشی کۆمەڵایەتییەوە ناچار بە خۆی و سەرمایەکەیەوە، باری کردووە بۆ شارە گەورە غەیرە کوردنشینەکانی وڵاتانی تورك و فارس و عەرەب، کە داگیرکەری خاك و خەڵکی کوردن، ئیدی لەوێندەر سەرمایەکانیان خستووەتە گەڕ و دەستیان بە کڵاوی خۆوە گرتووە و تا بۆیان کرابێ، خۆیان لە کوردێنی دوور گرتووە! بەڵام بۆ ئێستا و لەم سەردەمی گلۆباڵیزەیەدا سەرمایەدارانی کورد، دەتوانن بیر لەوە بکەنەوە، بە خۆ و سەرمایەکانیانەوە بچنە ئەوروپا و لەوێندەرەوە وەکو لۆبییەکی سەرمایەداری سیاسی دەوری خۆ لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا ببینن، کە لە سەر حیسابی هیچ دەوڵەتێکی دیکە نابێت، بە هەرحاڵ کورد لە واقیعێکی سیاسی ئابووری ، کۆمەڵایەتی ئێجگار ئاڵۆز و گۆنك و شێواودا دەژی و ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت و نەم گەرەکە لەوەی پتر بە تانیا بچم و ئەمە زیاتر کاری پسپۆڕانە، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم واقیعە تاڵەی هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری گرتووەتەوە، ئەوەمان لێ دەخوازێت کە بە هۆشمەندی و هۆشنیەکی ڕخنەییەوە ئەو واقیعە شیبکەینەوە و تایبەتمەندییەکانی بخەینە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، دەنا بە دەردەکەی سیزیف دەچین و دەبێت لەم دنیایەدا جیا لە هەر میللەت و نەتەوەیەکی دی هەر لە هەوراز و نشێوی بێهوودەدا بین، واتە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا نابێ کێشماکێشی چینایەتی، بە تایبەتی لە کوردستانی باشووردا پەردەپۆش بکرێت، یان بە هەند وەرنەگیرێت، دەبێت بە دیدێکی تازەوە بڕوانینە ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە کۆمەڵگە دەجووڵێنن و بە نەفەسێکی مۆدێرنەوە مامەڵەیان لە تەکدا بکەین و سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی کۆمەڵگە و میللەتانی دی وەربگرین..

هەڵبەتە کورد حەق نییە زۆریش دڵ بە نەوت و دۆزینەوەی نەوت خۆش بکات، چونکە پێشکەوتنی ئابووری ڕاستەقینەی هەر نەتەوەیەك ڕەگی دەچێتەوە سەر پەرەپێدانی سەرچاوە بەشەرییەکانی، زۆر وڵات هەن نەوتیشیان نییە، زۆر لە خەڵکی وڵاتانی نەوتدار باشتر دەژین، چونکە هەر نەتەوەیەك پەرەسەندنی بەشەری بکات بە خەم، سەروەت و سامانی ڕاستەقینە بەرهەمدێنێت، هەر نەتەوەیەك تەنیا پشت بە دەرهێنانی

سامانە سروشتییەکان و فرۆشتنیان ببەستێ، نەتەوەیەکی ئیستهلاکییە نەك بەرهەمهێن.

کاتێ نەوت و داهاتی نەوت دەرفەتی نەشونما و گەشەکردن بۆ هاووڵاتیان دەرەخسێنێت، کە قانوون فەرمانڕەوا بێت، کە دادڤانی سەربەخۆ بێت ، کە ڕۆژنامەوانی ئازاد بێت.. کاری حکومەت شەفاف بێت و لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوە دیموکراتیانە دەرنەچێت و هاووڵاتی لە چوارچێوەی هەمان ئەو دامەزراوانەدا ، لێپێچینەوە لە کارەکانی حکومەت بکات، هەموو ئەو وڵاتە نەوتدارانەی بە تایبەتی وڵاتە موسڵمانەکان، دامەزراوەی دیموکراتییان تێدا نییە، نەوت و داهاتی نەوت وێرانی کردوون، گەندەڵی تێدا ڕیشاژۆ کردوون، ڕژێمی سەرکوتکاری دیکتاتۆریان تێدا دروست بووە.. کە داهاتی نەوت بەسەر حکوومەتدا دادەبارێت، کەرتی تایبەت لاواز دەبێت، چینی ناوەڕاست ، واتا بۆرژوای نیشتمانی دەخنکێنێت، کە ئەمانە دوو کۆڵەکە و پایەی سەرەکی و بنەڕەتین لە بینای دیموکراتیەت و ئازادی ئابووریدا، کە دەرامەت و داهاتی نەوت هەوڵ و دەسپێشکەری و داهێنانی تاکەکان دەخنکێنێ و دەرفەتی کاریان بۆ ناهێڵێتەوە، جیاوازی دەرامەتی خەڵکی زۆر گەورە دەبێت، توێژی دەوڵەمەند ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن و خەڵکە نەدارەکەش برسێتی و بێکاری ناچاریان دەکات ببنە بارمتەی حکومەت و مل بۆ مەرجەکانی بدەن.. بە کورتی و بە کوردی نەوت سامانی لێ پەیدا دەبێ، سامان دەسەڵاتی لێدەبێ، دەسەڵات گەندەڵی لێدەبێت. گەندەڵی دیکتاتۆریەتی لێ پەیدا دەبێت، کە ئەم دیاردەیە لە ئێستاوە، بە زەقی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دیارە!! ئەوەتا نەك هەر هاوسەنگی و بەلانسی چینایەتی کە خۆی لە بنەڕەتدا نادیار و تێکەڵ و پێکەڵ بوو، تەواو شێواوە. بەڵکو لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا چینێکی زۆر دەوڵەمەندی حزبی مێمڵ و مشەخۆر پەیدا بوون، وەکو کوللە داویانە لەم ناوچەیە و دەیخۆن و لە تێربوون نایەن، ٥ -٦ هەزار ملیۆنێر و ژمارەیەك ملیاردێری مشەخۆر بە کەیفی خۆیان قومار بە چارەنووسی ئەم میللەتە دەکەن و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان، بە جۆرێك بەلاڕێدا بردووە گەر کەسێك هەندێك دووربین و گەشبین نەبێت، ڕەنگە بڵێ زەحمەتە بێتەوە سەر ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی، جا لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، تۆ بڵێی چارەنووسی

ئەم توێژە مێملّ و مشەخۆر و نەوتخۆرە لە سەدام حوسێن و مامەر قەزافی باشتر بێت؟..

بە هەرحاڵ کوردەواری ، پێویستی بە پێداچوونەوەی زۆر ورد و شیکردنەوەی مۆدێرن و تازەیە، تا سیما و خەسڵەتە گرینگەکانی دیاری بکرێت و ئەوە دەستنیشان بکرێت کە چ گەشە و نەشونمایەکی لەم قۆناغە تازەیەدا بە خۆوە دیتووە، تا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ناوەڕۆکێکی پڕ بە پێستی ئەم قۆناغە تازەیە وەربگرێت و دەگەڵ پێداویستییە مادی و مەعنەوی و خەون و خولیا واقیعییەکانی کۆمەڵگەدا تێکبکاتەوە و بتوانێ ئەو کۆسپ و تەگەرە و دژوارییانە ببەزێنێ کە دێنە ڕێگای و لەم سەردەمی عیلمانییەت و گلۆبالیزەیەدا چیتر بە ئەقڵییەتی بە ڕواڵەت نەتەوەپەروەری و لە ناوەڕۆکدا قاچاخچیاتی و تالاّنچیاتی ختووکەی سۆزیان بدرێ و لە خشتە ببرێن و بزووتنەوەکەیان لێ زەوت بکرێت و بە لاڕێدا ببرێت.. پێشکەوتنخوازی هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لەوەدایە لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا بێت. دەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا تێکبکاتەوە و پێداویستییەکانی سەردەم جێبەجێ بکات.. ئیدی باوی ئەو بەیت و بالۆرانە نەماوە کە نەتەوە، یان بزووتنەوەی نەتەوەیی لە سەرووی چینە کۆمەلاّیەتییەکانەوە بێت و بەو بیانووەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی و نەتەوەییەت چەترێکە بەسەر هەموو چین و توێژە کۆمەلاّیەتییەکانەوە و نوێنەری هەموو ڕۆلەکانی نەتەوەیە، بەمەش وا لە خەڵکی بگەیەنن کە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە سەرووی کێشەی چینایەتییەوەیە و بەم وتە ڕۆمانسیانە، ختووکەی سۆزی جەماوەر بدەن و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هەر ناوڕۆکێکی پێشکەوتوخوازی، بەتاڵ بکەنەوە و بە لاڕێیدا بەرن و تووشی کەچڕەوی بکەن.

خۆ ئەگەر بزووتنەوەی نەتەوەیی، هەندێك جار و بە تایبەتی بەرانبەر بە دووژمنانی نیشتمان و پێشکەوتن، بکاتە جۆرە بەرەیەکی نیشتمانی، نابی قبووڵ بکرێت لە لایەن خەڵکانی کۆنەپەرستەوە جڵەوداری بکرێت و لە نێوەڕۆکە شۆڕشگێڕی و کێشماکێشە چینایەتییەکەی بەتاڵ بکرێتەوە...

بە هەرحاڵ، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ،ئەمڕۆکە ، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا، بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی و بونیاتنانی

دیموكراتییەتە، هەر ڕاڤە و شرۆڤەیەكی دی بە هەر ناوێكەوە و لە هەر چوارچێوە و فۆرمەلەیەكی دیدا بۆ بكرێت، لەوەیە جەماوەری خەلكی كە كۆڵەكەی هەرە سەرەكی بزووتنەوەكەیە، لە دەست بدات و.. واوەیلا بە حاڵی ئەو دەسەڵات و حكومەتەی لە غەزەبی جەماوەر ناترسێت...!

"٧"

وەكو پێشتر وتوومانە، خەباتی نەتەوەیی كورد خەباتی یەكگرتنەوە و ڕزگارییە، خەباتی یەكگرتنەوەی نەتەوەیەكە كە بە ناهەق و بە بێ پرسی خۆی و بە خورتی دابەشكراوە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە دراوە سنوورانی دەستكردی لێ بكرێت بە واقیعی نەگۆڕ و پیرۆز و مەحاڵە دەستكاری بكرێت.. بەڵام واقیع ئەوەمان پێدەڵێت كە هیچ شتێك پیرۆز نییە و هەموو شتێك قابیلی گۆڕین و دەستكارییە، بە تایبەت ئەو شتانەی كە دەبنە كۆسپ و تەگەرە لەبەردەم نەشونما و گەشەكردن و پەرە سەندنی نەتەوەیەكدا، مەسەلەی یەكگرتنەوەی كورد مەسەلەیەكی ڕەوایە و لە هەست و نەستی هەر كوردێكدا هەیە و هەر هێندەمان زەحمەتە تا ئەم هەستە هەندێكی دی دەخەملێ و دەیگۆڕین بۆ واقیع، لە كرداردا پراكتیزەی دەكەین.. بۆیە ئەم هەستی نەتەوەپەروەرییە فاكتەرێكی یەجگار گرینگە و دەبێ ڕیشاژۆ بكرێت و باچڤەی واقیع بكرێت، لێ مخابن وەكو دووژمنانی كورد هەوڵی سستكردنی ئەم هەستە دەدەن، خۆشمان زۆر بە جدی كارمان بۆ نەكردووە و بگرە ئارەزوو مەندانە كارمان بۆ جێبەجێ كردنی ویستی گڵاوی دوژمنی خۆ كردووە.

بە هەرحاڵ سەردەمی گلۆباڵیزە، گۆڕانی زۆر گەورەی بەسەر هەموو كایەكانی ژیاندا هێناوە و واقیعی كوردەواریش لە باندۆر و كاریگەری ئەم گۆڕانە گەورانە بەدەر نییە.. وكورد دەبێ میكانیزمێك بۆ خەباتی خۆی بدۆزێتەوە كە تەواو دەگەڵ واقیعە تازە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكاندا تێكبكاتەوە و خۆی تازە بكاتەوە و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا و ڕێكارە نێودەوڵەتییەكاندا، بە كردەوە بیسەلمێنێ كە یەكگرتنەوەی كورد بە قازانجی ڕەوتی ئەم ڕۆژگارەیە نەك بە پێچەوانەوە، ئەگەر دەرفەتی بدرێتێ دەتوانێ لە ئاستی مەسئولییەتدا بێت و ڕوو بە ڕووی دژوارییەكانی

ئێستا و ئاینده ببێتەوه و دەسبارێکی ئەرێنی ڕەوت و ڕێڕەوی شارستانییەتی دنیا بێت و بەشداری جدی و کارا لە بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەردا بکات .. دیارە ئەمە بە بێ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجا و و پراکتیکی نایەتە دی، هەڵبەتە پڕۆسەی یەکگرتنەوه و یەکخستن و یەکیەتی، شێوازی جۆرا و جۆری هەیەو لە سەردەمێکەوه بۆ سەردەمێکی دی و بە گوێرەی هەلومەرجێن بابەتی و خودی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە کۆندا هەندێك وڵات و دەوڵەت، لە ڕێگای هێزەوە یەکێتی خۆی بەدەست هێناوە و بە گوێرەی واقیعی ڕۆژ بۆی چووەتە سەر، هەندێك دەوڵەتی دی لە ڕێگای شۆڕشی سەرانسەرییەوە یەکێتی خۆی بە دەست هێناوە، هەندێك دەوڵەتی دی لە هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی تایبەتی وەکو جەنگین نێودەوڵەتی و شەڕێن ناوچەیی درێژخایەن و گۆڕانئامێزدا دەرفەتی قۆستووەتەوە و توانیویەتی یەکێتی خۆی بەدەست بێنێت... هتد.. کەواتە ڕێگای یەکێتی یەك ڕێگا نییە، جاری وایە لە ڕێگای ویست و بزووتنەوەو خەباتی هاوبەشەوە دێتە دی، جاری وا هەیە لە میانەی گۆڕانکارییە گەورەکان و تێکچوونی باڵانسی ڕەوش و دۆخی نێودەوڵەتی، یان گۆڕانکاری ناوچەیی و هەرێمایەتی گەورەوە بە دەست دێت، بەڵام مەرج نییە ئەو ئەزموونەی لە هەلومەرجی دوێنێدا سەرکەوتوو بووە، بۆ ئەمڕۆش دەست بدات، چونکە هەر هەلومەرج و ڕەوشێك بە میکانیزمی تایبەتی خۆی مامەڵەی لە تەکدا دەکرێت، بۆ نموونە ئەو یەکێتییەی لە ڕۆژگارێکدا بە زەبری هێز هاتووەتە دی، لە ڕۆژگارێکی دواتردا بە هەمان میکانیزم نایەتە دی، چونکە هەم پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەگۆڕێن و هەم بەڵانسی نێودەوڵەتی.

بە هەر حاڵ ئەگەر لە کۆنا، هێز هۆیەك بووبێت بۆ یەکێتی یان ڕێگایەك بوبێت لە ڕێگاکانی یەکێتی، ئەوا بۆ ئێستا ڕەنگە ئەگەر مەحاڵ نەبێت. ئەوا بێگومان زۆر زەحمەتە و مەگەر لەوپەڕی ناچاریدا بیری لێ بکرێتەوە و زیاتر دەچێتە خانەی ڕیسککارییەوە..

بە هەر حاڵ وەکو وتمان یەکێتی پتر لە ڕێگایەکی هەیە، جاری وا هەیە لە یەکێتییەکی ناوەندی تەواودا خۆی دەبینێتەوە جاری وا هەیە لە فیدراڵیەت و کۆنفدرالییەتدا بەرجەستە دەبێت، مەرج نییە ئەو ڕێگایەی لە قۆناغێکی

دیاریکراودا وبۆ گەلێکی دیاریکراو بە کەڵك بووە،بۆ قۆناغ و سەردەم و گەلێکی دیکە بە کەڵك بێت، بۆ نەگبەتی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا بە بێ کەمترین ویستی خۆی دابەش کراوە، لە هەر چوار دەوڵەتەکەدا کەمینەیە ، کە وەکو پێویست سوود لە دیموکراتییەتش نابینێ، کە ئەم چوار دەوڵەتە هیچیان بۆ خۆشیان بۆ میللەتی سەردەستیش دیموکراتییەتیان فەراهەم نەکردووە، چجای کورد، کە بە سینگەکەی مەلای مەزبوورەی دەزانن و بە نەفەسێکی شۆڤینیانە مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و دەیانەوێ لە هەموو ڕوویەکەوە ڕیشەکێشی بکەن و لە هەموو ڕوویەکی نەژادی و ئیتنی و کەلتووری و شارستانییەوە، لە نەتەوەی سەردەستدا بیتوێننەوە.. واتە ڕێگە بە کورد نادەن بە ئەزموونی خۆ مومارەسەی ژیان بکەن و بە شێوەیەکی ئاسایی بەشداری لە بەرهەمهێنانی شارستانییەت و مێژووی تیرەی بەشەردا بکەن..! دیارە ئەم چوار دەوڵەتە لە ڕووی هەلومەرجی بابەتییەوە ، لە ڕووی سیستەمی حوکمڕانییەوە، لە ڕووی کەلتووری و نەشونما و گەشەو نەشەی ئابووری و شارستانییەوە، لە ڕووی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلوژییەوە، تەواو لێکدی جیاوازن و ئەمەش لە هەموو کایەکانی ژیانی کوردەواریدا ڕەنگی داوەتەوە و هێندەی دی ئەرك و باری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئەستەم و قورس کردووە. بۆیە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، لە کاریگەری و باندۆری هەلومەرجی بابەتی خۆی بەدەر نابێت.. جا ئەم حاڵەتە بە ئاسانی ڕێگەی یەکێتییەکی ناوەندی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نادات، بۆیە دەبێت بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی خۆی، بزووتنەوەیەکی نیشتمانی نەتەوەیی دیموکراتیانە بێت و بە نەفەسێکی نەتەوەیی ستراتیژی دیموکراتیانە مامەلە لەگەڵ یەکدا بکەن و لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی سایکۆلۆژی پتەودا، میکانیزمی لەبار و گونجاو بۆ خەباتی نەتەوەیی هەر پارچەیەك بدۆزێتەوە کە زیان بە یەکدی نەگەیەنن و کاری نەرێنی لە پەیوەندییە سایکۆلۆژییە نەتەوەییەکە نەکات و زەمینە بۆ یەکگرتنەوەی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی سەر ڕووی زەوی خۆش بکات، تا بە گەڵ کاروانی شارستانییەتی دنیا بکەوێت و بەشداری لە بەرهەمهێنانی مێژووی بەشەریەتدا بە ئاڕاستەی ژیانێکی باشتر و مرۆڤانی

تر بكات،( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە كتێبی پەلكە ڕەنگینە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەر، چاپی ٢٠٠٤ هەولێر ل ٣٢٥- ٣٢٨ حەمەكەریم عارف) هەڵبەتە میللەتێك بە درێژایی ساڵانێكی یەجگار زۆر پارچە پارچەیی و دابەشبوونی جەڕباندبێ، بێ ڕەحمانە لەلایەن بێگانەوە چەوسێنرابێتەوە، سەركوتكرابێ و زەلیل و ڕەزیل كرابێت،پارووییەكی نەرمە قووتی تەماعكاران بووبێت، ئاساییە لە ناخ و دەروونی خۆیدا هەست بەوە بكات كە تەنها بە یەكگرتنەوە و یەكبوون دەتوانێ بەرەڤانی و بەرگری لە خۆی بكات،، دیارە ئەم مەسەلە سیاسیە هەستیارە دەبێت كاری بۆ بكرێت، رێك بخرێت و میكانیزمێكی پراكتیكی واقیعیانەی بۆ بدۆزرێتەوە و چوارچێوەیەكی هەبێت كە لە ڕێگایەوە گوزارشت لە بوونی پراكتیكی و ڕاستەقینەی خۆی بكات، كە ڕێكخراوی سیاسی و حزب ئەوزارە بۆ كاركردن بەو ئاراستەیەدا.. واتە حزب دەبێ گوزارشتی  پراكتیكی بێت لە نەتەوە، فۆرمۆلەیەكی سیاسی بێت كە نەتەوە لە ڕێگەیەوە بوونی كردارەكی و ڕاستەقینەی خۆی بەرجەستە بكات.. جا لێرەدا سووكە هەڵوەستەیەك لە سەر حزب و فرە حزبی و حزبێنی بە پێویست دەزانم. بە تایبەتی لە كوردستانی باشووردا، كە بابەتی سەرەكی و تەوەرەیی ئەم نووسینەیە، بێگومان فرەیی بە هەموو جۆرەكانییەوە بە فرە حزبیشەوە لە بنەڕەتدا زادە و بەرەنجامی سیستەمی دیموكراتییەتە، دیموكراتییەت كە ڕەگێكی لە مەدەنییەتدایە كاڵایەك نییە بە پارە هاوردە بكرێت و بەسەر خەڵكیدا بڵاوی بكەیتەوە و ببیت بە دیموكرات و تەواو، دیموكراتییەت شێوازێكی مەدەنیانەی ژیان و بەڕێوەبردنی وڵاتە، بەشداری كردنی هەموو چین و توێژەكانی  وڵاتە لە بەڕێوەبردنی وڵات، ڕەگوڕیشەی لە شارستانییەتدایە و هەرگیز لە تاریخیەت بەدەر نییەو نابێت.. هەڵبەتە سەربەخۆیی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ كورد یەكێكە لەو گیروگرفتە هەرە زەقانەی كە لە هزر و بیری هەموو كوردێكدا هەیە و لە تێكڕای ژیانماندا ڕەنگی داوەتەوە، وەكو چۆن گەلێك بواری ژیانی ئیفلیج كردووین ، بەو ئاوایەش كاری كردووەتە سەر شێوازەكانی مومارەسەی خۆ بەڕێوەبردنیش.. وتمان دیموكراتییەت شێوازی بەڕێوەبردنی ژیان و وڵاتە لە ڕەوت و ڕەوشی مێژوویی خۆی بەدەر نابێت، فرە حزبی بۆ خۆی دیاردەیەكی شارستانییە و

بەرەنجامی دیموکراتیەتە، بەڵام ئایا ئەم فرە حزبییەی لای ئێمەی کوردستانی باشوور، بەرەنجامی دیموکراتییەتێکی خۆڕسکی مێژوو کردە؟! واقیعی کوردستان پێمان دەڵێت هەندێك لەم حزبانەی ئیستا تەواو دەستکردن و بەدەم تۆزوبایەکەی ئاخروئۆخری سەدەی بیستەمەوە هاتوون و یان دەستی بێگانەیان لە پشتە و یان بۆ مەبەست و ئامانجێکی هەنووکەیی دروست بوون، دووکانن و لە هەردوو قەیسەرییە سیاسییەکەی کوردستانی باشووردا، بە سەرقفلانە گیراون و، بە گوێرەی بازاڕی خۆیان، دیکتاتۆرییەتی خاوەنانی هەردوو قەیسەرییەکە پەردەپۆش دەکەن. واتە زادەی زەرورەتی مێژوویی نین و شەرعیەتی خۆیان لە قۆناغی خۆیانەوە وەرنەگرتووە، بۆیە لەگەڵ بەسەر چوون و نەمانی هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونیاندا ئەوانیش ناتوانن بەردەوام بن و نامێنن.. واقیعی حزبایەتی کوردستانی باشوور ئەوەمان پێ دەڵێت، کە زۆربەی حزب وئەو بە ناو حزبانەی هەن. بە دەگمەن پێداویستی مێژووییان لە پشتەوەیە و پتر دەرهاویشتەی فاکتەر و هۆکاری ئاوارتە و ڕیزپەڕن، ئەوەندەی زیان بە ڕەوت و ڕەوشی یەکبوونی نیشتمانی- نەتەوەیی کورد دەگەیەنن، ئەوەندە قازانجی پێ ناگەیەنن، زۆر جار دەوری ئەو کەمتیارە دەبینن کە دووی شێر دەکەوێ تا بەرماوەیەکی بەربکەوێت.. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بە شێوەیەکی ئاسایی و خۆڕسك لەدایك نەبوون، چەند دیقەت دەدەی هیچ پرۆسەیەکی داڕشتنەوەی چەمکە سیاسییەکانیان نییە، هیچ خوێندنەوەیەکی تایبەتی و جیاوازیان بۆ چەمکە سیاسییەکان نییە..ئەشکەوتن و دەنگی غەیرەز دەنگی خۆیان عەکس دەکەنەوە. ئەمەش بەڵگەیە کە ئەم فرە حزبییە لە لایەکەوە دەرهاویشتەیەکی ئاوارتەی بارە بابەتییە ڕەوتەنیەکەیە، نەك بەرەنجامێکی ڕەسەن و خۆڕسکی دیموکراتییەت، کە لە کوردستانی باشووردا تەنیا ڕواڵەتە و هیچی تر، لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی و ناکامی دەوری بۆرژوای نیشتمانی وەکو چینێکی شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی، وەکو چینێکی فرە ئاوات و ئامانجی ئابووری و نەتەوەیی.. ئەمە جگە لە گوشاری دەرەکی و هەرێمایەتی، کە بە مەبەستی بەردەوامانندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کوردستاندا و بە مەبەستی پەڕاگەندە کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هاتووە ئەو جۆرە قەوارە و

ڕێکخراو و بەناو حزبانەی لێ قووت کردوینەتەوە و لێی کردووین بە خاوەن ماڵی شەریکی دز، بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی پرۆسەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا ڕێکخراو و حزبی ڕەسەن لەو جۆرە ڕێکخرا و و حزبە دەستکردانە بێتە جیاکردنەوە..

لەلایەکی دیکەشەوە، هەندێ حزبی دیکە ،دوای دۆزینەوەی سەروەت و سامانی سرووشتی لە کوردستانی باشووردا، کە بە کردەوە دەستیان بەسەردا گرتووە و بۆ ئەوەی ئەو سەروەت و سامانە بۆ خۆ قۆرخ بکەن، بە کردەوە هەر فۆرمۆڵەیەکی یەکێتی نەتەوەیی ڕەفز دەکەن، هەڵبەتە نایەن ئەو سەروەت و سامانە لە کوردستانیشدا وەبەربێنن و خەڵکانێك خێری لێ بدینێ و ببێت بە بەردێك لە بناغەی دامەزراندنی ژێرخانی نەتەوەیی!! بەڵکو لە ژێرخانانی تایبەتدا حەشاری دەدەن. یان بە ناوی جۆراوجۆرەوە لە بانکەکانی هەندەرانی دادەنێن، کە بە هەمان دەردی سامانە دزیارییەکانی سەدام حوسێن ومامەر قەزافی دەچێت، ئەمە جگە لەوەی ئەم دەوڵەمەند بوونە حزبییە بووە بە کۆسپ لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی نەتەوەییدا..

"٨"

هەڵبەتە هەندێك جار بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە و خاوکردنەوەی ڕەوت و ڕەوش و ڕێڕەوی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، باسی ئەوە دەکرێت کە سەردەمی بزووتنەوەی نەتەوەیی بەسەر چووە و ئەم سەردەمە جەنجاڵە هەڵبژاردن وخیاراتی دیکەی وەکو: پەیوەندی چینایەتی، بە تایبەتی چینی کرێکار و هاوپەیمانێتی چینایەتی، یان پەیوەندی ئاینی واتە پەیوەندی برایەتی ئاینی دەخوازێت، کە ئەمە بە پلەی یەکەم زادەی دەستەوسانی بزوتنەوەی نەتەوەییە بەرانبەر بە وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی سەردەم، چونکە هەر بزوتنەوەیەك یان هزر و بیرێك وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی سەردەمی خۆی پێ نەبێت، نەك هەر ناتوانێ بەردەوام بیت، بەڵکو بۆشاییەك دروست دەکات کە بزوتنەوە و هزر و بیری دیکە سەرهەڵدەدەن و هەوڵ دەدەن پڕی بکەنەوە، کە ئەمەش بە بێ ململانێ و کێشماکێش نایەتە دی و هەندێجار شەڕی ناوخۆشی لێدەکەوێتەوە.. هەروەها زادەی بەراوردکردنی ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردەوارییە لە گەڵ کۆمەڵگەێن دیکەی

زۆر جیاواز، چ لە ڕووی کرۆك و چ لە ڕووی شێوەوە، لە کۆمەڵگەی کوردەواری.. کە ئەم بەراوردکردنە بە بێ ڕەچاوکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان، بەراوردکردنێکی بێهودە و ناواقیعییە و لە خوێندنەوەی وردی لایەنە هەمە جۆرەکانی کوردەواریمان دووردەخاتەوە، هەڵبەتە مەرج نییە ئەو میکانیزمەی لە قۆناغێکدا میللەتێکی پێ ڕزگار بووە، لە قۆناغێکی دیدا بۆ میللەتێکی دی بە هەمان شێوە دەست بدات، دەشێت سوودی لێ وەربگیرێت و دەگەڵ هەلومەرجی تازەدا متوربە بکرێت...

سەبارەت بە پەیوەندی ئاینی، چەندیش بەهێز بێت، ناکرێت جێگای پەیوەندی نەتەوەیی بگرێتەوەو پەیوەندییە نەتەوەییەکە بە تەواوەتی بسڕێتەوە ، چونکە پەیوەندی نەتەوەیی بنەمای چێبوونی کۆمەڵگەیە، بە تایبەتی لە سەردەمی تازەدا، بۆیە پەیوەندی ئاینی لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا زیاتر پەیوەندییەکی مەعنەوییە و لە سنووری جۆرە نزیکبوونەوەیەکی مەعنەوی و سۆزداری هێوەتر ناڕوات و بە نەفەس و ئەقڵییەتی سەلەفیەت، هەرگیز ناتوانێ بە کێشە هاوچەرخەکاندا ڕابگات و وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆژگارە بداتەوە، جا پەیوەندی نەتەوەیی بۆ ئەوەی کرۆکی پێشکەوتنخوازانەی خۆی بپارێزێت و خۆی دەگەڵ سەردەمدا تازە بکاتەوە وچەکی دەستی جەماوەر بێت، دەبێت نێوەڕۆکە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکەی خۆی بپارێزێت ودەگەڵ جەماوەری چەوساوەدا بێت و دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك بێت، هەڵبەتە پەیوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی نابێ بە هیچ جۆرێ نکوڵی لە کێشماکێش و ململانێی چینایەتی بکات، ئەمە حەقیقەتێکە کەم و زۆر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەیە، بۆیە ناکرێت بە هەنجەت و بیانووی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەوە، نکوڵی لێبکرێت یان فەرامۆش بکرێت، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد پێویستە هاوپەیمانی و پەیوەندی ستراتیژی دەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دەروبەری خۆی و دنیادا هەبێت، واتە بزوتنەوەی نەتەوەیی، وەکو بزوتنەوەیەکی ڕزگاری نیشتمانی، بناغەیەکی بەتینە بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەی تازە و پەیوەندێن هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی مۆدێرن، لە سەر بنەمای هاوپەیمانییەتی و بەرژەوەندی هاوبەش.. پەیوەندی نەتەوەیی پەیوەندییەکی خۆڕسکە و ڕەگوڕیشەی لەوە قووڵ ترە بە ئارەزووی

کەسێك یان چەند کەسێك بگۆڕێت، هەوێن و جەوهەری پەیوەندییە حەیاتییەکانی گەلێکە، بۆیە ئەڵتەرناتیڤی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکە نییە، بەڵکوو خودی خۆیەتی و پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەعنەوییەکانی دیکە، لە چوارچێوەی ئەودا بەرجەستە دەبن، واتە بزوتنەوەی نەتەوەیی لە هەلومەرج و کۆمەڵگەیەکدا دەخەملێ و گەشە دەکات کە عەدالەتی تیا بێت، دیموکراتییەت ، واتە ئازادی دەربڕین و ڕێکخستن و باوەڕی تێدا زاڵ بێت، لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، پەیوەندی هاوسەنگی هەبێت. یەکێتی نەتەوەیی هەر بە قسەی ڕووت و دروشمی توباوی نایەتە دی، ڕاستە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی کوردستان، خەون بە یەکێتی نەتەوەییەوە دەبینن و بەو چەکەی دەزانن کە بتوانن بەرگری و داکۆکی پێ لە خۆ بکەن و بەو فرمۆلەیەی دەزانن کە بتوانێ توانا و وزەکان بتەقێنێتەوە، لەو سنوورە هێوەتر بڕوات کە تەنیا یەکگرتنەوەی بەشەکان بێت، هەڵبەتە دروشمی یەکگرتنەوە و یەکبوون گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ڕەنگە لەم ڕۆژگارە ئاڵۆز و جەنجاڵەدا، لە جاران قورستر بێت، چونکە لە ژیانی عەمەلی ڕۆژانەدا کاری پێ ناکرێت، لە قاڵبی بەرنامەیەکی واقیعی ڕوون و دیاری ئەوتۆدا کاری پێ ناکرێت، کە زەمینە بۆ گواستنەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر خۆشبکات، تەنیا دروشمێکە بۆ بزواندن و ختووکەدانی سۆزی خەڵکی و نموونەش کوردستانی باشوورە.. ئەمە جگە لەوەی ئەم دروشمی یەکێتی و یەکگرتنەوەیە زۆر جار ڕوو بە ڕووی شکست بووەتەوە و خەریکە ڕاستگۆیی لە دەست دەدات و جەماوەری خەڵك خەریکە باوەڕی پێی نامێنیت و پێویستە بە واقیعی پراکتیزە بکرێت و بە کردەوەش ئیمکانی هاتنە دی ، بۆ جەماوەری خەڵك بسەلمێنرێت... هەڵبەتە لە سایەی ئەم واقیعە ئاڵۆزەی ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و دوای دەوڵەمەند بوونی حزبێن دەسەڵاتدار و دۆزینەوەی نەوت و دیزە بەدەرخونە کردنی داهاتی نەوت، دروشمی یەکگرتنەوە و یەکێتی نەتەوەیی لە کوردستانی باشووردا تەواو کاڵ بووەتەوە و حزبێن دەسەڵاتدار وەکو کۆمپانیای سەرمایەدار مامەڵە لە گەڵ خەڵك و خاکی وڵاتدا دەکەن، هیچیان دەوڵەتیان ناوێت، چونکە دەوڵەت کۆمەڵێك بنەمای یاسایی و ڕێسایی گەرەکە کە بە قازانج و بەرژەوەندی ئەم حزبە پارەدار و دەوڵەمەندو

دەسەڵاتدارانە نابێت، هەر یەکێك لەم کۆمپانیا حزبیانە ئەگەر یەکێتی نەتەوەیی و دەوڵەتی بوێت!!. ئەوا تەنیا و تەنیا بە ڕابەرایەتی خۆی دەیەوێت!! وەك چۆن هەندێك دەوڵەتۆچکەی عەرەبی دوای ئەوەی نەوت و سامانی سرووشتیان تێدا دۆزرایەوە، بە کردەوە هەر شێوەیەکی یەکێتی عەرەبی ڕەفز دەکەن، تا بەتەنیا دەست بەسەر خێر و بێری وڵاتدا بگرن و هەر بۆ خۆیان بێت، نموونەش وڵاتانی خاوەن نەوتی کەنداوە. لە کوردستانی باشووریشدا ئەم کۆمپانیا حزبییانە هەمان دەور سەبارەت بە یەکێتی نەتەوەیی کورد دەگێڕن! ئەمانە خاوەنی بیروباوەڕ نین و بە درێژایی تەمەنی خۆیان دوای هەر ئاشبەتاڵ و جاشبەتاڵێك بە پارە هەستاونەتەوە، بۆیە بەم ڕادەیە لە خەمی پارە کۆکردنەوەدان، غافڵن لەوەی لە هەموو هەورێك باران نابارێت و خەڵکانی زۆر لەمان دەوڵەمەندتر پارە دادی نەدان و فریایان نەکەوت، جەماوەری ئێستاش جەماوەرە چاونەکراوەکەی جاران نییە، ئەمانە کۆمپانیان مامەڵە لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندا دەکەن، بەرژەوەندی لە سەرووی زۆر ئیحتوبارەوەیە، دۆست و دووژمن ناناسێت، تەنیا قازانج دەناسێت و مامەڵە لەگەڵ قازانجدا دەکات، بەرژەوەندی و قازانج سنوور ناناسن، بۆیە هیچ دوور نییە قازانج و بەرژەوەندی ئەم حزبە کۆمپانیا سەرمایەدارانە لەوەدا بیت کە ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان - کە لە هەموو ڕوویەکەوە نموونەیەکی بچووککراوەی کوردستانی گەورەیە - بەم ئیفلیجی و ناکامییە بەردەوام بێت، واقیعی ئەمڕۆی کوردستانی باشوور ئەوەمان پێ دەڵێت کە مەسەلەی یەکێتی نەتەوەیی، لە تاقیکردنەوەیەکی یەجگار قورسدایە، چونکە زیاتر دروشمی توێژی فەرمانڕەوایە تا دروشمی جەماوەری خەڵك و هێزە سیاسییەکانی جەماوەر بێت، دروشمێکە ڕواڵەتی و لە ژیانی ڕۆژانەدا و بە کردەوە مومارەسە ناکرێت، زیاتر درووشمی سەرقاڵکردن و بەنگکردن و موزایەدە و ئیحراج کردنە، تا دروشمی لێك نزیکبوونەوە و هاوکاری و هاوپەیمانی جەماوەری خەڵك بێت لە ڕای ژیانێکی باشتردا، ئیدی بە مجۆرە دروشمەکە لە نێوەڕۆکە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی بەتال کراوەتەوە و تەواو کاڵ بووەتەوە، لە جیاتی چەکێك بێت بە دەست جەماوەرەوە کە بەرگری پێ لە خۆی بکات، چەکێکە بە دەست دەسەڵاتدارانەوە، بۆ سەرکوتکردن.. واقیعی کورستان پێمان دەڵێت ئەوانەی

دوێنێ دروشمی یەکێتییان هەڵگرتبوو ئەمڕۆ بە کردەوە دژی یەکێتی و یەکگرتنەوەی نەتەوەیین و تومەز ئەو دروشمە تەنیا بۆ ئەوە بووە کە بگەنە دەسەڵات و بەڵگەش ئەوەیە کە چارەکە سەدەیەکە لەم وڵاتەدا ئەوەندەی کار بۆ ڕیشاژۆکردنی کەلتووری دەسەڵات ودەسەڵاتڕانی دەکەن کار بۆ دەوڵەتڕانی ناکەن..

"٩"

هەڵبەتە یەکێتیی نەتەوەیی لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتە دی، بەلای کەمەوە چوارچێوەیەکی سیاسی دەوێت کۆی بکاتەوە و ویستێکی هاوبەشی یەکبونخوازی دەوێت لە میانەیەوە گوزارشت لە خۆی بکات. دەبێ هەڵگرانی ئەو دروشمە قەناعەتی تەواویان پێی هەبێت و ڕۆژانە بە کردەوە کاری بۆ بکرێت، ببێت بە ئامانج و دروشم وکاری تێکڕای جەماوەر، بەلای کەمەوە تەسەورێکی زانستی و پراکتیکی بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی یەکێتیی نەتەوەیی دەوێت، تا بە گویرەی هەلومەرجی هەر قۆناغێك خۆی تازە بکاتەوە و زەمینە لەم قۆناغەوە بۆ قۆناغی دواتر فەراهەم بکات.. هەڵبەتە یەکێتی نەتەوەیی  تەنها یەك شێوە و فۆڕمی نییە، کۆمەڵێك فاکتەرێن جوگرافیایی و سیاسی و ئابووری و تەنانەت مێژوویش دەور لە گەڵاڵە بوونیدا دەبینن، مەرجی گرینگ بۆ هەر شێوە و دارشتەیەکی یەکبوونخوازی ئەوەیە کە پەرەسەندو و بەردەوام بێت، بە گوێرەی هەر قۆناغێك خۆی تازە بکاتەوە، هەر قۆناغێك زەمینە بۆ قۆناغی دواتر خۆش بکات.. و هەموو ڕێگاکان لە ئەنجامدا بچنەوە بۆ یەکێتیی نەتەوەیی. جا تا ئەو کاتە و بۆ ئەوەی بانگەوازی یەکێتی نەتەوەیی وەکو زەروورەتێك گوزارشت لە پێداویستییە هەنووکەیی و ئایندەییەکانی جەماوەر بکات، دەبێت کار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی تازە بکرێت، کە عەدالەت و پێشکەوتنی تیدا بێت، چونکە ئەمە مەرجە بۆ هاتنە دی یەکێتی نەتەوەیی، کە تەنیا لە سەر دەستی جەماوەری زەحمەتکێش دێتە دی، جا بۆ ئەوەی جەماوەر بە ئاراستەی ئەم ئامانجەدا جۆش بدرێت و ئامادە بکرێت، تەنیا هاندان و ختووکەدانی سۆزیان بەس نییە، بەڵکو دەبێت بەرژەوەندییان دەستەبەر بکرێت، هوشیار بکرێنەوە و بە کردەوە بەشداری ئەم خەباتە بکەن.

هەنگێ یەکێتی نەتەوەیی لەوە دەردەچێت کە تەنیا ئامانجێکی مەعنەوی بێت، بەڵکو دەبێت بە هێزیکی مادی جووڵێنەر و لە کۆنترۆڵ و هەژموونی هەندێك لایەن و هیزی سیاسیش دەردەچێت، کە تەنیا خۆیان بە نەتەوەیی و نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی دەزانن، هەڵبەتە دابین کردنی عەدالەت و دادوەری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بایەخێکی یەجگار گرنگی لە یەکێتی نەتەوەییدا هەیە و هێز و توانایەکی تازە بە جەماوەری خەڵك دەبەخشێت و زەمینە بۆ ئەگەری دروست بوونی یەکێتیی خۆش دەکات، چونکە دەبێت بە بەشێك لە خەباتی ڕۆژانە و لەوە دەردەچێت کە هەر دروشمی ڕووت بێت و کارتێك بێت بە دەست دەسەڵاتەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

هەڵبەتە وەك چۆن دادوەری و عەدالەت زەرورییە بۆ یەکبوون و یەکێتی، بەو ئاوایە دیموکراتییەتیش زەرورییە، واتە دیموکراتییەت و پراکتیزە کردنی دیموکراتییەت و پەیڕەو کردنی پەیوەندییێن دیموکراتی، ڕەوابینینی عەدالەت و دیموکراتییەت بە جەماوەری خەڵك نەك هەر زەمینە بۆ یەکێتی و یەکبوون خۆش دەکات، بەڵکو نێوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانە و ئەرێنی بە بزووتنەوەی یەکێتی نەتەوەیی دەبەخشێت..

بەم پێیە دیموکراتییەت دەکاتە هەوێن و ناوەڕۆکی بزووتنەوەی یەکێتی نەتەوەیی، چونکە لە سایەی دیموکراتییەدا هاوولاتییەت ڕیشاژۆ دەبێت و پەیوەندییەکی مادی و ڕۆحی لە نێوان وڵات و هاوڵاتیاندا چێ دەبێت، و پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و دەروێشی، پەیوەندی بت و بتپەرست، پەیوەندی شوان و مێگەل دەداتە پاش، کە نە بت دەستبەرداری بتایەتی خۆی دەبێت و نە بت پەرست دەبێت بە خودانی عەقڵێکی تەحلیلی و.. واتە دیموکراتییەت نەك هەر زامنی یەکێتییە، بەڵکو فاکتەری دروستبوون و بەردەوامبوون و پاشان پاراستنیەتی، چونکە لە سایەی دیموکراتییەدا هەموو پەیوەندییەکان لەسەر بناغەی یەکسانی و ڕەزامەندی دێنە ڕۆنان و ئەمەش چارەسەرە بۆ کێشەی کەمینە ئیتنی وئاینی و مەزەبییەکان، کە دیموکراتییەت بوو بە چوارچێوەی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، ئیدی ئەو کێشە ئیتنی و ئاینی و مەزەبیانەی لە کۆمەڵگەی نادیموکراتیدا

سەرهەڵدەدەن و دەئاڵۆزێن، لە کۆمەڵگەی دیموکراتدا چارەسەر دەکرێن، بەو ئیحتوبارەی دیموکراتییەت تان و پۆی کۆمەڵگە پێك دێنێت و ئازادی دەربڕین و باوەڕ، بۆ هەموان زامن دەکات.. دیموکراتییەت هەر قسەی ڕووت نییە، بەڵکو مومارەسەیە، جۆرە پەیوەندی و بیرکردنەوە و مامەڵەیەکی دیاریکراوە، دەبێت لە بچووکترین یەکەی کۆمەڵگەوە تا لوتکەی دەسەڵات پیادە بکرێت، چونکە لە میانەی ئەزموون و کردەوەوە ڕیشاژۆ دەبێت و دەخەملێ ودەبێت بە تان وپۆی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە، هەڵبەتە لە نەبوون و غیابی دیموکراتییەتدا، یەکێتیی نەتەوەیی ئەگەر هەشبێ دەکەوێتە بەر مەترسی هەڵوەشانەوە و هەڵوەشاندنەوەوە، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی یەکێتی نەتەوەیی ڕاستەقینە بریتییە لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی پێشکەوتوخواز، پرۆسەی بونیاتنانی یەکێتیی نەتەوەیی، تەنیا کۆکردنەوە ویەکخستنەوەی بەشە لێکدابڕاوەکان نییە، بەڵکو بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی مۆدێرنە، کە هاوشانی گۆڕانکارییە گەورەکانی سەردەم بێت، لە خۆ تازەکردنەوەی بەردەوامدا بێت، کە ئەمە میتۆدێکی زانستی ئەقلانی ئەوتۆی دەوێت، کە بکاتە کارێك تەسەور و وێنامان بۆ یەکبوون و یەکێتی لەوە هێوەتر بڕوات کە یەکێتی تەنیا بریتییە لەوەی کە بەشە لێکدابڕاوەکان بدرێنەوە دەم یەکترەوە، بەڵکو پێویستە خوێندنەوەیەکی واقیعیانەمان بۆ وزە پەنهانەکانی ئەم یەکبوون و یەکگرتنەوەیە هەبێت، کە ئەو وزە پەنهانانە کەشف کران، دەبێتە مایەی ئەوەی گۆڕانی گەورە لە بونیات و بایەخ و ڕۆڵی کۆمەڵگەدا چێبکات و بکەوێتە سەر سکەی ئاسایی خۆی و نەك هەر دژایەتی پاشکەوتن و لاوازی و چەوساندنەوە بکات، بەڵکو لە کاروانی شارستانییەتی تیرەی بەشەردا نموونە و مۆدێلێکی نوێی هاوچەرخ و مۆدێرن پێشکەش بکات و نەبێ بە بار بە سەر کاروانی مێژووی تیرەی بەشەرەوە، هەنگێ دەوڵەت دەبێ بە ئەوزارێکی سیاسی بۆ داڕشتنەوەی پەیوەندێن نێودەوڵەتی لە سەر بنەما و پرەنسیپێن تازە..

هەڵبەتە هەر بزوتنەوەیەکی یەکبونخوازی پێویستە زادەی پێداویستییە ڕاستەقینە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵ بێت، بەرپەرچدانەوەی هەڕەشە و مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بێت.. دەبێ پڕۆسە و پڕۆژەیەکی ئەقلانی درێژ خایەن بێت.. نەك زادەی پەرچەکردار و موزایەدە و ئیحراج کردن و قسەی ڕووت و دروشمی بریقەدار و خۆدزینەوە بێت لە هەر مەسئولییەتێکی سیاسی یا ئابووری یا کۆمەلایەتی.. هەر دروشمێك بەو مەبەستانەی سەرەوە بەرزبکرێتەوە، نەك خزمەت بە بزوتنەوەی یەکبوونخوازی نەتەوەیی ناگەیەنێ، بەڵکو زەرەری پێدەگەیەنێ و لە هەر ناوەڕۆکێکی ئەرێنی بەتاڵی دەکاتەوە، دیارە ئەم جۆرە دروشم و ڕەفتارانە، دەکاتە زندە بەچالکردنی خەون و ئاواتەکانی جەماوەری خەڵکی و تووشی نائومێدییان دەکات.. متمانەیان بە خۆ و بە هەڵگرانی ئەو دروشمانە لەق دەبێت و بە تایبەتی کە مەحەکی کاری سیاسی، ئەنجامی پڕاکتیکییە، نەك نیاز و نییەت.. کە ئەم دیاردەیە لە کوردستانی باشووردا زۆر زەق دیارە، بۆیە مەرجە بە گیانێکی زانستیانە و میتۆدێکی ئەقلانی و واقیعییەوە دوور لە هەر هەڵچوون و سۆز و توند ڕەوییەك، مامەڵە دەگەڵ دۆز و دروشمەکاندا بکرێت و پاچڤە بکرێن بۆ واقیع و هیچ بۆشاییەك لە نێوان دروشم و جێبەجێ کردنیدا چێ نەبێت.. دیارە جەماوەری خەڵك بۆ وەدی هاتنی خەون و ئاواتەکانی پێویستی بە ڕابەرە، ئەو رابەرایەتییەش لە حزباندا خۆی دەبینێتەوە، حزب دەزگا و دامەزراوەیەکی سیاسییە و لە بزوتنەوەی یەکێتی و یەکبوونخوازی نەتەوەییدا کە مەسەلەیەکی تەواو سیاسییە، ڕۆڵ و مەسئولیەتی خۆی هەیە، کە ئەم مەسئوولیەتە بە گوێرەی قەوارەی هەر حزبە و ئەو دەورەی خۆی بۆ تەرخان کردووە لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی دی جیاوازە.. حزب لای ئێمە تا ئێستاش کۆمەڵێك دروشمی سۆز بزوێنە بۆ خڕکردنەوەی زۆرترین ژمارەی جەماوەری خەڵك لە دەوری خۆ و ختوکەدانی سۆزیان، بۆ ئیحراج کردنی یەکدی، بەبێ ئەوەی هیچیان بەرنامەیەکی پڕاکتیکی هەبێت بۆ چۆنیەتی پڕاکتیزە کردنی ئەم دروشمە سۆزبزوینانە و بەستنەوەی بە ئەرکە هەنووکەیی و ستراتیژییەکانەوە، بە کورتییەکەی بێئەوەی هیچ یەکێك لەم حزبانە وێنا و تەسەوڕێکی دیاریکراو و ڕوونی دەربارەی چۆنییەتی هێنانە دی یەکێتی ویەکبوونی نەتەوەیی

هەبێت، زۆربەی دروشمەکان ، دروشمی ڕووتن و بۆ خۆدزینەوەیە لە مەسئولیەتە سیاسی و مێژووییەکان، بۆ ئیحراج کردنی یەکتری لە کاتێکدا دەبوایە دۆزی یەکێتی و یەکبوونخوازی نەتەوەیی، وەکو چۆن داکۆکی لە نیشتمان ئەرکی هەمووانە، بەو ئاوایە دۆزی بێ چەند و چۆنی هەموو لایەك بێت و هەموو ڕێگاکان ببرایەنەوە سەر ئەو دۆزە، دەبوایە بێ هیچ ئیحراج و موزایەدەیەك، لە سەر لایەنی کەمی بەرنامەیەك سەبارەت بەو دۆزە ڕێك بکەوتنایە . کەچی لەم قۆناغە هەرە هەستیارەی خەباتی سیاسیدا، بووە بە یەکێك لە کێشماکێش و ململانێ سەرەکییەکانی نێوان حزبەکان، بووە بە مایەی ناکۆکی و دووبەرەکی و هەڤدژی لە نێوان ئەو هێزانەدا، کە چەندین کۆڵکە و خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەمە وامان لێدەکات کە گومان لە شەرعیەتی ئەو بە ناو فرەحزبییەی کە گوایە لە کوردستانی باشووردا هەیە بکەین، دەنا ماقووڵە لەم قۆناغە هەستیارەدا بەرنامەی لایەنی کەممان سەبارەت بە دۆزی یەکێتی و یەکبوونخوازی نەتەوەیی نەبێت! لە کاتێکدا پێویستە هەموو کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە چوارچێوەی لۆژیکێکی وەحدەوی و بە نەفەسیکی یەکبوونخوازی بێتە چارەسەر..

واقیعی کوردستانی باشوور پێمان دەڵێت حزبەکانی کوردستان چ ئەوانەی لە دەسەلاتدان و چ ئەوانەی لە بە ناو ئۆپۆزیسیۆندان، بە کردەوە دەستبەرداری خۆیبوونی خۆ بوون، دەستبەرداری ئەوە بوون کە مومارەسەی ڕۆڵی چاودێری و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، بکەن. دەستبەرداری هەر بەرنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی بوون و بە دەسەڵاتدار و بە ئۆپۆزیسیۆنیانەوە! زیاتر کەلتووری دەسەلات و دەسەلاترانی بڵاودەکەنەوە، تا کەلتووری دەوڵەتڕانی.. و بە زەقی لە خەمە واقیعییەکانی جەماوەری خەڵك دوور کەوتوونەتەوە و لە واقیع و جەماوەر دابڕاون و ئەمەش بەرەو هەڵدیرێکی سامناکیان دەبات، ئەمە سەرباری حزب و ڕەوتە ئیسلامییە نامۆکان بە کوردەواری، کە هەڵویستیان دەربارەی بزوتنەوەی یەکێتی ویەکبوونخوازی تەواو نەرێنییە، ئیدی حزب بووە بە ئامانج و مەبەست و خەڵك و نەتەوە کراوە بە ئەوزار. زۆربەی ئەم حزبانە لە ڕوانگەیەکی عەمەلیەوە مامەڵە لەتەك دۆزەکاندا دەکەن، واتە هیچ ژێرخان و بونیادێکی فیکریی ڕوون و ئاشکرایان نییە، هیچ ستراتیژێکی دوور مەودایان نییە کە ڕێبەرایەتی کارەکانیان بکات.. بە

هەرحال تێکڕای ئەم حزبانەی کوردستانی باشوور هەڵبەتە بە ڕێژەی جیاواز، نەیانتوانیوە تەسەوڕێکی زانستی و عەمەلی سەبارەت بە دۆزە سەرەکییەکان پێشکەش بکەن، یان وەڵامی قەناعەتبەخشی پرسیارە سەرەکی و زەرورییەکانی ئەم قۆناغە بدەنەوە . بۆیە بە هەر بیانویەکەوە بووبێت یان خۆیان لەم دۆزانە دزیوەتەوە، یان بە ئایندەیان سپاردووە، یان ئەگەر سووکە وەلامێکیشیان دابێتەوە کۆمەڵێك وەلامی گشتی بووە، نەك بەرچاو ڕوونی بە جەماوەری خەڵك نەبەخشیوە، بگرە گومرای کردووە.. هەڵبەتە لە نەبوونی تیۆری یان بەرنامەیەکی پێشکەوتوخوازی وەحدەویدا، لە سایەی پاشەکشەی حزبانی هەڵگری دروشمی یەکێتی و یەکبوونخوازیدا، لە سایەی ململانیی ئەو هێز و لایەنانەی کە لەسەر بەرنامەی لایەنی کەم ڕێك بکەون، ڕەوتی بزوتنەوەی یەکێتیی نەتەوەیی دەداتە کزی و پاشەکشە و، تەنیا و تەنیا لە ڕێگەی فۆرمۆلەێن تازەو لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە ئەزموونانی ڕابردووەوە، لە ڕێگەی کاری ئەقلانی بەردەوامی درێژ نەفەس، دوور لە هەر وەهم و هەڵچونێك، دوور لە خۆدزینەوە لە دۆزە سەرەکییەکان، لە وەلامی پرسیارە سەرەکی و زەرورییەکانی قۆناغ و سەردەمەکە، دیتەوە تایم و توانا و کاریگەرییەکانی خۆی بەدەست دێنێتەوە.

هەڵبەتە دەبێت لێرەدا ئاماژەیەکی خێراش بە دەوڵەمەند بوونی حزبەکانی کوردستانی باشوور لەسەر حیسابی میللەت بکرێت.. حزبەکان بوون بە خاوەنی کۆمپانیای زۆر دەوڵەمەند و سەرمایەی گەورە،کە ئەمە کردویەتییە کارێك جڵەوی هەردوو بڕیاری ئابووری و سیاسی بکەوێتە دەستی ئەوان و بە گوێرەی بەرژەوەندی تەسکی حزبێنی خۆیان ئاڕاستە بکەن و دایبڕێژن، ئەوەش نەبێ ئەو پارانە لە کوردستاندا سەرمایەگوزاری بکرێ و لایەنی کەمی دەرفەتی کار بۆ خەڵکی بڕەخسێنن، ئیدی ئەو پارانە یان لە ئەشکەوت و ژێرخانەکاندا بلۆك دەکرێن ویان بە جۆرەها ناوەوە دەخرێنە بانکێن هەندەران و کەمترین خێر و بێری بۆ خەڵکی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان نابێت! خۆ دۆزینەوەی نەوت وهەناردەکردنی وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردووەتێ، نەگبەتییەکی دیکەیە، دیارە مەسەلەی نەوت بە حوکمی تەبیعەتی پیشەسازی نەوت و پەیوەستەگی بە بازاڕی جیهانییەوە، بە بازاڕی سەرمایەدارییەوە، ئەوا بمانەوێ و نەمانەوێ

دەتکات بە بەشێك لەو بازارە، واتا تۆ تەنیا یەك کالآ هەناردە دەکەیت، پارەیەکی مۆڵت دەست دەکەوێت و دەبیت بە بازارێکی ئیستهلاکی بەرخۆر و هەموو کایە بەرهەمهێنە ئابووری و بژێویە ناوخۆییەکان دەدەنەوە کەندێ و پاشەکشە.. ئیدی سەروەت و سامانی مفت وا لەم حزبانە دەکات، سیاسەتی خۆیان - ئەگەر سیاسەتیان هەبێت!- بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا بسەپێنن، کە لە غیابی نەوت و ئەم هەموو کۆمپانیا حزبیانەدا ئەمەیان هەرگیز پێ نەدەکراو، هەر بۆیەش دەبینی خەمی هەرە گەورەیان پاراستنی قەوارە حزبییەکانیانە، وحاڵەتێکی سایکۆلۆژی و کردەیی ئەوتۆیان لەلا دروست بووە کە هەر ئەوان سەرچاوەی هێزن و هەر ئەوان شایستەی ڕێبەرایەتی هەرێمەکەن و ئەگەر ئەوان نەبن، خەڵکی گورگ دەیانخوات!!. هەربۆیەش ئەم بەناو حکومەتە کارتۆنی و حزبی و حزباوییە ، کراوە بە پەردە بۆ داپۆشینی ئەو واقیعە تاڵەی کە ئەو حزبانە لەم وڵات و دەڤەرە بێ نازەدا دروستیان کردووە و هەرچی هەڵکشانی پێشکەوتوخوازانە هەیە داویەتییە پاشەکشە و ڕۆڵ و دەوری ئەرێنی جەماوەری خەڵك لە حەوت کێوان ئاوا کراوە و وڵات بووە بە زەلکاو و پاشکۆیەکی پڕ مەترسی، لە سایەی سیاسەتی هەڵەوپاشڤەڕۆی حزبەکانی کوردستان بە دەسەڵاتڕان و ئۆپۆزسیۆنیانەوە!! کە تەنیا ناون و هیچی دی، ئۆپۆزسیۆن کە هەر ناو بوو، نەبوونی زۆر باشترە و شەریکی هەموو هەڵە و پاشڤەرۆیی و هەڵوێستە نەرێنییەکانە، بۆیە تا ئەم بایە لەم کونەوە بێت داهاتی نەوت و ئەم هەموو کۆمپانیا حزبیانە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بزووتنەوەی یەکێتیی و یەکبوونخوازی نەتەوەییدا. بە تایبەتی کە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە و نوێنەری جەماوەری خەڵك لە پاشەکشەدایە، سەنگەری هێرش وگۆڕینی بەرداوە و سەنگەری بەرگری گرتووە، جەماوەر لە جیاتی سوور بێ لەسەر ڕۆڵ و دەوری شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتوخوازی خۆی و ببێ بە سەرچاوەی لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، لە سایەی دەسەڵاتی حزبیدا، حزباوی بووە، کە حزبی بوون زۆر چاکترە لە حزباوی بوون، چونکە هەر حزباوی بوونێك ئاو لە ئاشی دەسەڵات دەکات و ئەو ترسەی لەلا دەڕەوێتەوە کە هێزیك هەیە چاودێری دەکات و دەبێ هەزار و یەك حیساب بۆ هەر هەنگاوێکی خۆی بکات، سەیر ئەوەیە سەرباری ئەوەی کە کەڵکەڵەی

ناوچەگەریتی و خولیاو خەمی بەرژەوەندی هەنووکەیی، بەسەر زۆربەی حزبەکانی کوردستاندا زاڵە، تا ڕادەیەك پاشەکشەی بە فاکتەرێن لێك نزیکبونەوە و یەکبوون و یەکبوونخوازی کردووە، بەلام داگیرکەرانی کورد هەر بەو چاوەوە دەروانن کوردستان کە یەك ناوچەیە و خەڵکەکەی خەلکی یەك نیشتمانن و یەك نەتەوەن، ئەم دابران و پەراگەندەییەی کە بەزەقی دیارە، کاتییە و ڕۆژێك دێت دەرەوێتەوە و هەر بەو نەفەسەشەوە مامەڵە دەگەڵ کوردستاندا دەکرێت.. لێ مخابن لە غیابی نۆڕین و بۆچوونێکی لۆژیکی و گشتگیردا، لە غیابی سەرکردایەتییەکی بەتوانا و لێهاتوودا لە حوزووری ململانێی حزبی تەسکدا، جۆرە نائومیدی و گومڕاییەکی نەرێنی زۆر زەق بەسەر جەماوەری خەڵکدا زاڵ بووەو... کە هۆی ئەمە زیاتر نەبوونی متمانەیە بەم سەرکردایەتیە سیاسییەی هەیە، تا لاوازی هەستی نەتەوەیی بێت..

هەڵبەتە هۆی سەرەکی ئەم حاڵەتەی ئێستا نەبوونی دیموکراتییەتە، واتە بێبەش کردنی جەماوەری خەڵکە لە بەشداریکردن لە قەرارو کاری سیاسیدا، لە داکۆکی کردن لە خۆی، لە هەنبەر دوژمنانی ناوخۆ و دەرەکیدا... سەرکوتکاری لە کلێشەی دیموکراتییەتدا شاردراوەتەوە و بە کەماڵی ئیسراحەت مومارەسە دەکرێت و نە لێپێچینەوە هەیە و نە چاودێری، بۆیە ناشێت ئەم حاڵەت و دیاردە ناوخۆییە بە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی هەڵوێست و قەناعەتەکانی جەماوەری خەڵك دابنرێت، بەڵکو حاڵەتێکی سیاسی نەرێنییە و دەگەڵ بچووکترین گۆڕانکاری هەلومەرجەکاندا دەگۆڕێت و جەماوەری خەڵکی، یەکێتیی سایکۆلۆژی خۆ بەدەست دێننەوە و ئەم یەکیتییە دەگۆڕێت بۆ یەکێتیی کردەیی و ڕۆڵ و دەوری زەوتکراوی خۆی وەردەگرێتەوە و بە میکانیزمی تازە مامەڵە دەگەڵ ڕەوشی قۆناغەکەدا دەکات و گوزارشت لە ڕۆڵ و دەوری ڕاستەقینە، لە هەڵوێست و قەناعەتەکانی دەکات...

سەرچاوەکان:

١ - لعنه النفط، الاقتصاد السياسى للاستبداد/ جوردون جونسون/ مجيد الهيبى/ ٢٠٠٨ بغداد- اربيل- بيروت/ معهد الدراسات الاستارتيجى/ دراسات عراقيه.

٢ - الديمقراطية اولا.. الديمقراطية دائما، عبدالرحمن منيف الناشران الموسسه العربيه للدراسات و النشر/ المركز الپقافى العربى للنشر والتوزيع/ گ ٥/ ٢٠٠٧

٣ – ئیفلاسی سیاسی و قاتی سیاسەتوان/ حەمە کەریم عارف/ ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ( ٦٥٤) ٢٠ ی شوباتی ٢٠١٦ و ژمارەکانی دواتر.

٤ - پەلکە ڕەنگینە/ حەمە کەریم عارف/ چاپی یەکەم/ ٢٠٠٤ وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر

٥ - اولويت ديموكراسى بر فلسفه/ ريچارد رووتى/ ترجمه خشايار ديهمى چاپ ١٣٨٨/٣ ( ٢٠٠٩) انتشارات طرح نو

٦ - سفرەی فەقیران/ حەمە کەریم عارف/ چاپی١/ ٢٠١٢ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.